ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول

لە کوردستان - عێراق

ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان

سەنتەرێ بێشکجی بۆ ڤەکولینێن مرۆڤایەتی

سەنتەرێ ڤەکولینێن جینوسایدێ

زنجیرە پەرتوکێن ٦٠ سالیا شۆرەشا ئەیلوولێ (١٩٦١ - ١٩٧٥)

(8)

کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ

شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆکا سیاسی یا کوردی دا

١٩٦١/٩/١١ - ١٩٧٥/٣/٦

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول
لە کوردستان – عێراق

توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی

1970 - 1964

نووسینی:
پ. د. شیرزاد زکریا محمد

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
هەندرێن شێرزاد

دهۆك - 2021

- **ناڤ و نیشانێ پەرتووکێ:**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان - عێراق تۆژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی -١٩٦٤ - ١٩٧٠
- **نڤیسەر:** پ. د. شیرزاد زکریا محمد
- **وەرگێران ژعەرەبیێ:** هەندرێن شێرزاد
- **پێداچوون:** بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
- **دەرهێنانا هونەری:** خالد توفیق ئامێدی
- **دەرهێنانا هونەری یا بەرگی:** ناسر منبەری
- **وەشانگەر:** ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆك
- **ژمارا سپاردنێ:** ل پەرتووکخانێت پارێزگەها دهۆکێ (D/٢٤٧٨/٢١) ل ٢٠٢١/٧/٢٦

مافێن چاپ © و بەلاڤکرنێ بۆ بۆ زانکۆیا دهۆك و ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان دپاراستینە

uod.ac/besikci-center
besikci.center.uod.ac
Besikci center for humanities studies BCHS
+964 750 736 27 97

سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی / زانکۆیا دهۆك -کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخۆ ٣٨ - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ سیێ

پێشکەشە بە

- دایك و باوکی ئازیزم..... لەگەڵ خۆشەویستی و ڕێز.
- خوشك و براکانم.
- هاوژین و کوڕ و کچەکانم مێردین، ڕاوێژ، پەیڤین .

هەوالنامەی کتێب

سوپاس و پێزانین

سەرەتا رێز و پێزانین و سوپاس ئاراستەی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە یارمەتیدەرم بوون لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، لە سەرووپانەوە مامۆستاکەم، دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی کە یارمەتیدەرم بوو لەوەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە ئامادە بکەم و لەو پێناوەدا درێخی نەکرد لە ئاراستەکردنی رێنماییە زانستیە بەهادار و گرنگەکان، هەروەها سوپاسی دەکەم بەرامبەر بەو سەرچاوە و بەڵگەنامە زۆرانەی پێی بەخشیم.هاوکات سوپاسی تایبەتی هەموو ئەو بەرێزانەش دەکەم کە سەرچاوەکانیان بۆ دابین کردم، بە تایبەتی هەریەکە لە بەرێزان: رۆژنامەنووس و توێژەر عەبدوڵا زەنگەنە و توێژەر رەفیق سالح و هاوکار کەریمی هاوپیشەم.هەروەها سوپاسی هەموو ئەو هاوپیشانەم دەکەم کە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردم و بریتین لە: ئەحمەد حەسەن و د. فاخر عومەر محەمەد و هۆزان گۆرگین عوسمان و د. ئازاد سالم محەمەد.

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

پێرست

پێشەکی ١١

پێشەکی تۆێژەر ١٣

پێشەکی چاپی دووەم ١٧

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە کوردستانی عێراق ١٩٥٨-١٩٦٤ ..... ١٩

- ڕەوشی سیاسی لە کوردستان ١٤ی تەموزی ١٩٥٨- ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ..... ٢١

- پێشهاتە سیاسییەکان لە کوردستان لە ئەنجامی کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ..... ٤٢

بەشی دووەم: پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان - عێراق ٥٣

- کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەن ٥٥

- دەنگدانەوە و کاردانەوەکان سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەن ٧٧

- هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی ٨٣

- بەیاننامە و بڵاوکراوە سەرەتاییەکانی ئەنجوومەن ٨٨

بەشی سێیەم: پێشهاتەکانی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان - عێراق ١٩٦٥ – ١٩٧٠ ..... ١٠٨

یەکەم: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و تێکچوونی بارودۆخ لە ئەنجامی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥ ..... ١١٠

دووەم: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و پێشهاتە سیاسییەکان لە کوردستان دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ ..... ١٢١

سێیەم : کۆتایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ١٣٧

بەشی چوارەم: چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جموجۆڵە ناوخۆییەکان ١٣٩

یەکەم: ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکان و کاروبارە دارایییەکان ١٤٠

دووەم: تەندروستی ١٥٣

سێیەم: پەروەردە و فێرکردن ١٦٨

چوارەم: کێشەی زەویوزار و بارودۆخی جوتیاران ١٨٩

پێنجەم: پێشخستنی دادوەریی ١٩٥

شەشەم: کاروباری پێشمەرگە ٢٠٠

حەوتەم: بواری کۆمەڵایەتی ٢١٢

بەشی پێنجەم: چالاکیە دەرەکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ٢١٧

مەولانا مەن کتێب

باسی یەکەم: هەوڵە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن تا کاتی بەرپابوونی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ ..... ٢١٩
باسی دووەم: گەشتی عیسمەت شەریف وانلی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و لێکەوتەکانی ٢٣١
باسی سێیەم: چالاکیە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن تا ساڵی ١٩٦٦ ..... ٢٤٨
باسی چوارەم: ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و چالاکیە دەرەکیەکانی تا ساڵی ١٩٧٠ ..... ٢٥٧
کۆتایی ٢٦٨
لیستی سەرچاوەکان ٢٧٣
پاشکۆ ٢٩١
وێنە ٤٥١

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی

شۆڕشی ئەیلوولی کوردی ١٩٦١- ١٩٧٥ لە کوردستانی عێراق لەلایەن مێژوونووس و توێژەرانی سیاسی و چاودێرانی کاروباری کوردستان و عێراقەوە بایەخی زۆری پێ دراوە و بە مەبەستی تاوتوێکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم شۆڕشە، چەندین نامە و توێژینەوەی زانکۆیی تایبەتی بۆ تەرخان کراون، ئەو شۆڕشەی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستاندا بە یەکێك لە گەورەترین شۆڕشەکان دادەنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەنی ئەم شۆڕشە هێشتا شاراوە و نادیارن و تا ئێستا بایەخی ئەوتۆیان پێ نەدراوە وپێویستیان بە کۆشش و توێژینەوەی زیاتر هەیە. لەم روانگەیەوە، سەنتەرەکەمان بەرێز شێرزاد زەکەریا محەمەد، مامۆستای مێژووی نوێ و شارەزا لە بواری مێژووی هاوچەرخی کوردی راسپارد کە توێژینەوەیەك دەربارەی ئەم دامەزراوە یاسادانەر و شۆڕشگێڕە ئامادە بکات کە لە ماوەی شۆڕش دامەزرێنرا، بە تایبەتی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤، ئەویش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و ئەو مەکتەب و لیژنانەی لێی کەوتنەوە، وەك مەکتەبی تەنفیزی و هی تر. ئەنجوومەن پێگەی پەرلەمان و مەکتەبی تەنفیزیش پێگەی ئەو وەزارەتەی هەبوو کە لە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا کاروباری بەڕێوە دەبرد.

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەشدا، توێژەر وەك زۆربەی هاوپیشەکانی کە سەبارەت بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستانی عێراق دەنووسن، رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەوە، بەو پێیەی گەیشتن بە بەشی زۆری بەڵگەنامە نهێنییەکان و سەرچاوە و رۆژنامەکان ئاستەمە و ئەوان لە سەنتەرەکانی تایبەت بە پاراستنی بەڵگەنامەکان لە بەغدا یان موسل یاخود شارەکانی دیکە هەڵگیراون کە بە دەستی تیرۆر و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیریەوە دەناڵێنن. هاوکات توێژەران لە کوردستان کێشەیەکی دیکەشیان هەیە، ئەویش نەبوونی خانەیەکی تایبەتە بە پاراستنی بەڵگەنامەکان، بۆیە ئەوەی لەلایەن ئەم توێژەرانەوە دەنووسرێ، پشت بە هەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆیان دەبەستێ، چوکە توێژەر توانای نییە بگاتە هەموو شوێنێك، وێڕای ماندووبوون و خەرجیە زۆرەکان، بۆیە لێرەوە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، دوای ١٩ ساڵ لە ئازادبوون لە ستەمی بەعس، کاتی هاتووە بیر لە دامەزراندنی خانەیەك بۆ بەڵگەنامەکان بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ هەموو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کورد، ئەوانەی لە کتێبخانەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و جیهان هەن، کۆ بکرێنەوە و لەو خانەیەدا هەڵبگیرێن.

سەرەڕای ئەو هەوڵ و ماندوبوونەی کە شێرزاد زەکەریا محەمەدی توێژەری چالاك لە پێناوی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا داویەتی و توێژینەوەکە لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی من ئامادە کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێین کە هێشتا زانیاری زۆر ماون دەستمان پێیان

نەگەیشتوون و توێژەر نەیتوانیوە دەستەبەریان بکات، بۆیە داوا لە خوێنەران و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە پەیوەندیان بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە، تێبینی و زانیاری و راستکردنەوەکانیان ئاراستەی سەنتەر بکەن، بەو هیوایەی لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا سوودیان لێ وەربگرین.

سەنتەری توێژینەوەکانی کوردی و پاراستنی بەڵگەنامەکان لە زانکۆی دهۆك، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە بە یەکێك لە چالاکیە گرنگەکانی خۆی دەزانێ و شانازی پێوە دەکات، هاوکات هەوڵ و ماندووبوونی شێرزاد زەکەریا محەمەدی توێژەری لاو بەرز دەنرخێنێ و سوپاسی دەکات بەرامبەر بەم کارە پێشەنگە لە بواری لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا و هیوای پێشکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازێ.

دکتۆر

عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی

بەڕێوەبەری سەنتەر

٣ ی ئایاری ٢٠١٠

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی توێژەر

ئەم توێژینەوەیە ژمارەیەك لاپەڕەی گرنگی مێژووی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، لە ماوەی قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ - ١٩٧٥ دەگرێتە خۆی، هەروەها تایبەتە بە باسکردن دەربارەی دەزگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بە پێی دەستپێشخەریەکی پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی و سەرۆکەکەی مەلا مستەفا بارزانی ١٩٠٣ - ١٩٧٩ دامەزراوە. ئەم دامەزراوە و مەکتەب و لیژنەکانی، لە بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕی و سەربازی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکاندا رۆڵێکی گرنگیان بینی، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویی و لادێیەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد دابوون و رووبەرێکی بەرفراوانی کوردستانی عێراقیان پێکدەهێنا.

کۆمەڵێك هۆکار وایانکرد دەربارەی ئەم بابەتە بنووسم، لە سەرووپانەوە نەبوونی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ بوو کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێ، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە ئەنجوومەن و مەکتەب و لیژنەکانییەوە هەیە، لە گۆشەی بەرتەسك و دوور لە کەسانی شارەزا لە بواری مێژووی هاوچەرخی کورد گل دراونەتەوە. ئەوەش کە زیاتر هانی تەواوکردنی توێژینەوەکەی دام، سەرسوڕمانی زۆر لە هاوپیشەکانم بوو کاتێك گوێبیستی بوونی دەزگایەکی یاسادانەر بوون بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەنێو ریزەکانی شۆڕشی کورددا.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا کە دوو باس دەگرێتە خۆی، بە کورتی دەپڕژێینە سەر دیارترین رووداو و پێشهاتەکانی کوردستان لە ماوەی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ تا کودەتاکەی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣.

لە بەشی دووەمیشدا کە سێ باس دەگرێتە خۆی، دەربارەی بارودۆخی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش قسە دەکەین. باسی یەکەم تایبەتە بە دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەن و بەرچاوترین رووداوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە، باسی دووەمیش بۆ تاوتوێکردنی کاردانەوەی لایەنە کوردیەکان و هی تر بەرامبەر بە پێکهێنانی ئەنجوومەن تەرخان کراوە. باسی سێیەمیش تایبەتە بەو یاداشتنامەیەی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئاراستەی حکوومەتی عێراق کراوە، ئەمە وێڕای خستنەرووی ئەو پێشهاتانەی کە دواتر رووياندا.

بەشی سێیەم کە لە دوو باس پێکدێت، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پێشهاتە سیاسییەکانی دۆزی کورد لە کوردستان، لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥ هەتا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و هەڵوێستی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرامبەر بەم رووداوانە تەرخان کراوە.

بەشی چوارەم تایبەت کراوە بە بەدواداچوون بۆ چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی. سروشتی ئەم بەشەش وای خواست کە بەسەر حەوت باسدا دابەش بکرێ و هەر باسێکیش تایبەت بکرێ بە تاوتوێکردنی لایەنێکی دیاریکراوی وەك رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکان و تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و کێشەکانی زەویوزار و بارودۆخی جوتیاران و پێشخستنی دەزگای دادوەریی و بایەخدان بە کاروباری پێشمەرگە و لایەنی کۆمەڵایەتی.

بەشی پێنجەم و کۆتایی بۆ چالاکییەکانی ئەنجوومەن لەسەر ئاستی دەرەکی تەرخان کراوە، بە تایبەتی چالاکییەکانی نوێنەرانی ئەنجوومەن لە پێناوی دەستەبەرکردنی پشتگیری بۆ شۆڕشی کورد لە ئەوروپا و وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.

لە توێژینەوەکەدا توێژەر پشتی بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستوە، لە نێویاندا بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان، هەروەها ئەو بەڵگەنامە حکومیانەی کە لە سەنتەری توێژینەوەکانی موسڵ پارێزراون و زیاتر دەربڕی بۆچوونی دامودەزگا حکومیەکانن بەرامبەر بە رووداوەکان، هەروەها توێژەر سوودی لە دۆسیەکانی تایبەت بە دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٤ و دوای ئەو رێکەوتە بینیوە کە لەلایەن دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانییەوە پارێزراون و پێشتر لە عەمید عەبدولرەزاق سەید مەحمودی موتەسەڕیف پارێزگار ی سلێمانی و دانوستانکاری سەرەکی حکوومەت لەو گفتوگۆیانەدا دەستی کەوتوون.

بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانیش هیچی وایان لەوانە کەمتر نییە کە بڵاو نەکراونەتەوە، لە نێویاندا کتێبە بەڵگەنامەییە تایبەتەکان و دیارترینیان دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کە لە ساڵی ١٩٦٤ دەرکراوە. توێژەر - لە سەرەتادا - چاپی ڕەسەنی دەست نەکەوت بۆیە ناچار بووە پشت بە دەستنووسێك ببەستێ کە بە سوپاسەوە لەلایەن توێژەر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵا زەنگەنەوە بۆم دابین کرا، دواتر ماوەیەك پێش چاپکردنی کتێبەکە، توێژەر چاپی ڕەسەنی دەست کەوت کە لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵگیرابوو. هاوکات توێژەر سوودی لە هەندێك بەیاننامە و یاداشتنامە و بەڵگە بینیوە کە لەلایەن ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزیەوە بڵاو کرابوونەوە و لە ڕێگەی کتێبە بەڵگەنامەییەکانەوە کەوتنە بەر دەست، وەك کتێبی چەند بەڵگەنامەیەك دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، تێبینی مێژوویی و توێژینەوەی بەرایی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی و کتێبی شازین هێرش و نزار محەمەد بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان - باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی - لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٦٤ - ١٩٧٠.

هەروەها توێژینەوەکە سوودی لەو لێکۆڵینەوە و چاپەمەنی و بڵاوکراوە حکومیانە وەرگرتووە کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێنماییکردن و دامودەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگریی سەر بە دەسەڵاتەوە بڵاو کراونەتەوە، وەك ئەو کتێبە شینەی کە لەلایەن حکوومەتەوە لەژێر ناونیشانی حکوومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور بڵاو کراوەتەوە و چەندین بەڵگەنامەی گرنگ دەگرێتە خۆی سەبارەت بە

دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و شۆڕشی کورد لە دوای کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ و کاردانەوەکانی بەرامبەر بەو یاداشتنامە و پرۆژانەی کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە شێوازێکی ئاشتیانە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئاراستەی کراون.

لێکۆڵینەوەکە پشتی بە بیرەوەرییەکانی ئەو سیاسەتوان و کەسایەتیە سەربازیانەش بەستووە کە لەگەڵ ئەنجوومەن و چالاکییەکانیدا ژیاون، چونکە ناکرێ ئەم جۆرە بەڵگەنامانە لەلایەن توێژەرانەوە پشتگوێ بخرێن، بەو پێیەی سەرچاوەکانیان کەسانێکن لە بەرهەمهێنانی رووداوەکاندا بەشداریان کردووە یان لێیانەوە نزیك بوون یان شایەتحاڵ بوون. لەگەڵ گرنگی و بایەخی بیرەوەریە کەسێتیەکاندا، بەڵام ئەوان وەك دەربڕی بیروڕای نووسەرانیان دەمێننەوە. لە سەرووی ئەم بەڵگەنامانە، یاداشتنامەی (احداث عاصرتها) ی موحسین دزەیی ئەندامی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی و یادەوەریەکانی شەکیب عەقراوی (سنوات المحنة فی کردستان) و یاداشتەکانی عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری (یاداشتەکانم، بەرگی - ٣ -) کە دەستنووسن و بڵاو نەکراونەتەوە، هەروەها بیرەوەرییەکانی نوری حەیدەر - هۆشیار - (بێتەل.. وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە شۆڕشی ئەیلوول دا). هاوکات پێویستە ئاماژە بە وانەکانی (شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١- ٣/١٧/ ١٩٧٠) بکەین کە - لە رێگەی ئامێری چاپەوە نووسراونەتەوە - و لەلایەن دکتۆر مەحمود عوسمانی سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنەوە ئاراستەی قوتابیانی پەیمانگای ئامادەکردنی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) کراون و زانیاری زۆر دەربارەی ئەنجوومەن و کار و چالاکییەکانی دەگرنە خۆیان.

لە لایەکی دیکە، چاوپێکەوتنە تایبەتیەکان سەرچاوەی دیکەی توێژینەوەکە پێکدێنن، بەڵکو بوونەتە مایەی پڕکردنەوەی هەندێك لە درزەکانی نێو بابەتەکە و داپۆشینی چەند لایەنێك کە ئاستەم بوو زانیاریان لەبارەوە پەیدا بکرێ. گرنگی ئەو بەڵگانە لەوە دایە کە دیمانەکان لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی وادا ئەنجام دراون کە لەگەڵ رووداوەکاندا ژیاون یان لە بەرهەمهێنانیاندا بەشدار بوون. لێرەدا ئاماژە بەو دوو دیمانەیە دەکەین کە لەگەڵ هەریەکە لە عەلی سنجاری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی و رەشید سندی ئەندامی ئەنجوومەن و کەسایەتی تر ئەنجامم داون.

لێکۆڵینەوەکە سوودی لە ژمارەیەکی زۆری ئەو کتێبانەش وەرگرتووە کە پڕ بوون لە زانیاری گرنگ و بەهادار، گرنگترینیان کتێبی مسعود بارزانی (البارزاني و الحركة التحررية الكردية "ثورة ايلول ١٩٦١ – ١٩٧٥") مع ملحق وثائقي بەو پێیەی نووسەرەکەی لە ناوەندی بڕیاری سیاسی نزیك بووە و لەگەڵ رووداوەکاندا ژیاوە، هەروەها لە کتێبەکەدا ژمارەیەك بەڵگەنامەی زۆر گرنگ بەدی دەکرێن کە بڵاو نەکراونەتەوە. لەنێو سەرچاوەکانی تردا کە بە کەڵکی توێژینەوەکە هاتوون، کتێبی (کردستان العراقية هوية وطنية – دراسة في ثورة)١٩٦١ی عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە، کە

لە بنەڕەتدا دکتۆرانامەیە و لەلایەن وانلیەوە لە ساڵی ١٩٦٩ ئاراستەی زانکۆی لۆزانی سویسری کراوە و زانیاری گرنگ سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەگرێتە خۆی. هەروەها کتێبی (العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨- ١٩٧٠)ی دکتۆر سەعد ناجی جواد کە لە بنەڕەتدا دکتۆرانامەیە و ناوبراو یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبە عێراقیە بێلایەنانەی کە سەبارەت بە دۆزی کورد بابەتیان نووسیوە. کتێبی سنان سادق حوسێن زەیدی، لە ژێر ناونیشانی (سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق – عهد الرئيس عبدالسلام محمد عارف – شباط ١٩٦٣ – نيسان)١٩٦٦ کە تیایدا نووسەر پشتی بە دۆکیومێنتە ئەمەریکیەکان بەستووە و زانیاری وردی بە توێژینەوەکە بەخشی. هەروەها جەمال نەبەزی توێژەر لە کتێبەکەیدا کوردستان و شۆڕشەکەی) زانیاری باشی دەربارەی ئەنجوومەن و کارەکانی باس کردووە و هەندێکیان بۆ جاری یەکەم بڵاو کراونەتەوە.

هاوکات پێویستە ئاماژە بە ژمارەیەك لەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بابەتانە بکەم کە بڵاو کراونەتەوە و پڕژاونەتە سەر کۆمەڵێك لایەنی گرنگی مێژووی ئەنجوومەن، لە پێشەوەیان ئەو بابەتانەی کە لەلایەن دکتۆر جەبار قادر غەفور لە ژێر ناونیشانی (یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) بڵاو کراونەتەوە و تیایاندا نووسەر پشتی بەو کاسێتانە بەستووە کە لەلایەن رۆژنامەنووسی ئایسلەندی هارلدسۆنەوە(Haraldson) پارێزرابوون، چونکە ئەو لە دەستپێکی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن لە کوردستان بووە. هەروەها ئەو بابەتانەی لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە گۆڤارەکەیان (پەیامی ئەیلوول) کە گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە مامۆستایانی شۆڕشە، بڵاو کراونەتەوە و تیایاندا باسی ئەزموون و کاری پەروەردەیی خۆیان کردووە لە سایەی شۆڕشدا و زانیاری کەموێنەی زۆریشیان ئاشکرا کردووە.

دەربارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەش کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە بڵاو دەکرانەوە، ئەوان رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە بە زانیاریی گرنگ، لە نێویاندا: رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەی زمانحاڵی لیژنەی ئاراستەکردن و بڵاوکردنەوە لە شۆڕشی کوردستان، وێڕای ئەو رۆژنامە حکومیانەی کە سەبارەت بە سەرجەم رووداوە سیاسییەکانی وڵات و هەڵوێستەکانی حکوومەت رووبکردنەوەیان داوە و بەیاننامە و هەواڵی جۆراوجۆریان دەربارەی دۆخی کوردستان بڵاو کردۆتەوە.

لە کۆتاییدا هیواخوازم لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سەرکەوتوو بووبم و توانیبم شتێکی نوێ بخەمە نێو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و کتێبخانە مێژوویییەکەی کورد.

شێرزاد زەکەریا محەمەد

پێشەکی چاپی دووەم

کاتێك سەرقاڵی نووسینی ماستەرنامەکەم بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کورد لە کوردستانی عێراق ٨ی شوباتی ١٩٦٣ - ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بووم، زانیاری زۆرم سەبارەت بە مێژووی شۆڕشی ئەیلوولی کورد لە کوردستانی عێراق بەرچاو کەوت. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە نێو ئەو بابەتانە بوو کە سەرنجیان راکێشام، ئەگەرچیش لێرە و لەوێ ژمارەیەك توێژەر و ئەوانەی بایەخ بە مێژووی کورد دەدەن باسی بابەتەکەیان کردبوو، بەڵام وەك پێویست نەبوو. کاتێکیش لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گفتوگۆی ماستەرنامەکەم بوومەوە، بە هاندان و لەژێر سەرپەرشتی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی مامۆستام، دەستم بە کۆکردنەوەی بابەتی زانستی کرد دەربارەی ئەم باسە، تا ئەو کاتەی ساڵی ٢٠١٠ لە نووسینی کتێبەکە بوومەوە و سەنتەری توێژینەوەی کوردی و پاراستنی بەڵگەنامەکان لە زانکۆی دهۆك بە سوپاسەوە ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ، هەرچەندە ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان زۆر کەم بوو و لە ٢٥٠ دانە زیاتر نەبوو، بەڵام لەلایەن شارەزایانی مێژووی کوردەوە پێشوازیەکی گەورە لە کتێبەکە کرا و چاویان بە کۆمەڵێك زانیاری کەوت کە بۆ یەکەم جار بوو بڵاو کرابوونەوە.

بەم بۆنەوە، دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە لە کاتی گفتوگۆکردن دەربارەی دکتۆرانامەکەم پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا - میسر، ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ - ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە ١٣ی ئاداری ٢٠١٤، دکتۆر خەلیل عەلی مراد پێی وتم: "پێم باش بوو ئێستا کتێبی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق وەك دکتۆرانامەکەت پێشکەش کردبوویە".

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەهۆی بوونی خواستێکی زۆرەوە، هەوڵی دووبارە بەچاپگەیاندنەوەی کتێبەکەم دا، تەنانەت سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوە مرۆییەکان کە شوێنی.

سەنتەری توێژینەوە کوردیەکان و پاراستنی بەڵگەنامەکان - لە زانکۆی دهۆك ی گرتۆتەوە، ناچار بوو لە میانی بەشدارکردنی لە پیشانگای ساڵی ٢٠١٩ی کتێب لە هەولێر، چەند ژمارەیەکی کتێبەکە کۆپی بکات و لە پیشانگاکە بیانفرۆشێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لایەنێك ئامادەباشی خۆی بۆ دووبارە چاپکردنەوەی کتێبەکە دەرنەبڕی، تا ئەو کاتەی برایانی بەرێز لە سەنتەری بێشکچی دەستپێشخەریان کرد و سەبارەت بە چاپکردنەوەی کتێبەکە لە ٦٠ەمین ساڵیادی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی عێراق قسەیان لەگەڵ کردم، لە بەرامبەردا راستەوخۆ رەزامەندیم نیشان دا. شایەنی باسە، چاپی ئێستای کتێبەکە زانیاری زیاتر دەگرێتە خۆی کە دوای بەچاپگەیاندنی بۆ جاری یەکەم دەستم کەوتوون.

جارێکی دیکە سوپاس و رێز بۆ سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوە مرۆییەکان و کارمەندانی دووبار دەکەمەوە، بەو هیوایەی ببێتە مایەی رەزامەندیی خوێنەرانی بەڕێز و پسپۆڕانی بواری مێژووی کورد.

پ. د. شێرزاد زەکەریا محەمەد

زاخۆ، ٤ ی ئایاری ٢٠٢١

هەوالنامەی کتێب

بەشی یەکەم

بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کورد لە کوردستان - عێراق ١٩٥٨ - ١٩٦٤

- بارودۆخە سیاسییەکان لە کوردستان ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ - ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

- پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان لە ئەنجامی کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

هەولێر کتێب

هەوالنامەی کتێب

ڕەوشی سیاسی لە کوردستان
١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ - ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا و کۆمەڵگای عێراقی لە ناخەوە هەژاند و سەرجەم ناکۆکیە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریەکانیشی تەقاندەوە، بەو پێیەی شۆڕشەکە ڕاستەوخۆ دوای دارمانی سیستمێکی پادشایەتی بەرپا کرا کە ٣٧ ساڵ بوونی هەبوو ١٩٢١ - ١٩٥٨، بۆ ئەوەی لە شوێنیدا لەدایکبوونی کۆماری عێراق ڕابگەیەنێ[١].

کورد بە بەرپابوونی شۆڕش و دارمانی ڕژێمی پادشایەتی خۆشحاڵ بوو و هەر لە ڕۆژی یەکەمی بەرپابوونیدا، ئیبراهیم ئەحمەد[٢]ی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی[٣] بڕووسکەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتیەکەی کرد و تیایدا پشتگیری پارتی بۆ بەرپابوونی شۆڕش دووپات کردەوە و هیواشی خواست کە کۆماری تازە ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانی نێوان عەرەب و کورد[٤].

لە بەرامبەردا هەڵوێستی حکوومەتی تازە سەبارەت بە هەستی گەشەکردووی کورد نەرێنی بوو، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك لەو ڕێوشوێنانە بەدی کرا کە حکوومەت بە پەلە گرتنییەبەر، ئەوەبوو وەزارەتی یەکەم، بابا عەلی شێخ مەحمودی بەرزنجی[٥] کەسایەتی ناسراوی کوردی گرتە خۆی، هەروەها

---

(١) عادل تەقی عەبد ئەلبەلداوی، جولەی شەقامی عیراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا - بەڵگەنامەی تازەی ئەمنی - پێشکەشکردن ، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ، (بەغدا، ٢٠٠٤) ، ل ٦ . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ، بڕوانە ، محەمەد حوسێن ئەلزوبەیدی ، شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق ، هۆکار و پێشەکی و کاروان و ڕێکخراوەکانی ئەفسەرانی ئازاد ، (بەغدا ، ١٩٨٣) ، ل ٢٩٣ . دواتر : حامد مستەفا مەقسود ، شۆڕشی ١٤ تەموز، خولگەکانی برا دوژمنەکان، (هەولێر ، ٢٠٠١) ، ل ٩٥ . دواتر محەمەد کازم عەلی ، عیراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا ، تۆێژینەوەیەك سەبارەت بە هێزە سیاسیەکان و و ململانێی ئایدیۆلۆژی ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ، (بەغدا ، ١٩٨٩) ، ل ٨٨ و دواتر.

(٢) ئیبراهیم ئەحمەد ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و هەر لەوێ خوێندنی تەواو کردووە ، دواتر ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٣٩ گۆڤاری گەلاوێژی بە زمانی کوردی دەرکردووە ، ساڵی ١٩٤٧ چۆتە ڕیزەکانی پارتی و بۆتە یەکێك لە دیارترین سەرکردەکانی ، لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە ، بۆ زانینی وردەکاری زیاتر دەربارەی ژیانی ، بڕوانە ، ئەحمەد شەریف عەلی ، برایم ئەحمەد ، ژیان و .. بەهرە و ... داهێنانی ، (سلێمانی ، ٢٠٠٢) : کومەکا دانەرا ، یادگار و هیوا چەپکە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد ، (سلێمانی ، ٢٠٠٠) .

(٣) لە نێو عیراقیەکاندا ئەم حزبە بە وشەی لاتینی (پارتی) ناسراوە و بۆتە ناوی فەرمی حزب : بڕوانە سەعد ناجی جواد ، عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٥٨ - ١٩٧٠ ، (لەندەن : ١٩٩٠) ، ل ٢٥ . لە پەیامەکەشدا لە جیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان وشەی پارتی بەکار دێنین.

(٤) جەلال تاڵەبانی ، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، (بەغدا ، ١٩٧٠) ، ل ١٧٦.

(٥) بابا عەلی شێخ مەحمود ساڵی ١٩١٢ لەدایك بووە ، لە کۆلێژی ڤیکتۆریا لە ئەسکەندەریە خوێندوویەتی ، دواتر پەیوەندی بە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك کردووە و ساڵی ١٩٣٨ بۆتە خاوەنی بڕوانامە لە زانستە ئابووریەکان. دوای

بڕیار درا ژمارەیەك لە دەستگیرکراوانی سیاسی کورد - لە نێویاندا شێخ ئەحمەد بارزانی[1] و عەبدوڵا گۆرانی شاعیر[2] هەبوون - ئازاد بکرێن. دوای تێپەڕبوونی تەنیا دوو هەفتە، شۆڕش دەستووری کاتی خۆی راگەیاند و بە گوێرەی مادەی سێیەمی ئەم دەستوورە کاتیە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەستووری عێراقدا عەرەب و کورد بوون بە هاوبەش لە نیشتمانداا، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی سیما و هێماکانی کۆماری نوێشدا باس لەوە کرا: ئەو دوو شیر و خەنجەرەی کە لە لای چەپ و ڕاستی دۆڵابێکی ڕەش هەن، ئاماژەن بۆ عەرەب و کورد و ڕەنگی زەردی ناو ئاڵای عێراقی تازە هێمایە بۆ ئاڵای سەلاحەدینی ئەیوبی. لەوەش گرنگتر، حکوومەت لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ ڕێگەی بە مەلا مستەفا بارزانی ١٩٠٣- ١٩٧٩ سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق و سەرۆکی پارتی دا کە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، هەروەها لە ٤ ی نیسانی ١٩٥٩ ڕێگەی بە دەرکردنی ڕۆژنامەی خەبات[3] دا. جگە لەمە، لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ دا وەزارەتی ناوخۆی عێراق مۆڵەتی بە پارتی بەخشی، وێڕای گرتنەبەری چەندین ڕێوشوێنی تر[4] .

ئەگەرچی کورد توانی سوود لەو مافە ئاساییانە وەربگرێ کە لە دوای بەرپابوونی شۆڕش دەستەبەری کردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخ لە کوردستان وەك پێویست نەبوو و چاکسازیە

گەڕانەوەی بۆ عیراق ، لە هەردووك سەردەمی پادشایەتی و کۆماریدا چەندین پایەی سیاسی وەرگرتووە ، ئێستا لە لەندەن دەژیت . بڕوانە ، میر بەسری ، کەسایەتیەکانی کورد ، (لەندەن ، ١٩٩١) ، ل ٢٤٨ - ٢٤٩ .

(١) ساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە ، دوای لەسێدارەدانی براکەی ، شێخ عەبدوسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ ، پایەی سەرۆکایەتی هۆزەکەی وەرگرتووە ، ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ شێخ مەحمود بەرزنجی ڕووبەڕووی داگیرکاری بەریتانیا بوونەتەوە ، هەروەها لە سیەکانی سەدەی ڕابردوو لە دژی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و حکومەتی عیراق ڕاپەڕیوە و لە ئەنجامدا بۆ موسڵ و ناسریە لە باشووری عیراق دوورخراوەتەوە . دوای ڕاپەڕینی دووەمی بارزان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥ ، شێخ ئەحمەد لەگەڵ بارزانیەکان چۆتە ڕیزەکانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ، دوای لەناوچوونی ئەم کۆمارە ، لە بەهاری ١٩٤٧ گەڕاوەتەوە عیراق و تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ لە بەندیخانە ماوەتەوە ، ڕۆژی ٥ ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە ، مەعروف جیاووك ، کارەساتی بارزانی ستەملێکراو ، چ ٢ ، (هەولێر ، ٢٠٠١) ، ل ١٤٨ - ١٥٠ : مێهڤان محەمەد حوسێن ڕەشید بامەرنی ، سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور ١٩٤٥ - ١٩٦٨ ، تۆێژینەوەیەکی مێژوویی شرۆڤەکاریە ، (هەولێر ، ٢٠٠٨) ، ل ٧٥ .

(٢) عەبدوڵا بەگ سلێمان عەبدوڵا بەگە ، ساڵی ١٩٠٤ لە شاری هەڵەبجە لە خانەوادەیەکی ناسراو لەدایك بووە ، لە بواری زانستە ئاینیەکان خوێندوویەتی ، دواتر ڕووی کردۆتە قوتابخانەی فەرمی لە هەڵەبجە و تا قۆناغی چواری سەرەتایی لەوێ خوێندوویەتی ، خوێندنی لە کەرکوك تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا ، هەروەها لە ڕاگەیاندنی کوردیشدا کاری کردووە ، بەهۆی چالاکیە سیاسیەکانیەوە چەند جارێك دەستگیر کراوە ، دواییں جار ١٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦ بوو ، لە ١/ ٨/ ١٩٥٨ ئازاد کراوە ، لە ١٨/ ١١/ ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە .بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە ، عەبدوڵا گۆران ، دیوانی گۆران ، (تاران ، ١٣٨٢ ش) ل ل ٣٤ - ٣٦ .

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆژنامەی خەبات / بڕوانە فەرهاد محەمەد ئەحمەد ، ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩ - ١٩٦١ ، تۆێژینەوەیەکی شرۆڤەکاریە ، (دهۆك ، ٢٠٠٨) ل ١٧ و دواتر .

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، چەند بەڵگەنامەیەك دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد ، تێبینیە مێژووییەکان و تۆێژینەوە سەرەتاییەکان ، (هەولێر ، ٢٠٠١) ، ل ل ٦٦ - ٦٧ .

چاوەڕوانکراوەکانیش جێبەجێ نەکران و ناوچە کوردیەکان -بە تایبەتی - بە دەستی داتەپینی باری ئابووریەوە دەیانناڵاند. وا دیار بوو عەبدولکەریم قاسم ١٩١٤- ١٩٦٣ درکی بەوە نەکردبوو کە دۆزی کورد لە بنەڕەتدا کێشەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە، وەك هەموو ئەو کێشانەی لە وڵاتانی گەشەکردوودا خۆیان دەخەنە روو، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکەدا هیچ پرۆژەیەکی پێشکەش نەکرد، هەروەها لە وتار و راگەیاندنە زۆرەکانیدا بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بە ئۆتۆنۆمی نەکردووە و لە ماهیەتی ئەو مافە نەتەوەییانەشی نەکۆڵیوەتەوە کە حکوومەت بە نیاز بوو دانیان پێدا بنێ[١].

ئەو مافە ئاساییانەش کە لەلایەن کوردەوە دەستەبەر کران، نادیار و پلاستیکی و پێچەوانە و ئاسایی بوون، بەڵکو هەندێکیان هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نەبوو. بۆ نموونە، عەقید روکن خالد عەبدولغەفار نەقشبەندی[٢] کە نوێنەری کورد بوو لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی[٣]، جگە لەوەی ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی کوردی نەبوو و بەوە ناسرابوو کە هەڵگری هەستی ئاشکرای نەتەوایەتی کوردی نەبووە کە مایەی نیگەرانی رژێمی دەسەڵاتدار بێ[٤]. بابە عەلی شێخ مەحمود بەرزنجی وەزیریش زیاتر بەوە ناسرابوو کە بە درێژایی ماوەی دەستبەکاربوونی لە وەزارەتەکەیدا، هیچ کاتێك دۆزی کوردی نەخستە بەردەم کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵکو وەك پشتگیریەك بۆ وەزیرە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، لە ٧ی شوباتی ١٩٥٩ دەستی لەکار کێشایەوە. لە کاتێکیشدا کە پارتی هاوپەیمانێکی

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٧.

(٢) لە گوندی بامەرنێ لە قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك لەدایك بووە ، خوێندنی لە موسل تەواو کردووە و سالّی ١٩٣٦ پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازی بەغداوە کردووە ، دواتر کۆلێژی ئەرکانی تەواو کردووە ، سالّی ١٩٥٠ لە کۆلێژی مافی ئێواران خوێندنی تەواو کردووە ، سالّی ١٩٥٧ هەتا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ موتەسەریفی لیوای هەولێر بووە ، جگە لە هەڵوێستە نیشتمانیەکانی ، هیچ جۆرە سیمایەکی ئایدیۆلۆژی ئاشکرای پێوە دیار نەبووە ، لە ٢٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە ، بڕوانە ، میر بەسری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٤٩ - ٢٥٠ : عەبدوللەتیف شەواف ، عەبدولکەریم قاسم و کەسایەتی عیراقی تر ، یادەوەریی و بۆچوون ، (بەیروت ، ٢٠٠٤) ، ل ٥٠ پەراوێزی ژ ١ .

(٣) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە پێی بەیانی دووەمی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ پێکهێنرا ، بڕیار وابوو ئەم ئەنجومەنی ببێ بە خاوەنی دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار ، لە نێویاندا : مافی دامەزراندن یان ڕازیوون بە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیران ، بەڵام دواتر ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنە تەنیا لە ئەنجامدانی ژمارەیەك چالاکی پرۆتۆکۆلی وەك وەرگرتنی فەرمانی دەستبەکاربوونی باڵیۆزەکان و بەخشینی مەدالیا و پلەدا پوخت کرایەوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، پێشهاتە سیاسیە ناوخۆییەکان لە عیراق ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ - ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ،(دهۆك، ٢٠٠٧) ل ل ٥٧ - ٦٣ .

(٤) ئۆریل دان ، عیراق لە سەردەمی قاسمدا ، مێژووی سیاسی ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ، وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر ، (سوید ، ١٩٨٩) ، ل ٦١.

بەهێزی رژێم بوو، بەڵام هاوشێوەی پارتە سیاسییەکانی دیکە - جگە لە حزبی شیوعی عێراق[٥] هەموویان خاوەنی نوێنەر بوون لە حکوومەت - بۆی نەبوو لە حکوومەتدا نوێنەری هەبێ.

وەرچەرخانی راستەقینە و ئاشکرا لە هەڵوێستی قاسم بەرامبەر کورد و پارتی و بارزانی سەرۆك لە رێگەی کەمتر بایەخدان بە بارزانی و نواندنی رێزی زیاتر لە دوژمنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەرکەوت، بە تایبەتی ئەو دەرەبەگە کوردانەی لایەنگری رژێمی پادشایەتی[١] بوون، هەروەها بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە کورد خاوەنی کەسایەتیەکی نەتەوەیی جیاواز و سەربەخۆ نییە، لەو کاتەشەوە بە گاڵتەجارِیەوە کەوتە قسەکردن دەربارەی رۆڵی کورد لە مێژووی عێراق، ئەوەبوو لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ دا رایگەیاند کە سەرجەم ئەو شۆڕشانەی بەر لە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ لەلایەن کوردەوە لە عێراق بەرپا کراون - جگە لە شۆڕشەکانی ١٩٢٠، ١٩٣٦، ١٩٤١ - دەست و هاندانی کۆلۆنیالیزمیان لە دواوە بووە، ئەمەش وەك کەمکردنەوەیەك لە پایەی راپەڕینەکانی رابردووی کورد[٢] .

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣ ساڵ بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨، رژێمی عەبدولکەریم قاسم ئەو پەیمانانەی نەگەیاندە جێ کە بە مەبەستی زامنکردنی مافە نەتەوەییە رەواکانی بە کوردی دابوو، هەر ئەو کاتە و بۆ روونکردنەوەی ئاستی جدیەتی قاسم لە جێبەجێکردنی پەیمانە تایبەتەکانی بەرامبەر بە کورد، بارزانی راگەیاندنێکی ترسناکی دەرکرد و تیایدا عەبدولکەریم قاسمی خستە سەر لێوارەوە، لە ناوەرۆکی راگەیاندنەکەدا هاتبوو " لە کاتێکدا ئەگەر سەرۆکوەزیران پەیمانەکانی نەگەیەنێتە جێ، هەموو ئەو رێوشوێنە پێویستانە دەگرینە بەر کە لە بەرژەوەندی کوردن...."[٣]

بارزانی بۆ عەبدولکەریم قاسم نووسیویەتی: "... لە کاتێکدا ئەگەر حکوومەتی عێراق دۆزی کورد یەکلا نەکاتەوە، کورد ناچار دەبێ پەنا بۆ ئەو رێگایە ببات کە گەلی جەزائیر گرتیە بەر..."[٤]. لە پشت

---

(٥) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، دۆکیومێنت .... ، ل ل ٦٨ - ٦٩.

(١) ئۆریل دان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٧ - ٣٧٨ : عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، دۆکیومێنت ... ، ل ٧١ : عەلی سنجاری ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد - هەڵوێست و بۆچوون ، (دهۆك ، ١٩٩٧) ، ل ٤٣ .

(٢) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، پێشهاتەکان ... ، ل ٢٩٢ : میقان عارف بادی ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراق ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ، (هەولێر ، ٢٠٠٥) ، ل ٨٥ .

(٣) وەزارەتی ناوخۆ ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس / هۆبەی جموجۆڵ و هەواڵگری ، زۆر نهێنی ، ژ ٨٨٦ ، ١٣ ی شوباتی ١٩٦١ ، بابەت ، زانیاری ، وەرگیراوە لە عادل تەقی عەبد محەمەد بەلداوی ، خەباتی گەلی کورد و پێگەی بارزانی لەنێو بەڵگەنامە نهێنیەکانی عیراق ، (بەغدا ، ٢٠٠٣) ، ل ل ٣٦ - ٣٧.

(٤) وەرگیراوە لە : حامد مەحمود عیسا ، کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لە سەرەتاوە هەتا ساڵی ١٩٩١ ، (قاهیرە ، ١٩٩٢) ، ل ٢٠٠ .

ئەم وتەیەدا بارزانی مەبەستی بوو ئەو یارمەتیانە بهێنێتەوە یاد کە قاسم پێشکەشی شۆڕشی جەزائیری کردبوون، لە کاتێکدا کێشەی کوردی هاوشێوەی ئەو شۆڕشە- تا ئاستێك- ی پشتگوێ خستوە[٥].

لە راستیدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١[١]، ئەگەری بەریەککەوتن لەگەڵ رژێمی عەبدولکەریم قاسم بوو بە واقیعێکی سەپێنراو بەسەر کورد، بۆیە بە مەبەستی ناچارکردنی قاسم لە دەستبەرداربوون لە سیاسەتەکانی، پارتی پەنای بردە بەر گۆڕینی شێوازەکانی کارکردنی، ئەوە بوو لە ئەیلوولی ١٩٦١ مانگرتنێکی سیاسی لە سەرتاسەری کوردستان ڕێکخرا و بە هۆیەوە هەموو جموجۆڵ و کارێك لە ناوچەکە وەستێنران، بەڵام قاسم بایەخێکی ئەوتۆی بەم بانگەوازانە نەدا کە لە پێناوی جێبەجێکردنی داواکاریەکانی گەلی کورد[٢] ئاراستەی کرابوون، بەڵکو مکوڕتر بوو لەسەر کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کورد و لە بری هەوڵدان بۆ کۆڵینەوە لە هۆکار و گازەندەکانی کورد، لە ٩ی ئەیلوول ی ١٩٦١ بڕیاری دا لە ڕێگەی تۆپ و فڕۆکەوە بۆردومانی کۆبوونەوەکانی کورد بکرێ لە ناوچەی دەربەندیخان، دواتر لە ١١ی ئەیلوول سوپا دەستی بە جموجۆڵ کرد و سێ ڕۆژ دواتر ژمارەیەك فڕۆکە ڕوویان کردە ئاسمانی گوندەکانی بارزان و ناوچەکەیان بۆمباران کرد[٣] .

کۆمەڵێك هۆکار لە پشتەوەی بەڕپابوونی شەڕ بوون لە کوردستان، سەرەتا ڕووداوەکان وەك شەڕە تەقەی نێوان چەند هۆزێکی ناکۆك وابوون، دواتر چەند قۆناغێکیان تێپەڕاند، بەر لەوەی بگەنە ئاستی بەڕپاکردنی شۆڕشێك کە هەموو ئەندامانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بگرێتە خۆی، ئەو بزووتنەوەیەی ڕژێمی قاسم بووبووە هەڕەشەیەك لەسەر مانەوەی. خاوەن زەوی و مووڵکدارەکان خەریك بوو بەهۆی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵیەوە زەویوزاریان لەدەست دەدا، پەیوەندیەکانی نێوان بارزانی و قاسمیش لە داڕمان نزیك دەبوونەوە و دەستگیرکردن و ڕاوەدوونان بوو بە چارەنووسی ئەندامانی ئەو پارتیەی کە هەمیشە لە پێناوی کەمکردنەوەی ڕۆڵ و دواتر لەناوبردنیدا، یان گۆڕینی بە ئەنجوومەنێکی ڕۆشنبیریی تەرخانکراو بۆ پشتگیریکردن لە خۆی[٤]، قاسم ئامادە بوو پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەك ببات.

ئەگەرچی بەر لە بەڕپابوونیدا، سەرکردایەتی کورد لە پێناوی بەڕپاکردنی شۆڕشدا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی گرتبوە بەر، بەڵام دوای ڕزگارکردنی شاری زاخۆ لە ١١ی ئەیلوول ی ١٩٦١ و تێپەڕبوونی

---

(٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی عیراق بەرامبەر کێشەی جەزائیر ، بڕوانە ، خرنان مەسعود موسا ، عیراق و شۆڕشی جەزائیر ١٩٥٤ - ١٩٦٢ ، ماستەرنامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلیژی ئەدەبیات / زانکۆی موسل ، (موسل ، ١٩٨٨) ، ل ل ٢٢٧ - ٢٤١ .

(١) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ١٥٨

(٢) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر ، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عیراق ١٩٤٦ - ١٩٧٠ ، عەلی شێخ مستەفا لە زمانی بولگاریەوە وەریگێڕاوە ، (سلێمانی ، ٢٠٠٤) ، ل ١٤٧ : کافی محەمەد نەبەوی ، ژیاننامە و ڕۆڵی عەمید ڕوکن کافی محەمەد نەبەوی ، (هەولێر ، ٢٠٠١) ، ل ١٠٩.

(٣) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، پێشهاتەکان ...، ل ل ٢٩٨ - ٢٩٩.

(٤) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ل ٨٦ - ٨٧ .

کەمتر لە مانگێك بەسەر بەرپاکردنی شۆڕشدا، وەی هۆزە بەشداربووەکان دابەزی و زۆر لەو گرووپانە پەیوەندیان بە حکوومەتەوە کردەوە، تەنانەت لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو ناوچەکانی زاخۆ و ئامێدی و دهۆك و شێخان، ژمارەیەکی کەمی شۆڕشگێڕان مانەوە[٥]، وەك چۆن نەجمەدین یوسفی بەشداربوو لە رووداوەکان وەسفیان دەکات و دەڵێ: بە سەرسوڕمانەوە و تا بەرزترین ئاستی بێ ئومێدی[١]، بە گوندەکانی سەر سنووردا دەسوڕانەوە. لە راستیدا یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم داڕمانە خێرایە نەبوونی رێکخستن و کارگێڕی بوو لە کوردستان، بە واتایەکی تر، نەبوونی پێداویستی تایبەت بوو بۆ ئەوەی لە رێگەیانەوە شۆڕشگێڕان بتوانن لایەنە کارگێڕییەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی پێ رێك بخەن. بۆ نموونە، دوای ئازادکردنی شاری زاخۆ و بەهۆی کەمی ماوەکە، هاوڵاتیان پەرتەوازە بوون و پشێویی شارەکەی گرتەوە، هەمان شت سەبارەت بە ناوچەکانی تریش[٢].

بە مەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخ لە بادینان، لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بارزانی بە یاوەری نزیکەی ٣٠٠ چەکدار گەیشتە بادینان[٣] و لە ٢١ی تشرینی یەکەم گەیشتە ناوچەی هۆزی نێروە و لەوێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەست بە رێکخستنی پێشمەرگە کرا:

1- محەمەد ئەمین میرخان بە فەرماندەی هێزێك دەستنیشان کرا کە ژمارەی ئەندامانی ٢٥٠ پێشمەرگە بوو.
2- حاجی بێرۆخی بە فەرماندەی هێزێك دەستنیشان کرا کە لە هەمان ژمارەی پێشمەرگە پێکهاتبوو.
3- حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بە فەرماندەی هێزێك دەستنیشان کرا کە لە هەمان ژمارەی پێشمەرگە پێکهاتبوو.
4- عیسا سوار بە فەرماندەی هێزێك دەستنیشان کرا کە لە هەمان ژمارەی پێشمەرگە پێکهاتبوو.

بۆ هەر یەکێك لەم فەرماندانە چەند یاریدەدەرێك لە ناوچەکانی تر دیار کران و جگە لە هەندێك کەسی تر، بارزانی ئەسعەد خۆشەوی وەك جێگری خۆی هێشتەوە، هاوکات هێزێك بە سەرکردایەتی

---

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٠.

(١) بڕوانە شۆڕشی مەزنی ئەیلول ، (دهۆك ، ٢٠٠٣) ، چ ٢ ، ل ل ١٠٢ - ١٠٣.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە رێکەوتی ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦ لە زاخۆ . سالّی ١٩٣٦ لە شاری زاخۆ لەدایك بووە ، سالّی ١٩٥٦ چۆتە ریزەکانی پارتی ، سالّی ١٩٦٣بۆتە ئەندامی ناوچەی پارتی لە زاخۆ ، سالّی دواتر بۆتە بەرپرسی لیژنە و ئەندامی لقی یەك ، سالّی ١٩٧٠ وەك ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردراوە ، دوای راپەڕینی ١٩٩١ بەرپرسیارێتی بەرەی کوردستانی لە زاخۆ پێ سپێردراوە .٢٣ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ لە زاخۆ کۆچی دوایی کردووە .

(٣) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ....ل ٩٠.

عەزیز محەمەد دۆڵەمەری بۆ پاراستنی بارزانی دەستنیشان کرا و ئەم بڕیار و راسپاردانەی خوارەوەش بەسەر پێشمەرگەدا بڵاو کرانەوە:

1. دوورکەوتنەوە لە چوون بۆ نێو گوندەکان لەژێر هەر بیانوێك بێ، ئەمەش بۆ پاراستنیان لە بۆردومانی ئاسمانی.
2. بە هیچ شێوەیەك رێگە نادرێ لە رێگەی هێزەوە کەلوپەل لە خەڵکی گوندەکان زەوت بکرێ.
3. ملکەچبوون بۆ ئەو فەرمانانەی کە لەلایەن فەرماندەکانەوە دەردەکرێن و جێبەجێکردنیان بەبێ دوودڵی.
4. بە فیڕۆ نەدان و دەستگرتن بە فیشەك.
5. گرتنەبەری ئامادەکاریی پێویست بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە.
6. خاڵە لاوازەکانی دوژمن دەستنیشان بکرێن و لەوێوە هێرشی بکرێتە سەر.
7. کوشتن یان ئازاردان یان شکاندنی ئابڕووی دیل بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.
8. بوونی هاوکاریی هاوبەش لە نێوان هێزەکان و بەهاناوەچوونی یەکتر لە کاتی شەڕ و پەنابردن بۆ شێوازی شەڕی پارتیزانی و دابەشبوون بەسەر گرووپی بچووك بچووك لەپێناوی کەمکردنەوەی قەبارەی قوربانیدان بۆ نزمترین ئاست، لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێنمایی دیکە[1] .

دوای ئەوەی تەواوی ناوچەی بادینان کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد، سەنتەری چەند قەزا و ناحیەیەك نەبێ، کە بە گوێرەی بڕیار و راسپاردەکان کۆنترۆڵ نەکران بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی زیانی گیانی نەبنەوە و وێران نەکرێن. ئیتر شۆڕش توانی ڕەگ و ریشەی خۆی بە ناخی زەوی کوردستاندا بباتە خوار و چەمکەکانی پارتی لەنێو جەماوەردا بڵاوەیان کرد و لاوانی کوردیش لە شارەکانی تردوە دەستیان کرد بە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی شۆڕش. بەمەش وردە خەڵکی کورد لە شارەکان بەرز بوونەوە، بە تایبەتی لەنێو لاوانی خوێندەوار و ناوەندە ڕۆشنبیرەکان، لە بەرامبەردا وردە دوژمنان و پایەی دەسەڵات لای خەڵك ڕوویان لە دابەزین کرد[2].

لەم قۆناغەدا و دوای ڕێکخستنەوەی شۆڕش لە ناوچەی بادینان و بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە دەستی هێزەکانی حکوومەت، بارزانی بڕیاری دا ڕوو بکاتە ناوچەی سۆران، بەڵام بەر لە بەجێهێشتنی بادینان، بارزانی چەند کەسێکی لە بواری کارگێڕی و سەرپەرشتیکردنی سەربازی دامەزراند، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ئەسعەد خۆشەوی، وەك فەرماندەی گشتی لە ناوچەکە.

---

(١) مسعود بارزانی ، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد " شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ - ١٩٧٥ " لەگەڵ پاشکۆیەکی دۆکیومێنتاری ، (هەولێر ، ٢٠٠٢) بەشی ٣ ، ل ل ٣٦ - ٣٧.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧.

2- محەمەد ئەمین میرخان، وەك فەرماندەی هێزی ئامادە، لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بارزانی و حاجی بێرۆخی و مستەفا نێروەیی و عەریف یاسین و کەکۆ مێرگەسۆری و حەسەن خاڵ هەمزە و شەریف عەبدوڵا و مەلا ئەمین وەك جێگر بۆ خۆی.

3- عیسا سوار بۆ ناوچەی زاخۆ و عەلی هالۆ وەك جێگر.

4- عەلی خەلیل، وەك فەرماندەی ناوچەی دهۆك و فارس کۆرەمارکی وەك جێگر.

5- حەسۆ میرخان دۆڵەمەری وەك فەرماندەی ناوچەی شێخان و غازی حاجی مەلۆ و هورمز مەلەك زەکۆ و عومەر ئاغا دۆڵەمەری و شوکر عەبدال شێخکی وەك جێگر[1].

دەکرێ بڵێین لە ساڵی ١٩٦٢ەوە تێبینی پێکهێنانی هێزێکی سەربازیی رێکخراو لە کوردستان کراوە و ئەم هێزە ناوی لێ نرا سوپای شۆڕشگێڕی کورد[2] و هەر یەکە لەو پێکهاتە سەربازیانە بۆ ئەو ناوچانە دەستنیشان کران کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتیان دابوون و تا ساڵی ١٩٦٤ مەسەلەکە بەم شێوەیە مایەوە و هەمان سیستمی سوپای عێراق بەسەر ئەم هێزانەدا پیادە کرا و دەست بە پێکهێنانی هێز و بەتالیۆن و لق و پەل کرا[3].

بەم جۆرە لە ئەیلوول ی ١٩٦١ هەتا رووخانی رژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣، کردەوە سەربازییەکان لە نێوان هێزەکانی حکوومەت و شۆڕشگێڕانی کورد درێژەیان کێشا و لەو ماوەیەدا شۆڕشگێڕان توانیان کۆنترۆڵی چەندین ناوچەی بەرفراوانی کوردستان بکەن، لە راستیدا ئەوان کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی باکوریان لە کوردستانی عێراق بەدەستەوە بوو، جگە لە هەردووك شاری موسل و کەرکوك[4]، حکوومەت هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە ناوچەکە نەمابوو، بۆیە دەبوایە کاروباری هاوڵاتیان لە ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن دەزگایەکی کارگێڕییەوە بەڕێوە ببرێن، ئەوەبوو سەرەتا بەرپرسیارێتیەکە بە ناوچە و لقەکانی پارتی سپێردرا و لە بەرامبەردا دەستە حزبییەکان لەپاڵ کاری راستەقینەی خۆیان، کاروباری کارگێڕیشیان رادەپەڕاند و بۆ ئەم مەبەستە و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوندەکان، لە هەر گوندێکی ئازادکراودا لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە شانەی حزبی گوند و موختار پێکهێنرا و ئەم لیژنانە پەیوەست بوون بە رێکخراوە حزبییەکانی ناحیە ئازادکراوەکان، قەزاکانیش پەیوەست بوون بەو

---

(١) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٤.

(٢) کۆنتەر دشنەر ، کورد ، نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی ، ئەو گەلەی رووبەڕووی خیانەتکاری و ستەم دەبێتەوە ، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە عەبدوسەلام مستەفا سەدیق ، (دهۆك ، ١٩٩٧) ، ل ٢٥٠.

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٤.

(٤) رۆژنامەی (ئینفۆرماسیۆن) ی پاریسی ، ١٨ ی ئابی ١٩٦٢ . وەرگیراوە لە ،رۆژنامەی دەنگی کوردستان (رۆژنامەی ناوچەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان) ، ژ (٤) ، تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٦٢ : رۆژنامەی ئەحەدی لوبنانی ، ژ (٦٢٣) ، ٣ ی ئاداری ١٩٦٣.

لقانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا هەبوون و لقەکانیش وەك پارێزگای ناوچەکان وابوون و کوردستان بۆ سەر سێ ناوچە دابەش کرابوو کە ئەمانە بوون: بادینان پارێزگای دهۆکی ئێستا و هەولێر و سلێمانی[٥].

ئەوەی گرنگە، تێکچوونی بارودۆخ لە عێراق بووە هۆی زیادبوونی کێشەکانی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، هەر ئەمەش بوو دۆخەکەی گەیاندە ئاستی رووداتی کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و کۆنترۆلکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و هاوپەیمانانی[١] و بەمەش قۆناغێکی دیکە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ دەستی پێکرد و شۆڕشی کوردیش پێی نایە نێو قۆناغێکی نوێ.

هاوپەیمانی بەعسی - ناسری وەك گێرانەوەیەك بۆ ناوی سەرۆك جەمال عەبدولناسر - ١٩١٨ - ١٩٧٠، لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ توانی دەسەڵات کۆنترۆل بکات و کۆتایی بە حوکمی عەبدولکەریم قاسم بێنێ، دوای سەرکەوتنی کودەتاکەش، دەسەڵاتی راستەقینەی وڵات کەوتە دەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش کە هەر خۆشی بوو بە سەرچاوەیەك بۆ دەسەڵاتەکان و دەرکردنی یاساکان و دامەزراندن و لەسەرکارلادانی وەزیران، بەعسییەکانیش زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکەیان پێك دەهێنا[٢] .

حکوومەتی نوێ لە ٩ ی شوباتی ١٩٦٣ پێکهێنرا، واتە لە هەمان رۆژی کوژرانی عەبدولکەریم قاسم لە بالەخانەی رادیۆی عێراق و پلەی سەربازیی عەقید عەبدولسەلام محەمەد عارف ١٩٢١ - ١٩٦٦ بۆ مشیر بەرز کرایەوە و لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەك یەکەم سەرۆککۆماری عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان هەڵبژێردرا[٣] .

---

(٥) دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ . عەلی قاسم سنجاری لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری شنگال لەدایك بووە ، تا قۆناغی ناوەندی لە موسڵ خوێندووە ، پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە و ئەندامێکی چالاك بووە ، لە ساڵانی ١٩٦٤ ، ١٩٦٧ ، ١٩٧٠ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە ، ساڵی ١٩٦٤ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی بووە . دوای نسکۆی ١٩٧٥ پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراندووە . دواتر گەڕاوەتەوە نێو ریزەکانی پارتی . تا کاتی کۆچی دوایی لە ٦ ی ئەیلولی ٢٠٢٠ ، راوێژکاری مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی بووە بۆ کاروباری عەرەبی .

(١) بۆ وردەکاریی ، بڕوانە ، سالح حوسێن جبوری ، شۆڕشی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ لە عیراق و کۆتایی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم ، (بەغدا ، ١٩٩٠) ، ل ٦٨ و دواتر.

(٢) عەبدولوەهاب حەمید رەشید ، عیراقی هاوچەرخ ، (دیمەشق ، ٢٠٠٢) ، ل ١٥٤ . شایەنی باسە ئەم کودەتایە لە ئەدەبیاتی حزبی بەعس بە (شۆڕشی ١٤ ی رەمەزان) ناو دەبرێ ، بەو پێیەی ئەم رووداوانە لە مانگی رەمەزان رووياندا‌وە ، هەروەها بە (بوکی شۆڕشەکان) یش ناو دەبرێ ، بڕوانە ، هادی حەسەن علیوی ، هەوڵەکانی لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم ، (بەغدا ، ١٩٩٠) ، ل ٦٥ : خەلیل ئیبراهیم حوسێن ،رووخانی عەبدولکەریم قاسم ، (بەغدا ، ١٩٨٩) ، ل ٣٣١.

(٣) بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە ، رۆژنامەی حوریە ، ژ (١٦٩٢) ، ١٩ ی شوباتی ١٩٦٣ : عەلی جاسم عوبەیدی ، سەرۆکی دەوڵەت لە عیراق ٢٣ ی ئابی ١٩٢١ - ١٦ ی تەموزی ١٩٦٨ ، دکتۆرانامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلێژی یاسا و سیاسەت / زانکۆی بەغدا ، (بەغدا ، ١٩٨٣) ، ل ٢٧٤ و دواتر.

سەرەتا کورد خۆشحاڵ بوون بە کودەتاکەی ٨ ی شوبات، چونکە پێیان وابوو لەوانەیە ببێتە مایەی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک و کۆتاییهێنان بەم ڕەوشە ناهەمووارانەی بەدەستیانەوە نااڵندوویانە، بەڵکو ئەمە سەرەتای قۆناغێکی نوێی هێمنی و سەقامگیری بێ لە وڵات و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە بێ بۆ دۆزی کورد، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە پێشبینییەکانیان لە جێی خۆیان نەبوون[٤]، چونکە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی کودەتاچیەکان لە بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکەیاندا ئاشکرا نەبوو، ئەگەرچیش بەر لە ڕووداوی کودەتاکە پەیوەندیەک لە نێوان سەرکردەکانی کودەتاکە و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەبوو، بەڵام سەبارەت بە کاتی ئەنجامدانی کودەتاکە هیچ شتێک بە سەرکردایەتی کورد ڕانەگەیەنرابوو[١]، ئەمەش بەهۆی نەبوونی متمانە بوو[٢]. جگە لەوە، بەیاننامەی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق هیچ ئاماژەیەکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی تێدا نەبوو، وەک چۆن پێشتر لەسەری ڕێک کەوتبوون، بەڵکو لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە حکوومەتی شۆڕش کار لەسەر هێنانەدی یەکێتی نیشتمانی و تووندوتۆڵکردنی برایەتی عەرەب و کورد و ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان و بەشداربوونیان لە ژیانی نیشتمانیدا دەکات[٢].

هەر چۆنێک بێ، حکوومەتی کودەتا لە ١٦ ی شوباتدا پرۆگرامی خۆی ڕاگەیاند و پەیمانی دا کە دۆزی کورد لە ڕێگەی ئاشتیانە و بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد چارەسەر بکات[٤]. بە گوێرەی بانگهێشتنامەیەکی حکوومەت و سەرکردایەتی حزبی بەعسیش، ڕۆژی ١٨ ی شوبات شاندێکی

(٤) موحسین دزەیی ، ئەو ڕووداوانەی لەگەڵیان ژیاوم ١٩٦١ - ١٩٧٥ ، (هەولێر ، ٢٠٠٢) ، بەشی ٢ ، ل ٢٢.

(١) دانا ئادەمز شمیدت ، گەشتێک بۆ لای پیاوە ئازاکان لە کوردستان ، وەرگێڕانی ، جەرجیس فەتحوڵا ، چ ٢ ، (هەولێر، ١٩٩٩)، ل ٣٥٩ : ئیبراهیم جەلال ، خواروو‌ی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول ، بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ - ١٩٧٥، چ٣، (سلێمانی ، ١٩٩٩) ، ل ٩٣.

(٢) دیمانەیەک لەگەڵ د. مەحمود عوسمان لە ١٦ ی ئایاری ٢٠٠٥ لە هەولێر . لە شاری سلێمانی لەدایک بووە ، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدایە ، ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە ، یەکەم پزیشک بووە لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە بکات ، لە چەند کۆنگرەیەکی پارتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە و سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە لە کوردستان ، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرۆکایەتی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی شۆڕشی کوردی کردووە ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان ، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ وەک ئەندامی ئەنجومەنی دەسەڵات هەڵبژێردراوە ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بووە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، محەمەد عەلی سوەیرەکی، فەرهەنگی کەسایەتیەکانی کورد لە مێژووی ئیسلامی و قۆناغی نوێ لە کوردستان و دەرەوە، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل ٧٠٢.

(٣) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە ، ڕۆژنامەی لواو العروبە ، ژ (١) ، ٣ ی ئاداری ١٩٦٣ : مەحمود دوڕە : کێشەی کورد ، چ٢، (بەیروت، ١٩٦٦) ، ل ل ٣٠٥ - ٣٠٦ .

(٤) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٩.

کوردی به سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی[٥] - سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق - و ئەندامێتی هەر یەکە لە سالح یوسفی و لوقمان مەلا مستەفا بارزانی بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆی فەرمی گەیشتە بەغدا[٦]. لە راستیدا حکوومەت رشت نەبوو لە دانوستان و هیچ دەستپێشخەریەکی نەکرد سەبارەت بە هێنانەدی داواکاری شۆڕشی کورد لە ئۆتۆنۆمی، بەڵکو سەرکردایەتی عێراق هەموو تواناکانی خستە گەڕ لەپێناوی سەرخستنی گفتوگۆی یەکگرتنی سێ قۆڵی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر و سوریا و حکوومەت بایەخێکی ئەوتۆی بە ناڕەزاییە بەردەوامەکانی کورد نەدا و بەردەوام بوو لە گرتنەبەری شێوازی هێورکردنەوە، وەك هەنگاوێکیش بەم ئاراستەیەدا، داوای لە سەرکردەکانی پارتی کرد بە شێوەیەکی فەرمی داواکاریەکانیان بخەنە روو[١].

نەبوونی جدیەت و خاوەخاوکردنی حکوومەت لە دانوستان دەربارەی هێنانەدی داواکاریەکانی کورد پاڵی بە سەرکردایەتی پارتی - لە سەرووییەوە بارزانی - یەوە نا کە بیر لە گرنگی سازکردنی کۆنگرەیەکی میللی بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان لە رووداو و پێشهاتەکان ئاگادار بکرێنەوە و لە دانوستانەکانی کۆتاییدا بەشداریان پێ بکرێ. لەو کۆنگرەیەدا کە لەسەر داوای سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و پارتی، لە ماوەی نێوان ١٨ - ٢٢ ی ئادار لە شاری کۆیە ساز کرا، زیاتر لە ٥٠٠ کەسایەتی لە سەرتاسەری کوردستان بە جیاوازی ئینتیمای چینایەتی و نەتەوەیی و بیروبۆچوونی سیاسیان ئامادە بوون[٢]. تەحسین سەعید بەگ[٣] ی میری کوردانی یەزیدی و ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی مەسیحی[٤] بەشداری کۆنگرە بوون. هەر لە کۆنگرەکەدا شاندێك بە نوێنەرایەتی عەرەب و

---

(٥) جەعفەر عەباس حمێدی و کەسانی تر ، مێژووی وەزارەتەکانی عیراق لە سەردەمی کۆماریدا ١٩٥٨ - ١٩٦٨ (٨ ی شوبات - ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣) ، (بەغدا ، ٢٠٠٢) ، چ ٦ ، ل ١٣٠.

(٦) شلۆمۆ نکدیمۆن ، مۆساد لە عیراق و وڵاتانی دراوسێ ، وەرگێڕانی لە عیبریەوە ، بەدر عەقیلی ، چ ٢ ، (بەیروت ، ١٩٩٨) ، ل ٨١.

(١) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٣.

(٢) فەرهاد عەونی ، " خۆشحاڵی رۆژەکانی کۆیە بەرامبەر سەردانی بارزانی بۆ شارەکەیان " ، گۆڤاری گوڵانی عەرەبی ، ژ (١٨) ، (هەولێر ، ٢٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧) ، ل ٤٥. ژمارەیەك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ٢٠٠٠ کەسایەتی لە کۆنگرەکەدا بەشداریان کردووە ، لە نێویاندا ١٦٨ کەس لە نوێنەری لقەکان بوون ، بڕوانە ، مەجید خەدوری ، عیراقی کۆماری ، (ژ ١٣٧٦ ش) ، ل ٣٥٩ : خەلیل جندی ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە کوردستانی باشوور ١٩٣٩ - ١٩٦٨ " بۆچوون و چارەسەر" ، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤) ، ل ١٤٠ . بەڵام لە راستیدا ئەو هۆڵەی بۆ کۆنگرە تەرخان کرابوو ، شوێنی ئەو ژمارەیەی بەشداربوانی نەبوو ، راستە زیاتر لە ٢٠٠٠ لە کۆیە ئامادە بوون بەڵام هەموویان بەشداری کۆنگرەیان نەکرد ، بڕوانە ، فەرهاد عەونی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٥.

(٣) تەحسین بەگ سەعید بەگ لە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی باعەدرێ لە قەزای شێخان لەدایك بووە، میری یەزیدیەکانی کوردستان و جیهان بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، جەمال بابان، کەسایەتیەکانی کوردی عیراق، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل١٨٣.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ خورشید سەلیم شێرە لە ١٣ ی تەموزی ٢٠٠٥ لە هەولێر . ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لەدایك بووە ، چۆتە ئامادەیی سەربازیی لە بەغدا و بۆتە جێگری ئەفسەر ، دواتر رووی کردۆتە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٥٩ بە پلەی ملازم دەرچووە . ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە . ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە

تورکمانه کوردستانییەکان ئامادە بوو، لە نێویاندا: ئیبراهیم بەگ نەفتچی و مەجید حەسەن سەیدەلی و حەسەن ئاوچی و فازل سالح محامی و مەزهەر تکریتی[٥].کۆبوونەوەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوە دەچوون و هەر کەسێك ئازاد بوو لە خستنەرووی بۆچوونەکانی[٦] .

بێگومان سازکردنی کۆنگرەیەکی لەم جۆرە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ شۆڕشی کورد، چونکە یەکەم جار بوو لە سایەی شۆڕشدا کۆنگرەیەکی وا گەورە ساز بکرێ و نوێنەرانی زۆربەی ڕۆڵەکانی کوردستان - عێراق بگرێتە خۆی، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندیان لەگەڵ یەك لاواز بوو. لە ماوەی گرێدانی کۆنگرەدا بارزانی سوور بوو لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان سەرۆك هۆزەکان و کادرانی حزب هەبوو، بۆیە دەرفەتی لێك نزیککەوتنەوەی ناوخۆیی قۆزتەوە لە پێناوی سەرخستنی بڕیارێك کە تیایدا هاتووە، ئەرکی سەر شانی ئەو هۆزە کوردیانەی کە هاوکاری حکوومەت دەکەن، ئەوەیە هاوکاری سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەن، یان لانی کەم چیتر یارمەتیدەری حکوومەت نەبن، ئەمەش لە پێناوی ڕێکخستنی ریزەکان و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد، بەمەش دەکرێ بوترێ: یەکدەنگیەکی نیشتمانی لەدایك بوو[١] .هەر ئەو کاتە زۆر لە کێشەکانی نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەر و سوکتر بوون، چونکە پێشتر بارزانی بەرامبەر بە هەندێك لە هەڵسوکەوتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد[٢] ی سکرتێری مەکتەبی سیاسی دڵگران بوو.

بەشداربوانی کۆنگرەی کۆیە پرۆژەیەکیان سەبارەت بە داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد ئامادە کرد و لە مادەی دووەمیدا هاتبوو:

" دەستووری عێراق چەند دەقێك سەبارەت بە دەزگایەکی باڵای یاسادانان بۆ کۆمار و سەرۆککۆمار دەگرێتە خۆی، لە خودی دەستووریشدا باس لە ڕێکخستنی دەزگای نەتەوەیی تایبەت بە شادبوونی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی کراوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە ناوچەی کوردستان".

لە مادەی چوارەمیشدا هاتووە:

کردووە ، لە ناو شۆڕشدا چەندین بەرپرسیارێتی سەربازی خراوەتەوە ئەستۆ ، لەوانە ئامیر هێزی ئازادی ، هەروەها کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی حزبی پێ سپێردراوە ، لەوانە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٩ و بەرپرسی لقەکانی (٢، ٤) ی حزب ، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بۆتە پارێزگاری هەولێر ، ئینجا بریکاری وەزیری کشتوکاڵ و دواتر ئەوقاف ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی عیراقیش بووە.

(٥) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٢٣١ .

(٦) عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری ، یاداشتەکانم ، بەرگی (٣) ، (دەستنووسە و بڵاو نەکراوەتەوە) ، ل ١٥.

(١) شلۆمۆ نکدیمۆن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٨٥ - ٨٦ .

(٢) عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥ .

1. گەلی کورد بۆی هەیە لە رێگەی ئەنجوومەنێکی تەنفیزی دەستنیشانکراو لەلایەن ئەنجوومەنێکی یاسادانانەوە مافەکانی خۆی پیادە بکات کە لە رێگەی دەنگدانی نهێنی ئازاد و راستەوخۆ لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە هەڵبژێردرابێ.
2. ئەو دەزگا نەتەوەییەی کە لە مادەی دووەمدا بڕیاری لە بارەوە دراوە تایبەت دەبێ بە کاروباری: دادوەریی، ناوخۆ، پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، کشتوکاڵ، تووتن، شارەوانییەکان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکردنەوە و گەشتوگوزار و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە بەرزکردنەوەی ئاستی مادی و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری و سەرجەم ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی پسپۆڕیی حکوومەتی ناوەندیدا ناویان نەهاتووە.
3. ئەنجوومەنی یاسادانان: هەموو ئەو یاسایانە دادەڕێژێن کە پەیوەندیان بە پیادەکردنی ئەو چاکسازیانەوە هەیە کە لە بڕگەی دووەمدا هاتوون و سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزیش لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە هەڵدەبژێردرێ و مافی ئەوەشی هەیە متمانە لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی تەنفیزی وەربگرێتەوە.
4. ئەنجوومەنی تەنفیزی لە سنووری ئەو دەزگا نەتەوەییەدا کە لە بڕگەی سێی سەرەوە باسی کراوە، دەسەڵاتی تەنفیزی جێبەجێ دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو یاسایانە پیادە دەکات کە لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە دەردەکرێن، هاوکات ئەو یاسا و رێسا گشتیانەش کە حکوومەتی ناوەندی بە گوێرەی پەیوەندی لەگەڵ کوردستان دەریان دەکات. هەروەها مافی دامەزراندنی کارمەندانی دەزگا کارگێڕییەکان و فەرمانگەکانی تری ناوچەکەی هەیە و لە هەموو کارەکانیدا بەرامبەر ئەنجوومەنی یاسادانان بەرپرسیار دەبێ.

لە مادەی پێنجدا دارایی دەزگای نەتەوەیی ناوچەی کوردستان دیار کراوە و پێکدێت لە:

1. داهاتە ناوخۆییەکان و ئەو باجانەی کەلە ناوخۆی کوردستان وەردەگیرێن.
2. پشکی کوردستان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراق:

داهاتەکانی نەوت و گومرگ و فرۆکەخانە و بەندەر و بانکە حکومیەکان و هێڵەکانی شەمەندەفەر و پۆستە و تەلەفۆن، بەو مەرجەی خەرجیەکانی سەرۆکایەتی و بەرگری و دەرەوە و دەرکردنی پارە و بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی نەوت و پۆستە و تەلەفۆن و بەرێوەبردنی ناوچە گەشتیاریەکان بە گوێرەی رێژەی دانیشتوانیان بەرامبەر رێژەی دانیشتوانی عێراق و خەرجیەکانی هێڵی شەمەندەفەر و رێگا گشتیەکان بەپێی درێژییان لە کوردستانەوە هەتا ناوچەکانی دیکەی عێراق، ببڕدرێت.

3. پشکی کوردستان لە یارمەتی و قەرز و ئەو کۆمەکە دەرەکیانەی بە حکوومەت دەگەن، بە هەمان رێژەی پێشوو.
4. قەرزە ناوخۆییەکان و ئەو کۆمەکە نا سەربازیانەی بە کوردستان دەبڕێن.

٥. داهاتەکانی تووتن و گەشتوگوزار و دارستانەکان.

٦. کوردستان دەبێتە خاوەنی ئەو دامودەزگا و پرۆژە و بەرژەوەندیانەی سوودی گشتیان لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بەرامبەر ڕێژەی دانیشتوانی عێراق دەبێ.

لە مادەی هەشتەمیشدا هاتووە: دەستووری دەزگای نەتەوەیی ناوچەی کوردستان مافە کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئازادیە دیموکراسیە ئاینییەکانی هاوڵاتیانی کەمینەکانی وەک تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەن و تایەفە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر دەگرێتە خۆی، لەگەڵ زامنکردنی یەکسانی تەواو لە ماف ئەرکەکان لەگەڵ ڕۆڵەکانی هەردووک نەتەوەی عەرەب و کورد و مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتیکردنیان لە هەردووک ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن و دامودەزگا جۆراوجۆرەکان بە ڕێژەی دادوەرانە[١].

لێرەوە دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە هێڵە پانەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دیار کرد.

ئەرکی ئامادەبوانی کۆنگرە بریتی بوو لە پێکهێنانی لیژنەیەکی بەرفراوانی دانوستانکار کە لە خستنەڕووی پرۆگرامی داهاتووی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتدا دەسەڵاتەکانی لە کۆنگرەی فرەلایەن وەردەگرێ. هەر لە کۆنگرەدا شاندێکی دانوستانکاری کوردی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی هەریەکە لە: سالح یوسفی و مەسعود محەمەد و شێخ حوسێن خانەقا و سەمەد محەمەد و حەبیب محەمەد کەریم و عەگید سدیق ئامێدی و شاخەوان نامق و بابەکر ڕەسول پشدەری و مستەفا عەزیز و عەبدولحوسێن فەیلی دەستنیشان کرا[٢].

لە ڕاستیدا، حکوومەتی بەعس خوازیار نەبوو درک بە گرنگی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسی بۆ دۆزی کورد بکات و ئەو پرۆژە حکومیانەش کە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکە خرانە ڕوو، هیچ جۆرە دەستپێشخەریەکی ئەوتۆیان تیادا بەدی نەکرا کە ببنە مایەی بەخشینی مافە نەتەوەییەکان بە کورد کە لە پێناویاندا خەباتی دوورودرێژی کرد[٣].

دوای شکستهێنانی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەک بۆ دۆزی کورد، لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣، حکوومەت پرۆژەیەکی سەبارەت بە سیستمی لامەرکەزی کارگێڕی لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام هیچ شتێکی

---

(١) بڕوانە دەقی پرۆژەکە لە ، مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٤٨٣ - ٤٨٨ : ئەمین سامی غەمراوی ، چیرۆکی کورد لە باکوری عیراق ، (قاهیرە ، ١٩٦٧) ل ل ٢٨٩ - ٢٩١.

(٢) حەبیب محەمەد کەریم ، چەند لاپەڕەیەک لە خەباتی گەلی کورد ، مێژووی کۆنگرەکانی حزب ٤ - ٥ - ٦ - ٧ ، (شوێنی چاپی دیار نیە، ١٩٩١) ، ل ١٦.

(٣) شێرزاد زەکەریا محەمەد ، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراق ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ - ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ ، (دهۆك ، ٢٠٠٦) ، ل ١١٣.

دەربارەی ئەو ئۆتۆنۆمیە تێدا نەبوو کە کورد داوایان دەکرد، بۆیە بە گوێرەی ئەم پرۆژەیە دەسەڵاتی راستەقینە لە دەستی حکوومەتی ناوەندیدا مایەوە، یاساکە - لە راستیدا - تەنیا هەموارکردنەوەیەکی کارگێڕی بوو و بە هۆیەوە داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد رەت کرایەوە[٤]. کاتێکیش سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئەم پرۆژەیەی رەت کردەوە، حکوومەتی عێراق لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە پێی پلانێك و بە بەشداری ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و بە پشتگیری ژمارەیەك لە وڵاتانی رۆژئاوا، هێرشی دەست پێکرد و پلانەکە بە کردەوەی دیجلە ناونرا. حکوومەتی عێراق تەنیا بە ئامادەکردنی سوپا بۆ شەڕکردن لە دژی شۆڕشی کورد نەوەستا، بەڵکو بە مەبەستی پشتگیریکردن لە دژی شۆڕشگێڕانی کورد، پەیوەندی بە تورکیا و ئێران و سووریاوە کرد[١]. تا کاتی رووخانی رژێمی حزبی بەعس لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣[٢] ، ئەم هێرشەی حکوومەت بۆ سەر کوردستان درێژەی کێشا.

سەرەڕای بارودۆخی ناهەمواری شەڕ کە کوردستان لە ماوەی نێوان ١٠ ی حوزەیران - ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەخۆیەوە بینی، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بوارەکانی راگەیاندنی پشتگوێ نەخست، ئەوەبوو لەگەڵ بارودۆخی خەباتی چەکداری و شەڕە تونەکاندا، توانی لە ٢٠ ی ئابی ١٩٦٣ یەکەم رادیۆ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ناوی (دەنگی کوردستان)[٣]دابمەزرێنێ. رادیۆکە دوو بەش بوو: بەشی کوردی کە بە دەنگی کوردستان ناو دەبرا، هەروەها بەشی عەرەبی کە بە دەنگی برایەتی کورد و عەرەب ناو دەبرا[٤]. ئەمەش بەڵگەیەك بوو بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد درکی بە گرنگی رادیۆ کردبوو، وەك باشترین رێگە بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەری کورد، بە تایبەتی لە کۆمەڵگایەکدا کە رێژەیەکی زۆری

---

(٤) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٦٢ - ١٦٣ ، بڕوانە دەقی پرۆژەکە لە ، رۆژنامەی شەعب ، ژ (٤٧) ، ١١ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ : مەحمود دوڕە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٢٥ - ٣٣٤ : عەبدولسەتار تاهیر شەریف ، مێژووی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ، چ ٢ ، (بەغدا ، ١٩٧٨) ، ل ل ٢٢٣ - ٢٣٣.

(١) هانی فەکیکی ، لانەکانی شکست ، ئەزموونم لەناو حزبی بەعسی عیراق ، چ ٢ ، (قوم ، ١٩٩٢) ، ل ٢٩٨ : عەلی کەریم سەعید ، عیراق ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ، لە گفتوگۆی چەمکەکانەوە بۆ گفتوگۆی خوێن - لە بیرەوەریەکانی تالیب شەبیب ، (بەیروت ، ١٩٩٩) ، ل ل ٢٤٨ - ٢٤٩ .

(٢) بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە ، شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٠ و دواتر.

(٢) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٠) ، ئەیلولی ١٩٦٣ . وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، خەبات ،ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان (نیسانی ١٩٦٢ - کانوونی دووەمی ١٩٦٤) ، (سلێمانی ، ٢٠٠٨) ، ل ٧٩ : عەبدوڵا زەنگەنە " لە پەراوێزی (دەنگی کوردستان) ەوە " ، گۆڤاری رۆژنامەوانی ، ژ (١١ - ١٢) ، (هەولێر ، ٢٠٠٣) ، ل ل ١٩١ - ١٩٢ . هەندێکیش پێیان وایە ، بەر لە رووداوەکانی رۆژی ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ رادیۆیەکی ناوخۆیی بچووکی تایبەت بە شۆڕشی کورد لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە و بارەگاکەی لە مالّی کەمال حەمە فەرەج ئەفەندی بووە کە خەڵکی سلێمانی بووە و ناوبراو یەکەم بێژەر بووە تیایدا ، دوای ماوەیەکی کورت و پاش ئەوەی دەسەڵاتداران پێیان زانیوە ، لەلایەن کارمەندانەوە داخراوە . بڕوانە، رێبوار فەرەج مەحمود ،"بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بە سەر کارەساتی مەنعی تەجەولەوە"، گۆڤاری سلێمانی، ژ (٣٥)، (سلێمانی، حوزەیرانی ٢٠٠٣)، ل ١٨.

(٤) رۆژنامەی خەبات ،ژ (٤٧٠) ، ئەیلولی ١٩٦٣ . وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٠.

رۆڵەکانی بە دەستی دواکەوتوویی و نەخوێندەواریەوە دەیاننالاند[٥]، هەروەها بۆ ئەوەی ببێ بە دەربڕێکی راستگۆیانە بۆ ئێش و ئازار و هیوا و ئامانجەکانی گەلی کورد و بەشدار بێ لە دەرخستنی رووی راستەقینەی شۆڕشی کورد و رەتکردنەوەی بانگەشە ناڕەواکانی حکوومەتی عێراق[٦].

رادیۆی دەنگی کوردستان پرۆگرامەکانی خۆی بە وتەیەکی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد دەست پێکرد کە لەلایەن دکتۆر سەید عەزیز شەمزینییەوە[٧] خوێندرایەوە و تیایدا رووی کردە گەلی کورد و وتی: "... داواتان لێ دەکەم لە هەموو کاتێك زیاتر یەکێتی نیشتمانیتان بپارێزن، چونکە یەکێتی نیشتمانی پێگەی بەهێز و بناغەی پتەوی هەر سەرکەوتنێکە کە وەدەستی بێنن، بۆیە ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەوەیە بەشداربن لە شەڕی ژیان یان مردن کە گەلی کوردمان ئەنجامی دەدات...."، هەروەها وتی: "....خەباتی هاوبەشی نێوان هەردووك نەتەوەی عەرەب و کورد بەرد بناغەی پاراستنی سەربەخۆیی عێراق و بونیادنانی سیستمێکی دیموکراسی دروست و هێنانەدی ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستان..." [١].

لە پێناوی ڕێکخستن و باشترکردنی بارودۆخە کارگێڕییەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بڕیاری پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕشی دا، بەو پێیەی شۆڕش پێویستی زۆری بەم دادگایە هەبوو، بۆیە دەبێ هاوشێوەی دادگاکانی دیکەی دەوڵەتی عێراق بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ چاو بەو کێشانەدا بخشێنێ کە پەیوەندیان بە دادگاکانەوە هەیە، دادگای باڵای شۆڕش لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا پشتی بە یاسا و سیستمە کارپێکراوەکان و بنەما یاساییەکانی دادگاکان دەبەست، لە نێویاندا یاسای سزادانی بەغدادی. ئەم هەنگاوەش دوای فراوانبوونی ئەرکە مەدەنی و ڕێکخراوەکانی شۆڕش هات، بە تایبەتی پاش فراوانبوونی ڕووبەری جوگرافی و ئەرکە سەربازییەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٦٣.دادگا شاروچکەی ماوەتی کرد بە بارەگای خۆی و لە ١٢ ی تەموزی ١٩٦٣ دەستی بە کارەکانی کرد، ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی شۆڕشی کورد کە دادگای باڵای شۆڕش پێك بهێنرێ، پێکهاتەی دادگاکەش بریتی بوو لە کۆمەڵێك یاساناسی ناسراو و شارەزا لە

---

(٥) باوەکر عوبێد سالح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کوردستانی خواروودا ١٩٦١- ١٩٧٥، ماستەرنامە ، بڵاونەکراوەتەوە، کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل٧٠؛ وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عیراق، (هەولێر، ٢٠٠٢)، ل ١٥.

(٦) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٠) ، ئەیلولی ١٩٦٣ ، وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٠.

(٧) نەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهریە کە لە ساڵی ١٨٨٠ دا سەرکردایەتی گەورەترین شۆڕشی کوردی کرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران . عەزیز شەمزینی هاتە عیراق و بوو بە ئەفسەر لە سوپا ، بە نهێنی پەیوەندی بە پارتی هیواوە کرد و لە ریزەکانیدا کاری کرد ، ساڵی ١٩٤٣ بەشداری لە ڕاپەڕینی دووەمی بارزان ١٩٤٣ - ١٩٤٥ کرد و دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ هەڤاڵانی پەیوەندی بە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرد و خوێندنی لە یەکێتی سۆڤیەت تەواو کرد و بوو بە یەکەم کەسی کورد کە بیێتە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای ئەکادیمی دەربارەی دۆزی کورد . بڕوانە ،عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان، چ ٣، وەرگێڕان، فەرید ئەسەسەرد، (سلێمانی، ١٩٩٨)، ل ل ٣ - ٤.

(١) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٠) ، ئەیلولی ١٩٦٣ ، وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٦.

بواری دادوەری و لێکۆڵینەوە، لە نێویاندا سەرۆکی دادگا، دادوەر عومەر حەبیب عەبدوڵا[٢] و ئەندامی دووەمی دادگا، دادوەر رۆبیتان ئەمین عەلی جاف[٣] و لێکۆڵەر کەمال ئەحمەد برقی[٤] و کەسانی دیکە[٥].

شایەنی باسە، بەهۆی نەبوونی دامودەزگای دادوەریی لە شۆڕش و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی دانیشتوان، لە چەند ناوچەیەکدا لیژنەی تایبەت پێکهێنرابوون، لە ناوچەی بادینان لیژنەیەك هەبوو بە سەرۆکایەتی مەلا ئەنوەر مایی[١] کە لە هەندێك کادری حزب و پیاوانی ئایینی و پیاوماقوڵان پێکهاتبوو، لیژنەکە سەردانی ئەو ناوچانەی دەکرد کە کێشەیان تێدا هەبوو و هەوڵی چارەسەرکردن و رازیکردنی هەموو لایەنەکانی دەدا، بۆ ئەوەی کێشەکان فراوانتر نەبن و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ترسناکیان لێ نەکەوێتەوە و کاریگەری نێگەتیڤیشیان بۆ سەر ریزەکانی جەماوەر نەبێ[٢].

هەروەها بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی بارودۆخە کارگێڕی و ئابووری و زانستی و تەندروستیەکان و کاری شارەوانییەکان و گومرگ و باری شارستانی و هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندیان بە کارگێڕی گشتیەوە هەیە، پێویست بوو دەزگایەکی تایبەت بە پۆلیس و ئاسایش لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق دابمەزرێنرێ. ئەوەبوو ڕۆژی ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣، مەکتەبی سیاسی بڕیاری ژمارە ١٤٥٣ ی

---

(٢) ساڵی ١٩٢٥ لە شاری کۆیە لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە ، لە سەرەتای دروستبوونیەوە ، پەیوەندی بە ریزەکانی پارتیەوە کردووە ، ساڵی ١٩٥٧ بۆتە دادوەر لە دادگای قەزای کۆیە ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە . ڕۆژی ٩ ی نیسانی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، فەرهاد عەونی ، " چیرۆکی پێکهێنانی یەکەم دادگای یاسایی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ، ساڵی ١٩٦٣ " ، گۆڤاری گوڵانی عەرەبی ، ژ (١٤) ، (هەولێر ، ٢٥ ی تەموزی ١٩٩٧) ، ل ٦٤.

(٣) ساڵی ١٩٢٧ لە شاری کفری لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٥١ کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە ،لە چەندین شاری جیاجیادا وەك دادوەر کاری کردووە ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە. بڕوانە ، هەمان سەرچاوە.

(٤) ساڵی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی تەواو کردووە ، پەیوەندی بە کۆلێژی پۆلیسەوە کردووە لە بەغدا و بە پلەی ملازمی دوو لێی دەرچووە ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە . ڕۆژی ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥.

(٥) بۆ زانینی وردەکاری زیاتر دەربارەی دادگای شۆڕش ، بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ل ٦١ - ٦٥ .

(١) ئەنوەر محەمەد تاهیر عەبدولڕەحمان ساڵی ١٩١٣ لە گوندی مایی سەر بە ناحیەی بەرواری بااڵ لە خانەوادەیەکی ئایینی لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٣٦ خوێندنی ئایینی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٣٩ وەك مامۆستا دامەزراوە ، ساڵی ١٩٤٦ بەهۆی بەشداریکردن لە شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٥ دەستگیر کراوە . دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ چالاکیە سیاسی و حزبایەتیەکانی زیاد بوون ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و لە ٢٢ی حزەیرانی ١٩٦٣ شەهید بووە . بۆ زانینی زانیاری زیاتر دەربارەی چالاکیە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانی ، بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، ڕۆژنامەی ڕاستی- یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی - کوردی لە شاری موسل ، لێکۆڵینەوە و دۆکیومێنتکردن ، (دهۆك ، ١٩٩٨) ، ل ٣٤ و دواتر.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧ لە دهۆك ، ساڵی ١٩٦٠ پەیمانگای کشتوکاڵی لە بەغدا تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە ، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی و دواتر بەرپرسی لیژنە ، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە ، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ بۆتە بەرپرسی لقی یەکی پارتی ، بەرپرسی سەرمایەگوزاریەکانی دەزگای شەهیدان بووە لە دهۆك ، لە ١٢ ی شوباتی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کردووە .

دەرکرد کە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەیەك لەژێر ناوی لیژنەی رێکخستن و کارگێڕی گشتی . لیژنەکە راستەوخۆ سەر بە مەکتەبی سیاسی بوو و خاوەنی دەسەڵاتی تەواو بوو. مەکتەبی سیاسی داوای لە سەرجەم کەرتەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و رێکخراوەکانی پارتی کرد کە بە هەموو توانایەکیانەوە یارمەتی ئەم لیژنانە بدەن و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا پشتیوانیان لێ بکەن. بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەش کە پێشتر ئاماژەیان پێ کراوە، بڕیاری رێکخستنی هەڵبژاردنێك درا بۆ دەستنیشانکردنی لیژنەکانی ناحیە و قەزاکان، بەم جۆرە دانیشتوانی کوردستان بەشدار دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕییەکانی پەیوەست بە خۆیان و سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنیش شارەزایی پەیدا دەکەن[٢].

هەر بە مەبەستی راپەڕاندنی ئەرکەکانی سەر شانی، لیژنەی رێکخستن و کارگێڕی گشتی ژمارەیەك رێنمایی راگەیاند، لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی لیژنەکانی رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە گوند و ناحیە و قەزاکان دەرکرا. لە بەیاننامەی لیژنەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە گرتنەبەری ئەم هەنگاوەدا پشت بە بڕیاری ژمارە ١٤٥٣ ی ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ ی مەکتەبی سیاسی پارتی بەستراوە[١]. لیژنە لە بەیاننامەیەکی دیکەدا کە لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دەریکرد، ئەرکی لیژنەکانی بەڕێوەبردنی گوندەکانی دیار کرد و رایگەیاند کە لیژنەی کارگێڕیی گوند هەموو کارە کارگێڕی و ئابووری و تەندروستی و فێرکارییەکان رادەپەڕێنێ[٢] .هەروەها لە ٢٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لیژنە بەیاننامەیەکی ئاراستەی هەموو لقەکانی پارتی کرد و تیایدا داوای ئامادەکردنی لیستی تایبەتی ناوی هەموو ئەو کارمەند و مامۆستا و فێرخوازانەی کرد کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەژین[٣].

هاوکات بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی شۆڕشی کورد بە کادری سەربازی و ئەکادیمی و دەرچواندنی ئەفسەران بۆ ئەوەی سەرپەرشتی پێشمەرگە بکەن، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری دامەزراندنی ئەکادیمیای سەربازیی شۆڕشی دا، ئەمەش هەنگاوێك بوو بە ئاراستەی گۆڕینی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ سوپایەکی رێکخراو کە بتوانێ پارێزگاریی لە ئۆتۆنۆمی کوردستان بکات[٤]. بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا قوتابیانی ئەکادیمیاکە فێری هەموو زانستە

(٣) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژ(٤)، کانونی یەکەمی ١٩٦٣.
(١) بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١) .
(٢) لە پاشکۆی ژمارە (٢) بڕوانە وردەکاری ئەرکەکان .
(٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣) .
(٤) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژ (٤)، کانونی یەکەمی ١٩٦٣.

سەربازی و سیاسییەکان بکرێن، بۆ ئەوەی دواتر بتوانن وەك پێویست ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی سەر شانیان راپەڕێنن[٥] .

سەبارەت بە گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە وایانکرد شۆڕشی کورد ئەکادیمیایەکی لەم جۆرە داهەزرێنێ، بەڕێوەبەری ئەکادیمیا دەڵێ: "پێشکەوتنی شۆڕشی کورد لە رووی سەربازی و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی رێکخستن و مەشق و چەکدارکردن، هەروەها پەیوەندیکردنی سەدان کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەمان بە ریزی هێزەکانی پێشمەرگە و درککردنی سەرکردایەتی شۆڕش بە گرنگی گرتنەخۆی هەموو توانا سەربازییەکان مادی و مرۆیی لە پێکهاتەیەکی رێکخراوی سەربازی هاوچەرخدا، هەموویان بوونە هاندەرێك بۆ ئەوەی بەرپرسان ئەم ئەکادیمیا سەربازیە داهەزرێنن ". ئەو دەشڵێت: " مەبەستی سەرەکی سەرکردایەتی شۆڕش بریتیە لە دەرچواندنی ژمارەیەك لەو ئەفسەرە شۆڕشگێڕانەی شارەزایی تەواویان دەربارەی زانستە سەربازی و سیاسییەکان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن سەرکردایەتی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان بگرنە دەست و لە ئایندەدا ببن بە کرۆکێك بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی ئۆتۆنۆمی[٦] .

رۆژی ٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەفسەرانی ئەرکانی گشتی لە مەراسیمی کردنەوەی یەکەم ئەکادیمیای سەربازی شۆڕش لە مێژووی گەلی کورد بەشدار بوون و بەم بۆنەیەوە، نوری شاوەیس ١٩٢٢ - ١٩٨٣ ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی وتەیەکی بەناوی مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی پێشکەش کرد و تیایدا وتی: "... جاری یەکەمە لە مێژووی گەلی کوردمان و لە بەشێکی ئازادکراوی نیشتمانەکەماندا ئەکادیمیایەکی سەربازیی گەورەی وەك ئەکادیمیاکەتان دەکرێتەوە، هیوادارین لە ئایندەدا ئەم هەنگاوە پیرۆزە، هەنگاوی سوودبەخشی گەورەتر و گرنگتری دیکەی لەدوا بێ...". هەروەها وتی: "... هیوایەکی بەهێزمان بەوە هەیە کە ئەکادیمیاکەتان لە بوارەکانی بەهێزکردن و پێشخستن و بڵاوکردنەوەی زانستە سەربازییەکان لە ریزی هێزە شۆڕشگێرە چەکدارەکانمان رۆڵی تەواو و شەرەفمەندانەی خۆی دەبینێ. گومان نییە لەوەی هەر شۆڕشێکی چەکداری بەبێ بوونی هێز ناتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ. هەر هێزێکیش بەبێ بوونی رێکخستن و رێککاری و مەشق و پابەندبوون ناوی سوپای لێ نانرێ، بۆیە لەم روانگەیەوە پارتە پێشەنگەکەمان دەستپێشخەریی دامەزراندنی ئەم ئەکادیمیایەی کرد، هەروەها بە نیازین قۆناغ بە قۆناغ کۆمەڵێك خولی فێرکاری بۆ یەکە قارەمانەکانی پێشمەرگە رێك بخەین..." لە کۆتایی وتەکەیدا، شاوێس وتی: ".... متمانەیەکی بەهێزمان هەیە بەوەی لە هەنگاونان رووەو ئاراستەی راست و دروست بەردەوام

(٥) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٢) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٣ . وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٩ .
(٦) هەمان سەرچاوە .

دەبین، ئەو ئاراستەیەی پارتەکەمان بۆی دیار کردووین و بە پشتبەستن بە خوا و بە وردی بەرزی ئێوە و مکوڕیی گەلی کوردمان لەسەر خۆبەخشی و قوربانیدان، بە هەموو مافە ڕەواکانمان و بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان شاد دەبین، لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی دروست بۆ تەواوی گەلی عێراق کە ئالاکانی ئاشتی و خۆشحاڵی و ڕزگاربوون لە ستەم و ترسی بەسەردا دەشەکێتەوە[1].

ڕۆژی ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٦٣، لیژنەی ڕێکخستن و کارگێڕی گشتی بەیاننامەیەکی ئاراستەی هەموو دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق کرد و تیایدا هات: " هێنانەدی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەروەها لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا کە گەلی کورد خۆی حوکمی خۆی بکات، ئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕشی کوردن. هاوکات لە بەیاننامەکەدا هاتووە: " بەو پێیەی بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان ئازاد کراون، بۆیە پێویستە ئەم ناوچانە ببن بە خاوەنی دامودەزگای کارگێڕی و میللەت خۆی حوکمی خۆی بکات و نوێنەرە ڕاستەقینەکانیشی هەڵبژێرێ و بە شێوازێکی دیموکراسیانە و ئازاد و گونجاو لەگەڵ پەیڕەوی شۆڕشیش مافەکانی خۆی پیادە بکات، بۆ ئەوەی میللەت بەرهەمی قوربانییەکانی بچنێتەوە و ژیانێکی ئازاد بگوزەرێنێ. بەیاننامەکە داوای لە هەموو دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان کرد کە لە پێناوی ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و ئابووری و تەندروستی و زانستی بە شێوازێکی دروست، خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سێ کەسی نیشتمانپەروەر بۆ لیژنەی کارگێڕی گوندەکانیان ئامادە بکەن، هەروەها لە بەیاننامەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن لە گوندەکان، لە لایەن نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی گوندەکانەوە دەست بە هەڵبژاردنی لیژنەکانی ناحیە و قەزاکان دەکرێ، بە یاننامەکە داوای لە هەموو دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان کرد کە خۆیان بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنە ئامادە بکەن و یارمەتی ئەو لیژنانەش بدەن کە بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە ڕەوانەی ناوچەکانیان دەکرێن[1].

سەبارەت بە کاریگەریی ئەم هەنگاو و ڕێوشوێنانەی کە لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە سەبارەت بە ڕێکخستنی کارگێڕی لە کوردستا نراون بۆ سەر حکوومەتی عێراق، گۆڤاری ڕزگاری کوردستان نووسیویەتی: " گومان نییە لەوەی دەزگا هەواڵگریەکانی عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار هەواڵی پێکهێنانی چەند لیژنەیەکیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پێ گەیشتوە، وەك پێشەکیەك بۆ هێنانەدی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق. هەروەها گۆڤارەکە دەڵێ: " بۆیە ئەگەر عەبدولسەلام محەمەد عارف ڕێگەش بە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان و پێکهێنانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بدات، ئەو کاتە ئەمە هیچ لە ڕاستی مەسەلەکە ناگۆڕێ[2].

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٢) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٣. وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(١) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤) .

(٢) گۆڤاری ڕزگاری کوردستان، (٤)، کانونی یەکەم ١٩٦٣.

حزبی بەعس تەنیا ٩ مانگ و نزیکەی ١٠ رۆژ لە دەسەڵات بەردەوام بوو، لەنێو سەرکردایەتیەکەیدا ململانێیەك سەری هەڵدا، ئەمەش بوو بە هاندەرێك بۆ ئەوەی عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار دەرفەتەکە بقۆزێتەوە، ئەوە بوو لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، بە هاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە ناسریەکان و هەندێك لە بەعسیە میانڕۆکان کۆنترۆلی کاروباریان کرد و بەعسیان لە دەسەڵات دوور خستەوە[٣]. دژایەتیکردنی توندی شۆڕشی کورد لەلایەن بەعس و ئەو تەنگژە ناوخۆییەی بە دەستیەوە دەینااڵند لە گرنگترین هۆکارەکانی رووخانی حکوومەتی کودەتاکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بوون[٤].

(٣) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٣ .

(٤) بۆ زانینی وردەکاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکان و چۆنیەتی رووخانی رژێمی حزبی بەعس لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ، بڕوانە ، شبلی عەیسەمی ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی ، قۆناغی چلەکانی دامەزرێنەر ١٩٤٠ - ١٩٤٩ ، (بەغدا ، ١٩٨٦) ، بەشی ١ ، ل ٢٦٣ و دواتر : عەبدولوەهاب حەمید رەشید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٥٦ - ١٥٧ : حەنا بەتاتۆ ، عیراق - کێشەی سێیەم - شیوعیەکان و بەعسیەکان و ئەفسەرانی ئازاد ، وەرگێڕانی ، عەفاف رەزاز ، (بەیروت ، ١٩٩٢) ، ل ٣٢٤ و دواتر : حەسەن ئەلسەعید ، پاسەوانەکانی رۆژئاوا ، چەند لاپەڕەیەك لە دۆسیەی یاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەعسی عیراق ١٩٤٨ - ١٩٦٨ ، (بەیروت ، ١٩٩٢) ، ل ١٣٨ و دواتر .

پێشهاته سیاسییەکان لە کوردستان
دوای کودەتاکەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

دوای کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣[١] عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار توانی کۆنترۆلی دەسەڵات بکات و هەر ئەو کاتە بەیاننامەیەکی بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش راگەیاند و تیایدا هەواڵی سەرهەڵدانی کۆمارێکی تازەی راگەیاند، هەروەها چەندین لایەنی سیاسەتەکانی رژێمی ٨ ی شوباتی پرۆتستۆ کرد و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حەرەس قەومی[٢] و ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش و پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نوێ لەژێر هەمان ناوی پێشووی دەرکرد[٣] و چالاکییەکانی حزبی بەعس لە عێراق قەدەغە کرا[٤].

دوای کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بارودۆخ لە بەرەکانی شەڕ تا رادەیەک ئارام بووەوە، بۆیە لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ بارزانی کە ئەو کاتە لە ناوچەی دۆڵە رەقەی سەر بە قەزای رانییە بوو، هەوڵی دا بە مەبەستی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و سەرۆک هۆزە کوردییەکان و هەندێک لە کەسایەتیە سەربەخۆکان پێک بێنێ. بەرچاوترین بەشداربوانی ناو ئەم لیژنەیەش بریتی بوون لە: جەلال تالەبانی و نوری سدیق شاوەیس و هاشم حەسەن عەقراوی و دکتۆر سەدیق ئەتروشی و عەقید تەها بامەرنی و عەقید روکن کافی نەبەوی و

---

(١) لە ئەدەبیاتی حزبی بەعس ئەم کودەتایە بە (گەڕانەوەی تشرین) ناو دەبرێ ، بڕوانە، گۆڤاری شۆڕشی عەرەبی ، ژ (٢) ، (بەغدا ، ١٩٨٨) ، ل ٩ : تالیب عەبدولجەبار حەیدەر ، مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە عیراقیەکان ، کێشە - ڕێگەچارە - دەرەنجام ، ماستەرنامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلیژی یاسا و سیاسەت / زانکۆی بەغدا ، (بەغدا ، ١٩٨٢) ، ل ٢٨٠.

(٢) حەرەس قەومی ، ڕێکخراوە چەکدارەکەی حزبی بەعس بوو ، ڕۆژی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ، بەپێی یاسای ژمارە (٣٥) ی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش پێکهێنرا و ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە راوەدوونان و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی شیوعیەکان و پارتیەکان ، هەروەها بە دەستدرێژیکردنە سەر خەڵک و ئەتککردنیان ناسراوە ، ئەمە جگە لە دەستوەردان لە کاروباری کارگێڕی و سوپا . بۆ زانینی وردەکاریی دەربارەی تاوان و پێشێلکاریەکانی حەرەس قەومی ، بڕوانە ئەو کتێبە دۆکیومێنتاریەی کە لە دوای کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لەلایەن حکومەت لە ژێر ناونیشانی ، المنحرفون من الحرس القومی فی المد الشعوبی تحت أشعه ١٨ تشرین الثاني ١٩٦٣ (بەغدا، مێژووی چاپی نادیارە) : سەنتەری توێژینەوەکانی موسل (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل) ، ناونیشانی دۆسیە ، حەرەسی قەومی ،ژمارەی دۆسیە ٤/ ٤٣. شایەنی باسە ، مشیر روکن عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار و عەقید ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرۆکوەزیرانەکەی چوونە ریزی حەرەس قەومی و جلی ئەوانیان پۆشی. بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی، توێژینەوە و دۆکیومێنت، پێشکەشکردنی، خەلیل عەلی مراد ، (دهۆک ، ٢٠٠٤) ل ٣٩٩ پاشکۆی ژمارە ٧ .

(٣) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە ، ڕۆژنامەی مەنار ، ژ (٢٥٧٨) ، ١ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ : جەعفەر عەباس حمێدی ، مێژووی وەزارەتەکانی عیراق لە سەردەمی کۆماری ١٩٥٨ - ١٩٦٨ ، (بەغدا ، ٢٠٠٤) ، بەشی (٧) ، ل ل ١٢ - ١٣ : ئەمین سامی غەمراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣١٢ - ٣١٤.

(٤) ل.ن . کۆتلۆڤ و ا . ف . فدتشنکۆ ، " عیراق "، ژمارەیەک نووسەر ، مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی عەرەب ١٩١٧ - ١٩٧٠ ، (مۆسکۆ ، ١٩٧٥) ، بەشی ١ ، ل ٣٥٧ : خەلیل جوندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٧.

عەباس مامەند ئاغا و عەبدلوەهاب ئاغا جوندیانی و کەسانی تر[1]. کۆبوونەوەکانی ئەم لیژنەیە چەند رۆژێك بەردەوام بوون، بەڵام بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکان بەشداربوان نەگەیشتنە رێککەوتنێك، بەمەش بارزانی هەستی بە بێ هیوایی کرد و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە یەکخستنی سەرکردایەتی کورد کارێکی وا ئاسان نابێ و بارودۆخەکە پێویستی بە وەستاندنی شەڕ لەگەڵ حکوومەت و دەستکردن بە گفتوگۆ هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەناو لیژنەی ناوەندی پارتیدا سەرکردایەتی یەك بخات[2].

مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد بە نەرمونیانی لە بواری سیاسەت ناسرابوو، لە پێناوی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا رێگەی نەدا تەنانەت یەك دەرفەتی لە دەست بچێ، کاتێك حکوومەتی عەبدولسەلام محەمەد عارف لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ ویستی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دانوستان بکات، بارزانی ئەگەرچی لەو باوەڕە دابوو کە حکوومەتەکەی عارف نییەتی نییە دان بە مافەکانی کورد لە ئۆتۆنۆمی دابنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەزامەندی پیشان دا. لە راستیدا بارزانی ویستی دەرفەتێك بەم حکوومەتە بدات و ئاستی جدیەتی بزانێ و دۆست و هاوسۆزانی شۆڕشی کورد رازی بکات و بە جیهان رابگەیەنێ کە لەگەڵ رێگەچارەی ئاشتیانەیە بۆ دۆزی کورد، بەم جۆرە دوای دەستوەردانی سۆڤیەت و کاریگەریی قاهیرە، رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ مۆر کرا[3].

پێویستی مشیر عەبدولسەلام محەمەد عارف بەپشتگیری سەرۆك جەمال عەبدولناسر و بوونی چەند هێزێکی میسری بۆ پاراستنی خۆی لە بەغدا و لاوازیی هەڵوێستی، بوونە مایەی خولقاندنی بارودۆخی نوێ کە پاڵیان بە سەرۆکی عێراقەوە نا شەڕ لە کوردستان بوەستێنێ. هەروەها ئەو کاتە دەرکەوت کە کاروبار لە بەغدا لەلایەن گەورە ئەفسەرانی سوپاوە بەڕێوە دەبرێ و ئەوان لەم بوارەدا خاوەنی شارەزایی ئەوتۆ نین، بۆیە بۆ گیرسانەوە لەسەر هەڵوێستێك پێویستیان بە کات هەیە و وەستاندنی شەڕ لەگەڵ کورد کات و دەرفەتێکیان پێ دەبەخشێ بۆ ئەوەی بتوانن ستراتیژیەتی خۆیان بۆ ئایندە دیار بکەن[4].

خەریك بوو مەسەلەکە دەگەیشتە ئاستی دڵنیابوونی تەواو لەوەی رێککەوتنی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ رێگەچارەیەکی کۆتایی و هەمیشەیی نییە، وەك چۆن هەریەکە لە عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار و مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کوردیش وەسفیان کرد، بەڵام هەردوولا لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندیان بە قازانجی سیاسیەوە هەبوو، ناچار بوون رێککەوتنەکە مۆر بکەن، بەڵگەش بۆ

---

(١) شەکیب عەقراوی ، سالانی مەینەتی لە کوردستان ، گرنگترین رووداوە سیاسی و سەربازیەکان لە کوردستان و عیراق لە ١٩٥٨ - ١٩٨٠ ، چ ٢ ، (هەولێر ، ٢٠٠٧) ، ل ١٥٠.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە .... ، ل ٣٠٩. بۆ وردەکاریی دەربارەی رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ ، بڕوانە ، شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٣ و دواتر.

(٤) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١.

ئەمە، هەر دوای گەیشتن بە رێککەوتن، کۆمەڵێك ناکۆکی لە بیروڕا سەریان هەڵدا و بوونە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئەو ئاشتیە لاوازەی باڵی بەسەر کوردستانی عێراقدا کێشا[1].

لە راستیدا عەبدولسەلام محەمەد عارف باوەڕی وابوو کە کورد تەنیا پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەی باکور هەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵسوکەوتی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ هەست و سۆزی نەتەوەیی کورد و دۆزەکەی بکات، بەڵکو بەبێ ئەوەی تەنانەت خۆشی بە هێنانەدی رێگەچارەی ئاشتیانەوە ماندوو بکات، لە بری ئەوە دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی یەکێتی نێوان عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی میسر، زیاتر لەوەی باس لە دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بکات بۆ دۆزی کورد.تاکە رێگەچارەیەکیش کە لەلایەن ئەوەوە پێشنیاز دەکرا، بریتی بوو لە بەکارهێنانی

برایەتی ئیسلامی وەك بناغەیەك بۆ پەیوەندیەکانی نێوان کورد و عەرەب لە عێراق، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو دەکرێ ئیسلام شوێنی هەستی نەتەوەخوازیی کوردی بگرێتەوە[2].

لە راستیدا حکوومەتی نوێی عێراق پابەند نەبوو بە ناوەرۆکی رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤، بەڵکو کۆمەڵێك هەنگاوی هەڵێنا، پێچەوانەی ئەوەبوو کە لەسەری رێك کەوتبوون. ئەم حکوومەتەش لە رووی ناوەرۆکەوە هەمان ئەو سیاسەتەی گرتەبەر کە دەسەڵاتدارانی پێشوو پیادەیان دەکرد و وردە وردە لەوە دوور کەوتەوە کە لەکاتی وەستاندنی شەڕ لەبارەیەوە گەیشتبوونە رێککەوتن[3]. عەبدولسەلام محەمەد عارف بەردەوام بوو لە قسەکردن دەربارەی یەکێتی عەرەبی، بەبێ ئەوەی وتەکانی هیچ دڵنیاییەکیان بۆ کورد لەگەڵ بێ، بەوەی ئەم یەکێتیە نابێتە مایەی تواندنەوەیان لەناو گرووپێکی گەورەی عەرەب، هەروەها حکوومەتی عێراق لە دەستوورە کاتیە نوێیەکەیدا[4] یەکێتی عەرەبی خستە پێش دۆزی کورد. ئەو دەستوورەی کە لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤[5] لەسەر شێوازی

---

(١) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤ : عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٢٩١.

(٢) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٥ : دەهام محەمەد دەهام ئەلعەزاوی ، کەمینەکان و ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی " توێژینەوەیەك لە رەهەندی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی "، دکتۆرانامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان / زانکۆی سەدام ، (بەغدا ، ١٩٩٩) ل ١٥٨.

(٣) ش . ج . ئەشیریان ، بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لە کوردستان - عیراق (١٩٦١ - ١٩٦٨) ، وەرگێڕانی لە رووسیەوە ، ولاتۆ ، (بەیروت ، ١٩٧٨) ، ل ١٢٤.

(٤) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٥ : عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٣٢٧.

(٥) ئەزهار عەبدولکەریم عەبدولوەهاب ، ماف و ئازادیە گشتیەکان لە سایەی دەستوورەکانی عیراقدا ، ماستەرنامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلێژی یاسا و سیاسەت / زانکۆی بەغدا ، (بەغدا ، ١٩٨٣) ، ل ١٧٦. بەر لە راگەیاندنی ئەم دەستوورە ، دەستوورێکی دیکە لە ٢٢ ی نیسانی ١٩٦٤ لەژێر ناوی (یاسای ژمارە٦١ ی سالی ١٩٦٤ ی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) راگەیەنرا ، بەڵام وەك دەستوورێکی کاتی زیاتر لە هەشت رۆژ درێژەی نەکێشا و دەستووری ٢٩ ی نیسان راگەیەنرا و لە مادەی سێی ئەم دەستوورە کاتیەشدا دەستوورە کاتیەکەی (٢٧ ی تەموزی ١٩٦٨) لادرا ، سەبارەت بەو دەستوورەش کە لە (٤ ی نیسانی ١٩٦٣) لەلایەن حکومەتی کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ راگەیەنرابوو ، بە گوێرەی دەستووری (٢٢ ی نیسانی ١٩٦٤) لادرا، لەو بارەوە ، بڕوانە هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٩ و دواتر : عیسام

دەستووری میسر داڕێژرا[1]. لەم دەستوورە کاتیەدا هیچ جۆرە داننانێك بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەدی نەکرا، سەرەڕای ئەوەش مادەی سێی دەستووری ٢٧ ی تەموزی ١٩٥٨ لادرا کە تیایدا هاتبوو: کورد و عەرەب لە نیشتمانی عێراقدا هاوبەشن، هەروەها لەم دەستوورەدا دان بەوەش دانەنرابوو کە گەلی کورد هاوشێوەی گەلی عەرەب خاوەنی مافی نەتەوەیی خۆیەتی، بەڵکو باس لەوە کرابوو کە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ واقیع و راستیە مێژوویییەکاندا گونجاو نەبوو[2]. بۆیە رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی دەربارەی بەم دەستوورە نووسیویەتی: "... سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە هەیە، هەنگاوێك بەرەو دواوە... "[3].

عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار بەردەوام بوو لەسەر گرنگیدان بە یەکێتی عەرەب، ئەوەبوو لە ٢٦ ی ئایاری ١٩٦٤ میساقی یەکێتی لەگەڵ جەمال عەبدولناسری سەرۆککۆماری عەرەبی یەکگرتوو مۆر کرد کە مەبەست لە دوایەوە هێنانەدی یەکگرتنی سەرتاسەری و قۆناغ بە قۆناغ بوو لە نێوان هەردووك وڵات و تیایدا بە هیچ شێوەیەك باس لە کورد و دۆزەکەی نەکرابوو[4]. هەروەها حکوومەت لە رێگەی دابڕاندنی حزبەکان لە ژیانی سیاسی یان هەڵوەشاندنەوەیان، وردە وردە دەستی بە سەپاندنی سیستمی تاکەحزبی کرد: لەو پێناوەدا لە رۆژی ١٤ ی تەموزی ١٩٦٤ و هاوشێوەی ئەوەی لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر[5] هەبوو، دامەزراندنی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی لە عێراق

سەعید عەبد ئەلعوبەیدی ، پێگەی یاسایی سەرۆك وەزیران لە دەستوورەکانی عیراقدا ، ماستەرنامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلێژی یاسا / زانکۆی موسل ،(موسل ، ١٩٩٩) ، ل ١٣٥.

(١) لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان دەستووری (٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤) ی عیراق و دەستووری ٢٦ ی ئاداری ١٩٦٤ میسر هەبوو ، ئەمەش مانای وابوو کە لە پرۆژەی دەستووری عیراقدا دەستووری میسر کراوەتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ، ئاشکراش بوو کە زۆر لە بابەتەکانی ناو دەستووری میسر- بۆ ئەوە نەدەگونجان کە لە عیراق جێبەجێ بکرێن ، وەك سیستمی سۆسیالیستی میسری بە نموونە ، بڕوانە ، ئەزهار عەبدولکەریم عەبدولوەهاب ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٧٨ - ١٧٩ .

(٢) لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٤ ی تەموزی ١٩٦٤ ، " بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی سااڵیادی ١٤ ی تەموز ". وەرگیراوە لە ، شازین هێرش و نزار محەمەد ، بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان(باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی) لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٦٤ - ١٩٧٠،(سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل ل ٢٠١-٢٠٢؛ رۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٧)، نیسانی ١٩٦٥.

(٣) ینظر، العدد (٤٧٤)، تشرین الثاني ١٩٦٤. للتفاصیل عن موقف الکورد من دستور (٢٩ نیسان١٩٦٤). ینظر، شورش حسن عمر، حقوق الشعب الکردي في الدساتیر العراقیة -دراسة تحلیلیة مقارنة- (السلیمانیة،٢٠٠٥)، ص٢١٩ وما بعدها.

(٤) مەجید خەدوری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٠٨ - ٣٠٩ : سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦ . بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە ، وەزارەتی ڕۆشنبیری - کۆماری عیراق ، ڕێککەوتنامەی یەکگرتن ، (بەغدا ، ١٩٦٤) .

(٥) جەعفەر عەباس حمێدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٧ : وەمیز عومەر و شەفیق عەبدولرەزاق و غانم محەمەد سالح ، پێشکەوتنی سیاسی هاوچەرخ لە عیراق ، (بەغدا ، ڕێکەوتی چاپی نادیارە) ، ل ٣٦٤. مەبەستی فەرمی و ئاشکرای یەکێتی سۆسیالستس عەرەبی بریتی بوو لە پەلەکردن لە یەکگرتنی عەرەبی لەسەر بنەمای گرتنەخۆی هەموو توێژ و پارتە سیاسیە عیراقیەکان ، بەڵام زۆربەی پارت و ڕێکخراوە نیشتمانیەکان بە ساردی پێشوازیان لێکرد و وەك پارتێکی سەر بە حکومەت لە قەڵەمیان دا ، جگە لە هەندێك لەو لاوانەی کە بە پشتگیریکردن لە سیستمە سۆسیالستیەکەی میسر- ناسرابوون ، ئەوان

راگەیەنرا و دەستنیشانکردنی ئەم رۆژەش مەبەستی لەدواوە بوو، ئەوان ویستیان مۆرکێکی نیشتمانی بەم رێکخراوە نوێیە ببەخشن کە لەو کاتەوە بووە تاکە رێکخراوی سیاسی شەرعی و دامەزرێنەرانی ویستیان ئەم رێکخراوە هەموو هێزە سیاسییەکانی وڵات لە خۆی کۆ بکاتەوە و لە بەرامبەردا چالاکی حزبە سیاسییەکانی تر قەدەغە کرا، ئەمەش مانای دوورخستنەوەی گەلی کورد بوو لە ژیانی سیاسی و داننەنانێکیش بوو بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەك لە عێراق، بەو پێیەی رێکخراوە تازەکە رێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی عەرەبی بوو[1] . هەروەها بە مانای ئەوە دەهات کە حکوومەت دەیویست کورد ببێ بە عەرەب، یان لانی کەم دەستبەرداری کوردبوونی خۆی بێ بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی ئاساییترین مافەکانی هاوڵاتیبوون کە کاری سیاسیە. هەر لە درێژەی کردەوە هەڵەکانیدا، حکوومەت کەسانێکی عەرەبی وەك نوێنەر بۆ لیوا کوردیەکان دامەزراند، واتە حکوومەت کاری بۆ ئەوە دەکرد کە کورد ببن بە هاوڵاتی بێ ماف[2]. کاتێکیش حکوومەت سەرقاڵی پلاندانان بوو بۆ دامەزراندنی ئەم پارتە، رایگەیاند کە رێگر نابێ لەوەی هەر کوردێك ببێ بە ئەندام لە یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب[3] و تەنانەت بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی پارتی و بوون بە ئەندام لە یەکێتی سۆسیالیستی عەرەب پەیوەندی بە بارزانییەوە کرد و عەبدولرەزاق سەید مەحمود[4] ی موتەسەڕیفی سلێمانی راسپارد بۆ ئەوەی ئەم داوایە

بە تەنیا پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ یەکێتیەکە راگەیاند و رێکخراوە سیاسیەکانی خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونە ریزی رێکخراوە تازەکە ، رێکخراوەکانیش ئەمانە بوون : بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب و پارتی عەرەبی سۆسیالستی و بزووتنەوەی یەکگرتووخوازانی سۆسیالیست و یەکگرتووخوازانی سۆسیالست و دیموکراتەکان. لە راستیشدا ئەم یەکێتیە خاوەنی هیچ رۆڵ و چالاکیەك نەبوو لەسەر ئەرزی واقیع ، بڕوانە ، محەمەد جەمال باروت ،" بزووتنەوەی نەتەوەیی جەماوەری (ناسری) "، .... ئەمین ئەسکەندەر و کەسانی تر ، پارت و بزووتنەوە نەتەوەخوازە عەرەبیەکان، رێکخستن، فەیسەل دەراج و جەمال باروت، (رێکەوتنی چاپی دیار نیە)، ل٦١ : محەمەد جەمال باروت، بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی عەرەب، سەرهەڵدان - پێشکەوتن - چارەنووس، (دیمەشق ١٩٩٧)، ل٤٤٤ و دواتر: زەنون یونس ئەلتائی، " یەکێتی سۆسیالستی عەرەبی لە موسل ١٩٦٤- ١٩٦٨ (توێژینەوەی مێژوویی) "، گۆڤاری اوراق موصلیە، ژ (٦)، (موسل، تەموزی ٢٠٠٤) ، ل ٣٣ و دواتر.

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)، بەرەو پێشەوە (نەشرەی داخلی)، (شوێنی چاپی دیار نیە، تشرینی یەکەمی ١٩٦٤)، ل ٢٠؛ شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٠.

(٢) بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ، (٥) .

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی-، شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١-١٩٧٠/٣/١٧ (موحازرە) د.مەحمود عوسمان لەپەیمانگەی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە، ل٣٩. دواتر بە ناوی مەحمود عوسمان ئاماژە بەم سەرچاوەیە دەکەین .

(٤) عەبدولرەزاق مەحمود عومەر ساڵی ١٩١٢ لە موسل لەدایك بووە و ساڵی ١٩٣١ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە ، دوای دوو ساڵ کارکردن وەك مامۆستا ، پەیوەندی بە کۆڵێژی سەربازیەوە کردووە و ساڵی ١٩٣٥ وەك ئەفسەر لێی دەرچووە ، بەشداری لە چەندین خولی سەربازی لە دەرەوەی عیراق کردووە . بەهۆی پشتگیریکردن لە بزووتنەوەی شەوافی کودەتاچی لە موسل ، لە ١٩ ی نیسانی ١٩٥٩ خانەنشین کراوە ، دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بە پلەی عەمید گێڕدرایەوە ریزەکانی سوپا و کرا بە پارێزگاری کەرکوك ، دواتر لە ٦ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وەك پارێزگاری سلێمانی دامەزرا ، لە ٩ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ دەستی لە کار کێشایەوە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، بزووتنەوەی نەتەوەیی ....، ل ل ٣٧٦ - ٣٧٧.

به بارزانی بگەیەنێ، ئەو لەم بارەوە دەڵێ: "... لە نیسانی ١٩٦٤، عارف فەرمانی پێ کردم کە مژدەی دامەزرانی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی لە عێراق بە بارزانی بدەم و پێی رابگەیەنم ئەگەر کورد روو بکەنە ریزەکانی ئەم یەکێتیە، کێشەکانیان بە یەکجاری چارەسەر دەبن، چونکە یەکێتی رێکخراوێکی میللیە و هەموو هێز و لایەنە حزبی و سەربەخۆکان دەگرێتە خۆی، لەگەڵ ئەوەی باوەڕم بەم قسانەی عارف نەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ وتەکانم بە بارزانی راگەیاند و ئەویش زۆر بە قسەکان پێکەنی و وتی: پێگەی ئێمە لە کوێی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی دایە؟ تو ئەو خوایە ئەگەر منی کورد بچمە ریزەکانی ئەم یەکێتیە، تۆ ناڵێی مەلا مستەفا بارزانی گاڵتەم پێ دەکات !!..."[1]. لە راستیدا حکوومەت لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد راستگۆ نەبوو، بەڵکو مەبەست و نیازی خراپی هەبوو، چونکە سیاسەتێکی دوو رووانەی پیادە دەکرد:

١- لە ماوەی دانوستانەکاندا مافە نەتەوەییەکانی کوردی دیار نەکرد، بەڵکو جەختی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکردەوە:

ا. هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و گێرانەوەیان بۆ سەر کارەکانی پێشوویان.

ب. گێرانەوەی بەکرێگیراوانی کورد جاشەکان[2] بۆ ناوچەکانیان.

ج. گەڕانەوەی فەرمانگە حکومیە ناوخۆییەکان.

---

(١) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، بزووتنەوەی نەتەوەیی ...، ل ل ٣٨٥ - ٣٨٦.

(٢) مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد وەك گاڵتەکردنێك پێیان و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیان بە شێوەیەکی فەرمی، وشەی (جاش پۆلیس) ی خستە پاڵ ئەو کوردانەی کە بە مەبەستی دژایەتیکردنی بزووتنەوە نیشتمانیەروەرەکانی کورد چەکی حکومەتیان هەڵگرتبوو ، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وشەکە کورت کرایەوە و بوو بە (جاش) ، زۆر جار بە (چەتە) ش ناوەبران ، کە وشەیەکی کوردیە و بە مانای رێگر یان بکوژ دێت . لە بەرامبەردا حکومەتەکانی عیراق بە (کوردە پەرۆشەکانی یەکێتی نیشتمانی) ناویان دەبردن ، حکومەتی عەبدولکەریم قاسمیش ناوی (پۆلیسی نا نیزامی) لێ نان . عەمید روکن عەبدولکەریم فەرحان ، فەرماندەی فیرقەی یەك (بارەگاکەی لە موسل بوو) و لە ١٤ ی شوباتی ١٩٦٣ پایەکەی وەرگرت دەڵێت : بڕیارێکی دەرکردووە بۆ ئەوەی ئەمانە بە " ... سوارچاکەکان (فورسان) ی سەلاحەدین ناو بڕێن ، وەك هەوڵێك بۆ بەرزکردنەوەی وریان و وەك وەڵامێکیش بۆ پروپاگەندەی شۆڕشگێڕان کە بە مەبەستی کەمکردنەوە و ناشیرینکردن بە جاش ناویان دەبردن،دواتر فیرقەی دووش رێگای فیرقەی یەکی گرتەبەر و ناوی (فرسان الولید) ی لە شەڕکەرە (عەرەب) ە نانیزامیەکانی نا ...." . بڕوانە کتێبەکەی ، دروێنەی شۆڕش ، یادەوەریەکانی ئەزموونی دەسەڵات لە عیراق ١٩٥٨ - ١٩٦٨ ، چ ٢ ، (لەندەن ، ١٩٩٦) ، ل ٨١ . بەو پێیەی ئەم کوردانە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە خاوەنی هیچ داواکاریەکی نەتەوەیی و نانەتەوەیی نەبوون ، بۆیە لە داهاتوودا لە هەر کوێیەك ناویان بهێنرێ ، بە (کوردە بەکرێگیراوەکان) ناویان دەبەین . شایەنی باسە، مەلا مستەفا بارزانی هەمیشە ئەم بەکرێگیراوانەی بە بناغەی هەموو دەردێك و سەرچاوەی گەندەڵی لە کوردستان دەزانی و پێی وابوو ئەمانە کاریان تەنیا خولقاندنی کێشەیە ، بۆیە لە هەموو دانوستانەکاندا لەگەڵ حکومەتەکانی عیراق داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرووپانەی دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم نیازپاکی لەلایەن دەسەڵاتەوە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٢٠٥ و دواتر : عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، بزووتنەوەی نەتەوەیی ...، ل ٤٥٩ و دواتر.

٢- لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت کۆمەڵێك رێوشوێنی لاوەکی دەگرتەبەر کە تەنیا وەك دەستپێشخەری ئاسایی وابوون، وەك سووککردنی ئابلوقە لە هەندێك کاتدا یان رازیبوون بە کێشانەوەی هێزێکی ئاسایی لە کاتی ناچاری و بە مەبەستی رازیکردنی کورد.لە لایەکی دیکە، پرۆژە حکومیەکان هەرگیز بە شێوازێکی فەرمی و ئاشکرا نەدەخرانە روو، بەڵکو هەندێك جار لەسەر پارچە کاغەز و بەبێ واژۆ رەوانە دەکران، ئەمەش بەڵگە بوو بە ئەوەی حکوومەت جدی نییە.

لە راستیدا مەبەست لە گرتنەبەری ئەم شێوازە لەلایەن حکوومەت، جێبەجێکردنی پلانی عەزیز بوو، کە بریتی بوو لە چالاککردنی دەزگای هەواڵگری و سیخوڕیکردن و بەکرێگرتن، واتا پیادەکردنی رێنماییەکانی عەمید روکن عەزیز چەلەبی بۆ کڕینی ویژدانەکان و بەکارهێنانیان لە دژی گەلەکەیان، هەروەها وا لە سەرۆك هۆزەکان بکەن کە لەنێو گەل و شۆڕشەکەیاندا بن بە تابوری پێنج. بێگومان لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم پلانەدا پارەیەکی زۆر لەژێر ناوی ئاوەدانکردنەوەی باکور خەرج دەکرا، بەڵام لە راستیدا پلانی ئاوەدانکردنەوە بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ نەکرا، تەنانەت مەسعود محەمەدی وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکور خاوەنی هیچ دەسەڵات یان بودجەیەکی دارایی نەبوو[١].

داموودەزگا ئەمنییەکانی سەر بە حکوومەت هەمیشە لە کۆبوونەوەکانیاندا جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی پلانی عەزیز چەلەبی دەکردەوە لە کوردستان، بۆ نموونە لە کۆنگرەی دووەمی ئەفسەرانی هەواڵگری و ئاسایش لە فیرقەی چوار کە لە ٢٧ ی ئەیلوول ی ١٩٦٤ ساز کرا، مقەدەم روکن عەبدولکەریم رەئوف شندالەی سەرۆکی ئەرکانی فیرقە داوای لە ئەفسەرانی هەواڵگری کرد: "... کارکردن بە هەموو شێوەیەك لەسەر بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی باش بۆ حکوومەت و هاندانی کوردە پارتیەکان لەسەر خۆرادەستکردن و گەڕانەوە بۆ ریزەکانی حکوومەت..."[٢]. بارزانی متمانەی بە عەبدولسەلام محەمەد عارف و حکوومەتەکەی نەبوو[٣]، ئەوەی ئەم راستیەش دووپات دەکاتەوە، ئەو وتانەن کە هەمیشە بارزانی دووبارەی دەکردنەوە: "... هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆکردن لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنی نییە، هەروەها متمانەم بەوەش نییە کە مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کورد دەبەخشێ، بەڵام بارودۆخمان باش نییە و هێزەکانمان ماندوون و فیشەکیشمان کەمە و چەکەکانمان باش

(١) مەحمود عوسمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨.

(٢) سەنتەری توێژینەوەکانی موسل ، ناونیشانی دۆسیە ، ئاسایش لە لیوای موسل ، ساڵی ١٩٦٤ ، ژمارەی دۆسیە ، ١٠٤/٤ ، ٨٤/ ٢٠٤ ، ٢٨ / ١٩٦٤/٩ ، بابەت کۆنگرەی مانگانەی دووەمی ئەفسەرانی هەواڵگری.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ١٨ ی ئایاری ٢٠٠٥ لە هەولێر ، لە ئەیلولی ١٩٤٥ چۆتە نێو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراق و لە ئەیلولی ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوەندی حزبی شیوعی ، دواتر لە تەموزی ١٩٥٩ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب ، ئینجا لە ماوەی نێوان ١٩٦٤ - ١٩٩٣ بۆتە سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حزب ، لە ٣١ ی ئایاری ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردووە : فارس کورەمارکی ، یادەوەریەکانی فارس کورەمارکی - ژیاننامەی خەبات لەگەڵ بارزانی - پێشکەشکردن و وەرگێران بۆ سەر زمانی عەرەبی ، جاسم ئەلیاس مراد ، (دهۆك ، ٢٠٠٢) ، ل ٧٠.

نین، بۆیە پێویستمان بە ماوەیەك پشوودان و ئاشتی هەیە....[1]. هەروەها فەرمانگەکانی ئەمن و هەواڵگری عێراق ئاگاداری بوونی ناکۆکی توند بوون لەناو سەرکردایەتی کورد و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق پێیان وابوو بەردەوامبوون لە شەڕکردن لەگەڵ کورد دەبێتە مایەی تووندوتۆڵکردنی ریزەکانیان لە دژی حکوومەتی عێراق و وەستاندنیشی دەبێتە هۆی رووداتی جیابوونەوە و ئەگەری بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە نێو کورد و لاوازبوونیان، بەمەش ناچار دەبن بە هەموو داواکاریەکانی حکوومەتی عێراق رازی بن[2]. لەم کاتەدا سەرەتای رووداتی جیابوونەوەیەك لەنێو ریزەکانی پارتی، لەنێوان سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی[3] بە ئاشکرا دەرکەوتبوو و مۆرکردنی رێککەوتنی ١٠ ی شوبات بەراستی بووە مایەی رووداتی تەنگژەیەکی ناوخۆیی لە نێو ریزەکانی پارتی. مەسەلەکەش زیاتر بەهۆی بوونی جیاوازی بیروبۆچوون بوو سەبارەت بە شیکردنەوەی رێککەوتنەکە، ئەوەبوو چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی پارتی، لە سەروویانەوە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری مەکتەبی سیاسی لە دژی مۆرکردنی رێککەوتنەکە وەستانەوە، بەو پێیەی ئەم رێککەوتنە نابێتە مایەی هێنانەدی هیچ یەکێك لە داواکاریەکانی شۆڕشی کورد[4]. ناکۆکی لە نێوان بارزانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بوو، لەم قۆناغەدا ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی داوای سازکردنی کۆنفرانسێکی حزبی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە گوندی ماوەت کرد و لەو کۆنفرانسەدا کە لە ماوەی نێوان ٤ - ٩ ی نیسانی ١٩٦٤ ساز کرا، ٦٧ نوێنەر ئامادە بوون کە نوێنەرایەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لق و ناوچەکانی حزبیان دەکرد[5]. بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە دوور نییە ئامادەبوونی ببێتە مایەی رووداتی پێکدادانێکی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ١٨ ی ئایاری ٢٠٠٥ لە هەولێر: دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد قادر محەمەد (ئەحمەد بانیخێلانی) لە ٢١ ی تەموزی ٢٠٠٤ لە هەولێر ، ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی (فەقی جنە) لە هەولێر لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٧٤ چۆتە ریزەکانی حزبی شیوعی عیراق و ساڵی ١٩٥٤ بۆتە ئەندام تیایدا ، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی مەکتەبی هەرێمی کوردستانی حزب ، دواتر ئەندامی لیژنەی مەرکەزی ، ساڵی ١٩٩٢ دەستی لە کاروباری حزب کێشاوەتەوە ، لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە .

(٢) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥١ .

(٤) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژمارە (٤) کانونی دووەمی ١٩٦٥.

(٥) دێقد ئادامسن و جەرجیس فەتحوڵا ، جەنگی کوردی و جیابوونەوە ١٩٦٤ ، چ ٢ ، (هەولێر ١٩٩٩) ، ل ٤٣ : کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف، (سلێمانی ،٢٠٠٣)، ل ٣٢١؛ ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣. شایەنی باسە ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاواز ئامادەی کۆنفرانس نەبوو کە ئەمانە بوون : جەلال تالەبانی ، عومەر مستەفا دەبابە ، سالح یوسفی ، شەمسەدین موفتی ، عەبدولحوسێن فەیلی ، هاشم عەقراوی ، ناهیدە شێخ سەلام ، بڕوانە ،دێقد ئادامسن و جەرجیس فەتحوڵا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣ ، پەراوێزی ژمارە ٢١ . لە سەرچاوەیەکی دیکەدا تەنیا ناوی سێ کەسی ئامادەنەبوو هاتووە کە ئەمانەن : جەلال تالەبانی ، عومەر مستەفا دەبابە ، حلمی عەلی شەریف ، بڕوانە ، ئیبراهیم جەلال ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٣.

سەربازی لە نێوان هەردوو لادا[1]، بارزانی سەرۆکی پارتی بانگهێشتی کۆنفرانسەکە نەکرا. کۆنفرانسی ماوەت گفتوگۆی دەربارەی رێککەوتنی ١٠ ی شوبات و هەڵوێست بەرامبەر رێککەوتنەکە و سەرکردایەتیکردنی حزب لەلایەن بارزانی کرد و کۆمەڵێك بڕیاریشی لێ کەوتەوە لەوانە: کۆنفرانس ناڕەزایی بەرامبەر رێککەوتنەکە دەربڕی، بەو پێیەی جۆرە داننانێکە بە شکستهێنانی شۆڕشی کورد، هەروەها ئامادەبوان جەختیان کردەوە کە بارزانی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پارتی دەدات، بۆیە کۆنفرانس هێرشی کردە سەر و بە خۆبەدەستەوەدان بە دەسەڵات و کارکردن لە پێناوی کۆتاییهێنان بە شۆڕش تۆمەتباری کرد و رایگەیاند کە بارزانی مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر حزب، بۆیە بڕیاری سڕکردنی دەسەڵات و چالاکی حزبی دا[2].

بێگومان بارزانی دانی بە سازکردنی کۆنفرانسی ماوەت و بڕیارەکانیدا نەنا و بە ناشەرعی وەسفی کرد بەو پێیەی لەو کۆنفرانسەدا بە هیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی سەرۆکی حزب نەکراوە[3]. بارزانی درکی بە ئاستی هەستیاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کرد، بۆیە هەوڵی دا پارتی کۆنگرەی شەشەمی خۆی ببەستێ[4]، ئەوەبوو لە ماوەی نێوان ١-٩ی تەموزی ١٩٦٤، پارتی کۆنگرەی شەشەمی خۆی بە سەرۆکایەتی بارزانی لە قەڵادزێ ساز کرد و جگە لە لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد کە بە بیانووی نەبوونی شەرعیەت ئامادە نەبوون[5]، زۆربەی نوێنەرانی حزب ئامادەی کۆنگرە بوون.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد مەلا قادر لە ١٧ ی ئایاری ٢٠٠٥ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە هەولێر . سالّی ١٩٣٤ لە هەولێر لەدایك بووە ، دەرچووی خولی پەروەردەیە لە دوای دواناوەندی ، سالّی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتیەوە کردووە ، سالّی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردیەوە کردووە ، سالّی ١٩٦٤ بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ، دواتر کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی گرتۆتە ئەستۆ ، لەوانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ، ١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کردووە : دیمانەیەك لەگەڵ سەدیق عەلی عەبدولڕەحمان ئامێدی لە ٢٢ ی ئایاری ٢٠٠٥ لە دهۆك ، سالّی ١٩٣٧ لە شاری ئامێدی لەدایك بووە ، سالّی ١٩٥٧ پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە ، سالّی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردیەوە کردووە ، بەشداری کۆنفرانسی ماوەتی ١٩٦٤ ی کردوە ، سالّی ١٩٧٩ چۆتە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، نوێنەری ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە ناوچەی بادینان ، ئێستا لە دهۆك دەژیت.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆنفرانسی ماوەت و بڕیارەکانی، بڕوانە ، ئەو بەیاننامەی لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٤ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر ناونیشانی " اتفاقیه المشیر- البارزانی أصلح أم استسلام" بڵاو کرایەوە، شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٢-٧٠؛ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێك لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان ٤-١٩٦٤/٤/٩، (شوێن و کاتی چاپی دیار نیە)؛ ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٣-١٥٦.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد مەلا قادر لە ١٧ ی ئایاری ٢٠٠٥ : کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٢.

(٤) سەعد ناجی جواد،سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٢- ١١٣: سەلاح خەرەسان، رەوتە سیاسیەکان لە کوردستانی عیراق "خوێندنەوەیەك بۆ دۆسیەکانی بزووتنەوە و پارتە کوردیەکان لە عیراق" ١٩٤٦- ٢٠٠١ (بەیروت، ٢٠٠)،ل ١٣٠.

(٥) بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان " دەربارەی پاککردنەوەی حزب لە سەرچاوە خۆپەرست و گوماناویەکان" وەرگیراوە لە، شازین هێرش و نزار محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٩.

کۆنگرە کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد، لە نێویاندا هەڵبژاردنەوەی بارزانی وەك سەرۆکی پارتی، سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆش، کۆنگرە گێڕانەوەی کارگێڕی ناوخۆیی بۆ کوردستان رەت کردەوە، هەروەها بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دا، هاوکات بڕیار درا یاداشتنامەیەك ئاراستەی حکوومەت بکرێ تیایدا داوای ئۆتۆنۆمی بکرێ بۆ کوردستانی عێراق، کۆنگرە ناڕەزایی خۆشی بەرامبەر کۆنفرانسی ماوەت پیشان دا و بە ناشەرعی لە قەلەمی دا، بۆیە بڕیاری دەرکردنی ١٤ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی دا و لیژنەیەکی مەرکەزی نوێ پێکهێنرا[١]. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی حزبیش[٢]، کۆنگرە کۆمەڵێك بڕیاری راگەیاند. جگە لە سازکردنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی و لە پێناوی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و رێکخستنەوەی ئەندامان، بە تایبەتی ئەندامانی پارتی و پێشمەرگە و کۆمەڵگای کوردیدا، دوای ئەو جیابوونەوە مەترسیدارەی کە لەناو پارتی رووپدا، بارزانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی ئەنجام دا، پێدەچوو مەبەست لە دوایانەوە کێشانەوەی شەرعیەت بێ لە ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی و لاوازکردنی پێگەکەیان بێ بە جۆرێك کە لە توانایاندا نەبێ رووبەڕووی ببنەوە[٣] ١٢٢ .

(١) ئەمەی خوارەوە ناوی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پارتیە کە لە کۆنگرەی قەڵادزێ دووڕخرانەوە: ئیبراهیم ئەحمەد ، نوری شاوەیس ، عومەر مستەفا دەبابە ، سەید عەزیز سەید عەبدوڵا شەمزینی ، جەلال تالەبانی ، عەلی حەمدی مەردان ، عیسا زەبیحی ، عەلی عەسکەری ، ئەحمەد عەبدوڵا ، حلمی عەلی شەریف ، مەحمەد حاجی تاهیر ، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل (ماتۆر) ، نوری ئەحمەد تەها ، عەلی عەبدوڵا ، بڕوانە بەیاننامەیەك لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی فەرماندەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.ئەو ئەندامە تازانەی لیژنەی ناوەندیش کە لەلایەن کۆنگرەوە دەستنیشان کران ئەمانە بوون : حەبیب مەحمەد کەریم (سکرتێر) ، د. مەحمود عوسمان ، د. فوئاد جەلال ، هاشم حەسەن عەقراوی ، رەمەزان عەقراوی ، عەزیز عەقراوی ، ئیسماعیل مەلا عەزیز ، ئیسماعیل عارف ، یەدوڵا فەیلی ، فاتح مەحمەد بەگ ، سالح عەبدوڵا یوسفی ، نوعمان عیسا ، عەلی سنجاری ، عومەر شەریف . بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە : عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی و شێرزاد زەکەریا مەحمەد ، رێککەوتنی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ لە نێوان حکومەتی عیراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد (هۆکار و دەرەنجام) توێژینەوەیەکی مێژوویی دۆکیومێنتاریی ، (دهۆك ، ٢٠١٣) ، ل ٣٥ و دواتر.

(٢) بۆ بینینی دەقی بڕیارەکانی کۆنگرە ، بڕوانە ، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ل ٢٦٢ - ٢٦٥ : شازین هێرش و نزار محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٧ - ٢٠٠.

(٣) جەبار قادر ، "یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش"، بەشی (١)، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣٧٦)، (هەولێر، ٢٠٠٦/٨/١٥)، ل ١٤.

بەشی دووەم

پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان

- کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەن
- دەنگدانەوە و کاردانەوەکان سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەن.
- بەیاننامە و یاداشتنامە بەراییەکانی ئەنجوومەن.

کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەن

رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی بابەتێکی بڵاو کردەوە و تیایدا ئەو هۆکار و فاکتەرە تیۆری و واقیعیانەی خستنە روو کە وایانکرد بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری شۆڕشی کورد دەزگایەك دابمەزرێ، بەهۆی گرنگیی بابەتەکەش، ئاماژە بەم بڕگانەی خوارەوەی بابەتەکە دەکەین: نهێنی سەرکەوتنی شۆڕشە پێشکەوتووخوازەکانی گەلان و گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان لە ئازادی و رزگاربوون لە ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی، بەر لە هەموو شتێك پەیوەستە بە بوونی سەرکردایەتیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەریی وا کە کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕی پێگەیشتوو بخولقێنێ و هەموو هێز و توانا مادی و گیانییەکان بخاتە خزمەتی میللەت و ڕێکخستنی جەماوەر لە چوارچێوەیەکی تۆندوتۆڵ و دەرخستنی ئەم توانایانە لە کات و بارودۆخی گونجاودا. وزە و توانا پەرتوبڵاوەکانی میللەت تا چەند هۆشیار و دەوڵەمەندیش بن بە شۆڕشگێڕی بەڵام مەحاڵە بێن بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی گەرموگوڕ و دوژمن بەزێن، ئەگەر لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا کۆنەکرێنەوە و تێکەڵی یەك نەکرێن و نەتوێنرێنەوە[1]. لە مێژووی گەلی کورد و شۆڕشی وڵاتانی دیکەدا کۆمەڵێك وانە و ئەزموونی لەبار دەربارەی گرنگی و مەترسی ڕێکخستن لەسەر چارەنووسی شۆڕش و میللەت بەدی دەکرێن، شۆڕشەکانی پێشووی گەلی کورد بەهۆی بەدینەکردنی قارەمانێتی و قوربانیدان نەبووە کە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەست بووە بە نەبوونی سەرکردایەتیەکی هۆشیار و باوەڕدار بە ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی بونیادنراو بە گوێرەی بنەمای زانستی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی، بۆیە هەر دوای خولی یەکەمی شۆڕش، تواناکان پەرتەوازە بوون و بەرەکانی شۆڕش پشێوی و ناسەقامگیریان بەخۆوە دیوە، ئەمەش وایکردووە شۆڕشەکان هێز و توانای مانەوە و بەردەوامبوون لە خەباتی چەکداری لەدەست بدەن و دوژمنانیش بتوانن بە ئاسانی بنبڕیان بکەن[2]. هەروەها شۆڕشی جەزائیر و کوبا و ئەو شۆڕشە یەك لەدوایەکانەی لە کیشوەری ئەفریقیا و هی تریش بەرپا بوون و بوونە هۆی دوورخستنەوەی داگیرکاران و ستەمکاران و موعجیزەیان خولقاند. هەموو ئەم شۆڕشانە بەرپا کران و بەهۆی ڕێکخستنی هێزەکانی میللەت لەلایەن سەرکردایەتیە شۆڕشگێڕەکانەوە سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، ئەو سەرکردایەتیانەی خۆیان لەو پارتە نیشتمانپەروەر و نەتەوەخوازانەدا بەدی دەکرد کە بە باوەڕی پتەوەوە کەوتنە خەباتکردن و لە کۆتاییدا سەرکەوتنیان بۆ گەلانیان وەدەست هێنا[3].

---

(١) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(٢) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(٣) سەرچاوەی پێشوو .

ڕێکخستن ئەو پەیکەرە زیندوەیە کە لە ناخیدا پرۆسەی تێکەڵبوونی هێزە شۆڕشگێڕەکان روو دەدات، هەروەها هەموو توانا مادی و مرۆییەکانی شۆڕشیش، بەپێی ئاست و کاریگەریان، یەك دەگرن و ڕێکدەخرێن و بە گوێرەی پلانێکی پێشوەختە و وەرگیراو لە واقیعی شۆڕش لەیەك نزیك دەخرێنەوە و ئامادە دەکرێن، لێرەشدا تەنیا پارتی پێشەنگ دەتوانێ وەك پێویست و بە ڕێکوپێکی و بەگوێرەی تاکتیکی گشتی شۆڕش ئەم کارە ئەنجام بدات و ئاراستەی کەرتەکانی ئەم پێکهاتە زیندووە بکات و بیانجوڵێنێ[1].

ئاشکرایە کە شۆڕشی کورد بریتیە لە کۆمەڵێك جموجۆڵی سەربازی بە مەبەستی بەرگریکردن لە میللەت و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەڵام هاوکات بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشە و کار بۆ باشترکردنی هەموو بوارەکانی دۆخی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەشدا، سەرکردایەتی شۆڕش بە باشی درکی بە ماهیەتی ئەو سیاسەتە کردووە کە حکوومەت لە کوردستان پیادەی کردووە و تەنانەت لە کاتی دانوستانیشدا ڕێگەی بە جێبەجێکردنی هیچ پرۆژەیەك نەداوە کە ببێتە مایەی گۆڕینی ئەم واقیعە، لەبەر ئەم ڕاستیانە و لە پێناوی پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتگوزاریی و چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکانی کۆمەڵگا، سەرکردایەتی شۆڕش دەستی بە داڕشتنی پلانی گونجاو کرد، بۆ ئەوەی ئەم خزمەتگوزاریانە ببن بە هۆکارێك بۆ پێشکەوتن و تووندوتۆڵکردنی ناوەڕۆکی شۆڕش و پاراستنی دانیشتوانی کوردستان[2]

سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بە تەواوی ئاگاداری ئاستی ئەو قوربانیدانە گەورانە بوو کە گەلی کوردستان لە پێناوی بەرەوپێشەوەچوون و بەردەوامی شۆڕشەکەیدا پێشکەشی کردوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا گەلی کورد لە بارودۆخی شەڕکردندا بە دەستی کوشتن و ڕاگواستن و وێرانکردن ناڵاندوویەتی. هەر بەهۆی ئەم قوربانیانە بوو میللەت بووە خاوەنی ڕێزی هەموو لایەك، ئینجا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بووبێ یان دەرەوە. لە بەرامبەردا دەبوایە شۆڕشی کورد کار بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بکات بۆ گەلی کوردستان، نەوەك تەنیا پاراستنی ماف و قەوارەکەی، بەڵکو چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی و

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩؛ گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣. ژمارەی یەکەمی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە بەر لە کانونی یەکەمی ١٩٦٣ دەرکرا ، لەژێر سەرپەرشتی حلمی عەلی شەریف (١٩٣١ - ١٩٩٨) و فەرەیدوون عەلی ئەمین (١٩٣٤ - ١٩٩١) . ئەم گۆڤارە ڕووماڵی هەواڵەکانی شۆڕشی دەکرد و بڵاوی دەکردنەوە ، ژمارەکانی خولی یەکەمی بریتی بوون لە (١ - ١٢) ، لە خولی دووەمیش ژمارەکانی (١٣ - ٢٤) دەگرێتەوە و لە ئاداری ١٩٦٨ دەرچوون و لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ کۆتاییان هات . سەرەتا لەلایەن لیژنەی ڕاگەیاندنی شۆڕشی کوردستانەوە دەر دەکرا ، دواتر لە لایەن لیژنەی ئاراستەکردن و وەشاندنی شۆڕشی کوردستان . بڕوانە ، باوەکر عوبێد سالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٢.

کارکردن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا و ئەنجامدانی چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی توانا و بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان هاوڵاتیاندا[1].

پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رووداوێکی لەناکاو یان تەنیا هەستێکی سۆزداری نەبوو لە مێژووی شۆڕشی کورددا، هەروەها دەرەنجامی خواستێکی تازە یان لاساییکردنەوەیەکی کۆپڕانەی دەرەکی نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لە پێویستیەکانی بارودۆخ و پێشکەوتن و تێکەڵبوونی چەندین توێژ و چینی جیاواز لەگەڵ شۆڕشدا. سرووشتی خەباتی ئەم قۆناغەش هەنگاوێکی لەم جۆرەی دەخواست کە بریتی بوو لە هەنگاوێکی گەورە رووەو پەرەدان بە رێکخستنی شۆڕشگێڕی و سەرکردایەتی شۆڕش بە پیریەوە چوو، هاوکات ئەمە ئاماژەیەکیش بوو بۆ ئاستی تێگەیشتنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەرکە گران و مەترسیدارەکانی و نواندنی نەرمی لە پێشخستنی رێکخستن بەگوێرەی پێویستیەکانی شۆڕش و ئەو توانایانەی کە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنیدا دەیانخاتە روو، لە لایەکی دیکە ئەم هەنگاوە بەڵگەیەك بوو بۆ باوەڕی سەرکردایەتی بە دیموکراسی هۆشیارانەی وا کە خۆی لە سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵدا دەبینێتەوە کە تیایدا هەموو توێژە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکان بەرامبەر بە ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیان لە بەرەیەکی یەکڕیز و توندوتۆڵ و لە پێناوی گەیشتنی شۆڕش بە ئامانجەکانی بەشدار پێ بکات. رێکخستن کلێشەیەکی بێ گیان نییە لە هەموو دۆخ و قۆناغەکان پیادە بکرێ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا پێش بخرێ[2]. لە راستیدا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە بۆ چەند ساڵێك بەر لە دامەزرانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە، بەڵام کۆمەڵێك بەربەست و کێشە بوونە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی بیرۆکەکە[3] ١٣٠. بە مەبەستی ئامادەکاریکردن بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە ماوەی نێوان ٢٨ - ٢٩ی ئەیلوول ١٩٦٤ی[4] کۆنگرەیەکی میللی نیشتمانی لە شاری قەڵادزێ، بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و ئامادەبوونی ٣٥٠ کەسایەتی[5] کۆمەڵایەتی و سەربازی لە سەرتاسەری کوردستان ساز کرا، مەبەست لە سازکردنی

---

(١) مەحمود عوسمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٧١ - ٧٢.

(٢) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٥) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(٣) بڕوانە هەردووك پاشکۆی ژمارە (٦ و ٨) . لە تێزێنەوەیەکی حزبی شیوعی عیراق کە لە ٣ ی ئاداری ١٩٦٤ بڵاوکراوەتەوە ، هاتووە ، لیژنەی لقی کوردی حزب ،لە هەوڵەکانیدا بۆ پێشخستنی هاوکاری لەگەڵ پارتی ، پێشنیازی پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بۆ بارزانی کردووە کە لەژێر سەرکردایەتی خۆی بێ و ئەنجومەنەکە پشت ببەستێ بە بنەمای نوێنەرایەتی پارتی و حزبی شیوعی و لایەنە کوردیە سەربەخۆکان و کەسایەتیە سەربازی و دیموکراتخوازەکانی عەرەب ، ئەوانەی پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردیەوە کردووە. ئەگەرچیش بارزانی پێشنیازەکەی لا پەسند بووە بەڵام جێبەجێی نەکردوە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، " حزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد " ، گۆڤاری K21 ، ژ (٧) ، (هەولێر ، ٢٠١٠) ، ل ٥٧٩ و دواتر .

(٤) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، رۆژانێ لە مێژووی شۆرشی ئەیلولدا ١٩٦١-١٩٧٥، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل ٢١٥.

(٥) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ، ناسنامەیەکی نیشتمانی (لێکۆلینەوەیەك لە شۆڕشی ١٩٦١) ، وەرگێڕانی ، د. سوعاد محەمەد خزر ، (سلێمانی ، ٢٠١٢) ، ل ٣١٦.

کۆنگرەکە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان[1] و هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەت بوو بۆ بەشداریکردن لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان[2]. دوای دوو رۆژ کۆبوونەوە، بارزانی وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکەی ئاشکرا کرد و بووە مایەی بایەخی ئامادەبوان، بارزانی لە وتەکەیدا وتی: " لەم رۆژانە، بارودۆخی کوردستان بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا گوزەر دەکات، لە لایەك دەبینین حکوومەت تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی نەناوە لە پێناوی چارەسەرکردنی دۆزی رەوای کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە، چاوەڕێش ناکری هیچ شتێك بکات، بۆیە گرنگە ریزەکانمان ڕێك بخەین و بەبێ جیاوازی هەوڵی ئامادەکردن و ڕێکخستنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان بدەین لە پێناوی قوربانیدان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی گەلەکەمان لە پێناویاندا خەبات دەکات.بارزانی رووی قسەکانی کردە ئامادەبوان و وتی: ئێوە باش دەزانن کە پارتی لەسەر بنەمای تازەوە ڕێك خراوەتەوە و ئەو گرووپانەش لە کوردستان دەرکران کە خۆیان بەسەر گەلی کورددا دەسەپاند، دەخوازین بە گوێرەی پرۆگرام و ڕێگایەکی تازە کار بکەین، بە مەرجێك هەموو چینەکانی گەلی کوردستان بەشدار بن تیایدا. هەروەها بارزانی لە وتەکەیدا وتی: بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەخەمە ڕوو، پێویستە ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە جێبەجێ بکرێ، بۆیە داواتان لێ دەکەم ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمانداا ڕۆڵی باڵایان بینیوە بۆ ئەوەی ببن بە نوێنەری راستەقینەی گەلەکەیان لە ئەنجوومەن[3]. دواتر چەند وتەیەکی دیکە لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئامادەبووانەوە پێشکەش کران، لە نێویاندا وتەی عیسمەت شەریف وانلی[4] کەسایەتی نیشتمانپەروەری کورد کە تیایدا

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ٢٣ ی نیسانی ٢٠٠٥ لە زاخۆ ، ساڵی ١٩٣١ لە زاخۆ لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە موسل تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٥٧ کۆلێژی پادشایەتی سەربازیی لە بەغدا تەواو کردووە . ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە ، ساڵی ١٩٦٣ چۆتە ریزەکانی شۆڕشی کورد ، لە ناو شۆڕشدا چەندین پێگەی سەربازی وەرگرتووە ، ساڵی ١٩٦٤ بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ، لە کۆنگرەی هەشتی پارتی ، لە ساڵی ١٩٧٠ وەك ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە ، دوای بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ بۆتە بەرپرسی مەکتەبی سەربازی پارتی ، لە کۆنگرەی ١١ پارتی لە ساڵی ١٩٩٣ وەك ئەندامی لیژنەی چاودێری و پشکنینی ناوەندی حزب دەستنیشان کراوە ، ساڵی ١٩٩٠ خانەنشین کراوە ، ئێستا لە زاخۆ دەژیت : عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٨.

(٢) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥؛ یەحیا تاهیر میرزا، "مامۆستا محەمەد ئیسماعیل بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلوول"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١١)، (هەولێر، ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٩)، ل ٣٦.

(٣) وەرگیراوە لە ، عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١١٨-١١٩.

(٤) عیسمەت شەریف وانلی ساڵی ١٩٢٢ لە دیمەشق لەدایك بووە ، لە پەیمانگای عەرەبی فەرەنسی (لایبك) خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە . بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕووی کردۆتە پاریس ، چۆتە جنێڤ و لەوێ بۆتە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا ، بەشداری خەباتی سیاسی کوردی کردووە لە دەرەوە . وەك نوێنەری گەلی کورد بەشداری لە چەندین کۆنگرەی جیهانیدا کردووە . ژمارەیەك بڵاوکراوە و کتێب و یاداشتنامەی بە چەند زمانێکی ئەوروپی بڵاو کردۆتەوە . پەیمانگای زمانەوانی کوردی دامەزراندووە . وەك نوێنەری پەرلەمانی کورد لە ئەوروپا کاری کردووە . ساڵی

باسی لە کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان کرد بەرامبەر بزووتنەوەی کورد، هەروەها وانلی دووپاتی کردەوە کە بەدواداچوون بۆ وتەکەی کراوە و بۆتە جێی بایەخ و پشتگیریی ئامادەبوان[١]. ئینجا هەڵبژاردن ئەنجام درا و سەرۆك هۆزەکان رۆڵی گەورەیان تیادا بینی، چونکە پێشتر سەبارەت بە شێوازی دەنگدان لەنێو خۆیان لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە هەر یەکێك دەنگ بە گرووپەکەی بدات، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان بۆ ئەنجوومەن هەڵبژێردران، لە بەرامبەر ئەمەدا هەموو ئەندامانی لیژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی و ئامیر هێزەکان بەبێ هەڵبژاردن[٢] وەك ئەندامی ئەنجوومەن دەستنیشان کران. دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی پێی وایە ئەم بڕیارە درا بۆ ئەوەی سەرۆك هۆزەکان کۆنترۆلی ئەنجوومەن و بڕیارەکانی نەکەن.

بە مەبەستی تەواوکردنی ئەرکەکە، لە حەفتەی یەکەمی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە شاری رانییە ساز کرا و تیایدا تەواوی سەرکردە و ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پارتی و فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە و کەسایەتیە سەربازیە بەرچاوەکان و ژمارەیەك کەسایەتی رۆشنبیر و سەرۆك هۆزەکان ئامادە بوون و بەشداربووان بە دووروودرێژی گفتوگۆیان دەربارەی بارودۆخی هەنووکەیی و دەستکەوتەکانی شۆڕش و ئەو ئەرکانە کرد کە لە ئەستۆی لایەنە بەرپرسەکان دان[٣]. مەبەستیش لە سازکردنی کۆبوونەوەکە بە یاساکردنی شۆڕشی کورد بوو، بۆیە ئەرکی دارشتنی یاسا و سیستمەکانی شۆڕش بەم کۆنگرە میللیە بەرفراوانە سپێردرا و بەراستی دەست بە دارشتنی یاسا و ڕێساکان کرا[٤]، بۆ ئەوەی شوێنی یاساکانی حکوومەتی ناوەندی بگرنەوە[٥]. هەر لە میانی کۆبوونەوەکەدا باس لە بابەتە چارەنووسسازەکانی تایبەت بە گەلی کورد کرا، وەك شەڕ و ئاشتی و دانوستان لەگەڵ حکوومەت و دەرکردنی بڕیاری پێویست و لە بارەیانەوە[٦].

لە چواری تشرینی یەکەمی ١٩٦٤، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان درا[٧] ١٤٣ بۆ ئەوەی ببێ بە دەسەڵاتی باڵا لە شۆڕش، واتە ببێ بە هاوشێوەی دەسەڵاتی

٢٠١١ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : نەجات عەبدوڵا ،" عیسمەت شەریف وانلی ١٩٢٤ - ٢٠١١ ئەکادیمی و دیبلۆماتکار و مێژوونووسی کورد " ، عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨٥ : محەمەد عەلی سوەیرەکی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٧٨.

(١) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٧.

(٢) عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٩ - ١٢٠ .

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٩ : عەلی سنجاری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣ : موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧.

(٤) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤.

(٥) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە، کوردۆ، (هەولێر، ٢٠٠٧)، چ (٣)، ل ١٦٣.

(٦) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (١)،ل ١٤.

(٧) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٩ : حەسەن عەرەفە ، کورد ، توێژینەوەیەکی سیاسی مێژوویی ، وەگێڕانی ، جوان جومرد ، (شوێنی چاپی دیار نیە ، ٢٠٠١) ، ل ٢٧٢.

یاسادانان. ئەنجوومەن لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پارتی و سەرکردە سەربازییەکان و سەرۆك هۆز و نوێنەرانی تایەفە ئاینییەکان و کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان پێکهات[١] هەروەها میر تەحسین سەعید بەگ نوێنەرایەتی یەزیدیەکانی کرد لە ئەنجوومەن، هەروەها هەریەکە لە قەشە خوری پۆلس بێداری وەك نوێنەری کرستیانەکانی کلدان[٢] و مەتران مار یۆلاها ئەندراوس[٣] وەك نوێنەری ئاشووریەکان[٤] لە ئەنجوومەن دەستنیشان کران.شایەنی باسە تورکمانەکان نەبوونە خاوەنی هیچ نوێنەرێك لە ئەنجوومەن، ئەگەرچی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بانگهێشتی کۆبوونەوەکەی کردبوون و بانگهێشتنامەی بۆ هەریەکە لە عەمیدی خانەنشین عەبدوڵا عەبدولڕەحمانی سەرۆکی یانەی ئەخای تورکمانی لە بەغدا و محەمەد سالح سالحی سەرۆکی ژووری بازرگانی لە کەرکوك و کەسانی تر ناردبوو، بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەت بەخۆیان[٥] داوای لێبوردنیان کرد و ئامادەی کۆبوونەوە نەبوون، ئەگەر چی بارزانی هەوڵی زۆری دا لەم سیاسەتە دووریان بخاتەوە بەڵام ئەوان سیاسەتی بێلایەنیان لە نێوان حکوومەتەکانی عێراق و شۆڕشی کورد گرتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکردن لە مافە کارگێڕی و رۆشنبیریەکانی تورکمان یەکێك بووە لە ئامانجە جێگیرەکانی پارتی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد[٦].

---

(١) حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی - سەرکردایەتی نەتەوەیی - (مەکتەبی رۆشنبیری) ، دۆسیەی کێشەی کورد " تۆژینەوە و بەڵگەنامە"، (شۆڕش و کاتی چاپی دیار نیە) ، ل ٥٦ : محەمەد ئیسماعیل محەمەد ، مێژووی گەلی کورد - شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل ٤٩. کومەکا موحازەرانە ل پەیمانگەها مەلبەندی یا ماموستایان ل هەولێرێ هاتینە پێشکێشکرن ب پێتێن تابیعێنە.

(٢) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤ : دیمانەیەك لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ٢٣ ی نیسانی ٢٠٠٥ . قەشە خوری پۆلس بێداری ساڵی ١٨٨٧ لە ناوچەی زاخۆ لەدایك بووە ، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە ، پەیوەندی بە پەیمانگای مار یوحەناوە کردووە لە موسل ، ساڵی ١٩١٢ بۆتە قەشە . قۆناغی سی و چلەکانی لە سووریا و لوبنان بەڕێ کردووە . دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و لە بەغدا نیشتەجێ بووە . دوای کودەتای بەعسیەکان لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولی کوردەوە کردووە . خاوەنی چەندین بڵاوکراوەیە . لە ٧ ی ئەیلولی ١٩٧٤ لە شاری موسل کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، وەسفی حەسەن ردێنی ، 'قەشە پۆلس بێداری ئەو کەسایەتیا کوردستانپەروەرە و رەوشەنبیر"، گۆڤارا هیزل، ژ(١)، (زاخو، هاڤینا٢٠٠٦)، ل ل ٢٨-٣٥.

(٣) ئەندراوس تیادۆرۆس ئەیود بەرواری لە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی دووری لە ناحیەی کانی ماسی ناوچەی بەرواری بااڵ لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە کەرکوك تەواو کردووە ، بۆ ماوەی ٧ ساڵ پەیوەندی بە خوێندنی ئاینیەوە کردووە و بۆتە قەشە ، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی دووری بۆتە مەتران لە کەنیشەی رۆژهەاڵتی ئاشووری . ساڵی ١٩٦١ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش هەبووە . ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە، وەسفی حەسەن " مەتران مار یۆلاها (١٩٣٨ - ١٩٧١) مرۆڤی رۆشنبیر و خەباتکاری کوردستانی " ، وەرگێڕانی ، رەمەزان یەعقوب ، گۆڤاری هیزل ، ژ (٣) ، (زاخۆ ، زستانی ٢٠٠٧) ، ل ل ٩٥ - ٩٧ .

(٤) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ژمارە (٣٧٩)، (هەولێر،٢٠٠٦/٩/٥)، ل ١٣.

(٥) دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٦) حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق (چەند قۆناغێکی سەرەکی) ١٩٤٦ - ١٩٩٣ ، (دهۆك ، ١٩٩٨) ، ل ١٠٥ . جەمال نەبەزی تۆژەر باس لەوە دەکات کە تورکمانەکان نوێنەریان لە ئەنجومەن هەبوو ،

سەبارەت بە نوێنەرانی حزبی شیوعی عێراقیش لە ئەنجوومەن، بارزانی پێی وابوو بەهۆی پەیوەندیەکانی شۆڕش لەگەڵ ئێران کە دژایەتی شیوعیەکانی دەکرد، هەروەها بەهۆی بارودۆخی هەستیاری ئەو کاتە، باشتر وایە نوێنەری نەبێ لە ئەنجوومەن[1].

لە مەراسیمی کردنەوەی ئەنجوومەندا چەندین وتار لەلایەن ژمارەیەک لە کەسایەتیە بەشداربووەکان پێشکەش کران، ئەنجوومەن وەک ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی شۆڕشی کوردستان[2]، بە وەستان بۆ ماوەی خولەکێک دەستی بە کارەکانی کرد. دواتر شێخ محەمەد هەرسینی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی وتارێکی بەم بۆنەیە پێشکەش کرد و تیایدا بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و هیوای خواست ئەو ماندووبوونەی بەشداربووان دەیکێشن ببێتە مایەی گەیاندنی سوود بە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد. ئینجا وەک ڕێزلێنانێک لە گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، داوا لە ئامادەبوان کرا خولەکێک بوەستن، دواتر بەناوی ئامادەبوانەوە داوا لە مەلا مستەفا بارزانی کرا بەم بۆنەیەوە وتەیەک پێشکەش بکات، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بارزانی دانەری بەردی بناغەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە و لە پێناوی چارەسەرکردنی

لەمەشدا پشت بەو بەیاننامەیە دەبەستێ کە پارتی لە ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بڵاوی کردۆتەوە . بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٢ . بەڵام لە ڕاستیدا بەیاننامەکە هیچ ئاماژەیەکی وای تێدا نیە . بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە پاشکۆی ژمارە (٦) . لە لایەکی دیکە ، لیوای پۆلیس عەبدولموحسین خەلیل محەمەد دەڵێ تورکمانەکان لە ئەنجومەن نوێنەریان هەبوو ، بەڵام ناوی نەهێناوە. بڕوانە کتێبەکەی ، مەسەلەی کورد ، ڕووداوەکانی - پێشهاتەکانی ، تۆژینەوەیەکە بە سەرپەرشتی سەعد ناجی جواد ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عیراق کراوە ، (بەغدا ، ١٩٨٦) بەشی ٣ ، ل ٥٧٨ ، پەراوێزی ژ (١) . بەڵام ئەم قسەیە دووڕە لە ڕاستی .

(١) باوەکر عوبێد سالّح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٨. لە ماوەی پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندا حزبی شیوعی خاوەنی نوێنەر نەبوو ، بەڵام ئەم نوێنەرە ئامادەی کۆبوونەوەی سێیەمی مانگی ئابی ١٩٦٦ ی ئەنجومەن بووە .بڕوانە، ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦. هەر لەو بارەوە کەریم ئەحمەدی سەرکردەی پێشوو لە حزبی شیوعی باسی لەوە کردووە کە لە کاتی دامەزراندنی ئەنجومەندا حزبی شیوعی خاوەنی هیچ نوێنەرێک نەبووە ، بەڵام کاتێک حزب داوای لە بارزانی کردووە کە پێویستە حزب لە ئەنجومەندا نوێنەری هەبێ ، ڕەزامەندی دەربڕیوە و نەقیب کەمال نوعمان ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە . دیمانە لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ڕێکەوتی ١٩ ی ئایاری ٢٠٠٥ ، سالّی ١٩٢٢ لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە ، پەیمانگای پەروەردەی جەستەیی لە بەغدا تەواو کردووە ، سالّی ١٩٤٤ بۆتە ئەندامی حزبی شیوعی عیراق ، سالّی ١٩٥٣ بۆتە سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حزب ، تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ دەستگیر کراوە ، سالّی ١٩٦٢ هەتا ١٩٩٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بووە ، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعی کوردستان ، دەستی لە کاری حزبی کێشاوەتەوە و ئێستا لە هەولێر دەژی . عەزیز محەمەدی سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حزبیش لەو بارەوە دەڵێ: ئەو بە بارزانی وتووە ، ئێوە لە ئەنجومەن نوێنەرایەتی حزبەکەی ئێمەش دەکەن ، بەڵام باشتر وایە ئەندامێکی شیوعی لە ئەنجومەن بێ ، دیمانەیەک لەگەڵ عەزیز محەمەد لە ڕێکەوتی ١٨ ی ئایاری ٢٠٠٥ .هەروەها عەبدولموحسین خەلیل محەمەد باس لەوە دەکات کە لە کاتی ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتیدا - ناوەکەی ئاشکرا ناکات - دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو عەرەبانەی بەشداریان لە شۆڕش کردووە ، نوێنەریان هەبووە لە ئەنجومەن کە سەلیم فەخری ئەفسەری شیوعی موسلی بووە ، هەروەها ناوی دوو ئەفسەری شیوعی دیکەش دەهێنرێ کە سەعید مەتەر و غەزبان ئەلسەعد بوون . بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی (٣) ، ل ٥٧٨، پەراوێزی ژمارە (١) .

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦) .

کێشەکانی گەلی کوردیش[1]، یەکەم کەس بووە بیری لە دامەزراندنی ئەنجوومەن کردۆتەوە. بارزانی وتەیەکی پێشکەش کرد و بە ئامادەبوانی راگەیاند " ئامادەبوونتان لەم شوێنە، مانای یەکگرتنی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد دەبەخشێ و پێویستە لەسەرمان پێکەوە بە هزری ئاشکرا و سوودبەخش لەپێناوی ئەم گەلەدا کار بکەین، بارزانی داوای لە ئامادەبوان کرد بەر لە هەموو شتێك رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکەن و لە خۆپەرستی دوور بکەونەوە و دڵسۆزانە کار بۆ خزمەتکردنی دۆزی رەوایان بکەن.هاوکات داوای کرد هەوڵی لێکتێگەیشتن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بدەن و قەناعەتیان پێ بکەن کە کورد لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە رەواکانیدا خەبات دەکات و لە گرتنەبەری شێوازی نابەجێ و هەڵە خۆیان دوور بگرن. بارزانی لە وتەکەیدا ئامادەباشی خۆی نیشان دا کە لە بەرامبەر ئامادەبوان داوای لێبوردن بکات لە هەر هەڵەیەك کە ئەنجامی دابێ و هەموو سزایەکیش قبول بکات. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بارزانی داوای گێرانەوەی هەموو ئەو گوندانەی بۆ خاوەنە رەسەنەکانیان کرد کە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تەعریبکردن و جەختیشی کردەوە کە هیچ شتێك بە ناوی ململانێی کوردی - عەرەبی بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ململانێیە لە پێناوی دەرخستنی راستیەکان، داواشی لە حکوومەت کرد لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو رۆڵەکانی گەلی عێراق رایگەیەنێ، هەروەها دووپاتی کردەوە کە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە گەلی کورد سەرکەوتووە و سەریش دەکەوێ، بەڵام پێویستی بەوە هەیە وردتر کار بکات[2] .

دواتر مستەفا قەرەداغی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بەناوی مەکتەبی سیاسیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد، وتەکە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنێك بۆ رەوشی سیاسی لە کوردستان و خەباتی گەلی کورد و پێشمەرگە و دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عەبدولسەلام محەمەد عارف لە دوای رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤[3]. هەروەها لە وتەکەدا قەرەداغی داوای لە ئەندامانی ئەنجوومەن کرد بە دڵسۆزیەوە کار بۆ توندوتۆڵکردنی کۆڵەگەکانی شۆڕش و رێکخستنی بکەن و رەچاوی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەن و بیانخەنە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندیە خودی و بەرتەسکەکان، دووپاتیشی کردەوە کە مەکتەبی سیاسی - وەك رابردوو - هەموو تواناکانی دەخاتە خزمەتی هێنانەدی ئامانجە سەرەکیەکەی شۆڕش کە ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی دیموکراسیدا، هەروەها داوای یەکخستنی ریزەکان و وەستان بە رووی دوژمنانی کرد لە پێناوی زامنکردنی سەرکەوتنی شۆڕشدا[4].

ئینجا مقەدەم روکن عەزیز رەشید ئاکرەیی بە ناوی هێزەکانی پێشمەرگەوە وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و تیایدا باسی بەستنی گۆنگرەی پارتی و کۆنفرانسی سەربازی و میللی کرد کە بەر لەو

(١) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٢)، ژمارە(٣٧٧)، (هەولێر،٢٠٠٦/٨/٢٢)، ل ١٤.
(٢) بڕوانە دەقی وتەکە لە ، جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٢و٣)، ژمارە (٣٧٧) و(٣٧٨)، (هەولێر، ٢٠٠٦/٨/٢٩).
(٣) هەمان سەرچاوە، بەشی (٤)، ل ١٣.
(٤) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

کۆبوونەوەیە ئەنجام درابوون، جەختیشی لەسەر پێویستی داڕشتنی یاسا و ڕێسای پێویست کردەوە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکان و رایگەیاند گرنگی ئەم یاسا و ڕێسایانە لە جێبەجێکردنیان دایە نەوەك تەنیا لەسەر کاغەز بمێننەوە[١].

هەروەها عەبدولحەمید دەروێش[٢] ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد پارتی لە سووریا وتاری پارتەکەی پێشکەش کرد و بەناوی حزبەکەی و گەلی کورد لە سووریا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بە دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە دەربڕی و بە هەنگاوێکی کەمووێنە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و ڕەنگدانەوەی واقیعبینانەی شۆڕش و ئەو قۆناغە مێژووییە وەسفی کرد کە پێیدا گوزەر دەکات، هەروەها داوای خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششی کرد لە پێناوی ڕێکخستن و یەکخستنی زیاتر و زیاتری ریزەکانی شۆڕشی کورد، لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا[٣].

لەلایەن خۆیەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا[٤]، کەمال فوئاد[٥] ١٦٠ پێشوازی لە پێکهێنانی ئەنجوومەن کرد و داوای لە ئەندامانی کرد لە پێناوی یەکخستنی ریزەکانی حزب و هێزە

---

(١) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ل ١٣.

(٢) عەبدولحەمید دەروێش لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی قرمانیە لە ناوچەی جەزیرە لەدایك بووە ، هەر لەوێ خوێندنی تەواو کردووە ، ڕووی کردۆتە زانکۆی دیمەشق ، بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی خوێندنی زانکۆیی تەواو نەکردووە ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد (پارتی) لە سوریا ، ئێستا لە گوندی قرمانیە دەژیت . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە کتێبەکەی ، أضواء على الحركة الكردية في سوريا ، (شوێنی چاپی دیار نیە ،٢٠٠٠) .

(٣) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤ : عەبدولحەمید دەروێش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٨٧- ٨٨ . بڕوانە دەقی وتارەکە لە پاشکۆی ژمارە (٧) . عەلی سنجاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەڵێ عەبدولحەمید دەروێش هیچ وتەیەکی حزبەکەی بە ئاشکرا پێشکەش نەکردووە ، هەروەها ناوی لە هیچ یەکێك لە لیژنەکانی ئەنجومەن نەبووە و سەرکردایەتی شۆڕش نەیویستوە ناوی کوردی بەشەکانی تری کوردستان بخرێتە ناو پێشهاتەکان لە کوردستانی عیراق بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە مایەی زیاتر تێکدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام محەمەد عارف . دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٤) ئەم ئەنجومەنە لە شاری فیزبادنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە نێوان ١٠ - ١٦ ی ئابی ١٩٥٦ دامەزراوە ، دوای ئەوەی لەم شارە کۆمەڵێك قوتابی کورد کۆبوونەوە و بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکیان دا بۆ خۆیان لەژێر ناوی ئەنجومەنی زانستی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا ، لە کۆنگرەی سێیەمیدا لە ساڵی ١٩٥٨ ،ئەنجومەن بڕیاری دا ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەنجومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپ و هەتا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی بە چالاکیەکانی دا ، لەو ماوەیەدا ١٦ کۆنگرەی سازکرد . گرنگترین ئامانجەکانی بریتی بوون لە پاراستنی یەکڕیزی قوتابیانی کورد و باشتر کردنی گوزەرانیان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و زانستیەکانیان و تووندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی جیهان و هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کورد بە هەموو دەڤەرەکانی جیهان و پەیداکردنی لایەنگری زیاتر بۆ دۆزی کورد . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد،لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، (سلێمانی، ٢٠٠٩).

(٥) کەمال فوئاد ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، لەوێ خوێندنی تەواو کردووە و بۆتە قوتابی لە کۆلێژی ئەندازیاری ، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی لە زانکۆ دوور خراوەتەوە ، لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٩ - ١٩٦١) لە ئەوروپا درێژەی بە خوێندن داوە و لە کۆلێژی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتیەکان لە زانکۆی هامبۆرگی ئەڵمانیا بۆتە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە لێکۆڵینەوە ئێرانیەکان ، دواتر ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی دکتۆرای وەدەست هێناوە ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و ئێستا لە سلێمانی دەژی . بڕوانە، فەرهاد محەمەد ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧١.

نیشتمانپەروەرەکانی پێشمەرگە کار بکەن و یەکڕیز بوەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش، هەروەها جەختی لەسەر پێداگرتن لەسەر مافە نەتەوەییە رەواکان و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی ڕێکخستن و زیادکردنی تواناکان کردەوە لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد[١]. بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیشی ڕوون کردەوە کە قوتابیان لە ئەوروپا بە هۆی بوونی ململانێی ناوخۆیی لە نێو ڕیزەکانی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە[٢] دڵتەنگ و نارازین، هەروەها ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا وەك هەمیشە بە هەموو هێز و توانایەکیەوە کار دەکات لە پێناوی پەیداکردنی دۆست و دابینکردنی پشتگیری زیاتر بۆ شۆڕش. دووپاتیشی کردەوە کە قوتابیان لە دەرەوە پشت بە هێز و ڕێچکەی شۆڕش لە ناوەوەی وڵات دەبەستن[٣].

دواتر عیسمەت شەریف وانلی وتەبێژی دووڕودرێژ و گرنگی بەناوی لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات[٤] پێشکەش کرد، تیایدا پێشوازی لە دامەزراندنی ئەنجوومەن کرد و سازکردنی کۆبوونەوەکەشی بە هەنگاوێکی مێژوویی و پێویست لە پێناوی زیاتر ڕێکخستنی شۆڕشی نەتەوەیی گەلی کورد و بەهێزکردنی لە قەڵەم دا[٥].

ئینجا قەشە خوری پۆلس بێداری بەناوی کرستیانەکانی کوردستان وتەبێژی پێشکەش کرد و تیایدا ڕایگەیاند کە کرستیانەکان ئامادەن کاری زیاتر بکەن لە پێناوی پشتگیریکردن لە شۆڕشی کورد، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە هەموو لایەك دڵسۆزانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلی کورد و شۆڕشە

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات ،ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(٢) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ل ١٣.

(٣) ڕۆژنامەی خەبات ،ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤. بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، لە بەڵگەنامەکانی ...، ل ٣٩.

(٤) ئەم لیژنەیە ساڵی ١٩٥٧ ، دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا دامەزرا و بارەگاکەی لە سویسرا بوو ، مەبەست لە دامەزرانی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد بوو . لەو بوارەدا چەندین ئەرکی گرنگی جێبەجێ کرد ، لەوانە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر بەیاننامە و بڵاوکراوە ، هەروەها وەرگێڕانی سەرجەم بەیاننامەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستان و بڵاوکردنەوەیان لە دەرەوە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی جیهان لە دۆزی کورد . بڕوانە ، مەحمود عوسمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٥.

(٥) بۆ دەقی وتەکە ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) . شایەنی باسە هەریەکە لە کەمال فوئاد و عیسمەت شەریف وانلی لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ١٩٦٤ لەسەر داوای ئەنجومەنی قوتابیانی کورد و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی لە ئەوروپا ، سەردانی کوردستانیان کرد ، مەبەستی سەردانەکەش هەوڵدان بوو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان مەلا مستەفای سەرۆکی پارتی و ئەندامانی - پێشووی - مەکتەبی سیاسی و نزیککردنەوەی بۆچوونەکانیان ، هەروەها بۆ ئەوەی بە هەردوولای ڕابگەیەنن کە قوتابیان و دۆستانی کورد لە ئەوروپا بەرامبەر بە ڕوودانی جیابوونەوە و بارودۆخی کوردستان دڵتەنگن . دوای ئەوەی سەردانی هەردوو لایان کرد ، هەوڵەکانیان ئەنجامی ئەوتۆی نەبوو ، هەر لە ماوەی مانەوەیان لە کوردستان ، بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد و تیایدا بوون بە ئەندام . دواتر لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ گەڕانەوە ئەوروپا . بڕوانە ، جەبار قادر ، سەرچاوەی پێشوو، بەشی(٤)، ل١٣؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی...، ل ل ٣٨-٣٩.

نیشتمانییەکەی تێبکۆشن[1] و کاروباری شۆڕش ڕێك بخرێتەوە، ئەوەی لە وتەکەی قەشە بێداریدا مایەی سەرنج بوو، ئەو بە بەردەوامی بڕگەی " ئێمەی کورد" ی بەکار هێنا، واتە وەك تاکێکی کوردی کرستیان قسەی کرد نەوەك نوێنەری گەلێکی دیکەی کوردستان، هەروەها بە دروشمی " بژی کوردستانی ئازیز، بژی سەرکردایەتی مستەفا بارزانی ڕۆڵەی بوێری کوردستان "[2] کۆتایی بە وتەکەی هێنا.

پاشان لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی وتەیەکی بەناوی ئەندامانی هۆز و لایەنە میللیەکان پێشکەش کرد و باسی لە مێژووی ڕاپەڕینە کوردیەکان و پلانی داگیرکاران دژی کورد و شۆڕشەکانی کرد.هەروەها ڕوونی کردەوە کە هۆکاری سەرنەکەوتنی کورد بوونی ململانێ و جیابوونەوە بووە لە نێوانیان، ڕەخنەشی ئاراستەی هەڵوێستی هەندێك لە بەرپرسانی شۆڕش کرد و داوای یەکگرتن و برایەتی کرد، دواتر داوای لێبوردنی کرد کە بەهۆی خراپی باری تەندروستیەوە ناتوانێ ئامادەی دانیشتنەکان بێ و بۆچوون و لێکدانەوەکانی بخاتە ڕوو[3].

مار یۆلاها ئەندراوسی مەترانی ناوچەی بەرواری باڵا - سەر بە قەزای ئامێدی - ش کە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، بەهۆی دووری ڕێگاوە نەیتوانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بێ و نامەیەکی ئاراستەی ئامادەبوان کرد و داوای لێبوردنی کرد[4]. سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی سوێندخواردن و ئەو ڕێگایەی دەبێ بگیرێتە بەر لە سوێندخواردن، مشتومڕ لە نێوان ئامادەبووان دروست بوو، ئایا هەموو ئەندامێك بە تەنیا سوێند بخوات یان شێخ محەمەد هەرسینی سوێندەکە بخوێنێتەوە و دوای ئەو ئەندامان بیڵێنەوە، یان هەر پێنج ئەندام بە جارێك سوێند بخۆن؟ لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر شێوازی سێیەم درا و ئەندامان سوێندیان خوارد[5]. دوای پێشکەشکردنی ئەم وتانە، مەراسیمی سوێندخواردن دەستی پێکرد و دەقی سوێندخواردنەکەش بەم شێوەیە بوو " سوێند بە خوای گەورە و بە قورئانی پیرۆز و بە گیانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و نیشتمان دەخۆم کە دڵسۆزانە کار بکەم و دەستبەرداری کارکردن نەبم لە پێناوی بەرژەوەندیی کورد و شۆڕش ". ئەوەبوو هەموو ئەندامان سوێندیان خوارد و دەستیان خستە سەر قورئان[6]. کرستیانەکانیش سوێندیان بە کتێبی پیرۆز خوارد[7].

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات ،ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(٢) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ل ١٣.

(٣) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ل ١٣.

(٤) هەمان سەرچاوە . شایەنی باسە مەتران مایۆلاها ئەندراوس ئامادەی کۆبوونەوەکەی هەردوو ڕۆژی ٢٨ و ٢٩ ی ئەیلول بوو لە قەڵادزێ . بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٧ . پێدەچێ دوای تەواوبوونی کۆبوونەوە ، ناوچەکەی بەجێ هێشتبێ ، بۆیە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامادە نەبوو .

(٥) هەمان سەرچاوە، بەشی (٥)، ژمارە (٣٨٠)، (هەولێر،٢٠٠٦/٩/١٢)، ل ٥؛ دیمانە لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ئاداری ٢٠٠٨.

(٦) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٥)، ل ٥.

(٧) دیمانە لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ئاداری ٢٠٠٨. دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

بڕیار وابوو بارزانی یەکەم کەس سوێند بخوات، بەو پێیەی ئەو سەرۆکی ئەنجوومەن بوو، بەڵام کە گەیشتە بەردەم ئەندامان، وتی "لە ژیانمدا سوێندم نەخواردوە، ئەگەر لێبوردنم قبول بفەرموون سوێندیش ناخۆم، چونکە تەنانەت ئەگەر دەستبەرداری کاری شۆڕشگێڕی و خەباتیش بم، بە درێژایی تەمەنم هەرگیز ناپاکی ناکەم، من لە خزمەتی گەلی کورد دام. تەنانەت ئەگەر ئێوەش خیانەت بکەن، من نایکەم، پەیمانم دا بەڵام هەرگیز سوێند ناخۆم". ئەو کاتە، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن رازی بوون بەوەی بارزانی سوێند نەخوات[1]. هەروەها شێخ لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجیش سوێندی نەخوارد[2]. سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسایەتیانەی بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کرد[3]، لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پارتی و فەرماندە باڵاکانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئامیر هێز و کۆمەڵێك سەرۆك هۆز و کەسایەتی و پیاوانی ئاینی و نوێنەری ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد و دوو لە پیاوانی ئاینی مەسیحی[4]، سەرچاوەکان یەکڕا نین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی خوارەوە لیستێکە بەناوی بەشداربوانی کۆنگرەی یەکەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان، کە لەلایەن حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری - ئەو کاتەی - پارتیەوە ئامادە کراوە:

یەکەم: ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی پارتی:

١- مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی و سەرۆکی ئەنجوومەن.
٢- حەبیب محەمەد کەریم.
٣- مەحمود عوسمان.
٤- سالح یوسفی.
٥- عەزیز عەقراوی.
٦- دکتۆر فوئاد جەلال.

---

(١) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٤)، ل ١٣؛ دیمانە لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ئاداری ٢٠٠٨.
(٢) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.
(٣) بەشێك لە توێژەران پێیان وایە کە (٦٣) کەسایەتی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون . بڕوانە ، حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ١٠٤ : ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٠ : کۆنتەر دشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٢٦٧ : ژمارەیەك نووسەری کورد و رووس ، بارزانی و گەواهی مێژوو ، وەرگێڕانی ، باقێ نازێ و عەبدی حاجی ، (دهۆك ، ٢٠٠٥) ، ل ٨٢ : جەبار قادر دەڵێ ژمارەی ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە (٥٠ - ٦٠) ئەندام بوو ، بڕوانە بابەتەکەی ، سەرچاوەی پێشوو، بەشی(٥)، ژمارە (٣٨٠)، ل ٥.سەبارەت بە هەمان بابەت ، موحسین دزەیی باس لەوە دەکات کە نزیکەی (٧٠) کەس ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون ، بڕوانە ، یاداشتنامەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧ . بە گوێرەی بۆچوونی عیسمەت شەریف وانلیش ، ژمارەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە (٤٨) ئەندام بوو . بڕوانە ،کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٨.
(٤) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٥)، ل ٥.

٧- یەدوڵا کەریم.
٨- عەلی سنجاری.
٩- نوعمان عیسا.
١٠- ئیسماعیل عارف.
١١- هاشم عەقراوی.
١٢- ئیسماعیل مەلا عەزیز.
١٣- شێخ محەمەد هەرسینی.
١٤- مستەفا قەرەداغی.
١٥- محەمەد ئەمین عەلی.
١٦- عومەر شەریف.
١٧- رەمەزان موحسین عەقراوی.

دووەم: فەرمانده سەربازییەکان:

١٨- عەقید عەبدولرەحمان قازی.
١٩- عەقید نوری مەلا مەعروف.
٢٠- عەقید روکن عەبدولکافی نەبەوی.
٢١- عەقید شێخ سالّح شێخ محەمەد.
٢٢- مقەدەم نافز جەلال حەوێزی.
٢٣- مقەدەم نوری مەلا حەکیم.
٢٤- رەئیس بەکر عەبدولکەریم.
٢٥- نەقیب یوسف جەمیل میران.
٢٦- نەقیب شێخ رەزا گولّانی.
٢٧- ملازمی یەکەم رەشید سندی.
٢٨- ملازم عەبدولوەهاب ئەتروشی.
٢٩- ئەسعەد خۆشەوی.
٣٠- عیسا سوار.
٣١- حەسۆ میرخان دۆلّەمەری.
٣٢- عەلی خەلیل.
٣٣- عەبدولّا ئاغا پشدەری.

٣٤- حاجی شێخ قادر.

سێیەم: کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان:

٣٥- عیسمەت شەریف وانلی.

٣٦- کەمال فوئاد(١).

٣٧- لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی.

٣٨- کاکە زیاد غەفوری.

٣٩- موحسین دزەیی.

٤٠- شێخ حوسێن بۆسکین.

٤١- باپیر بابەکر ئاغا.

٤٢- شێخ محەمەد بالیسانی.

٤٣- وەهاب ئاغا جوندیانی.

٤٤- عەباس مامەند ئاغا.

٤٥- ئیسماعیل سوار ئاغا.

٤٦- سالّح بەگ میران.

٤٧- سلێمان حاجی بەدری.

٤٨- ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی.

٤٩- مەحمود بەگ گولێ.

٥٠- مستەفا بەگ جاف.

٥١- شێخ کەوکەز سەید تەها.

٥٢- کوێخا ئیسماعیل تەلانی.

٥٣- حاجی ئاغا هێرۆ.

٥٤- مەجید حەمە رەشید خان.

٥٥- مەحمود عەباس ئاغا.

٥٦- عەبدولرەحمان ئاغا نورەك.

٥٧- شێخ رەئوف هەنجیرە.

---

(١) عیسمەت شەریف وانلی دووپاتی دەکاتەوە کە بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی بریاریان دابوو ناوی ئەو و کەمال فوئاد وەك دوو ئەندامی سەربەخۆ بخەنە ناو لیستی ئەنجومەن . بڕوانە، کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٨.

٥٨- حاجی ئیبراهیم چەرمەگا.

٥٩- شێخ محیەدین سندۆلان.

٦٠- مار یۆلاها ئەندراوس - مەترانی بەرواری باڵا.

٦١- قەشە پۆلس بێداری.

٦٢- گۆرگیس مەلەك چەکۆ(١).

٦٣- تەحسین بەگ سەعید بەگ میری تایەفەی یەزیدی(٢) .

لە کاتێکدا دکتۆر جەبار قادر باسی ژمارەیەك ناوی بەشداربوانی ئەنجوومەن دەکات کە حەبیب محەمەد کەریم ناوی نەهێناون، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- حیکمەت حەکیم قۆسمیز پزیشك .

٢- مقەدەم نامق کۆیی.

٣- مقەدەم عەبدوڵا تۆفیق.

٤- تەها بامەرنی عەقید .

٥- محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان سامی .

٦- حامد قادر.

٧- عەبدولحەمید دەرۆێش.

٨- محەمەد بۆسکین.

٩- شەمسەدین موفتی.

١٠- حاجی مەحمود ئاغا.

١١- بابا تاهیر شێخ جەلال.

١٢- محەمەد سەید عەلی.

١٣- ملازم تاهیر عەلی والی.

١٤- شەوکەت عەقراوی.

١٥- ئەنوەر بەگ بێتواتە.

---

(١) عەلی سنجاری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی دووپاتی دەکاتەوە کە گۆرگیس مەلەك چەکۆ ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن نەبوو و دوای رێککەوتننامەی ١١ ی ئادارى ١٩٧٠ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردوە و کراوەتە بەرپرسی لیژنەی کاروباری کرستیانەکانی کوردستان کە ساڵی ١٩٧٢ پێکهێنرا . دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٢) بڕوانە ، حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ل ١٠٤ - ١٠٥ .

١٦- عەگید سەدیق ئامێدی[١].

ڕەشید حاجی بەدری ڕەشید سندی ئەندامی ئەنجوومەنیش دووپاتی دەکاتەوە کە زۆربەی ناوەکانی ناو هەردووك لیستی حەبیب محەمەد کەریم و جەبار قادر، ئامادەبوانی دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەنن یان لەوێ ناویان هاتووە[٢]. لە لایەکی دیکە، عەلی سنجاری ئەندامی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی دووپاتی دەکاتەوە کە زۆربەی بەشداربووان بە سیفەتی مێوان ئامادەی دانیشتنەکە بوون نەوەك ئەندام، لە نێویاندا عەبدولحەمید دەرۆێش و حیکمەت حەکیم قۆسمیز و کەسانی تر[٣]. شایەنی باسە، هەندێك لەو ئەندامانەی ناوەکانیان لە سەرەوە هاتووە، بەهۆی سەرقاڵبوون بە جێبەجێکردنی ئەرکی تایبەت بە شۆڕش، یان بەهۆی بارودۆخی تایبەتەوە ئامادەی کۆبوونەوەی کۆنگرەی میللی نیشتمانی شاری قەڵادزێ و کۆبوونەوەی تایبەت بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕانییە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەندامی ئەنجوومەن دەستنیشان کران، لەوانە: موحسین دزەیی[٤] و سلێمان حاجی بەدری و عەباس مامەند ئاغا[٥] و تەحسین بەگ سەعید بەگ[٦] و ئەسعەد خۆشەوی و عیسا سوار و حەسۆ میرخان دۆڵەمەری[٧].

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان لە کوردستان دانرا و لەو یاسایەدا کە لە ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دەرکراوە، هاتووە ".... دەسەڵاتی شۆڕشی کورد هەموو کارەکانی دەوڵەتی عێراق لە چوارچێوەی سنوورەکانی کوردستان ڕادەپەڕێنێ. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش لە کوردستان ئەلتەرناتیڤی شەرعی ئەم دەسەڵاتەیە، چونکە لە قۆناغی جەنگدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد دەکات و تا کاتی هێنانەدی گرنگترین داواکاری میللەتەکەمان کە

---

(١) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٥)، ل ٥.

(٢) دیمانە لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ئاداری ٢٠٠٨.

(٣) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٤) بڕوانە ، یاداشتنامەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٨ .

(٥) دیمانە لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧. ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی سپێندارۆك لە ناوچەی زاخۆ لەدایك بووە ، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا بۆتە ئەفسەر لە سوپای لیفی بەریتانی ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردیەوە کردووە و لە ڕووداوەکانیدا بەشدار بووە ، ساڵی ١٩٦٨ بۆتە ئامیری یەکێك لە فەوجەکانی سەر بە هێزی هەڵگورد ، تا ساڵی ١٩٧٥ چەند بەرپرسیارێتیەکی لە شۆڕش پێ سپێردراوە . لە ١ ی شوباتی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە . لەم دیمانەیەدا باسی لەوە کرد کە بارزانی ئەم و عەباس مامەند ئاغای وەك دوو ئەندام لە ئەنجومەن دەستنیشان کرد : لەبەر ئەوەی ئەرکێکی شۆڕشی پێ سپێردرابوو بۆیە لەنێو ئامادەبوان نەبووە . سەبارەت بە عەباس مامەند ئاغاش ، ناوبراو دەڵێت : ئەو لەلای بارزانی خاوەنی ڕێزی تایبەتی بوو ، دەربارەی ئەندامانی دیکەش ، بارزانی ڕۆڵی نەبینی لە دەستنیشانکردنیان.

(٦) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٧) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤. عیسمەت شەریف وانلی بە نووسین باسی لەوە کردووە کە بارزانی نەیخواستووە هەریەکە لە عیسا سوار و حەسۆ میرخان و ئەسعەد خەلیل خۆشەوی بن بە ئەندامی ئەنجومەن ، پێی وابووە ئەمە پێویست نیە . بڕوانە ، کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٠.

ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی دیموکراسیدا بەردەوام دەبێ لەسەر راپەڕاندنی ئەم ئەرکانە...."[1].

لە کۆتایی کۆبوونەوەی رۆژی ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری پێکهێنانی پێنج لیژنەی دا کە ئەمانە بوو:

١- لیژنەی سەربازیی: بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگە و ئەندامانی بریتی بوون لە: نووری مەلا مەعروف، عەبدولڕەحمان قازی، حیکمەت حەکیم قۆسمیز، مقەدەم عەزیز، مقەدەم نامق کۆیی، مقەدەم عەبدوڵا تۆفیق و شێخ ڕەزا گوڵانی.

٢-لیژنەی دارایی: بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری گومرگ و باج و دارایی و ئەندامانی بریتی بوون لە: شێخ محەمەد عەبدولڕەحیم هەرسینی، محەمەد ئەمین، یەدوڵا کەریم، حامد قادر، ڕەمەزان موحسین عەقراوی و عومەر شەریف[2].

٣-لیژنەی کارگێڕی: بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە ئازادکراوەکان، ئەندامانیشی بریتی بوون لە: سلێمان حاجی بەدری سندی[3]، سالح میران، کەمال فوئاد، عەلی سنجاری، حاجی مەحمود ئاغا، بابا تاهیر شێخ جەلال، محەمەد سەید عەلی، عەبدلوەهاب ئەتروشی، وەهاب ئاغا جوندیانی.

٤-لیژنەی دادوەری: بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری دادگاکان لە شۆڕش و ئەو کێشانەی پێویستیان بە دادگا هەیە، ئەندامانیشی بریتی بوون لە: حەبیب محەمەد کەریم، شێخ سالح، ملازم تاهیر، موحسین دزەیی.

٥-لیژنەی دەستوور: بۆ دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆیی و پڕۆگرامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دیارکردنی ئەرك و مافەکانی ئەنجوومەن و سەرۆکەکەی، ئەندامانیشی بریتی بوون لە: هاشم عەقراوی، عیسمەت شەریف وانلی، کەمال فوئاد، مستەفا قەرەداغی، لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی، عەبدولحەمید دەرویش، عەباس مامەند، محەمەد بۆسکین، کەوکەز سەید تەها، شەمسەدین موفتی[4]، پۆلس بێداری، کاکە زیاد[5].

---

(١) وەرگیراوە لە ، ش .ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٩.

(٢) ڕەشید سندی باس لەوە دەکات کە بارزانی حاجی ئیبراهیمی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دەرکردوە و ئەو ئەندامی هیچ لیژنەیەك نەبووە ، چونکە دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کردبوو ، بارزانی سوێندی خواردبوو کە ناوبراو دەچێتەوە ناو حکومەت ،هەر واش بوو ، دوای ماوەیەکی کورت ئەمە ڕوویدا . دیمانە لەگەڵ ڕەشید سندی لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(٣) وەك پێشتر باسمان کرد ، سلێمان حاجی بەدری لە بنەڕەتدا ئامادەی کۆبوونەوە نەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەندامی یەکێك لە لیژنە گرنگەکان دەستنیشان کرا ، ئەمەش مانای لاوازیی ئامادەکاری و هەڵەی هەڵسوکەوتکردنە ، چۆن کەسێك دەستنیشان دەکرێ کە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نیە.

(٤) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٥)، ل ل ٥-٦.

(٥) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٨.

بڕیار درا رۆژی دواتر کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی، واتە ١٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ئەم لێژنانە دەست بە کۆبوونەوە بکەن، بەو مەرجەی هەر لێژنەیەك بە تەنیا کۆ ببێتەوە و لە ماوەی ٥ رۆژدا کارەکانی تەواو بکات، بەڵام سەبارەت بە ماوەی دیاریکراو، ژمارەیەك لە ئەندامانی لێژنەکان ناڕەزاییان دەربڕی و رایانگەیاند ئەگەر پەلە بکەن بێگومان کارەکانیان وەك پێویست نابێ، بۆیە بڕیاریان دا لە کاتێکدا ئەگەر کاری لێژنەکانیان تەواو نەبێ، ئەو کاتە پێویست دەکات ماوەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە، بە تایبەتی ئەو لێژنانەی کارەکانیان پێویستی بە پێداچوونەوە بە کتێب و سەرچاوە زانستیەکان هەیە[١]. سەبارەت بەو ئەندامانەی ئەنجوومەنیش کە ئەندامی ئەو لێژنانە نەبوون کە باسمان کردن، بە تایبەتی سەرکردەکانی پێشمەرگە و بۆ راییکردنی کارەکانیان و رووناکدانی هیچ گرفتێك لە پرۆگرامی کاریان، بڕیار درا بچنەوە سەر کارەکانیان و رۆژی ١٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بە مەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوەی کۆتایی و گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو پێشنیاز و پلان و پرۆژانەی لێژنە تایبەتەکان پێی گەیشتوون[٢] ، بگەڕێنەوە ناوچەکە.

بەو پێیەی لێژنەکان نەیانتوانی لە کاتی دیاریکراودا ١٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ کارەکانیان تەواو بکەن، بۆیە دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٧ ی تشرینی یەکەم کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا، دوای ئەوەی هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن بڕیار و راسپاردەکانی لێژنە تایبەتەکانیان واژۆ کرد[٣]. لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە گوندی بۆسکینی نزیك شاری رانییە[٤] ساز کرا، ئەندامانی ئەنجوومەن رەزامەندیان سەبارەت بە دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان دەربڕی و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن دیار کرا و جەختیشی لەسەر سەربەخۆیی سیستمی دادوەریی لە کوردستان کردبوەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە دابوو کە ناوچەی کوردی لە عێراق بە ویلایەتی کوردستان ناودەبرێ و لە رووی کارگێڕیەوە بۆ سەر پێنج لیوا دابەش دەبێ کە ئەمانەن: دهۆك، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، خانەقین. هەر لەم دەستوورەدا بڕیار لەسەر رێکخستنی پێشمەرگە و کاروبارە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان درا، هەروەها جۆری ئەو پەیوەندیانەی دەستنیشان کرد کە دەسەڵاتە دادوەری و سەربازییەکان پێکەوە دەبەستنەوە[٥].

لە کۆتایی دانیشتنەکاندا ئەنجوومەن مستەفا بارزانی وەك سەرۆك بۆ خۆی هەڵبژارد[٦] هەروەها بڕیار درا هەموو چوار مانگ جارێك ئەنجوومەن کۆ ببێتەوە، لە حالەتی هاتنەپێشەوەی بارودۆخی

---

(١) جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (٥)، ل ٦.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) شازین هێرش ونزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

(٤) خولە پەرۆش ، " لە بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ئەیلول - خوێندنەوەیەك بۆ دەستووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عیراق ، ساڵی ١٩٦٤ "، رۆژنامەی خەبات ، ژ (٩٤١) ، (هەولێر ١٠/٩/ ١٩٩٩).

(٥) بڕوانە وردەکاری دەستوور لە پاشکۆی ژمارە (٩) .

(٦) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤.

واشدا که نەکرێ ئەنجوومەن کۆ ببێتەوە، بۆ ماوەیەك که له سێ مانگ زیاتر نەبێ، مەکتەبی تەنفیزی دەسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات، هەموو دوو ساڵ جارێکیش ئەندامانی ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێن و له دۆخه نائاساییەکاندا[1] سەرۆك مافی نوێکردنەوەی خولی ئەنجوومەنی هەیه بۆ ماوەیەك که له شەش مانگ زیاتر نەبێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ، ئەنجوومەن له توانایدا نەبوو کۆبوونەوەی مانگانه یان هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدات، بەو پێیەی نالەباریی رەوشی سیاسی کوردستان بووه رێگر، به تایبەتی دوای تێکچوونی بارودۆخ و بەرپابوونەوەی شەڕ له کوردستان له نیسانی ١٩٦٥، هەروەها بەهۆی دووری رێگا و ئاستەمی گەیشتن له کاتی دیاریکراودا، ئەمه بووبوو به بەربەست لەبەردەم سازکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن[2] .

هەڵبژاردنی مەکتەبی تەنفیزی له کۆتایی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن له رۆژی ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ئەنجام درا، ئەرکەکەشی بریتی بوو له جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەست بوون به رێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروباره سەربازی و دارایی و دادوەری و کارگێڕییەکان[3]. له راستیدا مەکتەبی تەنفیزی هاوشێوەی ئەنجوومەنێکی وەزیرانی کوردی وابوو[4] و هەر ئەندامێکی مەکتەب، سەرۆکایەتی یەکێك له بەشەکانی دەکرد، وەك بەشەکانی دارایی و کاروباری سەربازی و دادوەری و بەڕێوەبردن و تەندروستی و فێرکردن و هی تر[5]. مەکتەبی تەنفیزی به باڵاترین دەستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش له قەڵەم درا و ئەرکی بریتی بوو له جێبەجێکردنی هەموو ئەوەی پلانی بۆ دادەڕێژرا و له بەرامبەریشیدا بەرپرسیار بوو. به گوێرەی ئەوەی که له دەستووری ئەنجوومەن[6] هاتووه، مەکتەبی تەنفیزی خاوەنی ١٢ ئەندام بووه و پارتی پێنج لەم ئەندامانەی دامەزراندبوون که ئەمانەبوون: هاشم عەقراوی، مستەفا قەرەداغی، موحسین دزەیی پارێزەر، محەمەد ئەمین ئەندازیار، دکتۆر فوئاد جەلال و سێ سەرکردەی سەربازی: عەقید عەبدولڕەحمان قازی، عەقید نوری مەعروف و

---

(١) بڕوانه پاشکۆی ژماره (٩) .

(٢) دیمانه لەگەڵ عەلی سنجاری له ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨: دیمانه لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری له ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧.

(٣) رۆژنامەی خەبات ، هەردووك ژماره (٤٧٤ ، ٤٧٥) ، تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٦٤ : پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی - سەرکردایەتی نەتەوەیی - مەکتەبی رۆشنبیری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦.

(٤) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٠ : عەبدولموحسین خەلیل محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٣ ، ل ٥٧٨ . کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٧؛ محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٥) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧.

(٦) بڕوانه دەستووری ئەنجومەن له پاشکۆی ژماره (٩) . هەن پێیانوایه ژمارەیان (١١) ئەندام بووه ، بڕوانه ، حەبیب محەمەد کەریم ، میژووی ...، ل ١٠٥ : دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سنجاری له ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ . له بەیاننامەی ئەنجومەنی قوتابیانی کورد له ئەوروپادا هاتووه که ژمارەیان ١٣ ئەندام بووه ، بڕوانه، نەوزاد عەلی ئەحمەد، له بەڵگەنامەکانی...، ل ١٥. هەندێکی دیکه دەڵێن ژمارەیان ١٨ ئەندام بووه ، بڕوانه ، ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٠ : ژمارەیەك له نووسەرانی کورد و رووس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥ : محەمەد ئیسماعیلیش دەڵێ مەکتەب له ٢٠ ئەندام پێکدەهات . بڕوانه محازەرەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٩.

مقەدەم عەزیز عەقراوی. سێ کەسایەتی مەدەنی و سەرۆك هۆز: وەهاب ئاغا جوندیانی، حاجی مەحمود ئاغا، سالّح بەگ میرانی و قەشە پۆلس بێداری[1] وەك نوێنەری کرستیانەکان. هەروەها هەر یەکە لە مستەفا قەرەداغی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی وەك سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی و موحسین دزەیی - پارێزەر - وەك بەرپرسی نووسینگەی داد و محەمەد ئەمین - ئەندازیار - وەك بەرپرسی کاروباری دارایی و عەقید نووری مەعروف وەك بەرپرسی مەکتەبی سەربازی و عەلی سنجاری وەك سەرپەرشتیاری مەکتەبی کارگێڕی[2] دامەزرێنران.

مەکتەبی تەنفیزی ئەم مەکتەب و بەشانەی خوارەوەی دەگرتە خۆی:

١- مەکتەبی سیاسی: بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەرکردایەتی پارتی پێکدەهات و کارەکانی بریتی بوون لە پلاندانان و چارەسەرکردنی بابەتە سیاسییەکان.

٢- مەکتەبی سەربازی: بایەخی دەدا بە بابەتە سەربازییەکان و دابینکردنی خۆراك و چەك و پێداویستیە سەربازییەکان بۆ پێشمەرگە[3]. دەستەی مەکتەبیش بریتی بوون لە: عەقید نووری مەعروف، عەقید عەبدولڕەحمان قازی، مقەدەم نافز جەلال، نەقیب یوسف جەمیل میران[4] .

٣- مەکتەبی داد: لە بواری دادوەریدا خاوەنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی فراوان بوو و هەموو دادگا شارستانییەکانی کوردستان سەر بەم مەکتەبە بوون، دادگای باڵاش کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، باڵاترین دادگای سەربازی بوو و سەر بە مەکتەبی داد بوو.

٤- مەکتەبی دارایی: ئەرکی بریتی بوو لە چاودێریکردنی کاروباری دارایی و خەرجکردنی پارەوپول.

٥- مەکتەبی کاروباری دەرەوە: لە هەندێك وڵاتدا نوێنەری هەبوو، بۆ نموونە، عیسمەت شەریف وانلی بۆ ماوەیەك نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو لە ئەورووپا، هەروەها شەوکەت عەقراوی نوێنەری بزووتنەوە بوو لە قاهیرە.

٦- مەکتەبی ئابووری: یان بەشی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری.

٧- بەشی ئاسایش و پشکنین.

---

(١) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٩.

(٢) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ .

(٣) ش .ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٠ - ١٩١ : ژمارەیەك نووسەری کورد و رووس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٢.

(٤) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٩.

٨- بەشی شێوازەکانی راگەیاندن رادیۆ و رۆژنامە[١]. ئەم بەشە بە هاوکاری مەکتەبی سیاسی پارتی سەرپەرشتی کاری رادیۆی دەنگی کوردستان و چاپخانە و رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری کادر[٢] ی دەکرد.

شایەنی باسە، سەرکردایەتی سوپای شۆڕش لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بارزانیدا مایەوە و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپای عێراق کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، پەیوەست بوون پێیەوە، ئەوانیش: عەقید تەها بامەرنی، عەقید عەبدولڕەحمان قازی، مقەدەم نافز جەلال، مقەدەم روکن عەزیز عەقراوی هەندێك کات، نەقیبی پۆلیس ڕەزا گوڵانی[٣]. لە راستیدا ناوبانگی مەکتەبی تەنفیزی بۆ شۆڕش، لە ناوبانگی مەکتەبی سیاسی بۆ پارتی زیاتر بوو، چونکە ئەو هاوشێوەی ئەو دەسەڵاتە تەنفیزیە بوو کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەکرد[٤]. کۆی میلاکی مەکتەبی تەنفیزی لەگەڵ ئەوانەی کاریان تیادا دەکرد، دەگەیشتە نزیکەی ١٠٠ کەس[٥]. عەلی سنجاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش باس لەوە دەکات کە مووچەی مانگانەی دە دینار بووە و هەندێك جار بۆ چەند مانگێك مووچەکەیان دوا دەخرا. هەروەها خواردنێکی ئاسایی بە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی دەدرا و بریتی بوو لە نانی دروستکراو لە تێکەڵەی گەنم و جۆ و گەنمە شامی سپی، بەیانیان و ئێوارانیش چا پێشکەش دەکرا، بۆ نانی نیوەڕۆش برنج یان ساوار یان نیسك بەبێ گۆشت ئامادە دەکرا، خواردنی بارەگای بارزانیش لەوە باشتر نەبوو. لە کاتێکدا خواردنی پێشمەرگە لە ناوچە دوورەکان لە خواردنی بارەگای بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی باشتر بوو، بەو پێیەی ئەوان لە گوند و شارە ئازادکراوەکان نزیك بوون و بە ئاسانی بابەتە خۆراکیەکان دەستەبەر دەکران[١].

سەرەتا مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕانییە شوێنێکی وەك بارەگا[٢] بۆ خۆی دەستنیشان کرد، لە ڕاستیدا هەردووك بارەگاکە لەناو یەك بالەخانە دابوون و دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥، بەهۆی بەئامانجگرتنیان لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە، بارەگای هەردووك مەکتەب بە بەردەوامی دەگوێزرانەوە، لە ئاداری ١٩٦٥

(١) ش .ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٠ - ١٩١ : ژمارەیەك نووسەری کورد و ڕووس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٢.

(٢) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٠.

(٤) یونان هورمز ، ڕۆژەکانم لە شۆڕشی کوردستان ، (هەولێر ، ٢٠٠١) ، ل ٤٧.

(٥) شاکرۆ خدۆ محۆی ، مەسەلەی کورد لە عیراقی هاوچەرخدا ، عەبدی حاجی لە ڕووسیەوە وەریگێڕاوە ،(دهۆك ،٢٠٠٨) ، ل ٣١٢.

(١) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ .

(٢) عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

هەردووك بارەگا لە گوندی هەڵشۆ بوون کە ١٠ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی قەڵادزێ دوور بوو، لە ئەنجامی تێکچوونی پەیوەندیەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و دەرکەوتنەوەی سیماکانی شەڕ، ئەم گوندە لەلایەن حکوومەتەوە بۆردومان کرا و دوای گەیشتنی سوپای حکوومەتیش بۆ قەڵادزێ، هەردووك مەکتەب ناچار بوون لە گوندی هەڵشۆ پاشەکشە بکەن و روو بکەنە هاوینەهەواری گەڵی بەدران لە ناوچەی ناودەشت[٣]، دوای ئەوەی ئەم ناوچەیەش بە بەردەوامی بۆردومان کرا، بارەگاکان بۆ ناوچەیەکی دیکە گوێزرانەوە[٤].

لە دوای رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦، هەردووك بارەگاکە لە ناوچەی زارگەڵییەوە گوێزرانەوە بۆ ناوچەی کانی سماق لە گەڵاڵە و لەوێ بە شێوەیەکی کاتی[٥] بنکە و بارەگاکان کرانەوە. دواتر مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گوندی ناوپردانی لە نێوان گەڵاڵە و چۆمان کرد بە بارەگای خۆی و هەتا کاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ ی ئاداری ١٩٧٥[٦] لەوێ مایەوە. لە راستیدا بارەگای مەکتەب بریتی بوو لە خێوەتێك و کەلوپەلێکی زۆر کەم و ئاسایی، بەو پێیەش کە زۆربەی نووسینەکان بە دەست لەسەر کاغەزی ئاسایی دەنووسران، بۆیە لەناو بارەگادا هیچ دۆسیە و دۆڵاب و مێزێك بەدی نەدەکرا[٧].

شایەنی باسە، ئامانجی بارزانی لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەبوو کە هەموو چین و توێژەکانی میللەت لە سەرتاسەری کوردستان لە دروستکردنی بڕیار و کاروباری شۆڕش بەشدار بن، چونکە شۆڕش مووڵکی کەسێك یان پارتێك نەبوو، ئەمەش هەڵقوڵاوی بۆچوونێکی دیموکراسیانە بوو بۆ بارودۆخەکان[١]. هەروەها بە دوور نازانرێ یەکێك لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەنجوومەن، خواستی بارزانی بووبێ بۆ سڕکردن و سنووردارکردنی ئەو جیابوونەوەیەی کە لە ریزەکانی پارتی رووبدا، دامەزراندنی هەندێك لە کەسایەتیە ناسراوەکان و سەرۆك هۆزەکان لە ئەنجوومەن و لەو بەڕێوەبەرێتیانەی دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لە کوردستان پێکهێنران، هەوڵێك بوو بۆ رێگەگرتن لە پەیوەندیکردنیان بە گرووپی مەکتەبی سیاسی پێشووی پارتی و حکوومەتی عێراق[٢].

---

(٣) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ .

(٤) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٩.

(٥) نوری حەیدەر(هۆشیار)، بێتەل.. وەرچەخانێکی نوێ بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا، ئامادەکرنی، ئومێد نوری حەیدەر هەمەوەندی، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل ١٨٤.

(٦) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ .

(٧) یونان هورمز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧ ، ٤٧ .

(١) موحسن دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧؛ عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٧-١١٨.

(٢) دیمانە لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٧.

دەنگدانەوە و کاردانەوەکان سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەن

ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و شێوازی پێکهێنان و ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان کرا. گرووپی جیابووەوە لە پارتی - مەکتەبی سیاسی پێشوو - ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی دوو دەزگای کارتۆنین[1] و خاوەنی هیچ ڕۆڵ یان دەسەڵاتێك نین بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان لە نێو جەماوەری کوردستاندا و ئەمە هەوڵێکی دیکەی بارزانییە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان، بەڵکو هەنگاوێکی تر بۆ داماڵینی پارتی لە هەموو دەسەڵاتەکانی[2]. هەندێکی دیکەش پێیان وایە شێوازی سەرکردایەتیکردن لە بزووتنەوەی چەکداریی کوردی ئاڵۆزە، لە کاتێکدا مەکتەبی تەنفیزی خاوەنی مافی سەرپەرشتیکردنی هەموو کاروبارەکانە و هاوشێوەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆیە، بەڵام هەموو بابەتەکان لەسەر شێوازی پێشنیازن و بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی[3] ئاراستەی بارزانی دەکرێن، بەمەش ئەنجوومەن وەك مۆرێکی پلاستیکی لەژێر دەسەڵاتی بارزانی دابوو و لە ڕاستیدا دامەزراندنی ئەنجوومەن تەنیا شتێك بووە و بە ڕێکەوت ئەنجام دراوە[4] و کارێکی ڕاست و دروست نەبوو.

بارزانی لە ڕێگەی ئەنجوومەنەوە توانی پشتگیری سەرۆك هۆزەکان و پیاوانی ئایینی وەدەست بێنێ و کەسایەتی و لایەنە نەتەوەییە چەپخوازەکان لاواز بکات[5]، بۆیە ژمارەیەکی گەورەی ئەندامانی ئەنجوومەن لە کاتی دامەزرانیدا سەرۆك هۆزەکان بوون[1] و ئەوان بەر لە سازکردنی کۆنگرە سەبارەت بە شێوازی دەنگدان لەنێو خۆیاندا ڕێك کەوتبوون، بە جۆرێك هەر یەکەیان دەنگ بە گرووپەکەی بدات، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان لە ئەنجوومەن هەڵبژێردران[2]. بە گوێرەی دەستووری

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین لە ١ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ لە سلێمانی ، ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەوێ تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٧ بەشی زانستە سیاسیەکانی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٦٩خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری رزگاری بووە ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ ، ساڵی ٢٠٠٩ بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند . خاوەنی چەندین کتێب و بابەتی بڵاوکراوەیە ، لە ١٩ ی ئایاری ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردووە : ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٧.

(٢) ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٧.

(٣) حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی- سەرکردایەتی نەتەوەیی- (مەکتەبی ڕۆشنبیری)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(٤) ستیڤن سی پلیتیر، کوردەکان هۆکاری ناسەقامگیرین لە ناوچەی کەنداو، وەرگێڕانی، سەعدون مەحمود دلێمی، پێداچوونەوە، محەمەد عەبدولکەریم محەمەد، (شوێنی چاپی دیار نیە، ١٩٩٢)، ل١٧٤.

(٥) ئێدمۆن غەریب، بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کوردی، (بەیروت، ١٩٧٣)، ل٨٧.

(١) خەلیل جوندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٢) عەبدوللا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

ئەنجوومەنیش، سێ ئەندام لە مەکتەبی تەنفیزی نوێنەرایەتی خەڵکی سقیل و هۆزەکان دەکەن[٣] و دەسەڵاتی زۆریش بە ئەنجوومەن دراوە، تا ئەو ئاستەی پارتی لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە ئەم ئەنجوومەنەیان تیادا پێکهێنراوە، رۆڵی سەرکردایەتیکردنی لەدەست داوە[٤].

سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیش بەرامبەر ئەنجوومەن، لە ئەدەبیاتەکەیدا ئەمەی خوارەوە

هاتووە: مەلا مستەفا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنێك دەکات بە ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە ٤٠ ئەندام پێکدێت و نوێنەرایەتی زۆربەی هۆزە کوردیەکان و تەنانەت سەرکردایەتی ناوەندی حزبیش دەکەن. بەهۆی بوونی جیاوازیی لە ئاستی رۆشنبیری و بۆچوونە هزریەکانیان، تا ئێستا چەندین جیابوونەوە لەم ئەنجوومەنە رووبان داوە، ئەمەش کارێکی ئاسایی و حەتمییە بەهۆی ئەو جیاوازیانەی کە لە سروشتی ئەم میللەتەدا بوونیان هەیە، ئەوپەڕی راستڕەویی کە خۆی لە دەرەبەگەکاندا دەبینێتەوە لەگەڵ ئەوپەڕی چەپڕەوازیی، واتە شیوعیەکان، بەیەکەوە کۆ کراونەتەوە، بارزانیش بە سوودوەرگرتن لە شارەزایی خۆی، توانیویەتی لە رێگەی گرنتەبەری چەند هەنگاوێکی هەستیارەوە جۆرە یەکدەنگیەك لەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا بخولقێنێ، بەبێ ئەوەی هیچ هێزێك لەدەست بدات، ئینجا راستڕەو بێ یان چەپی شیوعی. بارزانی ئەگەرچی دەرەبەگەکانی دوور خستەوە، بەڵام پشتی بە رۆڵەکانی ئەوان بەست، بە تایبەتی ئەوانەی لە هزری حزب و ئامانجەکانی بزووتنەوەکە نزیکن، سەبارەت بە حزبی شیوعیش، ئەو پشتی بەو شیوعیانە بەست کە پەیوەندیان لەگەڵ حزبەکەیان نەماوە، هاوکات لە بەرامبەر پاراستن و هاوکاریکردندا، حزبی شیوعی وەك لایەنگر بۆ بزووتنەوەکەی هێشتۆتەوە. بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی ئەم لایەنانە هاوپەیمانییەکی لەم جۆرەیان خولقاندووە، هاوپەیمانییەك کە پەیوەستە بەو بارودۆخەی ئەم هێزانەی پێدا تێپەڕ دەبن و پێشبڕکێی نێوانیان بنەڕەتیە و لە کاتی خولقانی کەشوهەوای گونجاودا دەتەقێتەوە[١].

وێڕای ئەم هەڵوێستانەش کە بەشێکیان لە راستی دوورکەوتنەوە و بەشەکەی تریش بەهۆی بوونی ناکۆکیە سیاسییەکانەوە تووڕەبوونیان پێوە دیاربوو، بەڵام پێکهێنانی ئەنجوومەن هەنگاوێکی گرنگ بوو لە پێناوی بونیادنانی ژێرخانێکی نێوخۆیی بۆ بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنووری عێراق و پیادەکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد و سەرهەڵدانی ئەم ئەنجوومەنە بووە

---

(٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩) .

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق- (لیژنەی ئامادەکاری)، هەڵسەنگاندنی کاروانی شۆڕشی کورد و داڕمانی و ئەو وانە و پەندانەی لێی وەگیراون، چ٢، (شوێنی چاپی دیار نیە،١٩٧٧)، ل١٤ : خەلیل جوندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(١) حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی - سەرکردایەتی نەتەوەیی - (مەکتەبی رۆشنبیری)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤-٥.

قۆناغێکی نوێ لە پێشکەوتنی خەباتی چەکداریی کورد[٢]. بەڵکو ئەمە بوو بە حالەتێکی پێشکەوتووی وا کە پێشتر کۆمەڵگای کوردی بەخۆیەوە نەدیبوو، حالەتێکی تەنانەت پێشکەوتووتر لەوەش کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ هێنایە پێش، بەو پێیەی ئەو کاتە سۆڤیەتەکان رێکخستنیان سەپاند، بەڵام لەم حالەتەدا بنەما نەتەوەییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی ویستیان سەرپەرشتی چۆنییەتی بەرێوەبردنی کاروباری ناوەوەی وڵات بکەن[٣]. دامەزراندنی دامودەزگا کارگێڕیە خۆماڵیەکان لە بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان، هەنگاوێکی باش و پێشکەوتوو بوو لە رێگای بە دیموکراسیکردنی ژیانی کۆمەڵگای کوردی، هەروەها بووە فاکتەرێك بۆ ئەوەی نوێنەرانی تۆێژی فراوانتری کۆمەڵگا لە سیاسەت بەشدار بن، ئەمەش بوو بە گورزێك و لە سیستمە تەقلیدیەکان وەشێنرا کە خەریك بوو دەرەبەگەکانی کورد و پیاوانی ئایینی ئیسلامی تیایدا بن بە خاوەنی دەسەڵاتێکی رەها[١]. راستە مەبەست لە چوونی هەندێك سەرۆك هۆز بۆ نێو ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی پاراستنی بەرژەوەندیە کەسێتیەکانیان بوو نەوەك خزمەتکردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد، ئەمەش دەریدەخات کە ئەوان دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥ رۆڵێکی ئەوتۆیان لە مەکتەبی تەنفیزی نەبینی و بەشێکیان چوونەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و بوون بە بەکرێگیراو، بەمەش هەژموونی زۆربەی ئەو سەرۆك هۆزانەی کرابوون بە ئەندام لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی رووی لە نەمان کرد و بەهایەکی ئەوتۆی نەما[٢]. جگە لە هەندێکیان نەبێ کە سەبارەت بە دڵسۆزیی بۆ شۆڕش خۆیان یەکلا کردبووەوە، لەوانە: وەهاب ئاغا جوندیانی و مستەفا بەگی جاف و شێخ حوسێن بۆسکین و شێخ رەئوف هەنجیرە و عەباس مامەند ئاغا و سلێمان حاجی بەدری و هی تر[٣].

---

(٢) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١؛ مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٣) ستیڤن سی پلیتیر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤. شایەنی ئاماژەپێکردنە لە کۆماری کوردستان هیچ دەزگایەکی یاسادانەر نەبوو و سەرچاوەی بڕیار و یاساکانی کۆمار چەند لایەك بوون، لەوانە: قازی محەمەدی سەرۆککۆمار، حاجی بابەشێخی سەرۆکی حکومەت، محەمەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری بەرگری، مەلا حوسێن مەجدی وەزیری داد، وێڕای ئەو بڕیارانەی لەلایەن لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەردەکران. بڕوانە، هۆزان سلێمان دۆسکی، کۆماری کوردستان، تۆێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی، ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ - ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦، (دهۆك، ٢٠٠٥)، ل ل ١٢٩ - ١٣٠.

(١) شاکرۆ محۆی، "دۆزی کورد لە عیراق (١٩٦٣-١٩٦٨)"، م .س. لازاریۆڤ و کەسانی تر، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی لە رووسیەوە، عەبدی حاجی، (دهۆك، ٢٠٠٦)، ل٢٩٨.

(٢) پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق، رێگای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و پرۆگرامی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لەلایەن کۆنگرەی نۆیەمی حزبەوە بڕیاری لەبارەوە دراوە، (شوێن و کاتی چاپی دیار نیە)، ل٢٧.

(٣) دیمانە لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ٢٨ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.

لە راستیدا ئەگەر دەستوور و چۆنییەتی پێکهێنانی ئەنجوومەنیش هەندێك کەموکورتیان تیادا بەدی کرابێ، بەڵام لە بنەڕەتدا هەنگاوێکی گرنگ و دروست بوو، چونکە گردبوونەوەیەکی بەرفراوان بوو و دەرفەتی جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوایەتیەکانی بۆ کەسە سەربەخۆکانیش خۆش کرد. لە لایەکی دیکە، سەبارەت بە گەلی کورد لە دەرەوە، ئەمە بووە بناغەیەکی باش بۆ دروستبوونی رێکخستنێك بۆ قەوارەیەکی ناوخۆیی لە کوردستان، بە واتای ئەوەی ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو و دەنگێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا[٤].

جەماوەری گەلی کوردستان پێشوازیی لە پێکهێنانی ئەنجوومەن کرد و بووە مایەی دڵنەوایی بۆ ئەوان، بەو پێیەی هەنگاوێك بوو بەرەو پێشەوە، لە پێناوی بەهێزکردنی شۆڕشی کورد و رێکخستنی بە شێوازێکی وردتر، بۆیە ئەوان ئەنجوومەنیان بە پەرلەمانی کورد ناو دەبرد[١]. لە راستیشدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەنجوومەنەکانی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغدا کە لە زۆربەی حالەتەکاندا دوای رووداتی کودەتا سەربازییەکان لەلایەن ئەفسەرانی کودەتاچی و خاوەن دەسەڵاتەکانەوە پێکدەهێنران و ژمارەی ئەندامانیشیان لە ژمارەی پەنجەکانی هەردووك دەست تێپەڕی نەدەکرد[٢]. لەو بارەوە سلێمان حاجی بەدری ئەندامی ئەنجوومەن جەخت دەکاتەوە کە ئەنجوومەن دەزگایەکی کارتۆنی و تەنیا ناو نەبوو، بەڵکو خاوەنی دەسەڵات بوو و گفتوگۆ و مشتومڕی زۆریش لە کۆبوونەوەکان ئەنجام دەدران و ئەندامانیش بۆچوونە جیاوازەکانیان دەخستە روو. هەروەها زۆربەی لێکدانەوە و بیرۆکەکان بەهەند وەردەگیران و تایبەت بوون بەو بارودۆخانەی کە کوردستان تیایاندا دەژیا[٣]. هەر لەو بارەوە عەلی سنجاری ئەندامی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی دەڵێ: "... سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەندیان بە شۆڕش هەبوو، گفتوگۆ و راگۆڕینەوەی بەردەوام لە نێوان بارزانی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی هەبوو، وەك راستیەك و بۆ مێژووش دەڵێم: بارزانی بە گرنگیەوە گوێی لە بۆچوونی کەسانی تر دەگرت و بۆچوونی خۆی بەسەردا نەدەسەپاندن، هەندێك جار بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاواز بوون، بەڵام دەیوت پشتگیریی لە بۆچوونەکانتان دەکەم تا ئەو کاتەی هەڵوێست و بۆچوونی زۆرینە بن...."[٤].

---

(٤) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(١) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨ : دیمانە لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧: دیمانە لەگەڵ شەعبان سەعید لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٦.

(٢) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧.

(٣) دیمانە لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧.

(٤) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

شایەنی ئاماژەپێکردنە، دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەم ناوەی بۆی دەستنیشان کرا، بووە مایەی خولقاندنی نیگەرانی و توڕەییەکی زۆر لەلایەن حکوومەتی عێراق[٥] چونکە پێی وابوو ئەمە بنەماکانی دەوڵەتداریی لە ناو دەوڵەتە[٦] و هەڵگری ناوێکی هاوشێوەی دەستەیەکی باڵای دەسەڵاتداریشە لە بەغدا، مەبەست ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو[٧]. سەرباری ئەوەی پرۆسەکە جۆرە دیموکراسیەتێك بوو، هاوکات دەسەڵات نەیدەخواست شۆڕشی کورد ببێ بە خاوەنی دامودەزگای لەم جۆرە کە ببن بە مایەی بەردەوامی و ڕێکخستنی کاروبارەکانی، بۆیە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، یەکەم داواکاری ڕژێم بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان[١]. کەواتە پێکهێنانی ئەنجوومەن بووە هۆی زیاتر قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکان و تێکدانی پەیوەندیەکان لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەت[٢]. هەروەها دامەزراندنی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان بوو بە بیانوێك بۆ ئەوەی حکوومەت هەڵمەتێکی نوێ لە دژی کورد دەست پێ بکات[٣].

لە لایەکی دیکە، لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد کە لە بەرلین و ڤیەنا بارەگای هەبوو و لەلایەن عیسمەت شەریف وانلییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، لە چواری تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بە بۆنەی دامەزراندنی ئەنجوومەن بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و وتەبێژ بەناوی لیژنەکە دووپاتی کردەوە کە وێنەیەکی بەیاننامەکە ئاراستەی هەموو حکوومەتە عەرەبیەکان دەکرێ. لە ناوەرۆکیدا هاتبوو: "... ڕووداوەکانی ماوەی نۆ مانگی ڕابردوو هەموو گومانەکانیان دەربارەی ئەوە ڕەواندەوە کە حکوومەتی عێراق بە هیچ شێوەیەك نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی نییە. بەڵکو تەنیا بۆ بڕینەوەی پەیمانی بەتاڵ ئامادەیە. ڕەزامەندیی سەبارەت بە یەکێتی سیاسی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پیشان دا وەك ئەوەی کێشەی کورد بوونی نەبێ، هەروەها تا ئێستا حوکمی دیکتاتۆری ماوە و هیچ گۆڕانکاریەك لە عێراق ڕووی نەداوە، هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ئەگەری گێڕانەوەی مافە دیموکراسیەکان و ژیانی ئاسایی بۆ وڵات لە ئارادا نییە...". بەیاننامەکە دەشڵێت: لەم ڕوانگەیەوە، ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوە دەردەکەین: "... گەلی کورد پەیوەستە بە داواکاریی هێنانەدی ئۆتۆنۆمی تەواو بۆ کوردستانی عێراق. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش هەزاران کورد گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی. بۆیە نابێ قوربانییەکانی ئەوان بە فیڕۆ

---

(٥) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧.

(٦) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥١.

(٧) ژمارەیەك نووسەری کورد و ڕووس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨١.

(١) موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

(٢) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٩.

(٣) شاکۆر محۆیان، "خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق"، جەلیلی جەلیل و کەسانی تر، بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی نوێ، وەرگێڕانی، عەبدی حاجی، (بەیروت، ١٩٩٢)، ل٢٣٧.

بچن، ئەو دوو رێوشوێنەش کە دەرکەوت پێویستە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستا بگیرێنە بەر، بریتین لە پێکهێنانی پەرلەمان ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و لیژنەیەکی تەنفیزی، لە ئەنجامی گرتنەبەری ئەم دوو رێوشوێنەشدا حکوومەتی ئێستای عێراق هەڵوێستێکی نەرێنی بەرامبەر بە داواکاریەکانی کورد نواند...". راگەیاندنەکە داوای لە حکوومەتی عێراق کرد هەوڵ بدات بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە شێوازێکی دروست چارەسەر بکات. هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: "... ئەگەر دەرکەوت هیچ هیوایەك لە ئارادا نییە بۆ یەکلاکردنەوەیەکی نزیك، ئەو کاتە بەرپرسیارێتی هەر پێشهاتێکی نوێ دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی عێراق..."[1].

(١) وەرگیراوە لە، لۆقا زودو، مەسەلەی کورد و نەتەوە رەگەزپەرستەکان لە عیراق،(بەیروت، ١٩٦٩)، ل٢١١.

هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی

پارتی پێشوازی لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد و لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دەریکرد، دووپاتی کردەوە کە پێکهێنانی ئەنجوومەن " مایەی شانازی و ڕێزە بۆ ئێمە"، هەروەها رایگەیاند " دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە دەبێتە هەنگاوێکی نوێ لە ژیانی کوردستان ". لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا هاتبوو: "... پارتیمان زۆر خۆشحاڵە بە ڕاگەیاندنی ئەم هەنگاوە گەورانە بۆ گەلی کورد، لە هەمان کاتدا چاوەڕێ دەکات و داوای پشتیوانی و درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ ئەم پێگە شۆڕشگێڕیە تازەیە دەکات، هیواش دەخوازێ ببێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ گەلی کوردمان و بەم شێوازەش بتوانێ ئامانجە نەتەوەییەکان بێنێتە دی کە خۆیان لە ئۆتۆنۆمیدا دەبینەوە..."[٢]. هاوکات پارتی هیوای خواست پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ببێتە خاڵی دەرچوون بەرەو کارکردنی جدی لە پێناوی خستنەڕووی واقیعی زیندووی شۆڕش، داواشی لە هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن کرد کە خۆیان بگەیەننە ئاستی بەرپرسیارێتیەکانی سەرکردایەتی، لە پێناوی هەنگاونان بەرەو پێشەوە و هێنانەدی سەرکەوتنی یەکجاری[٣].

ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنەی بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی شۆڕشی کورد و هەنگاوێك وەسف کرد کە بەهۆیەوە شۆڕش کاری جدی بۆ زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکات، هاوکات ئەمە پیادەکردنی داواکاریەکانی گەلی کوردە کە بریتین لە پێویستی بوونی دوو دەسەڵاتی یاسادانان و تەنفیزی، بۆ ئەوەی کاروباری کوردستان بەرێوە ببەن، هەروەها ببێتە مایەی مسۆگەرکردنی شادبوونی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی[١]. ڕۆژنامەکە جەختی لەوەش کردۆتەوە کە: پێکهێنانی ئەنجوومەن جگە لەوەی پێویستیەکی سیاسی بوو، هاوکات دەرنجامی گرتنەبەری سیاسەتی پشتگوێخستن و لەباربردنی شۆڕش بوو لەلایەن حکوومەتی عێراق بەرامبەر بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد، هەروەها بۆ ئەوەی ئەنجوومەن ببێتە یەکێك لە فاکتەرەکانی ڕێکخستنی ریزەکانی شۆڕش و بناغەیەك بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی بەشە ئازادکراوەکان لە کوردستان[٢].

لە کاتی دامەزرانیدا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤، ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی پارتی هیچ نوێنەرێکیان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نەبوو، لەو بارەوە عەلی سنجاری ئەندامی

---

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦) .

(٣) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) بڕوانە ژ (٤٧٥) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٤.

ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی پێی وایە کاتەکە لەبار نەبوو بۆ ئەوەی ئەنجوومەن ئەم ڕێکخراوانە بگرێتە خۆی، بەهۆی ئەو کێشە و پشێویەی کە دوای جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤ ی ناو ریزەکانی پارتی بەخۆیانەوە بینیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازیان لە پێکهێنانی ئەنجوومەن کرد و بەردەوام بوون لە پشتگیریکردن لە سەرکردایەتی شۆڕش[٣]. هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام بوون، لە نێویاندا: یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەلایەك و مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەن لە لایەکی دیکە[٤]، بۆیە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا ١٣-١٧ی شوباتی ١٩٦٥ بڕیاری وەرگرتنی نوێنەرانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستانی دا لە ریزەکانی[٥]. ئەوەبوو نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوانە ئامادەی کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجوومەن بوون کە لە ١-٣ی ئابی ١٩٦٦ ئەنجام درا[٦] .

١- هەڵوێستی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

لە بەیاننامەکەی لقی موسلی ٢٠ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ ی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا ئەو کار و ڕێکخستنانەی پارتی لە دوای کۆنگرەی شەشەم - تەموزی ١٩٦٤ - ئەنجامی داون بە " کاری سەرسوڕهێنەر " وەسف کراون، لە نێویاندا پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و داڕشتنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان و پاراستنیان، هەروەها هەڵبژاردنی مەکتەبی تەنفیزی. بەیاننامەکە پێشوازیشی لە بڕیارەکانی ئەنجوومەن کردووە سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخستنە کارگێڕی و دارایی و دادوەریەکان و دامەزراندنی کارمەند لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان. یەکێتی قوتابیان لە بەیاننامەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کە هەموو توانا مادی و مەعنەویەکانی خۆی دەخاتە خزمەتی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق[١]. هەروەها لێژنەی کارگێڕی گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە تشرینی دووەمی ١٩٦٥ بڕیاری دا پەیوەندی بە

---

(٣) دیمانە لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٤) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.

(٥) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠) .

(٦) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٨٩)، ئابی ١٩٦٦.جێی سەرسوڕمانە کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا کە بە نهێنی لە ١٣-١٥ی تەموزی ١٩٦٧ لە ناوچەی شوان لە کەرکوك ساز کرا، بە پێویستی زانی کە لە ئەنجومەندا خاوەنی نوێنەر بێ. بڕوانە، یەکێتی قوتابیان ولاوانی دیموکراتی کوردستان، کورتەیەك لە مێژووی بزوتنەوەی قوتابیانی کوردستان، (شوێنی چاپی دیار نیە، ١٩٨٧)، ل ٤٤؛ ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل٢٦ : ماجد حەسەن عەلی، بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عیراق ١٩٢٦-١٩٧٠، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین کراوە، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٩٣.

(١) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بکات بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی هەموو لایەنەکان بە مەبەستی خزمەتکردنی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی هێرشی حکوومەت بۆ سەر کوردستان و نەهێشتنی هەموو ئەو ئەنجامە نێگەتیڤانەی کە لە جیابوونەوە و ململانێی ناوخۆیی نێو ریزەکانی شۆڕشی کورد و پارتی کەوتنەوە، هەروەها رووبەڕووبوونەوەی ئەو دەستانەی کە دەخوازن ئاگری جیابوونەوە و ئاژاوە خۆش بکەن و کاروانی خەباتی کورد لە گەیشتن بە کۆتایی ڕێگا بوەستێنن[٢]. لە ئەنجامی ئەم پەیوەندیانەی نێوان نوێنەرانی یەکێتی و مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هەردوولا ڕێك کەوتن سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری پەیوەست بە قوتابیان لە کوردستان و پەیوەندیەکانی ئەم تووێژە گرنگە لەگەڵ شۆڕش. هاوکات شێوازی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی، وەك پێشەنگی قوتابیان لە کوردستان دەستنیشان کرا، یەکێتی دووپاتیشی کردەوە کە دەستی دەخاتە دەستی شۆڕش بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق[١].

٢- هەڵوێستی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربڕی و بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردیش، یەکێتی بڕیاری دا پەیوەندی بە ئەنجوومەنەوە بکات و هاوکاری بکات، دوای وەرگرتنی نوێنەرێکی یەکێتی لە کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجوومەن لە ساڵی ١٩٦٦، ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی لە ڕابردوو زیاتر بوون[٢]. کاتێکیش ژمارەیەك لە ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی پەیوەندیان بە حکوومەتەوە کرد[٣]، سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە شوباتی ١٩٦٦ دا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیایدا گرنگترین بڕیارەکانی کۆنفرانسی یەکێتی خرانە ڕوو کە لە کانونی دووەمی ١٩٦٦ ساز کرا. هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لەم کاتەدا هەندێك کەموکورتی لەناو شۆڕش دەرکەوتوون، بەشێکیان لە سەرەتاوە هەبوون و هیچ گۆڕانێکیان بە خۆوە نەدیوە، هەندێکی دیکەش لە ئەنجامی جیابوونەوە و ململانێی ناوخۆیی ناو پارتی و فراوانبوونی شۆڕش سەریان هەڵدا، بێگومان ئەم کەموکورتیانە دەبنە مایەی دواخستنی ڕۆژی سەرکەوتن، هەروەها کێشە و گرفت بۆ میللەتەکەمان دەخولقێنن کە دەیەوێ بگاتە ئامانجەکانی. لە کۆتایی بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە کە هەموو ئەندامانی کۆنفرانس بڕیاریان

---

(٢) شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەییەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨ - ١٩٦٨، چ ٢، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل١٠٤.

(١) هەمان سەرچاوە .

(٢) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٣) بۆ وردەکاری، بڕوانە، شێرزاد زەکەریا محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١ و دواتر.

داوه که یەکێتیەکەیان هەموو توانایەکی بخاتە گەڕ لە پێناوی ڕزگارکردنی میللەت لەو کێشانەی کە بە دەستیانەوە دەنالێنێ، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و دیموکراسیانە بۆیان. ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی و مەلا مستەفا بارزانی[٤].

٣- هەڵوێستی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان:

لە بەیاننامەیەکدا کە لە ١٠ ی کانونی دووەمی ١٩٦٥ دەرکرا، لیژنەی بەرز ی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەم هەنگاوانە دەربڕی کە پارتی بە سەرکردایەتی بارزانی دوای کۆنگرەی شەشی تەموزی ١٩٦٤ هەڵیناون و دووپاتی کردەوە کە ئەم هەنگاوانە، لە نێویاندا پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مایەی شانازی و ڕێزی هەموو کوردانی نیشتمانپەروەرن[١]. لە بەیاننامەکەدا باس لەوەش کراوە کە پارتی توانیویەتی پابەند بێ بە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەش، ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دانانی دەستوور و دارشتنی یاساکانی شۆڕش. هەروەها بەیاننامەکە ڕوونی کردۆتەوە کە: "... جاری یەکەمە لە مێژوودا گەلی کورد ئەم هەنگاوە گرنگە بنێ...". بەیاننامەکە خۆشحاڵی بەرامبەر بە هەنگاوەکانی مەکتەبی تەنفیزی دەردەبڕێ لە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و دامەزراندنی بەرپرسە ئیداریەکان و ڕاپەڕاندنی کاروباری میللەت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و کارکردن لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش. هاوکات لە بەیاننامەکەدا داوا لە ئەندامانی یەکێتی و سەرجەم ئافرەتانی کوردستان کراوە کە بە هەموو تواناکانیان خزمەتی شۆڕش بکەن. لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە "... بژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، مردن بۆ دوژمنانی شۆڕش و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی پروپاگەندەی نابەجێ لە دژی شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی بڵاو دەکەنەوە..."[٢].

٤- هەڵوێستی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان:

لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٨ ی ئابی ١٩٦٥ لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، هاتووە: حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار و تاهیر یەحیا[٣]ی سەرۆکوەزیران سوودیان لە ئەزموونی دەسەڵاتدارانی پێش خۆیان

---

(٤) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

(١) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ل٢١٦-٢١٧.

(٣) تاهیر یەحیا محەمەد ساڵی ١٩١٦ لە شاری تکریت لەدایک بووە (عەرەبی سوننەیە)، ساڵی ١٩٣٤ ڕووی کردۆتە کۆلێژی سەربازی و ساڵی ١٩٣٥ لێی دەرچووە، لە ١٩٥٦- ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازاد، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بۆتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس. دوای کودەتای ٨ی شوبات بۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا،

وەرنەگرتوە و بە پەیمان و بەڵێنەکانی پێشوویانەوە پابەند نەبوون، بەڵکو پێیان وابوو شەڕکردن لە دژی گەلی کورد شەڕی ژیان یان مردنە. لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە بۆگەن و توندڕەوانەشدا گەلی کورد دەستەوەستان نەبووە، بەڵکو دەستی بە پێشخستن و نوێکردنەوەی دامودەزگا تەشریعی و کارگێڕییەکانی خۆی کردووە، ئەوەبوو پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی راگەیاند و مەکتەبی تەنفیزی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و جێبەجێکردنی یاساکانی لێ کەوتەوە. یەکێتی مامۆستایان رایگەیاند ئەم هەنگاوە بەرز دەنرخێنێ و شانبەشانی توێژەکانی دیکەی گەلی کورد لە ئەنجوومەن و دامودەزگاکانی شۆڕشدا بەشدار دەبێ[1].

لە بەیاننامەیەکی دیکەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا کە لە پێنجی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ دەریکرد، یەکێتی رایگەیاند کە لە رووی رێکخستنەوە رێکخراوێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەمە مانای دوورکەوتنەوە نییە لە دامودەزگاکانی شۆڕش، لە کاتێکدا ئەگەر لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشدار بێ، ئەو کاتە لە توانایدا دەبێ زیاتر خزمەتی گەلی کورد بکات و ئامانجەکانی بێنێتە دی، بەو پێیەی ئەنجوومەن دەزگایەکی تایبەتە بە پلاندانان بۆ شێوازی خەبات و داڕشتنی یاساکان، هەروەها مامەڵەکردنی یەکێتی و هەماهەنگی راستەوخۆی لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی، دەبێتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی رۆڵی رێکخراوەکە وەك کەرتێکی شۆڕشگێڕ لەنێو جەماوەردا[2].

لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٦٨ چەند جارێك بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی وەزیرانی پێ سپێردراوە، ١٩ی ئایاری ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، سەیفەدین بەرواری، فەریق تاهیر یەحیا، قوربانیی ململانێ سیاسی و سەربازیەکان لە عیراق، (بەیروت،٢٠٠٨)، ل٥ و دواتر. ئەوەی لای کورد زانراوە، تاهیر یەحیا رۆڵەی یەکێك لە هۆزە کوردیەکانە، خانەوادەکەی رووی کردۆتە تکریت و خۆی دانی بەمەدا ناوە. بڕوانە، حافز قازی، بیرەوەری، (دهوك، ٢٠٠٣)، ل ل ٣٤٩ - ٣٥٠.

(١) شازین هێرش، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٧.

بەیاننامە و یاداشتنامە سەرەتاییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان

یەکەم هەنگاوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریتی بوو لە پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەك لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بە حکوومەت، لەژێر ناونیشانی رووبەرووبونەوەیەك بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد کە لەلایەن بارزانییەوە واژۆ کرابوو، بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجوومەن و پارتی و شۆڕشی کورد بوو. یاداشتنامەکە لەلایەن عەگید سەدیق ئامێدی و شەوکەت عەقراویەوە گەیەنرایە دەستی تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران[١].

موحسین دزەیی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی دەڵێ "... لە یاداشتنامەکەدا رەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵات کرابوو بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکاریە رەواکانی گەلی کورد، وێڕای چەند داواکاریەکی نیمچە مەحاڵ کە لەلایەن بارزانییەوە واژۆ کرابوون، ئەو هەرچەندە قەناعەتی بەوە نەبوو کە یاداشتنامەکە لەم بارودۆخەدا ئاراستەی حکوومەت بکرێ و پێی وابوو هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، بەڵام مکوڕبوونی هەردووك مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی وایکرد واژۆی لەسەر بکات..."[٢].

ئەگەرچی ئەم یاداشتنامەیە لەگەڵ رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ و بارودۆخی ئەو قۆناغە نەدەگونجا و زیاتر مۆرکی لامەرکەزیی سیاسی پێوە دیار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم قۆناغە پێویست بوو، چونکە حکوومەتی عێراق رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی پشتگوێ خست و گەلی کوردیش پابەند بوو بە مافی ئۆتۆنۆمی کە پارتی کردبووی بە دروشمێکی ستراتیژیی بۆ خۆی و دەبوایە شۆڕش جەخت لەسەر چەند داواکاریەك بکاتەوە کە تەواوی مافەکانی میللەت زامن بکەن، هەروەها لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لە نێوان یاداشتنامەی نیسانی ١٩٦٣ و رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ هەبوو. لە راستیدا خستنەرووی ئەم یاداشتنامەیە هەنگاوێکی باش بوو لە پێناوی پاراستنی قەوارەی خۆماڵی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد[١].

---

(١) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٢ . موحسین دزەیی باس لەوە دەکات کۆپیەکی یاداشتنامەکە درایە دەستی عەبدولرەزاق سەید مەحمودی پارێزگاری سلێمانی بۆ ئەوەی رادەستی سەرۆکوەزیرانی بکات و مەکتەبی تەنفیزیش کۆپیەکی هەمان یاداشتنامەی داوەتە دەستی ئەو و داوای لێ کراوە روو بکاتە بەغدا بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە دەستی سەرۆکوەزیران بۆ دڵنیابوون لە گەیشتنی یاداشتنامەکە . بڕوانە یاداشتنامەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٠.

(٢) بڕوانە ، یاداشتنامەکانی ، ل ٩٠.

(١) مەحمود عوسمان ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤،٣٨.

لە یاداشتنامەکەدا راشکاوانە باس لە ئامانجەکانی گەلی کورد و ئەو مەینەتیانە کراوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی جیاکاریەوە بەسەر گەلی کورد هاتوون و چۆن دەرگای کارە مەدەنی و سەربازییەکان لەبەردەم کورد داخراون، هەروەها ئاماژە بەوەش دراوە کە لە هەڵسوکەوتەکاندا بە هیچ شێوەیەك رەچاوی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکراوە و حکوومەتی عێراق ١٠٠ ملیۆن دیناری لە وێرانکردنی کوردستان خەرج کردووە، لە کاتێکدا پروپاگەندە بۆ ئەوە دەکات کە ساڵانە پێنج ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان دەکات، لە راستیدا ئەم پارەیە لە دروستکردنی بنکەی پۆلیس و سەربازگە خەرج کراوە.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا باس لە سیاسەتی تەعریب و نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبیەکان لە شوێنی کورد لە کوردستان و داوای کۆتاییهێنان بەم سیاسەتە و گێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان کراوە.

لە رووسی سیاسیشەوە، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: داوای هەموارکردنی بڕگەی کۆتایی مادەی ١٩ ی دەستووری کاتی دەکەین کە تیایدا هاتووە: "... ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق..." و بکرێ بە: "... ئەم دەستوورە دان بە مافەکانی گەلی کورددا دەنێ لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا..."، هەروەها هەموارکردنی مادەی یەکەم کە تیایدا هاتووە: گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب بۆ ئەمەی خوارەوە "... گەلی عەرەب لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب..."، هەر لەم بەیاننامەیەدا لیواکانی ناوچەی کوردستان دیار کراون: هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و ئەو قەزا و ناحیانەی لە هەردوو لیوای دیالا و موسڵ کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن و ئەم یەکەیە بە ویلایەتی کوردستان ناو بنرێ. ئاماژە بەوەش کراوە کە لە حالەتی یەکگرتنی نێوان عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا، ئەو کاتە ویلایەتی کوردستان دەبێتە خاوەنی هەمان ئەو مافانەی کە ئەم هەرێمانە هەیانە کە یەکێتیەکە پێکدێنن و بە هەرێمی کوردستان ناو دەنرێ. بەیاننامەکە داوای پەلەکردن لە ئازادکردنی هەموو بەندکراو و ئەوانە دەکات کە بەهۆی رووداوەکانی کوردستانەوە سزایان بەسەردا سەپێنراوە، هەروەها راگەیاندنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو سزادراوان و دەستگیرکراوان و دوورخراوانی سیاسی لە عێراق[1].

سەبارەت بەم یاداشتنامەیە، دکتۆر عادل عەبد تەقی بەلداوی دەڵێ: "... لە راستیدا هەموو ئەوەی لە یاداشتنامەکەی بارزانیدا هاتووە، داواکاری رەوان و تەواوی گەلان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای زەوی لە پێناوی دەستەبەرکردنیاندا خەباتیان کردووە، لە کاتێکدا ئەگەر حکوومەت شارەزایانە و عاقڵانە کاری بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکاریانە بکردایە، ئەو کاتە عێراق لە رشتنی خوێن و خەرجکردنی پارەوپولێکی زۆر

(١) لە پاشکۆی ژمارە (٥) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە.

لە رووداوەکانی کوردستان دوور دەکەوتەوە، بەڵام کەسێك نییە گوێ بگرێ..."[٢]. لە لایەن خۆیەوە، عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە دەرەوە رایگەیاند ئەگەر حکوومەتی عێراق ئەم یاداشتنامەیە رەت بکاتەوە یان بەردەوام بێ لە نواندنی سستی و پشتگوێخستن، ئەو پێشنیازی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کردووە: "... سەربەخۆیی کوردستانی عێراق رابگەیەنرێ و حکوومەتێکی کوردی کاتی پێك بهێنرێ..." و ئەمەش مافی کورده نەوەك راگەیاندنی شەڕ، هەر کاتێکیش حکوومەتی عێراق دانی پێدانا، ئەمە مەبەستەکەیە، ئەگەر دژایەتی کرد، ئەو کاتە کورد بەرگری لە قەوارەکەیان دەکەن و هەوڵ دەدەن لە دژی هەر دەستدرێژیەك، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیەوە بەهێزتری بکەن[٣]. سەبارەت بە کاردانەوەی تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیرانیش بەرامبەر بە یاداشتنامەکە، مسعود بارزانی دەڵێ: "... کاردانەوەیەکی توندی نەبوو...."[٤]. لە کاتێکدا موحسین دزەیی کە دوا بە دوای رادەستکردنی یاداشتنامەکە چاوی بە تاهیر یەحیا کەوت، دەڵێ "... بەرامبەر بەم داواکاریانە، جۆرە ناڕەزاییەکی دەربڕی و وتی: بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان هەموو هەوڵێك دەخاتە گەڕ، ئەو کاتە تێگەیشتم ئەو کەسێکی ئاشتیخوازە و لە خەمی بەردەوامبوونی ئاگربەستی نێوانمان دایە..."[٥].

دەربارەی کاردانەوەی دامودەزگا حکومی و ئەمنییەکانیش، هەر یەکەیان بەو پێیە لێکیان دایەوە کە لەگەڵ سیاسەتی دژایەتیکردنی گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانیدا دەگونجا، لێکدانەوەکانی ئەوان بەم جۆرە بوو: یاداشتنامەکە تەنیا بۆچوونی چەند کوردێکی کەمە و مەبەست لە دوایەوە دابڕینی بەشێکی ئەو نیشتمانەیە کە لەلایەن باوك و باپیرانەوە بەخوێن بەرگریی لێ کراوە و هیچ هاوڵاتیەك " موسڵمانێکی دڵسۆز " کە بە خاك و خۆڵەکەیەوە پەیوەست بێ و قوربانی بۆ دابێ، دانی پێدا نانێت. هەروەها ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی عەرەب لە عێراق[١]. هەندێکی دیکەش وایان لێك دایەوە کە: "... بارزانی و باندەکەی کەسانێکی گومڕان و دەخوازن براکان لەیەك بکەن... تەنیا بۆ ئەوەی خۆی وەك سەرکردەیەکی خۆشگوزەران بژیت و بە چاکە ئاماژەی بۆ بکرێ و سوارچاکان بە باڵایدا هەڵبڵێن..."، یان "... ئەو بارزانی کەسێکی تووڕە و دوودڵ و بێ چارەیە، وەك ئەوە وایە دووچاری کێشەیەك بووبێ و هەستی بە هەڵەی خۆی کردبێ و بەدوای رێگەچارەیەکدا بگەڕێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دان بە هەڵەکەیدا نانێ و هەر ئەم دۆخەیە کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە...". بەشێکی دیکە دووپاتیان کردەوە کە: "بارزانی تەنیا دەیەوێ پایە و

(٢) بڕوانە ، کتێبەکەی ، خەباتی گەل ...، ل ٧٠.
(٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨).
(٤) بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٣.
(٥) بڕوانە یاداشتەکانی، ل٩١.
(١) خانەی الجمهوریە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، (بەغدا، ١٩٦٥)، ل٤٠-٤١. لە داهاتوودا بە حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور ئاماژە بەم سەرچاوەیە دەکەین.

دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە ناوچەکە بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەسەر حیسابی خودی کورد و بەرژەوەندی میللەت و قەوارەکەشی بێ. گرووپێکی دیکە وتیان: " مەلا مستەفا یاداشتنامەکەی پێشکەش کردووە و خۆی باوەڕی بەوە نییە کە تیایدا هاتووە... مەسەلەکە تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە نەڵێن مافەکانی کوردی بە فیڕۆ دا.."[٢].

گرنگ ئەوەیە، بەرپرسانی سەربازی و سیاسی لە بەغدا بە بەردەوامی بەدوای تێکدانی بارودۆخی کوردستانەوە بوون، تەنیا بۆ ئەوەی لایەنەکان نەگەن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد. ئەوە بوو لە هەنگاوێکدا بۆ وروژاندنی بارودۆخ، دەسەڵات ١٥ پێشمەرگەی لەکاتی تێپەڕبوونیان بە شاری موسل دەستگیر کرد[٣]. بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخەکە، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد لە ٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ دا بڕووسکەیەکی ئاراستەی تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران کرد و تیایدا هات: "... جموجۆڵی یەکە سەربازییەکان و کۆبوونەوەی هەندێك لە بەرپرسانی سەرۆك فورسانەکان مەبەست بەکرێگیراوە کوردەکانە و بڕووسکە و هەواڵی هەڵبەستراو کە لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە ئاراستەی لایەنە باڵاکان دەکرێن، ئەمە هەمووی بۆتە مایەی خولقاندنی کەشێکی زۆر ناسەقامگیر، بە جۆرێك ڕێگەی لەبەردەم ئەوانە خۆش کردووە کە دەخوازن پلانە نابەجێکانیان تێپەڕێنن، بۆیە داواکارین ڕێگەچارەیەکی بەپەلە بۆ ئەم بارودۆخە نابەجێیە دیار بکرێ، نەوەك ئەم دۆخە کاردانەوەی وای لێ بکەوێتەوە کە زیان بەو بەرژەوەندیە گشتیە بگەیەنێ کە هەموومان خەمی لێ دەخۆین..."[١].

هەر ئەو کاتە، ١٤ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران دەستەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد و لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتێکی نوێی پێکهێنا[٢]. دوای ڕاگەیاندنی وەزارەتە تازەکەی، تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران هەڵوێستێکی توندتری نواند بەرامبەر یاداشتنامەکەی شۆڕشی کورد و ڕایگەیاند بەهۆی نەبوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لەلایەن میللەتەوە، حکوومەت ناتوانێ ئۆتۆنۆمی بە کورد ببەخشێ و داواکاریەکانی کوردیشی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بە "تووندڕەوانە" و بەربەست لەبەردەم هێنانەدی یەکێتی و دۆستایەتی لەگەڵ عەرەب لە قەلەم دا[٣].

---

(٢) وەرگیراوە لە، ئەمین سامی ئەلغەمراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦.
(٣) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٣٣٨.

(١) (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل)، ناونیشانی دۆسیە، ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥، ژمارەی دۆسیە، ٤ /١٢٥، ٢٥/١١، ژ ٦٤٨/ح (بەپەلە) لە ١٩٦٤/١١/٥، بۆ بەڕێز سەرۆکوەزیران - وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە - سەرۆکی ئەرکانی سوپا - پارێزگاری لیوای سلێمانی، کەرکوك، موسل، بابەت، لە بارزانی مستەفاوە .
(٢) ڕۆژنامەی الجمهوریە، ژ (٣٢٠)، ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٦٤. شایەنی باسە وەزارەتی یەکەم لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ پێکهێنراوە. بڕوانە مەجید خەدوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.
(٣) ش . ج . ئاشیریان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

عەقید سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆش لە وەڵامی یاداشتنامەکەدا رایگەیاند حکوومەت زۆربەی ئەو بڕگانەی جێبەجێ کردوون کە لە ڕێککەوتنی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ دا هاتوون، هەروەها وتی: ئەو بابەتانەش کە هێشتا ماون، بەهۆی نەگەڕانەوەی سەقامگیریی بۆ ناوچەکە و بوونی پێشمەرگە جێبەجێ نەکراون. هەروەها دووپاتی کردەوە کە ناردنی یاداشتنامەی تەعجیزی و داواکردنی سەربەخۆیی بە هیچ شێوەیەك نابێتە مایەی گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچەکە، هاوکات نابێتە یارمەتیدەرێکیش بۆ گفتوگۆکردن بە شێوازێکی لۆژیکیانە[٤].

کاردانەوەی هادی خەماسی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی سەربازیش زۆر نەرێنی بوو، ئەو دڵنیا بوو لەوەی کورد تەنیا ٦% ی گەلی عێراق پێکدێنن، لە راستیدا ئەو کەسێکی شۆڤێنی بوو و دیارترین وتەشی بریتی بوو لە: ".... مافی بارزانی چیە کە داوای دەرکردنی لێبوردنی گشتی دەکات لە عێراق، ئەمە دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق..."، وەك ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی کەسێکی عێراقی نەبێ، هەروەها خەماس دەڵێ: ".... داواکاریەکانی بارزانی مەحاڵن و قابیلی دانوستان نین و لەوانەیە بە ئاراستەی شەڕێکمان ببەن کە تەڕ و وشکی تیادا بسووتێ، بەڵام لەوانەیە خێری هەبێ بۆ کورد..."[١].

عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ١٩١٦- ٢٠٠٧ ی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقیش لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ رایگەیاند: "... هەندێك دز و ڕێگر بە فەرمانی کۆلۆنیالیزم لە پێناوی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە کار دەکەن واتە کوردستان و دەستدرێژیی دەکەنە سەر هاوڵاتیان..."[٢].

دوای ئەم وەڵامەی حکوومەت، لە ٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا هەریەکە لە سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ و عەبدولڕەزاق سەید مەحمودی پارێزگاری سلێمانی و لیوا ڕوکن تەها محەمەد ئەمینی فەرماندەی فیرقەی دوو سەردانی بارزانیان کرد و چەند خاڵێکی دیاریکراویان ئاراستە کرد، ئەمەش وەك دواپین هەوڵ وابوو لە پێناوی دوورکەوتنەوە لە شەڕ. مەسەلەکەش وا هاتە بەر چاو کە دەسەڵات ئامادە بێ بۆ خولێکی دیکەی گفتوگۆکردن[٣]، ئەمانەی خوارەوە بەرچاوترین ئەو خاڵانە بوون:

---

(٤) بڕوانە دەقی وەڵامدانەوەکە لە ، حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور ، ل ل ٤٥-٥٠.

(١) وەرگیراوە لە ، مەحمود عوسمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩.

(٢) وەرگیراوە لە، ماجد عەبدولڕەزا ، مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە عیراق ١٩٥٨ - ١٩٧٥ ، شوێنی چاپی دیار نیە ،١٩٨٧) ، ل ١٧٨.

(٣) حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، ل٥٦، ئەمین سامی ئەلغەمراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٧. لە کاتێکدا مسعود بارزانی دەڵێ کە سەردانەکە بۆ کەرکوك لە ١٩٦٤/١٢/١٧ ئەنجام دراوە. بڕوانە کتێبەکەی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢. بەڵگە بۆ دروستی ڕای یەکەم ئەوەیە کە عەبدولڕەزاق سەید مەحمودی پارێزگاری سلێمانی لە ١٩٦٤/١٢/٨ بەهۆی ملمانێ و ناکۆکی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی حکومەت دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بەڵام هەتا کانونی دووەمی ١٩٦٥

١- دیارکردنی مافه نەتەوەییەکان: داننان بە نەتەوەی کورد وەك راستیەك و پابەندبوون بە تەعریبنەکردنی کورد نە لە ئێستا و نە لە ئایندەدا و ڕێگەدان بە خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەو قەزا و ناحیانەی زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن، هەتا خوێندنی ناوەندی.

٢- بەشداربوون لە دەسەڵات وەك ماوەی بەر لە دەستپێکردنی ناسەقامگیری لە ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەکە دەبێ، بەبێ بوونی هیچ بەربەست یان پابەندییەك.

٣- هەموو کارەکانی دەوڵەت لەبەردەم سەرجەم هاوڵاتیاندا کراوە دەبن، عەرەب بن یان کورد، بەپێی پسپۆڕی و بڕوانامە و لەوەدا هیچ جیاوازیەك لە نێوان عەرەب و کورد ناکرێ.

٤- زمانی فەرمی لە سەرتاسەری عێراق زمانی عەرەبیە و ڕێگە بە کورد دەدرێ لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکاندا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٥- ئەنجوومەنی خزمەت بەرپرسە لە دامەزراندن لە سەرجەم فەرمانگەکانی دەوڵەت و لاری نییە لە دامەزراندنی ئەندامی کورد تیایدا.

٦- ڕێگە بە بوونی هێزی سێیەم لە دەوڵەت نادرێ و پێمان وایە کێشەی پێشمەرگە بەوە چارەسەر دەکرێ کە سەرباز و پۆلیس بگەڕێنەوە یەکەکانیان و کارمەندانیش بۆ سەر کارەکانیان، ئەوانی تریش ڕوو بکەنەوە کارەکانی پێشوویان، ئەوانەش کە بەبێ کار دەمێننەوە، حکوومەت کاریان بۆ دەدۆزێتەوە. هەروەها پێمان وایە گەڕانەوەی بە پەلەی ئەمانە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تر.

٧- حکوومەت پابەند دەبێ بە قەرەبووکردنەوەی دادوەرانەی هەموو زیانلێکەوتوان.

٨- گەڕانەوەی "فورسانەکان" بۆ گوند و کارە ئاساییەکانیان پەیوەستە بە سەقامگیری بارودۆخ و ئاساییبوونەوەی کەشوهەوای ناوچەکە.

٩- گواستنەوەی کارمەندان لە لیواکانی باکور وەك بەر لە دەستپێکی "ناسەقامگیریەکان" دەبێ و هەموو وەزارەتەکانیش پابەند دەبن بە دامەزراندنی کارمەندان لە ناوچەکانیان.

١٠-مەلا مستەفا ژمارەیەك کەسایەتی کورد دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی بەشێکیان ببن بە ئەندامی ئەنجوومەنی شورا کە بڕیار وایە لە ماوەی ئەم مانگەدا پێك بهێنرێ واتە کانونی یەکەمی ١٩٦٤[1].

لە بەرامبەردا،سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کانونی یەکەمی ١٩٦٤ لە ڕانییە بەیاننامەیەکی ئاراستەی ڕای گشتی جیهان کرد و تیایدا بارزانی ڕایگەیاند: حکوومەتی عێراق هەموو ئەو پابەندبوونانەی بەجێ نەگەیاند کە لە ١٠ی شوبات بوونە مایەی وەستاندنی شەڕ، هەروەها وتی: "... لە

دەستلەکارکێشانەوەکەی قبول نەکراوە. بڕوانە، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ل٣٩٣ " شێرزاد زەکەریا محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

(١) حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، ل٥٢-٥٣؛ ئەمین سامی ئەلغەمراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥-٣٤٦ .

بەرامبەر هەڵوێستێکی لەم جۆرەدا، ناچار بووین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیمان رێك بخەینەوە... و ئەنجوومەنێك بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕش پێکهێنرا... و ماوەیەکە یاسا پێویستەکان ئامادە کراون، ئینجا چ دەستووری بن یان دارایی و کارگێڕی، یان دادوەری و سەربازی... ئێستاش مەکتەبی تەنفیزی ئەم یاسایانە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا جێبەجێ دەکات، هەروەها دەست بە پێکهێنانی سیستمێکی دارایی و باجی و دادوەریی کراوە و سوپاکەشمان رێك خستۆتەوە، بەمەش کەسایەتی کوردی دەبێ بە واقیع[1].

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەیشتە قەناعەت کە بەرژەوەندی لەوە دایە رۆژی ١٠ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ شاندێکی بەرامبەر رەوانەی بەغدا بکرێ، شاندەکە لە هەریەکە لە: حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پارتی و هەردووك ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی، هاشم عەقراوی و عەگید سالّح ئامێدی پێکهێنرا و هەتا رۆژی ٢٤ ی کانونی دووەم لە بەغدا مایەوە و ئەم خالّانەی خوارەوەی[2] ئاراستەی حکوومەت کرد:

١- دیارکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە گوێرەی رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤.

٢- حکوومەت دانان بە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی و جیابوونەوە رەت دەکاتەوە، بۆیە داوا دەکەین دەسەلّات بە بنەمای بەشداربوون لە حوکم رازی بێ، بۆیە پێویستە وردەکاری دەربارەی ئەم بابەتە و شێوازەکەی دیار بکرێ. ئایا ئەمە لەلایەن حکوومەت دەبێ یان لە رێگەی لیژنەیەکی هاوبەش.

٣- کارمەندانی کورد لە لیواکانی سلێمانی، کەرکوك، هەولێر و قەزا و ناحیە کوردییەکانی هەردووك لیوای موسل و دیالا دەبن، لە حالەتی نەبوونی کارمەندی شارەزای کوردیش، لاریمان نییە کەسانی تر دابمەزرێنرێن.

٤- زمانی فەرمی لە ناوچەکە زمانی کوردی دەبێ لەگەڵ رەچاوکردنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەگەڵیدا لە خوێندن.

٥- بنەمای بەشداربوون لە دەسەلّات لە رێگەی لیژنەیەکی هاوبەش دەبێ کە سەرپەرشتی هەموو بابەتە کارگێڕییەکان بکات لە ناوچەی کوردی، لیژنەکەی هەمیشەیی دەبێ و لاریمان نییە لەوەی بارەگاکەی لە بەغدا بێ.

٦- دامەزراندنی بەشێك لە پێشمەرگە وەك پۆلیسی ناوخۆیی و بەشێکی دیکەش وەك هێزێکی پیادە بۆ پاراستنی سنوورەکان.

---

(١) عیسمەت شەریف وانلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣-٣٢٤.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٣.

٧- پەلەکردن لە تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ قەرەبووکردنەوەی دادوەرانەی هەموو ئەوانەی بەهۆی رووداوەکانی کوردستانەوە زیانیان بەر کەوتووە، لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێنرێ.

٨- گێڕانەوەی ئەو هۆزە عەرەبانەی لەلایەن بەعسییەکانەوە لە گوندەکانی کوردستان نیشتەجێ کراون بۆ ناوچەکانیان و رادەستکردنەوەی گوندەکان بە خاوەنە شەرعیەکانیان.

٩- هەڵوەشاندنەوەی فورسان بەکرێگیراوان و چەککردنیان و گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان[١].

١٠-گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکور بە وەزارەتی کاروباری کورد و سپاردنی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بابەتە کارگێڕی و رۆشنبیریەکانی ناوچەکانی کورد بەم وەزارەتە.

١١-رێکخستنی سیاسی لە ناوچەی کوردی لە رێگەی رێککەوتن لەگەڵ حکوومەت و یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبیەوە دەبێ، بە شێوەیەك کە ببێتە مایەی زامنکردنی بەرژەوەندی گشتی و تووندوتۆڵکردنی یەکێتی نیشتمانی گەل.

١٢-دروستکردنی لیوایەك بە ناوی لیوای دهۆك کە قەزا کوردیەکانی سەر بە لیوای موسڵ لە ئێستادا بگرێتە خۆی، یان لیوا ناوبراوەکان بخرێنە سەر لیوای هەولێر[٢].

مەحمود عوسمانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێی وایە ئەم پرۆژەیە بۆ ئەو کاتە واقیعبینانە بوو، لە کاتێکدا ئەگەر بە وردی سەیری شێوازی بەشداربوون لە دەسەڵات بکرێ، دەردەکەوێ ئەمە شتێکی باشە، لێرەوە لەوانەیە پرسیارێك بێتە پێشەوە: لەبەرچی شۆڕش لە یاداشتنامەی ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا داوای لامەرکەزی سیاسی کرد، دواتر داواکاریەکەی پشتگوێ خست و بە بنەمای بەشداربوون رازی بوو؟

لە راستیدا شۆڕش لەم قۆناغەدا خاوەنی شارەزا و پسپۆڕی وا نەبوو لە بواری سیاسی و سەربازیدا، هەروەها رێکخستنەکەشی جۆرە لاوازیەکی پێوە دیار بوو و بارودۆخی ئابووریش باش نەبوو. واتە ئەم یاداشتنامەیە تا رادەیەك واقیعبینانە نەبوو، بەڵکو لەوانەیە بۆ ئەوە خرابێتە روو کە داوای زۆر بکەی بۆ ئەوەی کەمت دەست بکەوێ. لە لایەکی دیکە، پرۆژەی بەشداریکردن - لەگەڵ ئەم دوو هەموارکردنەوەیەی کە لە داهاتوودا باسیان دەکەین - دەکرێ ئێستا ببێ بە بناغەیەك بۆ پێشکەوتنی دۆزی کورد بەرەو ئۆتۆنۆمی[١].

شاندی دانوستانکاری کورد ماوەیەك لە بەغدا مایەوە و وەڵامێکی ئەوتۆی یاداشتنامەکەش نەدرایەوە، بۆیە شاندەکە گەڕایەوە کوردستان. ماوەیەك دواتر، عەمید روکن رەشاد حەمامی ١٩٦٤-

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٣. "حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، ل٥٦-٥٧.

(٢) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٠-٤١.

(١) مەحمود عوسمان، هەمان سەرچاوە ، ل ٤١.

١٩٦٥ پارێزگاری سلێمانی وەڵامی حکوومەتی هێنا و زیاتر ناڕەزایی بەرامبەر سێ خاڵی یاداشتنامەکە دەربڕی کە ئەمانە بوون:

١- پێکهێنانی وەزارەتی کاروباری کوردی مانای ئۆتۆنۆمیە.

٢- پێکهێنانی لیوای دهۆکیش مانای جیابوونەوە دەبەخشێ.

٣- هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەستدرێژیە بۆ سەر هەیبەت و ناودەنگی سوپا و حکوومەت[٢].

لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٦٥ یشدا، سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "... نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا عێراق بایەخ بە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد نادات... هەروەها حکوومەت ناخوازێ خوێنی عێراقیەکان بڕژێ، بەڵام دووریش نییە ناچار بێ پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ ناچارکردنیان لەسەر ڕێزگرتنی یاسا لە باکوری وڵات...". عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی ئەنجوومەن و بارزانی سەرۆکی بەم جۆرە خستە روو: "... کورد شەڕیان ناوێ و هەرگیز دەستپێشخەری شەڕیش نابن، بەڵام بەردەوام دەبن لە بونیادنانی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیان..."[٣]. لەم کاتەدا لێرە و لەوێی کوردستان چەند پێکدادانێك رووياندا و حکوومەت دەستی بە کۆکردنەوەی هێزەکانی کرد و میدیاکانیش هێرشیان بۆ سەر شۆڕشی کورد دەست پێکرد، هەروەها حکوومەت ناوی ژمارەیەکی زیاتری بەکرێگیراوانی تۆمار کرد و پلانی عەزیز چەلەبیشی فراوانتر کرد، بەمەش هەموو ئاماژەکان بە ئاراستەی ئەوە دەچوون کە حکوومەت لە بەهاری ١٩٦٥[١] هێرش دەکاتە سەر کوردستان. لە بەرامبەردا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ماوەی وەستانی شەڕی بۆ باشترکردنی دۆخی هاوڵاتیان قۆزتەوە و لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ دا مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجام دا و دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی گشتی و باسکردن لە پێداویستیەکانی پێشمەرگە، وایان بە باش زانی لە وەرزی زستاندا یارمەتیەکی داراییان بۆ خەرج بکرێ[٢]. بەڵام تواناکانی شۆڕش و پارتی سنووردار بوون و بڕی پارەی پێویستیش لەبەر دەست نەبوو بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئەندامانی هێزەکانی پێشمەرگە دابەش بکرێ، بۆیە بەشداربوانی کۆبوونەوەکە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خۆبەخشانەی کۆکردنەوەی یارمەتیان دا لە هاوڵاتیە پارەدارەکانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستە بە هاوکاری لەگەڵ لقی دووی پارتی لیژنەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەی یارمەتی بە سەرۆکایەتی موحسین دزەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لە شاری

---

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٤١- ٤٢.

(٣) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٥٢ – ٣٥٣.

(١) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(٢) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٥.

هەولێر پێکهێنرا و پەڕاوی هەژمار و پسولەی پێویستی بۆ دابین کرا. دوای دەستبەکاربوونی لیژنەکە، بڕی پارەی کۆکراوە رادەستی مەکتەبی تەنفیزی کرا[٣].

بە درێژایی ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ و ئاداری ١٩٦٥ ئاڵوگۆڕکردنی نامە و یاداشتنامە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەت بەردەوام بوو و داواکاریەکانی کورد بریتی بوون لە هەموارکردنی دەستوور و زیادکردنی مافی کورد لە ئۆتۆنۆمی و گێڕانەوەی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك و خانەقین بۆ کوردستانی عێراق و رازیبوون بەوەی زمانی کوردی بکرێ بە زمانی فەرمی لە کوردستانی عێراق و تەرخانکردنی پشکێکی ڕێژەی داهاتەکانی نەوت بۆ کوردستان و هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکانی بەکرێگیراوانی کورد و دامەزراندنی جێگرێکی کورد بۆ سەرۆککۆمار و فراوانکردنی بەشداربوونی کورد لە دەسەڵات[١]. حکوومەتیش سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ لایەنی کوردی هێزەکانی پێشمەرگە هەڵبوەشێنێتەوە و ئەو چەکەش رادەست بکاتەوە کە لەکاتی شەڕدا دەستی بەسەردا گیراوە، لە بەرامبەر بەڵێنی گێڕانەوەی هەموو کارمەندانی کورد بۆ کارەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی یەکەکانی بەکرێگیراوانی کورد و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ بەشداربوونی کورد لە یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبیدا، ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی حکوومەت ناخوازێ گفتوگۆی جدی ئەنجام بدات، بۆیە ئەم پەیوەندیانە شکستیان هێنا[٢].

ئەگەرچی حکوومەت وەڵامی ئەو داواکاریانەی نەدایەوە کە لە یاداشتنامەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هاتبوون، هەروەها ئەو پەیوەندیانەش کە لە ئەنجامی ئەم هەنگاوە کەوتنەوە، هیچ ئەنجامێکی وایان لێ نەکەوتەوە، بەڵام گرنگی ئەم هەنگاوانە لەوەدا بوو کە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەو قۆناغەی گفتوگۆکردندا سوودی هەبوو و بوون بە بنەمای سەرەکی بۆ داڕشتنی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، هەروەها بوون بە پێگەیەك بۆ سەرجەم ئەو دانوستانانەی مەبەست لە دوایانەوە گەڕان بوو بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەکە[٣].

حکوومەت لە ڕێگەی ئەو یاداشتنامە و پەیامانەی کە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئاڵوگۆڕی دەکردن، دەیویست کات وەدەست بێنێ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان[٤]. ئەوەبوو

---

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٩٥ – ٩٦.

(١) سەعد ناجی جواد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧ "سەلاح خەرەسان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٢) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤. بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی یاداشتنامە و نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و سرووشتی گفتوگۆکان، بڕوانە، حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، ل١٩ ودواتر "مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٧, "مەحمود دوڕە سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦١ و دواتر.

(٣) کۆنتەر دشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٨.

(٤) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٢٣٨.

کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی سوپای عێراق وەك لیوا روکن - ئەوکاتە - عەبدولعەزیز عەقیلی[٥] فەرماندەی فیرقەی یەك و عەقید روکن محەمەد مەجیدی بەڕێوەبەری جموجۆڵی سەربازی و عەمید روکن ئیبراهیم فەیسەل ئەنساری و هی تر، بە مەبەستی دەستکردنەوە بە شەڕ[١] گوشاریان خستە سەر سەرۆك عەبدولسەلام محەمەد عارف. کاتێکیش بارودۆخ چاوەڕێی بریسکەی گڕدانەوەی شەڕی دەکرد و لە بەرامبەر وەڵامنەدانەوەی داواکاریەکانی بزووتنەوەی کورد لەلایەن حکوومەت و هەوڵی پێشڕەویکردنی هێزەکانی بەرەو چەند ناوچەیەکی گرنگ و هەڵسوکەوتی نابەجێی کوردە بەکرێگیراوەکان[٢].

لەم کاتەدا سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ بڕیاری دا چیتر رێگە بە پێشمەرگە نەدرێ روو بکەنە شارە کوردیەکان و لە حالەتی پێشێلکردنی ئەم بڕیارانەشدا پێویستە ئەوان دەستگیر بکرێن[٣].

دوای بەستنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە تەموزی ١٩٦٤ و پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هەڵبژاردنی مەکتەبی تەنفیزی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا، کۆمەڵێك بیروڕا لە لایەن نوخبەی کوردیەوە گەڵاڵە بوون و داوایان دەکرد:

١- دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق: لەبەر ئەوەی حکوومەت بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە بەخشینی مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کورد بەجێ نەهێنا و سوپای لە کوردستان نەکێشایەوە و کۆتایی بە بارودۆخی نائاسایی نەهێنا و شار و شارۆچکە کوردیەکان هێشتا لەژێر دەستی سوپا و یەکرێگیراوانی کوردن، هەروەها حکوومەت نییەتی نییە دۆخی ئاسایی بۆ کوردستانی عێراق بگێڕێتەوە.

٢- بەشێك لە ئەندامانی ئەم نوخبەیە پێیان وابوو پێویستە گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن جیابوونەوەکان لە ئێران بگێڕدرێنەوە، چونکە ئەوان بەبێ خوێنڕشتن کوردستانیان بەجێ هێشتووە و دەکرێ ئەوان

---

(٥) عەبدولعەزیز عەقیلی (١٩٢٠-١٩٨١) لە شاری موسل لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە، پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازیەوە کردووە و ساڵی ١٩٣٨ تەواوی کردووە. چۆتە کۆلێژی ئەرکان و ساڵی ١٩٥١ لێی دەرچووە. لە سوپای عیراقدا چەندین پایەی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە فەرماندەی فیرقەی یەك، هەروەها یەکێکە لەو ئەفسەرانەی کە لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و بەشداریی لە هەردووك کودەتاکەی ٨ی شوبات و ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا کردووە و دوای کودەتای دووەم کراوەتە بەڕێوەبەری بەندەرەکانی عیراق. بۆتە وەزیری بەرگری لە حکومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز (٢١ی ئەیلولی ١٩٦٥- ١٨ی نیسانی ١٩٦٦). بڕوانە، رۆژنامەی ئەلبەعس، ژ (٤٠٩)، ٢٢ی ئەیلولی ١٩٦٦. ناوبراو بە دژایەتیکردنی گەلی کورد و مافە نەتەوەییە رەواکانی ناسراوە و لەژێر کاریگەری هزری ئیخوان موسلمین دابووە و دۆستی نزیکی ئەوان بووە. بۆ زانیار زیاتر، بڕوانە، عەبدولفەتاح بۆتانی، "حزبا ئیسلامیا عیراقی شانازیی ب جەلادەکی گەلی کورد دکەت"، وەرگێڕان، ئەڤرو، رۆژنامە ئەڤرو، ژمارە (٥١)، (دهۆك، ٢٨ تەموزی ٢٠٠٤).

(١) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٣٣٨.

(٢) هەمان سەرچاوە .

(٣) (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل) ناوی دۆسیە، ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥، ژمارەی دۆسیە ١٢٥/٤، ٧٥/٢٧، نووسینی وەزارەتی ناوخۆ، هەواڵگری نهێنی و سیاسی، بەغدا / نهێنی، ژمارە ق .س لە -/ ١٩٦٤/١٢، بۆ پارێزگای لیوای سلێمانی، بابەت، چوونی کەسانێکی چەکدار بۆ شاری هەڵەبجە.

بگەڕێنرێنەوە و دووبارە تێکەڵی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش بکرێنەوە بۆ ئەوەی دڵسۆزانە لە نێو ریزەکانی شۆڕشی کورد بکەونەوە کار[1].

بەڵام بارزانی پێی وابوو باشتر وایە سەبارەت بەم بابەتە پەلە نەکرێ و وەستانی شەڕ لە بەرژەوەندیی شۆڕشی کورد بوو و سەرکردایەتی شۆڕش یەکی گرت و میللەت دەتوانێ قوتی خۆی پەیدا بکات و هیچ کردەوەیەکی سەربازی لە ئارادا نییە و فرۆکەش بە ئاسمانەوە نین بۆ ئەوەی کێڵگەکان بسوتێنن یان ناوچەکانی کوردستان وێران بکەن، دواتر دەستکردنەوە بە شەڕ کارێکی وا ئاسان نییە و قوربانی زۆری پێویستە. ئەو کاتە بارزانی لەو باوەڕەدانەبوو کە گێڕانەوەی جیابوەوەکان بۆ نێو ریزەکانی پارتی و شۆڕش کارێکی گونجاو بێ، چونکە ئەوان بۆ ئەو دڵسۆز نابن، لە راستیدا بارزانی متمانەی بەم ڕەوتە نەمابوو و بە بەردەوامی و بە ئاشکرا هێرشی دەکردە سەری[2].

ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخ بەرەو خراپتر دەچوو و لێرە و لەوێ پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویان دەدا، بە تایبەتی لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤، بۆیە مەکتەبی سیاسی پارتی لە ٢٣ ی کانونی یەکەم بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیایدا راستی بارودۆخ و مەترسیەکانی دووبارە بەرپابوونەوەی شەڕی خستە ڕوو لە کاتێکدا ئەگەر حکوومەت لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەردەوام بێ. لە بەیاننامەکەدا جەخت لەوەش کرابوەوە کە ئێمە دژی بەرپابوونەوەی شەڕین و دەستپێشخەریش نابین و لەم دۆخە ناخۆشەدا بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت[3]. لە بەرامبەر وەڵامنەدانەوەی داخوازیە ئاشتیخوازەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەلایەن حکوومەت و درێژەدان بە کردەوە و ئاراستە نابەجێکانی، بارزانی داوای لە پێشمەرگە کرد بەرەوڕووی هەر دەستدرێژیەك بوەستنەوە کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە و بە هەموو توانایەکیش ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بپارێزن[4]. بەم جۆرە ژمارەیەك ناوچەی گرنگ کۆنترۆل کرانەوە[5].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ وەرچەرخانێك بەرەو راست لە هەڵوێستی عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمار و تاهیر یەحیای سەرۆکی حکوومەت بەدی کرا، کاتێك هێزە تووندڕەوە کۆنەپەرستەکان داوایان لە حکوومەت کرد ڕێگەچارەی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد ڕەت بکاتەوە و لە ڕێککەوتنی وەستاندنی شەڕ پاشگەز ببێتەوە و هێزی چەك بەکار بێنێ[1].

---

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٧.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.
(٤) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.
(٥) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٣٣٨.
(١) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٢.

حکوومەت بەردەوام بوو لەسەر هەڵوێستی رەتکردنەوەی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەڕەشەکانی بەرپرسانی حکومیش لە کورد درێژەیان هەبوو. رۆژی ٢ ی شوباتی ١٩٦٥، سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ هەڕەشەی ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی نوێی کرد و وتی: "... نە ئەمرۆ و نە لە ئایندەدا، عێراق نیازی نییە بە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد رازی بێ...[٢]. کارێکی ئاسایی بوو کە پارتی ئەم هەڕەشانە رەت بکاتەوە، بۆیە لە ١٩ ی کانونی دووەمی ١٩٦٥[٣] مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری دا ١٠ ی شوباتی ١٩٦٥[٤] مانگرتنێکی سەرتاسەری لە کوردستان ڕێك بخات، ئەوەبوو وەك دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە جێبەجێنەکردنی داواکاریە رەواکانی کورد[٥] لەلایەن حکوومەتەوە، مانگرتنەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە و مانگرتوان چەندین دروشمیان بەرز کردەوە، تیایاندا داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازێکی ئاشتیانە و یەکسان و دادوەرانەیان کرد، بەرچاوترین دروشمەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- بژی خەباتی گەلی کورد لەپێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراسیەکان بە سەرکردایەتی بارزانی.

٢- داوای دانان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکەین لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

٣- بژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق[٦].

سەرەڕای ئەم هەوڵانەش کە لە پێناوی ڕێگەگرتن لە ڕێکخستنی مانگرتنەکە و شکستپێهێنانی[١] لەلایەن دەسەڵاتداران و پیاوانی حکوومەت دران، بەڵام پارتی سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنی مانگرتنەکە و جێبەجێکردنی لە هەموو شارە کوردیەکان[٢] و تەنانەت کوردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتیش[٣] بە دەنگیەوە هاتن. هەروەها حزبی شیوعی عێراقیش[٤] پشتگیری خۆی بۆ مانگرتنەکە

---

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ٣٣٨.

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان، لیژنەی ناوخۆ- دهۆك، ژ (٨٤) لە ١٩٦٥/١/٢٨، بۆ هەموو ڕێکخراوەکان، بابەت، مانگرتنی سیاسی سەرتاسەری، وەرگیراوە لە، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی، بەڵگەنامە...، ل٣٤٢- ٣٤٣ " ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٦)، شوباتی ١٩٦٥.

(٥) دیمانە لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ڕێکەوتی ١٩ ی ئایاری ٢٠٠٥.

(٦) بۆ دەقی ئەم دروشمانە و هی تریش ، بڕوانە، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل٣٤٤ و دواتر.

(١) (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل) ناوی دۆسیە، ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥، ژمارەی دۆسیە ١٢٥/٤، ١٦٦/٨٢، نووسینی قایمقامیەتی قەزای دهۆك / نهێنی، ژمارە ق. س لە ١٩٦٥/٢/٢٠، بۆ پارێزگای لیوای موسل، بابەت، پوختەیەك دەربارەی مانگرتنی پارتیەکان لە ١٩٦٥/٢/١٠ " ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٦) ، شوباتی ١٩٦٥.

(٢) (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل) ناوی دۆسیە، ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥، ژمارەی دۆسیە ١٢٥/٤، ١٥٠/٧٣، نووسینی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای موسل - / زۆر نهێنی، ژمارە /٦٩٠ لە ١٩٦٥/٢/١٠، بۆ پارێزگای لیوای موسل، بابەت، زانیاری "شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤. "عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی، بەڵگەنامە...، ل ل ٣٣٨-٣٣٩.

(٣) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

دەربڕی. تەنانەت عەزیز ئەلحاجی سەرکردەی ناسراو کە ئەو کاتە لە دەرەوەی وڵات بوو، لە کاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ قوتابیانی عێراقدا لە ١٠ ی شوباتی ١٩٦٥ لە پراگ، وتی: "... جگە لە ئۆتۆنۆمی، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە بۆ کێشەی کورد نییە..."(٥). هەروەها مانگرتنەکە بووە مایەی ڕەزامەندیی کۆمەڵەی ڕزگارکردن و ژیاندنەوەی یەکێتی کوردستان کاژیك(٦).

لە بارەی هەڵسەنگاندنی مانگرتنەکەدا، ڕۆژنامەی خەبات نووسیویەتی: "... مانگرتنەکە دەربڕینێکی دروست بوو بۆ یەکێتی گەلی کورد و توندوتۆڵی باری ناوخۆیی و کۆبوونەوەی بەهێزی لە دەوری ئاڵای شۆڕشی کوردستان، ئاڵای ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتن و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی جەماوەری کوردستان، هەروەها وەڵامێکی توند و بێدەنگکەریش بوو بۆ هەندێك لە ناوەندە حکومیەکان و ئەو جاش و خۆفرۆش و خیانەتکارانەی پروپاگەندەی بێ بنەما دەربارەی گۆشەگیریی شۆڕشی کورد لە جەماوەر بڵاو دەکەنەوە..."(١).

کاردانەوەی حکوومەتیش دەربارەی مانگرتنەکە بە خێرایی دەرکەوت و سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ لە ١١ ی شوباتی ١٩٦٥ نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد و پێی ڕاگەیاند کە حکوومەت هەردووك داواکاریە سەرەکیەکانی ڕەت دەکاتەوە کە بریتین لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها لە کۆتایی نامەکەیدا داوای ملکەچبوون بۆ دەسەڵات دەکات و باس لەوەش دەکات کە لە پێناوی گێڕانەوەی یاسا و دەسەڵات بۆ کوردستانی عێراق،

---

(٤) دیمانە لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ڕێکەوتی ١٩ ی ئایاری ٢٠٠٥.

(٥) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٣-١٦٤.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤. ئەم ئەنجومەنە لە ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ لەسەر دەستی ژمارەیەك کەسایەتی ڕۆشنبیری ڕاستڕەوەوە دامەزراوە کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لە ئەوروپا دەژیان و ئەمە ناوە کورتکراوەکەیەتی و ناوی تەواوی (کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوە و یەکێتی کوردستان)ە و ئەرکی دامەزراندنی ئەنجومەنەکە کەوتۆتە ئەستۆی جەمالەدین تۆفیق (جەمال نەبەز)، کە ئەو کاتە لە یەکێك لە قوتابخانە ئامادەییەکانی بەغدا مامۆستا بووە. ئایدیۆلۆژیای (کاژیکی) بریتی بووە لە تێکەڵەیەك لە چەند مەزهەبێکی جیهانی، نەتەوەخوازی، ڕەگەزپەرستی، سۆسیالیستی، لیبرالی، لەگەڵ مۆرکێکی تایبەتی (کاژیکی). ئەوەی لەم ئایدیۆلۆژیایە دیارە، باوەڕبوونیەتی بەوەی بە هیچ شێوەیەك مساوەمە لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆیی (کوردستانی گەورە) ناکرێ ، ئەمە جگە لە دژایەتیکردنی شیوعیەت و هەڵوێستی ئیلحاد. سیاسەتی پارتیش لە سایەی سکرتاریەتی هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەی دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کە ماوەیەك لایەنگری شیوعیەکان و ماوەیەکیش لایەنگری عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکوەزیران بوو، هەندێك جاریش لایەنگری هەردووك بەرەی دەکرد، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە نەتەوەخوازە بوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی، بەڵگەنامە...، ل ل ٥١٩ – ٥٢٢.

(١) بڕوانە ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٦) ، شوباتی ١٩٦٥.

حکوومەت ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر[٢]. وەك پێشبینی دەکرا، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئەم وتە نابەجێیانەی وەزیری ناوخۆی ڕەت کردەوە[٣].

دوای ئەم ناهەمواریە، کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ماوەی نێوان ١٣-١٧ ی شوباتی ١٩٦٥ لە شاروچکەی قەڵادزێ ئەنجام درا و تیایدا جەخت لەسەر ئۆتۆنۆمی و بەهێزکردنی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کرایەوە، هەروەها لە بڕیارەکانی ئەنجوومەندا بە ئاشکرا هێرش کرایە سەر حکوومەت و ئەو سیاسەتەی بەرامبەر کورد پەیڕەوی دەکات و نییەتە خراپەکانی شەرمەزار کران[٤].

ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەکەیدا ڕایگەیاند کە: "... چەند هێزێك هەن شەڕ بۆ گەلی عێراق دەخوازن، بە عەرەب و کوردەوە. هەوڵی بەرپاکردنەوەی شەڕ دەدەن، ئەگەرچی لە بەرژەوەندی عەرەب و کوردی عێراق نییە.بەڵکو بیانییەکان بە تەنیا سوود لە دەستپێکردنەوەی کردەوە سەربازییەکان دەبینن، پێویستە لەیاد نەکەین کە بێگانە لە پێناوی هێنانەدی پلانەکانی هەوڵی بەکارهێنانی ئێمە دەدات وەك چەکێك. دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە دەستپێشخەر نابین لە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی، بەڵکو لە دژی هەڵسوکەوتە نابەجێکانین ئینجا لە هەر کوێیەك سەرچاوە بگرن..."[١].

شایەنی باسە، لەم کۆبوونەوەیەدا چەند هەموارکردنێك لە دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەنجام دران و ئەنجوومەن بڕیاری دا پێشەکیەك بۆ دەستوور زیاد بکات و تیایدا باس لەوە کرابوو کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن لەگەڵ کەمینەکانی تورکمانی و ئاشوری و ئەرمەنی و هی تر و پێکەوە یەکێتی قەوارەی عێراق پێکدێنن و پێویستە کۆمارێکی عێراقی دوور لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دوور بێ و لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دان به مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دابنرێ کە جێبەجێکردنی مافە ئیداری و ڕۆشنبیریەکان و بلاندارێژیی ئابووری هەرێمی و نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەیی لە دەوڵەتی عێراق دەگرێتە خۆی. هەروەها کۆمەڵێك مادە و بڕگەی نوێ بۆ دەستوور زیاد کران و هەموار کرانەوە، بەڵام ئەم هەموارکردنەوانە گەورە نەبوون[٢].

لە ئەنجامی تێکچوونی دۆخی سیاسی و سەربازی لە کوردستانی عێراق، لە ٢٢ ی شوباتی ١٩٦٥ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو نامەیەکی ئاراستەی عەبدولسەلام محەمەد

---

(٢) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٧. بڕوانە دەقی نامەکە لە ، حکومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور ، ل ل ٦٧-٦٨ " مەحمود دوڕە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٤.

(٣) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٧) ، نیسانی ١٩٦٥.

(٤) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(١) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٣٢ - ١٣٣.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

عارفی سەرۆکی عێراق کرد و تیایدا داوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانەی بۆ کێشەی کورد کرد. لە نامەکەدا ناسر نوسیویەتی: "... ساڵێك و نیو لەمەوبەر ڕێنماییم کردن کە بڕوانینە شێوازی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان، کە نەدەبووە مایەی پێشێلکردنی یەکێتی خاکی کۆماری عێراق. هیواخواز بووم ئەم ڕێوشوێنە وەك هەڵوێستێکی جوامێرانەی عەرەب بوایە بەرامبەر برایانی کوردیان، ئێستاش ئەوان ئێوەیان خستۆتە بەردەم ئەمری واقیع، دوای ئەوەی خۆیان بوونە خاوەنی هەموو ئەوەی کە لەتواناتاندا هەبوو ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر پێیان ببەخشن...". عەبدولناسر مەبەستی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دامودەزگاکانی بوو لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤. هەر لە نامەکەدا عەبدولناسر ڕای خۆی دەربڕیوە و وتوویەتی: "... هێشتا درەنگ نییە، دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ نەتەوەخوازانی کورد لە ڕێگەی دانوستان..."[١].

لەم کاتەدا و بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخ و لەژێر گوشاری هێزە دەرەکیەکاندا، بە تایبەتی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و لایەنی تر، لە ١١ ی ئاداری ١٩٦٥ تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران ناچار بوو نامەیەك بۆ بارزانی بنێرێ و ڕایگەیاند کە حکوومەتەکەی دەستپێشخەر نابێ لە بەرپاکردنی شەڕ، بەڵکو داوای ئاشتی دەکات. لە وەڵامی نامەکەی تاهیر یەحیادا، بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەوان پابەندن بەو پرۆژەیەی کە لە کانونی دووەمی ١٩٦٥ لەلایەن شۆڕشی کوردەوە پێشکەش کراوە لەگەڵ ئەم دوو هەمواركردنەوەیەی خوارەوە:

١- ناوچەی کوردستان بە گوێرەی سنووری جوگرافی خۆی دیار دەکرێ.

٢- گەلی کورد خاوەنی ڕێکخراوی سیاسی تایبەت بەخۆی دەبێ لەگەڵ گرێدانی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیە عەرەبیە ڕێگەپێدراوەکان لە عێراق[٢].

بێگومان حکوومەت وەڵامی ئەم داواکاریانەی نەدایەوە و لە ئەنجامدا ناسەقامگیریی ڕووی لە زیادبوونی زیاتر کرد. لە هەنگاوێکی دیکەدا کە بووە مایەی زیاتر هەڵکشانی ئاستی نیگەرانی، ڕۆژی ١٣ ی ئاداری ١٩٦٥، عەبدولکەریم فەرحانی وەزیری ڕۆشنبیری ئیرشاد ڕایگەیاند: "... حکوومەت سڵ ناکاتەوە لە سزادانی هەموو ئەوانەی دەبنە هۆی تێکدانی ئاسایش و ئەندامانی باندەکان و ڕێگران لە باکور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا..."[٣].

باری دەروونی و هزریی زۆربەی ئەفسەرانی سوپای عێراق یارمەتیدەر نەبوو بۆ کێشانەوەی یەکەکانی سوپا لە کوردستانی عێراق و بڵاوبوونەوەی ئاشتەوایی و هێمنی لە ناوچەکە. هەروەها هێشتا گیانی شەڕخوازیی و تۆڵەسەندنەوە بەسەر هزری ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی سوپادا زاڵ بوو. ساڵی

---

(١) وەگیراوە لە ، شاکرۆ خدۆ محوّی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٥.

(٢) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢.

(٣) وەرگیراوە لە ، ماجد عەبدولرەزا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٨.

١٩٦٥ مەنزومەی هەواڵگری ناوچەی باکور لە شاری کەرکوك پێکهێنرا و دەستی بە چاندنی سیخوڕەکانی کرد لە کوردستان. ساڵی ١٩٦٥ هەوڵە سەربازییەکان چڕتر کرانەوە و گیانی سووربوون سەبارەت بە لەناوبردنی شۆڕشی کورد لەلایەن سەرکردەکانی سوپا رووی لە زیادبوون کرد[١].

هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ بۆچوونێك لەناو فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق بڵاو بووەوە کە گوایا دۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆی عێراق دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دەستکردنەوە بە شەڕ و تێکشکاندنی شۆڕشی کورد و بنبڕکردنی " یاخیبوونی کورد"، بە تایبەتی پاش ئەو جیابوونەوەیەی کە ساڵی ١٩٦٤ لە ریزەکانی شۆڕشی کورد رووید‌ا، هەر ئەمە سەرکردە سەربازییەکانی هان دا بۆ ئەوەی بگەنە قەناعەت کە هەڵوێستی کورد لاوازە و شۆڕشگێڕانی کورد بە دەستی لاوازیی و پەرتەوازەبوون و ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکانەوە دەناڵێنن و بارودۆخی ناوخۆیی ڕێگە بە سوپای عێراق دەدات لە پێناوی بنبڕکردنی " یاخیبوونی کورد " شەڕ بکات، وەك چۆن ئەو کاتە وەسفیان دەکرد[٢].

پێشهاتەکان دەریانخست کە حکوومەت ناخوازێ داواکاری و مافە نەتەوەییەکانی کورد بێنێتە دی، بە تایبەتی داننان بە ئۆتۆنۆمی لە کوردستان. ماوەی وەستانی شەڕیش کە لە نیسانی ١٩٦٥ کۆتایی هات، بە ئەنجامدانی دانوستانی بێ ئەنجام دەناسرێتەوە کە مەبەستی حکوومەت لەدوایەوە دەستکەوتنی کات و توندوتۆڵکردنی پێگەکەی و تێکدانی ریزەکانی سەرکردایەتی کورد بوو. لە زستانی ١٩٦٤ – ١٩٦٥ سەرەتاکانی خۆئامادەکردنی حکوومەت بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر کوردستان دەرکەوتن، بەڵام هێزەکانی حکوومەت بەهۆی سەختی کەشوهەوای زستان سەرکەوتوو نەبوو لە جموجۆڵکردن یان پێشڕەویکردن، بۆیە تا کاتی هاتنی وەرزی بەهار هێرشەکانی دواخست[٣]. بەم جۆرە لە نیسانی ١٩٦٥[٤] فرمان بە هێزەکانی کرا کە هێرشێکی سەرتاسەری بکەنە سەر کوردستان و بەمەش دوای شکستهێنانی پرۆسەی سیاسی لە هێنانەدی ئامانج و مەبەستەکانی، جارێکی دیکە شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە. بەهۆی ئەو هێرشە بەرفراوانەی کە حکوومەت لە دژی شۆڕشی کورد ئەنجامی دا، ڕۆژی ١٦ ی نیسانی ١٩٦٥ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کوردستان کرد و لە سەرتاسەری عێراق بڵاو کرایەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

" بەیاننامەیەك بۆ هەموو برایانی کوردمان لە کوردستانی عێراق "

---

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٦ .

(٣) ش. ج. ئاشیریان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣ "شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

(٤) ڕۆژنامەی خەبات، ژ (٤٧٧)، نیسانی ١٩٦٥." حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ل ١٠٦ -١٠٧.

هاوڵاتیانی خۆشەویست

لە کاتێکدا دوژمن هەموو یەکە سەربازییەکانی بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کوردمان و شۆڕشە گەورەکەی لە کوردستانی خۆشەویستمان کۆ کردۆتەوە. دەبینین کە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان لە هەموو شوێنەکاندا وەك چیایەکی سەرکەش لە دژی دوژمن چەقیوە و تا ئێستا زیانێکی زۆری پێ گەیاندووە و توانیویەتی لە دەیان شەڕدا دوژمن بشکێنێ و بەهۆی دڵسۆزیی گەلی کورد و دۆستانی لە گەلانی جیهان، سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان لە پێشڕەوی دایە.

ڕۆڵەکانی گەلی کوردی قارەمان

بەرگریکردن لە خاك و ماف و ئامانج و هیواکانمان تەنیا ئەرکی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نییە، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی هەموو کوردێکی پاکە و وەشاندنی گورز لە دوژمنی ستەمکار ئەرکی لەپێشینەتانە، لە پێناوی بەرگریکردن لە شەرەف و کەرامەتی ئێوە، بەم پێیەش ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەرکران:

١- هەموو کوردێکی دڵسۆز، ئەندامی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بێ یان هی تر، ڕووبەڕووی دوژمن چ سوپا بێ یان جاش ببێتەوە، هەموو دەستکەوتەکانی دەبن بە موڵکی خۆی، جگە لە چەکی قورس و ئامێرە بێتەلەکان نەبێ کە بە هۆی پێویستی زۆر پێیان، دەبن بە موڵکی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەمە ئەرکێکە و مایەی شانازیە.

٢- شۆڕش هەموو موڵکە گوازراوە و نەگوازراوەکانی ئەوانە دەستبەسەر دەکات کە لە دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان شەرەف و ویژدانیان بە حکوومەت فرۆشتووە و زەویوزارەکانیان بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکرێ.

بۆ پێشەوە، بەرەو شۆڕشێکی بەگوڕ لە پێناوی لەناوبردنی دوژمنی ستەمکار و هێنانەدی ئامانج و هیواکانی شۆڕشەکەمان بە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە قارەمانەکەی بارزانی مستەفا.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق

مەکتەبی تەنفیزی

١٩٦٥/٤/١٦[1]

دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە، دەسەڵاتداران دەیان قوتابی کوردیان بە تۆمەتی دابەشکردنی بەیاننامەکە دەستگیر کرد، هەروەها هەموو دەستگیرکراوانی سیاسی کوردی لە بەندیخانەی گەورەی موسل بەرەو بەندیخانەکانی بەسرا و ناسریە و کوت گواستەوە[2].

(١) وەرگیراوە لە، (سەنتەری توێژینەوەکانی موسل) ناوی دۆسیە، ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥، ژمارەی دۆسیە ١٢٥/٤، ١٩/١٩، بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ١٩٦٥/٤/١٦" عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...، ل ل ٣٥٢ – ٣٥٣.

(٢) عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی ، بەڵگەنامە ...،ل ٣٥٢.

بەشی سێیەم

پێشهاتەکانی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان – عێراق
١٩٦٥ – ١٩٧٠

- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و تێکچوونی بارودۆخ لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥.

- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پێشهاتە سیاسییەکان لە کوردستان، دوای کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و تێکچوونی بارودۆخ لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥

ئاشکرایە کە تێکچوونی بارودۆخی ئابووری دانیشتوانی کوردستان یەکێك بوو لەو هۆکارە سەرەکیانەی پاڵیان بە سەرکردایەتی کوردەوە نا کە ڕێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ واژۆ بکات، بەڵام دوای ڕێککەوتنەکە، ئەم بارودۆخانە باشتر نەبوون بەڵکو ڕوویان لە خراپی زیاتر کرد. دواییین مووچە کە شۆڕش بۆ پێشمەرگەی خەرج کرد لە مانگی نیسانی ١٩٦٤ بوو و هەتا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٦٦ پێشمەرگە و خانەوادەکانیان بەبێ هیچ یارمەتیەکی دارایی مانەوە. خراپی دۆخی دارایی گەیشتە ئاستێك کە بەرپرسی کارگێڕی قەڵادزێ لە هاوینی ١٩٦٥ بە قەرز پارە لە بازرگانانی شارۆچکەکە وەربگرێ و بەهۆی ئەم قەرزەوە توانی خۆراك بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و بەرەی شەڕ لە ناوچەکە دابین بکات و دواتر لە شوباتی ١٩٦٦ پارە قەرزکراوەکە بۆ خاوەنەکانیان گێڕدرایەوە[١].

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥، هێزە حکومیەکان لە کاتی ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکانیاندا نزیکەی ٦٥٠ گوندی کوردیان لە بەپیترین ناوچەکان وێران کرد، تەنیا لە ناوچەکانی ئامێدی و زاخۆ و ئاکرێ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ دا حکوومەت نزیکەی ١٢٩ گوندی کاول کرد، لە ناوچەی کەرکوکیش، زیاتر لە ٤٠ هەزار خانووی خەڵکی کورد بەهۆی بلدۆزەر و تانکەوە ڕووخێنران، بۆیە ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ناچار بوون ڕوو بکەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردیەکان، بەمەش کێشەیەکی تونڈی نیشتەجێبوون و ئابووری ئەم ناوچانەی گرتەوە کە خۆیان لە بنەڕەتدا بەدەستی نالەباری دۆخی ئابووریەوە دەیاننالاند[٢]. هەروەها حکوومەت ڕێگەی گەیشتنی داودەرمان[٣] و بەرهەمە نەوتیەکانی بۆ کوردستان قەدەغە کرد[٤] و لە بارودۆخی شەڕدا نرخی کەلوپەلی پێویست لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد، لەم خشتەیەی خوارەوەدا نموونەیەك سەبارەت بە نرخەکان لە ساڵی ١٩٦٦ خراوەتە ڕوو:

ناوی خۆراك	یەکەی پێوان	نرخ بەر لە شەڕبە فلس	نرخ دوای شەڕ بە فلس
شەکر	کیلۆگرام	٩٠	٢٥٠
چا	=	١٠٠٠	٢٠٠٠

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٨٩ – ١٩٠.

(٢) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ل ١٨٧ – ١٨٨.

(٣) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦٨.

(٤) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

گەنم	=	٥٠	١٥٠
جۆ	=	٤٠	٢٠٠-١٠٠
برنج	=	٣٠٠	٧٠٠
رووني روەکی	=	٤٠٠	٩٠٠
گۆشت	=	٤٠٠	٨٠٠
گاز نەوتی سپی	٢٨ لیتر	٢٥٠	٢٠٠٠[١]

دواتر مەحمود عوسمانی سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە راگەیاندنێکدا وتی: "... سالّانە پێویستمان بە یەك ملیۆن دینار هەبوو، بەڵام ئەو کاتە و هیچ سالّێکی تر ئەو برە پارەیەمان لەبەر دەست نەبووە...". خانەوادەی ١٨ هەزار کوژراو لە رۆژەکانی شەڕدا خاوەنی هیچ یەکێك لە شێوازەکانی ژیان نەبوون. هەروەها لە کۆی ٢٠٠ هەزار پەنابەری کورد، ٩٢% یان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد دەژیان و ١٠% یان هەتا سالّی ١٩٦٨ لەژێر خێوەتدا مانەوە[٢].

سەرەڕای ئەم هەموو ئاستەنگانەش، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کۆمەڵێك ڕێوشوێنی کاریگەری گرتەبەر کە بە پلەی یەکەم بە ئاراستەی باشکردنی ئاستی ژیانی دانیشتوان و بەهێزکردنی بەرگریکردن لە ناوچە ئازادکراوەکان و توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و سوپا و جەماوەر بوون[١]. ئەگەر چیش توانا داراییەکانی شۆڕش زۆر کەم بوو، بەڵام مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی لە خەمی ئەوە دابوون کە لە ماوەی شەڕدا یارمەتی پێویست پێشکەشی پێشمەرگە بکەن لە بەرەکانی شەڕدا[٢]. بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی سەرۆك عەبدولسەلام محەمەد عارف شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی لە ١٣ ی نیسانی ١٩٦٦ بەهۆی تێکشکانی فرۆکەکەی لە پارێزگای بەسرا لە باشووری عێراق[٣] کۆچی دوایی کرد.

---

(١) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٨٨.لە راستیدا نرخی هەندێك کەلوپەلی خۆراك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت زۆر زیاتر بوو لەوەی لە سەرەوە باسی لێوە کراوە ، لە شاری موسل دەسەڵاتداران لە کانونی دووەمی ١٩٦٦ نرخی یەك کیلۆ شەکریان بە (٦٥٠) فلس دیار کردووە ، بەڵام لە بازاڕدا بە نرخێکی زۆر لەوە زیاتر دەفرۆشرا ، بڕوانە ، رۆژنامەی الهدف ، ژ (٤٢٤) ، ٢٦ ی کانونی دووەمی ١٩٦٦ .

(٢) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٨٨.

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٩.

(٢) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٧.

(٣) بۆ زانینی وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە کوژرانی عەبدولسەلام محەمەد عارف، بڕوانە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن - کۆماری عیراق، سەرۆکی کۆچکردوو عەبدولسەلام محەمەد عارف، (بەغدا، ١٩٦٧)، ل١٢ و دواتر "فەیسەل حەسون، کوژرانی موشیر ڕوکن عەبدولسەلام عارف، (لەندەن، ١٩٩٥)، ل٤١ و دواتر "عەبدولسەلام عارف، یاداشتنامەکانی سەرۆکی کۆچکردوو عەبدولسەلام محەمەد عارف، پێشکەشکردن، عەلی مونیر، (بەغدا، ١٩٦٧)، ل١٢٥ و دواتر.

دواتر لە ١٦ ی نیسانی ١٩٦٦[٤] عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بوو بە سەرۆککۆمار. هەر لە سەرەتادا و بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەکانیان[٥] و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی، سەرۆکی تازە و عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیرانەکەی وایان پیشان دا کە پەرۆشی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن. لە بەرامبەردا و بە مەبەستی بەخشینی کاتی پێویست بە حکوومەتی تازە بۆ ئەوەی چاوێك بە داواکاریەکانی کورددا بخشێنێتەوە[٦]، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ ماوەی مانگێك، لە ١٧ ی نیسانی ١٩٦٦ ئاگربەستی ڕاگەیاند.

حکوومەت وەڵامی دەستپێشخەری ئاگربەستی کوردی نەدایەوە، چونکە سەرکردە سەربازییەکانی مکوڕ بوون لەسەر لەناوبردنی شۆڕشی کورد، بۆیە هێزەکانی حکوومەت بەرفراوانترین هێرشی زەمینی و ئاسمانیان کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش، بە تایبەتی ناوچەی باڵەکایەتی بڕبڕەی پشتی شۆڕش. بەم هەنگاوە، حکوومەت ویستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد بکات بە دوو بەش و پەیوەندی نێوانیان بپچڕێنێ، بەو پێیەی هەردووك چیای هەندرێن و زۆزك دەڕوانینە سەر دەروازەی ڕێگای هاملتۆن[١] کە ناوچەی باڵەکایەتی دەبڕێت، بۆیە هێزەکانی حکوومەت لە هێرشەکانیاندا زیاتر جەختیان لەسەر ئەم دوو چیایە دەکردەوە[٢] و ماوەی مانگێکیشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە تەرخان کردبوو[٣]، حکوومەت بەهێزترین دوو فیرقەی سەربازیی سوپای عێراقی خزاندە نێو ئەم شەڕە کە

---

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارف، بڕوانە، عەلی جاسم ئەلعوبەیدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢ و دواتر "محەمەد کەریم مەهدی مەشهەدانی، عەبدولڕەحمان بەزار، ڕۆڵی هزری و سیاسی لە عیراق هەتا شۆڕشی ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨، پێداچوونەوە، جەعفەر عەبای حەمیدی حەسەن، (بەغدا، ٢٠٠٢)، ل١٧٨ و دواتر.

(٥) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٧.

(٦) ئێدمۆن غەریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١ "کۆنتەر دشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠ "ئێدگار ئۆبلانس، خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی عیراق، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی - معاونیەتی یەك - ، (زۆر نهێنی)، شوێن و کاتی چاپی دیار نیە)، ل١٣٧ "ڕۆژنامەی عەرەب، ژ (٥٥٣)، ٢٠ ی نیسانی ١٩٦٦.

(١) ڕێگای هاملتۆن لە شاری هەولێرەوە دەست پێدەکات و بە ناوجەرگەی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ و دەیکا بە دووبەش تا دەگاتە سنوورەکانی عیراق - ئێران لە حاجی ئۆمەران، ڕێگاکە بە ناوی ئەو کەسە نراوە کە نەخشەی بۆ کێشاوە و دروستی کردووە و کتێبێکی تایبەتیشی لەسەر ئەم ڕێگایە نووسیوە. بڕوانە، ئەی.ئێم. هاملتۆن، ڕێگایەك لە کوردستان، وەرگێڕانی، جەرجیس فەتحوڵا، چ٢، (هەولێر، ١٩٩٩) .

(٢) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٤ " " ئێدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٨" حەبیب محەمەد کەریم ، چەند لاپەڕەیەك ...، ل ٢٣.

(٣) حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ١٠٨.

فیرقەی یەك و دوو بوون[٤]، سەرباری هەزاران بەکرێگیراوی کورد و کۆی ژمارەی ئەم هێزانە گەیشتە نزیکەی ٣٥ هەزار کەس[٥].

شەوی یەك لەسەر دووی مانگی ئایاری ١٩٦٦ هێرشی حکوومەت بە بۆردومانێکی توندی ئاسمانی و زەمینی دەستی پێکرد و دوای چەند شەڕێکی توند، هێزەکانی حکوومەت توانیان چەند بەشێکی گرنگی هەردوو چیای هەندرێن و زۆزك[٦] کۆنترۆل بکەن، بەڵام هێزەکانی شۆڕشی کورد هێرشێکی پێچەوانەیان ئەنجام دا و توانیان لیوای چواری سوپای عێراق بە تەواوی لەناو ببەن و لە ١٢ ی ئایاری ١٩٦٦ دا دووبارە هەردوو چیاکە بە تەواوی بخەنەوە ژێر کۆنترۆلی خۆیان و هێزەکانی حکوومەت ناچاری کشانەوە کران[٧].

شەڕی هەندرێن دۆخی سیاسی و سەربازی سەرەوژێر کرد و قین لە دڵانی کوردیشی سەرشۆڕ و شەرمەزار کرد و زیانێکی زۆریش بەر سوپای عێراق کەوت و نزیکەی ٤٠٠ کەس لە ریزەکانیان کوژران و بڕێکی زۆر چەکی قورس و ناوەندیشیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشت و کەوتنە دەستی شۆڕشی کورد[١].

سەبارەت بە کاردانەوەی ئەم سەرکەوتنەش لەسەر ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، موحسین دزەیی[٢] ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەڵێ: "... چاوم بە هاوپیشەکانم لە

---

(٤) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٣٦.

(٥) رینێ مۆریس، کوردستان یان نەمان، وەرگێڕان، جەرجیس فەتحوڵا، چ٢، (هەولێر، ١٩٩٩)، ل١١٠ "محەمەد ساڵح زێباری، "شەڕی هەندرێن - زۆزك ٢-١٧ی مایسی ١٩٦٦ لە شەڕە یەکلاکەرەوەکانی مێژووی شۆڕشی کورد. "گۆڤاری مەتین، ژ (١٠٠)، (دهۆك، ئایاری ٢٠٠٠)، ل١٠٤.

(٦) رۆژنامەی خەبات، ژ (٦٨١)، (هەولێر، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٣)، "موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧، "حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ١٠٨.

(٧) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦، "شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شەڕی هەندرێن بڕوانە، رۆژنامەی خەبات، ژ (٤٨٧)، ئایاری ١٩٦٦ "رینێ مۆریس ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧ و دواتر " محەمەد ساڵح زێباری، سەرچاوەی پێشوو و دواتر " شێرزاد عەبدولڕەحمان، ژیان و بەرخودانی عزەت سلێمان بەگ، چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە شۆڕشی مەهاباد و ئەیلوولی مەزن، (دهۆك، ١٩٩٦)، ل٤٥ و دواتر. دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی دەڵێ، بارزانی نەیدەخواست شەڕ بەرپا بێ و خوێن بڕژێ، کەسێکی لێبوردە و ئاشتیخواز بوو و هەمیشە دەیوت: "ئەگەر حکومەت هەنگاوێکی ئەرێنی بێتە پێشەوە، ئێمە دوو هەنگاو لە پێناوی خێر و چاکە و خوێن نەڕشتن دەچینە پێشەوە". وەك بەڵگەیەك بۆ ئەمە، کاتێك بارزانی لە ئەنجامەکانی شەڕی هەندرێن ئاگادار کرایەوە، بەرامبەر ژمارەی کوژراوانی سوپای عیراق هەستی بە دڵتەنگی کرد و وتی" گۆمی خوێنی نێوان ئێمە و سوپا چەند فراوانتر بێ، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ، هیواخواز بووم شەڕەکە بە کەمترین زیان یەکلا ببێتەوە، هەروەها بارزانی بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی حکومەتی عیراق و وتی: چی بکەم لە بەرامبەر دڵڕەقی حکومەت و سووربوونی لەسەر دژایەتیکردنی ئێمە.

(٢) موحسین دزەیی ساڵی ١٩٣٢ لە هەولێر لە خانەوادەیەکی ناسراوی کورد لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، کاری پارێزەری و بازرگانی پێکەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە. لە ١٨ ی تەموزی ١٩٦٨ وەك وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عیراق و دواتر وەك باڵیۆزی عیراق لە چیکۆسلۆڤاکیا و کەنەدا دامەزرێنراوە، لە ١٥ ی ئابی ١٩٧٣ کراوەتە وەزیری ئیشغال و نیشتەجێکردن. تا ئێستا لە

هەردووك مەكتەبی سیاسی و تەنفیزی كەوت، ئەوان بەهۆی سەركەوتنی هێزەكانمان و شكستی هێزەكانی رژێم زۆر خۆشحاڵ بوون، پیرۆزباییمان لەیەك كرد و هەر یەكەمان بە نۆرە، خوانێكی ئاساییمان ساز كرد..."[٣].

شكستهێنانی هێزەكانی حكوومەت لە بەرامبەر بەرگری شۆڕشی كورد لە شەڕی هەندرێن بووە مایەی رووداننی وەرچەرخانێك لە پەیوەندیەكانی نێوان كورد و حكوومەت لەلایەك و ململانێی سەربازی - مەدەنی لە بەغدا لە لایەكی دی. دوای زیاتر بەهێزبوونی پێگەكەی، عەبدولڕەحمان بەزاز بە پەلە خواستی خۆی بۆ ئاشتی رایگەیاند[١]. وەڵامی سەركردایەتی شۆڕشی كوردیش بەرامبەر دەستپێشخەریەكەی بەزاز دوا نەكەوت و لە بەیاننامەیەكدا خواستی خۆی سەبارەت بە گەیشتن بە رێگەچارەیەكی گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان خستە روو[٢].

و لە ئەنجامدا سەركردایەتی شۆڕشی كورد و حكوومەتی عێراق دەستیان بە دانوستان كردەوە و هەردوولا بە رێككەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ گەیشتن و هەواڵەكە لەسەر شێوەی بەیاننامە لەلایەن بەزازەوە لە رادیۆی عێراق راگەیەنرا، بۆیە دواتر رێككەوتنەكە بە بەیاننامەی ٢٩ ی حوزەیران ناسرا و بریتی بوو لە ١٥ مادە، سێ مادەیان نهێنی بوون[٣]. سەبارەت بە دۆزی كورد لە كوردستانی عێراق، ئەم رێككەوتنە بووە خاڵێكی وەرچەرخان، ئەوە بوو بۆ یەكەمجار دان بە مۆركی دوو نەتەوەیی دەوڵەتی

ریزەكانی پارتی كار دەكات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، یاداشتەكانی، سەرچاوەی پێشوو، بەشی٢ "موحسین دزەیی، ئەو رووداوانەی تیایاندا ژیام، (هەولێر،٢٠٠١)، بەشی١ .

(٣) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، بەشی ٢ ، ل ١١٩.

(١) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٨.

(٢) وەرگیراوە لە ، رینێ مۆریس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٩.

(٣) حكومەت لە ٨ ی ئاداری ١٩٦٦ كەسێكی بە ناوی حەمید مەلا تۆفیق بە مەبەستی نێوەندگیریكردن رەوانەی لای سەركردایەتی شۆڕشی كورد كرد، واتە ئەوەی لە ٢٩ ی حوزەیران لەسەری رێك كەوتبوون ئەنجامی ئەو دانوستانە نەبوو كە لە دوای شەڕی هەندرێن ئەنجام درا، بەڵام ئەنجامەكانی ئەم شەڕە حكومەتی ناچار كرد كاروباری خۆی یەكلا بكاتەوە. شایەنی باسیشە بەزاز دوای دەستلەكاركێشانەوەی لە وەزارەت ، رایگەیاند ئەوەی لە ٢٩ ی حوزەیران لەسەری رێك كەوتن تەنیا بەیاننامە و بەشێكی پرۆگرامی وەزارەتەكەی بوو، لەوەش سەیرتر، رەتی كردەوە كە سەبارەت بە رێككەوتنەكە گفتوگۆی لەگەڵ شۆڕشی كورد ئەنجام دابێ، هەروەها بوونی بەندی نهێنیشی لە رێككەوتنەكە رەت كردەوە. لە بەرامبەردا رۆژنامەی تەئاخی رووبەڕووی ئەم وتە ناراستانەی بەزاز بوەوە و دووپاتی كردەوە كە بەیاننامەكە بریتی بوو لە رێككەوتێكی نێوان حكومەت و شۆڕشی كورد و شاندی كوردیش تەنیا دوای هەمواركردنەوەی هەندێك لە بەندەكانی و واژۆكردنی لە لایەن بارزانیەوە رەزامەندی لەبارەوە پیشان دا، رۆژنامەكە باسی لەوەش كردووە كە سێ بەندی نهێنی وەك پاشكۆ بە بەیاننامەكەوە بوون و دوو كۆپیان لێ نووسرابووەوە، یەكەمیان لە دۆسیەی تایبەت بە بابەتەكە لەلایەن حكومەت هەڵگیراوە و كۆپی دووەمیش لەلای شاندی كورد ماوەتەوە . پێدەچێ بەهۆی بارودۆخی حكومەتەكەی و لە ترسی ئەوەی ببێتە مەترسی بۆ سەر خۆی نەیویستبێ ئەو كاتە هەموو شتێك ئاشكرا بكات . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، رۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٦٢) ، ٢ ی تەموزی ١٩٦٧" جەرجیس فەتحوڵا ، سەردانێك بۆ رابردووی نزیك " لەبەرچی راستیەكان لە گەلی كورد بە نهێنی بمێننەوە " چاپی ٣ ،(ستۆكهۆڵم ، ١٩٩٨) ، ل ١٣٥ و دواتر.

عێراق دانرا، هەروەها حکوومەت رایگەیاند کە لەژێر ئاڵای نادیاری عەرەبی - عێراقیدا هەوڵی تواندنەوەی کورد نادات[٤].

ماده ئاشکراکانی بەیانی حوزەیران ئەمەی خوارەوەیان گرتە خۆ: دانانی حکوومەتی عێراق بە نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراق و بوونی یەکسانی تەواو لە نێوان عەرەب و کورد. هەروەها حکوومەت ئەمە لە چوارچێوەی لامەرکەزی جێبەجێ دەکات و هەر لیوا - پارێزگا- یەك دەبێتە خاوەنی بڕێکی زیاتری ئۆتۆنۆمی و زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی دەبێ بە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردیەکان. لە پەرلەمانی نوێدا کورد دەبن بە خاوەنی نوێنەر، بەپێی ڕێژەی سەدی کۆی دانیشتوان و نوێنەرایەتی کورد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاری دیبلۆماسی و سەرکردایەتی سوپادا بە پێی ڕێککەوتن دەبێ. هاوکات بە مەبەستی خوێندن قوتابیانی کورد ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن و کۆمەك دەکرێن و زانکۆی بەغداش بایەخی تایبەت بە زمان و ئەدەبی کوردی بدات و لە ناوچە کوردیەکاندا کارمەندە ناخوێیەکانی کورد دابمەزرێنرێن و تەنیا لە کاتی پێویست نەبێ خەڵکی غەیرە کورد لەو ناوچانە دانەمەزرێنرێن. هەروەها لە چوارچێوەی یاسادا ڕێگە بە ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و کاری ڕۆژنامەگەری سیاسی و ئەدەبی دەدرێ و حکوومەت لەسەریەتی لێبوردنی گشتی بۆ شۆڕشگێڕانی کورد دەر بکات و هەموو ئەوانەش بۆ سەر کارەکانیان بگێڕدرێنەوە کە پێشتر لە سوپا یان پۆلیس بوون، هێزە کوردیەکانی دیکەش، تا کاتی گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی دەخرێنە سەر حکوومەت و دوای سەقامگیربوونی ئاشتی، بەکرێگیراوانی کورد فورسانەکان دەگێڕدرێنەوە شوێن و پێگەکانیان. هەموو ئەو کارمەندە کوردانەش کە بەهۆی سیاسەتەوە پێشتر لە کارەکانیان دەرکراون، بۆ شوێنەکانیان دەگێڕدرێنەوە و پارەی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان بکرێ. لە کۆتاییدا، دووبارە نیشتەجێکردنەوەی هەموو ئەو کەس و گرووپانەی ماڵ و حاڵیان بەجێ هێشتووە یان لە شوێنەکانیان ڕاگوێزراون و گەڕانەوەیان بۆ باری ئاسایی و قەرەبووکردنەوەیان بەرامبەر بەو زیانانەی بەریان کەوتوون[١].

سێ بەندە نهێنییەکەی ناو ڕێککەوتنەکەش بریتی بوون لە: بەندی یەکەم تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیوای دهۆك کە قەزا کوردیەکانی سەر بە لیوای موسل دەگرێتە خۆی، لە کاتێکدا ئەگەر دانیشتوانی ناوچەکە ڕازی بن. بەندی دووەمیش سەبارەت بە ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی بوو لەلایەن حکوومەت بۆ هەموو دەستگیراوە سیاسییەکان، بە مەرجێك ئەمە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێ. دوا بەندیش پەیوەست بوو بە بەخشینی مۆڵەت بە پارتی بۆ ئەوەی بە شێوازێکی یاسایی و لەکاتی دەرچوونی یاسای نوێی

---

(٤) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٠.

(١) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە و بەندەکانی لە ، ڕۆژنامەی الپوره العربیه ، ژ (٦١٠) ، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٦٦" ڕۆژنامەی الجمهوریه ، ژ (٨٨٧) ، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٦٦.

ئەنجوومەنەکان[1] چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات. سەبارەت بە بەخشینی مافی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانەش لە بەغدا بە پارتی، وەک قەرەبووێك بەرامبەر داخستنی رادیۆی دەنگی کوردستان، رێککەوتنێکی زارەکی لە نێوان هەردوولا لە ئارادابوو[2]. ئەگەرچی بە گوێرەی بۆچوونی بارزانی، بەیاننامەکە زۆر شاراوە بوو و وەڵامی داواکاریە سەرەکیەکانی کوردی[3] تێدا بەدی نەکرا و زۆربەی بەندەکانی پەیوەست بوون بە نەهێشتنی ئاسەوارەکانی شەڕ[4]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بڕووسکەیەکی ئاراستەی عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی سەرۆککۆمار و عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران کرد و تیایدا پشتگیری خۆی بۆ رێککەوتنەکە دەربڕی و هیوای خواست ئەمە ببێتە مایەی هێنانەدی ئاشتی و بوژانەوە و یەکێتی نیشتمانی گەلی عێراق[5].

دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥ و ئەو بارودۆخە ناهەمواریەی بەهۆی ئەم شەڕەوە بەخۆیەوە بینی، دەرفەتی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نەڕەخساند کە سەبارەت بە باشترکردنی گوزەرانی خەڵك بڕیاری پێویست دەربکات، ئەم دۆخە تا کاتی گەیشتن بە رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق درێژەی کێشا. لەو بارەوە ڕەشید حاجی بەدری ڕەشید سندی ئەندامی ئەنجوومەن دووپاتی دەکاتەوە کە ئەنجوومەن بە نیازی دەرکردنی بڕیاری زیاتر بوو لە پێناوی باشترکردنی بارودۆخ لە کوردستان، بەڵام شەڕ بووە رێگر و وایکرد سەرکردەکانی شۆڕش زیاتر سەرقاڵی بارودۆخ بن[6].

دوای رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کەشێکی سەقامگیرانە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا، ئەمەش بوو بە دەرفەتێك بۆ سازکردنی خولی سێیەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ماوەی ١-٣ی ئابی ١٩٦٦، بە مەبەستی خستنەرووی بارودۆخی شۆڕش لە ماوەی ساڵ و نیوێکی رابردوو - واتە لە شوباتی ١٩٦٥ ەوە- کە تیایدا بەهۆی شەڕ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن ئەنجام نەدران[1]. ئەوەبوو لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەندا جەخت لەسەر بەیانی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ی حکوومەت سەبارەت بە دۆزی کورد کرایەوە و لەو بارەوە ئەنجوومەن ئەم بڕیارەی دەرکرد: "... ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەو رێوشوێنانە رازیە کە سەبارەت بە وەستاندنی شەڕ و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت لەژێر رۆشنایی بەیانی ٢٩ ی حوزەیران لەلایەن

(١) رۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٦٢) ، ٢ ی تەموزی ١٩٦٧" عەبدولسەتار تاهیر شەریف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٣.
(٢) عەبدولسەلام عەلی، چەند لاپەڕەیەك لە خەباتی شەهید سالح یوسفی، (شوێنی چاپی نادیارە، ١٩٩٢) " سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.
(٣) رینێ مۆریس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٦.
(٤) گۆڤاری کادر ، ژ (١٤-١٥) ، (شوێنی چاپی دیار نیە ، تەموز – ئابی ١٩٧٢) ، ل ٣.
(٥) بڕوانە دەقی بڕووسکەکە لە، نەدیم ئەحمەد ئەلیاسین، مەسەلەی کورد، هەڵوێست و دەستکەوت، (بەغدا، ١٩٧٥) ، ل٤٧.
(٦) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ خۆیدا لە رێکەوتی ٦ ی ئایاری ٢٠٠٥.
(١) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.

مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزیەوە گیراونەتە بەر، هەروەها ئەنجوومەن رێگە بە سەرۆکی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی دەدات لە پێناوی چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانە، بەردەوام بن لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەت..."[٢]. ئەوەی لێرەدا مایەی تێبینییە، لەم کۆبوونەوەیەدا- لەژێر رۆشنایی رێککەوتنی ٢٠ ی حوزەیران - هیچ هەموارکردنەوەیەك لە دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەنجام نەدرا[٣].

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە تیایاندا کۆمەڵێك وتە و راپۆرت خرانە روو، بە گفتوگۆی راشکاوانە ناسران و لە وەرگرتنی رای زۆرینە و دەنگدانی نهێنیدا شێوازی دیموکراسیانە گیرایە بەر. شایەنی باسیشە، لە ترسی ئەوەی بۆچوونەکانی کاریگەریان هەبێ بۆ سەر بیروڕای ئەوانی تر، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەن سەبارەت بەو بابەتانەی ناکۆکیان لەبارەوە هەبوو، بەشداری دەنگدانی نەکرد[٤].

ئەوەی مایەی سەرنج بوو، لەم کۆبوونەوەیەدا کە ٧٠ ئەندام[٥] تیایدا ئامادە بوون، نوێنەرایەتی زۆربەی هێزە کۆمەڵایەتیە بەشداربووەکانی شۆڕشی کوردیان کرد و جگە لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردە سەربازییەکان و نوێنەرانی هۆزە نیشتمانپەروەرەکان و رێکخراوە جەماوەریە کوردیەکانی وەك یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و کەسایەتیە کوردیە سەربەخۆکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، هەروەها کەسێکی عەرەبیش وەك نوێنەری عەرەبە بەشداربوەکانی شۆڕش[١] لە ئەنجوومەن هەڵبژێردرا کە رەئیس کەمال نوعمان بوو[٢]. ئەمەش جاری یەکەم بوو ئەفسەرێکی عەرەبی نێو ریزەکانی شۆڕش وەك ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە هەڵبژێردرێت. لەو بارەوە عیسمەت شەریف وانلی کەسایەتی کورد دەڵێت: "ئەم ئاوڕدانەوەیە ئاماژەیەك بوو بۆ یەکێتی هێزە عەرەبیە - کوردیەکان لە عێراقی دیموکراسی"[٣].

لەم وتانەدا کە لە کۆبوونەوەکە پێشکەش کران، لە سەروویانەوە وتەی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەن، جەخت لەوە کرایەوە کە شۆڕش بە تەنیا لە خەمی بەرژەوەندی گەلی کورد نییە، بەڵکو لە

---

(٢) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.
(٣) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.
(٤) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.
(٥) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٥.
(١) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.
(٢) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ١٩ ی ئایاری ٢٠٠٥.
(٣) بڕوانە ، کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٥.

خەمی بەرژەوەندیەکانی تەواوی گەلی عێراق دایە، هەروەها زیار لە جارێك ئامادەبوان هیوایان خواست کە کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، چونکە شەڕ نابێتە مایەی چارەسەرکردنی کێشە[٤].

مەکتەبی تەنفیزی کە لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٦٦ ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستنیشان کرا، لە ١٧ ئەندام پێکهات و وەك وەزارەتێکی راستەقینە وابوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و هەموو داموددەزگا و کەرتەکانی شۆڕشی بەڕێوە دەبرد، بە سوپاشەوە، بەڵام لە رووی کردەییەوە خۆی لە ژێر سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبینی، بەو پێیەی زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بوون. حەبیب محەمەد کەریمیش - جگە لەوەی سکرتێری پارتی بوو - لە جیاتی مستەفا قەرەداغی، کرا بە سکرتێری مەکتەب و تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو لە کارەکەی. هەروەها ئەمانەی خوارەوەش ئەندامی مەکتەب بوون: سامی عەبدولڕەحمان شنگالی ئەندازیار و نووری شاوەیس و عەلی عەبدولّا و دکتۆر حیکمەت حەکیم قۆسمیز و پارێزەر موحسین دزەیی و عەلی سنجاری و شێخ محەمەد. پێنج ئەفسەرە ئەندامەکەی مەکتەبی تەنفیزیش کە لیژنەی سەربازیان پێکدەهێنا بریتی بوون لە: عەقید نووری مەعروف و عەقید عەبدولڕەحمان قازی و مقەدەم نافز جەلال و ئەفسەری پۆلیس شێخ رەزا گوڵانی و نەقیب یوسف. هەروەها قەشە پۆلس بێداریش ئەندامی مەکتەب بوو.سەبارەت بە نوێنەرانی هۆزەکانیش تەنیا وەهاب ئاغا ئەندامی مەکتەب بوو، حاجی مەحمود ئاغا تەنیا لەسەر کاغەز و بۆ رواندنی کارەکانی مەکتەب ئەندام بوو و لە گوندی میرۆی ناوچەی پشدەر سەرقاڵی باخەکانی بوو، ساڵح بەگ میرانیش کەسێکی بەتەمەن بوو و لە گوندەکەی خۆی لە هیران گیرسابوەوە و لە ساڵی ١٩٦٥[١] وەك ئەندامی مەکتەب نەمابوو. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووان چەند راسپاردەیەکیان راگەیاند لەوانە:

1- **پزیشکی:** داوا لە حکوومەت دەکات بە زووترین کات نەخۆشخانە کۆنەکان بخرێنەوە کار و کادر و داودەرمانی پێویستیان بۆ دابین بکرێ، هەروەها بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کەلە نەخۆشخانەکانەوە دوورن گرووپی تەندروستی گەڕۆك پێك بهێنرێن و کاریش بۆ بنبڕکردنی مەلاریا بکرێ.

2- **فێرکردن:** داوا لە حکوومەت بکرێ لە نزیکترین دەرفەتدا هەموو قوتابخانە کۆنەکان بکرێنەوە و ئەمە نەخرێتە دوای دەستپێکردنی ساڵی خوێندنەوە، بەو پێیەش کە لە ماوەی ساڵانی شۆڕشدا قوتابخانەیەکی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کراونەتەوە، پێویستە داوا لە حکوومەت بکرێ بە هەمان ڕێژە قوتابخانە لە کوردستان بکرێنەوە.

---

(٤) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.

(١) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٢٦-٣٢٧.

3- کارمەند و بەکاربەر و کرێکاران: داوا لە حکوومەت بکرێ ئەو کارمەند و بەکاربەر و کرێکارانەی بەهۆی شۆڕشەوە لە کارەکانیان دەرکراون، لە مافەکانیان بێبەش نەکرێن، بە تایبەتی لە بەرزکردنەوە و خانەنشینکردندا.

4- **کاروباری قوتابیان:**

أ. ئەو قوتابیانەی بەهۆی شۆڕشەوە ناچار بوون قوتابخانەکانیان بەجێ بێڵن، نابێ ئەمە بکرێ بە بیانوێك بۆ دوورخستنەوەیان لە خوێندن.

ب. هەژمار نەکردنی تێپەڕبوونی تەمەنی قوتابیانی دەرچووی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی وەك بەربەست بۆ وەرگرتنیان لە خول و پەیمانگا و کۆلێژەکان.

ج. لەبەرچاوگرتنی دەرچوانی سالانی رابردوو و دواکەوتوان بەهۆی شۆڕش لە وەرگرتنیان لە زانکۆکان، پێویستە بڕوانامەکانیان بە کۆن هەژمار نەکرێ.

5- **مامۆستایان:** هۆکاری سەرەکی مانەوەی قوتابیان لە قوتابخانە کوردیەکاندا دوورخستنەوەی مامۆستا کوردەکانە بۆ ناوچەکانی باشوور، بۆیە پێویستە هەموو ئەم مامۆستایانە بەر لە دەستپێکی سالی خوێندن بۆ قوتابخانەکانی پێشوویان بگێڕدرێنەوە.

6- **راسپاردەیەك لە رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان:** ئافرەتی کوردە بەرگەی ئازاری ئەو بێ دایك و باوکانە دەگرێ کە بوونە قوربانی شەڕ لە دژی گەلی کورد، گیانی شەهیدان و گریانی منداڵان داوا لەئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکەن ژیانێکی گونجاو بۆ خانەوادەی شەهیدان فەراهەم بکات و هاوشێوەی قوربانیانی سەرباز و پۆلیس مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و وەك ئەوانی تر موچەی خانەنشینیان بۆ ببڕێتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەك راسپاردەی دیکەش دەرکران سەبارەت بە باری دارایی و رێکخستنی شێوازەکانی خەرجکردن(١).

دوای گەیشتن بە رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و لە سایەی حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا، کوردستان چەندین پێشهاتی سیاسی گرنگی بەخۆیەوە بینی[٢]، ئەم حکوومەتانە هەر لە سەرەتای پێکهێنانیاندا وایان پیشان دا کە بایەخ بە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە نادەن، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هیوای ئەوتۆی بە زۆریان نەبوو، بەڵام نەشکەوتە دژایەتیکردنیان.هەر چەندە لەم قۆناغەدا چەند هەوڵێکی شەرمنانە و تاکلایەنانە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەدی کران، بەڵام سەرنەکەوتن و بەر رەتکردنەوەی توندی ئەندامانی حکوومەت، لە

---

(١) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٩) ، ئابی ١٩٦٦.

(٢) هەر یەکەیان بە دوای یەکەوە بوون بە سەرۆکوەزیران : عەبدولڕەحمان بەزاز (١٨ ی نیسانی ١٩٦٦ – ٦ ی ئابی ١٩٦٦) ، ناجی تالب (٩ ی ئابی ١٩٦٦- ١٠ ی ئایاری ١٩٦٧) ، عەبدولڕەحمان محەمەد عارف (١٠ ی ئایاری ١٩٦٧- ٩ ی تەموزی ١٩٦٧) ، تاهر یەحیا (١٠ تەموزی ١٩٦٧ – ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨) ، بڕوانە ، مەجید خەدوری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥٣ و دواتر.

ناسیۆنالیستە توندڕەوە عەرەبەکان و سەرکردە سەربازییەکان کەوتن. ئەم سیاسەتەپاڵی بە سەرکردایەتی کوردەوە نا داوا لەم حکوومەتانە بکات پابەند بن بە بەڵێنەکانیان، بەڵام ئەمە هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی و بارودۆخ هەتا ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ وەك خۆی مایەوە، ئەوەبوو حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بە پشتگیری گەورە بەرپرسانی سوپا و چەند هێزێکی دەرەکی، توانی دۆخی ناهەمواری وڵات بقۆزێتەوە و کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدات و لە ئەنجامدا رژێمی سەرۆك عەبدولرەحمان محەمەد عارف رووخا[٢].

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٣ و دواتر.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پێشهاتە سیاسییەکان لە کوردستان، دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨

بارودۆخی سیاسی لە سەردەمی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ١٦ ی نیسانی ١٩٦٦- ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو تێکچوون دەچوو، هەر ئەمە ڕێگەی بۆ هەندێك لە ئەندامانی حکوومەتەکەی خۆش کرد هاوکاری حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بکەن و دەسەڵاتی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بڕووخێنن، لەوانە: عەبدولڕەزاق نایفی[1] بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی و ئیبراهیم داود[2] و سەعدون غێدانی[3] فەرماندەکانی گاردی کۆماری. ئەوەبوو کودەتا لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ سەرکەوت و بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش درا بۆ ئەوەی کاروباری کۆمار بەڕێوە ببات و ئەحمەد حەسەن بەکر[1] بوو بە سەرۆککۆمار و عەبدولڕەزاق نایفیش کرا

---

(١) عەبدولڕەزاق نایف لەدایکبووی فەلوجەیە و پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ عەبدولڕەحمان محەمەد عارف هەبوو و بە پشتگیری زەعیم سەعید سەلیبی کەسایەتی سەربازی ، کۆنترۆڵی تۆڕی هەواڵگری سەربازی کردبوو . گرووپی ئەفسەرانی کۆشك یان بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبی دامەزراند کە گرووپێکی بچووکی ئەفسەرانی گاردی کۆماری و هەواڵگریی سەربازی گرتبووە خۆی ، ژمارەیان لە ٢٥ کەس زیاتر نەبوو. گرووپەکە لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووخاندنی رژێمی عەبدولڕەحمان عارف بینی . دوای کودەتا بوو بە سەرۆکوەزیران ، بەڵام لە ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ لەلایەن بەعسیەکانەوە دوور خرایەوە و بەپەلە ڕەوانەی مەنفا کرا لە دەرەوەی عیراق و وەزیرەکانیشی دوورخرانەوە . دەزگای هەواڵگری عیراق زیاتر لە جارێك هەوڵی تیرۆرکردنی دا ، جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٣ لە لەندەن و دواییین جار ساڵی ١٩٧٨ هەر لە لەندەن . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، حەسەن لەتیف زوبێدی ، فەرهەنگی پارتە عیراقیەکان ، (بەیروت ، ٢٠٠٧) ، ل ٥٥٥.

(٢) ئیبراهیم ئەلداود لەدایکبووی شاری هیتی پارێزگای ئەنبارە ، لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارف فەرماندەی گاردی کۆماری بوو ، بەڵام دواتر لە دژی ئەو بەشداریی لە کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ کرد و دوای کودەتا کرا بە وەزیری بەرگری . لە ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ لە پایەکەی دوور خرایەوە و کرا بە باڵیۆز لە ئیسپانیا ، دواتر دوور خرایەوە و لە شانشینی عەرەبی سعودیە گیرسایەوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عەلا جاسم محەمەد حەربی ، پیاوانی عیراقی کۆماری ،(بەغدا ، ٢٠٠٥) ، ل ٩٣-٩٤ " حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٨.

(٣) سەعدون غێدان لە ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٥٣ بە پلەی ملازمی دوو لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە ، لە کودەتای ١٩٦٣ بەشدار بووە ، دواتر بۆتە فەرماندەی کەتیبەی تانکی گاردی کۆماری . لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ، دوای کودەتا کرا بە فەرماندەی گاردی کۆماری ، دواتر بۆتە وەزیری ناوخۆ ، ئینجا وەزیری گەیاندن ، ساڵی ١٩٧٩ لە یەکەم حکومەتدا کە لەلایەن سەدام حوسێن پێکهێنرا ،کرا بە جێگری سەرۆکوەزیران، لە حوزەیرانی ١٩٨٢ لە هەموو پایەکانی دوور خرایەوە ، ساڵی ١٩٨٥ لە دۆخێکی نادیاردا کۆچی دوایی کرد . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٩.

(١) ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩١٤ لە تکریت لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٣٨ ڕووی کردۆتە کۆلێژی سەربازی و بە پلەی ملازمی دوو لێی دەرچووە . بەشداری لە شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کردووە ،ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە کردووە و بۆتە ئەندامی لیژنەی سەربازی حزب . دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بۆتە سەرۆکوەزیران ، پاش کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بۆتە جێگری سەرۆککۆمار ، ئینجا دەستی لەکار کێشاوەتەوە . لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ هەتا ١٦ ی تەموزی ١٩٧٩ بۆتە سەرۆککۆمار . ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عەلا جاسم محەمەد حەربی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٤٨-٥٣" حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٤.

به سەرۆکوەزیران[٢]. ئەو کاتە عەبدولڕەزاق نایفی سەرۆکوەزیران پەیمانی دا بە گوێرەی ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کێشەی کورد چارەسەر بکات. هەروەها رایگەیاند کە چارەسەرکردنی کێشەکە دەبێتە مایەی: "... زامنکردنی بەرژەوەندی کۆماری عێراق و پاراستنی یەکێتی خاك و خواستەکانی هاوڵاتیان بە عەرەب و کوردەوە، بۆ ئەوەی لە سایەی ئازادی ڕادەربڕین و کاری سیاسیدا بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دیموکراسیانەی تەندروست و خولقاندنی عێراقێکی بەهێز و تووندوتۆڵ..."[٣]، لە ڕاگەیاندنێکی دیکەدا، نایف دووپاتی کردەوە کە حکوومەتەکەی هەنگاوێکی گەورە و کەموێنە دەنێ لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە[٤].

ڕۆژی ٢٠ ی تەموز، سەرۆکوەزیرانی تازە لە ڕێگەی ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد و تیایدا داوای دەستنیشانکردنی دوو وەزیری کوردی کرد بۆ ئەوەی بێن بە ئەندامی حکوومەتەکەی[٥]، هەر ئەو کاتە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی بە ئامادەبوونی بارزانی لە گوندی ناوپردان ئەنجام درا و تیایدا سەبارەت بە بارودۆخە تازەکان لەگەڵ ساڵح یوسفی گفتوگۆ کرا و لەلایەن ئەوەوە بە هێمن و سرووشتی وەسف کران، هاوکات باس لە ئەنجامی کۆبوونەوە لەگەڵ چەند بەرپرسێکی حکوومەتی تازە و بەڵێن و ئامادەباشیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کرا[١]. هەر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا هەریەکە لە موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد[٢] بۆ وەزارەتە تازەکان دەستنیشان بکرێن[٣].

لە ڕاستیدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، لە سەروویەوە مەلا مستەفا بارزانی، لەو قەناعەتە دانەبوون کە حکوومەتێك لە ڕێگەی کودەتای سەربازیەوە گەیشتبێتە دەسەڵات، توانای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەبێ، بۆیە لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، بارزانی وتی: "... ئەو حکوومەتانەی لەدوای یەك دێن، دکتاتۆرین و توانای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئەوتۆیان نییە

---

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کودەتاکە بڕوانە ، ماریۆن و پیتەر سلۆجێلت ، عیراقی نوێ لە شۆڕشەوە بەرەو دکتاتۆریەت ، وەرگێڕانی / سەنتەری توێژینەوە و وەرگێڕان ، پێداچوونەوە پێشکەشکردن ، ئەحمەد ڕائیف ،(قاهیرە ، ١٩٩٢) ، ل ١٦٧ و دواتر.

(٣) ڕۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٣١٩) ، ٢٤ ی تەموزی ١٩٦٨.

(٤) هەمان سەرچاوە ، ژ (٣٢٠) ، ٢٥ ی تەموزی ١٩٦٨.

(٥) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٤.

(١) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، ل ١٦٣.

(٢) ساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٤٦ کۆلێژی ئەندازیاریی لە بەغدا تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٥٠ خوێندنی باڵای لە ئەمەریکا تەواو کردووە . لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٤ پێنج جار کراوە بە وەزیر لە وەزارەتەکانی کار و نیشتەجێکردن و شارەوانیەکان . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، سەباح یاسین ئەعزەمی ، کەسایەتیەکانی کۆڕی زانیاری عیراق ١٩٤٧- ٢٠٠٤ ، (بەیروت ٢٠٠٥) ، ل ل ١١١-١١٢.

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٤.

بۆ کێشەی کورد و تەنیا دوای دەستبەکاربوونی حکوومەتێکی دیموکراسی مافە نەتەوەییەکانی کورد و یەکگرتنی عێراق دێنە دی..."[٤].

عەبدولڕەزاق نایف تەنیا ١٣ ڕۆژ لە پایەکەی مایەوە، ئەوەبوو ڕۆژی ٣٠ تەموز بەعسیە هاوپەیمانەکانی دوێنێ لێی هەڵگەڕانەوە و خۆی و ئیبراهیم داودی وەزیری بەرگریان دوور خستنەوە و کۆنترۆلی دەسەڵاتیان کرد[٥]. بەم جۆرە بەعسییەکان دەستیان بەسەر تەواوی کاروباری وڵاتدا گرت و ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆککۆمار کرا بە سەرۆکوەزیرانیش و لە ٣٠ تەموزی ١٩٦٨[٦] حکوومەتێکی خاوەن مۆرکێکی بەعسیانەی پێکهێنا.کاتێك حزبی بەعس بە تەواوی کۆنترۆلی دەسەڵاتی کرد، شەپۆلێك خەمۆکی و دڵتەنگی عێراقی گرتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و پێشێلکاریانەی لە کاتی ئەنجامدانی کودەتاکەیان لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بەرامبەر بە هاوڵاتیان ئەنجامیان دا و بەشێکی گەورەی هاوڵاتیان هەستیان کرد کە سەرلەنوێ ڕووبەڕووی دکتاتۆریەتی تاکەحزبی دەبنەوە و کێشەی زۆریش بەڕێوەن.هەروەها شارەزایانی کاروبای عێراق درکیان کرد کە دەسەڵاتی حزبی بەعس بە ئاسانی کۆتایی نایەت و لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتیان، سەرکردەکان سوود لە ئەزموون و هەڵەکانی پێشوو وەردەگرن[١].

ڕۆژی ٣٠ تەموزی ١٩٦٨، ئەحمەد حەسەن بەکر بەیاننامەیەکی بە ژمارە ٢٧ دەرکرد و تیایدا بەم جۆرە باس لە دۆزی کورد کرابوو: "... ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیمان بە خوا و گەلەکەمان دەدات کە دەسەڵاتێکی دیموکراسی شۆڕشگێڕ و یەکێتیخواز دابمەزرێنێ.... و بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانەش کێشەی کورد چارەسەر بکات کە ببێتە مایەی هێنانەدی خواستە نەتەوەییەکانی برایانی کوردمان و زامنکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و هەنگاونان بەرەو یەکێتی عەرەبی..."[٢] .

لەگەڵ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعسەوە، بارزانی هەستی بە مەترسی کرد، چونکە ساڵی ١٩٦٣ مەینەتیەکی زۆری بەدەستی دەسەڵاتی ئەوان چەشتبوو و لە هاوینی هەمان ساڵدا سوپای عێراق هێرشێکی توندی کردبووە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەڵام نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە ڕژێمی نوێ دەرنەبڕی بۆ ئەوەی کاردانەوەی نەرێنی بۆ سەر وڕەی شۆڕشگێرانی کورد لێ نەکەوێتەوە. ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو قەناعەتێکیان لای سیاسەتوانانی کورد دروست کردبوو کە

---

(٤) وەرگیراوە لە ئەدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، حەنا بەتاتۆ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩٢ و دواتر.

(٦) سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٥. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٥١.

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٨.

(٢) ڕۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٣٢٦) ، ٣١ ی تەموزی ١٩٦٨.

هەموو چەند ساڵ جارێك دەسەڵات لە عێراق رووبەڕووی کودەتایەکی سەربازی دەبێتەوە، بۆیە لە کاتی رووداني کودەتاکەدا کوردستانی عێراق هیچ جۆرە شڵەژانێکی بەخۆیەوە نەدیت[٣].

هەریەکە لە موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد لە وەزارەتی تازە دامەزران، بەڵام بەعسییەکان یەکێك لە لایەنگرانی گرووپە جیابوەوەکەی پارتیان لە وەزارەت دامەزراند کە تەها محیەدین مەعروف بوو[٤]. لە بەرامبەردا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دژی بوونی ناوبراو لە وەزارەت وەستایەوە و حکوومەتی خستە بەردەمی ئەگەری کێشانەوەی دوو وەزیرەکەی و پەشیمانبوونەوە لە هێشتنەوەی ئەم کەسە لە وەزارەت، ئەوەبوو حکوومەت ئەگەری مانەوەی تەها محیەدین مەعروفی هەڵبژارد و هەردووك نوێنەری شۆڕشی کوردیش لە وەزارەت پاشەکشەیان کرد[١].

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغدا رایگەیاند کە بڕیاری پابەندبوون بە رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی داوە وەك بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەنجوومەن لە پێناوی جێبەجێکردنی بەیاننامەکە دا[٢] هەموو هەوڵ و تواناکانی دەخاتە گەڕ. لە ٤ ی ئابی ١٩٦٨دا ئەنجوومەن بەیاننامەی ژمارە ٣٧ ی دەرکرد و دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کوردی راگەیاند، هەروەها باس لەوەش کرابوو کە دەست بە تەرخانکردنی کورسی خوێندن و رەخساندنی بواری پسپۆڕی لە سەرجەم بوارەکان بۆ قوتابیانی کورد لە دەرەوە دەکرێ[٣]. لە هەنگاوێکی دیکەدا، ئەنجوومەن بڕیاری ژمارە ٣٩ ی لە ٥ ی ئابی ١٩٦٨ دەرکرد و بەهۆیەوە بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ هەموو بەشداربوانی رووداوەکانی کوردستان دەرکرا، ئینجا سەرباز بووبن یان خەڵکی ئاسایی[٤].

هەروەها لە ئەیلوول ی ١٩٦٨ دا عەبدوڵا سەلوم سامەڕایی[٥] وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن باسی لەوە کرد کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد پەیوەستە بە پتەوکردنی برایەتی نێوان عەرەب و کورد لە

---

(٣) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٨.

(٤) رۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٣٢٧) ، ١ ی ئابی ١٩٦٨. تەها محیەدین مەعروف ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە . کاری پارێزەریی کردووە ، دواتر رووی کردۆتە کاری دیبلۆماسی . دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ کراوەتە وەزیری دەوڵەت ،دواتر وەزیری کار و نیشتەجێکردن . لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ بۆتە باڵیۆزی عیراق لە ئیتالیا . لە ٢١ ی نیسانی ١٩٧٤ بۆتە جێگری سەرۆککۆمار . بڕوانە ، سەلاح خەرەسان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦" حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣٧.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤-٢٠٥" شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

(٢) رۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٣٣٠) ، ٤ ی ئابی ١٩٦٨" ئەدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٢.

(٣) رۆژنامەی تەئاخی ، ژ (٣٣١) ، ٥ ی ئابی ١٩٦٨.

(٤) سەرچاوەی پێشوو ،ژ (٣٣٢) ، ٦ ی ئابی ١٩٦٨.

(٥) ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سامەڕا لەدایك بووە ، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٤-١٩٧٠ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعس ، دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٧٠ بۆتە وەزیری رۆشنبیری و دواتر وەزیری دەوڵەت ، ئینجا باڵیۆزی عیراق لە هیند . لە بالەخانەی ئەمنی تایبەت دەستگیر کراوە . لە ٢٠ ی ئایاری ١٩٩٨ بە هۆی نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردوە . بڕوانە ، حەسەن لەتیف ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤١٤.

نیشتمانێکی هاوبەشدا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هاوکاری یەکتر بین، هەروەها وتی: حکوومەت دەستی بە جێبەجێکردنی بەیانی ٢٩ ی حوزەیران کردووە. سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەش، حکوومەت پێی وایە دەسەڵات بەرپرسە لە پاراستنی ژیان و موڵك و ماڵی خەڵك و لەو پێناوەدا بەرپرسیارێتیەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ دەکات و بەمەش دەسەڵات مەبەستیەتی کەشێکی لەبار بۆ هەموو هاوڵاتیان بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کرێکار و جوتیار و کارمەندان و هەڵگرانی چەك روو بکەنە کاری ئاسایی و رۆژانەی خۆیان[١].

لە راستیدا حکوومەت لە بەیاننامەکانیدا راستگۆ نەبوو، چونکە لە هەمان ئەو کاتانەدا پارە و چەکی دایە ئەو گرووپەی کە ساڵی ١٩٦٤[٢] لە پارتی جیابووەوە، بۆیە لە وتارەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی، بە بۆنەی حەوتەمین ساڵیادی شۆڕشی ١١ ی ئەیولی ١٩٦١ دا هات: حکوومەتی عێراق لە رۆژی یەکەمی کودەتای ١٧ ی تەموزدا رایگەیاند کە کێشەی کورد چارەسەر دەکات و پابەند دەبێ بە رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦، بەڵام لە راستیدا هەوڵی گرتنەبەری رێگەیەکی هەڵە و نادروست دەدات بەرامبەر گەلی کورد، ئەم سیاسەتەش لە سێ تەوەری سەرەکیدا خۆی نواندووە کە بریتین لە: بەهێزکردنی بەکرێگیراوانی کورد بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی شۆڕش ببنەوە، دووەمیش دوورخستنەوەی شۆڕشی کوردە لە هێزە عێراقیە نیشتمانی و هێزە دەرەکیەکان و پیشاندانی شۆڕش وەك هۆکاری کێشەکە و وەك ئەوەی لەگەڵ حکوومەت هاوکار نەبێ، سێیەمیش، حکوومەت دەخوازێ بە ویستی خۆی کاروبار بەڕێوە ببات و بڕیار دەربکات[٣].

هەروەها پارتی لە وتارەکەیدا داوای لە سەرجەم هێزە نیشتمانی و نەتەوەییە دیموکراسیخوازەکانی عێراق کرد کە کار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو بکەن و دووپاتی کردەوە کە ئێستا نە لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکان و نە لەگەڵ ئەو هێزانەش دایە کە ئێستا لە دەرەوەی دەسەڵاتن، هەروەها بە گوێرەی حیساباتی رابردووش مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزانە ناکات بەڵکو پشت بەو سیاسەتە دەبەستێ کە ئێستا و داهاتووش بڕیاری لە بارەوە دەدات.پارتی داواشی لە هێزە جۆراوجۆرەکان کرد کە لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی عێراقدا بەرگەی بەرپرسیارێتیەکانیان بگرن، هەروەها ئامادەباشی خۆی پیشان دا بۆ بینینی رۆڵێکی کاریگەر لە پێناوی کۆکردنەوەی ئەم هێزانە لە بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا، بە ئامانجی هێنانەکایەی دیموکراسی لە عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازی ئاشتیانە و دیموکراسیانە و لەسەر بنەمای یەکێتی و یەکسانی[١].

---

(١) رۆژنامەی الهدف ، ژ (٥٦١) ، ١٨ ی ئەیلولی ١٩٦٨.

(٢) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤ "ئەدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٣) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم، ١٩٦٨)، ل ١٥.

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم، ١٩٦٨)، ل ١٥.

لە کۆتایی وتارەکەیدا، مەکتەبی سیاسی پارتی بەم بۆنەیەوە پەیمان بۆ سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش دووپات دەکاتەوە کە هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ لە پێناوی رزگارکردنی گەلی کورد لە وێرانکاری و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە رەواکانی. هاوکات لە وتارەکەیداپارتی هۆشدری دەدات لە ئەگەری بیرکردنەوە لەوەی گەلی کورد لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا ماندوو بووە، بەڵکو ئامادەیە لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانیدا زیاتر تێبکۆشێت[٢].

بە مەبەستی ڕێکردن لەگەڵ پێشهاتەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان، ڕۆژی ٢١ ی ئەیلوول ی ١٩٦٨، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کۆبوونەوەی چوارەمی لە ناوچەی گەڵاڵە سازکرد و تیایدا ٤١ نوێنەر ئامادە بوون و هەندێك ئەندامیش بەهۆی بارودۆخی تایبەت بە خۆیان و ئەرکەکانی شۆڕش ئامادە نەبوون[٣].

ئەنجوومەن کۆبوونەوەکانی بە وتەیەکی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکەکەی دەست پێکرد، تیایدا بارزانی داوای هاوکاری و یەکڕایی و هەوڵدان لە پێناوی خزمەتکردنی گەل و نیشتمانی لە ئامادەبوان کرد و ئاماژەی بەوەش کرد کە شۆڕشی بەرپاکراو لە کوردستان تەنیا شۆڕشی کورد نییە بەڵکو بەشێکی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقە و بە هاوکاری لەگەڵ هێزە خێرخوازەکان لە پێناوی هێنانەکایەی عێراقێکی دیموکرات و ئازاد و گەشاوە خەبات دەکات کە لە سایەیدا گەلی کوردمان بە مافە نەتەوەییە رەواکانی بگات. بەهۆی گرنگی کۆبوونەوەکەش، بارزانی ئامادەی هەموو دانیشتنەکانی بوو[٤]. لە کۆبوونەوەکەدا چەند وتەیەکی دیکە پێشکەش کران، لەوانە: وتەی کرستیانەکان و عەرەب و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی کوردستان[٥]. دواتر ڕاپۆرتی مەکتەبی تەنفیزی خوێندرایەوە کە تایبەت بوو بە خستنەڕووی چالاکی و کێشەکانی دوو ساڵی رابردووی مەکتەب، وێڕای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی کە تیایدا گفتوگۆ دەربارەی باری دارایی شۆڕش کرا لە ماوەی نێوان هەردووك ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٨[١].

ئینجا مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەو پرۆگرامەی خستە ڕوو کە بە مەبەستی کارکردن لە ماوەی داهاتوودا ئامادەی کردبوو و بریتی بوو لە پلانێکی گشتگیر کە بایەخ بە هەموو لایەنە سیاسی و سەربازی و دارایی و دادوەری و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و تەندروستی و فێرکاریەکان و کێشەی زەویوزار و چاکسازیی کشتوکاڵی دەدات. لە پرۆگرامەکەدا جەخت لەسەر گرنگیدان بە پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی ئاستیان و خزمەتکردنی میللەت کرابووەوە[٢].

---

(٢) هەمان سەرچاوە .

(٣) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٥٠٦) ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٨.

(٤) هەمان سەرچاوە .

(٥) هەمان سەرچاوە .

(١) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٥٠٦) ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٨.

(٢) هەمان سەرچاوە .

هەر لە میانی کۆبوونەوەکەدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تاوتوێی بارودۆخی سیاسی کرد، بە تایبەتی هەڵوێستی حکوومەت، لەو بارەوە ئەنجوومەن جەختی لە برایەتی نێوان عەرەب و کورد کردەوە و سیاسەتی ئەرێنی و دروستی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی بەرز نرخاند، هاوکات پەرۆشی خۆی سەبارەت بە هەڵوێستە نەرێنییەکانی حکوومەت بەرامبەر شۆڕشی کورد دەربڕی و حکوومەتیشی لە پشتبەستن بە خیانەتکاران و بەکرێگیراوان و شڵەژاندنی بارودۆخەکان و خولقاندنی ناسەقامگیری ئاگادار کردەوە[٣]. لەلایەن خۆیانەوە، ئامادەبوان داوایان کرد دەرفەت بە حکوومەتی نوێ بدرێ بۆ ئەوەی نییەت و سیاسەتەکانی بەرامبەر بارودۆخی کورد لە عێراق دەربخات[٤].

دواتر دەست بە پێکهێنانی ئەو لێژنانە کرا کە لە کۆبوونەوەکە کەوتنەوە و بریتی بوون لە لێژنەی سەربازی و لێژنەی دەستوور و لێژنەی پرۆگرامەکان، هەروەها چەند هەموارکردنەوەیەك لە دەستوور ئەنجام دران بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ واقیع بگونجێ. لە مادەی سێیەمیدا هاتووە: کەسایەتیە عێراقیەکان و نوێنەرانی پارت و نەتەوەکانی دیکەی عێراق بۆیان هەیە بڕن بە ئەندامی ئەنجوومەن لە حالەتی بەشداربوونیان لە کارکردن لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشدا، بە مەرجێك ئەوان لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەستنیشان بکرێن و ئەنجوومەن هەموو ساڵێك جارێك کۆ دەبێتەوە، وێڕای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نائاسایی لە کاتێکدا ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەن یان مەکتەبی تەنفیزی یان زۆرینەی ئەندامانی داوای بکەن یان بڕیاری لەبارەوە بدەن، لەکاتی هاتنەپێشەوەی بارودۆخی ناهەمواریشدا کە ببێتە رێگر لەبەردەم سازکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن، ئەو کاتە مەکتەبی تەنفیزی بۆ ماوەی شەش مانگ دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن جێبەجێ دەکات، لە کاتێکدا ئەم ماوەیە لە دەستووری ساڵی ١٩٦٤ تەنیا سێ مانگ بوو. هەر لەم دەستوورەدا هاتوە کە مەکتەبی تەنفیزی لە ٩ ئەندام پێکدێت، جگە لە چەند هەموارکردنەوە و زیادکردنی دیکە[١].

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا دووبارە پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی تەنفیزی دارێژرایەوە و کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرا بە ٥٢ ئەندام، تەنیا سێ ئەندامیان لە ئەعیانەکان بوون. هەروەها ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی – جگە لە سەرۆك - کرا بە ٩ ئەندام کە هەموویان ئەندامی چالاك بوون: د. مەحمود عوسمان وەك سکرتێر، حەبیب محەمەد کەریم، سامی عەبدولڕەحمان، عەلی عەبدوڵا، ساڵح یوسفی، شەفیق ئەحمەد ئاغا، شەکیب سەعید عەقراوی، ئیدریس بارزانی، مسعود بارزانی. ئەفسەرانیش بریتی بوون لە: یوسف میران، ڕەشید سندی. هەروەها لەسەر خواستی مەلا مستەفا بارزانی، هەریەکە لە ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی کران بە

---

(٣) هەمان سەرچاوە .

(٤) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٨.

(١) بڕوانە دەقی دەستوور لە پاشکۆی ژمارە (١٢).

دوو ئەندامی نافەرمی، بەڵام رۆژانە لە کار و کۆبوونەوەکانی مەکتەب بەشداریان دەکرد، قەشە پۆلس بێداریش بە نوێنەرایەتی کرستیانەکان وەك ئەندامی مەکتەب مایەوە[٢].

هاوکات بڕیار لەبارەی دیارکردنی ئەرکی هەر ئەندامێك و دابەشکردنی کارەکان درا، بۆیە لە میانی کۆبوونەوەکەدا چەند بەشێکی وەك بەشەکانی سەربازی و راگەیاندن و دارایی و داد و تەندروستی و فێرکردن و دواتر بەشی کۆمەڵایەتی[٣] پێك هێنران، وێڕای پێکهێنانی لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکان[٤] و سکرتاریەتی مەکتەب[٥].

دەربارەی ئەم کۆبوونەوەیە، رۆژنامەی خەبات نووسیویەتی: "... بەهای راستەقینەی ئەم کۆبوونەوەیە لەوەدا دەردەکەوێ، ئەوانەی لەژێر قوببەی ئاساییترین پەرلەمان لە جیهان کۆبوونەوە، کە بریتی بوو لە رەشمااڵێك، نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردیان دەکرد بە هەموو رەهەند و ماناکانییەوە، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو گەلی عێراقیان دەکرد، ئەوان کۆمەڵێك شۆڕشگێڕ بوون خەبات و قوربانیدان و پێداگیریی و ئامانجێکی پیرۆز کۆی کردبوونەوە کە بەرزکردنەوەی کوردستان و خۆشحاڵکردنی گەلی کورد، بەڵکو هەموو گەلی عێراق بوو. هەروەها پێویستە جەخت لەسەر گرنگی خستنەرووی پرۆگرامێکی دیار بۆ شۆڕش بکرێتەوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتیەکەیەوە بڕیاری لەبارەوە درابێ..."[١].

رۆژی ٢١ ی ئەیلوول ی ١٩٦٨ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغدا دەستووری کاتی کۆماری عێراقی راگەیاند کە بریتی بوو لە دیباجە و ٩٥ مادە و تیایدا جەخت لە بەعەرەببوونی عێراق و پشتگوێخستنی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان و مافەکانیان کرابوەوە.سەبارەت بە کوردیش، لە مادەی ٢١ دا بەم جۆرەی خوارەوە ناوی هاتووە: " عێراقیەکان لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسانن و هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا نییە بەهۆی رەگەز یان زمان یان ئاین و لە پاراستنی نیشتمانداا، بە عەرەب و کوردەوە، هاوکاری یەکتر دەبن و ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا ". بەم جۆرە چارەسەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووردا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو ناروونییەکی زۆری پێوە دیار بوو، چونکە ماهیەتی ئەو مافانەی دیار نەکردووە، بە تایبەتی لە مادەی

(٢) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٤.
(٣) محەمەد ئیسماعیل محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٩.
(٤) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٤.
(٥) محەمەد ئیسماعیل محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٩.
(١) بڕوانە ، ژ (٥٠٦) ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٨.

یەکەمیدا هاتووە کە گەلی عێراق بەشێکە لە گەلی عەرەب[٢]. هەروەها دەستووری نوێ هیچی وای لە دەستووری ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤ جیاواز نەبوو و ئەو کاتە لەلایەن کوردەوە رەت کرایەوە[٣].

رشتنەبوونی حکوومەت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گرتنەبەری رێگای ناڕاست لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی ناچار کرد بە وردی لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە، بۆیە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی ئەنجام درا و تیایدا تاوتوێی بارودۆخ و پێشهاتەکان کرا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، هەروەها هەموو کێشە و بابەتەکانی پەیوەست بە شۆڕش و سرووشتی پەیوەندیەکان لەگەڵ حکوومەت خرانە بەر باس و گفتوگۆکردن و ئامادەبوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە حکوومەت لە بەغدا هەنگاوی دروست و جدی نەناوە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کێشەکانی دیکەی وڵات، ئەو چەند هەنگاوەش کە ناویەتی، لە ئەنجامی لاوازیی بووە، هەروەها بۆ ئەوە بووە کە زیاتر خۆی لە دەسەڵات جێگیر بکات، بۆیە تا ئێستاش هێرشی نەکردۆتە سەر شۆڕشی کورد، چونکە لە توانایدا نییە لە رووی سیاسی و سەربازیەوە رووبەڕووی شۆڕش ببێتەوە[١].

لە بەرامبەر ئەم دۆخە مەترسیدارەدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی داوایان لە سەرجەم ئەندامانی پارتی و پێشمەرگە و رۆڵەکانی گەلی کوردستان کرد شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتیەکانیان و لە پێناوی پێشکەوتنی شۆڕش لە هەموو بوارەکاندا پشتگیری لە دامودەزگاکانی شۆڕش بکەن و چارەسەری کەموکورتیەکان بکەن. هاوکات کۆبوونەوەکە داوای لە سەرجەم رۆڵەکانی کوردستان کرد ئامادەکاریی بکەن بۆ بەرگریکردن لە ناوچە ئازادکراوەکانیان لە کاتێکدا ئەگەر دوژمن جارێکی تر شەڕی بەسەردا سەپاندن، بۆ تێکەڵکردنی کارتەکانی دوژمنیش پێویستە لە بنکەکانی خۆیانەوە هێرش بکرێتە سەری، چونکە لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستی حکوومەت لە کاتی دانوستاندا.ئەم هەنگاوانەش پێویستیان بەوە هەیە کە شۆڕشگێڕان خاوەنی کۆمەڵێك سیفەت بن، لەوانە: هۆشیاری، کاری جدیانە، هاوکاری، سادەیی، بەردەوامی، ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی سەرکردایەتی شۆڕش، یەکڕیزی، قوربانیدان و دانان بە هەڵە و کەموکورتیەکان لە پێناوی راستکردنەوەی ئاراستە.

---

(٢) بڕوانە دەقی دەستووری کاتی لە ، رۆژنامەی الهدف ، ژمارەکانی (٥٦٢، ٥٦٣ ،٥٦٤) ، ٢٥ ی ئەیلول ،٢ و ٩ تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ " نەبیل عەبدولڕەحمان حەیاوی ، دەستوورەکانی عیراقی کۆماری ، (بەغدا، کاتی چاپی دیار نیە)ل ل ٢٧-٤٠. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر دەستوور ، بڕوانە ، شۆڕش حەسەن عومەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٦ و دواتر " لیلاف حەمەدەمین عەزیز، مافە سیاسیەکانی کورد لەو وڵاتانەی کوردستان دەگرنە خۆ – توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری بەراوردکاریە -، (سلێمانی ، ٢٠٠٧) ، ل ل ١٧١-١٧٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر دەستووری ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤ ، بڕوانە ، شۆڕش حەسەن عومەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٠ و دواتر.

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم ١٩٦٨)، ل ل١، ٢٠.

هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە سەرجەم هاوڵاتیان کرد کە لەپێناوی یەکڕیزی کورد کار بکەن، بە جۆرێك بتوانن هەموو ئەوانە بگەڕێننەوە سەر ڕێگای ڕاست کە هەڵەیان کردووە یان لایانداوە، ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە داوای باپەندبوون بەو بڕیارانەیان کرد کە لەلایەن کۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی مانگی ئەیلوول ی ١٩٦٨ دەرکراون[1].

گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە - زمانحاڵی لیژنەی ئاراستە و پەخش لە شۆڕشی کوردستان - دووپاتی کردۆتەوە کە پێشمەرگە بەڵێنی جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیارانە دەدەن کە پەیوەستن بەوان، لەپێناوی خزمەتکردنی میللەت و ڕێکخستنی شۆڕش و توندوتۆڵکردنی ریزەکان و گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراسیخوازەکانی تر لە عێراق، بە جۆرێك ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە پرۆسەی گۆڕینی دۆخە ناهەمواڕەکانی وڵات و بەهێزکردنی سیستمێکی دیموکراسی وا کە لە سایەیدا گەلی کورد بە ئۆتۆنۆمی بگات، هەروەها لە پێناوی باسکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد بۆ گەلان و ڕێکخراو و پارت و وڵاتانی دەرەوە لەسەر هەموو ئاستەکاندا، بۆ ئەوەی زیاتر لە کێشەکە بگەن، چونکە هەموو ئەو بڕیارە مێژوویانەی لەسەرمانە جێبەجێیان بکەین، تاکە ڕێگایە بۆ هێنانەدی بەشێکی کەمی مافەکانی ئەو شەهیدانەی سووتەمەنی شۆڕشەکەمان بوون. هەروەها گۆڤارەکە نووسیویەتی، ئەگەرچی شۆڕش بە دەستی هەندێك کێشەوە دەناڵێنێ، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ ئەم کۆبوونەوانە ببن بە هۆکارێك بۆ گرتنەبەری کۆمەڵێك هەنگاوی کردەیی وا کە ببنە مایەی بەهێزکردن و یەکخستنی ریزەکان، بە جۆرێك بتوانێ لە ڕێگەیانەوە شکست بە پلانە دوژمنکارییەکانی بەغدا بێنێ و ناچاری بکات سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر شۆڕش بگۆڕێ و ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد بدۆزێتەوە[2].

لە لایەکی دیکە، ڕۆژی ٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ نووسینگەی کاروباری باکوری سەر بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کورد کرد و تیایدا ئاماژەی بە جموجۆڵی بەکرێگیراوانی کۆلۆنیالیزم و ئەو پروپاگەندە نابەجێیانە کرد کە دەربارەی نیازە خراپەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بڵاوی دەکەنەوە. بەیاننامەکە ئەم پروپاگەندانەی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند کە حکوومەت بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانە و هێنانەدی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد، هەروەها کۆمەڵێك لەو دەستکەوتانەشی باس کردوون کە حکوومەت لەو ڕووەوە وەدی هێناون، وەك بەڵگەیەك بۆ دەربڕینی نیازپاکی و سوور بوون لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنی حوزەیران[1].

---

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم ١٩٦٨)، ل، ٢٠.

(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم ١٩٦٨)، ل، ٢٠.

(١) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٣).

وەك وەڵامێك، مەكتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان لە ١١ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بەیاننامەیەكی دەركرد و جەختی لەوە كردەوە كە حكوومەت بابەتە سەرەكییەكانی رێككەوتنی حوزەیرانی جێبەجێ نەكردوە و لە بەرامبەریاندا بێدەنگی نواندوە و تەنیا هەندێك مادەی لاوەكی ناو رێككەوتنەكەی جێبەجێ كردوون. سەبارەت بە بەندی یەكەمی پەیوەست بە مافەكانی گەلی كورد كە لە دواییین دەستووری كاتیدا ناوی هاتووە و خراوەتە سەر مادەی ٢١، ئەمەش سەبارەت بە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد هەنگاوێكە بەرەو دواوە. لە بەیاننامەكەدا باس لەوەش كراوە كە حكوومەتی ئێستا رووبەكاتە ئاراستەی قۆرخكردنی دەسەڵات و دوورخستنەوە لە ژیانی نوێنەرایەتیكردن. تەنانەت سەندیكاكان كە حكوومەت خۆی سەرپەرشتیان دەكات، ئەلتەرناتیڤێكن بۆ ژیانی نوێنەرایەتیكردنی دیموكراسی. رەنگدانەوەی سیماكانی ئەم سیاسەتە خۆپەرستانە تەنانەت بەسەر پێكهێنانی خودی مەكتەبی كاروباری باكوریش هەبووە، چونكە هەموو ئەندامانی ئەم مەكتەبە نوێنەری تەنیا یەك ئاراستەی سیاسین و هیچ ئەندامێكی كورد، تەنانەت لە لایەنگر و بەگرێگیراوانی حكوومەتیش ناگرێتە خۆی. هەروەها حكوومەت هیچ بەندكراوێكی سیاسی ئازاد نەكردووە، بەڵكو سەدان كەسی دیكەی لە رۆڵەكانی گەلی كورد خستۆتە نێو بەندیخانەكان و دەسەڵات بەردەوامە لە بەكرێگرتنی سەدان بەكرێگیراو و تاوانبار بۆ ئەوەی چی خراپەكاری هەیە لە كوردستان ئەنجامی بدەن[٢].

لە بەیاننامەكەدا ئەوەش هاتووە، ئەو سیاسەتە هەڵە و ناواقیعیانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە سەبارەت بە دۆزی كورد پیادە دەكرێ و پشتبەستنی بە كرێگرتە و ئەوانەی لە پێناوی لەباربردنی شۆڕشی كورد بازرگانی بە خوێن و فرمێسكەكانی ئەم گەلە دەكەن، ئەمە سیاسەتێكی شكستخواردووە و رووداوەكانی سااڵنی رابردووش بەڵگەن بۆ دروستی ئەمە. بەیاننامەكە داوای لە حكوومەت كردووە بەندەكانی رێككەوتنی ٢٩ی حوزەیران بخاتە واری جێبەجێكردن و لە هەڵچنینی پیلانی نابەجێ دوور بكەوێتەوە. لە كۆتایی بەیاننامەكەدا هاتووە كە كورد ئامادەیە هەموو ئەو پابەندیانە جێبەجێ بكات كە رێككەوتنەكە بەسەریاندا دەسەپێنێ[١].

گفتوگۆ و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ حكوومەتی بەعس درێژەی نەكێشا و رۆژی ٣ ی كانونی دووەمی ١٩٦٩ لایەنگر و بەكرێگیراوانی حكوومەت چەند كورتە هێرشێكیان كردە سەر ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی كورد و بەمەش جارێكی دیكە شەڕ لە دژی گەلی كورد بەرپا كرایەوە. لە ئاداری ١٩٦٩ دا حكوومەت هێرشی كردە سەر چەندین ناوچەی بەرفراوانی كوردستان و هێرشەكە بە گەورەترین

(٢) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٤) .

(١) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٤) .

پرۆسەی کۆکردنەوەی هێزەکانی سەر بە حکوومەت دانرا و ٦٠ هەزار سەرباز و کرێگرتە تیایدا بەشدار بوون[٢].

ئەم هێرشە سەرەتای قۆناغی چوارەمی جەنگ بوو و لە ٧ ی نیسان مەکتەبی تەنفیزی راگەیاندنێکی بڵاو کردەوە و باسی لە بەرپابوونی چەند شەڕێك کرد لە نێوان هێزەکانی عێراق و یەکەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کورد لە دەوروبەری کۆیە، لە ١٥ ی نیسانیشدا بارزانی بەناوی پارتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی پارت و کەسایەتیە نیشتمانییەکان و هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد و سیاسەتی رژێمی لە بەکارهێنانی هێز لە دژی شۆڕشی کورد رەت کردەوە و رایگەیاند ئەمە پاڵ بە کوردەوە دەنێ بخزێتە ناو شەڕێك لە نێوان برایاندا[٣].

بەرپابوونەوەی شەڕ و پێکدادان لە کوردستان بووە جێی بایەخی میدیاکانی جیهان، لەو بارەوە رۆژنامەی فاینانشاڵ تایمزی ئینگلیزی لە ژمارەی رۆژی ٢١ ی ئایاری ١٩٦٩دا و لە راپۆرتێکی پەیامنێری تایبەتی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسی لەوە کرد کە لە حالەتی رووبەڕووبوونەوە لە نێوان وڵاتانی عەرەب و ئیسرائیل و بەشداربوونی عێراق تیایدا، ئەو کاتە گەلی عێراق لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات رووبەڕووی چەندین کێشەی گەورە دەبێتەوە. پەیامنێرەکە باسی لەوەش کردووە ئەو هەواڵانەی لە عێراق گەیشتوون ئاماژە بە رووداتی شەڕێکی بەرفراوان لە کوردستان دەکەن، پەیامنێرەکە دەڵێ: سێ مانگە ئەوانەی لە بەغداوە دێن باس لەوە دەکەن کە مەلا مستەفا بارزانی نیازی هەیە هەرێمەکەی لە دەستی سوپای عێراق رزگار بکات، بۆیە دەستی بە هێرشبردن کردووە. هەروەها دەڵێ: بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی بڕیاری داوە هەتا نەهێشتنی دەسەڵاتی ئێستا لە بەغدا شەڕ بکات و کورد داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دەکەن کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن[١].

لە وەڵامی ئەم هەواڵەدا، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە رایگەیاند: ئێمە دەستپێشخەری شەڕ نەبووین، بەڵکو ئاشکرایە کە حکوومەتی عێراق ناخوازێ بە شێوازێکی کاریگەرانە لە دژی ئیسرائیل هاوکاری عەرەب بکات، ئەگەر نا تا ئێستا کێشەی کوردی بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر کردبوو نەوەك لە رێگەی سەربازی[٢] ٤٣٣.

---

(٢) عەبدولکەریم فندی ، چەند بەشێك لە شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عیراق ،(دهۆك ، ١٩٩٥) ، ل ١١٧ " ستیڤن سی بلیتەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٨٠-١٨١.

(٣) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٣.

(١) وەرگیراوە لە ، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢١)، (حوزەیران، ١٩٦٩)، ل٣.

(٢) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە.

شۆڕشی کورد زۆر لێهاتوانه بەرپەرچی هێرشەکەی حکوومەتی دایەوە و لە تەموزی ١٩٦٩ بەعسییەکان هیچ هیوایەکیان بە سەرکەوتن یان وەدیهێنانی دەستکەوت نەما و دڵنیا بوون لەوەی ناتوانن دریژە بە شەڕ بدەن[٢]. بۆیە دوو تاوانی زۆر دڕندانەیان لە دژی دانیشتوانی سڤیلی کوردستان ئەنجام دا، ئەوەبوو لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٦٩ دا فیرقەی چواری سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەی شەمکان لە قەزای شێخان عیسفنی و دوای شکستخواردنیان لەسەر دەستی پێشمەرگە، ئەم هێزانە لە ٢٨ ی ئابی ١٩٦٩ رووبان کردە خەڵکی گوندی دەکان کە لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە و تۆپ پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێکی نزیك گوندەکەیان، بەڵام هێزەکانی عێراق بە سەرکردایەتی عەمید روکن عەبدولجەبار ئەسەدی و بە هاوکاریی هێزێك لە بەکرێگیراوانی کورد و وەك تۆڵەسەندنەوەیەك بۆ شکستەکەیان، ٦٧ ئافرەت و منداڵیان کوشت. هەروەها لە ١٥ ی ئەیلوول ی ١٩٦٩ لە نزیك گوندی صۆریا لە ناوچەی زاخۆ، مینێك لەژێر ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازیدا تەقیەوە، رۆژی دواتر یەکەیەکی سەر بە سوپا بە سەرکردایەتی ملازمی یەك عەبدولکەریم جحێشی[١] هێرشی کردە سەر گوندەکە و ٣٩ کەسی بێتاوانی خەڵکی گوندیان لە موسڵمان و کرستیانەکان کوشت، لە نێویاندا ٢٠ ئافرەت و منداڵ هەبوون[٢]. ئەگەرچیش حکوومەت ئەم جۆرە کردەوانەی رەت کردەوە، بەڵام ئەم هەواڵانە زۆر بە فراوانی بڵاو بوونەوە[٣].

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٩ دا حکوومەت نەیتوانی لە رێگەی هەوڵە سەربازییەکانییەوە شۆڕشی کورد لەناو ببات، لە لایەکی دیکە، حکوومەت ناچار بوو ٣٠% ی بودجەی گشتی وڵات لە شەڕکردن لە دژی کورد خەرج بکات و هەر لەم شەڕەدا سەدان سەربازی بوونە قوربانی. سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر درکی بەوە کردبوو کە ناتوانێ لە رێگەی هێزی سەربازیەوە شۆڕشی کورد لەناو ببات یان هەڵیوەشێنێتەوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە کێشەی کورد لە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکات[٤].

کاتێك حکوومەتی ناوەندی دڵنیا بوو لەوەی شکستی هێناوە لە یەکلاکردنەوەی شەڕ لە دژی شۆڕشی کورد، کەوتە بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی گفتوگۆی جدی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و هەندێك

---

(٣) ستیڤن سی بلیتەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨١." کەریم فندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٧.

(١) ئەندامی هۆزی جحێشی عەرەبە کە بە موسل و تەلەعفەر و ناحیەی عەیازیەدا بڵاوبۆتەوە ، دەرچووی قۆناغی ئامادەییە ، وەك خۆبەخش چۆتە ریزەکانی سوپای عیراق و بۆتە جێگری ئەفسەر " لەبەر ئەوەی یەکێك بووە لە دڵسۆزانی بەعس " بۆیە بەپێی بڕیارێکی کۆماری دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ بۆتە ئەفسەر . سەبارەت بە کەسایەتی ناوبراویش ، دەوترێ ئەو کەسێکی تووندوتیژ و شەڕخواز بووە و متمانەی بە کەس نەکردووە و بە بەردەوامیش شوێنی خەوتنی گۆڕیوە . بڕوانە ، وەسفی حەسەن ردێنی ، کوشتارا گوندێ صوریا ١٦/ ٩ /١٩٦٩، (دهوك، ٢٠٠٥)، ل ل ٧٧- ٧٨.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢١٥ – ٢١٧" نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٥-١٩٩" وەسفی حەسەن ردێنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٧-٤٧.

(٣) ئەدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٨.

(٤) ئەدگار ئۆبلانس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٩.

لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رۆڵی ناوەندگیریان بینی، لە ٢٠ ی ئەیلوول ی ١٩٦٩ عەقید روکن تارق تۆفیقی فەرماندەی لیوای دووی پیادە لە رواندز گەیشتە ناوچەی شۆڕشی کورد و داوای لە یوسف میرانی - ئەو ئەفسەرەی پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردبوو- دۆستی خۆی و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کردبوو کە بیگەیەنێتە لای بارزانی. ئەوە بوو لە نزیك گوندی رایەتی ناوچەی باڵەکایەتی لەگەڵ سەرۆکی شۆڕشی کورد کۆبوونەوە و عەقید روکن تارق تۆفیق دووپاتی کردەوە کە فەرماندەی فیرقەی دوو لە کەرکوك پەیوەندی پێوە کردووە و فەرمانی پێ داوە بە مەبەستی وەستاندنی شەڕ و ئەنجامدانی گفتوگۆ دەربارەی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە چاوی بە بارزانی بکەوێ[١].

هەر بە مەبەستی درێژەدان بە دانوستان، ڕۆژی ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ حکوومەت بە مەبەستی بینینی بارزانی، عەزیز شەریفی[٢] دۆستی گەلی کورد و کەسایەتی ناسراوی عەرەبی نارەدە کوردستان و دیدی حکوومەتی سەبارەت بە ئەنجامدانی گفتوگۆ خستە ڕوو، دواتر بارزانی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوە و سەبارەت بە ئەنجامدانی دانوستان ڕەزامەندی وەرگیرا و عەزیز شەریف ئەم وەڵامەی گەیاندە بەغدا[٣].

ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتی[٤] بەشداریان لە دانیشتنی تایبەت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو شاندە حکومیە[٥] کرد کە لە ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩[١] سەردانی کوردستانی

---

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٢.

(٢) عەزیز شەریف عەبدولحەمید ساڵی ١٩٠٤ لە شاری عانە لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٣٢ کۆڵێژی مافی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٣٤ وەك دادوەر دامەزرێنراوە . ساڵی ١٩٤٦ پارتی گەلی دامەزراندووە . ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە بزووتنەوەی شیوعیەوە کردووە ، دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ وەك سەرۆکی ئەنجومەنی ئاشتەوایی و یەکێتی عیراق دەستنیشان کراوە . لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ بۆتە وەزیری داد و ئەرکی سەرەکی بریتی بووە لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە دانوستانی نێوان بەعسیەکان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بەشداری کردووە کە ڕێککەوتنی ١١ ی ئادارى ١٩٧٠ ی لێ کەوتەوە . دەستی لە کاری وەزارەت کێشایەوە و لە کۆتایی حەفتاکان ڕووی کردە مۆسکۆ و لە ١٩٩٠/٤/٢١ لەوێ کۆچی دوایی کرد .بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، عزەدین مستەفا ڕەسول لە پێشکەشکردنی چاپی چوارەمی کتێبی ، عەزیز شەریف ، مەسەلەی کورد لە عیراق ، لە ، ژمارەیەك نووسەر ، چەند نووسینێك سەبارەت بە مەسەلەی کورد ، ئامادە و پێشکەشکردنی ، ڕەفیق ساڵح ئەحمەد ، (سلێمانی ، ٢٠٠٨) ، ل ١٢٥ و دواتر.

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٦.

(٤) بریتی بوون لە هەریەکە لە ، بارزانی وەك سەرۆك ، حەبیب محەمەد کەریم ، د.مەحمود عوسمان ، ساڵح یوسفی ، ئیدریس بارزانی . بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٠ ، پەراوێزی ژمارە (٤) .

(٥) شاندی حکومەت پێکهاتبوو لە فەریق حەماد شەهابی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و سەعدون غێدانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و عەبدولخالق سامەڕایی و مورتەزا حەدیسی و تارق عەزیز و سەمیر عەزیز نەجم ، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعس و عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعیدی بەڕێوەبەری جموجۆڵ لە وەزارەتی بەرگری ، هەروەها عەزیز شەریف و فوئاد عارفی کەسایەتی کورد یاوەریان بوون . بڕوانە ،هەمان سەرچاوە ، ل ل ٢٣٠-٢٣١، پەراوێزی (٥).

(١) موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، بەشی٢، ل١٩١ " مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

کرد و له کۆبوونەوەکەدا چەندین بابەت خرانە بەر باس و بابەتی جۆراوجۆر خرانە روو، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا ئامادەبوان سەبارەت بە سەردانی شاندێکی کوردی بۆ بەغدا ڕێك کەوتن بۆ تەواوکردنی دانوستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەپەلە[٢].

دوای گەڕانەوەی شاندی حکوومەت لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٧٠، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا و تیایدا هەڵسەنگاندن بۆ سەردانەکە کرا و گفتوگۆ دەربارەی ئەو بابەتانە کرا کە لە کۆبوونەوەکاندا خرابوونە روو، هەروەها بڕیار درا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی شاندی کوردی دانوستانکار و ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەك لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ شاندی حکوومەت ئەنجام درا، کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەو کادرە پێشکەوتوانە ساز بکرێ کە لە ناوچەی سەرکردایەتی ناوپردان بوون و نزیکەی ٥٠ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی و کادرانی پێشکەوتووی حزب ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ئامادەبووان باسیان لەو بابەتانە کرد کە لەگەڵ شاندی حکوومەت گفتوگۆیان لەبارەوە کرابوو و هەریەکەیان رای خۆی دەربڕی، ئینجا لە ڕێگەی کاندیدکردنی ناوەکانەوە دەست بە دیارکردنی ئەندامانی شاندەکە کرا و لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر ئەم ناوانەی خوارەوە درا بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامانی شاندی کوردی:

١- مەحمود عوسمان — سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٢- نوری سەدیق شاوێس — ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٣- سالّح یوسفی — ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٤- محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان — ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٥- مقەدەم نافز جەلال حەوێزی — ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.
٦- موحسین دزەیی — ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.
٧- دارا تۆفیق — لایەنگری پارتی، دواتر لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لە یەکی تەموزی ١٩٧٠ بوو بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی .

سەبارەت بە ناوی ئەندامانی ئەو شاندەی کە لەلایەن مەحمود عوسمانی سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە سەرۆکایەتی دەکرا، بارزانی ڕەزامەندی دەربڕی و

(٢) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، ل ١٩٢.

لەگەڵیان کۆبوونەوە، هەروەها بە دووڕودرێژی باسیان لە بابەتەکان کرد و دوای وەرگرتنی ڕێنمایی پێویست، لە ٨ ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ شاندەکە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ[١].

شایەنی باسە، دەستنیشانکردنی مەحمود عوسمان بۆ سەرۆکایەتیکردنی شاندی دانوستانکاری کورد بۆ بەغدا بێ بەرنامە نەبوو، هەر لەگەڵ دروستبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەت، مەحمود عوسمان بە شێوازێکی دیبلۆماسیانە لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعس کەوتە گفتوگۆکردن و هەوڵی دا نەیانوروژێنێ، هەر ئەمەش وایکرد لیوا فوئاد عارف[٢] لە میانی ئەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ سازکرا، داوا لە بارزانی بکات لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا مەحمود عوسمان بکرێ بە سەرۆکی شاندی دانوستانکاری کورد لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت، دواتر هەر ئەمە ڕوویدا[٣] و ئەو کرا بە سەرۆکی شاندەکە.

دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق بەردەوام بوون، ڕۆژی ٩ ی ئاداری ١٩٧٠ سەدام حوسێن ١٩٣٧-٢٠٠٦ی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق – ئەو کاتە- گەیشتە ناوچەی ناوپردان و دوای گفتوگۆکردن دەربارەی خاڵە ناکۆکەکان، لایەنی حکومی لەو کۆبوونەوانەدا دانی بە مافی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا نا، ئەمەش ئەو کاتە بە دەستکەوتێکی گەورە دانرا[٤].

لایەنی کوردی بە مەبەستی ڕاگۆڕینەوە، کۆبوونەوەیەکی بە سەرۆکایەتی بارزانی و بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی و ئەندامانی شاندی کوردی و هەریەکە لە ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی ئەنجام دا و تیایدا بارودۆخ و دانوستانەکان هەڵسەنگێنران و زۆربەی ئامادەبوان لەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە کۆك بوون، بەڵام بارزانی بێدەنگی هەڵبژارد چونکە متمانەی بە حزبی بەعس نەبوو، بەڵام بڕیاری دا لەگەڵ زۆرینە بێ، بە تایبەتی دوای داننان بە مافی کورد لە ئۆتۆنۆمی. دواتر لایەنی کوردی گەڕایەوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی حکوومەت، کاتیش نزیك بوو لە نیوەی شەوی ١٠ ی ئاداری ١٩٧٠. پاش تەواوبوون لە دارشتنی شێوازی کۆتایی ڕێککەوتنەکە، دوای نیوەشەوی ١١/١٠ ی ئاداری ١٩٧٠ واژۆی لەسەر کرا[١].

---

(١) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، ل ل ١٩٢-١٩٣.

(٢) ساڵی ١٩١٣ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە ، کۆلێژی سەربازی بە پلەی ملازمی دوو تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٣٦وەك یاوەری شا غازی دامەزرێنراوە ، پلەکانی سەربازی بڕیون و دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کراوەتە پارێزگاری لیوای کەربەلا ، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٣ – ١٩٦٨ لە چەند وەزارەتێك بۆتە وەزیر و دواتر بۆتە جێگری سەرۆکوەزیران . لە ٢٠١٠/٦/٦ کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی ، بڕوانە ، کتێبەکەی ، یاداشتنامەکانی فوئاد عارف ، پێشکەشکردنی ، کەمال مەزهەر ئەحمەد ، (دهۆك ،١٩٩٩) .

(٣) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦٦.

(٤) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، ل ١٩٨.

(١) موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، ل ١٩٨.

کۆتایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان

لە راستیدا هیچ بەیاننامەیەکی فەرمی یان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان لەبەر دەست نییە ئاماژە بە مێژووی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بکات، بەڵام دوای ڕێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ ئەنجوومەن کاریگەریی ئەوتۆی نەما. ئەگەرچی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئامادەی دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بوون کە لە یەکی تەموزی ١٩٧٠ لە ناوپردان ساز کرا. بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی لەنێو ئامادەبوانی دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەدا بوون، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕۆڵی نەکراوە[١].

عەلی سنجاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە مەکتەبی تەنفیزی تا ساڵی ١٩٧٤ بوونی هەبوو و هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر پێکهاتە و شێوازی کاریدا نەهێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا بە تایبەتی دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠[٢].

مەکتەب هیچ دەسەڵاتێکی نەما.لە راستیدا دوای ڕێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ هیچ چالاکیەکی سیاسی یان کارگێڕی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یان بڕیارێك دەربارەی هەڵوەشانەوەی دەزگاکە بەدی ناکەین. گرنگ ئەوەیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٧٤ بۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد بڕیاری دامەزراندنی یەکە کارگێڕییەکان ئەمیندارێتیەکان ی دا و زۆربەی ئەو ئەمیندارێتیانە زیاد لە پێویست بوون و لە ڕووی دارایی و کارگێڕیەوە بووبوونە بارگرانییەك بەسەر شۆڕشی کورد.ئەم دەزگا ناوبراوانە موچەی هەموو بەکاربەر و کارمەندانی دەوڵەتی عێراقیان خەرج کرد کەپەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، تەنانەت کار گەیشتە ئەو ئاستەی هەر کەسێك پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو، بانگەشەی ئەوە بکات کە کارمەند یان بەکاربەری یەکێك لە فەرمانگە حکومیەکان بووە و نیوەی ئەو موچەیە وەربگرێ کە پێشتر لە فەرمانگەکەی وەریدەگرت. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبوو بۆ سەر وەی شەڕکەرانی کورد بە تایبەتیش شەڕکەرە کۆنەکان، چونکە ئەو کاتە موچەی مانگانەی پێشمەرگە لە شۆڕشی کورد ١٠ دینار بوو، لە کاتێکدا بەکاربەرێکی حکومی کە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو، لە پێشمەرگەیەك زیاتری وەردەگرت، بەبێ ئەوەی خزمەتێکی ڕاستەقینە پێشکەش بکات یان ژیانی بخاتە مەترسیەوە[١].

---

(١) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە ، حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ل ٣٦٦-٣٧٠.

(٢) دیمانەی تایبەت لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(١) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٠.

گرنگ ئەوەیە، دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ئەنجامی مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە ٦ ی ئاداری ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران[٢]، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوونی نەما. ئەوەی ئەمەش دووپات دەکاتەوە، کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کە لە ماوەی ٤-١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لە کوردستانی ئێران ئەنجام درا، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی هاوشێوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لەژێر ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دا کە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی و نوێنەرانی ڕێکخراو و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستان بگرێتە خۆی، ئەمەش لە پێناوی زامنکردنی بەشداربوونی جەماوەر لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە چارەنووسیانەوە[٣].

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ڕێککەوتنە و کاریگەریی لەسەر کورد ، بڕوانە ، مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٩ و دواتر " فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدولّا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عیراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ – ١١ مارتی ١٩٧٤ "تویژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی"، کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر ، ٢٠٠٥)، ل ٢٢ و دواتر.

(٣) حەبیب محەمەد کەریم ، مێژووی ...، ل ٣٩٠.

بەشی چوارەم
چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جموجۆڵە ناوخۆییەکانی

- یەکەم: ڕێکخستنی یەکە کارگێڕییەکان و کاروباری دارایی.
- دووەم: تەندروستی.
- سێیەم: پەروەردە و فێرکردن.
- چوارەم: کێشەی زەویوزار و بارودۆخی جوتیاران.
- پێنجەم: پێشخستنی بواری دادوەریی.
- شەشەم: کاروباری پێشمەرگە.
- حەوتەم: لایەنی کۆمەڵایەتی.

بەشی چوارەم
چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جموجۆڵە ناوخۆییەکانی

یەکەم: ڕێکخستنی یەکە کارگێڕییەکان و کاروباری دارایی

پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تەنیا مەبەستی سیاسی و سەربازی لەپاش نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری دانیشتوان بوو بە شێوەیەکی باشتر لە پێناوی سەرخستنی شۆڕش، بۆیە لە کۆبوونەوەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ی ئەنجوومەندا کۆمەڵێك سیستم و یاسای کارگێڕی دەرکران. لە مادەی یەکەمیدا هاتبوو: ناوچەی کوردی لە عێراق بە ویلایەتی کوردستان ناودەبرێ و لە ڕووی کارگێڕییەوە ویلایەتەکە بۆ سەر پێنج لیوا دابەش دەبێ کە بریتین لە: دهۆك، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، خانەقین ، ئەم لیوایانە لەلایەن دەستەیەکەوە بە ناوی ئەنجوومەنی کارگێڕی باڵای ویلایەتی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن. لە ئێستادا سنوورەکانی ئەم پێکهاتە کارگێڕیانە پەیوەستن بە ناوچە ئازادکراوەکان و بەرپرسانی کارگێڕی لە قەزا و ناحیەکان قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە دادەمەزرێنرێن، ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانیش بە گوێرەی کۆمەڵێك یاسا دیار دەکرێن کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە دەردەکرێن [١].

دوای ئەوەی حکوومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو یاداشتنامەیەی کە لە ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئاراستەی کرا سستی و دوودڵی پیشان دا، چونکە پێی وابوو لەوانەیە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە نەرێنییە قازانجێکی لێ بکەوێتەوە و بەهۆیەوە شۆڕشی کورد لاواز بێ و دەرفەتەکەش بقۆزێتەوە بۆ خولقاندنی کەشێکی ناسەقامگیر لەناو ریزەکانی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان. لە بەرامبەردا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد درکی بە نییەتەکانی حکوومەت کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەم جۆرە پلان و فرتوفێڵە دبلۆماسیانە نابنە مایەی خەڵەتاندنی گەلی کورد و پێشمەرگە و سەرکردایەتی کورد. بۆیە گەیشتە قەناعەتێك کە گونجاوترین ڕێگە بۆ هێنانەدی ئەوەی لە یاداشتنامەکەدا هاتووە، پێکهێنانی یەکە کارگێڕییەکانە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و ڕاگەیاندنییەتی بۆ جەماوەر و دۆستانی، بۆ ئەوەی دەریبخات کە گەلی کورد و شۆڕشەکەی لە توانایاندا هەیە کاروباری شۆڕش و میللەت لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری و دادوەری و دارایی و تەندروستیەکان بەڕێوە ببات [٢].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩) .

(٢) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٥) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٤.

گرنگ ئەوەیە، مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بڕیاری دا لەم قۆناغەدا یەکە ئیدارییەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش پێکبێنێ، بۆ ئەم مەبەستە دەستی بە دامەزراندنی کادرە کارگێڕی و دارایی و دادوەریەکان کرد، ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ رزگارکردنی شۆڕش لە ئاسەوارەکانی دواکەوتوویی و پشێوی، هەروەها بۆ ئەوەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان روو بکاتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی کە بریتیە لە بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی حکوومەت [1]. ئەگەرچیش ئەم هەنگاوە رووبەڕێکی بەرفراوانی نەگرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا و هەنگاوێك بوو بە ئاراستەی رێگای راست [2]. دواتر راستی ئەم هەنگاوە دەرکەوت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گەیشتە ئاستی پێکهێنانی ئەمیندارێتیەکان لە ساڵی ١٩٧٤ [3].

پێکهێنانی کارگێڕیە ناوخۆییەکان و دامەزراندنی بەرپرسان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری قەزا و ناحیەکان لەلایەن مەکتەبی تەنفیزییەوە دەرەنجامی خواستی چەند کەسێك نەبوو، بەڵکو ئەم کارگێڕیە ناوخۆییانە بەرهەمی خەباتێکی میللی و پێگەیشتنی بنەما و پێداویستیەکانی توانای شۆڕش و خواستی نەتەوەیی بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن کوردەوە [4]. سەرەڕای ئەوەی پێکهێنانی کارگێڕیە ناوخۆییەکان مەبەست و مەغزای کاتیی لەدوا بوو، بەڵام هەنگاوێکی پێویست و ئەرێنی و سوودبەخش و گونجاو بوو بۆ ئەو قۆناغە تەنگەتاو و ناهەمواوەی کە تیایدا جیابوونەوە لەناو ریزەکانی پارتی رووید ا [5].

ئەم رێوشوێنە کارگێڕیانە لەلایەن جەماوەری گەلی کوردەوە پێشوازی و پشتیوانیان لێ کرا [6]، هەروەها سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان سوێندی خوارد کە بە خوێن و هێز و باوەڕی پتەو بە رەوایی دۆزی گەلەکەی لە ئۆتۆنۆمی بەرگریی لێ بکات [7]. ئەم هەنگاوە لەلایەن رۆژنامەی خەباتیشەوە بەم جۆرە لە قەڵەم درا: ".... دەربڕینێکی زیندووە بۆ هەست و ئامانجە نەتەوەییەکانمان لە پێناوی شادبوون بە ژیانێکی ئازاد و گونجاو...". رۆژنامەکە راشیگەیاند – ئەگەرچی لە دەربڕینەکەیدا جۆرە زیادەڕۆییەك

---

(1) هەمان سەرچاوە.

(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٥)، (ئەیول،١٩٦٨)، ل٤.

(3) دیمانەی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(4) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

(5) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٩.

(6) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤" دیمانەی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧ " دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧ " دیمانەی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٦.

(7) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

بەدی دەکرێ - ئەم رێوشوێنانە " بنەماکانی حکوومەتی عێراقیان هەژاند " ئەو حکوومەتەی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد نییە [1].

لە راستیدا سەبارەت بە چۆنییەتی راپەڕاندنی کاروبارە کارگێڕییەکان[2] جۆرێك لە پێشبڕکێ و هەستیاری لە نێوان فەرماندە سەربازییەکان و سەرکردە مەدەنییەکان هەبوو، مەدەنییەکان پێیان وابوو دامەزراندنی پێکهاتەی کارگێڕیی سەربەخۆ لە کوردستان کارێکی پێویستە، بە جۆرێك کاروباری دانیشتوان راپەڕێنن و خزمەتگوزاریی شارستانیان پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان هەست بکەن کە شۆڕشەکەیان لە پێشکەوتن دایە و لەو بوارەدا هیچیان لە حکوومەتی عێراق کەمتر نییە، هەروەها بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد ناوبانگێکی دەرەکی وەدەست بێنێ و جیهان ئاگاداری بەرەوپێشەوەچوونی کورد بێ لە زۆربەی بوارەکاندا، هاوکات بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی لایەنە سەربازییەکان. لە بەرامبەردا فەرماندە سەربازییەکان هەستیان دەکرد کە لەلایەن سەرکردە مەدەنییەکانەوە خۆشەویست نین و ناخوازن هەموو شتێك لە دەستی ئەوان بێ و ئەم یەکە کارگێڕیانە دەبنە مایەی دواخستنی کارەکانیان و ناهێڵن راستەوخۆ پەیوەندیان بە جەماوەرەوە هەبێ، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی کاری رۆتینی کە لە کاتی شەڕدا پێویست بە بوونی نییە، جگە لەوە لەوانەیە خەڵك پەیوەست بن بە کەسە کارگێڕییەکان و گوێیان بۆ بگرن، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی کەسە سەربازییەکان و لاوازکردنی هەژموونیان. بەڵکو ئەوان قەناعەتیان وابوو کە لە بارودۆخە تایبەتەکاندا، بە تایبەتی لەکاتی شەڕدا، پێویستە هەموو تواناکان لە دەستی پێشمەرگە دابن، دروشمەکەشیان بریتی بوو لە هەموو شتێك لە پێناوی شەڕدا ، و بەرەی شەڕ پێویستی بەوە هەبوو کە بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارەکان لە دەستی سوپای شۆڕشگێڕ بێ بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدەست بێنێ [3].

یەکێك لە سەرکردەکانی پێشمەرگە، کە عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەریە، پێی وایە بیرۆکەی دامەزراندنی یەکە کارگێڕییەکان لە ناوچە ئازادکراو و ئازادنەکراوەکانی کوردستان لەلایەن بارزانییەوە زۆر جێی رەزامەندی نەبوو و پێی وابوو لەم قۆناغەدا ئەمە کارێکی پێویست نییە، بەڵکو شتێکی " خەیاڵییە"، بەڵام دوای ئەو داوایەی کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتیەوە خرایە ڕوو، رەزامەندیی دەربڕی. بەو پێیەش کە ئەو باوەڕی بەم کارە نەبوو، بۆیە گرنگیەکی ئەوتۆی بەم پێکهاتانە نەدا. ئەو شتە گرنگەی کە هەمیشە بارزانی هەوڵی وەدیهێنانی دەدا بریتی بوو لە زیادکردنی رێکخستن و هێزی پێشمەرگە لە رێگەی دامەزراندنی بەرپرسی بەهێز و

---

(1) بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(2) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨ " دیمانەی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(3) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

خاوەن ئەزموون بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرەکانی شەڕ، ئەو باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە هێزی سەربازی بڕیار لەسەر چارەنووس دەدات و لە هەموو بارودۆخێکیشدا یەکێکە لە مەرجەکانی سەرکەوتن[1]. لە کاتێکدا عەلی سنجاری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی ئەم جۆرە بۆچوونانە رەت دەکاتەوە و دەڵێ: راستە بارزانی لەگەڵ پشتگیریکردن و بەهێزکردنی پێشمەرگە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنگری ڕێکخستن و پێکهێنانی یەکە کارگێڕییەکانیش بوو، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو دژی پێکهێنانی ئەم یەکانە بوایە، هەرگیز کارەکە ڕووناکی نەدەبینی [2].

هاوکات لەگەڵ پلانی مەکتەبی تەنفیزی سەبارەت بە پێکهێنانی یەکە کارگێڕییەکان لە کوردستان، دەست کرا بە دابەشکردنی بەشە ئازادکراوەکان بۆ چەند لیوا و قەزا و ناحیەیەک، بۆ هەر یەکێک لەم دابەشبوونانەش دامودەزگای کارگێڕی و دارایی و دادوەری دامەزرێنران، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەوڵێک بوو بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش لە دواکەوتوویی و پشێوی[3].

دواتر دەست بە دامەزراندنی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و دارایی و کارمەندانی دیکەی ئەم فەرمانگانە کرا و هەموویان لە کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی بوون و شارەزا و چالاك و باوەڕپێکراو بوون [4]. مەکتەبی تەنفیزی چەند بڕیارێکی سەبارەت بە دامەزراندنی هەریەکە لە ڕەئیسی یەکەمی خانەنشین بەهجەت عەونی وەك قایمقامی قەزای شارباژێڕ و پارێزەر عەبدولڕەزاق ڕەسول وەك قایمقامی قەزای هەڵەبجە و عەبدوڵا حاجی بەدری سندی وەك قایمقامی قەزای زاخۆ [5] و شیت

---

(1) بڕوانە یاداشتەکانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٠-١٢١.

(2) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(3) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٥) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٤.

(4) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٦٨-١٦٩. شەعبان سەعید محەمەد دووپاتی کردەوە کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی دەستنیشانکردنی کادرانی کارگێڕی ، هەریەکە لە سالح یوسفی و عەبدولڕەحمان قازی سەردانی گوندی (شاوریکی) ناوچەی دۆسکیان کرد لە دهۆك و لەگەڵ بەرپرسی لقی یەکی پارتی و بەرپرسانی لیژنەکان کۆبوونەوە و بڕیار درا بەرپرسانی لیژنەکان ئەرکی قایمقام جێبەجێ بکەن . دیمانەی تایبەت لەگەڵیدا لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٦.

(5) شەعبان سەعید محەمەد دەڵێ : بڕیار وابوو ئەو ببێ بە قایمقامی قەزای زاخۆ ، چونکە بەرپرسی لیژنەی ناوخۆیی پارتی بوو لە قەزاکە ، بەڵام دواتر عەبدوڵا حاجی بەدری بۆ پۆستەکە دەستنیشان کرا ، چونکە ئەو کاتە بەغدای بەجێ هێشتبوو و پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو ، هەروەها لەبەر ئەوەی برای هەریەکە لە ڕەشید سندی و سلێمان حاجی بەدری بوو کە بەهۆی ڕۆڵی بەرچاویان لە شۆڕش خاوەنی ڕێزی تایبەت بوون لەلای بارزانی ، ئەو مامۆستا و کەسێکی ڕۆشنبیر بوو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش دوای پرسکردن بە من ئینجا بڕیاری دا ، منیش ڕەزامەندیم دەربڕی چونکە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان خانەوادەکانمان هەبوو ، هەروەها لە قۆناغی سەرەتاییدا لە زاخۆ مامۆستام بوو . دواتر وەك بەڕێوەبەری ناحیەی سندی دامەزرێنرام . دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٦.

بەرزنجی وەك بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ دەرکرد، هەروەها مەکتەبی تەنفیزی رایگەیاند کە بەردەوامە لەسەر پێکهێنانی یەکە کارگێڕییەکان و دادگا لە هەموو پارچە ئازادکراوەکانی کوردستان [1].

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێك بەسەر دامەزراندنی گرووپی یەکەم و بۆ ئەوەی کاروبارەکان ئاراستەی سروشتی خۆیان وەرگرن - بەپێی دەربڕینی رۆژنامەی خەبات- دەست کرا بە راگەیاندنی دامەزراندنی نوێ لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، رۆژنامەی خەبات دووپاتی کردەوە کە ئەم دامەزراندن و رێکخستنە "... ئاماژەن بۆ خواستی گەلەکەمان لە رێکخستنی شۆڕشەکەی و بەرەوپێشبردنی، لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەیی و مرۆییەکانمان..." [2]. هەروەها هەندێك لە بەرپرسانی پێشوو ئاڵوگۆڕیان پێ کرا و ئەرکی نوێیان پێ سپێردرا، وەك حالەتی بەهجەت عەونی. لیستی نوێی دامەزراندن بەم شێوەیە بوو:

- لە کارگێڕی:

کەمال حاجی تەها کتان	یاریدەدەری پارێزگاری هەولێر
ئەحمەد شالی	یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك
بەهجەت عەونی	یاریدەدەری پارێزگاری سلێمانی
عەبدولڕەزاق ڕەسول	قایمقامی قەزای هەڵەبجە
مەجید جەرجیس ئەتروشی	قایمقامی قەزای شێخان
ئەحمەد جەرجیس ئەتروشی	قایمقامی قەزای دهۆك
نەجمەدین یوسفی	قایمقامی قەزای ئامێدی
عیرفان تاڵەبانی	قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوك

- بەڕێوەبەرانی ناحیەکان:

شەعبان سەعید	ناحیەی سندی
مەلا سالح حاجی	ناحیەی گولی
مەلا حەیدەر ئەحمەد	ناحیەی سلێڤانی

(1) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤. شایەنی باسە ، شار و شارۆچکە گەورەکان وەك سەنتەری ناحیە و قەزاکان لە بازنەی شۆڕشی کورد دانەبوون " چونکە بارزانی پێی وابوو پێویستە کۆنترۆل نەکرێن " بەهۆی زەحمەتی پاراستنیان . چونکە پێشمەرگە خاوەنی چەکی دژە فرۆکە و دژە تانك نەبوون ، بۆیە - بە رای ئەو - گرتنەبەری شەڕی پارتیزانی باشترین رێگەیە بۆ پەرتوبڵاوکردنی هێزەکانی رژێم ، شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٢٠ - ١٢١.

(2) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٥) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٤.

عەلی جوقی	ناحیەی مزوری ئەتروش
فاروق سەعید بەگ	ناحیەی ئەلقۆش
محەمەد حەسەن محەمەد بالەتی	ناحیەی نەهلە دینارتە
یوسف میرخان	ناحیەی زاویتە
فارس حاجی حەسەن	ناحیەی دۆسکی
میکائیل عەلی سارکی	ناحیەی سیمێل
حەسەن حاجی شەعبان ئامێدی	ناحیەی سەرسنگ
مەلا ئەحمەد ئیسلام نێروەیی	ناحیەی بەرواری باڵا
یوسف محەمەد بیدۆهی	ناحیەی نێروە و رێکان
حەسەن فەهمی رەشید ئاکرەیی	ناحیەی باڵەك
خەلیل ئیسماعیل	ناحیەی خۆشناو
ئەنوەر میرزا	ناحیەی برادۆست[0]

لە ٥ ی کانونی دووەمی ١٩٦٥، مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زنجیرەیەك ڕێنمایی کارگێڕی و دەسەڵات و ئەرکی گشتی بۆ بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان ڕاگەیاند کە لە ٢٨ مادە پێکهاتبوو، لەوانە:

سنووری یەکە ئیدارییەکان لە کوردستان وەك ئێستا دەمێنێنەوە و بە بڕیارێکی مەکتەبی تەنفیزی و لەسەر پێشنیازێکی پارێزگاری لیوا، سەنتەرەکانی ئەم یەکە کارگێڕیانە دەستنیشان دەکرێن و بەهۆی بارودۆخی شۆڕشەوە ئەم بنکانە لە بارەگا سەرەکییەکانی هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان دەبن و کارمەندانی فەرمانگەکانیش لەوانە دەبن کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە و مۆڵەتی سااڵنەی کارمەندی ئاسایی مانگێکە، بەهۆی دۆخی شۆڕش، هەموو پەیوەندیەکان نهێنی دەبن و کەلوپەلی پێویست و تۆمار و پسوولەی فەرمی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار بۆ یەکە کارگێڕی و فەرمانگەکانی تر دابین دەکرێ.

هەروەها تیایاندا هاتووە، موتەسەریف (پارێزگار) لە لیوا (پارێزگا) بەرپرسی ڕاستەوخۆ و باڵایە بەرامبەر بە هەموو ئەوەی پەیوەستە بە کاروباری لیوا، جگە لە الیەنی سەربازی و دادوەری نەبێ، قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەش بەرپرسی ڕاستەوخۆیە بەرامبەر کاروباری یەکە کارگێڕیەکەی. بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانیش، هێزێکی چەکداری تایبەت لە ئەندامانی سوپای شۆڕشگێڕی

() ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٥) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٤.

کوردستان دابین کراوە و خراوەتە ژێر فەرمانی کارمەندی کارگێڕی. دەسەڵاتی دەستگیرکردنی کەسانی مەترسیدار و نەخوازراو و ڕەوانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا بە موتەسەریف پارێزگار دراوە، هاوکات دەسەڵاتی چاوخشاندنەوە بە کێشە کشتوکاڵییەکان و کاروباری تایبەت بە چاکسازیی کشتوکاڵی و یەکلاکردنەوەیان بە کارمەندانی کارگێڕی دراوە. لە لایەکی دیکە، دەسەڵاتی سنووردار سەبارەت بە تاوانە ئاسایی و بچووکەکان بە قایمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیەکان دراوە.

هەروەها بڕیار درا موتەسەریف لە لیوا سەرپەرشتی خەرجکردن و کۆکردنەوەی هەموو جۆرە داهاتەکان بکات و بڕیار و ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری و مسۆگەرکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکان وەك پێویست. قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش ڕاستەوخۆ هەمان ئەو ئەرکانە لە چوارچێوەی سنووری یەکە کارگێڕییەکانیان جێبەجێ دەکەن. لەم ڕێنماییانەدا جەخت لەسەر هاوکاریکردنی کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکان و لایەنە سەربازییەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کراوەتەوە، بە جۆرێك بۆیان نییە دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن و کارمەندی کارگێڕی بۆی هەیە لە کاتی پێویست پشت بە فەرماندەی سەربازی ببەستێ و ڕاوێژی پێ بکات، لە کاتێکیش ئەگەر ئاسایشی گشتی دووچاری مەترسی بووەوە، پێویستە لایەنە باڵاکانی لێ ئاگادار بکرێنەوە [1].

شایەنی ئاماژەپێکردنە، مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی دووەمیدا کە لە ماوەی نێوان ١٣-١٧ی شوباتی ١٩٦٥ ئەنجام درا، بڕیاری دا ناوی موتەسەریف لە کارگێڕی ناوخۆیی شۆڕش بگۆڕدرێ بۆ بەرپرسی کارگێڕیی لیوا و ناوی قایمقامیش بکرێ بە بەرپرسی کارگێڕی قەزا و بەڕێوەبەری ناحیەش بۆ بەرپرسی کارگێڕی ناحیە [2].

بە مەبەستی فراوانکردنی ئاستی بەشداربوونی جەماوەر لە شۆڕش، هەروەها بۆ ئەوەی هەست بکەن وەك چۆن ئەوان خاوەنی مافن، ئەرکیشیان لە ئەستۆ دایە و پێویستە خاوەنی مافی ڕادەربڕین و بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە سنووری بەرژەوەندی گشتی بن، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی گوندەکانی دا لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و لەژێر سەرپەرشتی پارتی، ئەمەش بۆ ئەوەی خودی خەڵکی گوندەکان کاروباری خۆیان ڕاپەڕێنن و بڕیارەکانی شۆڕش جێبەجێ بکەن [3].

مایەی سەرنجە، مەکتەبی تەنفیزی هیچ کادرێکی کارگێڕی لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی شۆڕش، وەك شنگال و ناوچەی تر دانەمەزراند چونکە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە سەرووبەوە

---

(١) بڕوانە دەقی ڕێنماییەکان لە پاشکۆی ژمارە (١٥) .
(٢) بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠) .
(٣) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢

بارزانی، تەنیا باوەڕی بە رووکەشە میدیاییەکان نەبوو بەڵکو پێی وابوو پێویستە بەرپرس چالاکی و بەرپرسیارێتیەکانی لە نێوان رۆڵەکانی گەل ئەنجام بدات[٥].

بەرپرسە تازەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەستیان بە راپەڕاندنی کارەکانیان کرد و لە رێگەی بەڕێکردنی مامەڵەکانیان و چارەکردنی کێشە و داواکانیان بەگوێرەی رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و بارودۆخ و دابونەریتەکانی ناوچەکە خزمەتی هاوڵاتیانیان دەکرد و کێشە سادەکان لە یەکە کاگێڕیەکاندا یەکلا دەکرانەوە، کێشە ئاڵۆزەکانیش ئاراستەی دادگاکان دەکران بۆ ئەوەی لەبارەیانەوە رێوشوێنی یاسایی بگیرێنە بەر. یەکە کارگێڕییەکان سەرپەرشتی وەرگرتن و کۆکردنەوەی باجی زەکاتیشیان دەکرد، ئەمە جگە لە گرتنە ئەستۆی ئەرکی دابەشکردنی زەویوزاری بەکرێگیراوان یان ئەوانەی پەیوەندیان بە حکوومەتی ناوەندیەوە کردبوو، بەسەر پێشمەرگە و خەڵکی تر. کارمەندانی فەرمانگە دارایییەکانیش لە رێگەی وەرگرتنی باجی گومرگ و بەکرێدانی مووڵکی کەسانی سەر بە حکوومەت بە هاوڵاتیان و فرۆشتنی بەرهەمەکانیانەوە پارەیان بۆ شۆڕش کۆ دەکردەوە [٢].

بەگوێرەی بڕیارەکانی مەکتەبی تەنفیزی، لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەست بە دامەزراندنی خاڵە گومرگیەکان کرا، بە تایبەتی لە ناوچە سنووریەکان، بۆ نموونە، یەکەم خاڵی گومرگ لە ناوچەی هرفتە لە قەزای زاخۆ دامەزرێنرا و تیایدا ژمارەیەك کارمەند باجیان بەسەر کەلوپەلی هەناردەکراو و هاوردەکراو بۆ کوردستانی عێراقدا سەپاند. فەرمانیش بە هەموو خاڵە سنووریەکان کرا کە رێگە بە تێپەڕبوونی هیچ کەلوپەلێك نەدرێ ئەگەر خاوەنەکانیان پسولەی گومرگیان نەبێ. وەرگرتن و کۆکردنەوەی پارەش لە رێگەی پسولەی فەرمیەوە ئەنجام دەدرا و دواتر لە بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی لایەنە باڵاکان دەکرا [٣]. هەروەها بە مەبەستی دووركەوتنەوە لە گەندەڵی، بە بەردەوامی چاودێری خاڵە گومرگیەکان دەکرا و لە راستیدا ئەوان بە دڵسۆزی و جدیەوە کارەکانیان بەجێ دەگەیاند

---

(١) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧.

(٢) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٦٩-١٧٠.

(٣) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧ .

[1]. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە نەفس نزمەكان، بە تایبەتی بەشێك لە بەرپرسانیان، بۆ خۆ دەوڵەمەندكردن بە شێوەی نایاسایی دەستیان بە پێشێلكردنی رێنماییەكان كرد[2].

پێكهێنانی یەكە كارگێڕییەكان و دامەزراندنی بەرپرسان بۆیان لە ناوچە ئازادكراوەكاندا بووە مایەی دڵنەوایی و خۆشحاڵی هاوڵاتیان، كاتێكیش كارمەندانی ئەو فەرمانگانە، ئینجا لە لیوا یان قەزا و ناحیەكان بۆ كۆڵینەوە لە باری خەڵك سەردانی ناوچەكانی سنووری خۆیان دەكرد، پێشوازیی گەرمیان لێ دەكرا، تەنانەت ئاژەڵیان بۆ سەردەبڕین و لەنێوان خۆیاندا دەیانوت: ئەوە موتەسەریف یان قایمقام یان بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕشی كوردە.ئەو بارەگا و نووسینگانەش كە بۆ كاری بەرپرسە كارگێڕییەكان تەرخان كرابوون زۆر ئاسایی بوون، هەروەها بەرپرسانی یەكەكان خاوەنی پاسەوانی تایبەت بە خۆیان بوون [3].

سەبارەت بە توانای ئەم یەكە كارگێڕیانەش لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی بۆ هاوڵاتیان، لە راستیدا تواناكانیان زۆر سنووردار بوو، بە تایبەتی لە بواری دابینكردنی هەموو پێداویستیەكان بۆ هاوڵاتیان، بەڵام ئەوان لە چوارچێوەی تواناكانیان كاریان دەكرد. لە راستیدا یەكە كارگێڕییەكان بەبێ هەماهەنگیكردنی تەواو لەگەڵ پێشمەرگە و پارتی لە توانایاندا نەبوو كارێكی ئەوتۆ ئەنجام بدەن، بۆیە بۆ تاوتوێكردنی بابەتە گرنگەكان [4]، كۆبوونەوەی دیاریكراو لە نێوان (بەرپرسانی یەكە كارگێڕییەكان و فەرماندەكانی پێشمەرگە و بەرپرسانی حزبی) ئەنجام دەدران لە ناوچەكاندا.

بەرپرسی كارگێڕی، ئینجا چ لە ناحیە یان قەزا یان لە پارێزگا، هیچ كاریگەرییەكی لەسەر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەبوو، تەنانەت ئامیر هێزێك خاوەنی دەسەڵاتی تەواو بوو و فەرمانی دەردەكرد و تەواوی كاروباریش لەدەستی خۆی دابوو، ئەو كەسی سەربازی و كارگێڕی و دادوەریی بوو. رێگەش بە كارمەندانی یەكە كارگێڕییەكان نەدەدرا لە كار و دەسەڵاتەكانیان نزیك بكەونەوە. بۆ نموونە، لە ناوچەی

---

(1) دیمانەیەكی تایبەت لەگەڵ حەبیب كەلەش عەلی لە ٢٦ ی ئاداری ٢٠٠٩ لە دهۆك ، ئەو لەدایكبووی ساڵی ١٩٤٤ ە لە ناحیەی باتیفای قەزای زاخۆ ، تا قۆناغی دواناوەندی لە زاخۆ خوێندووە و ساڵی ١٩٥٩ چۆتە ریزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی كوردیەوە كردووە ، چەندین بەرپرسیارێتی حزبی و كارگێڕی لە ریزەكانی شۆڕشی كورد پێ سپێردراوە ، ئێستا بەرپرسی لیژنەی راوێژكاریی لقی یەكی پارتیە لە دهۆك .

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عەزیز شەریف ، یاداشتەكان، ئامادەكردن ، عیسام عەزیز شەریف ، پێشكەشكردن ، عزەدین مستەفا رەسول ، (شوێنی چاپی دیار نیە ، ٢٠١٠) ، ل ل ٢٥٣ – ٢٥٤ . یاداشتنامەكان بڵاو نەكراونەتەوە و لە سەنتەری توێژینەوە كوردیەكان و پاراستنی بەڵگەنامەكان لە زانكۆی دهۆك پارێزراون .

(3) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧ " دیمانەیەكی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧.

(4) دیمانەیەكی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٨ ی نیسانی ٢٠٠٦.

بادینان هەموو کاروبارەکان لە دەستی ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی پێشمەرگە دابوون، لە ناوچەی زاخۆش عیسا سوار و بەم شێوەیە [1].

ئەگەرچی رێگە بە پێشمەرگە نەدەدرا دەست لە کاروباری کارگێڕی وەربدات، بەڵام لە زۆربەی حالەتەکاندا بەبێ یارمەتی ئەوان کارکردن ئەستەم بوو، بۆ نموونە لە حالەتی دەرکردنی بڕیارێك لەلایەن بەرپرسێکی کارگێڕیەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی کەسێك، ئەو کاتە دەبوایە بۆ دەستگیرکردنی کەسەکە و رادەستکردنی بە دەسەڵاتە کارگێڕییەکان [2] هەماهەنگی لەگەڵ حزب و پێشمەرگە بکرێ.

لە راستیدا ناوچەکە بە دۆخێکی تایبەتدا گوزەری دەکرد و لایەنی کارگێڕی بە تەواوی سەربەخۆ نەبوو، ئەگەرچی فەرماندەکانی پێشمەرگە زۆر دەستیان لە کاروبارە کارگێڕییەکان وەرنەدەدا، بەڵام لە توانایاندا هەبوو بە ئاسانی ئەمە بکەن. بەو پێیەش کە پەیوەندی شۆڕشگێڕی و کەسێتی لە نێوان بەرپرسانی کارگێڕی و حزب و پێشمەرگە هەبوو، بۆیە گرفتی گەورە لە نێوانیان دروست نەبوو، بەڵکو رێگە نەدەدرا مەسەلەکان بگەنە ئەو ئاستە [3].

بۆ نموونە، کاتێك دەستوەردانی حزب و فەرماندەکانی پێشمەرگە لە کاروباری کارگێڕی قەزای زاخۆ – بارەگای قەزا لە گوندی لیفۆی ناوچەی سندی بوو- عەبدوڵا حاجی بەدری بەرپرسی کارگێڕی قەزا سەردانی بارزانی کرد و بابەتەکەی بۆ باس کرد و پێی راگەیاند کە بەربەستی زۆر هەن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە خەیاڵیدا هەیە و بەهۆی دەستوەردان لە کارەکانی و لاوازیی توانا داراییەکانەوە [4] لە توانایدا نییە پلانەکانی بەجێ بگەیەنێ، بۆیە تەنیا دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی، دەستی لە کارەکەی کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ بارەگای بارزانی [5].

سەرکردایەتی مەکتەبی تەنفیزی هەر زوو تێبینی ئەم گرفتەی کرد بۆیە بڕیاری دا لە هەر لیوا یان قەزا یان ناحیەیەك لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی بەرپرسی کارگێڕی و ئەندامێتی نوێنەرێکی پێشمەرگە و نوێنەرێکی حزب و نوێنەرێك لە پیاوماقوڵانی ناوچەکە پێکبهێنرێ و بە مەبەستی کۆڵینەوە لە کێشە کارگێڕی و داراییەکان و دەستنیشانکردنی کەمتەرخەمیەکان بە گوێرەی پێویست کۆ ببێتەوە و لیژنەکە لە رێگەی بەرپرسی کارگێڕی لیواوە پەیوەست دەبێ بە مەکتەبی تەنفیزی و بەپێی بڕیار و فەرمانەکانی ئەویش کار دەکات [6].

---

(1) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(2) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧ " دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧.

(3) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦.

(4) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٧.

(5) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(6) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

نەجمەدین یوسفی قایمقامی قەزای ئامێدی باس لەوە دەکات کە تا ساڵی ١٩٦٦ مووچەی مانگانەی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان پێنج دینار بووە، دواتر زیاد کرا و مووچەی قایمقام کرا بە ١٠ دینار و مووچەی بەڕێوەبەری ناحیەش ٧ دینار، ئەمەش ئەو کاتە بڕە پارەیەکی گونجاو بوو. لەگەڵ زانینی ئەوەی کە بە هۆی بارودۆخی ئابووری شۆڕشەوە هیچ بڕە پارەیەك وەك نەسریە بۆ ئەو بنکە کارگێڕیانە تەرخان نەدەکرا، بۆیە ئەم مووچە و بڕە پارە تەرخانکراوەش لە کاتی خۆی و بە رێکی دابەش نەدەکرا[٢].

لە لایەن خۆیەوە، شەعبان سەعید محەمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی سندی لە قەزای زاخۆ باس لە چەند ئەرکێکی بەڕێوەبەری ناحیە دەکات و دەڵێ: بەڕێوەبەری ناحیە لە توانایدا هەبوو هەر کەسێك بەند بکات کە سەرپێچی یاسا بکات و تا بڕی ٥٠ دینار سزای بدات – ئەو کاتە بڕە پارەیەکی زۆر بوو – هەروەها دەستگیرکردنی کەسی سەرپێچیکار تا ماوەی سێ مانگ، بەو مەرجەی دەستگیرکردنەکە هەموو دە رۆژ جارێك درێژ بکرێتەوە و بەندیخانەی ناحیەش لە گوندی سنات [٣] بوو.

بەرپرسانی کارگێڕی لە لیوا و قەزا و ناحیەکان پەیوەندی باشیان لە نێواندا هەبوو و سەردانی یەکتریان دەکرد، بە زۆریش بەرپرسی کارگێڕی پایە بەرز سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکرد و لە کێشەکانی خەڵکی دەکۆڵیەوە، ئەم سەردانانەش بە بەردەوامی ئەنجام دەدران [٤].

حکوومەتی ناوەندی ئەگەرچی دانی بەم یەکە کارگێڕیانەدا نەدەنا، بەڵام بەهۆی لاوازیی هەڵوێستیەوە ناچار دەبوو مامەڵەیان لەگەڵ بکات، بە تایبەتی دوای رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦. لەو بارەوە نەجمەدین یوسفی قایمقامی شۆڕش لە قەزای ئامێدی باس لەوە دەکات کە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی کانی ماسێی ناوچەی بەرواری باڵا بە سیفەتی قایمقام پێشوازی لە رۆبیتان ئەمین جافی[٤] قایمقامی حکوومەت کردووە لە قەزاکە، ئەگەرچی هیچیان دانی بە بەرامبەرەکەیدا نەناوە، بەڵام هەردوولا باسیان لە کاروباری کارگێڕی ناوچەکانی قەزاکە و شێوازەکانی هاوکاری هاوبەش کردووە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیان، بە تایبەتی گەیاندنی کەلوپەلی خۆراك و داودەرمان و سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندی [٥].

---

(١) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧.

(٢) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ٢٠ ی ئاداری ٢٠٠٦ . لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا چوار بەندیخانە هەبوون ، یەکێکیان لە ماوەت بوو و بە شێوەیەکی گشتی تایبەت بوو بە سەربازە بەدیلگیراوەکانی عیراق ، بەندیخانەیەکی دیکە لە گەڵاڵە (باڵەکایەتی) بوو ، سێیەمیش لە سنات لە زاخۆ و چوارەم لە گوندی بێدۆهی لە ناوچەی بەرواری باڵا بوو ، بەڕێوەبەرانی ئەم بەندیخانانە سەر بە مەکتەبی تەنفیزی بوون . بڕوانە ، عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٧.

(٣) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦.

(٤) ئەندامی دادگای باڵای شۆڕشی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ پێکهێنرا ، بەڵام دواتر خۆی رادەستی حکومەت کرد.

(٥) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧.(

عیسمەت شەریف وانلی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان باس لە نموونەیەکی دیکە دەکات و دەڵێ: لەنێو ریزەکانی شۆڕشدا پۆلیسی سەربازی هەبوو و ئەندامانی بەوە لە پێشمەرگە جیا دەکرانەوە کە شریتێکی سوور بە قۆڵیانەوە بوو و لەسەر رێگای رواندز - حاجی ئۆمەران هاتوچۆیان رێکدەخست. وانلی دەڵێ: پایزی ساڵی ١٩٦٦، ئەو کاتەی لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی بوو، رووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ئەم رێگایە لە نێوان ئۆتۆمۆبیلێکی مەکتەب و ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەت کە لە بەغداوە هاتبوو رووبدا و لێکۆڵینەوە لەلایەن دادوەرێکی کورد وپۆلیس ئەنجام درا، بەو پێیەش کە رووداوەکە دوای ماوەیەکی کەم لە راگەیاندنی ئاگربەستی ٢٩ ی حوزەیران رووبدا، بۆیە دەسەڵاتدارانی شۆڕش لەگەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاری یەکتریان کرد. وانلی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە نزیکترین بنکەی پۆلیس لە رێگاکە بە هێڵێکی تەلەفۆنییەوە لەگەڵ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی بەستراوەتەوە [١].

لە راستیدا، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکان لە کوردستان هیچ بەیاننامەیەکی فەرمی لەبەر دەست نین، پێدەچێ ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ رۆڵی ئەم یەکە کارگێڕیانە کەم بووبێتەوە و لەناو چووبێ، تەنانەت دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٩ [٢] هیچ رۆڵێکیان نەما. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بەرچاوترینیان: دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان و تەرخانکردنی هەموو تواناکانی شۆڕش بۆ بواره سەربازییەکان و نەبوونی تۆڕێکی پەیوەندیی بەهێز کە یەکە کارگێڕییەکان بە یەکەوە گرێ بدات، وەك موتەسەریف پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیەکان. هەروەها ئاستەمی گەیاندنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە کاتی خۆیدا بۆ شوێنەکانیان، بۆ ئەوەی بەرپرس و کارمەندانی ئەم یەکانە کارەکانیان بەبێ کێشە راپەڕێنن [٣]. لە لایەکی دیکە، پێدەچێ

---

(١) بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٨.

(٢) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧. ئەوانەی دیمانەم لەگەڵ ئەنجام داون ، بۆچوونی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە بەردەوامی کاری یەکە کارگێڕیەکان ، لەو بارەوە عەلی سنجاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەردووك ناوچەی هەولێر و سلێمانی کاری یەکە کارگێڕیەکان لە بادینان زیاتری خایاند ، چونکە ئەوان زیاتر قبولی بیرۆکەی یەکە کارگێڕیەکانیان دەکرد ، هەروەها بڕیار و رێنماییەکان بە خێرایی دەگەیشتە ئەوان ، سەرکردایەتیش ئاگادری ئەمە بوو . بەڵام لە ناوچەی بادینان ، یەکە کارگێڕیەکان کێشەی زۆریان هەبوو و فەرماندە سەربازی و حزبییەکان بەربەست بوون لەبەردەمی پێشکەوتنیان . دیمانەیەکی تایبەت لە گەڵیدا لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨. هەندێکی دیکە پێیان وایە یەکە کارگێڕیەکان لە بادینان بە شێوەیەکی باشتر کارەکانیان رادەپەڕاند ، ئەمەش بەهۆی بوونی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان بەرپرسانی کارگێڕی و حزبی و سەربازیەکان . دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦. پێدەچێ بۆچوونی یەکەم دروستتر بێ ، بەو پێیەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ناوچەی سۆران بوو و دەرکردن و بەدواداچوون و جێبەجێکردنی بڕیارەکان ئاسانتر بوو .

(٣) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

دەستوەردانی کەسانی سەربازیی و حزبی لە کاروبارە کارگێڕییەکاندا بووبێتە مایەی لاوازکردن و بەرتەسکبوونەوەی رۆڵی ئەم یەکانە.

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی شۆڕشیش، عیسمەت شەریف وانلی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەڵێ: جێبەجێکردنی توندی بابەتەکانی یاسای دارایی، بووە مایەی وروژاندنی ناڕەزایی لەلایەن بەشێکی گەورەی دانیشتوان. هەروەها دەزگای تایبەت بە گومرگ چالاکی و کاریگەریی زۆری لە جێبەجێکردنی ئەرکە تازەکانیدا بینی، ئەوەبوو دەسەڵاتداران هەوڵیان دا سیستمەکە نەرم و نیان بێ و یاساکانیشی ئاسایی بن، بەڵام ئەو کاتەی بارودۆخ و توانا داراییەکان رێگە بەمە دەدەن. وانلی دەشڵێت: هەموو سێ مانگ جارێك، دوو یان سێ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە ناوچەکاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی موچەی هەموو ئەو پێشمەرگانە دابەش بکەن کە ناوەکانیان لە تۆمارەکانی سوپادا هەبوو، لە زۆربەی حالەتەکاندا موچەکە بریتی بوو لە ٥ دینار، ئەمەش ئەگەرچی بڕە پارەیەکی زۆر کەم بوو، بەڵام بەشی حەوانەوە و خواردن و جلوبەرگی پێشمەرگەی دەکرد. ئەو کاتە پێشمەرگە بە دەستی تەنگژەیەکی دارایی هەمیشەیی و چارەسەرنەکراوەوە دەینالاند. دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپایەك کە ژمارەی ئەندامانی ١٥ هەزار شەڕکەر بوو، هەروەها خەرجیەکانی یەکە کارگێڕییەکان و بەرپرس و کادرانی پارتی و شۆڕش و یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کە بەخێوکەرانیان لە شەڕ لەدەست دابوو، ئەمانە هەموویان بارگرانی گەورە بوون بۆ وڵاتێکی بچووك کە نزیکەی نیوەی خاکەکەی داگیر کرابوو. تەنانەت زۆر لە وڵاتانی سەربەخۆش خاوەنی سوپایەکی هاوشێوەی سوپای شۆڕشی کورد نەبوون و دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپا لە پێشەوەی هەموو شتێکی ترەوە بوو [٢].

وانلی باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە چەند جارێك لەدوای یەك و لەژێر سەرپەرشتی مەکتەبی تەنفیزیدا محەمەد ئەمین بەگ بەرپرسیارێتی کاروباری دارایی پێ سپێردراوە، دوای ئەو بەرپرسیارێتیەکە بە د. مەحمود عوسمان و پاشان بە سامی عەبدولرەحمان سپێردرا. وانلی دەشڵێ: شەکیب سەعید عەقراوی پارێزەر و کارمەندی پێشووی حکوومەتی عێراق بەرپرسی گشتی دارایی و ژمێریاری بوو و راستەوخۆ سەر بە مەکتەبی تەنفیزی بوو و هیچ کەسێك لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بەبێ واژۆی بەرپرسی دارایی مەکتەب [٢] بۆی نەبوو هیچ بڕە پارەیەك خەرج بکات.

---

(١) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤١.

(٢) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤١.

دووەم: تەندروستی

لە سەردەمی پادشایەتیدا ١٩٢١ - ١٩٥٨، بارودۆخی تەندروستی لە سەرتاسەری عێراق بەدەستی چەندین کێشە و گرفتەوە دەینالاند کە دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر بوون، گرنگترینیان دواکەوتوویی و لاوازیی هۆشیاری تەندروستی و دابەزینی ئاستی گوزەرانی ژیانی خەڵك [١]، هەروەها کەمی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی کە ٤,٦% ی بودجەی گشتی ساڵی ١٩٤٦ ی پێکدەهێنا و بەر لە داڕمانی ئەم رژێمە بڕەکەی گەیشتە بەرزترین ئاست کە ٦,٥% بوو، ئەمەش مانای وایە ساڵی ١٩٤٦ پشکی ساڵانەی خزمەتگوزاریی تەندروستی تاکی کۆمەڵگا لە بودجەی گشتی تەنیا ٢٢٥ فلس بووە و ساڵی ١٩٥٧ گەیشتە ٧٣٦ فلس [٢]، بۆیە وڵات بە دەستی چەندین جۆر نەخۆشی و کەمی نەخۆشخانە و چارەسەرەوە دەینالاند [٣].

هەر لە سەردەمی پادشایەتیدا، دۆخی تەندروستی لە کوردستان خراپ بوو، وەك ئەوەی حکوومەت بە مەبەست ئەمەی کردبێ، نەخۆشخانە تەنیا لە سەنتەری شارەکان هەبوون و جگە لەوەی کۆن بوون، بەدەستی کەمی پزیشك و خزمەتگوزاری و داودەرمان و قەرەوێڵەشەوە دەیاننالاند. ساڵی ١٩٥٥ لە کۆی ٨٧٤ پزیشك لە سەرتاسەری عێراق، تەنیا ٧٠ پزیشك لە کوردستان بوون و زۆربەیان لە سەنتەری شارەکان بوون بە تایبەتی موسل و کەرکوك، بەڵام گوندەکان - بە مانای وشە - لە هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی بێبەش بوون، بۆیە سەیر نییە ئەگەر بڵێین ژمارەی مردوان زۆر نزیك بوو لە ژمارەی لەدایکبوان [٤].

لە راستیدا لە ساڵانی دوایی سەردەمی پادشایەتیدا و پاش بونیادنانی ژمارەیەك نەخۆشخانە لە هەندێك شاری کوردستان، خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان باشتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان درێژەی هەبوو، ئەمەش بەهۆی کەمی کادری تەندروستی و خراپی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لاوازیی هۆشیاری تەندروستی لەلای دانیشتوان [٥].

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨، تەواوی بوار و کەرتەکان چەند گۆڕانکاریەکیان بەخۆوە بینی، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو بۆ سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناهەمواری

---

(١) لەیس عەبدولحوسێن ئەلزوبەیدی ، شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق ، چ ٢ ، (بەغدا ، ١٩٨١) ، ل ل ٢٨- ٢٩ " ئیسماعیل شوکر ڕەسول ، هەولێر ، تۆێژینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ڕۆڵی هزری و سیاسی ١٩٣٩- ١٩٥٨، (سلێمانی ، ٢٠٠٥) ، ل ١١٥.

(٢) موسیس دیرها کوبیان ، دۆخی تەندروستی عیراق لە نیو سەدەدا ، (بەغدا ، ١٩٨١) ، ل ٢١٦.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٢٠٣ - ٢٠٦ " لەیس عەبدولحوسێن ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩.

(٤) کاوس قەفتان ، بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عیراق ١٩٥٨-١٩٦٤، (سلێمانی ،٢٠٠٤) ، ل ٤١ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، ئیسماعیل شوکر ڕەسول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٥ و دواتر.

(٥) جمبد شوکری ، ئاکرێ لە سەردەمی پادشایەتیدا ، (هەولێر ، ٢٠٠٨) ، ل ١٥٨.

عێراق، ئەمەش بەهۆی کەمی توانا مادی و مرۆییەکانی حکوومەتی نوێ بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریە پێویستانەی بەر لە بەرپاکردنی شۆڕش پارتە سیاسییەکان و رێکخستنە سەربازیە نهێنییەکان کاریان بۆ دەکرد، هەروەها ململانێ ناوخۆیی و دەرەکیەکانیش رۆڵێکی بەرچاویان بینی لە نەهێنانەدی هەموو ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان کە سەرکردەکان لە کاتی بەرپاکردنی شۆڕشدا هیوایان بۆ دەخواست [1].

تەنانەت دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ یش دۆخی تەندروستی لە کوردستانی عێراق بە خراپی مایەوە، ئاشیریانی تۆژەر دۆخەکە بە: " زۆر زەحمەت و ناخۆش " وەسف دەکات و دەڵێ: تۆژێکی بەرفراوان لە دانیشتوانی شارەکان، بە تایبەتی دانیشتوانی لادێکان لە رووی کردەییەوە دوورن لە یارمەتیە پزیشکیەکان و بەهۆی بەرزیی نرخەکانی پشکنین توانای چارەسەرکردنیان نییە. هەموو پزیشکەکان لە شارە گەورەکان دەژیان و هەر لەوێش پێشوازیان لە نەخۆش دەکرد و لە بنەڕەتدا لە گوندەکان بوونیان نەبوو. ئەو داموددەزگا تەندروستیانەش کە دوای بەرپابوونی شۆڕش بونیاد نران، توانایان نەبوو خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوان بکەن [2].

وەك پێشتر باسمان کرد، بەهۆی پشتگوێخستنی ئەم بوارە لەلایەن دەسەڵات و کەمی بنکە تەندروستیەکانەوە کوردستان کێشەی کەمی خزمەتگوزاریی تەندروستی هەبوو، کاتێکیش شۆڕشی ئەیلوول ی ١٩٦١ بەرپا کرا، پزیشکانی کورد پەیوەندیان بە شۆڕشەوە نەکرد بۆ ئەوەی خزمەتی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بکەن و چارەسەری پێشمەرگە بکەن، بەڵکو بەدەنگ بانگەوازی شۆڕش نەهاتن و پەیوەندیان بە ریزەکانییەوە نەکرد [3]. کەمی ژمارەی پزیشك لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت، بەرچاوترین ئەو هۆکارانە بوون کە بوونە رێگر لەبەردەم پەیوەندی نەکردنی پزیشکی کورد بە شۆڕشەوە، ئەمە سەرەڕای دۆخی ئاڵۆزی ژیان و گوزەران کە شۆڕشی کورد بە دەستیەوە دەینااڵند و ئامادەنەبوونی ئەم پزیشکانە بۆ قوربانیدان بە ژیانی خۆیان لە پێناوی شۆڕشدا [4].

دیارترین ئەو پزیشکانەی تا کاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو بریتی بوون لە:

1- مەحمود عوسمان / یەکەم پزیشك بوو ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد و بەهۆی ئەرك و بەرپرسیارێتیە سیاسییەکانییەوە کەمتر کاری پزیشکی دەکرد.

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، لەیس عەبدولحوسێن ئەلزوبەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥٩ و دواتر.

(2) ش. ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١.

(3) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨" نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٢-٢٣.

(4) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٩" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ حەبیب کەلەش عەلی لە ٢٦ ی ئاداری ٢٠٠٩.

2- حیکمەت حەکیم قۆسمیز / ئەندامی حزبی شیوعی عێراق، دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد و دواتر بوو بە ئەندام لە مەکتەبی تەنفیزی.

3- حەسەن کازماوی / ئەندامی حزبی شیوعی عێراق، دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد.

4- ئەحمەد شالی [٥].

5- باقر فەیلی / دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد.

6- سەعید قرمزی تۆپراك / سەرکردە لە پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا، کە دواتر بە ناوی دکتۆر شڤان ناسرا، ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد.

7- هۆشیار فایەق ، خەڵکی کوردستانی تورکیا بوو و ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد.

8- تاهیر بابان، لە ناوچەی بارزان کاری دەکرد [٣].

بەهۆی ئەم هەڵوێستە نابەرپرسیارانەی لەم بارودۆخە ناهەمواردا زۆربەی پزیشکانی کورد نواندیان، بەو پێیەی شۆڕش پێویستیەکی زۆری بە خزمەتەکانیان هەبوو، شۆڕش ناچار بوو بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە و دانیشتوانی گوندە دوورەدەست و دابڕاوەکان لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، پشت بە کارمەندانی تەندروستی و پەرستارەکان ببەستێ، یان ئەوانەی لە بواری پەرستاریدا شارەزاییان هەبوو. ئەوان ناچار دەبوون بەبێ پاککردنەوە یان بەکارهێنانی مادەی سڕکەر لە ئەشکەوت و ماڵە قوڕینەکاندا نەشتەرگەری بچووك و گەورە ئەنجام بدەن. بەم شێوەیە و وێڕای کەمی تواناکان [٢]، ئەم پەرستارانە رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە خزمەتکردنی دانیشتوان و پێشمەرگە و لە پایزی ١٩٦٦ ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٤٠ پەرستار [٤] و بەهۆی ئەم کۆشش و ماندوبوونەیانەوە شایستەی نازناوی پزیشك بوون کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆیان دیار کرا.

دیارترین ئەو کارمەندە تەندروستی و پەرستارانەش کە لە ریزەکانی شۆڕشی کورد ناوبانگیان دەرکرد و نازناوی دکتۆر یان پێ بەخشرا بریتی بوون لە: حەنا حەسیب مەنسور زولفا [٥] ناسراو بە دکتۆر حەنا و

---

(١) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨" عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٣.

(٢) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٣) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨" نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٢- ٢٣.

(٤) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٤.

(٥) حەنا حەسیب مەنسور زولفا لە ٣ ی ئایاری ١٩٢٥ لە شاروچکەی ئەلقۆشی سەر بە پارێزگای موسل لەدایك بووە ، هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی ، لە بەغدا و موسل بەشداری لە چەند خولێکی برینپێچیدا کردووە ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و تا ساڵی ١٩٧٥ لە ریزەکانیدا ماوەتەوە . ساڵی ١٩٩٤ رووی کردە ئەمەریکا

سەرپەرشتی نەخۆشخانەی مەیدانی شۆڕشی دەکرد لە ناحیەی باتیفای سەر بە قەزای زاخۆ، موشی عۆدیشۆ موشی[1] ناسراو بە دکتۆر موشی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی مەیدانی شۆڕش بوو لە گوندی قومری لە ناوچەی بەرواری بالا [2]، هەروەها محەمەد ئەمین حەمەد [3]، کارمەندی تەندروستی لە ناوچەی رانیە و هیران لە هەولێر [4] ناوبانگی دەرکردبوو. ئەم بەڕێزانە بەراستی رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە و لەگەڵ هاوپێشەکانیاندا چەندین نەشتەرگەریان بۆ نەخۆش و بریندارانی ئەنجام دا و توانیان ژیانی خەڵکانێکی زۆر لە مردن رزگار بکەن [5].

لە لایەکی دیکە، دەستەبەرکردنی داودەرمان کارێکی گران و ئاستەمی دیکە بوو و ئەمە خەڵکی ناچار دەکرد پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی دەرمانی سەرەتایی و گیایی. چونکە حکوومەتی عێراق گەیشتنی داودەرمانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد لە کوردستان قەدەغە کردبوو، تەنانەت مەسەلەکە گەیشتبووە رادەی ئەوەی هەر دانیشتوێکی ناوچە ئازادکراوەکان بە بڕێك داودەرمانەوە دەستگیر کرابوایە، رووبەڕووی تووندترین سزا دەکرایەوە، وەك ئەوەی گەورەترین تاوانی مرۆیی ئەنجام دابێ، تەنانەت لە سەنتەری لیوا پارێزگا کوردیەکانیشدا خاوەن دەرمانخانەکان بە رەزامەندیی دەسەڵاتدارە سەربازییەکان نەبوایە، بۆیان نەبوو هیچ بڕە دەرمانێك بکڕن. نەخۆشەکانی قەزا و ناحیەکان و گوندە کوردیەکانیش دەبوایە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کڕینی بڕێك دەرمان یان دەرزی، سەردانی سەنتەری لیواکان بکەن، واتە پێویست بوو هاوڵاتی دەیان کیلۆمەتر ببڕێ و چەند رۆژێکیشی پێ دەچوو، هەروەها لە پێناوی دەستەبەرکردنی دەرماندا پارەیەکی زۆر خەرج بکات، ئەمە سەرباری

و تا ئێستا لەوێ دەژیت . دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سەعدوڵا عەبد حەسیب زولفای برازای لە ٢ ی نیسانی ٢٠٠٩ لە شاروچکەی ئەلقۆش ، ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ یە لە ئەلقۆش و ئێستا لەوێ دەژیت.

(1) موشێ عۆدیشۆ موشێ لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی (گوند کوسا) ی سەر بە ناحیەی مانگێش لە پارێزگای دهۆك -ئێستا- لەدایك بووە ، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمە لە پەیمانگای تەکنۆلۆژی لە بەغدا ، ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتیەوە کردووە ، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧- ١٩٦١ ، پزیشکی و دەرمانسازی لە یەکێتی سۆڤیەت – پێشوو – خوێندووە ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کرد ، لە ریزەکانی شۆڕش مایەوە.دیمانەی تایبەت لەگەڵ یونادم گۆرگیس عۆدیشۆی برازای لە ١٥ ی نیسانی ٢٠٠٩ لە دهۆك . ساڵی ١٩٥٨ لەدایك بووە و هەڵگری بڕوانامەی ناوەندیە و ئێستا لە دهۆك دەژیت.

(2) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٩" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ حەبیب کەلەش عەلی لە ٢٦ ی ئاداری ٢٠٠٩ .

(3) ساڵی ١٩٢٥ لە ناحیەی بێتواتەی سەر بە قەزای رانیە لەدایك بووە و ساڵی ١٩٥١ دەستی بە کاری برینپێچی کردووە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردی چارەسەر کردووە . ئێستا لە ناحیەی بێتواتە دەژیت . بڕوانە ، کەریم عەبدوڵا هەرتەلی، "یەکەم بریندار و یەکەمین دکتۆری شۆڕشی ئەیلوول کێ بوون!"، گۆڤاری شەقام، ژمارە (١١٩)، (هەولێر، ٢٥ی ئازاری ٢٠٠٩)، ل ل ٣٤-٣٥.

(4) هەمان سەرچاوە .

(5) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سلێمان حاجی بەدری لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٩ " دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ حەبیب کەلەش عەلی لە ٢٦ ی ئاداری ٢٠٠٩ .

ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی دواکەوتن و ئاستەنگی گەشتکردن رووبەڕووی نەخۆش دەبوونەوە، یان نەبوونی توانای دابینکردنی پارەی پێویست بۆ کڕینی دەرمان بەم شێوەیە. بەڵام ئەو نەخۆشەی لە توانایدا نەبوو سەردانی سەنتەری لیواکان بکات، جگە لە خۆبەدەستەوەدان و مردن هیچی تری لەدەست نەدەهات [٢].

کەواتە گرتنەبەری ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە بووە ڕێگر بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد دەستیان بە چارەسەر نەگات. لە لایەکی دیکە بەهۆی دەربەدەریی و هەژاری و برسێتیەوە [٣]، چەندین نەخۆشیی وەك بەدخۆراکی و کەمخوێنی و سیل و نەخۆشی دیکە بەنێو دانیشتوانی کوردستاندا بڵاوەیان کردبوو.

شایەنی باسە، بەهۆی ئەو ئابڵوقەیەی کە لەلایەن عێراقەوە بەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا سەپێنرابوو، سەرکردایەتی شۆڕش ناچار بوو داودەرمان لە وڵاتانی دراوسێ و هەندێك جار لە بازاڕی ڕەش لە عێراق بکڕێ. بەڵام بەزۆریی داودەرمان لە ئەوروپا وەك یارمەتی لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی و هەندێك ڕێکخراوی نیشتمانی خاچی سوورەوە دەگەیشتە کوردستان، ئەمەش بە هاوکاری نێوان نوێنەرایەتی دەرەوەی شۆڕش و لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور جێبەجێ دەکرا [٣].

دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ لە نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، شامل سامەڕایی وەزیری تەندروستی رایگەیاند کە وەزارەتەکەی دەست بە بونیادنانی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دەکات لە کوردستان، هەروەها هەڵمەتی خۆپارێزی لە نەخۆشیەکان ڕادەگەیەنرێ و چارەسەر و تاقیگە و تیشك و کادری تەندروستی و تەکنیکی بۆ نەخۆشخانەکان دابین دەکرێ [٤]. بە مەبەستی بونیادنانی داموەدەزگا تەندروستیەکان لە شار و گوندەکانی کوردستان حکوومەت لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە چەندین پرۆسەی کەمکردنەوەی ڕاگەیاند [٤]، بەڵام هیچ شتێك لەمە جێبەجێ نەکرا و تەنیا لەسەر کاغەز مایەوە و دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥ [٥]، دۆخی تەندروستی لە کوردستان ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زیاتر بووەوە.

بارودۆخی تەندروستی لە ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی باشتر نەبوو، ساڵی ١٩٦٦ پشکی ٢,٢ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی کوردستانی عێراق تەنیا ٢٧ نەخۆشخانە و ١٩٩

---

(١) لە یاداشتنامەکەی بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ساڵی ١٩٦٦ ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد . بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٦).

(٢) بڕوانە هەمان پاشکۆ.

(٣) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٤.

(٤) ڕۆژنامەی الهدف ، ژ (٣٢٤) ، ١٩ ی شوباتی ١٩٦٤.

(٥) بۆ نموونە ، بڕوانە هەمان سەرچاوە ، هەردووك ژمارە (٣٧٩) و (٣٨٠) ، ١٦ و ٢٢ ی ئاداری ١٩٦٥.

(٦) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧" دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦.

پزیشك بوو، واته یەك پزیشك بۆ هەر ١٠٩٧٨ كەس. نەبوونی ژمارەی پێویستی پزیشك و ئاستی نزمی خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشیەكی وەك مەلاریا و تراخۆما[1] بەنێو دانیشتواندا. بۆ نموونە لە ناوچەی ناحیەی سلێڤانی سەر بە قەزای زاخۆ – ئەو كاتە- كە لە نزیكەی ٧٠ گوند پێكدەهات، تەنیا یەك بنكەی تەندروستی هەبوو و بریتی بوو لە یەك ژوور، بنكەكەی سەنتەری ناحیە لە گوندی ئاسهێ عاسی بوو و تەنیا پەرستارێك كاری تێدا دەكرد. داودەرمانەكەشی لە چەند كارتۆنێكی كەمی حەب و هەندێك دەرزی زیاتر نەبوو، حكوومەتیش چاودێریەكی توندی خستبوە سەر گەیشتنی داودەرمان بۆ بنكەكە و چۆنییەتی دابەشكردنی. زۆر جار ئەم بنكەیە رووبەڕووی داخستن دەبووەوە بە تایبەتی لەكاتی توندبوونی شەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی كورد، كارمەندان سەنتەری ناحیەكەیان بەجێ دەهێشت، بۆیە دانیشتوانی ناوچەكە ناچار دەبوون روو بكەنە نەخۆشخانە بچووكەكەی ناحیەی سیمێل یان نەخۆشخانەكانی شاری موسل كە زیاتر لە ٧٠ كیلۆمەتر دوور بوو و لە ئەنجامی ئەم پشتگوێخستنەش[2] خەڵكێكی زۆر گیانیان لەدەست دا. ئەمە بوو بارودۆخی ناوچە كوردستانییەكانی ژێر دەسەڵاتی حكوومەت كە خاوەنی توانای مادی زۆر زیاتر بوون لە تواناكانی شۆڕشی كورد.

سەركردایەتی شۆڕشی كورد باوەڕی بەوە هەبوو كە شۆڕش دەبێ لە خزمەتی گەلی كوردستان دابێ، بە تایبەتی لە خزمەتی دانیشتوانی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و ناوچە نزیكەكانیش، بۆیە دەبوایە لە هەموو رووێكەوە خزمەتگوزاریان پێشكەش بكرێ، بەمەش شۆڕش لە بواری بنبڕكردنی نەخۆشیەكاندا كەوتە ململانێیەكی توند، دواتر مەكتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش توانی دەزگایەكی تایبەت بە بنبڕكردنی نەخۆشیەكان و چارەسەركردنی نەخۆشان و رزگاركردنی دانیشتوان لە دەیان نەخۆشی بدۆزێتەوە، هەروەها مەكتەبی تەنفیزی داوای لە هاوڵاتیان كرد لەپێناوی سووككردنی مەینەتیەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكاندا[3] هاوكاری لایەنە بەرپرسەكان بن.

لەو ناوچانەی كە لەلایەن شۆڕشەوە ئازاد كرابوون سێ نەخۆشخانە كرانەوە، یەكەمیان لە ناوچەی سەربازی سەر بە لیوای كاوە و لەلایەن دكتۆر حیكمەت حەكیم قۆسمیز ئەندامی مەكتەبی تەنفیزیەوە سەرپەرشتی دەكرا. نەخۆشخانەی دووەم لە گوندی ماوەت بوو و لەلایەن دكتۆر ئەحمەد شالیەوە بەڕێوە دەبرا، نەخۆشخانەی سێیەمیش لە ناوپردان باڵەكایەتی بوو و دكتۆر حەسەن كازماوی بەڕێوەی

---

(1) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١ . تراخوما نەخۆشیەكە تووشی چاو دەبێ.

(2) دیمانەیەكی تایبەت لەگەڵ عەرەب محەمەد عومەر سلێڤانی لە ٣٠ ئەیلولی ٢٠٠٨ لە زاخۆ . لەدایكبووی گوندی باستكی باڵای ناوچەی سلێڤانیە لە ساڵی ١٩٣٤، یەكێك بووە لەو كەسە كەمانەی كە ئەوكاتە خاوەنی ئۆتۆمۆبێل بووە و ئێستا لە زاخۆ دەژیت.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تەشرینی دووەم،١٩٦٨)، ل١٤.

دەبرد کە کەسێکی عەرەبی خەڵکی بەغدا بوو. لە راستیدا وشەی نەخۆشخانە لەگەڵ ئەو دەزگا بچووك و ئاساییەدا نەدەگونجا کە هیچ ئامرازێکی نوێی تیادا بەدی نەدەکرا و بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گەورەش شیاو نەبوو [1].

هەرچەندە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد قەناعەتی وابوو بەو توانا کەمەی کە لەبەردەستی دایە ناتوانێ خزمەتگوزاریی تەندروستی پێویست پێشکەشی گەلی کوردستان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو ئەم خزمەتگوزاریانە هەنگاوێکی باشە بۆ دوورخستنەوەی میللەت لە مەترسی نەخۆشی کە هۆکاری بنەڕەتی دواکەوتوویی، میللەتیش هەستی بە گرنگی ئەم خزمەتگوزاریە تەندروستیانە دەکرد[2].

سەرەڕای توانا کەمەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی تەندروستی لە گوندە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بەرەو باشی چوو و ئەو چاودێریە تەندروستیەی کە لەلایەن شۆڕشەوە پێشکەشی ئەم گوندانە دەکرا بێ وێنە بوو و حکوومەتی ناوەندی سەرەڕای توانا لەبن نەهاتووەکانی، بەڵام هەنگاوی لەم جۆرەی نەنا [3].

لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی ڕەخنەی ئاراستەی ئاستی ئەو خزمەتگوزاریە تەندروستیانە کرد کە لەلایەن شۆڕشەوە پێشکەش دەکران و داوای فراوانکردن و جێگیرکردن و ڕێکخستنەوەیان و دابینکردنی خۆپارێزیی تەندروستی بۆ دانیشتوان کرد، هەروەها ئەنجامدانی چاکسازیی بنەڕەتی لە کەرتی تەندروستی و دابینکردنی کادری پێویست، بە تایبەتی پزیشك کە لە توانایاندا هەیە خزمەتگوزاریی نیشتمانی و مرۆیی گەورە پێشکەشی ئەو جەماوەرە بەرفراوانە بکەن کە بە درێژایی ژیان خاوەنی چاودێری تەندروستی نەبووە [4].

لە لایەکی دیکە، یونان هورمز [5]ی پێشمەرگە و نووسەر پێی وایە کەرتی تەندروستی لە شۆڕش کاریگەر نەبوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك بوو، دیارترینیان کەمی ژمارەی پزیشك بوو کە وایکرد شۆڕش پشت بەو پەرستارانە ببەستێ کە ئەرکی سەرەکیان یاوەریکردنی پێشمەرگە بوو بۆ بەرەکانی شەڕ

---

(1) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٣.

(2) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

(3) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەم ١٩٦٧.

(4) هەمان سەرچاوە.

(5) ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (باجدا براڤ) لە قەزای زاخۆ لەدایك بووە و بۆ ماوەی شەش ساڵ لە پەیمانگای مار یوحەنای ئیکلیریکی لە موسل خوێندوویەتی ، دواتر خوێندنی باڵای لە مێشیگنی ئەمەریکا لە بواری ئەندازیاری کۆمپیوتەر تەواو کردووە . ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردیەوە کردووە و چەندین بەرپرسیارێتی رۆشنبیری پێ سپێردراوە ، بە تایبەتی یاوەریکردنی رۆژنامەنووسانی بیانی ، بەو پێیەی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی. هەروەها لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا چەند پلەیەکی کارگێڕی پێ سپێردراوە و لە رادیۆی دەنگی کوردستان و رۆژنامەی تەئاخی کاری کردووە . ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو .

و یارمەتیدانی بریندارانی بوو. هەروەها کەمی داودەرمان و کەلوپەلی تایبەت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بچووك و گەورە کێشەیەکی دیکەی کەرتی تەندروستی بوو [1].

بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە مانگی ئابی ١٩٦٦ ساز کرا، هەروەها لە پێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بۆ دانیشتوانی کوردستان، دەست بە کردنەوەی چەند خولێکی تایبەت بە ڕێنمایی تەندروستی و تەندروستی گشتی کرا و لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٦٨ دا قوتابیان یەکەم خولیان لە نەخۆشخانەی کوردستان لە ناوپردان تەواو کرد و لە خولەکەدا بەشداربووان بنەما سەرەکی و پێویستەکانی خۆپارێزیی لە نەخۆشی و پەتا و شێوازە کردەییەکانی بنبڕکردنیان لە کوردستان خوێند، وێڕای فێربوونی چەند زانیاریەك دەربارەی چۆنییەتی گرنگیدان بە نەخۆش و فریاگوزاریە سەرەتاییەکان و هی تر [2].

دوای تەواوبوونی خولەکە، دەرچووان بە مەبەستی خزمەتکردن لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان [3] بەسەر ناوچەکانی شۆڕش دابەش کران و سەرکردایەتی شۆڕش بەڵێنی کردنەوەی خولی تەندروستی زیاتری دا، هەروەها رایگەیاند ئەوەی لە توانایدا بێ دەیکات لە پێناوی گەیاندنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بە هەموو هاوڵاتیان [4].

بە مەبەستی بایەخدانی زیاتر بە کەرتی تەندروستی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی چوارەمیدا کە لە ٢١ ی ئەیلوول ی ١٩٦٨ ساز کرا، بڕیاری کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە گرنگیدان بە کاروباری تەندروستی و فێرکاری دا لە مەکتەبی تەنفیزی، ئەگەرچیش تەنیا بەشێك بوو، بەڵام لە دوو لقی جیاواز پێکدەهات [5] و هەر لقێك - فێرکاری و تەندروستی - لەلایەن بەرپرسی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرا. بەهۆی گرنگی لایەنی تەندروستیشەوە، ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی نەخۆشخانەکان و بنکەکانی برینپێچی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بە د. مەحمود عوسمانی سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی سپێردرا کە بەردەوام بوو لەسەر کردنەوەی خولی تایبەت بە برینپێچی و فریاگوزاریە سەرەتاییەکان لە کوردستان [6].

---

(1) یونان هورمز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥.

(2) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٥٠٢) ، ئایاری ١٩٦٨.

(3) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی بە مانای وشە بوونیان نەبوو ، بەڵکو هەندێك ئەشکەوتی گەورە و فراوان دیار کراون بۆ ئەوەی بێن بە نەخۆشخانە و تیایاندا بریندار و نەخۆش خەوێنراون.

(4) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٥٠٢) ، ئایاری ١٩٦٨.

(5) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(6) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

بەشی تەندروستیش هەموو تواناکانی خستە خزمەتی پێشکەشکردنی یارمەتی و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بە هاوڵاتیان، ئەمەش وەك رێزێك بۆ رۆڵەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کە بناغە و پشتگیریکاری شۆڕش بوون، هەروەها داوای لە هاوڵاتیان کرد یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکانی بە گونجاوترین شێوە راپەڕێنێ [1].

مەکتەبی تەنفیزی هەوڵی زۆری دا بۆ زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانەکان بۆ ئەوەی پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی بۆ وەرگرتنی چارەسەر رووبان تێ بکەن، هەروەها خولێکی تایبەت بە پێگەیاندنی پەستارانی کردەوە، بەڵام بەهۆی کەمی داودەرمان و کەلوپەلی تەندروستی و ژمارەی پزیشکانەوە، ئەم کەرتە نەیتوانی بەسەر کێشە و گرفتەکانیدا زاڵ بێ. لە تەموزی ١٩٦٦ەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور بەهۆی ئاگربەستەوە پرۆسەی ناردنی داودەرمانی بۆ کوردستان وەستاند، بەڵام نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە دەرەوە توانیان دووبارە پەیوەندی بە لیژنەکەوە بکەنەوە و ئەویش رازی بوو بە ناردنی کاروانی نوێ، بەڵام ئەو داودەرمانە بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی نەدەکرد [2].

شایەنی باسە، لە زۆر ناوچەدا بنکەی تەندروستی هەبوون، نەخۆشخانەیەکی سەرەکیش لە گوندی ناوپردان کرایەوە [3]، بەڵام تەنیا یەك پزیشك کاری تیادا دەکرد کە مەحمود عوسمان بوو [4]. هەروەها هەر هێزێك لە هێزەکانی پێشمەرگە خاوەنی بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بوو کە ژمارەیان ١٢ بنکە بوو، جگە لە کردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی بۆ هەر چەند گوندێکی نزیك لەیەك و کۆی ئەو بنکە تەندروستیانە نزیکەی ٨٣ بنکە بوو و کارمەندانیان هەموو تواناکانیان خستبوە گەڕ بۆ خزمەتکردنی نەخۆشان [5].

لە لایەکی دیکە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و رێکخراوە مرۆیی و خێرخوازەکانی دیکەی جیهان کرد کە یارمەتی شۆڕش بدەن بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد بتوانێ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ جەماوەر فراوان بکات [6]. هەروەها بە مەبەستی گرێدانی پەیوەندی بەهێزتر لەگەڵ ئەم رێکخراوانە و دابینکردنی داودەرمان و جلوبەرگ و خۆراك بۆ

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٩)، (نیسان،١٩٦٩)، ل١٤.

(2) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٥-٣٧٦.

(3) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١؛ فوئاد حەمەلاو، "بۆچی پێمان دەگوترا مامۆستای شۆڕش"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل٣٢؛ ئیسماعیل گوندەژۆری، "ئەو بارەگایانەی دابەش ببوون بەسەر ناوچەکانی باڵەکایەتی"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١٠)، (هەولێر، حوزەیران و تەموزی ٢٠٠٩)، ل٤٩.

(4) عەبدولغەنی عەلی یەحیا، "رۆشنبیری و راگەیاندن لە چەند لاپەڕەیەکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل٢٣.

(5) فوئاد حەمەلاو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(6) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٢)، (تەموز،١٩٦٩)، ل٦.

خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی دەربەدەر و ڕاگوێزراوان، لە مانگی نیسانی ١٩٦٩ و بە کۆششی شۆڕش، ئەنجوومەنی مانگی سووری کوردی لە ئەورووپا دامەزرا و توانی پەیوەندی بە ئەنجوومەنی خاچی سووری نێودەوڵەتیەوە بکات و بە هۆیەوە بڕێك داودەرمان و جلوبەرگ و خۆراکی دەستەبەر کرد و ڕەوانەی کوردستانی کرد [٢].

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە کانونی دووەمی ١٩٦٩ - پێشتر لە ئەنجامی ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ئاگربەست ڕاگەیەنرابوو - دامودەزگا تەندروستیەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرەڕای توانا کەمەکانیان، بەڵام بەردەوام بوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئەگەرچیش پەرستاران زۆربەی کاتەکانیان بۆ بارودۆخی شەڕ تەرخان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون لە گەیاندنی خزمەت بە دانیشتوان. لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٦٩، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەکانی شۆڕشیان کردبوو گەیشتە نزیکەی ١٨٨٥٤ کەس، هەروەها لە شوباتی ١٩٦٩ ژمارەکە گەیشتە نزیکەی ١٦٢٠٩ کەس [٥] و لە نیسانی ١٩٦٩ گەیشتە ١٨١٥٧ پێشمەرگە و کەسی ئاسایی [٣] و لە مانگی ئایاری ١٩٦٩دا نزیکەی ٢٠٣٨٧ کەس کە زیاد لە ١١٠٠٠ یان خەڵکی مەدەنی بوون و ئەوانی تر پێشمەرگە بوون. هەر لەو مانگەدا نزیکەی ٣٣٧ نەخۆش تا کاتی تەواوکردنی چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش خەوێنراون [٤]. بە شێوەیەکی گشتی، بەشی تەندروستی و فێرکاری سەر بە مەکتەبی تەنفیزی توانی ١٠٩٧٠٥ نەخۆش چارەسەر بکات کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانیان کردبوو و نزیکەی ٩٠٠٠٠ یان خەڵکی مەدەنی بوون [٦]. هەروەها لە هەردووك مانگی ئاب و ئەیلوول ی ١٩٦٩دا نزیکەی ٥٢٤٨٦ نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی شۆڕشیان کرد و چوار لەسەر پێنجیان، واتە ٨٠% یان خەڵکی مەدەنی بوون[١]و لەگەڵ کەمی تواناکانیشدا بەڵام وەرگرتنی چارەسەر و داودەرمان لە دامودەزگا تەندروستیەکانی شۆڕش بێ بەرامبەر بوو [٧].

هاوکات لە کاتی پێویست، لە هەندێك لەم نەخۆشخانانەدا نەشتەرگەریی بۆ خەڵك ئەنجام دەدرا، ئەگەر دۆخی کەسی نەخۆشیش مەترسیدار بوایە و لە کوردستان چارەسەر نەکرابوایە، ڕەوانەی ئێران

---

(١) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.
(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣.
(٣) باوەکر عوبێد ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.
(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢١)، (حوزەیران،١٩٦٩)، ل٨.
(٥) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٢)، (تەموز،١٩٦٩)، ل٦.
(٦) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.
(٧) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٢)، (تەموز،١٩٦٩)، ل٦.

دەکرا [1]، بەڵکو هەندێك جار بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ڕەوانەی نەخۆشخانە عێراقیەکانی شارە کوردیەکان دەکران [2].

شایەنی باسە، لە سەرەتای تەموزی ١٩٦٩، نەخۆشی کۆلێرا لە شاری قەڵادزێ بڵاو بوەوە و کەرتی خزمەتگوزاریی تەندروستی شۆڕش بڕی پێویستی پێکوتە و دەرمانی لەبەر دەست نەبوو، دەسەڵاتدارانی عێراقیش رازی نەبوون هیچ یارمەتیەك پێشکەش بکەن، بەمەش دوای مردنی سەدان کەس ئینجا توانرا پەتاکە کۆنترۆل بکرێ [3].

نالەباریی دۆخی تەندروستی لە کوردستان پاڵی بە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە نا لە ڕێگەی ئەو یاداشتنامەیەوە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد، دیارترین ئەو گرفتانە بخاتە ڕوو کە لەم بوارەدا ڕووبەڕووی هاوڵاتیان دەبنەوە. لە یاداشتنامەکەدا هاتووە: "... لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا زیاتر لە ملیۆنێك کەس دەژین، نزیکەی ٢٠٠ هەزاریان دەربەدەر کراون و گوندەکانیان سووتێنراون. بۆ ئەم هەموو خەڵکە تەنیا یەك پزیشك و هەشتا پەرستار هەن، ئەو بڕە کەمە داودەرمانەش کە هەیە ١٠% ی پێداویستیەکانمان پڕ ناکاتەوە. لە هەموو کوردستاندا یەك نەخۆشخانەی ڕاستەقینە نییە، ئەوەی بوونیشی هەیە نەخۆشخانەی سەرەتایی بچووکن و هیچ شێوازێکی پشکنینی ناسراوی پزیشکیان تیادا بەدی ناکرێ...". لە یاداشتنامەکەدا ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا ڕێژەی مردن لەنێو منداڵان و تازە لەدایکبوان زۆر بەرزە، سەرباری ئەو نەخۆشی و پەتایانەی کە لە کوردستان بڵاو بوونەتەوە، وەك پەتای مەلاریا کە زۆر بە فراوانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی تەنیوە، هەروەها نەخۆشی سیل - کە لە ڕێگەی پشکنینی سەرەتاییەوە – زیاتر لە چوار هەزار توشبوو تۆمار کراوە. بەدخۆڕاکیش کە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی، بۆتە دیمەنێکی ئاسایی لە ناوچە ئازادکراوەکان و هەزاران

---

(1) شۆڕشی کورد کە لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ لە کوردستانی عیراق بەرپا کرا،محەمەد ڕەزای شای ئێرانی خستە بەردەم ئەمری واقیع ، دوای ئەوەی بەبێ هیچ دەستوەردانێك شۆڕش کۆنترۆڵی چەندین ناوچەی سنووری کرد . بۆیە لە ساڵی ١٩٦٢ ەوە پەیوەندی دوولایەنە لە نێوان هەردوولا گرێ دران و سەرەتا پەیوەندیەکان تەنیا پەیوەست بوون بە بایەخدان بە کاروباری مرۆیی وەك چارەسەرکردنی بریندارەکان و پێشکەشکردنی داودەرمان و فریاگوزاریی سەرەتایی ، دواتر گەشەیان کرد و گەیشتنە ئاستی پێشکەشکردنی کۆمەکی سنووردار بە پێشمەرگە. شای ئێران لە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد دوو مەبەستی هەبوو ، یەکەمیان لاوازکردنی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عیراق کە داوای یەکێتی عەرەبیان دەکرد ، دووەمیش داخستنی ڕێگای خەبات بە ڕووی گەلی کورد لە ئێران . ئەم پەیوەندیانە تا کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە ٦ ی ئاداری ١٩٧٥ لە نێوان هەردوولا بەردەوام بوون . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پەیوەندیەکانی شۆڕشی کورد لەگەڵ ئێران ، بڕوانە ، مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٠ – ٣٧٣ " نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١- ١٩٧٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل ١٠٣ و دواتر.

(2) دیمانەی تایبەت لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٤.

منداڵ دووچاری نەخۆشی ئێسکەنەرمە بوونە. بەم جۆرە تەندروستی گشتی لەژێر مەترسیەکی هەمیشەیی دابووە و خۆپارێزیش لە نەخۆشیەکان کارێکی گران و ئاستەم بووە. لە هەنگاوێکدا کە بووە مایەی زیاتر تێکدانی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، حکوومەتی عێراق کارمەندانی سەر بە کەرتی تەندروستی خۆی لە ناوچەکە کێشایەوە، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، لە هەنگاوێکی دیکەدا حکوومەت گەیشتنی پێکوتەی دژ بە کۆلێرای بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد قەدەغە کرد(١).

لە هەوڵێکی دیکەدا بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، لە پایزی ١٩٦٨ بەشی تەندروستی بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندنی پەرستارانی دا (٢) و مەکتەبی تەنفیزی لە رێگەی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە بانگەوازێکی راگەیاند و تیایدا داوای لە هاوڵاتیان کرد کە پەیوەندی بە پەیمانگاکەوە بکەن (٣). هەروەها لە کانونی دووەمی ١٩٦٩ مەکتەبی تەنفیزی بڕیاری پێکهێنانی ژمارەیەك تیمی تەندروستی دا بۆ ئەوەی بەو گوند و ناوچە دوورەدەستانەدا بگەڕێن کە بەدەستی نەخۆشی و پەتاوە دەیانناڵاند و لە پێناوی خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان (٤)، رێنماییە تەندروستیەکان بڵاو بکەنەوە، تیمە پێکهێنراوەکان بە باشترین شێوە ئەرکەکانیان راپەڕاند و سووربوونی خۆیان لەسەر بنبڕکردنی نەخۆشیەکان پیشان دا، لەنێو ئەم تیمانەشدا تیمەکانی قەڵاچۆکردنی مەلاریا بوو (٥). هەر لە هەمان ئەو کاتانەدا کۆمەڵێك گرووپی تەندروستی دیکە سەردانی زۆر ناوچەیان کرد و دەستیان بە دابەشکردنی دەرمان و دەرکردنی رێنمایی تەندروستی تایبەت بە پاکوخاوێنی و خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان کرد (٦).

بەهۆی بارودۆخی شەڕ لە کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ تێبینی کەمی ژمارەی پەرستاران کرا، بۆیە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ دا خولێکی دیکە بۆ پەرستاران کرایەوە و نزیکەی ٥٠ کەس (٧) بەشداریان تێدا کرد، دواتر کردنەوەی خولی برینپێچی بەردەوام بوو و مامۆستایانی خولەکان لە پزیشك و شارەزایان بوون و ماوەی هەر خولێك ٣ مانگ بوو و دوای دەرچوونی بەشداربووان، بەسەر بنکەکانی پێشمەرگە و بارەگاکانیان هێز و لقەکان دابەش دەکران و داودەرمانیان بۆ دابین دەکرا. جگە لە پەرستاران، ژمارەیەك کادری تەندروستی لە پەیمانگا تەندروستیەکان هەبوون کە زانیاری تەندروستی

---

(١) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٧).

(٢) فوئاد حەمەلاو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(٣) دلشاد ئیسماعیل سەعید، "سێ قۆناغی تەمەنی لاویم"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل٧٠.

(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣.

(٥) هەمان سەرچاوە ژمارە(١٩)، (نیسان،١٩٦٩)، ١٤.

(٦) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١١.

(٧) هەمان سەرچاوە ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.

باشیان هەبوو، سوود لە شارەزایی ئەوانیش وەرگیرا. هەروەها هەندێك لەو پەرستارانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت کاریان دەکرد، پەیوەندیان بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد [1]. ئەوە بوو تا ساڵی ١٩٧٠ [2] ژمارەی دەرچوانی ئەو خولانەی کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە کرانەوە گەیشتە نزیکەی ٨٢ پەرستار.

بەم جۆرە، سەرباری بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەیەکی بچووك، بارودۆخ هەریەکە لەو پەرستارانەی کرد بە پزیشك کە هەموو کارێکیان ئەنجام دەدا، هەروەها هاوشێوەی ئەوان لە هەموو فەوجەکانی سوپای شۆڕشی کورد و پێگە گرنگەکاندا بەدی دەکران. پەرستاران لە ماوەی ساڵێکدا جارێك یان دوو جار بە مەبەستی وەرگرتنی پشکەکانیان لە داودەرمان و یارمەتی پزیشکی پێگەکانیان بەجێ دەهێشت و رووبان دەکردە مەکتەبی تەنفیزی، سەبارەت بە ناوچە دوورەدەستەکانیش، ئەرکی ناردنی پشکەکان لە ئەستۆی مەکتەب بوو [3].

هەروەها هەندێك پزیشك و کارمەندی کەرتی تەندروستی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، بۆ نموونە، سەعید قرمزی تۆپراکی پزیشك، کە دواتر بە دکتۆر شڤان ناسرا، خەڵکی کوردستانی تورکیا بوو و پەیوەندی بەو نەخۆشخانەیەوە کرد کە لە گوندی قومری ناوچەی بەرواری باڵای قەزای ئامێدی بوو [4] و خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشی خەڵکی ناوچەکە کرد [5].

شایەنی باسە، هەندێك لە پزیشکانی کورد رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان بینی لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان، هەروەها خاوەنی ناوبانگێکی باش بوون و توانیان خۆشەویستی جەماوەر وەدەست بێنن. دیارترین نموونەش بۆ ئەمە پزیشکێکە بە ناوی دکتۆر تاهیر بابان کە سەرپەرشتی نیمچە نەخۆشخانەیەکی بچووکی دەکرد لە گوندی هاڤنکا لە ناوچەی بارزان، لەسەر رووباری زێی بادینان – زابی گەورە و تیایدا نەشتەرگەری بچووکی ئەنجام دەدا. سەبارەت بە دکتۆر بابان باس لە دوو رووداو دەکرێ کە واتای تایبەتیان هەیە، یەکەمیان: جارێك پیاوێکی نابینا کچە بچووکەکەی بۆ چارەسەری ئازاری سگ دێنێ، کاتێك لەلایەن دکتۆر بابانەوە پشکنینی بۆ دەکرێ و دەرمانی پێویستی پێ دەدات، بە باوکی کچەکە دەڵێ: رێگەم پێ دەدەی چاوەکانت چارەسەر بکەم ؟ پیاوەکە رازی دەبێ و لە رێگەی چەند ئامێرێکی ئاساییەوە نەشتەرگەریەکی بۆ ئەنجام دەدات و شلەمەنییە زیانبەخشەکانی لە چاوەکان

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(2) فوئاد حەمەلاو، "ئەیلوول بە ناو شۆڕش، بەڵام لە ناوەڕۆکدا حکومەت"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل١٧.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٤.

(4) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٢.

(5) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، چەند توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد و عیراقی هاوچەرخ ، (هەولێر ، ٢٠٠٧) ، ل ل ١٧٦- ١٧٧.

دەردێنێ، دوای ماوەیەك پیاوەكە پارچە قوماشەكە لەسەر چاوەكانی لادەبات و وردە وردە بینایی بۆ چاوەكانی دەگەڕێتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەكە، خەڵك لە هەموو شوێنەكانەوە بە مەبەستی چارەسەركردن روو لە نەخۆشخانەكە دەكەن، تەنانەت هەندێك لە كوردانی گوندەكانی تورکیا سەردانیان كرد [٢].

لە رووداوێكی دیكەدا، كەسێك تووشی نەخۆشی گەڕی – Leprsoy بووە و دەرمانی تایبەت بە چارەسەركردنی نەخۆشیەكە لە ناوچەكە دەست نەكەوتووە و تەنیا لە نەخۆشخانە حكومیەكان هەبووە و فرۆشتنی لە دەرمانخانە ئەهلیەكان قەدەغە بووە، ئەو كاتە دكتۆر بابان یەكێك لە ناسیاوانی زۆر بە نهێنی رەوانەی لای پزیشكێكی برادەری دەكات لە شاری كوت، ئەویش دەرمانەكانی بۆ دەنێرێ و بەم جۆرە نەخۆشەكە چاك دەبێتەوە[٣].

هەروەها عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی كورد لە دەرەوە زانیاری دەربارەی یەكێك لەو پزیشكانە دەدركێنێ كە خزمەتێكی بەرچاوی گەلی كوردستانی كردووە و پێمان باش بوو لێرە باسی بكەین، وانلی دەڵێت: ساڵی ١٩٦٤ تەمەنی دكتۆر حیكمەت حەكیم قۆسمیز دەگاتە ٣٨ ساڵ، ئەو كەسێكی كرستیانی كوردە، دەرچووی زانكۆی دیمەشقە و لە نێو ئەركە كارگێڕی یان سیاسییەكاندا، پێی باش بوو كاری پزیشكی ئەنجام بدات و كاتی بەدەستەوە نەماوە بۆ ئەوەی لە گفتوگۆكانی مەكتەبی تەنفیزیدا بەشدار بێ، بەڵكو خۆی بەتەواوی بۆ نەخۆشخانەكەی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریە پزیشكیەكان تەرخان كردووە.ئەو لە سوپای عێراقدا پلەی مقەدەمە و پزیشكیشە، دوای دەستپێكردنەوەی شەڕ لە كوردستان لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ وەك سەدان كوردی دیكە لەلایەن بەعسییەكانەوە دەستگیر كرابوو، بەڵكو نزیك بوو لە سێدارە بدرێ، بەڵام لە كاتی هێرشێكی پێشمەرگە بۆ سەر كاروانێكی عێراقی كە بەندكراوانی دەگواستەوە [٤]، لە مردن رزگاری بوو.

وانلی ئاماژە بەوەش دەكات كە دكتۆر حیكمەت لەو كاتەوە خۆی بۆ خزمەتكردنی شۆڕش تەرخان كردووە و هاوژین و منداڵەكانی لە هەولێر بەجێ هێشتوون. نەخۆشخانەكەشی بریتیە لە خانوێكی بچووك و لە قوڕ دروستكراو، بەشێكی كەوتۆتە بەر سێبەری چەند دار باوییەك و چواردەوری كێڵگەی توتنە و دانانی هێمایەكی خاچی سوور یان مانگی سووریش لەسەر نەخۆشخانەكە مەترسیەكی گەورەیە، چونكە دەبێتە ئامانجی فرۆكەكانی بەغدا. وانلی دووپاتی دەكاتەوە كە رۆژێك بەر لەوەی سەردانی نەخۆشخانەكە بكات، فرۆكەكانی عێراق نەخۆشخانەكەیان بۆردومان كرد و خەریك بوو لە رووداوەكەدا دكتۆر بریندار بێ. دەربارەی دۆخی نەخۆشخانەكەش، وانلی دەڵێ: ژمارەی نەخۆشان زۆر

---

(١) شەوكەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.
(٢) شەوكەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.
(٣) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٤.

بوو، زۆربەیان لەنێوان قەرەوێڵەکاندا پاڵ کەوتبوون و دکتۆر حیکمەتیش هەمیشە سەرقاڵی کارەکەی بوو و تەنیا ئەو کاتە گوێمان لە دەنگی دەبێ کە دەرمانی کەم دەبێ یان ئامێرەکانی بەردەستی رێگە بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی گەورە نادەن [٢].

وانلی دەشڵێت: هەمیشە ئەو شەوەم لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە کە تیایدا تا بەرەبەیان بەنێو کارتۆنە پڕەکاندا دەسووڕایەوە و لەگەڵ بەتانییەکاندا رێکی دەخستن، هەموشیان لە ئەوروپاوە هاتبوون، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، ژوورە سارد و بەتاڵە لە چیمەنتۆ دروستکراوەکەی تا بنمیچ پڕ کەلوپەل بوون. خۆم و یەکێك لە کەسوکاری نەخۆشەکان یارمەتیمان دەدا. ئەو کارتۆن لە دوای کارتۆنی دەکردەوە و دەیپشکنی و هەوڵی خوێندنەوەی ئەو رێنماییانەی دەدا کە تەنانەت بە زمانی هەنگاریش نووسرابوون. هەر ئەو کاتە د.حیکمەت بە وانلی وت: ئیستا بەشی شەش مانگمان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە داوا لە خاچی سوور بکەی هی تریشمان بۆ بنێرێ. وانلی دەڵێ: دوای رێکخستنی داودەرمان، دکتۆر حیکمەت هەستی دەکرد ئەوەی هەیەتی "خەزێنەیەکی راستەقینەیە" و لە کاتی لەسەریەك دانانی سێ سندووق لەسەر یەك، بە شانازییەوە وتی: "ئەم دەرمانانە کەموێنەن لە عێراق، تەنانەت سوپای عێراقیش نییەتی " [٣]. بەم گیان و دڵسۆزیەوە، هەندێك لە پزیشکان لە رێزەکانی شۆڕشدا کار دەکەن و خزمەتگوزاریی گرنگ و لەبیرنەکراو پێشکەشی رۆڵەکانی کوردستان دەکەن.

بە کورتی، بەر لە رێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، لە هەموو بنکەکانی پێشمەرگەدا پەرستارێك هەبوو کە پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی چارەسەر دەکرد و بێ بەرامبەر دەرمانی پێ دەبەخشین [٤].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٤٤- ٣٤٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤٥.

(٣) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

سێیەم: پەروەردە و فێرکردن

دواکەوتنی ئاستی رۆشنبیری لە سەردەمی پادشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨ لە عێراق دیاردەیەکی ئاسایی هەستپێکراو بوو، لە کوردستانیش ئاستی دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی دیارتر بوو، لە لایەك سیاسەتی حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ئاسەواری خراپی بەسەر دۆخی فێرکاری لە کوردستانی عێراق بەجێ هێشتبوو [١]. لە لایەکی دیکە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاستی نزمی گوزەران زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانی ناچار کردبوو لە جیاتی خوێندن [٢]، سوود لە ماندووبوونی منداڵانیان لە کار و پیشە جۆراوجۆرەکان وەربگرن، بۆیە لە کۆی هەموو منداڵانی کورد، ١٣ منداڵ توانایان هەبوو لانی کەم بچنە بەر خوێندنی سەرەتایی [٣]. بۆیە دیاردەی کەمبوونی ژمارەی قوتابیانی قۆناغە سەرەتاییەکان هەتا قۆناغە باڵاکان بووبوو بە نەخۆشی و کێشەیەکی درێژخایەن و لە کۆی ١٠٠ قوتابیدا تەنیا ٣ یان دەگەیشتن بە قۆناغی دواناوەندی. بەمەش نزیکەی نیو ملیۆن منداڵی کورد، کە دەکاتە نزیکەی کۆی منداڵانی کوردستان، لە فێربوون و خوێندن دوور کەوتبوونەوە [٤].

ژمارەی قوتابخانە لە کوردستانی عێراق کەم بوو [٥]، لە ساڵەکانی خوێندنی ١٩٥٢- ١٩٥٣ دا ژمارەی قوتابخانە و باخچەکانی ساوایان لە لیواکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر تەنیا ١٩٦ قوتابخانە بوو، هەروەها ژمارەی بالەخانەکانیش وەك پێویست نەبوو [٦]. بە گوێرەی هەندێك ئامار، بۆ هەر ٣٥ هەزار کەس [٧] تەنیا یەك قوتابخانەی سەرەتایی هەبوو، هەروەها قوتابی کورد ناچار دەکرا بە زمانی عەرەبی بخوێنێ و بۆی نەبوو بە زمانی کوردی بخوێنێ، هەر ئەمە زۆر لە قوتابیانی کوردی ناچار کرد کە لە خوێندن دوور بکەونەوە [٨].

ئەم ژمارانەی خوارەوە ئاستی بەرزی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری دەردەخەن، هەروەها ئاماژەن بۆ ئەوەی گەلی کورد تا چ رادەیەك لە خوێندن بێبەش کراوە. لە لیوای هەولێر، لە ماوەی ساڵی ١٩٥٢ دا

---

(١) ش . ج . ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢" ماجد عەبدولرەزا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٣.

(٢) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩ : عەزیز حەسەن بارزانی ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی لە کوردستانی عیراق ١٩٣٩- ١٩٤٥ ، (هەولێر ، ٢٠٠٢) ، ل ٦٨.

(٣) ا.ب ، دەربارەی فێرکردن لە کوردستانی عیراق ، (شوێنی چاپی دیار نیە ، ١٩٨٦) ، ل ١٤.

(٤) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩.

(٥) ا.ب ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤ " عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، قوتابخانەی ١١ ی ئادار ، یەکەم قوتابخانەی کوردی لە شاری موسل ، لەگەڵ کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی فێرکردن لە کوردستان - عیراق ، چاپی ٢، (هەولێر ، ٢٠٠٢) ، ل ٤٢.

(٦) محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا (١٩٢١-١٩٥٣)، (هەولێر،٢٠٠٤)، ل ٢٤١.

(٧) ماجد عەبدولرەزا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٣.

(٨) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠.

ڕێژەی نەخوێندەواریی ٩٦% بووە، ئەمەش لە ڕێژەی گشتی هەموو عێراق زیاتر بووە کە لە کۆی ٢٣٩,٧٧٦ کەس ٩٢,٥% بووە و لە نێویاندا ڕێژەی نەخوێندەواران دەگەیشتە ١٨٦,٣٠٢ کەس [١]. لەناو ئەم ڕێژەیەدا ژمارەی خوێندەواران لە شارەکان بووە [٢]. لە گوندەکانی کوردستانیش دۆخی فێرکردن لە شارەکان دواکەوتووتر بوو و ژمارەی باڵەخانەش کەمتر بوو [٣]. ئەم هەژاریە زانستی و ڕۆشنبیریە ڕەنگدانەوەی زۆری بۆ سەر کۆی ژیانی هزریی لێ کەوتەوە و کۆی کتێبە چاپکراوەکان بە زمانی کوردی لەم قۆناغەدا ١٢٧ کتێب بوو [٤].

حکوومەتە عێراقیە یەك لەدوا یەکەکان، بەرپرسیارێتیەکانیان سەبارەت بە چاودێریکردنی کەمینە ی نەتەوەیی و ئەو بەڵێنانەی کە لەلایەن هێزی ئینتیدابی بەریتانی و دەوڵەتی عێراقەوە سەبارەت پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دابوویان، تەنیا لە ڕێگەی کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی کەمی کوردی کە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەدەکرد، هەروەها ڕێگەدان بە دەرچوونی گۆڤارێکی مانگانەی کوردیەوە، کرد بە واقیع. سەبارەت بە واقیعی فێرکردن لە کوردستان لە سەردەمی پادشایەتیدا، دکتۆر کۆنتەر دشنەری ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و شارەزا لە کاروباری کورد، بە پشتبەستن بەوەی هاوپیشەیەکی نووسیویەتی، دەڵێ: "... دەرگای قوتابخانە قوماشی کیسی ئاردە و لە دواوەیدا ژووڕێك هەیە درێژیەکەی حەوت مەتر و پانییەکەی پێنج مەترە و لەناو ژمارەیەك سندووق و مێز و کورسی دار و قەرەوێڵەیەك و کۆمەڵێك فانۆسی نەوتی لەکارکەوتوودا ١٦ پیاو هەن کە پێویستە فێری تەکنیکەکانی خوێندنەوە و نووسین بن..."، ناوی قوتابخانەکەش " کەشتی نوح " بوو. ئەم دەربڕینەی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکە باسی کردووە، بە تەواوی هاوشێوەی دۆخی ناوچەکەیە کە حکوومەتی عێراق لە بەغدا بە مەبەست و تەنانەت دوای دە ساڵ لە سەقامگیری دۆخی سیاسی و سەربازیشدا، ویستوویەتی لەسەر ئەم ئاستە نزمە بیهێڵێتەوە، هەر ئەمەش ئاستی بەشداربوونی بەغدا بوو لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا [٥].

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨، حکوومەت لە سەرتاسەری عێراقدا زیاتر گرنگی بە بواری فێرکردن دا و قوتابخانەی تازە کرانەوە و وەزارەتی مەعاریف – پەروەردە و فێرکردنی ئێستا –

---

(١) ئیسماعیل شوکر ڕەسول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١.

(٢) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠.

(٣) محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٩.

(٤) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٠.

(٥) کۆنتەر دشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٣٠-٢٣١. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بارودۆخی فێرکردن لە کوردستان لە سەردەمی پادشایەتیدا ، بڕوانە ، محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤ و دواتر " ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر ، هەڵوێستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق سەبارەت بە کێشەی کورد لە عیراق ١٩٢٥-١٩٤٥ ، (سلێمانی ، ٢٠٠٧) ، ل ٧١ و دواتر " ئیسماعیل شوکر ڕەسول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٨ و دواتر.

ژمارەیەکی زیاتری مامۆستای دامەزراند [1].هەروەها بە مەبەستی پێشخستنی بواری فێرکردن لە کوردستانی عێراق، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت لە وەزارەتی مەعاریف دامەزرێنرا و بەمەش دەرفەتێك بۆ منداڵان و لاوانی کورد خولقا بۆ ئەوەی بە زمانی دایك بخوێنن. لە کۆنگرەی سێیەمی قوتابیانی عێراقدا یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق کە لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٦٠ لە بەغدا ساز کرا، کۆنگرە ژمارەیەك راسپاردەی خستە روو، لەوانە: خوێندنی مێژووی گەلی کورد لە قوتابخانە کوردیەکان بە تایبەتی و قوتابخانەکانی عێراق بە گشتی، هەروەها لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق کوردی بکرێ بە زمانی فەرمی، ئەمەش لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ جێبەجێ بکرێ. هاوکات پێویستە پلانێکی سەرتاسەری ئامادە بکرێ بۆ دامەزراندنی زانکۆی کوردی و دابینکردنی پێداویستیەکان و ژمارەی قوتابیانی کورد لەنێو نێردە حکومیەکان زیاد بکرێ و ئەمە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی تایبەت بە خوێندنی کوردی سەرپەرشتی بکرێ، وێڕای خوێندنی کۆمەڵێك دەقی وەرگێڕدراو لە ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەکانی عێراق و لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی ئەدەب [2].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ [3]، دوای دوورکەوتنەوەی سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ ی تەموز لە بنەماکانی دیموکراسی لە دەسەڵاتدا، خوێندنی کوردیش رووی لە تێکچوون کرد و حکوومەتی عێراق بواری نەما بۆ باشترکردنی لایەنە رۆشنبیری و پەروەردەییەکان لە کوردستان هەنگاوی پێویست بنێ، هەروەها ئەوەی وەدەست هێنرابوو لە ئاستی خواستەکانی کورد نەبوو کە لە سەردەمی پادشایەتیەوە لە ئاساییترین مافە کلتووریەکانیان پێبەش کرابوون. دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزیش دۆخی پەروەردە و رۆشنبیری کوردی پێشکەوتنی وای بەخۆیەوە نەدیت، بەڵکو چەندین بەربەست خرانە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەم بواره و جگە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سلێمانی و هەولێر، خوێندن بە زمانی عەرەبی بەردەوام بوو و لەم قوتابخانانەدا رێگە بە خوێندنی مێژوو و ئەدەبی کوردی نەدرا [4]. بەم جۆرە کاروانی خوێندنی کوردی لە وەستان نزیك بووەوە. ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ ژمارەی ئەوانەی تەمەن رێگەی پێدان روو بکەنە قوتابخانەکان نزیکەی ٢٠٧ هەزار منداڵ بوو، بەڵام ئەوانەی کە بەراستی رووبان کردە قوتابخانەکان تەنیا ١٣٦ هەزار منداڵ بوو، واتە ٣٤% ی منداڵانی کوردستان لە خوێندن بێبەش کران، دواتر لە ساڵانی شۆڕشی کورد کە لە ١١ی ئەیلوول ی ١٩٦١ [5] بەرپا کرا، ئەم رێژەیە بەرز بووەوە.

---

(1) مەجید خەدوری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٦.

(2) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، قوتابخانەی ١١ ی ئادار ....، ل ل ٤٤-٤٥.

(3) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٥.

(4) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨.

(5) ا.ب ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٨-١٩.

لە لایەکی دیکە، کوردستان نە کۆڕی زانیاری بۆ پێکهێنرا، نە زانکۆی کوردی بۆ دامەزرێنرا، هەروەها قوتابیانی کورد لە ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن بە بێبەشی هێڵرانەوە، ساڵی ١٩٦٠ حکوومەت لەسەر خەرجیە تایبەتەکانی خۆی ٢٢٣٠ قوتابی بۆ خوێندن و ٥١٦ زەمالەی ڕەوانەی دەرەوە کرد بەڵام ڕێژەی کورد نەگەیشتە نیوە لە سەد، بەڵکو لەم ڕێژەیەش کەمتر بوو [١]. سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد درکی بە گرنگی لایەنی زانستی دەکرد لە کوردستان، بۆیە لە هەموو ئەو یاداشتنامانەدا کە ئاراستەی حکوومەتی عێراقی کردوون، ڕووبەڕێکی فراوانی بۆ تەرخان کردووە، لە ٢٠ ی تەموزی ١٩٦١، پارتی بە مەبەستی نەشڵەژانی بارودۆخ لە کوردستانی عێراق، کۆمەڵێك داواکاریی خستە بەردەم حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، بەڵام حکوومەت وەڵامی داواکاریەکانی نەدایەوە، دیارترین ئەو داواکاریانە بریتی بوون لە: کردنەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بەپێی پێویستی دانیشتوان لە کوردستان، بەو مەرجەی تیایاندا خوێندن بە زمانی کوردی بێ [٢].

شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، بەرپرسی دەزگای بێتەل لە شۆڕشی ئەیلوول ی ١٩٦١ لە یاداشتنامەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو باوەڕە دابووە بەهۆی ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لەنێو ریزەکانی میللەتدا [٣]، هێشتا زۆر زوو بووە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کورد لە عێراق لە ئەیلوول ی ١٩٦١.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەوە و حکوومەتی ناوەندی هەوڵی دا ئەمە بۆ لاوازکردنی کورد بقۆزێتەوە، هەروەها وێرانکەرترین و مەترسیدارترین چەك کە لە دژی کورد بەکاری هێنابێ، ئەوەبوو کە لە بواری فێرکردن بەکاری هێنا، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە شەڕێکی ڕەگەزپەرستانە بەسەر کورددا سەپێنرابوو و مەبەست لە دوایەوە لە ڕەگەوە دەرهێنانی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بوون لە کوردستان، ئەوەبوو پەنایان بردە بەر وێرانکردنی قوتابخانەکان و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنییە کوردیەکان – ئەوانە نەبێ کە بە مەبەستی پروپاگەندەکردن بۆ حکوومەت بڵاو دەکرانەوە- [٤]. هەروەها دەست بە کێشانەوەی هەموو ئەو مامۆستایانە کرا کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا کاریان دەکرد و گەڕێنرانەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت [٥]، سەرکردایەتی شۆڕش هەستی بەم مەترسیە کرد،

---

(١) کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٩. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، جەلال تاڵەبانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٨٣-١٨٩.

(٣) بڕوانە یاداشتەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٥.

(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٣)، (ئەیلول،١٩٦٩)، ل٥.

(٥) شوکری هروری، "بە دەستێ چەك و بە دەستێ قەڵەم دروشمێ شۆڕشا ئەیلوول"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل٣٩.

سەرەڕای کەمی ژمارەی خوێندەوارانیش، بەڵام بەشێکی گەورەیان خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە تەرخان کرد [٥].

لە لایەکی دیکە، سیاسەتی حکوومەت و پلانە نەرێنییەکانی بەرامبەر کلتووری کوردی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی سەندیکای مامۆستایان رەنگی دایەوە کە لە شوباتی ١٩٦٢ لە بەغدا ساز کرا، ئەوەبوو کۆنگرە لەسەر بڕیاری دەسەڵات، سەبارەت بە خوێندنی کوردی ئەم بڕیارانەی دەرکرد: یەکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری عێراق و گۆڕینی وشەی کوردستان بە ناوچەی باکوور لە کتێب و پرۆگرامەکاندا، هەروەها هاندانی نووسەرانی کورد لەسەر نووسین و خوێندن بە زمانی عەرەبی و هەڵوەشاندنەوەی بەرێوەبەرایەتی مەعارفی گشتی بۆ خوێندنی کوردی و وەلانانی پرۆژەی کردنەوەی کۆلێژی پەروەردە لە کوردستان و رەتکردنەوەی بیرۆکەی ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی تایبەت بە مامۆستایانی کورد و داواکاریی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، بەهۆی بوونی کۆڕی زانیاریی عێراقی[٥].

لە بەرامبەردا مامۆستا کوردە بەشداربووەکان هەموو بڕیارەکانی کۆنگرەکەیان رەت کردەوە، بە تایبەتی گۆڕینی ناوی کوردستان بە ناوچەی باکور، هەروەها سووربوونی خۆیان پیشان دا لەسەر دامەزراندنی کۆلێژی پەروەردە لە کوردستان و هێشتنەوەی بەڕێوەبەرایەتی مەعارفی گشتی بۆ خوێندنی کوردی، هاوکات ناڕەزاییان بەرامبەر بە بڕیاری کۆنگرە سەبارەت بە ئەنجامنەدانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد و یەکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن و دامەزراندنی کتێبخانەی عەرەبی لە ناوچە کوردیەکان دەربڕی. لەبەردەم پێداگیریی سەندیکای مامۆستایان لەسەر بڕیارە تایبەتەکانی سەبارەت بە خوێندنی کوردی، مامۆستایانی کورد بڕیاری پێکهێنانی یەکێتیەکی تایبەت بەخۆیان دا لەژێر ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و لە ١٦ی ئایاری ١٩٦٢ [٢] یەکەم کۆنگرەی خۆیان ئەنجام دا.

لە ماوەی ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ئەیلوول ی ١٩٦١ [٤] ، بارودۆخی شەڕ لە کوردستان و کەشوهەوای سیاسی نابەجێ دەرفەتی بە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد نەدا وەکو پێویست بایەخ بە لایەنی رۆشنبیری و فێرکردن بدات، بۆیە لاوازیی ئەم بواره و تەشەنەکردنی نەخوێندەواری بووە مایەی نیگەرانکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، چونکە رۆژ بە رۆژ ئاستی نەخوێندەواری لەنێو رۆڵەکانی میللەت زیاتر دەبوو و دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن و قوتابخانەکانیش وا ئاسان نەبوو، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بیرکردنەوە لەم بابەتەی خستە پێشەوەی کارەکانی. بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی

---

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٣)، (ئەیلول،١٩٦٩)، ل٥.

(٢) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، قوتابخانەی ١١ ی ئادار ....، ل ل ٤٥-٤٦.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٤٦-٤٧.

(٤) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٧) .

مەترسی نەخوێندەواری و نەبوونی قوتابخانە هەڕەشەیەکی گەورە بوون بۆ سەر شۆڕش و گەلی کوردستان و چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو [1].

بارودۆخی فێرکردن لە ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیش باش نەبوو، بۆ نموونە لە ناوچەی ناحیەی سلێمانێی سەر بە قەزای زاخۆ – ئەو کاتە- کە نزیکەی ٧٠ گوندی دەگرتە خۆی، دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١١ ی ئەیلوول ی ١٩٦١ لە کوردستان بەهۆی سووتاندن و وێرانکردنی گوندەکان، زۆربەی ئەو قوتابخانانە داخران کە دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ کرابوونەوە، مامۆستایانیش ناوچەکەیان بەجێ هێشت و دەیان کەس لە رۆڵەکانی میللەتەکەمان ناچار بوون خوێندن بەجێ بێڵن و خراپی باری ژیان بووە رێگر بۆ درێژەدان بە خوێندن لە شارەکانی وەك زاخۆ و دهۆك و موسل. بەم جۆرە، نەخوێندەواری بەنێو ریزەکانی دانیشتوانی ئەم ناوچانەشدا بڵاو بوەوە [2].

دوای ئەوەی حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد گەیشتنە رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤، محەمەد ناسری وەزیری پەروەردەی عێراق رایگەیاند کە حکوومەتەکەی کۆمەك پێشکەشی قوتابخانەکانی کوردستان دەکات و پاش گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچەکە، دووبارە ئەو قوتابخانانە دەکرێنەوە کە بەهۆی " رووداوەکانی باکور" ەوە داخرابوون، هەروەها دووپاتی کردەوە کە رەزامەندی وەرگیراوە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ناوچەکە بەبێ بوونی پشووی هاوین و بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی قوتابیان بەرامبەر بەو وانانەی کە بەهۆی داخستنی قوتابخانەکانیانەوە لەدەستیان چوون، کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی قوتابیانی ئەم قوتابخانانەش هاوکات دەبێ لەگەڵ کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی کەوتوان [3]. سەرەڕای وتەکانی وەزیر، بەڵام دواتر بەهۆی تێکچوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەت، بەهۆی پابەند نەبوونی دەسەڵات بە رێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥ [4]، تەنانەت یەك بڕیار لەمانە جێبەجێ نەکرا و تەنیا لەسەر کاغەز مانەوە.

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، رۆڵەکانی کوردستان – لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورددا – بە بێبەشکراویی لە خوێندن مانەوە، پاش گەیشتن بە رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦، سەرکردایەتی شۆڕش وەك پەرۆشییەك بەرامبەر رۆڵەکانی گەلی کورد و قەرەبووکردنەوەیان لە بواری پەروەردە و فێرکردن، هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی حکوومەتی

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.

(2) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەرەب محەمەد عومەر سلێمانی لە ٣٠ ئەیلوولی ٢٠٠٨.

(3) رۆژنامەی الهدف ، ژ (٣٣٦) ، ١٣ ی ئایاری ١٩٦٤.

(4) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧ " دیمانەی تایبەت لەگەڵ شەعبان سەعید محەمەد لە ٢٩ ی ئاداری ٢٠٠٦.

ناوەندی هەموو قوتابخانە کۆنەکان بکاتەوە، بە مەرجێك ئەمە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکان گونجاو بێ، بەڵام دەسەڵاتداران لەو ڕووەوە سستیەکی زۆریان نواند. ئەوە بوو تەنانەت دوای تێپەڕبوونی ٦ مانگ بەسەر وەستانی شەڕدا بەڵام هێشتا یەك قوتابخانە نەکرابووەوە، دواتر بەشێکی قوتابخانەکان کرانەوە، بە تایبەتی لە لیوای موسل. لە ڕاستیدا بە درێژایی هەردووك ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ تەنانەت یەك قوتابخانە نەکرایەوە، ئینجا دوای پێداگیری، حکوومەت بڕیاری دا لە کۆی ٧٩ قوتابخانە ٤٥ یان بکاتەوە، ئەگەرچی میلاکیشیان تەواو نەبوو. هەر ئەو کاتە ڕۆژنامەی خەبات داوای لە هەموو پەیوەندیداران کرد کە ڕووناکی لە منداڵانی بێتاوانی کورد نەبڕن، چونکە ئەوان لە توانایاندا نییە بڕیار لەسەر هیچ شتێك بدەن [1].

شایەنی باسە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە بەردەوامی داوای کردنەوەی قوتابخانەکانی کوردستانی ئاراستەی بەغدا کردووە، هەروەها پشتی هەر هەنگاوێکی حکوومەتی گرتووە کە بەم ئاراستەیە نرابێ، ئەمەش لە پێناوی خزمەتکردنی گەلی کورد [2].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پێی وابوو بارودۆخی دوای ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو گونجاو و لەبارترە، بۆیە بەپێی توانا [3]، بڕیاری کردنەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا و بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەش، لیژنە ناوخۆییەکانی پارتی دەستیان بە کردنەوەی هەموو ئەو قوتابخانانە کرد کە پێش بەرپابوونی شۆڕش لە گوندەکان هەبوون، جگە لە کردنەوەی قوتابخانە لەو گوندانەی کە تیایاندا ژمارەیەکی گونجاوی قوتابیان هەبوون بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، دواتر دەست بە دامەزراندنی مامۆستایان کرا [4] کە ئەندامی پارتی بوون. ئەوە بوو قوتابیان لە هەردووك ڕەگەز لە هەر گوندێکدا بە گوێرەی ژمارە لە ژووریّك یان دوو ژوور کۆ دەکرانەوە و وانەیان پێ دەوترایەوە [5]. کردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی مامۆستا بۆیان، لەو کاتەدا خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بوو بۆ دانیشتوانی گوندە کوردیەکان و ئەمە وایکرد جەماوەر زیاتر متمانە بە شۆڕش بکات، بەو پێیەی ڕۆڵەکانیان لە نیعمەتی خوێندن بێبەش نەبوون [6].

---

(1) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.

(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣.

(3) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٧" شوکری هروری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩.

(4) دواتر ئەمانە بە مامۆستایانی شۆڕش ناونران ، لە ڕاستیدا زۆربەیان لە کاتی پەیوەندیکردن بە شۆڕشی کورد مامۆستا نەبوون.

(5) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٧.

(6) تاهیر گۆمەشینی،"مامۆستایانی شۆڕش بان مامۆستایانی شۆڕشگێڕ"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پایزی٢٠٠٧)، ل١٥.

دوای ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕش توانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ٢٠٠ قوتابخانەی سەرەتایی بکاتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا ٥% ی پێویستی کوردستان بوو بە قوتابخانە و سەدان کەس لەو قوتابیانەی کە لەلایەن حکوومەتەوە لە قوتابخانە ناوەندیەکان دوور خرابوونەوە، هیچ دەرفەتێکیان دەست نەکەوت بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی شۆڕش خوێندن تەواو بکەن، چونکە لەسەر ئاستی هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا [1] تەنیا یەك قوتابخانەی ناوەندی هەبوو لە ناوچەی گەڵاڵە و تیایدا هەردووك ڕەگەز لە قوتابیان دەیانخوێند و وانەکانی لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و کەسانی ترەوە دەوترانەوە، لەوانە: مەحمود عوسمان، نووری شاوەیس، هاشم عەقراوی، شەوکەت مەلا ئیسماعیل و هی تر [2].

سەرەڕای توانا سنووردارەکانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان، بەڵام لەم قۆناغەدا مەکتەب توانی ژمارەیەك قوتابخانە لە هەندێك گوندی کوردستان بونیاد بنێ، ئەمەش بێگومان بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵك، بۆ نموونە، لە ٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧، بە بۆنەی دروستکردنی قوتابخانەیەك لە گوندەکەیان، حەسەن ئەمین ئاغا بەناوی دانیشتوانی گوندی ناوپردان و گوندانی تری دراوسێ سوپاسنامەیەکی ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی کرد، ئەوان ئەگەرچی ئاگاداری توانا مادیە سنووردارەکانی شۆڕش بوون [3].

بە مەبەستی بایەخدانی زیاتر بە لایەنی پەروەردەیی، لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ دا سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی هونەرە جوانەکانی دا لە کوردستان، بەو پێیەی شێوازێکی کاریگەرە بۆ دەرخستنی دابونەریتە نەتەوەییەکانی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، هەروەها هونەرە میللیەکان ڕێگای پێشکەوتن و داهێنان دیار دەکەن، لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەك کە هەست بە واقیعی خۆی بکات و بەشدار بێ لە بەرەوپێشبردنی جموجۆڵی هەنگاونان بەرەو پێشەوە. لەو پێناوەدا ئەنجوومەن داوای لەو کوڕ و کچانە کرد کە هەواداری هونەرەکانی وەك شانۆ و میوزیك و نیگارکێشین – لەوانەی توانا و بەهرەمەندیان تیادا بەدی دەکرێ – بێن بە ئەندام لەو ئەنجوومەنەی کە هەوڵی خولقاندنی کادری هونەری و ژیاندنەوەی کلتووری میللی گەلی کورد دەدات کە پێویستی بە لادانی تەپوتۆزی ساڵانێکی دوورودرێژ لە مەینەتی و چەوساندنەوە هەیە بۆ ئەوەی بگاتە لوتکەی نوێبوونەوە و داهێنان [4].

---

(1) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٧.

(2) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

(3) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.

(4) هەمان سەرچاوە ، ژ (٥٠٢) ، ئایاری ١٩٦٨.

لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواریی، مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٧، مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری بنبڕکردنی نەخوێندەواریان دا، بەو مەرجەی بابەتەکە بۆ پێشمەرگە بەزۆریی بێ و لە بارەگاکانیاندا قوتابخانەی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری بکرێنەوە و ئاسانکاری تەواویش بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانە بکرێ [1] و خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردی بێ [2]. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە لقەکانی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە کرد کە هەموو بارەگا حزبییەکان و بنکە گەورەکانی پێشمەرگە بکرێن بە قوتابخانەی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری [3]. گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەش دەستی بە بانگهێشتکردن و هاندانی هەموو رۆڵەکانی میللەت کرد، بە تایبەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەشداری لەم خولانە بکەن [4]. بەڵام لە راستیدا ئاستی بەشداربوون لە خولەکان وەک پێویست نەبوو، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە ئەرکە سەربازییەکان و جولانەوەی بەردەوامیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر [5].

هەروەها بڕیار درا لە قۆناغی یەکەمدا هەڵمەتەکە بۆ خەڵک ئاڕەزوومەندانە بێ، هەر لە بڕیارەکەدا هاتووە ئەوان هیوا دەخوازن ئەو رۆژە بێت کە تیایدا بتوانن ئەم هەڵمەتە بکرێ بە ناچاری و هەموو لایەک بگرێتەوە، کەواتە سەرکردایەتی شۆڕش دڵنیا بوو لەوەی پەند لە جێبەجێکردن وەردەگیرێ و بابەتەکە پێویستی بە ماندووبوون و پشتگیریەکی سەرتاسەری بەردەوام هەیە[6].

گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە رووبی کردۆتەوە کە پێویستە هەموو لایەک بزانن کە لە توانایاندا هەیە خۆیان لە نەخوێندەواریی رزگار بکەن، چونکە چەندین گەل و میللەت بە دەستی نەخوێندەواریەوە نااڵندوویانە، کاتێکیش دەستیان بە نەهێشتنی کردووە، منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵیەوە هەتا پیاوانی تەمەن هەشتا ساڵ بەشداریان لەم هەڵمەتانەدا کردووە و بایەخیان پێ داوە و دواتر لە ماوەیەکی کورتدا فێری خوێندنەوە و نووسین بوون و خۆیان لە مەترسی نەخوێندەواری رزگار کردوە و وڵاتانیان گەیاندۆتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان، گەلی کوردیش ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، هیچی لەم گەل و میللەتانە کەمتر نییە [7].

پاش کۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە ئەیلوول ی ١٩٦٨، بەشێکی تایبەت بە گرنگیدان بە کاروباری پەروەردە و فێرکردن لە مەکتەبی تەنفیزی کرایەوە و ناوی لێ

---

(1) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.
(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٣)، (مارت، ١٩٦٨)، ل٩.
(3) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.
(4) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٣)، (مارت، ١٩٦٨)، ل٩.
(5) دیمانەی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.
(6) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.
(7) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٣)، (مارت، ١٩٦٨)، ل٩.

نرا بەشی تەندروستی و فێرکردن و بودجەی تایبەتی هەبوو و بە گوێرەی توانا سنووردارەکانی[1]خزمەتگوزاریی پێشکەشی هاوڵاتیان دەکرد. ئەمەش بووە فاکتەرێك بۆ ئەوەی رووێکی شارستانیانە بە شۆڕش ببەخشێ [2].

پێکهاتەی بەشی فێرکردن بریتی بوو لە:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعارف، بەرپرسیارێتیەکەی بە محەمەد ئیسماعیل محەمەد سپێردرا و هەریەکە لە محەمەد عەلی مستەفا و لەتیف نادر رواندزی [3] کران بە یاریدەدەرانی و بەڕێوەبەرایەتیەکە سەرپەرشتی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی دەکرد لە کوردستان، وەك دامەزراندنی مامۆستایان و کردنەوەی خول و دابەشکردنی دەرچووان بەسەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و ناردنی مووچە و جلوبەرگ و پێداویستیەکانی دیکە و دیارکردنی کاتی تاقیکردنەوەکانی قوتابیان و....هتد.

2- ئەو کاتە لە کوردستان سێ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە هەبوون:

أ. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، بارەگاکەی لە شارۆچکەی هیران بوو لە بناری چیای سەفین [4] و محەمەد مەلا قادری ئەندامی حزب و سەرکردە بەڕێوەبەری بوو و تاهیر عوسمان گۆمەشینی یاریدەدەری بوو [5].

ب. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك، لەگەڵ هێزی لیوای زاخۆ [6] بوو و بەڕێوەبەرەکەی شەفیق محەمەد سەعدوڵا بوو و محەمەد عەبدوڵا یاریدەدەری بوو[7].

ج. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك و سلێمانی، لە شارۆچکەی پێنجوین بوو [8]، ڕەمزی قەزاز بەڕێوەبەری بوو و جەعفەر ڕوکانی [9] یاریدەدەری بوو.

هەرسێك بەڕێوەبەرایەتیەکە خاوەنی ژمارەیەك کارمەند و سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان بوون و کارەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدا. لە هەندێك حالەتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکێك لە کارمەندانی ڕادەسپارد کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان[1] هەندێك کاری گرنگ ڕاپەڕێنێ.

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

(2) عەبدولغەنی عەلی یەحیا، "بەشی زانیاری و قوتابخانە و مامۆستایانی شۆڕش لە چەند لاپەڕەیەکی بیرەوەریماندا "، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پایزی٢٠٠٧)، ل٢٤.

(3) محەمەد عەلی مستەفا، "بەشی زانیاری "، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی ٢٠٠٨)، ل٤١.

(4) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.

(5) محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

(6) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.

(7) محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

(8) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.

(9) محەمەد عەلی مستەفا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤١.

سەرکردایەتی شۆڕش رشت بوو لەسەر چاودێریکردن و باشترکردنی خوێندن لە کوردستان، بەڵگەش بۆ ئەمە، ڕێژەی قوتابیانی دەرچوو لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩ زیاتر لە ٨٠% بوو، ئەمەش مانای وایە کە مامۆستا و وانەبێژان کارەکانیان وەك پێویست بەجێ دەگەیاند، هەروەها خواستی منداڵانی کوردستان لە وەرگرتنی زانست [٢].

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی سەرکردایەتی شۆڕش لە پێناوی باشترکردنی دۆخی فێرکردن، بەڵام دەزگای تایبەت بە گرنگیدان بەم بوارە لە کوردستان بە گوێرەی پێویست نەبوو، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی نالەباری شەڕ و ئابلۆقەی حکوومەت بۆ سەر کوردستان و لاوازیی توانا داراییەکان بوو.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەشی تەندروستی و فێرکردن و لەپێناوی نەهێشتنی نەخوێندەواریی کە بووبووە هەڕەشە بۆ سەر کوردستان، دەست بە کردنەوەی دەیان قوتابخانە کرا، هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا قوتابخانە و بنکەی زیاتری تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناوچە ئازادکراوەکان (٣ بکرێنەوە. ئەوەبوو لە ماوەی ساڵی ١٩٦٨ دا قوتابخانەی یەك پۆلی و دوو پۆلی کرانەوە و تیایاندا هەردووك ڕەگەز وانەکانیان بە زمانی کوردی دەخوێند. بەڵام شوێنی قوتابخانەکان بریتی بوو لە خانووی جوتیاری و ژمارەی کتێبیش زۆر کەم بوو. پرۆگرامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧١ داوای کرد کە ژمارەی قوتابخانەکان لە ناوچە ئازادکراوەکان بگاتە ٧٥٠ قوتابخانە، هەروەها پێویستە ژمارەیەکی زۆری کتێبی قوتابخانە چاپ بکرێن. بۆ نموونە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ ژمارەی قوتابیانی گوندی زینوێ کە ٨ کیلۆمەتر لە حاجی ئۆمەرانەوە دوورە، ٦٢ قوتابی کوڕ و کچ بووە و بەسەر پۆلی یەك و دوو دابەش کرابوون و دوو مامۆستا وانەیان تیادا دەوتەوە کە: فەهیم عەقراوی و زولفەقار [٤] بوون.

بە بۆنەی ٨ ی ئەیلوولی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە ڕێکخراو و ئەنجوومەنە جیهانییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە نەتەوە یەکگرتوەکان و گەل و میللەتانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، سەرکردایەتی شۆڕشی کرد ئەوەی لە توانایدا هەبوو کردی لە پێناوی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستان و ڕزگارکردنی میللەت لە تاریکی و مۆتەکەی دواکەوتن.بەم بۆنەیەوە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە لە ئەیلوول ی ١٩٦٨ داوای لە حکوومەتی عێراق کرد دەست لە سیاسەتە دوژمنکارییەکانی - لەم بوارە - لە دژی کورد هەڵگرێ و دەست بە کردنەوەی قوتابخانەکانی کوردستان بکات و یارمەتی گەلەکەی بدات بۆ ئەوەی بە زمانی دایك بخوێنێ، چونکە ئەمە مافێکی

---

(١) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٣.

(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٩)، (نیسان،١٩٦٩)، ل١٤.

(٣) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٦)، (تشرینی دووەم،١٩٦٨)، ل١٤.

(٤) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٥.

سرووشتی ژیانی مرۆڤە. هەروەها گۆڤارەکە داوای لە رێکخراوی یونیسێف و هەموو رێکخراوە گەورەکانی تری جیهان کرد کە لەپێناوی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا [٢] یارمەتی شۆڕشی کورد بدەن.

کاتێکیش لە کانونی دووەمی ١٩٦٩ جارێکی دیکە شەڕ لە کوردستان دەستی پێ کردەوە، سەرباری ناهەمواریی بارودۆخ، بەڵام پرۆسەی خوێندن بەردەوام بوو و لە ترسی ئەو هێرشە ئاسمانیانەی کە بە مەبەستی دابەزاندنی وەرەی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان[٣] بە بەردەوامی گوند و هاوڵاتیان دەکرانە ئامانج، مامۆستایان بۆ خوێندن قوتابیانیان دەبردە دەرەوەی گوندەکان و ناو ئەشکەوت و ژێر داروبار. هەر بۆیە دۆخی خوێندن و فێرکردن لە کوردستان رووی لە خراپی کرد و رۆژ بە رۆژ مەترسی زیاتر بوو، چونکە هێزەکانی حکوومەت چەندین قوتابخانەیان وێران کرد یان دایانخستن، هەروەها حکوومەت هەموو کارمەندانی خۆی لە ناوچە ئازادکراوەکان کێشاندەوە، بەمەش دەرفەتی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری تا ئاستێکی کەموێنە زیادی کرد و گەیشتە ٨٥%، ئەوەش بێگومان مەبەستی سەرەکی حکوومەتەکانی عێراق بوو [٤].

پاش ئەوەی رژێمی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٩ بڕیاری کێشانەوەی هەموو مامۆستایانی قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی دا، هەروەها فەرمانی بە هێزە سەربازییەکانی کە کرد قوتابخانەکان بۆردومان بکەن و بیانسووتێنن، لە سایەی ئەم دۆخە ناهەمواردا، بەشی تەندروستی و فێرکردن لە مەکتەبی تەنفیزی، وێڕای کەمی و لاوازیی تواناکانی، بەڵام بەردەوام بوو لە کردنەوەی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی لەم بوارەدا پێداویستیەکانی خەڵك دابین بکرێن. هەروەها بەشی ناوبراو رێنمایی تایبەتی سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندیی زیاتر دەرکرد، چونکە تەنیا یەك قوتابخانەی ناوەندی لە گەڵاڵە هەبوو، هاوکات بڕیاری دا بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری، خوێندن بە شەو ئەنجام بدرێ [٤].

لەگەڵ ئەم هەموو کێشە و بەربەست و مەترسی و دۆخە سیاسیە ناهەمواردا، هەوڵ و کۆششەکانی دامودەزگاکانی شۆڕش و کەسوکاری قوتابیان و مامۆستایان و خواستی منداڵانی کوردستان بۆ فێربوون، بوون بە فاکتەرێکی سەرکەوتوو بۆ درێژەدان بە خوێندن تا کاتی گەیشتن بە رێککەوتنی ١١ ی ئادار ی ١٩٧٠. هەروەها ئاستی زانستی قوتابیانی قوتابخانەکانی شۆڕش هیچی لە ئاستی قوتابیانی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ژمارە(١٥)، (ئەیلول، ١٩٦٨)، ل٨.

(٢) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٧" عومەر عوسمان مێرگەسوری، "هۆشیاری و رۆشنبیری نەتەوەیی"، ژ(١)، (هەولێر، پایزی٢٠٠٧)، ل٩.بۆ نموونە ، قوتابخانەی گوندی رەژووکەریان لە ناوچەی هەولێر لە ترسی بۆردومانی فرۆکە لە ئەشکەوتێك دابوو . بڕوانە ، ع. دیبەگەیی ، "مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول و مشتێ بیرەوەری"، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل٦٤.

(٣) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە ١٧.

(٤) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٣٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.

قوتابخانه حکومیەکان کەمتر نەبوو، ئەمەش بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایان بە دڵسۆزیەکی زۆرەوە کارەکانیان جێبەجێ دەکرد [1].

سەرەڕای کەمی توانا مادیەکانی شۆڕشی کورد، بەڵام هەوڵدان بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا درێژەی هەبوو، سەرکردایەتی شۆڕشیش قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگایە رووەدات کە خاوەنی رۆڵە و کادری رۆشنبیرە، چونکە ئەوان بناغەی هەموو گۆڕانکاریەکانن، بۆیە لەم قۆناغە مێژوویيە گرنگەدا سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵی دا بەبێ وەستان درێژە بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەی بدات و بەردەوام بێ لە کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگا و خولەکانی شیاندنی هاوڵاتیان بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکان و پڕکردنەوەی ئەو شوێنە بەتاڵانەی کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە [2].

لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩دا، بەشی تەندروستی و فێرکردن لە مەکتەبی تەنفیزی چەند خولێکی تایبەتی بۆ ئەو مامۆستایانە کردەوە کە لە قوتابخانە تازەکان دامەزرێنرابوون، بۆ ئەوەی فێری هەندێك لەو بنەما گرنگانە بکرێن کە پێویستە مامۆستا و بەڕێوەبەر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری قوتابخانە بیزانن، چونکە ئەم مامۆستایانە لەو بارەوە شارەزایی ئەوتۆیان نەبوو، ئەم جۆرە خولانەش بۆ ماوەی دوو هەفتە درێژەیان دەکێشا. دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و تەواوبوونی ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩، بەشی تەندروستی و فێرکردن پلانی بۆ ساڵی دواتر دارشت [3]. ئەوەبوو لە پایزی ١٩٦٨ بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی شۆڕشی دا [4].

لە ڕاستیدا بارودۆخی فێرکردن لە کوردستان زۆر ئاڵۆز بوو، تواناکانی وانە وتنەوەش سنووردار بوون، نەبوونی ژووری گونجاو و کەلوپەلی پێویست و کەمی کادری زانستی تایبەت بە وانەوتنەوە [5]، ئەمانە هەموویان کۆمەڵێك فاکتەر بوون کاریگەریی نەرێنیان بۆ سەر بەردەوامی خوێندن هەبوو. شۆڕشی کورد هەمیشە گلەیی لە کەمی و سنورداریی شێوازەکانی فێرکردن هەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ یارمەتیەکی لەلایەن یونسکۆوە پێ بگات و هەموو ئەو هەنگاوانەی دەنران تا نزمترین ئاست سنووردار بوون. بۆیە ئەو یاداشتنامەیەی کە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: "... هەموو نەوەی ئێستای

---

(1) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٨.

(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١٠.

(3) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤.

(4) فوئاد حەمە لاو، بۆچی پێمان...، ل٣٢؛ عەزیز هەریری، "مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە قەڵەمی دەستیان و چەکی شانیانەوە بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان خەباتیان دەکرد"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری ٢٠٠٨)، ل٤١.

(5) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٨.

کوردستان لەژێر هەڕەشەی دۆخێکی درێژخایەن و جێگیری نەخوێندەواری دایە و زۆرینەی هەرە زۆری ئەم گەلە دوور لە چوارچێوەی زۆر سنووردارى هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا دەمێنێتەوە..."[1].

نالەباریی دۆخی شەڕ لە کوردستان لەدوای شۆڕشی ١١ ی ئەیلوول ی ١٩٦١ و باراندنی بۆمب بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە بەسەر گوندەکانی کوردستان و بۆردومانکردنی قوتابخانە و مزگەوت و کلێساکان بووە رێگر لەبەردەم درێژەدان بە خوێندن لە کاتی شەڕدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی خەبات ناڕەزایی بەرامبەر بە ئەگەری خۆبەدەستەوەدان بۆ بارودۆخ دەربڕی و داوای ڕووبەڕووبوونەوەی کرد. رۆژنامەکە رایگەیاند کە دەبوایە: "..... سەرکردایەتی شۆڕش بە هەموو نرخێك پارێزگاری لە قوتابخانەکان بکات، ئینجا لە رێگەی دروستکردنی پەناگە بوایە یان خوێندن بە شەو یان لە دەرەوەی گوندەکان، چونکە وڵات هەن بە هەمان ئەو دۆخەدا تێدەپەڕن، بەڵام قوتابخانەکان دەپارێزن..." [2].

پێدەچێ لە سەرەتادا دۆخەکان ناخۆش بووبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی شۆڕش هەنگاوی بەرچاوی هەڵێنا و توانی هەتا مانگی ئاداری ١٩٦٩ زیاتر لە ١١٠ قوتابخانە و چەندین بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە بارەگاکانی پارتی و سوپا بکاتەوە [3].

سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەیی لە کوردستان پێویستی بە کادری زانستی تایبەتمەند هەبوو، بەڵام ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە لە شەستەکانی سەدەی بیست لەناو شۆڕش کاریان دەکرد، لە دەرچوانی پەیمانگا و خولەکانی مامۆستایان خۆی لە ١٠ مامۆستا نەدەدا [4]. بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە، شۆڕش هەوڵی کردنەوەی کۆمەڵێك خولی شیاندنی مامۆستایانی دا، لەو بارەوە هەتا مانگی ئاداری ١٩٦٩، بەشی تەندروستی و فێرکردنی سەر بە مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوو خولی تایبەت بە شیاندن و ئامادەکردنی هەندێك لە ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانی کردەوە بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا ئەرکی مامۆستایەتی ببینن [5]. هەروەها بەشی ناوبراو رایگەیاند لە پێناوی شیاندن و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانەکان، بە نیازە لە هاوینی ١٩٦٩ دا خولی فراوانی زیاتر بکاتەوە [6].

لە پێناوی شیاندنی ژمارەی پێویستی مامۆستایان، بەشی تەندروستی و فێرکردن لە رێگەی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە ئاگاداریەکی بڵاو کردەوە و تیایدا داوای لە دەرچوانی خوێندنی سەرەتایی و

---

(1) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە ١٧.

(2) بڕوانە ژمارە (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل١٨.

(4) تاهیر گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.بەڵام توێژەر عەبدولغەنی عەلی یەحیا دەڵێ ژمارەیان نەدەگەیشت بە

(5) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣.

(6) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١١.

ناوەندی و دواناوەندی و هەموو ئەوانە کرد کە خوێندنەوە و نووسین بە باشی دەزانن، بە مەبەستی بەشداربوونیان لە خولەکانی شیاندن و پێگەیاندنی مامۆستایان پەیوەندی بە بەشەکەوە بکەن [1]. دواتر لە رۆژی یەکەمی تەموزی ١٩٦٩ دا خولێکی شیاندنی بۆ ٥٦ کەس کردەوە بۆ ئەوەی بن بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شۆڕش و دوو مانگی خایاند [2] و بە درێژایی ماوەی خولەکەش بەشی تەندروستی و فێرکردن هەموو پێداویستیەکانی وەك بەشە ناوخۆییەکان و خواردن و شتی تری بۆ قوتابیان دابین کرد[3].

لە خولی یەکەمدا ئەم بابەتانەی خوارەوە پێشکەش کران: بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانە، زانستە کۆمەڵایەتیەکان، پەروەردە و دەروونناسی، رێگاکانی وانە وتنەوە، زانستی سیاسەت، شۆڕشی هاوچەرخی کورد، شۆڕشی گەلان، عێراق، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، مێژووی پارتی، پەروەردەی تەندروستی. ئامادەبووانیش بریتی بوون لە هەریەکە لە: محەمەد ئیسماعیل محەمەد، لەتیف نادر رواندزی، محەمەد عەلی مستەفا، مەحمود عوسمان، پارێزەر جەرجیس فەتحوڵا، ڕەمزی قەزاز، فازل تاڵەبانی، هاشم عەقراوی، ڕەفیق چالاك[4]. مەبەست لە پێشکەشکردنی ئەم وانانە ئەوەبوو کە قوتابیان بگەنە ئاستێکی زانستی باش، بۆ ئەوەی بتوانن وەك پێویست ئەرکەکانی سەر شانیان ڕاپەڕێنن [5].

رۆژی ٣١ ی ئابی ١٩٦٩ بەبۆنەی تەواوبوونی خولەکە و دەرچوونی ٥٠ قوتابی لە کۆی ٥٦ بەشداربوو، ئاهەنگێکی تایبەت رێکخرا و ژمارەیەك لە بەرپرسانی شۆڕش تیایدا بەشدار بوون و چەند وتەیەك پێشکەش کران و نوێنەری مەکتەبی سیاسی پارتی ڕوونی کردەوە کە سیاسەتی شۆڕش بەرامبەر پەروەردە و فێرکردن ئاشکرا و ڕوونە، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پارتی ئامادەیە لە پێناوی ژیاندنەوەی کاروانی فێرکردن لە کوردستانی ئازاد هەموو شێوازەکانی یارمەتی پێشکەش بکات. قوتابیان چەند سروودێکی نیشتمانی و شانۆگەریەکیان پێشکەش کرد، دواتر بڕوانامە بە دەرچوان بەخشرا [6]، ئینجا بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان دا دابەش کران [7].

---

(1) تاهیر گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤؛ دلشاد ئیسماعیل سەعید، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٠؛ عیسا ئەحمەد شێخانی، "شۆڕش و پەروەردە بیرەوەرییەك لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزنەوە"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل ٧٣.

(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٣)، (ئەیلول،١٩٦٩)، ل٥.

(3) شێرکۆ عەزیز ئەمین، "ئەو بیرەوەریانەی کە لە یادم ناچێت"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل٧١؛ محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٢.

(4) گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل٤٥؛ عەبدولواحید دیبەگەیی (حەکیم)، " مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول کێن؟"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پایزی ٢٠٠٧)، ل٤٧.

(5) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢١)، (حوزەیرانی ١٩٦٩)، ل٨ ؛ محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(6) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٣)، (ئەیلول، ١٩٦٩)، ل٥.

(7) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٤)، (تەشرینی دووەم، ١٩٦٩)، ل٨.

دواتر بڕیار درا لە ١ ی ئەیلوول ی ١٩٦٩ خولی دووەمی شیاندنی مامۆستایان بکرێتەوە و چاوەڕێ دەکرا ٨٠ قوتابی تیایدا بەشدار بێ [1]، بەڵام تەنیا ٦٨ قوتابی بەشداریان کرد و دوو مانگ بەردەوام بوو[2]. لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩دا و بە بۆنەی تەواوبوونی ئەم خولە [3] ئاهەنگێکی تایبەت ساز کرا.

شایەنی باسە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی داواکاریی بەشداربوون لە خولەکانی مامۆستایان، بەرپرسانی شۆڕش ناچار بوون تاقیکردنەوەی تایبەت بە داواکاران بکەن بۆ ئەوەی دواتر بەگوێرەی نمرەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە خولەکان وەربگیرێن.بەڵام دەرچوانی دواناوەندی لەبەر ئەوەی زانیاریان باش بوو [4] بۆیە بەبێ تاقیکردنەوە وەردەگیران.

هەروەها بەشی تەندروستی و فێرکردن لە مەکتەبی تەنفیزی رایگەیاند کە بەنیازە لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ خولی سێیەمی شیاندن بە بەشداربوونی ٧٠ قوتابی بکاتەوە [5]. دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کردنەوەی خولە تازەکە، داواکاران رووبان کردە ناوچەی گەڵاڵە و دوو تاقیکردنەوەیان پێ کرا، یەکەمیان زارەکی بوو و لە لایەن جەرجیس فەتحوڵا و هاشم عەقراوی و محەمەد ئیسماعیل ئەنجام درا، تاقیکردنەوەی دووەمیش نووسینەکی بوو و لە ناوەندیی گەڵاڵە و بە سەرپەرشتی بەشی تەندروستی و فێرکردن ئەنجام درا، دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان، سەرکەوتووان لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان وەرگیران و لە گوندی چۆمان[6] خوێندن دەستی پێکرد و خولەکە بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوو [7]. لە ١٨ ی شوباتی ١٩٧٠ ئاهەنگی کۆتایی بۆ دواین خول لە قوتابخانەی گەڵاڵە [8] ساز کرا و تیایدا بڕوانامە و بڕی ١٠ دینار [9] وەک یارمەتی بەسەر دەرچوان دابەش کرا و بەم جۆرە شۆڕش توانی مامۆستا بۆ قوتابخانەکانی دابین بکات.

ژمارەی مامۆستایانی سەر بە بەشی تەندروستی و فێرکردن نزیکەی ٣٠٠ مامۆستا بوو [10] و لە سەرەتادا ئەوان هیچ یارمەتی و مووچەیەکیان نەبوو [11]، خەمی یەکەمی مامۆستایانی شۆڕشیش مووچە

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٣)، (ئەیلول، ١٩٦٩)، ل٥.

(2) هەمان سەرچاوە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دوهەم، ١٩٦٩)، ل٨.

(3) باوەکر عوبێد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(4) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.

(5) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.

(6) عاسم مایی، "لاپەڕەیەک ژ شۆڕشا مەزنا ئەیلوولێ"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل٥٩.

(7) خدر ئەحمەد بامەرنی، "بیرەوەری"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٢)، (هەولێر، زستانی٢٠٠٨)، ل٥٥.

(8) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(9) خدر ئەحمەد بامەرنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(10) عەبدولغەنی عەلی یەحیا، بەشی زانیاری...، ل٢٤.

(11) تاهیر گۆمەشینی، "لە بیرەوەریەکانی مامۆستا و پێشمەرگەی شۆڕش هەڵوێست و هەڵوەستەیەک"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل١٢.

نەبوو، بەڵکو رزگارکردنی رۆڵەکانی کورد بوو لە دواکەوتن و نەخوێندەواریی [1].دواتر بەشی تەندروستی و فێرکردن بڕیاری دا موچە بۆ مامۆستایان ببڕێتەوە [2]، موچەکانیش دوو پلە بوون، موچەی دەرچوانی خوێندنی ناوەندی ١٢ دینار بوو، دەرچوانی دواناوەندیش ١٥ دیناریان وەردەگرت، هەروەها سێ دینار [3] وەك پاداشت بۆ ئەو مامۆستایانە تەرخان کرا کە ئێواران وانەیان دەوتەوە. موچەی سەرپەرشتیارانیش چوار دیناری لە موچەی مامۆستایان زیاتر بوو، هەروەها نەسریەیەکی تایبەتیان بۆ خەرج دەکرا و موچەی مامۆستایان لەلایەن ژمێریارێکی تایبەتەوە دابەش دەکرا [4]. جگە لەوە، بڕی پێنج دینار وەك نەسریەی تایبەت بۆ دابینکردنی کۆمەڵێك پێداویستی [5] وەك سووتەمەنی و ئامێرەکانی رووناککەرەوە و هی تر بۆ هەر قوتابخانەیەك دیار کرا.

مامۆستایانی شۆڕشی کورد لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکاندا هەوڵ و کۆششی زۆریان خستەگەڕ، لە زۆربەی قوتابخانەکانیشدا دەوامکردن بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1- دەستەی یەکەم: دەوامەکەی لە کاتژمێر ٨-١١ ی بەیانی بوو و تیایدا منداڵانی تەمەنی ٦-١٠ ساڵ دەیانخوێند.

2- دەستەی دووەم: : دەوامەکەی لە کاتژمێر ١-٤ ی ئێوارە بوو و تیایدا تازە پێگەیشتوان و لاوان لە تەمەنی ١٢-٢٠ ساڵ دەیانخوێند.

3- دەستەی سێیەم: دەوامەکەی لە کاتژمێر ٤-٦ ی ئێوارە بوو و تیایدا خەڵکی بەتەمەن ٢٠-٤٠ ساڵ دەیانخوێند و پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواریان بۆ دیار کرابوو و تەنیا زمانی کوردی و بیرکاریان دەخوێند.

4- دەستەی چوارەم: دەوامەکەی لە کاتژمێر ٨-١٠ ی شەو بوو و بە زۆری لەو گوندانە دەکرانەوە کە بارەگای پێشمەرگەیان تێدابوو و پرۆگرامەکانیان تایبەت بوون بە نەهێشتنی نەخوێندەواری و تەنیا زمانی کوردی و بیرکاریان تێدا دەخوێنرا [6].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە رێگەی کردنەوەی قوتابخانە و بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و خولەکانی شیاندنی مامۆستایانەوە سوور بوو لەسەر بنبڕکردنی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری لە

---

(1) عومەر عوسمان مێرگەسووری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(2) تاهیر گۆمەشینی، لە بیرەوەریەکانی...، ل١٢.

(3) عەبدولغەنی عەلی یەحیا، بەشی زانیاری...، ل٢٤.

(4) تاهیر گۆمەشینی، لە بیرەوەرییەکانی...، ل١٢.

(5) محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(6) فوئاد حەمە لاو، بۆچی پێمان...، ل ل ٣٢-٣٣. مامۆستایەکی دیکە بەناوی ئیسماعیل ئەبوبەکر حەسەن دەڵێ : لەو قوتابخانەیەدا کە تیایدا وانەی دەوتەوە دەوام بە دوو دەستە بوو ، بەیانی کە تایبەت بوو بە منداڵان و دەوامی ئێواران بۆ گەوران و نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو . بڕوانە بابەتەکەی ،"مامۆستایەکی شۆڕش ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(٣)، (هەولێر، بەهاری٢٠٠٨)، ل ٧٦.

کوردستان و رزگارکردنی میللەت لەم مەترسی و نەخۆشیەی کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتن بوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا [1]. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵی زۆری لەگەڵ رێکخراوە جیهانی و مرۆییەکان دا بۆ ئەوەی لەم بوارەدا یارمەتی گەلی کوردستان بدەن [2]. گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە پەسنی ئەم هەنگاوانەی مەکتەبی تەنفیزی کرد و لە بابەتێکیدا هاتووە: لەم بۆنەیەدا، بۆ رژێمی " گەندەڵ" ی بەغدا دووپاتی دەکەینەوە کە لە پێناوی دواخستن و لەناوبردنی گەلی کورد چ سیاسەتێك بگرێتە بەر و چ پلانێك جێبەجێ بکات، هیچ ئازارێك بە وردی بەرزی ئێمە ناگەیەنێ و شتی نابەجێ تەنیا بەسەر خاوەنەکەیدا دەشکێتەوە، چونکە شۆڕش لە هەموو بوارەکاندا بەردەوامە لە پێشکەوتن و حزبی بەعس و بەگرێگیراوانی ناتوانن شۆڕشەکەمان لاواز بکەن و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان [3].

بەم جۆرە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە بەرامبەر ئەو بەربەستانەدا دەستەوەستان نەمایەوە کە رووبەڕووی دەبوونەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لە بواری فێرکردن و پرۆسەی خوێندن لە پێشکەوتن دابوو، هەر ئەمەش بووە مایەی راکێشانی سەرنجی میدیاکانی جیهان. لە راپۆرتێکی رۆژی ٢٤ ی حوزەیرانی ١٩٦٩ ی رۆژنامەی کۆمبا ی پاریسیدا لەژێر ناونیشانی لە شەڕکردنیدا لەگەڵ کوردستان، بەغدا سەرناکەوێ هاتووە: ".. لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی حکوومەتی عێراقدا لە بەرپاکردنی شەڕ لە دژی کوردستان لە کەرکوك، هەولێر، کۆیە....هتد، بەڵام نەیتوانیوە یەك بست پێشڕەوی بکات، ئەگەرچی سوپای عێراق پشت بە چەکی ئاسمانی دەبەستێ ". سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردنیش، لە راپۆرتەکەدا هاتووە: "... لەگەڵ ئەوەشدا لە پارچە ئازادکراوەکانی کوردستان جموجۆل و چالاکی بەدی دەکرێ و سەرکردایەتی باڵای شۆڕش بە خۆشحاڵیەوە رایگەیاند کە بەر لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ توانیویەتی ٣٣٠ قوتابخانە لە ناوچە ئازادکراوەکان بکاتەوە..." [4].

ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات گرنگیەکی زۆریان بە قوتابیان و رۆڵیان لە شۆڕشی کورد دا، کاتێك ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کۆنگرەی ١٣ ەمی لە ماوەی نێوان ١١-١٧ ی ئابی ١٩٦٩ لە شاری بەرلینی رۆژئاوا ساز کرد، وتەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەلایەن دارا تۆفیقی ئەندامی ئەنجوومەن پێشکەش کرا و تیایدا باسی لە گرنگی رۆڵی قوتابیانی کورد لە وڵاتانی بیانی کرد، هەروەها رایگەیاند کە کورد شانازی بە دڵسۆزی و چالاکییەکانیان دەکات و داوای کرد لە پێناوی خزمەتکردنی دۆزی نەتەوەییاندا هەوڵی زیاتر بدەن،

---

(1) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

(2) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١١.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٨.

(4) وەرگیراوە لە ، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٢)، (تەموز،١٩٦٩)، ل٢.

دواتر باسی لە چەند لایەنێکی شۆڕشی کورد کرد و ئەو شێوازە نامرۆیی و دەستدرێژیی و هێرشانەشی خستە روو کە حکوومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لە دژی گەلی کورد ئەنجامیان داوە، بە تایبەتی لەم دواییانە، هەروەها چۆنییەتی بەرپەرچدانەوەی ئەم دەستدرێژیانە لەلایەن گەلی کورد [1].

لە پێناوی درێژەدان بە پرۆسەی فێرکردن لە کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەمیشە لە خەمی دابینکردنی کتێب و پێداویستیەکانی خوێندن دابوو و بە چەند شێوازێکیش کتێبی خوێندن بۆ قوتابیان دابین دەکرا، دیارترینیان:

1- لق و لیژنە ناوخۆییەکانی پارتی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت نزیك بوون، هەوڵیان دەدا لە رێگەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئەم ناوچانەوە کە لایەنگری شۆڕش و پارتی بوون، کتێب بۆ دامودەزگاکانی شۆڕش دابین بکەن.
2- لە رێگەی ئەو کارمەندە حکومی و کرێکارانەی کە لایەنگری شۆڕش بوون و لە کۆگاکانی حکوومەت کاریان دەکرد.
3- کتێبە زیادەکانی ئەو قوتابخانانەی کە پێشتر لەلایەن حکوومەتەوە داخرابوون.

بەم شێوەیە کتێب دەستەبەر دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کتێب زۆر کەمتر بوو لە ژمارەی قوتابیان، بۆیە مامۆستایان ناچار دەبوون وانەکان لەسەر تەختەڕەش بنووسنەوە بۆ ئەوەی دواتر قوتابیان هەمان شت بگوازنەوە سەر دەفتەرەکانیان و لەماڵەوە پێیدا بچنەوە [2].

سەبارەت بە دابینکردنی دەفتەر و پەڕاوگە و تەباشیریش، شۆڕش لە رێگەی ئەو قوتابخانە حکومیانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکانەوە نزیك بوون [3]، دەفتەر و پێنووس و قەڵەمبڕ و لاستیکی ڕەشکردنەوەی دابین دەکرد، یان لە رێگەی کڕینیان لە بازاڕەکان، یان ئەو یارمەتیانەی لەلایەن ئێرانەوە دەگەیشتن بە شۆڕش یاخود ئەو کۆمەکەی رێکخراوە کوردیەکانی دەرەوە، وەك ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، ڕەوانەی کوردستانیان دەکرد و ئەم کەلوپەلە بەبێ بەرامبەر بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکرا [4]. تەباشیریش بە هەمان شێوە دابین دەکرا، هەندێك جاریش مامۆستا ناچار دەبوو بە پارچە گەچێك لەسەر تەختەڕەش وانەکان بنووسێتەوە [5]. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە دانیشتوانی گوند و شارە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی، ڕۆڵێکی باڵایان بینی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن بۆ قوتابخانەکانی شۆڕش و پشتگیریکردنیان [6].

---

(1) هەمان سەرچاوە، ژمارە (٢٤)، (تشرینی دووەم، ١٩٦٩)، ل٢٥.
(2) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.
(3) هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.
(4) دیمانە لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.
(5) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.
(6) ع. دیبەگەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤؛ عەزیز هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

بەم جۆرە و سەرەڕای ئەم هەموو بەربەست و کەموکورتیانە، بەڵام ئەم قوتابخانانە توانیان قوتابیانی کورد فێری خوێندنەوە و نووسین و پەروەردەیەکی نەتەوەیی راست بکەن. لە بەرەبەیانی زووەوە قوتابیان سروودی نیشتمانی وەك : ئەی رەقیب، پێشمەرگەین بە هەڵەتین، وەلاتێمە کوردستانە، پێشڕەوی کورد پارتیە، سەرۆکمان بارزانییە.... یان دەوتەوە [1].

هەروەها ئاستی فێرکردن لە قوتابخانەکانی شۆڕش تا رادەیەك باش بوو، چونکە مامۆستایان خۆیان بۆ ئەم پیشەیە تەرخان کردبوو و سەرقاڵی شتی تر نەبوون، دانیشتوانی گوندەکانیش یارمەتیان دەدان، لە راستیدا سەدان منداڵ و گەورە سوودیان لە مامۆستا و قوتابخانەکانی شۆڕش وەرگرت [2]. ئاستی قوتابیانی شۆڕش لە ئاستی قوتابیانی قوتابخانە حکومیەکان کەمتر نەبوو، ئەمەش بە گەواهی ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییە حکومیانەی کە بەر لە دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ [3] سەردانی قوتابخانەکانی شۆڕشیان کرد.

سەبارەت بە ئایندەی قوتابخانەکان و مامۆستایانی شۆڕشیش، ماوەیەك پێش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئادار، حکوومەت شاندێکی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی رەوانەی کوردستان کرد، شاندەکە – وەك نیازپاکیەك - ئامادەباشی دەربڕی بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی شۆڕش، هەروەها سەردانی چەندین قوتابخانەی کرد و ئەندامانی شاندەکە خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر ئاستی زانستی قوتابیان دەربڕی و بەرپرسان داوایان کرد دان بە قوتابخانە و قوتابیانی شۆڕش دابنێن، شاندی حکوومەت رەزامەندی پیشان دا [4] و لەو کاتەوە قوتابخانەکانی شۆڕش بوون بە قوتابخانەی فەرمی و هەر قوتابیەك لە هەمان پۆلەکەی لە قوتابخانە حکومیەکان وەرگیرا. دەربارەی مامۆستایانیش، خولێکی راهێنان بۆ ماوەی ساڵێك بۆ دەرچووانی خوێندنی ئامادەیی کرایەوە، دواتر وەك مامۆستا دامەزرێنران، دەرچوانی خولەکانی شۆڕشیش بە سیفەتی رابەر دامەزرێنران، هەروەها هەندێکیان بوون بە نووسەر لە قوتابخانەکان یان وەك کارمەند لە فەرمانگەکانی دەوڵەت دامەزران. ئەو مامۆستایانەش کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، گەڕێنرانەوە قوتابخانەکانیان و ماوەی پەیوەندیکردنیان وەك خزمەت بۆ بەرزکردنەوە و خانەنشینکردن بۆ هەژمار کرا. دەبێ ئەوەش بزانین کە دامەزراندن وەك کارمەند یان

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(2) عەبدولغەنی عەلی یەحیا، بەشی زانیاری...، ل٢٤.

(3) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥؛ ئەحمەد سەعید عەبدوڵا، " مامۆستایێ شۆڕشا ئەیلولێ کی نە"، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پایزی٢٠٠٧)، ل٣٧.

(4) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥؛ گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پایزی٢٠٠٧)، ل٥٣.

مامۆستا ئەو کاتە وا ئاسان نەبوو، بەڵکو ئەمە ئیمتیازێك بوو بەوانە بەخشرا کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو [1].

شایەنی باسە، حکوومەت - دوای ڕێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ - بە گوێرەی توانا هەوڵی دا مامۆستایانی شۆڕش لە وانەوتنەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ قوتابیان دوور بخاتەوە، چونکە ترسی هەبوو لەوەی کار بکەنە سەر هزر و ئاراستەکانی قوتابیان، بەو پێیەی ئەوان لە یەك کاتدا مامۆستای شۆڕش و کادری پارتی بوون [2].

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.شایەنی باسە حکومەتی عیراق لە ئەنجامی نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ ، مامۆستایانی شۆڕش و ڕابەرانی بۆ باشووری عیراق گواستەوە و ڕژێم بە مامۆستایانی پارتی ناوی دەبردن . بڕوانە ، عەبدولواحد دیبەگەیی (حەکیم) ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٧.

(2) گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژ(١)، (هەولێر، پاییزی٢٠٠٧)، ل ل ٥٢-٥٣. پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکەین کە مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول لە ١١ ی ئابی ٢٠٠٦ لە ئەنجومەن یان ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان ، بە ناوی (ئەنجومەنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول) کۆبوونەوە و ئێستا گۆڤارێك بە ناوی "پەیامی ئەیلول" دەردەکەن کە زانیاری زۆر سەبارەت بە پرۆسەی فێرکردن لەو قۆناغەی کوردستان دەگرێتە خۆی.

چوارەم: کێشەی زەویوزار و دۆخی جوتیاران

بارودۆخی ئابووری جوتیارانی کوردستان لە سەردەمی پادشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨ بە دواکەوتوویی و داگیرکردنی زەویوزاری کشتوکاڵی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە ناسرابوو. سەبارەت بە دۆخی دانیشتوانی کورد لە کۆتایی سەردەمی پادشایەتیدا، ساڵی ١٩٥٦ عەبدوڵرەحمان بەزازی[١] مافناس و سەرۆکوەزیرانی - پێشووتری - عێراق نووسیویەتی: "... سیماکانی هەژاریی بە گوندنشینانەوە دیار بوو، ئەو جلە کۆنانەش کە جەستەکانیان پێ دادەپۆشی، ئاماژە بوو بۆ نەبوونییەکی توند، ئەو شێوازە سەرەتاییانەی بۆ کشتوکاڵکردن بەکاریان دەهێنا، سەدە کۆنەکانی دەخستینەوە یاد..."[٢].

حکوومەت لە ماوەی ساڵانی یەکەمی تەمەنی کۆماریدا چەند ڕێوشوێن و هەنگاوێکی گرتە بەر بۆ بووژاندنەوەی ئابووری نیشتمانی. لە ٣٠ ئەیلوول ی ١٩٥٨ یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی دەرکرا و بە هۆیەوە مووڵکدارێتی گەورە مەلاکەکان بە ١٠٠٠ دۆنم زەوی بەراو و ٢٠٠٠ دۆنم زەوی دێمی دەستنیشان کرا، زەویەکانی تریش بەسەر جوتیاران دابەش دەکرێن، لە نێوان ٣٠-٦٠ دۆنم بۆ زەویە بەراوەکان و ٦٠-١٢٠ دۆنم بۆ زەویە دێمیەکان [٣]. یاساکە دەسەڵاتە سیاسی و ئابووریەکانی دەربەگە گەورەکانی تێکشکاند [٤]، هەروەها پێکهاتەی دەرەبەگایەتی لە ناوچە گوندنشینەکانی عێراق هەڵوەشاندەوە و جوتیارانی لە ستەم و هەژاری ڕزگار کرد [٥]. حکوومەت پێی وابوو کە لەناوبردنی دەرەبەگایەتی دەبێتە مایەی زیادکردنی بەرهەم [٦].

ئەو سیاسەتە ئابووریەی لەلایەن حکوومەتەوە لە کوردستانی عێراق گیرایە بەر دەرەنجامی خراپی لێ کەوتەوە، چونکە ئەو چاکسازیانەی کە حکوومەت لە بەغدا و چەند شارێکی گەورەی دیکە پیادەی

---

(١) عەبدوڵرەحمان بەزاز ساڵی ١٩١٣ لە بەغدا لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٣٥ کۆلێژی مافی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٥٠ بۆتە ڕاگری کۆلێژی ماف ، ئینجا لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە باڵیۆزی عیراق لە قاهیرە و پاشان لە لەندەن ، تا ئەو کاتەی لە ٦ ی ئەیلولی ١٩٦٥ کرا بە جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە لە وەزارەتەکەی عارف عەبدوڵرەزاق، دواتر دوو جار پایەی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت ، یەکەمیان لە ٢١ ی ئەیلولی ١٩٦٥ و دووەم لە ١٨ ی نیسانی ١٩٦٦ پێکهێنران . لە ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کرد . بۆ زانیاری زیار دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا ، بڕوانە، محەمەد کەریم مەهدی مەشهەدانی ، سەرچاوەی پێشوو .

(٢) بڕوانە کتێبەکەی ، چەند لاپەڕەیەك لە دوێنێی نزیکی شۆڕشی عیراق ... ئایا حەتمی بوو؟ ، (بەیروت ، ١٩٦٠)، ل ١٤١. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی واقیعی ئابووری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عیراق لە سەردەمی پادشایەتیدا ، بڕوانە ، چاوخشاندنەوەیەك بە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق ، چاپی ٢ ، (هەولێر ،٢٠٠٥) ، ل ل ١٩٩-٢٣٠.

(٣) عیماد ئەحمەد جەواهیری ، مێژووی کێشەی زەویوزار و چاکسازی کشتوکاڵی لە عیراق ١٩٣٣-١٩٧٠ ، دکتۆرانامەیەکی بڵاونەکراوەیە ، کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی بەغدا ، (بەغدا ، ١٩٨٢) ، ل ل ٣٢٣-٣٢٥" لیژنەیەك لە دەزگای ڕۆشنبیری کرێکاریی ، مەسەلەی کورد و ئۆتۆنۆمی ، (بەغدا ، ١٩٧٥) ، ل ل ٣٣-٣٤.

(٤) ماریۆن و پیتەر سلوجلت ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٥.

(٥) عەبدولوەهاب حەمید ڕەشید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥٢.

(٦) مەجید خەدوری ، سەرچاوەی پێشوو ، ٢١٣.

کرد ناوچە کوردیەکانی نەگرتەوە [2]. ئەگەرچیش یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی کە لە ٣٠ ئەیلوول ی ١٩٥٨ دەرکرا گورزێکی گەورەی لە مۆڵکدارە گەورەکان وەشاند و لە بنەڕەتدا مەبەست لە دوایەوە نەهێشتنی دەرەبەگایەتی بوو، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر دۆخی جوتیارانی کورددا نەهێنا[3]، چونکە یاساکە تایبەتمەندیەکانی دۆخی کشتوکاڵی لە کوردستان لەبەر چاو نەگرت [4]. بە گوێرەی یاساکە، خاوەندارێ هەزار دۆنم زەوی بەراو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بە مۆڵکداری ناوەند هەژمار کرا، بەڵام لە کوردستان حیسابی مۆڵکداری گەورەی بۆ کرا [5]. لەگەڵ خراپەکانی ئەم یاسایە لە چارەسەرکردنی کێشەی زەویە کشتوکاڵیەکان لە کوردستان، بەڵام حکوومەت بە ئامانجی پەلکێشکردنی ئاغاکانی کورد بۆ خۆی و سوودوەرگرتن لێیان لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کورد و سنووردارکردنی، جیبەجێکردنی یاساکەی لە ناوچە کوردیەکان پشتگوێ خست، بەوەش نەوەستا، بەڵکو لەسەر حیسابی جوتیاران کۆمەڵێك ئیمتیازاتی بەرفراوانی پێ بەخشین [6]. ئەمانەش هەمان ئەو سیاسەتانە بوون کە پێشتر لە سەردەمی پادشایەتیدا گیرانە بەر.

لە راستیدا جوتیارانی کورد لە ماوەی ساڵانی شۆڕشی کورددا بە دەستی دۆخی خراپی ئابووریەوە دەیانناڵاند، چونکە ئەوان بەهۆی بارودۆخی شەڕ و سووتانی بەرهەمەکانیان، هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر جار حکوومەت رێگەی لە جوتیاران دەگرت کە بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی ناوچە نزیکەکان و شارە گەورەکان ساغ بکەنەوە، لە توانایاندا نەبوو وەك پێویست زەویەکانیان دابچێنن. ئەمە سەرباری راگواستنی ژمارەیەکی گەورەی گوندنشینان و سووتاندنی گوندەکانیان بە بیانووی هاوکاریکردنی شۆڕشی کورد [7] و بەخشینیان بە جوتیارانی عەرەب کە بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوورەوە دەهێنران.

ئەو کردەوە سەربازیانەی کە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١١ ی ئەیلوول ی ١٩٦١ ئەنجام دران، زیانی زۆر گەورەیان بە بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان گەیاند، بۆ نموونە، ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦٣ رێژەی

---

(1) پاڤل بیڤانۆڤیچ دیمچینکە ، کوردستانی عیراق گرگرتوو - خستنەڕوویکی رۆژنامەوانیانە بۆ یەکێك لە قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد - وەرگێڕانی جەرجیس حەسەن ، (کوردستان ، ١٩٨٤) ، ل ١٢.

(2) ش.ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٩.

(3) دلێر ئیسماعیل شاوەیس، " بارودۆخی ئابووری لە کوردستانی عیراقدا - کۆتایی ساڵانی ١٩٥٠ سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ دا"، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١١)، (هەولێر، کۆتایی ئایاری١٩٩٩)، ل ل ١٣٧ - ١٣٨.

(4) جەمال حەیدەری " شیوعیەکان پێشەنگی خەباتکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان و گەیشتنی گەلی کورد بە مافی دیارکردنی چارەنووس و ئازادی و یەکێتی نەتەوەیی " ، لە ، حزبی شیوعی عیراق ، هەڵوێستمان بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد ، کۆمەڵێك بەڵگەنامە ، (بەغدا ، ١٩٧٣) ، ل ٣٥.

(5) مسعود بارزانی ، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، کورد و شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨" ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ - ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ " ، (کوردستان ، ١٩٩٠) ، ل ٨٤ " ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥١.

(6) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژمارە (٤)، ساڵی دووەم، کانونی دووەم١٩٦٥.

بەرهەمهێنانی توتن لە کوردستان بە رێژەی ٦٦% کەمی کرد، ئەمەش زیانی گەورەی بە ئابووری وڵات گەیاند [٢].

هەروەها بە گوێرەی بڕیارێکی نهێنی کە لە سەرەتاکانی مانگی ١٠ ی ١٩٦٥ دەریکرد، حکوومەت لە ٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ دەستی بە جێبەجێکردنی پلانێکی سەرتاسەریی تایبەت بە سووتاندنی گوندە کوردیەکان کرد، بەمەش دۆخی جوتیارانی کورد و گوندنشینان خراپتر بوو. دەربارەی ئەم پلانە، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد لەو یاداشتنامەیەدا کە لە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٦٦ ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد رایگەیاند کە پلانەکە بریتی بوو لە: "... کۆکردنەوەی هێزی گەورەی سەربازی لە یەك ناوچەدا و ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر گوندەکان لە رێگەی تۆپ و تانك و هێزی پیادە و بۆمبی ناپاڵم و سووتێنەری قەدەغەکراو بەهۆی فرۆکەوە . تا ئەو کاتەی ئاگر و دووکەڵ لە گوندەکان هەڵدەستێ و دانیشتوانیان ناچار دەبن چۆلیان بکەن، ئینجا هێزە هێرشبەرەکان رووبان تێ دەکەن و ئەوەی دەکەوێتە بەر دەستیان تاڵانی دەکەن، ئەگەر پێیان کرا، ئاگر بەردەدەنە هەموو گوندەکە و ئەو خەڵکانەش دەربەدەر دەکەن کە ماونەتەوە و بە تەواوی ناوچەکەیان پێ چۆل دەکەن...". لە یاداشتنامەکەدا باس لەوەش کراوە کە ئەمە لە چەندین ناوچەی جۆراوجۆری لیواکانی کەرکوك و موسل و هەولێر رووبداوە و عەبدولعەزیز عەقیلی وەزیری بەرگریش سەرپەرشتی سووتاندنی ناوچەکانی ئاغجەلەر و شوانی کردووە لە لیوای کەرکووك [٣].

شایەنی باسە، جوتیارانی کورد بێ بەرامبەر بەشداریان لە شۆڕش دەکرد، بەڵکو لە زۆربەی حالەتەکاندا چەك و فیشەکیشیان بە پارەی خۆیان دەکڕی، هەروەها گوندنشینەکان لایەنگری پێشمەرگە بوون و مێواندارییان دەکردن و خواردنیان پێ دەبەخشین [٤].

بە مەبەستی سەپاندنی باج بەسەر دانیشتوان کە بریتی بوو لە ٥% ی کۆی بەرهەم، مەکتەبی تەنفیزی لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا، لیژنەکە چەند لقێکی لە ناوچەکان هەبوو و باجەکانیان کۆ دەکردەوە و لە هەر لیژنەیەکدا سێ کەس لە کارگێڕی و پێشمەرگە و دانیشتوان هەبوو. هەروەها لقەکانی ناوچەکان بۆیان هەبوو چاو بە بڕی پارەی باجدا بخشێننەوە و بۆی زیاد بکەن یان لێی کەم بکەنەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە جوتیارانی کوردستان لە رێگەی کەناڵی دیکەی وەك کۆمەکی خۆبەخشانەوە یارمەتی زۆریان پێشکەشی شۆڕشی کورد کرد و کۆی بڕی بەشداربوون بۆ بەرژەوەندی شۆڕش ٢٥% بەرهەمی پێکدەهێنا. باجەکانیش زیاتر وەك داهات برنج، توتن، گەنم....هتد و هەندێك جار وەك پارە وەردەگیران. هاوکات ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی، وەرگرتنی

---

(١) ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٩-٣٢.

(٢) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە ١٦.

(٣) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژمارە (٤)، ساڵی دووەم، کانونی دووەم١٩٦٥.

هەر شتێکیان لە رێگەی هێزەوە لە دانیشتوان، قەدەغە کرد، هەر کاتێکیش دەسەڵاتدارانی سەربازی یان مەدەنی بە ناچاری و بەزۆر پەنایان بردبوایە بەر وەرگرتنی بابەتە خۆراکیەکان لە خەڵك، دواتر بە پارە قەرەبوو دەکرانەوە [1].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە هەوڵی باشترکردنی دۆخی جوتیاران و باری گوزەرانیان دابوو، بۆیە گرنگیەکی زۆر بەم بوارە درا و ئەمەش لە رێگەی پشتبەستن بە دوو بنەما بوو:

1- رێگە نادرێ جوتیار لە خاکەکەی دوور بخرێتەوە.

2- پاراستنی دۆخی هەنووکەیی بۆ بەرژەوەندیی جوتیار.

سەرکردایەتی شۆڕش پێی وابوو پاراستنی مافەکانی جوتیاران و چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا لە رێگەی چاکسازیی کشتوکاڵیەوە دێتە دی، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهۆی سروشتی قۆناغی رزگاریخوازی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی لە کوردستان، چارەسەر ئاستەم و ناتەواو دەبێ.هەروەها ئاستەمە بتوانرێ پەیوەندیە ئابووریە راستەوخۆکان بگۆڕدرێن و پەیوەندی نوێ گرێ بدرێن. لەلایەکی دیکە، ژمارەیەکی زۆری مەلاکەکان لە ریزەکانی شۆڕش دان و خاوەنی گیانێکی نیشتمانپەروەرانەن، بۆیە ناکرێ لە بەرژەوەندیەکانیان بدرێ و زەویەکانیان بدرێ بە جوتیاران، بەڵکو پێویستە لە پێناوی جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵیدا هەنگاوی قۆناغ بە قۆناغ بگیرێتە بەر و ئاستی گوزەرانی جوتیار بەرز بکرێتەوە و زەوی بۆ دابین بکرێ. هەروەها گرنگی زیاتر بە بەشداربوونی لە کاروباری شۆڕش بدرێ و ئەو ستەمەی لەسەر هەڵبگیرێ ئەگەر کەوتە سەری و هەژموونی دەرەبەگەکانیش کەم بکرێتەوە. بەم شێوەیە، لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی جوتیاراندا، شۆڕش چەند هەنگاوێکی نا، بەو پێیەی ئەوان پشتی راستەقینەی شۆڕشن و نوێنەرایەتی زۆرینەی پێشمەرگە دەکەن، بۆیە هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیان مانای بەهێزکردنی شۆڕش دەبەخشێ، چونکە دڵسۆزیی ئەوان بۆ شۆڕش زیاتر دەبێ [2].

ئەرکی سەرەکی پارتی خۆی لە بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازیی بزووتنەوەکە و دابینکردنی پێداویستیە گرنگەکانی کۆمەڵدا بینییەوە، بە تایبەتی دابینکردنی زەوی بۆ جوتیاران. ئەوەبوو بە بڕیارێکی لیژنەی ناوەندی پارتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، هەموو مووڵکەکانی دەوڵەت و زەویوزاری ئەو دەرەبەگانە بەسەر جوتیاران دابەش کران کە دژایەتی شۆڕشی کوردیان دەکرد. لەو کاتەوە جوتیاری کورد مافی کڕین و فرۆشتنی ئەو زەویانەی نەبوو کە بۆی تەرخان کرابوو، چونکە راگەیەنرا کە ئەم زەویە مووڵکی گشتیە. هەروەها بڕیار درا بەهۆی نەدانی باج [3] رێگە بە

---

(1) شاکرۆ خدۆ محوّی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٣.

(2) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠١-١٠٢.

(3) ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٢-١٩٣" گرووپێك لە نووسەرانی کورد و رووس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٣.

دەرکردنی هیچ جوتیارێك نەدرێ لەسەر زەویوزاری دەرەبەگەکان و رێژەی ئەم باجانەش بەپێی چەند بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دیار کرابوون.لە زۆر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا ئەنجوومەنە هەرەوەزیەکان پێکهێنران و بەشداربوانیان پێکەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بەرهەم [1] کەوتنە کارکردن لە زەویوزار و بەشێکی داهاتەکانیشیان رادەستی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان کرد. دواتر ئەم ئەنجوومەنانە بوون بە سەرچاوەی سەرەکی کۆمەکی مەکتەبی تەنفیزی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش [2].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی جوتیاران و مەلاکەکان و بۆ هێنانەدی دادوەریی کۆمەڵایەتی[3] توانی بەشێکی زۆری کێشەکانی زەویوزار لە کوردستان چارەسەر بکات. ئەم رێوشوێنانە رۆڵێکی گرنگیان بینی لە فراوانکردن و تووندوتۆڵکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی شۆڕشی کورد، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بەجێ هێشت و بووە فاکتەرێکی کاریگەر و چالاك بۆ نەهێشتنی دابونەریتە کۆنەکان لە کوردستان. هەروەها ناکۆکیە خێڵەکیەکان لە نێو ریزەکانی پێشمەرگە سڕانەوە و پرۆسەی نەهێشتنی دەرەبەگایەتی لە کوردستان هەنگاوی خێرای بەخۆیەوە بینی [4]. شایەنی باسە، بارزانی بەخۆی چاودێری بارودۆخ و گوزەرانی جوتیارانی دەکرد و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی ئەوانی دەدا، لەوانەیە ئەم رووداوەی خوارەوە بەڵگەیەك بێ بۆ وتەکانی سەرەوە:

ساڵی ١٩٦٤، بارزانی سەردانی ناوچەکانی کوردستانی دەکرد، کاتێك گەیشتە شارۆچکەی چوارتا و بووە میوانی خانەوادەیەك، لەوێ کەسێك بە سەبەتەیەك هێلکەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی چاوی بە بارزانی بکەوێ، کە چووە ژوورەوە وتی: گیانم بە قوربانت بێ، ئەم سەبەتە هێلکەیەت پێشکەش دەکەم، بارزانی لە وەڵامدا وتی: کارم بە هێلکە نییە، بەڵام پێدەچێ بابەتێکی دیکەت هەبێ. پیاوەکە وتی: ماوەیەکە خۆم و خانەوادەکەم هێلکەی مریشك کۆدەکەینەوە و ئەمڕۆ بە مەبەستی فرۆشتنیان رووم کردە سلێمانی، کاتێك لە چوارتا چوومە دەرەوە، نیو دینارم دا بە گومرگی ئێوە و لە بەرامبەردا پسولەیەکیان پێ دام. دواتر کە گەیشتمە نزیك چیای ئەزمر، پێیان وتم: دان بەم پسولەیەدا نانێین و مامەڵەی لەگەڵ ناکەین و پێویستە نیو دیناری تر بدەی و بە ناچاری ئەویشم دا. لەوێ دڵنیا بووم لەوەی کە لە ناوچەی دەباشانی نزیك سلێمانی بە کەمتر لە دینارێك رزگارم نابێ، بۆیە بەباشم زانی بە سەبەتە هێلکەکەوە بگەڕێمەوە بۆ چوارتا و وەك سەرۆکی ئەم شۆڕشە پێشکەشی ئێوەی بکەم. بە بیستنی ئەمە،

---

(1) گۆڤاری رزگاری کوردستان، ژمارە (٤)، ساڵی دووەم، کانونی دووەم١٩٦٥.

(2) ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٩٣.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٥)، ئەیلول ١٩٦٨، ل٤.

(4) ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٩٣.

بارزانی زۆر دڵتەنگ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە ئاسوودەیی کرد چونکە راستەوخۆ [1] ئاگاداری بابەتەکە بوو. لە ئەنجامدا بارزانی فەرمانی بە هەموو بنکەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و بارەگاکانی پارتی کرد کە لە ئەمڕۆ بەدواوە نابێ هیچ گومرگێك یان باج و رسووماتێك لە هاوڵاتیان وەرگیرێ، جگە لە باجی ئەو توتنە نەبێ کە رەوانەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت دەکرێ، هەروەها بڕیاری دا کە لەو بارەوە رێنمایی تایبەت دەربکرێ [2].

() شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.
() شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

پێنجەم: پێشخستنی دادوەریی

دوای فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد، سەرکردایەتی شۆڕش بەباشی زانی بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشە دادوەریەکان لە نێوان هاوڵاتیان و ڕێکخستنی ژیانی شارستانی لەم ناوچانەدا، دەزگایەکی دادوەریی لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پێك بهێنرێ، بۆیە - وەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا - لە ١٢ ی تەموزی ١٩٦٣ دادگای باڵای شۆڕش پێکهێنرا. هەروەها دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤، بایەخێکی زۆر بە کاروباری دادوەری درا و لە پێناوی ڕێکخستنی کاروباری دادوەری و دادگاکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لیژنەی دادبینی پێکهێنرا.

لیژنەکە لە ١٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ کۆبوونەوەیەکی ساز کرد و تیایدا گفتوگۆ دەربارەی ئەو کاروبارە دادوەریانە کرا کە پەیوەندیان بە شۆڕش و دادگاکانییەوە هەیە، هەروەها بڕیاری ڕێکخستنی کاروباری دادوەریی لە کوردستان درا و لیژنەکە هەموو ئەو پێکهاتە و دادگا و لیژنانەی هەڵوەشاندەوە کە بەر لە دەرچوونی ئەم بڕیارانە پێکهێنرابوون. لە لایەکی دیکە، بڕیار درا دادوەریی لە کوردستان لە هەموو کارەکانیدا خاوەنی سەربەخۆییەکی تەواو بێ و هیچ لایەنێکی کارگێڕی یان سەربازی یان حزبی بۆی نییە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان دەست لە کاروبارەکانی وەربدات و ڕێوشوێنی یاساییش بەرامبەر بە سەرپێچیکاران بگیرێتە بەر [١]. سەبارەت بە سەربەخۆیی دادوەریش، مسعود بارزانی دەڵێ: "... ئەم دادگایانە خاوەنی سەربەخۆیی تەواو بوون و شۆڕش دەسەڵاتە سەربازی و کارگێڕییەکانی لە دەستوەردان لە کاروبارەکانی ئاگادار کردەوە.." [٢]. هەروەها ڕەشید سندی فەرماندەی هێزی دووی پێشمەرگەی کوردستان باس لەوە دەکات کە بڕیاریان لە مەکتەبی تەنفیزی بۆ هاتووە، بەهۆیانەوە دەستوەردان بە هەموو شێوەیەك لە کاروباری دادوەریی قەدەغە کراوە [٣].

لیژنەی ناوبراو دووپاتی کردەوە کە بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە دۆسیە سزاییەکان دەست بە جێبەجێکردنی یاسا سزاییەکانی بەغدادی و یاسای بنەما دادگەریە سزاییەکانی بەغدادی دەکرێ و دەسەڵاتی شۆڕشی کورد ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی عێراقە. هەروەها جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای شارستانی عێراقی و بنەما دادبینییە بازرگانی و ئەهلیەکان بۆ هەموو دۆسیە شارستانییەکان لە کوردستان، هاوشێوەی ئەوەی لە دادگاکانی عێراق هەیە. دەربارەی کێشە شەرعیەکانیش، یاسای باری کەسێتی پیادەکراو لە عێراق دەگیرێتە بەر، لەو حالەتانەشدا کە لە یاسای ناوبراودا نەهاتوون، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام دەگیرێنە بەر، بۆ غەیرە موسڵمانانیش یاسای باری کەسێتی پیادە دەکرێ [٤]. ل

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

(٢) لە کتێبەکەی وەرگیراوە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٧.

(٣) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵیدا لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

یژنەکە بڕیاری جیاکردنەوەی دادی شارستانی و سەربازیشی دا، هەروەها جێبەجێکردنی یاسا سزاییە سەربازییەکان بەسەر سەربازاندا، تەنیا لەو دۆسیانە نەبێ کە لایەنێکیان مەدەنین، چونکە ئەو کاتە دادی شارستانی دەبێتە لایەنی پەیوەندیدار [1]. بەم شێوەیە، لەکاتی دووبارە پێکهێنانەوەی لیژنە دادوەریەکان لە کوردستان، دادگا شارستانی و سەربازییەکان لەیەک جیا کرانەوە [2].

هەروەها لیژنەکە بڕیاری دا دادگاکان لە کوردستان، کە بەگوێرەی سێ پلە بن:

أ. دادگا یەک دادوەرەکان:

لە کاتی نەبوونی دادوەردا، دەڕوانن دۆسیە شارستانی و شەرعیەکان و ئەو دۆسیە سزاییانەی کە سزاکانیان لە دوو ساڵ زیاتر نییە و تیایاندا دادوەر لە یەک کاتدا دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی دادوەری سزایی پلە یەک و دادوەری دادگای بەرایی بی سنوور و دادوەری لێکۆڵینەوە.ئەم جۆرە دادگایەش لە هەموو قەزاکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پێکدەهێنرێن، هەروەها لە کاتی پێویستدا دەکرێ لە شوێنی تریش دابمەزرێنرێن.

ب. دادگا گەورەکان:

لە سێ دادوەر پێکدێن، بەو مەرجەی سەرۆک و یەکێک لە ئەندامانیان مافناس بن و دەسەڵاتی چاوخشاندنەوە بەو دۆسیانەیان هەیە کە ماوەی سزاکانیان لە دوو ساڵ زیاترە و سەبارەت بەو بڕیارە سزاییانەی لەلایەن دادگا یەک دادوەریەکانەوە دەرکراون، وەک دادگای تێهەڵچوونەوە وان. دوو دادگای گەورە پێکهێنران، یەکێکیان لە لیوای موسل و هەولێر بوو، دووەمیش لە لیوای کەرکوک و سلێمانی، لە هەر دادگایەکی گەورەشدا داواکاری گشتی هەیە. لەکاتی پێویست و بوونی دادوەری پێویستدا، دەکرێ دادگای گەورەی دیکە پێک بهێنرێن.

ج. دادگای پێداچوونەوە:

بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری بوو لە شۆڕش، لانی کەم لە سێ ئەندام پێکدەهێنرا کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە کاندید دەکران. لە کاتی بوونی دۆسیە شەرعیەکانیشدا ئەندامێک یان چەند ئەندامێکی شارەزا لە کاروباری شەرعیان بۆ زیاد دەکرا و لەلایەن سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەوە دەستنیشان دەکران و راستەوخۆ سەر بە مەکتەبی تەنفیزی بوو [3].

هەروەها چەند دادگایەکی شەرعی هەبوون لەلایەن دادوەرانی شەرعیەوە بەڕێوە دەبران و تایبەت بوون بە دۆسیە شەرعیەکان و سەر بە بەشی دادوەری بوون و هەموو دادوەرانیشیان پیاوانی

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەمان پاشکۆ.

(2) ش . ج. ئاشیریان ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٩٣.

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

ئاینی مەلا بوون، خوری پۆلس بێداریش چاوی بەو دۆسیانەدا دەخشاندەوە کە لە رووی ئاینییەوە پەیوەست بوون بە کرستیانەکانی دانیشتووی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان[٢].

بەم جۆرە کوردستانی ئازاد بۆ سەر چەند ناوچەیەکی دادوەریی دابەش کرا، لە هەر ناوچەیەکدا دادگایەکی شارستانی و یەکێکی شەرعی دامەزرێنرا و لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەوە چاو بە بڕیارەکانیاندا دەخشێنرایەوە و دادگای باڵای شۆڕشیش وردبینی بۆحوکمەکانی دەکرد و بارەگای لە ناوپردان بوو [٣] و وێڕای کێشە شارستانییەکان، هەموو ئەو حوکمە سزاییانەی ئاراستە دەکران کە پێویستیان بە وردبینی هەبوو و حوکمی ئەم دادگایە کۆتایی و یەکلاکەرەوە بوو. جگە لە بڕیارەکانی شۆڕش [٤]، دادگاکان پەیڕەوی هەموو ئەو یاسایانەیان دەکرد کە لە عێراق کاریان پێ دەکرا و پێکهێنانی دادگاکان رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سووککردنی بارگرانی لە ئەستۆی لیژنە ناوخۆییەکانی پارتی و رێکخراوەکانی، بەمەش جارێکی دیکە کادرانیان خۆیان بۆ ئەرکە حزبییەکانیان تەرخان کردەوە [٥].

لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بە دادگاکان سەبارەت بە رووداوەکانی کوشتن و کێشە و داواکاریەکان لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دەدا، دوای لێکۆڵینەوەی بەردەوام، بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان و دڵنیابوون لە راستی و بێلایەنی و دروستی لێکۆڵینەوە، راپۆرتەکانیان بۆ دادگاکان بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و بارودۆخ و دابونەریتەکانی ناوچەکە بڕیاریان لەبارەوە بدرێ. سەبارەت بە رووداوەکانی کوشتن و کێشە کۆمەڵایەتیە زۆر ئاڵۆزەکان یان کێشە خێڵەکی و کۆنەکانیش، بەر لە دەرکردنی بڕیارەکان و بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە و گومان، راوێژ لەگەڵ فەرماندە سەربازی و حزبییەکانی ناوچەکان دەکرا. بۆ رووداوە گەورە و هەستیارەکانیش دادگایەکی شۆڕشگێڕی لەسەر ئاستی باڵا لە بەرپرسانی حزبی و سەربازی پێکدەهێنرا و سیفەتی دادگای باڵای وەردەگرت [٦].

هەروەها لیژنە بڕیاری دا کە دامەزراندنی کارمەندان لە دادگاکاندا بە رەزامەندی مەکتەبی تەنفیزی بێ، هاوکات رایگەیاند کە وا باشە هەموو دادوەرەکان – جگە لە دادوەرە شەرعیەکان - لە مافپەروەران بن و خاوەنی ناوبانگی باش بن. کاتێکیش ژمارەی پێویستی مافپەروەران بەردەست نەبوو، دەکرێ پشت بە پیاوانی ئاینی و بەوانە ببەسترێ کە شارەزاییان لە بواری دادوەریدا هەیە و لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە دادەمەزرێنرێن [٧].

---

(١) دیمانەی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(٢) پێدەچێ دوای جیابوونەوەکەی ١٩٦٤ بارەگای دادگای باڵای شۆڕش لە ناوچەی ماوەتەوە گوێزرابێتەوە ئەم شوێنە.

(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ل ٣٨٧.

(٤) نەجمەدین یوسفی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٠.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

دوای ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦[١]، دۆخی دەزگای دادوەری باشتر بوو و کاروباری دادگاکان لەلایەن ژمارەیەك لە دەرچوانی کۆلێژی مافەوە [٢] بەڕێوە دەبرا، ئەگەرچیش ڕێژەکەیان کەم بوو، بەڵام کەمی ژمارەی یاساناسان نەبووە بەربەست لەبەردەم پێشخستنی بواری دادوەری لەلایەن شۆڕشەوە، ئەوە بوو ژمارەیەك لەو کارمەندە دادوەریانە خرانە سەر کار کە پێشتر لە فەرمانگە دادوەریەکانی کوردستان خزمەتیان کردبوو و سوود لە ئەزموونەکانیان وەرگیرا [٣]. هەروەها چەند خولێك بۆ دەرچوانی خوێندنی دواناوەندی کرانەوە، تیایاندا بابەتە یاساییەکان خوێندران و بەشداربووان لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری دادگاکان ڕاهێنران و لەم بوارەدا ئەوان سوودی زۆریان بە شۆڕش گەیاند [٤]. لە لایەکی دیکە، شۆڕش سوودی لە شارەزایی پیاوانی ئایینی بینی و کۆمەڵێك ئەرکی دادوەریی بە ژمارەیەکیان سپێردرا، ئینجا چ دامەزراندنیان وەك دادوەری شەرعی لە لیژنە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی کێشەی هاوڵاتیان چارەسەر بکەن [٥]. لەنێو ئەم دادگایانەشدا: دادگای شەرعی لە هەردووك ناوچەی زاخۆ و دهۆك کە دادوەرەکەی مەلا عەلی بەرۆشکی بوو، دادگای ناوچەی ئامێدی، دادوەرەکەی مەلا ئەحمەد نێروەیی بوو [٦].

کەمی ژمارەی دادوەران، وای لە شۆڕش کرد کە نەتوانێ لە هەموو ناحیەکان دادوەرێك دابمەزرێنێ، بۆیە لە هەندێك ناحیەدا لیژنەکانی سوڵحکردن پێکهێنران بۆ ئەوەی ئەرکی دادوەر بگرنە ئەستۆ. زۆربەی ئەو لیژنانە لە پیاوێکی بەتەمەن و پیاوێکی ئایینی و ئەندامێکی پارتی و هەندێك جار پێشمەرگەیەك پێکدەهاتن [٧].

لیژنەکە داوای لە لایەنە کارگێڕی و سەربازییەکان کرد کە بە مەبەستی ئاسانکردن و ڕاییکردنی کاروباری دادوەری [٨] یارمەتی پێویست پێشکەش بکەن. ئەم هاوکاریکردنەش کاریگەریی ڕوونی لە کۆمەڵگا بەجێ هێشت و ڕێژەی تاوان لە ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش زۆر کەم بوون، بە تایبەتی تاوانی دزی و ڕێگری و کوشتن، تەنانەت وای لێهات ئەم جۆرە تاوانانە زۆر بە کەمی ڕوویان دەدا، لە کاتی ڕوودانی هەر تاوانێکیشدا، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا تاوانباران دەستگیر دەکران و ڕادەستی دادگاکان دەکران، ئەمە وایکرد خەڵك لە سەرپێچیکردنی یاساکان و ئەنجامدانی تاوان، بە

---

(١) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٩٩) ، کانونی یەکەمی ١٩٦٧.
(٢) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
(٣) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ل ل ٣٨٦- ٣٨٧.
(٤) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
(٥) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ل ٣٨٨.
(٦) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧.
(٧) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤١.
(٨) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

تایبەتی کوشتن دوور بکەونەوە و لە بەرامبەردا خەڵك لە سایەی دەزگاکانی شۆڕشدا هەستیان بە ئاسوودەیی کرد [1].هەروەها متمانەیان بە بڕیارەکانی دادگا هەبوو لە کوردستان، هەندێك جار تەنانەت کەسی تاوانباریش بەو بڕیارە رازی دەبوو کە دادگا لە دژی دەریدەکرد[2]. شایەنی باسە، مەکتەبی تەنفیزی رێنمایی تایبەتی سەبارەت بە قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان لە بەندیخانەکانی شۆڕش دەرکرد[3].

دەربارەی ئەو رێوشوێنانەش کە پێویستە بەرامبەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یان مەکتەبی تەنفیزی بگیرێنە بەر، لیژنە بڕیاری دا ئەگەر یەکێك لەم ئەندامانە تاوانی خیانەتکاریی گەورە ئەنجام بدات، ئەو کاتە دادگایەکی باڵای شۆڕش لە حەوت ئەندام پێکدەهێنرێ، لە نێویاندا: دوو ئەندام لە مەکتەبی تەنفیزی و دوو ئەندام لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و دوو ئەندامی دیکە لە دادگای پێداچوونەوە و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەنجام دەدرێ. سەبارەت بە تاوانەکانی دیکە کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزییەوە ئەنجام دەدرێن، ئەم جۆرە دۆسیانە پێویستە ئاراستەی دادگا ئاساییەکان بکرێن [4]. دەبی ئەوەش بزانین کە سەرۆکی شۆڕشی کورد واژۆی لەسەر بڕیارەکانی لەسێدارەدان دەکرد کە لەلایەن دادگاکانەوە دەردەکران [5].

---

(1) محەمەد ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

(2) دیمانەی تایبەت لەگەڵ نەجمەدین یوسفی لە ١٠ ی نیسانی ٢٠٠٧. لەم دیمانەیەدا یوسفی – قایمقامی ئەو کاتەی ئامێدی- باسی لە رووداوێکی سەیر کرد و دووپاتی کردەوە کە زۆر شتی لەم جۆرە لە ناوچەکانی کوردستان بەدی دەکرا ، پوختەکەشی بەم شێوەیە بوو : ساڵی ١٩٦٥ کەسێك بە تۆمەتی ئەنجامدانی سەرپێچی یاسایی دەستگیر کرا و خرایە بەندیخانەی سەر بە قایمقامیەتی قەزای ئامێدی ، کاتێکش لە نیسانی ١٩٦٥ شەڕ دەستی پێکردەوە ، بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ، بانگهێشتی ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی سەربازی ناوچەکە کرا ، بۆیە ئەو ناچار بوو لەگەڵ پاسەوانەکانی باڵەخانەکە بەجێ بێڵن و روو بکەنە شوێنی کۆبوونەوەکە و بەندکراوەکە بە تەنیا لە بارەگا بەجێ هێڵرا و تا کاتی گەڕانەوەی پاسەوانەکان خۆی پاسەوانی شوێنەکەی کرد و هەوڵی راکردنی نەدا ، چوکە دڵنیا بوو لەوەی بە شێوازێکی دادوەرانە حوکم دراوە .

(3) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

(4) بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

(5) دیمانەی تایبەت لەگەڵ عەلی سنجاری لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

شەشەم: کاروباری پێشمەرگە

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پابەند بوو بە بەهێزکردنی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و ناوەڕۆکی سیاسی و سەربازیی شۆڕش، هەروەها سەرکردایەتی پارتی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە هەوڵی جێگیرکردنی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی دابوون لە کوردستان، بۆ ئەوەی شۆڕش ببێ بە خاوەنی ناوەڕۆکێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێز و توانای هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان [1] لە خێراترین کات و بە کەمترین کۆشش، هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر.

بە گوێرەی مادەی سێی دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەنجوومەن بەرپرسە لە دیارکردنی سیاسەتە گشتیەکانی شۆڕش، هەروەها ئەو یاسا و ڕێسایانەش دادەڕێژێ کە پەیوەندیان بە کاروباری سەربازی و هی ترەوە هەیە، بۆیە لە ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا ئەنجوومەن یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٦٤ ی سەرکردایەتی گشتی شۆڕشی کوردستانی دەرکرد و لە مادەی یەکەمیدا هاتبوو کە ئەرکەکانی فەرماندە سەربازییەکان تەنیا بریتی دەبن لە کاروباری سەربازی و بۆیان نییە دەست لە کاروباری یەکە کارگێڕییەکان وەربدەن، بەڵام پێویستە لە نێوان سەرکردایەتی گشتی و فەرماندەی سوپاکان و ئەنجوومەنی کارگێڕیی باڵا و دەستەی کارگێڕی لیوا و دەسەڵاتە دادوەریەکاندا هاوکاری هەبێ، ئەمەش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و زانیاری و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو لەکاتی پێویستدا، هەروەها ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی گشتی و مەکتەبی تەنفیزی سەبارەت بەم بابەتە لەلایەن هەردوولاوە، لە کاتی لەناکاو و بەرپابوونی شەڕیشدا، مەکتەبی تەنفیزی فەرمانی تایبەت دەربارەی هاوکاریکردن لە نێوان دەسەڵاتدارانی سەربازی و کارگێڕی و دادوەریەکان و ڕێکخستنی سوپا و پێکهێنانی ئەنجوومەنی بەرگریی نیشتمانی لە کوردستان دەردەکات[2].

مەلا مستەفا بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکان بوو [3] و بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕێکخستنی سەرکردایەتی سەربازیی لە کوردستان، ئەنجوومەنی بەرگریی نیشتمانی پێکهێنرا و عەقید نوری مەلا مەعروفی سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرا بە سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڵام بەهۆی دۆخی شەڕ لە وڵات [4] ئەم پێکهاتەیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا و بەردەوام نەبوو.

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٦)، (تشرینی دووەم،١٩٦٨)، ل١٤.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٣.

(4) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕەشید حاجی بەدری (ڕەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

هەروەها بە ئامانجی دووبارە دابەشکردنەوە و رێکخستنەوەی هێزەکان لە کوردستان، مەکتەبی تەنفیزی بڕیاری دا هێزەکان لە زاخۆوە هەتا خانەقین بکات بە سێ بەش و لە هەر یەکێك لەم ناوچانەی خوارەوەدا سوپا قیرقە یەك جێگیر کرا:

1- ناوچەی بادینان دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، شێخان، ئامێدی دەبێ بە ناوچەی سوپای یەك بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی.
2- ناوچەکانی باڵەك و دەشتی هەولێر و سەفین، ناوچەی سوپای دوو بە فەرماندەیی رەشید سندی.
3- ناوچەکانی قەرەداغ و ئاغجەلەر و سووراش و شارباژێڕ و خانەقین، ناوچەی سوپای سێ بە فەرماندەیی مقەدەم روکن عەزیز عەقراوی [٢].

بەڵام عیسمەت شەریف وانلی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە " ئەم دابەشکردنە گونجاو نەبوو و پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کادری بواری کارگێڕی هەبوو" [٣]. هەروەها عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری باس لەوە دەکات کە بارزانی قەناعەتی بەم دابەشکردنە نەبوو و پێی وابوو " کردەیی " نییە، بەڵام ئەم پلانە تەنیا وەك بڕیار لەسەر کاغەز مایەوە، بۆیە راستەوخۆ دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیسانی ١٩٦٥ ئەم پێکهاتەیەش هەڵوەشێنرایەوە و تەنیا سوپای یەك وەك خۆی مایەوە، چونکە ئەسعەد خۆشەوی سەرکردە لە بادینان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی بوو، هەروەها ئامیر هێزەکان کەسوکاری خۆی بوون [٤]. لەو بارەوە رەشید سندی فەرماندەی هێزی دوو پێی وایە ئەم رێکخستنە کارێکی باش و کردەیی بوو، بەڵام دۆخەکان – وەك پێشوو – بەردەوام نەبوون و لە نیسانی ١٩٦٥ شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە، هەروەها پێکهاتەی ئەم رێکخستنە سەربازیە وەك خۆی مایەوە، بەڵام بەهۆی شەڕ شێوەی کار گۆڕانی بەسەرداهات و جۆری مامەڵەکردنی سەرکردایەتی لەگەڵ یەکە سەربازییەکان مۆرکێکی دیکەی وەرگرت، ئەوەبوو لە بواری جوولەکردن و دەرکردنی بڕیارە سەربازیە گرنگەکان، هەر لایەك بەگوێرەی دۆخی ئەو بەرەیەی شەڕیان تیادا دەکرد، ئازادی زیاتریان پێ بەخشرا و جێبەجێکردنی ئەم رێنماییانەش لە ئەنجامی لاوازیی پەیوەندیەکانی نێوان سەرکردایەتی و لیوا جۆراوجۆرەکان بوو [٥].

---

(١) عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٢؛ دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨ " بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ،١٩٦١-١٩٧٥، ل ل ١٥٠-١٥١.

(٢) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٣.

(٣) عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٢

(٤) دیمانەی تایبەت لەگەڵیدا لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.

دەربارەی ژمارەی ئەندامانی هێزە نیزامیەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، عیسمەت شەریف وانلی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دووپاتی دەکاتەوە کە ساڵی ١٩٦٦ ژمارەکە ١٤٠١٢ شەڕکەری تێپەڕاند، ئەمەش بە پشتبەستن بەو ژمارانەی کە لە تۆمارەکانی مەکتەبی تەنفیزی تایبەت بە مووچەی پێشمەرگە تۆمار کراون.ئەمە جگە لە شەڕکەرانی سەر بە هۆزە کوردیەکان کە بەشداریی شۆڕشیان کرد و تێکەڵی ریزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کران، هەروەها نزیکەی ٢ هەزار پێشمەرگەی دیکە کە بەهۆی کەمی چەکەوە چەکیان هەڵنەگرتبوو [١].

ساڵی ١٩٦٦، ئەمانەی خوارەوە دیارترین فەرماندەکانی پێشمەرگە بوون:

- معاونی پۆلیس عەبدولوەهاب ئەتروشی، فەرماندەی هێزی خەبات.
- ملازم تاهیر عەلی والی، فەرماندەی هێزی قەرەداغ.
- ملازم ڕەشید سندی، فەرماندەی هێزی رزگاری.
- جەنگاوەری کۆن: حەسۆ میرخان بارزانی، فەرماندەی هێزی کاوە.
- عەقید عەزیز عەقراوی، فەرماندەی هێزی سەفین.
- جەنگاوەری کۆن: عەبدوڵا پشدەری، فەرماندەی هێزی باڵەك.
- لە کاتێکدا جەنگاوەری کۆن ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەیی لقی یەکی دەکرد و فەرماندەکانی هەر چوار هێزەکەشی بریتی بوون لە: عەلی خەلیل خۆشەوی بۆ ناوچەکانی ئامێدی و دۆسکی، ژمارەی هێزەکانی ١١٠٠ پێشمەرگە بوو، حەسۆ میرخان بۆ ناوچەکانی ئاکرێ و شێخان و زێبار و ژمارەی هێزەکانی ١٦٠٠ پێشمەرگە بوو. سەعید عەبدولوەهاب بۆ ناوچەی دهۆك، ژمارەی هێزەکانی ٨٠٠ پێشمەرگە بوو، هەروەها عەلی شەعبان بارزانی فەرماندی بەتالیۆنی رزگاری بوو لە بێتواتە [٢].

عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: پێشمەرگە یەك جۆرە جلیان دەپۆشی، بەڵام لەناو سوپادا پلە بوونی نەبوو و هەمووان بەبێ پلەی سەربازی خزمەتیان دەکرد، ئەو سەربازانەش کە هەڵگری پلەی سەربازی بوون، لەناو سوپا خزمەتیان دەکرد و پێگەی سەرکردایەتیان هەبوو، چونکە دوور نەبوو سیستمی پلە و پایە ببێتە مایەی وروژاندنی توڕەیی و ناڕەزایی لەلایەن هەندێك کەس. بۆیە ئەفسەران بە دواییەن ئەو پلانە دەناسرانەوە کە پێشتر لە کاتی کارکردنیان لە سوپا و پۆلیسی عێراق وەریانگرتبوو [٣].

لە لایەکی دیکە، کاتێك ئەندامانی سەر بە شۆڕشی کورد جوولەیان دەکرد، مەکتەبی تەنفیزی ئاگادار دەکرایەوە، بۆ نموونە، کاتێك ئەندامانی دەزگای بێتەل بە سەرۆکایەتی نووری حەیدەر هۆشیار و برادەرانی بۆ خزمەتکردنی بارەگای حزبی شیوعی عێراق ڕەوانەی گوندی بەرسیرین کران، ڕەئیس کەمال

---

(١) بڕوانە ، کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٣٥-٣٣٦.

(٢) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٦.

(٣) بڕوانە ، کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو.

نوعمانی بەرپرسی بارەگاکە ئەم بروسکەیەی خوارەوەی ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی پارتی و مەکتەبی عەسکەری و بارەگای هێزی باڵەك کرد:

لە/ کەمال نوعمان - بەرسیرین

ژمارە ١، رۆژ ١١/١٧/ ١٩٦٥

ئەو بێتەلانەی بە سەرپەرشتی کاك نووری حەیدەر، ناسراو بە هۆشیار بۆ ئێمەتان ناردبوون، لە ١٩٦٥/١١/١٧ بە دەستمان گەیشتن و دەستمان بە کارپێکردنیان کرد، بۆیە وێستمان ئاگادارتان بکەینەوە[1].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد سوور بوو لەسەر شیاندنی هاوڵاتیان لە هەموو بوارەکاندا، لەسەر ئاستی سەربازیدا چەند خولێکی تایبەت بە ئەندازەی سەربازی و بێتەل کرانەوە.

ئەرکی بێتەل زۆر پێویست بوو، بەهۆی فراوانبوونی بنکە و بارەگاکانی سەر بە هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارەی کادری پێویست لەبەردەست نەبوو بۆ ئەوەی بەرێوەیان ببەن، ئەگەرچیش شارەزایانی بێتەل سەبارەت بە کردنەوەی خولی تایبەت داواکاری زۆریان پێشکەش دەکرد، بەڵام وەك پێویست وەڵامیان نەدرایەوە. مامۆستایان داوایان دەکرد لە هەر خولێکدا کە بۆ بواری بێتەل بکرێتەوە دەبێ لە نێوان ٤٠-٥٠ پێشمەرگە بەشدار بن بۆ ئەوەی لەسەر بەرێوەبردنی بێتەل لە بارەگاکانی پێشمەرگە رابهێنرێن [2].

بە شێوەیەکی گشتی، تۆڕی بێتەل کە لەلایەن کەسێکی شارەزا بە ناوی معاون کەمال ئەحمەد بەرقییەوە بەرێوە دەبرا، پەیوەست بوو بە مەکتەبی تەنفیزی و رۆژ و شەو لە رێگەی ئامێری بێتەلەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و بارەگای بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی لەسەر هێڵ بوو، هەروەها بە هەمان شێواز فەرماندەی بەتالیۆنەکان لەگەڵ سەرکردەی کەتیبەکان لە پەیوەندی دابوون، هەموو بروسکە وەرگیراو و نێردراوەکانیش لەگەڵ کاتی گەیشتن و ناردن تۆمار دەکران.شۆڕش سێ ئامێری وەرگرتن و ناردنی زۆر بەهێز و نزیکەی ٣٠ ئامێری مامناوەند و ژمارەیەکی زۆر ئامێری بچووکی هەبوو و هەر هەموویان هی سوپای عێراق بوون و کەوتبوونە دەستی پێشمەرگە [3].

لە شوباتی ١٩٦٧، شۆڕشی کورد لە بواری مخابەرەوە روبەڕووی مەترسیەکی گەورە بووەوە، دوای ئەوەی معاون کەمال ئەحمەد بەرقی بەرێوەبەرەکەی گەڕایەوە ناو حکوومەت. دواتر شاعیری ناسراو

---

(1) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(2) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٧.

سەبری بۆتانی [1] لە شوێنی ئەو دامەزرا و لە کاتی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ مەکتەبی مخابەرەی گشتی شۆڕش لە گەڵاڵە، بۆتانی بە مەبەستی سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا داوای یارمەتی لێ کردن، هەروەها بیرۆکەی کردنەوەی خولی بێتەلی خستەروو و ئەندامانی مەکتەب رازی بوون و ئامادەباشی خۆیان بۆ کردنەوە و سەرخستنی خولەکە دەربڕی [2].

لە ١٠ ی ئاداری ١٩٦٧، سەبری بۆتانی بەڕێوەبەری مخابەرەی گشتی لە کوردستان رایگەیاند کە بەشی سەربازی لە مەکتەبی تەنفیزی بە کردنەوەی خولەکە رازی بووە، هەروەها داوای لە مامۆستایانی خولەکە کرد یاداشتنامەیەك دەربارەی هەموو پێداویستیە مادیەکانی خولەکە بنووسن، هەروەها بەهۆی باری ئەمنی، خولەکە لە دەرەوەی شارۆچکەی گەڵاڵە بکرێتەوە. رۆژی دواتر خانوێك لە دووری ٣ کیلۆمەتر لە سەنتەری گەڵاڵە لەنێو چەند باخێك بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کرا [3].

ئەو کاتە، مامۆستایانی خولەکە لە یاداشتنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد، پێویستیە مادیەکانیان دیار کرد، هەروەها داوایان کرد مەرجی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی قوتابیانی بەشدار لە خولەکە دابنرێن، بۆ نموونە، پێویستە ئەوان خاوەنی خوڕەوشتی بەرز بن، نهێنییەکان بپارێزن، ئەندامی پارتی بن، لانی کەم دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بن، قوتابی ناچار نەکرێ بەشداری لە خولەکەدا بکات چونکە دواتر سوودی لێ وەرناگیرێ، بەڵکو خۆی خواستی بەشداربوونی هەبێ لە خولەکە [4].

خولی یەکەم لە نیسانی ١٩٦٧ لە ناوچەی گەڵاڵە کرایەوە و یەکەم خول بوو کە لەژێر سەرپەرشتی مەکتەبی تەنفیزیەوە بکرێتەوە، هەروەها لە مێژووی شۆڕشی کوردیشدا سێیەم خول بوو [5]، ئەمەی خوارەوە ناوی بەشێك لە بەشداربوانی خولەکەیە: محەمەد ئەمین، زکری حەبیب، عەریف ئیسماعیل، ئەلیاس ئێزدی، سالار عەبدولرەحمان، عوسمان عومەر ئەحمەد، شوکر غەفور، یونس ئەمین، میرۆ

---

(1) سەبری ئەحمەد تەمەر بۆتانی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی (لودی) نزیك لە شاری جەزیرەی بۆتان لە کوردستانی تورکیا لەدایك بووە ، ساڵی ١٩٤٣ گەیشتۆتە کوردستانی عیراق و چۆتە ریزەکانی پارتی هیوا ، دواتر پەیوەندی بە پارتیەوە کردووە ، ئەندامی یەکێتی رۆشنبیران و نووسەرانی عیراق بووە ، خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەیە . لە ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، سەبری بۆتانی، دیوانێن بۆتانی (شین و شادی+ دلستان+ بلوورا چیان)، (دهۆك،٢٠٠٨)؛ حەمدیە حەسەن محەمەد، لایێ هۆنەری و ناڤەرۆکا هۆزانا (سەبری بۆتانی)، نامەیەکا ماستەرێ نە بەلاڤکریە، کۆلیژا ئادابێ/ زانکۆیا دهۆك، (دهۆك، ٢٠٠٩)، ل ل ٣- ٣٦.

(2) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨٤-١٨٥.

(3) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨٥-١٨٦.

(4) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٥.

(5) خولی یەکەمی بێتەل لە ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی چەمی رێزان کرایەوە ، خولی دووەمیش ساڵی ١٩٦٤ لە هەمەدان لە ئێران . بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٩.

عەبدولخالق، فەیزوڵا عەبدوڵا، نووری عەبدوڵا خۆشناو، جیهاد رەئوف، فەتحی محەمەد شەریف، مەلا دەرویش....و هی تر [1].

مامۆستایانی خولەکە هەوڵیان دا زۆرترین زانیاری بە پێشمەرگە بەشداربووەکان بگەیەنن و عەبدوڵا مەلا دەرویش و فەتحی محەمەد شەریف دیارترین بەشداربووانی خولەکە بوون کە نزیکەی ٦ مانگی خایاند یەکی نیسانی ١٩٦٧- ٢٦ ی ئەیلوول ی ١٩٦٧. دوای تەواوبوونی خولەکە، دەرچوان بەسەر بنکە و بارەگاکانی شۆڕش دابەش کران و توانیان لانی کەم بەشێك لەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە کە شۆڕش لەم بوارەدا بەدەستیانەوە دەینالاند[2].

بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخ و کەموکورتیەکانی شۆڕشی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی شەڕکەران لە رووی رێکخستن و راهێنانەوە، لە ١٧ ی نیسانی ١٩٦٧ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی – لە ناوچەی کانی سماقی نزیك گوندی گەڵاڵە لە قەزای رواندز و قەزای چۆمانی ئێستا – کۆبوونەوە یان کۆنگرەیەکی سەربازی بۆ فەرماندەی یەکە کوردیەکان ساز کرا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی هێز و بەتالیۆنەکانی شۆڕشی کورد بەشدار بوون. ئامادەبوان باسیان لە چۆنییەتی رێکخستن و پێشخستنی هێزەکانی شۆڕشی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی رێکخستن و راهێنان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە کرد کە ئەو کاتە لە ئارادابوون. لە کۆبوونەوەکەدا بارزانی بۆ ماوەی کاتژمێرێك قسەی کرد و داوای لە بەرپرسان کرد لە پێناوی خزمەتکردنی رۆڵەکانی میللەتەکەیان هاوکار و یەکڕیز و راستگۆ بن و خۆیان لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیە کەسێتیەکان دوور رابگرن و بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیە تایبەتەکان[3].

٢ ی ئابی ١٩٦٨ خولی دووەمی مخابەرە بێتەل بە سەرپەرشتی مەکتەبی تەنفیزی و چوارەم خول لە مێژووی شۆڕش، لە ناوچەی قەڵای رایەت کرایەوە، دواتر گوێزرایەوە بۆ ناوچەی گەڵاڵە و نزیکەی حەوت مانگی خایاند و ٥٨ کەس بەشداریان تێداکرد و هەریەکە لە نووری حەیدەر هۆشیار و محەمەد کەریم وانەیان پێشکەش کرد، بەڵام دواتر محەمەد کەریم بەهۆی راسپاردنی بە ئەرکی دیکەی شۆڕش لە ناوچەی ناوپردان و دواتر لە قەڵادزێ [4]، نەیتوانی تا کۆتایی لە خولەکە بەردەوام بێ.

هەر لەم کاتەدا، لە ٢١ ی ئەیلوول ی ١٩٦٨ کۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ئەنجام درا و بە گوێرەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە لە مەکتەبی تەنفیزیدا بەشێکی تایبەت بە کاروباری سەربازی کرایەوە. لە راستیدا ئەرك و بەرپرسیارێتیەکان بەو کەسانە دەسپێردران کە

---

(1) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٧.

(2) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٨.

(3) شەکیب عەقراوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢٢. بڕوانە دەقی واترەکەی بارزانی لە پاشکۆی ژمارە ١٨.

(4) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

خاوەنی شارەزایی پێشوەختە بوون، بە تایبەتی لە بەشی رێکخستنی پێشمەرگە کە لە بچووکترین یەکەکانی پێشمەرگەوە هەتا گەورەترین یەکە پێکدەهات، مەفرەزە، لە ٣-٥ کەس پێکدەهات، دەستە لە ٩-١١ کەس، پەل لە ٣٠ کەس، لق لە ١٠٠-١٢٠ کەس، بەتالیۆن لە ٤٠٠-٥٠٠ کەس، هێز لە ١٥٠٠ – ٢٠٠٠ کەس، لەشکر لە ٥٠٠٠-٦٠٠٠ کەس. سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بریتی بوو لە سێ لەشکر فرقە کە: " بادینان، باڵەک، قەرەداغ "بوون. جگە لەم رێکخستنانە، ژمارەیەک بەتالیۆن بە گوێرەی دۆخی ناوچەکان هەبوون و ئەوان سەر بە هیچ هێزێک نەبوون و راستەوخۆی پەیوەست بوون بە بەشی سەربازی، ئەرکی ئەم بەتالیۆنانەش بریتی بوو لە ئەنجامدانی کردەوەی تایبەت و جۆریی، وەک ئەو بەتالیۆنەی ناوچەی هەولێر کە لەلایەن مفەوەز – پێشوو- ئیبراهیم ئەفەندیەوە[٢] سەرپەرشتی دەکرا.

جگە لە کاری رێکخستن، بەشی سەربازی هەڵدەستا بە دابینکردنی چەک و فیشەک و خواردن و مووچە و جلوبەرگ و کەلوپەلی پێویستی دیکە. هەتا ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، ژمارەی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە نزیکەی ٣٠ هەزار کەس، کە بەسەر ١٢ هێزدا دابەش کرابوون کە ئەمانە بوون " زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ و شێخان، سەفین، بێتواتە، باڵەک، کاوە، رزگاری، دەشتی هەولێر، قەرەداغ، خەبات "[٣].

هەروەها سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی بە پێشخستنی جۆری چەک کرد، دوای کڕینی پارچەی نوێی تۆپ و هاوەنی قورس و چەکی بەرگریی ئاسمانی و موشەکی دژە تانک، هاوکات کۆمەڵێک خولی راهێنان لەسەر چەکە تازەکان کرانەوە [٤].

دوای تەواوبوونی خولی دووەمی بێتەل، رۆژی ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٩ بەرێوەبەرایەتی گشتی مخابەرە لە مەکتەبی تەنفیزی ئاهەنگێکی بەم بۆنەیە لە نزیک بارەگای مەکتەبی تەنفیزی لە ناوپردان ساز کرد و جگە لە بەشدار بووان، مسعود بارزانی بە نوێنەرایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سەربازی و مەکتەبی سیاسی پارتی و ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی شۆڕش و فەرماندەکانی پێشمەرگە و لۆرد کیل براکنی (Kilbracken) رۆژنامەنووسی بەناوبانگی بەریتانی ئامادە بوون و بەم بۆنەیەوە چەندین وتە پێشکەش کران، سەرەتا وتەیەک لەلایەن محەمەد عەزیزی بەرپرس لە شۆڕش پێشکەش کرا و تیایدا ئاماژەی بە هیممەتی سەرکردایەتی شۆڕش کرد بۆ ئاسانکاریکردن و ئامادەباشی و دابینکردنی کەلوپەل و شوێنی گونجاو بۆ قوتابیان و مامۆستایان و گرنگی ئەم جۆرە خولانە بۆ شۆڕش، بە تایبەتی پێشمەرگەکانی بێتەل.دواتر نوری حەیدەر هۆشیار ی مامۆستای خولەکە لە وتەیەکدا ئاماژەی بە گرنگی پێشمەرگەی بێتەلی شۆڕش

---

(١) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.
(٢) دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ رەشید حاجی بەدری (رەشید سندی) لە ١١ ی ئاداری ٢٠٠٨.
(٣) عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٥.

کرد و داوای بەردەوامبوون لەسەر کردنەوەی ئەم جۆرە خولانەی کرد بە مەبەستی راهێنانی ژمارەیەکی زیاتری پێشمەرگە[1].

ئینجا جەمال ئەمین عارف، دەرچووی یەکەمی خولەکە وتەیەکی پێشکەش کرد و بەناوی بەشداربوانەوە سوپاسی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد بەرامبەر بە دابینکردنی ئەم دەرفەتە بۆ فێربوونی پیشەی بێتەلی، هەروەها بەناوی خۆی و هەموو بەشداربوانەوە بەڵێنی دا خزمەتی گەل و شۆڕش بکەن و وەك سەربازی دڵسۆز بمێننەوە. لە کۆتایی وتەکەدا بەناوی هەموو دەرچوان داوای لە ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی کرد وتەیەك پێشکەش بکات و تیایدا باسی بارودۆخی شۆڕش بکات[2].

ئەوەبوو یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی وتەیەکی بەناوی سەرۆکی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی پێشکەش کرد و ٢٥ خولەکی خایاند و تیایدا بە کورتی باسی سااڵیادی شۆڕش و کاریگەریە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی کرد و بە بەڵگەش روونی کردەوە کە پێشکەوتنی شۆڕش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

1- سەرکردایەتی حەکیمانەی بارزانی سەرۆکی شۆڕش و پارتی.
2- بوونی پارتێکی پێشکەوتووخواز کە سەرکردایەتی شۆڕش دەکات و سیاسەتەکانی ئاراستە دەکات و نییەتە خراپەکانی دوژمن ئاشکرا دەکات، هەروەها لە توانایدا هەیە جەماوەر لە دەوری شۆڕش کۆ بکاتەوە و پێگەیەکی رێکخراوی بۆ بدۆزێتەوە و ئاراستەی رەوای شۆڕشی گەلانی جیهان روون بکاتەوە، بەمەش بوونی پارتێکی شۆڕشگێڕ لە لووتکەی شۆڕش، گرنگیەکی تایبەتی پێ بەخشیوە.

هەروەها ئاماژەی بە قارەمانییەتی و ناوبانگی باشی پێشمەرگە کرد لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەموو جیهان، بۆیە پێویستە لەسەرمان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوان و هۆشیاریی نەتەوەیی کوردایەتیدا هەموو هەوڵێك بخەینە گەڕ، روونیشی کردەوە کە ئەم لاوانە هێمای خۆبەخشی و فیداکارین. لە کۆتایی وتەکەیدا باسی لەوە کرد کە لەپێناوی زیادکردن و توندوتۆڵکردن و پێشخستنی شۆڕشدا، پێویستە لەسەر دۆستانی حزب و برایانی پێشمەرگە سوود لە هەموو دەرفەتێك وەربگرن و وەك چۆن بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ باوك و خوشك و براکانیان دەکەن، بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ گوندنشینان بکەن. لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا مسعود بارزانی نوێنەری سەرۆکی شۆڕش خەڵاتی بەسەر

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١٠.
(2) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤.

دەرچوان دابەش کرد[1]. رۆژی دواتر، واتە ٣٠ نیسانی ١٩٦٩، دەچوانی خولەکە بەسەر بارەگا و بنکەکانی شۆڕش دابەش کران [2].

نوری حەیدەر، کە یەکێك بوو لە ماموّتایانی بێتەل لە شۆڕش، ڕەخنەی ئاراستەی ئاستی بایەخدان بە دەزگای بێتەل کرد و وتی: لەگەڵ گرنگی بێتەل لە شۆڕش، بەڵام وەك پێویست بایەخی پێ نەدراوە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مخابەرە بە دەستی گرفتێکی کارگێڕی ئاشکراوە دەینالاند، سەبری بۆتانی بەرێوەبەری گشتی دەزگای بێتەل شوباتی ١٩٦٧- حوزەیرانی ١٩٦٧ دواتر محەمەد عەزیز حوزەیرانی ١٩٦٧-کۆتایی ساڵی ١٩٦٨، هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە مخابەرە نەبوو، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە سوپا یان پۆلیسی عێراق کاریان دەکرد و هێشتا پەیوەندیان بە شۆڕشەوە نەکردبوو، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی پیشەییانە کاروبار بەڕێوە ببەن. هەروەها هەردووکیان پێشتر لە مەکتەبی سیاسی پارتی سەرقاڵی کاروباری کارگێڕی بوون و بۆ کارکردن لەم بوارە بە تەواوی خۆیان تەرخان نەکردبوو. دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی معاون شەوکەت مەلا ئیسماعیل لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، ئەو پێشتر لە ماوەی خزمەتکردن لە پۆلیسی عێراقدا [3] شارەزایی باشی لەو بارە پەیدا کردبوو.

هەوڵێکی زۆر خرایە گەڕ لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی و زانستی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و هاوکات لەگەڵ ڕاهێنانی ئاسایی لەسەر تۆپ و چەکە قورسەکان، هاوینی ١٩٦٩ شۆڕش خولی یەکەمی هێزە تایبەتەکان کۆماندۆ ی کردەوە و ئەوان خولەکەیان تەواو کرد و ئامادە بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسیەکی چاوەڕوانکراو لەلایەن دوژمنەوە، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە پەسنی بەشداربووانی ئەم خولەی کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەوان لە ماوەی خولەکەدا نموونەیەکی جوان بوون بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و چالاکی و پێشکەوتوویی، هەروەها دەریانخست کە هەر ئەرکێکیان پێ بسپێردرێ، دڵسۆزانە جێبەجێی دەکەن[4].

شایەنی باسە، سەرکردایەتی شۆڕش جگە لە بەرپرسیارێتیە سەربازییەکانیان، هەندێك بەرپرسیارێتی کارگێڕیشی بە بەشێك لە فەرماندە سەربازییەکان دەسپارد، بە تایبەتی لە ناوچە هەستیارەکان و پێش دەستبەکاربوونی ئەو بەرپرسە کارگێڕیانەی کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە دامەزرێنرابوون. بۆ نموونە، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازی و کارگێڕی ناوچەی باڵەکایەتی نێوان رواندز و حاجی ئۆمەرانی سەر سنووری ئێرانی بە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٠)، (مایس،١٩٦٩)، ل١١.

(2) نووری حەیدەر (هۆشیار)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

(3) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٧.

(4) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢١)، (حوزەیرانی،١٩٦٩)، ل٨.

سپارد، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژیی بوو و حیسابێکی زۆری بۆ دەکرا. لەو بارەوە پشدەری دەڵێ: ناوچەی باڵەکایەتی پڕی کێشە بوو، لەوێ چەند هێزێکی خێڵەکی هەبوون، هەروەها بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقیش لە ناوچەکە بوو، لە هەمان کاتدا گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن جیابوەوەکان هەندێك چالاکیان لەوێ هەبوو، لەلایەکی دیکە، ئەم ناوچەیە نزیکی سێگۆشەی سنووری عێراق و تورکیا و ئێران بوو، لە راستیدا ترسم هەبوو لەوەی لەم ئەرکە گەورەیەدا سەرکەوتوو نەبم، بۆیە داوام لە سەرۆك بارزانی کرد لەم بەرپرسیارێتیە بمبورێ، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکەی. کاتێکیش مەسەلەکە بووە ئەمری واقیع، داوام لێکرد بۆ ئەنجامدانی کارە سەربازی و کارگێڕییەکان، بە تایبەتی لە بواری رێکخستنی پێشمەرگە بە شێوەیەکی نیزامی، لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی تەواوم پێ ببەخشێ. لەلایەکی دیکە داوای کرد چەکدارانی حزبی شیوعی عێراق بەبێ جیاوازی لەژێر فەرمانی ئەودابن و لە رووی سەربازیەوە [1] لە جموجۆڵیاندا سەربەخۆ نەبن.

هەروەها پشدەری دەڵێت: داوام لە بارزانی کرد دەسەڵاتی کارگێڕیی تەواوم پێ ببەخشێ، دواتر ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو کارە سەربازی و کارگێڕییەکان و دەسەڵات و ئازادیی هەڵسوکەوتکردنی پێ سپاردم و بەرپرسە کارگێڕی و سەربازییەکان راپۆرتی تایبەت بە ناوچەکانیان بۆ مەکتەبی تەنفیزیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرز دەکردەوە، لەو بارەشەوە پشدەری دەڵێ: دوای دەستبەکاربوونی، گەشتێکی بە ناوچەی باڵەکایەتیدا کردووە و سەردانی بەرەکانی شەڕی کردووە و پێشمەرگەی تیادا دامەزراندوون و شوێنی مانەوەیانی رێك خستووە، دواتر راپۆرتێکی دوورودرێژی ئاراستەی بارزانی کردووە و تیایدا گرنگترین کار و پێشنیازەکانی خۆی خستوونەتە روو و چەند وێنەیەکی راپۆرتەکەی داوە بە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتی و راپۆرتەکە مایەی رەزامەندیی بارزانی بووە، هەروەها مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتی سوپاس و پێزانینیان ئاراستە کردووە [2].

لە لایەکی دیکە، سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەی رووبەڕووی بوارەکانی تەندروستی و فێربوون دەبوونەوە تەنیا حکوومەت نەبوو، بەڵکو هەندێك لە ئەندامانی پێشمەرگە و خەڵکیش دەبوونە مایەی خولقاندنی ئەم کێشانە، هەر ئەمە وای لە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە کرد کە بابەتێك لەژێر ناوی " چەند ئاموژگاریەك بۆ برایانی پێشمەرگە" بڵاو بکاتەوە و تیایدا بنووسێت: " بەشی تەندروستی و فێرکردن لە مەکتەبی تەنفیزی شەو و رۆژ باشترین خزمەت پێشکەشی میللەت دەکات و لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا کۆمەڵێك نەخۆشخانە و قوتابخانە لە کوردستانی ئازاد کراونەتەوە، ئەمەش بۆ رزگارکردنی میللەت

---

(1) عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٢-١٢٤.

(2) عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

لە دواکەوتوویی و نەخۆشی کە مایەی هەڕەشە بوون بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان، بە تایبەتی دوژمن هەمیشە هەوڵی خولقاندنی ئەم جۆرە کارەساتانەی داوە لە نێوانمان.

هەروەها لە وتارەکەدا هاتووە: سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بەپێی توانا، درێغی نەکردووە لە خزمەتکردنی جەماوەر، بێگومان گازاندە لەسەر دوژمن نییە، چونکە ئەو دوژمنە، بەڵام ئێمە گەلەیی و ڕەخنە ئاراستەی هەندێك لە بەرپرسانی پێشمەرگە و پارتی دەکەین، چونکە ئەوان لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویيدا نین و لە جیاتی هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە بەرێوە دەبرێن، هەروەها یارمەتیدانی لە سەرخستنی کۆششەکانی کە بریتین لە سەرکەوتنی شۆڕش و پارتی و میللەت، بەڵام ئەم بەرپرسانەی پێشمەرگە دەبینین خانووی نەخۆشخانە و قوتابخانەکانیان داگیر کردووە و ڕێگری دەکەن لەوەی مەکتەب ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاریی پێشکەشی میللەت بکات. بەگوێرەی وتارەکە، خولقاندنی هەر بەربەستێك لە ڕێگای کردنەوەی قوتابخانە یان نەخۆشخانەیەك لە کوردستانی ئازاد، خیانەتکردنە لە مێژوو و کوردایەتی و پارتی و مافەکانی مرۆڤ، بۆیە پێویستە سزا بدرێن، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییە.

وتارەکە داوای لە بەرپرسانی پێشمەرگە و پارتی کردووە کە سەردانی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بدەن و کەموکورتیەکان پڕ بکەنەوە و هانی دانیشتوانی ناوچەکە بدەن کە ڕۆڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و سەبارەت بە پاراستنی پاکوخاوێنی ئامۆژگاریان بکەن، هەروەها یارمەتی دامودەزگا تەندروستیەکان بدەن و بە پەلە هەواڵی بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشیەك لە ناوچەکانیان بە خەڵك ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایانە بتوانن چارەسەری دۆخەکە بکەن و زیانەکان کەم بکەنەوە.

هاوکات لە بابەتەکەدا باس لە بوونی چەند دیاردەیەکی نەرێنیش لە کوردستانی ئازاد کراوە، لە نێویاندا چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانەی حکومی بەدی دەکرێن کە بۆ خزمەتکردنی میللەت بونیاد نراون، کەچی دواتر وێران کراون و دەرگا و پەنجەرەکانیان دەرهێنراون، بەجۆرێك وایان لێ هاتووە سوودیان لێ وەرناگیرێ. گۆڤارەکە جەختی لەوەش کردۆتەوە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ گیانی بەرزی پڕ لە قوربانیدانی گەلی کورد و پێشمەرگەدا ناگونجێن، بۆیە دەبێ دژایەتی ئەم دیاردە نەرێنیانە بکرێ و بە شێوەیەك سەیری هەموو بالەخانەیەك لە کوردستان بکرێ وەك ئەوەی موڵکی هەموومان و موڵکی میللەت بن و دەبێ پارێزگاریان لێ بکرێ و وا نەڕوانرێتە هەر ڕێگا یان پرد یان پرۆژەیەك کە لەلایەن دوژمنەوە بونیاد نرابێ وەك ئەوەی موڵکی دوژمن بێ و پێویستە وێران بکرێن، بەڵکو دەبێ پارێزگاریان لێ بکرێ و ڕێگە بە کەسانێکی تێکدەر نەدرێ زیانیان پێ بگەیەنن. لە حالەتێکدا ئەگەر سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری تێکدانی پردێك بدات، پێویستە ئەم بڕیارە قازانجی گەورەتری هەبێ لە هێشتنەوەی پردەکە، ژمارەیەکی زۆر پرد و خانووی قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس وێران کران

و تەنانەت بەردەکانیشیان دەرهێنرا، بەڵام لە راستیدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ گیانی بەرزی شۆڕش و کوردایەتی و مرۆڤایەتیدا ناگونجێ و پێویستە لە رێگەی هێزەوە بەریان لێ بگیرێ.

لە حالەتی رووداتی کێشەیەکی وەك ئەمەشدا، دەبێ سەرەتا بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی ئەو هێزەی کە لە ناوچەکەیە، هەروەها لقی پارتی، چونکە ئەگەر چاوی پێشمەرگە و حزب کراوە بن، هیچ کەسێك ناتوانێ سەرپێچی رێنماییەکانی شۆڕش بکات. هەروەها پێویستە سزای توند بەسەر ئەوانەدا بسەپێنرێ کە زیان بە موڵکی میللەت و نیشتمان دەگەیەنن، وەك چۆن پێشتریش ئاماژەمان پێ کردووە، ئەم بالەخانانە موڵکی میللەتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێویستە بەرپرسان لە هەموو ناوچەکاندا بڕی پارەی تایبەت بۆ پاراستنی ئەم پرۆژانە تەرخان بکەن و رێگە بە کەس نەدەن دەستیان بەسەردابگرن و بۆ بەشی تەندروستی و فێرکردن تەرخان بکرێن و هەر کاتێك لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستدرێژیان بکرێتە سەر، ئەو کاتە دەزانن پێشمەرگە و پارتی و میللەت تا چەند بایەخ بەم پرۆژانە دەدەن. لە کۆتایی وتارەکەدا، گۆڤارەکە داوای لە هەموو لایەنەکان کردووە کە بەرپرسیارێتی مێژوویی بگرنە ئەستۆ و ئەو هەڵانە راست بکەنەوە کە پێشتر رووبان داوە [٢].

(٢) بڕوانە ، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەم،١٩٦٩)، ل٢٧.

حەوتەم: لایەنی کۆمەڵایەتی

ئەگەرچی شۆڕشی کورد بریتی بوو لە چەند بزووتنەوەیەکی سەربازیی بەرگریکار لە میللەت و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەڵام لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، ئامانجی باشترکردن و پێشخستنی هەموو ئاراستەکانی باری کۆمەڵایەتی بوو لە کوردستان. سەرکردایەتی شۆڕش درکی بەوە دەکرد کە حکوومەتی ناوەندی تا چ ئاستێك و چ جۆرە سیاسەتێکی نابەجێی لە بواری کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تردا لە دژی گەلی کورد گرتۆتە بەر، تەنانەت رژێم لە کاتی دانوستانیشدا رێگەی بە جێبەجێکردنی هیچ پرۆژەیەك نەدەدا کە ببێتە مایەی گۆڕینی ئەم واقیعە، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی بڕیارەکان و پرۆگرامی پارتی لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، کۆمەڵێك پلانی دارشت لە پێناوی پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتگوزاری بە میللەت لە بوارە زانستیەکان و هی تردا، بەجۆرێك ببنە مایەی چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان و کۆمەڵگا و هۆکارێك بۆ پێشکەوتن و بەهێزکردنی ناوەرۆکی شۆڕش و پاراستنی سروشتی دانیشتوانی کوردستان[٢].

سەرکردایەتی شۆڕش باوەڕی بەوە هەبوو کە پێویستە خزمەتکردنی میللەت لە پێشەوەی هەموو ئامانجەکانی تر بێ، بۆ ئەوەی شۆڕش ببێتە خاوەنی ناوەرۆکێکی راستەقینە و بەهێز و ئەم ناوەرۆکە شێوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکان وەربگرێ و لە پێشکەشکردنی خزمەتی کۆمەڵایەتیدا بەردەوام بێ. گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە داوای لە بەرپرسانی شۆڕش و پارتی و پێشمەرگە و هەموو دانیشتوانی کوردستان کرد کە پشتگیری لە سەرکردایەتی شۆڕش و پلانەکانی بکەن لە بواری چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها هەموو جۆرە یارمەتیەك پێشکەشی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دامودەزگاکانی بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مێژووییە[٣].

هەروەها لە پێناوی بەهێزکردنی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕشدا، سەرکردایەتی شۆڕش بە بەردەوامی داوای لە کادرانی شۆڕش و پارتی کردووە کە بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ رۆڵەکانی میللەت بکەن و هەوڵ بدەن خزمەتیان بکەن و بە شێوازێکی برایانە و بە خۆشەویستیەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن و یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر لە دەوری ئاڵای شۆڕشی کورد کۆببنەوە. هەر هەڵسوکەوتێکی نابەجێش نابێتە مایەی خزمەتکردنی شۆڕش، بەڵکو زیانی پێ دەگەیەنێ و مامەڵەی

---

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)، ل٣.
(٢) هەمان سەرچاوە.

باش لەگەڵ رۆڵەکانی میللەت وایان لێدەکات زیاتر پەیوەست بن بە شۆڕشەکەیان و بەمەش دوژمن ناتوانێ لەنێویاندا شوێن پێیەك بۆ خۆی بکاتەوە [1].

مەسەلەی پێکهێنانی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری و مافەکانی ئافرەت بەردی بناغەی بونیادنانی کۆمەڵگان، خانەوادەی کوردیش وەك خانەوادەکانی تری کۆمەڵگا گەشەکردوەکان بەدەستی زۆر نەخۆشی و دیاردەی نەرێنییەوە دەناڵێنێ، لە نێویاندا بەشوودانی کچان بەبێ خواستی خۆیان و ژن بە ژنی و بە شوودان بەرامبەر مارەییەکی زۆر، ئەم جۆرە دیاردانە جگە لە بارزان و چەند ناوچەیەکی دیکە[2]، بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو بووبوونەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە وەسف کراون: "

باوك یان مام یان برا، لەکاتی ئامادەنەبوونی باوکدا مافی بەخۆی دەدا وەك چۆن مەڕەکانی دەفرۆشێ، خوشکەکەشی بە هەمان شێوە بفرۆشێ. یان باوك یان مام یان برا لەگەڵ کەسانی تر رێك دەکەون بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هاوسەرێك بۆ خۆیان، کچێك بدەن بە لای بەرامبەر. یان کەسانی بەتەمەن لەنێوان خۆیان رێك دەکەون کە کچەکانیان بدەن بە یەکتر و ژیانی هەردوو کچەکە بەهۆی شووکردن بە کەسانی بە تەمەن تاڵ دەبێ، زۆر جار ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆییانە دەبنە هۆی رووبانی دوژمنداریی و تۆڵەسەندنەوە و تیایاندا خوێنێکی زۆر دەڕژێنرێ. هەروەها دوو پیاو رێکدەکەون کە هەر یەکەیان کچە تازە لەدایکبووەکەی بدات بە کوڕی لایەنی بەرامبەر، کاتێکیش کچەکان گەورە دەبن، یەکێکیان بەوەی تر رازی نابێ و دیسان ئاژاوە سەر هەڵدەدات و تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکەوێتەوە. یان کاتێك پیاوێك کچەکەی دەدات بە کەسێك و چاوەڕێ دەکات هەتا کچی لای بەرامبەر گەورە دەبێ بۆ ئەوەی لە خۆی یان لە کوڕەکەی مارەی بکات و دواتر کچە رازی نابێ و دیسان ناکۆکی و ئاژاوە رووبەدات..."، هەروەها زۆر جار حالەتی فرۆشتنی کچانیش رووبداوە، باوك نرخێك بۆ کچەکەی دیار دەکات، ئەمەش دەبێتە رێگر لەبەردەمی بەیەکگەیشتنی ئەوانەی یەکتریان خۆش دەوێ، هەروەها ئەو کاتە کوڕەکە ناتوانێ بڕی پارەی دیارکراو دابین بکات و لە ئەنجامدا رفاندن هەڵگرتن و دواتر تووندوتیژیی و تەنانەت کوشتنیشی لێ دەکەوێتەوە[3].

بەم جۆرە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد درکی بە بوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی کردبوو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، بە تایبەتی کێشەی پێکهێنانی خێزان و هاوسەرگیری، هەروەها رۆڵ و مافەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا. هاوکات هەستی دەکرد کە تا رادەیەك ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا پشتگوێ خراوە، لە کاتێکدا ئەو نیوەی کۆمەڵگایە و پێویستە مافەکانی بپارێزرێن.

---

(1) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(2) عەبدولحەمید عەلی سەعید بەرزنجی ، رۆڵی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ لە بزووتنەوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا ، (دهۆك، ٢٠٠٧) ، ل ١٩٠.

(3) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ل ل ٣٨٧- ٣٨٨.

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پێی وابوو پێویستە خێزان لەسەر بنەمایەکی دروست بونیاد بنرێ، بە جۆرێك دواتر نەبێتە مایەی رووداني هیچ کێشەیەك [1].

لە راستیدا ئاگربەستی دوای رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەرفەتێکی گونجاوی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ڕەخساند بۆ ئەوەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی گرنگ بگرێتە بەر، ئەوەبوو پڕژایە سەر ژمارەیەك دیاردەی نەرێنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردی و ئەم ڕێوشوێنانە وەك دەستکەوتی شۆڕشگێڕی و هەنگاوی گرنگ وابوون لە کاروانی شۆڕش و لەسەر ئاستی بزووتنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا [2].

لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دا مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای پاراستنی خێزانی دەرکرد و بووە هەنگاوێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی لایەنێکی گەورەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەك هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و پاراستنی مافەکانی ئافرەتان بەپێی یاساکان و شەریعەت و ڕێزگرتن لە ئافرەت وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا[3]. ئەمەی خوارەوە دیارترین بڕیارەکانن:

أ. دەرکردنی بڕیارێك سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەشوودان بەبێ ڕەزامەندیی کچ، یان حەرامکردنی بەشوودانی کچان بەپێچەوانەی خواستی خۆیان یان ئاڵوگۆڕکردنی بچووك بە گەورە و ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە وەك تاوان هەژمار کران و هەر کەسێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد ئەنجامیان بدات، سزا دەدرێن.

ب. بڕیار درا سنووورێك بۆ ماڕەیی لەکاتی هاوسەرگیری دابنرێ، بە مەرجێك لە ١٠٠ دینار تێپەڕ نەکات بڕە پارەیەکی گونجاو بوو و ئەو کاتە بەرامبەر ٣٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بوو ، هەروەها باوك یان کەسی بەرپرسیار دەبێ بڕە پارەکە لە دابینکردنی کەلوپەلی بووك خەرج بکات. بەڵام شۆڕش سنووورێکی بۆ ئەو بڕە پارەیە دیار نەکرد کە باوکی کچ دەیەوێ لە گیرفانی خۆی بۆ کچەکەی خەرجی بکات.

ج. لە کاتی بوونی رێککەوتن لەنێوان کوڕ و کچدا، بە ئامادەبوونی ریش سپیانی گوند بە فەرمی ڕەزامەندیی باوکی کوڕەکە یان باوکی کچەکە وەردەگیرێ، دواتر هەمان شت دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر سوور بوون لەسەر ڕەتکردنەوە، ئەو کاتە ئەوانەی بە پرۆسەی هاوسەرگیریەکە رازین، مافیان

---

(1) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

(2) عەبدولحەمید عەلی سەعید بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩٠.

(3) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

هەیە روو بکەنە نزیکترین بارەگای حزبی و لەوێ خواستی خۆیان بۆ هاوسەرگیری رادەگەیەنن، ئینجا مەراسیمەکان ئەنجام دەدرێن [1].

ئەو کاتە ئەم بڕیارانە بە یاساکانی شۆڕش بۆ پاراستنی خێزان ناسران[2]. بەڕێوبەرایەتی شۆڕش گرنگیەکی زۆریان بە لایەنی کۆمەڵایەتی دا لە کوردستان، بۆیە هەوڵەکانی ئەوان لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستان لە پێناوی سەرخستنی کارکردن بە یاسای پاراستنی خێزان چڕ کرانەوە، کە دەست بە جێبەجێکردنی کرابوو، هەروەها کارکردن درێژەی هەبوو لە پێناوی نەهێشتنی هەموو ئەو بەربەستانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکە بە شێوەیەکی دروست. چونکە ئەم یاسایە سوودێکی گەورەی هەبوو و هەنگاوێك بوو بۆ دۆزینەوەی باشترین بناغە بۆ خێزان لە کوردستان و پاراستنی مافەکانی ئافرەتی کورد، بە جۆرێك خزمەت بە کۆمەڵگا و نیشتمان بگەیەنێ [3]، هاوکات ئەم یاسایە بووە مایەی کەمکردنەوەی قەبارەی ئەو کێشانەی کە بەهۆی گرفتە خێزانییەکانەوە لە کوردستان ڕوو دەدەن و ئەم جۆرە یاسایانە و ڕۆڵی بەشی دادوەریی و دامودەزگاکانی هۆکارێك بوون بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشە و ململانێی جۆراوجۆر و سنووردێکیشیان بۆ تاوانکاریی لە کوردستان دیار کرد [4].

هەنگاوەکانی شۆڕشی کورد لە پێشکەوتنی بەردەوام دابوون، لەم هەنگاوانەش، بەهێزکردنی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی شۆڕش. هەروەها یاسای پاراستنی خێزان کە لە دادگاکانی کوردستاندا بە شێوازێکی باش و ڕێکوپێك سوودی لێ وەردەگیرا، بە تایبەتی لە دادگا شەرعیەکاندا و لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا، چونکە هەنگاوێك بوو بەرەو پێشەوە لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی زۆر گرنگ کە خواستنی ئافرەت و مافەکانی بوو. بە تایبەتی لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو خەڵکەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت دەژیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان [5] پەنایان دەبردە بەر دادگاکانی شۆڕش.

لە لایەکی دیکە، بەڕێوبەرایەتی شۆڕش لە زۆربەی حالەتەکاندا هەوڵی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگایان نەدەدا، کاتێکیش بارزانی سەردانی ناوچەکانی کوردستانی دەکرد و گوێبیست دەبوو کە ناکۆکی یان کێشەیەك لەنێوان دوو خێزان یان دوو هۆز هەیە، خۆی دەکەوتە نێوانیان و بە

---

(1) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ل ل ٣٨٧- ٣٨٨.. عەلی سنجاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەڵێ : ئەگەرچی ئەم بڕیارانە لە ساڵی ١٩٦٤ دەرکران بەڵام دواتر کارکردن پێیان بەردەوام بوو . دیمانەی تایبەت لەگەڵیدا لە ١٩ ی تەموزی ٢٠٠٨.

(2) عەبدولحەمید عەلی سەعید بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩٠.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢١)، (حوزەیران،١٩٦٩)،ل٨.

(4) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٨)، (مارت،١٩٦٩)،ل٣.

(5) هەمان سەرچاوە ، ژمارە (١٩) ، (نیسان ، ١٩٦٩) ، ل ١٤.

یەکی دەگەیاندنەوە، ئینجا پاش دڵنیابوون لێیان، ناوچەکەی بەجێ دەهێشت [1]. ئەم ڕێوشوێنەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو یەکڕیزی کورد.

() شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

بەشی پێنجەم

چالاکیە دەرەکییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان

باسی یەکەم:

کۆششە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن هەتا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥

باسی دووەم:

سەردانەکەی عیسمەت شەریف وانلی بۆ ئەمەریکا و لێکەوتەکانی

باسی سێیەم:

چالاکیە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن هەتا ساڵی ١٩٦٦

باسی چوارەم:

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و چالاکیە دەرەکیەکانی هەتا ساڵی ١٩٧٠

باسی یەکەم

کۆششە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن هەتا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥

یەکەم: پەیوەندیکردنی سەرکردایەتی کورد بە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦٤ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە رێگەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ریزەکانی رێکخستەوە، لایەنی دەرەکی بووە جێی بایەخی تایبەتی سەرکردایەتی کورد، چونکە مانەوەی شۆڕش لە چوارچێوەی ناوخۆدا لە بەرژەوەندیی ئەو نەبوو.

بەهۆی گرنگی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر عێراق [1]، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی میللی لە قەڵادزێ لە ٢٨ و ٢٩ ی ئەیلوول ی ١٩٦٤، هەوڵی دا پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغداوە بکات بۆ ئەوەی دواییین پێشهاتەکانی سەبارەت بە دۆزی کورد لە عێراق پێ رابگەیەنێ، بە تایبەتی کۆنگرە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ی لێ دەکەوێتەوە، کە دەست دەکات بە چاوخشاندنەوە بە شێوازی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا، دوای سستبوونی پرۆسەی ئاشتی و خۆدزینەوەی حکوومەت لە مافە نەتەوەییەکانی کورد.

لەم چوارچێوەیەدا یەکێك لە کارمەندانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بەناوی ئیگرتۆن (Egerton) لە نامەیەکدا کە لە ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ئاراستەی وەزارەتی بەریتانیای کردووە – نامەکە زانیاری گرنگی مێژوویی گرتۆتە خۆی- ئاماژەی بە کۆبوونەوەیەك کردووە کە لەگەڵ چەند بەرپرسێکی کورد ئەنجامی داوە و ناوبراو لە نامەکەیدا پشتی بە راگەیاندنەکانی مستەفا قەرەداغی ئەندامی تازەی لیژنەی مەرکەزی پارتی و کونسولی پێشووتری عێراق لە پراگ بەستووە کە لەگەڵ

() حکومەتی بەریتانیا ئاگاداری پێشهاتەکانی شۆڕشی کورد بوو لە کاتی بەرپابوونیدا لە ساڵی ١٩٦١، بەڵام دوای رووداتی کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ هەوڵی دا پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی تازە بپارێزێ ، هەروەها لە نزیکەوەش چاودێریی هەڵوێستی سۆڤیەتی دەکرد کە لایەنگری شۆڕش بوو ، لە ماوەی دەستپێکردنەوەی هێرشی حکومەتی عیراق بۆ سەر کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٦٣ ، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە راپۆرتەکانیدا کە ئاراستەی حکومەتی وڵاتەکەی دەکرد ، بۆچوون و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەردووك سەرکردایەتی عیراق و کورد سەبارەت بە بابەتەکە دەگواستەوە . باڵیۆزخانەکە لە راپۆرتێکیدا دووپاتی کردەوە کە سەبارەت بە راستی وەرگرتنی یارمەتی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆچوونی سەرکردەکانی کورد – ناوەکانی نەهێناون- ی وەرگرتووە و خواستی ئەم سەرکردانە پوخت کرایەوە لە داواکردنی " یارمەتی دارایی و مەعنەوی لە وڵاتانی رۆژئاوا . لە حالەتی نەبوونی ئەو یارمەتیانەشدا ، ئەوان – سەرەڕای بوونی دوودڵی - ناچار دەبن بۆ داواکردنی یارمەتی رووبکەنە سۆڤیەت و کوتلەی رۆژهەڵات ". بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، بەریتانیا و یاری دەسەڵات لە عیراق – رەوتی نەتەوەیی و تایەفەگەری سیاسی- ، (بەغدا ، ٢٠١٠) ، ل ل ٢٦٢ – ٢٦٦ : رەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا (١٩٥٨- ١٩٧٠) توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل ل ١٤٨-١٤٩.

حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری پارتی رۆژی ٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ [1]، واتە بەر لەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی ساز بکات، بە سەردانێك گەیشتبوونە بەغدا.

ئیگرتۆن لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە کاتی گفتوگۆی دووروودرێژی لەگەڵ مستەفا قەرەداغیدا گەیشتۆتە خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە کۆنگرەی میللی لە قەڵادزێ هەموو پێشنیازەکانی حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە گەیشتن بە رێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ کورد رەت کردوونەتەوە، دواتر قەرەداغی نهێنی و راستی سەردانەکەی بۆ بەغدا ئاشکرا کردووە و مەبەست لە دوایەوە کۆبوونەوە و دیدەنی سەرکردەکانی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی، رێکخراوە سیاسیە نوێیەکەی عێراق نەبووە، بەڵکو لە راستیدا بەهۆی متمانەی بەهێزی بارزانی بە قەرەداغی، پرۆژەی یاداشتنامەیەکی[2] لە رێگەی ئەوەوە ناردووە و لە ناوەرۆکەکەیدا نییەتی کورد لە دانوستانی داهاتوویان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی خراوەتە روو. لەوەش گرنگتر، ئەوەی بارزانی دەخوازێ حکوومەتی بەریتانیا لە رێگەی باڵیۆزخانەکەیەوە لە بەغدا ئاگاداری بێ، بە مەبەستی ئامادەکردنی رێککەوتنێکی کاری بونیادنراو لەسەر بنەما هاوبەشەکان بۆ هاوکاریکردن لە نێوان خۆی و بەریتانییەکان و پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کورد [3].

ئیگرتۆن پێی وابووە ئەوەی قەرەداغی بە دووروودرێژی سەبارەت بە بیرۆکەکانی ناو یاداشتنامە تازەکەی بارزانی بۆی باس کردووە، گرنگیەکی زۆری هەبووە، بە تایبەتی دەربارەی ئەو دانوستانانەی بڕیار وایە لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەست پێ بکەنەوە و ئیگرتۆن پێی وابووە بیرۆکەکان بەهێزتر و راشکاوانەترن لەوانەی کە شۆڕشی کورد لە دانوستانەکانی دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣[4] لەگەڵ حکوومەتی عێراق خستبوونییە روو. لێژنەی ناوەندیی تازە بە بارزانی ڕاگەیاندبوو کە لە دانوستانەکانی داهاتوودا ئاراستەیەکی توند لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بگرێتە بەر، ئەو حکوومەتەی بە گوێرەی بۆچوونی سەرکردەکانی ئەو کاتەی کورد لە دۆخێکی زۆر لاواز دابوو [5].

---

(1) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٧٦-٢٧٧.

(2) یاداشتنامەکە بە شێوەیەکی فەرمی لە ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ئاراستەی حکومەتی عیراق کرا . لە بەشی دووەم ئاماژەی پێ دراوە.

(3) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٧٧-٢٧٨.

(4) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گفتوگۆیانە ، بڕوانە : شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣ و دواتر.

(5) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٧٨٧-٢٧٩.بڕوانە دەقی نامەکە لە، شێرکۆ حەبیب ، کورد لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیا ١٩٥٨-١٩٦٩، پێداچوونەوە و پێشکەشکردن ، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، (قاهیرە ، ٢٠١٩) ، بەشی ٢ ، ل ل ١٨١-١٨٨.

بەو پێیەش کە شۆڕشی کورد بە دەستی کێشەی داراییەوە دەینااڵند، بۆیە قەرەداغی داوای لە ئیگرتوون کرد پێشنیازەکانی بارزانی سەبارەت بە داواکردنی یارمەتی و هاوکاری لە حکوومەتی بەریتانیا بگەیەنێتە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. هەروەها بارزانی پێی وابوو گرێدانی پەیوەندی تووندوتۆڵتر لەنێوان هەردوولادا لە بەرژەوەندی کورد و بەریتانییەکانە، بە تایبەتی حکوومەتی عێراق - بە رای ئەو - دژی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوایە. "... بەو پێیەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە عێراق لەگەڵ ئەو گونجاو بوون، بۆیە پێی باش بوو مامەڵە لەگەڵ بەریتانیا بکات و راستەوخۆ پارەوپول لە حکوومەتەکەیەوە یان لە رێگای وڵاتێکی دیکەوە بە دەستی بگات کە دواتر لەبارەیەوە رێك دەکەون.." [1].

هەر لە میانی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ئیگرتوون، قەرەداغی تیشکی خستۆتە سەر حەقیقەتی رۆڵی بەریتانیا لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوەوەی عێراق بەسەر رژێمەکاندا هاتوون[2]. بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بارزانی سەبارەت بە قسەکردن بەناوی ئەوەوە بەخشیبووی، قەرەداغی باسی لەوە کردووە کە کورد ئامادەن هاوکاری بەریتانیا بکەن بۆ رووخاندنی رژێمی ئێستای عێراق، لە کاتێکدا ئەگەر بەریتانیا پلانێکی هاوشێوەی ئەو پلانەی لەبەردەست بێ کە کورد هەیەتی، بەڵام بەو مەرجەی کورد ببێتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش ئەگەر لە رێگەی پارێزگایەکەوە بێ یان هەرێمێك - بە شاری کەرکووکیشەوە - کە تیایدا کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، چونکە کەرکوك بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی مافە نەتەوەییەکانی کوردە. لە بەرامبەردا ئیگرتوون بەڵێنی بە قەرەداغی دا کە هەموو پێشنیازەکانی بارزانی بۆ بەرپرسان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەرز بکاتەوە. ئەگەرچیش حکوومەتی بەریتانیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەڵامی داواکاریەکانی قەرەداغی نەدایەوە[3]، بەڵام هەوڵەکانی کورد بۆ پەیوەندیکردن بە بەریتانیا هەتا ماوەیەك درێژەیان کێشا - لە داهاتوودا باسی دەکرێ.

دووەم: کردنەوەی نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد لە دەرەوە بە شێوەیەکی فەرمی:

کارکردن لەسەر ئاستی دەرەکی یەکێك بوو لە ئەرکەکانی سەر شانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ئەمەش بە مەبەستی رووبەڕووکردنەوەی دۆزی کورد بوو بۆ گەل و رێکخراو و پارت و وڵاتانی جیهان لەسەر هەموو ئاستێکدا، بۆ ئەوەی زیاتر لە کێشەی کورد تێبگەن و لە هەموو لایەنێکەوە پشتگیری مادی و مەعنەوی و سیاسی بۆ شۆڕشی کورد دابین بکرێ. هەروەها ئەم چالاکیە بۆ ئەوەبوو کە رای گشتی

---

(1) لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە ، ل ٢٨٠.

(2) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر هەردووك کودەتای ٨ ی شوبات و ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ، بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل ٦٩ و دواتر.

(3) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٢٨٠-٢٨١.

گوشار بخاته سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە و لە دەرەوەش شۆڕش زیاتر بناسرێ، هەروەها هێرشە بەردەوامەکانی دوژمنانی کورد لە عێراق بۆ سەر کورد و شەڕی جینۆسایدکردنیان بوەستێنرێ[1].

عیسمەت شەریف وانلی[2] ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان - کە لە سویسرا دەژیا - باسی لەوە کردووە کە لە ماوەی سەردانی کوردستان و بینینی بارزانیدا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤، رایسپاردووە کە نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد بکات لە دەرەوە و ئەویش رازی بووە [3]. لە وتەکەیدا کە لە کۆنگرەی دامەزراندنی ئەنجوومەن بەناوی لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە دەرەوە پێشکەشی کرد، جەختی کردەوە کە مایەی شانازیە بۆ ئەو، دوای ئەوەی سەرۆکی شۆڕشی کورد ئەم ئەرکەی پێ سپاردووە، لە کۆتایی وتەکەشیدا هیوای خواست نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد لە دەرەوە چالاکی و ڕێکخستنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ [4].

لە ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ و لە چوارچێوەی دووبارە خۆڕێکخستنەوەی سەرتاسەریدا ئەرکی نوێنەرایەتی شۆڕش لە دەرەوە بە فەرمی راگەیەنرا و بارزانی ئەو بەرپرسیارێتیەی بە عیسمەت شەریف وانلی سپارد و ڕێگەی پێ دا: ".... لە دەرەوە بەناوی شۆڕش قسە بکات و هەر بەناوی شۆڕشیش هەموو هەنگاوە پێویستەکان بگرێتە بەر بۆ پەیوەندیکردن بە پارتە دیاریکراوەکان....". بەم جۆرە ئەمە بووە نوێنەرایەتیەکی فەرمی و گشتی لە دەرەوە، بەرپرسیارێتی ئەم کارەش بریتی بوو لە ڕوونکردنەوەی کاروانی شۆڕشی کورد و حەقیقەتی بارودۆخی کوردستان بۆ ڕای گشتی جیهان، لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی دەربارەی کردەوە سەربازییەکان و بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی سیاسی و سازکردنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە پایتەختی وڵاتان و ئاسانکاریکردن بۆ سەردانی پەیامنێرانی بیانی بۆ کوردستان و پەیداکردنی کۆمەك و پشتگیری بۆ شۆڕش و دابینکردنی کۆمەکی مرۆیی بۆ دانیشتوانی سڤیل و گەیاندنی یاداشتنامە و پەیامەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بۆ حکوومەتە پەیوەندیدارەکان و گرتنەبەری ئەو هەنگاوە دبلۆماسیانەی دەبنە مایەی خزمەتکردنی دۆزی

---

(1) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٦)، (تشرینی دووەم، ١٩٦٨)،ل١٩.

(2) بە گوێرەی بڕیاری کۆنگرەی نۆیەمی ئەنجومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کە لە ماوەی ٣-٦ی ئابی ١٩٦٤ لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا ساز کرا ، وانلی و د.کەمال فوئادی سەرۆکی ئەنجومەنی قوتابیان بە مەبەستی بینینی سەرکردەکانی شۆڕش و هەڵسەنگاندنی ئەو ناکۆکیەی لەناو لوتکەی سەرکردایەتی شۆڕش و حزب ڕوویدا ، هەروەها هەوڵی نەهێشتنی درزەکە و ڕێگەنەدان بە فراوانبوونی ڕووبەری ناکۆکیەکە لە نێوان برایان و هاوڕێیانی یەك ڕێگا و یەك چارەنووس ،سەردانی کوردستانیان کرد . بڕوانە : فەرهاد عەونی " لە نزیك کۆشکی ئۆشی لە لۆزان گفتوگۆیەکم لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی هەبوو : ، گۆڤاری K21 ، ژمارە ٩ ، (هەولێر ، ٢٠١٠) ، ل ل ٤٥٦-٤٥٧ : نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی...، ل ٣٨ .

(3) فەرهاد عەونی " لە نزیك ...،ل ٤٥٧.

(4) بڕوانە دەقی وتەکە لە ، ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٤) ، تشرینی دووەمی ١٩٦٤.

گەلی کورد، هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی کێشەی کورد بخرێتە ناو خشتەی کاری ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان یان ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی [1].

سێیەم: حکوومەتی ناوەندی یاداشتنامەی یەکەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ڕەت دەکاتەوە:

یەکەم کاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بریتی بوو لە پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەك لە ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بۆ حکوومەت لەژێر ناوی: ڕوونکردنەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراق ، بە واژۆی مەلا مستەفا بارزانی، بەو پێیەی بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەن و پارتی و شۆڕشی کورد بوو. لە یاداشتنامەکەدا ڕاشکاوانە باس لە ئامانجەکانی گەلی کورد کرابوو [2].

لە میانەی قسەکردنیدا سەبارەت بە یاداشتنامەکە، عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە دەرەوە ڕایگەیاند ئەگەر حکوومەتی عێراق داواکاریەکانی ڕەت کردەوە یان پشتگوێی خستن، پێویستە: "... سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ڕابگەیەنرێ و حکوومەتێکی کاتی دابمەزرێنرێ...". چونکە ئەمە مافی کوردە و مانای شەڕ ناگەیەنێ، ئەگەر حکوومەتی عێراق دانی پێدا نا، ئەو ئامانجە سیاسیە گرنگە دێتە دی، ئەگەر دژایەتیشی کرد، ئەو کاتە کورد بەرگری لە قەوارەکەیان دەکەن و هەوڵ دەدەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دژی هەر دەستدرێژیەك بەهێزی بکەن. وانلی وتیشی: " ئێوە و جیهانی دەرەوەش دەزانن و واقیعیش دەریخستوە کە هەر حکوومەتێکی عێراقی دانی بە داواکاریەکانی میللەتەکەماندا نەنابێ و دژایەتی ئێمەی کردبێ، چارەنووسی کەوتن و نەمان بووە. بەڵام هیواخوازین حکوومەت وەڵامی داواکاریە ڕەواکانی گەلەکەمان بداتەوە و کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات، چونکە ئەمە خواستی گەلی عێراقە و ئەو شەڕ ناخوازێ و چاوی لە سەقامگیری و ژیانی دیموکراسی و ئاشتەواییە " [3].

دوای تاوتوێکردنی یاداشتنامەکەی کورد، حکوومەتی عێراق چەند پێشنیازێکی خستە ڕوو و مەسعود محەمەدی کەسایەتی نیشتمانپەروەری کوردی - کە ساڵی ١٩٦٤ وەزیری دەوڵەت بوو - ڕاسپارد بۆ ئەوەی بیانگەیەنێ بە بارزانی [4]. بە گوێرەی ڕاگەیاندنێکی مەسعود محەمەد بۆ ڕۆبرت

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە ، عیسمەت شەریف وانلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٤١- ٣٤٢.

(2) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە ، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی و شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥١٥- ٥٢٦.

(3) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨) .

(4) عادل تەقی عەبد محەمەد ئەلبەلداوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٧٠-٧١.

ستڕۆنگ (Robert Strong) ١٩٦٣- ١٩٦٧ ی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا لە ٢٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ [1]، پێشنیازە حکومیەکان " توند " بوون و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش ئامادە نەبوو قبولیان بکات [2].

لە کاتی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا، مەسعود محەمەد دووپاتی کردەوە کە بارزانی حکوومەتی واشنتۆن بە کلیلی سەرەکی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد دەزانێ و ئامادەیە سەبارەت بە بابەتەکە ئامۆژگاریەك لە ئەمەریکا وەربگرێ، لە بەرامبەردا وەك مەسعود محەمەد باسی کردووە "... دەکرێ واشنتۆن ئەوەی دەست بکەوێ کە دەیەوێ "، هەروەها مەسعود ویستی ئەم زانیاریانە بە نهێنی بمێننەوە، وەك ئەوەی لە دەقی بروسکەکەی ستڕۆنگ بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا هاتووە [3]. لەم دیمانەیەدا.

باڵیۆزی ئەمەریکا هەوڵی نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و کوردی دا، هەروەها پێدەچێ ستڕۆنگ دەسەڵاتی ئەوەی بەخۆی دابێ کە هەردوولا بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد رازی بکات و پێشنیازەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

أ. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هیواخوازە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عێراق و بەبێ بوونی دەستوەردانی دەرەکی بدۆزرێتەوە.

ب. گرنگیی هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراق، چونکە ئەوان خاوەنی شتێك نین بترسن لەدەستی بدەن.

ج. دەبێ ڕای سەرکردەکانی کورد یەك بخرێ و لە دانوستانێکی دووروودرێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا پشوودرێژ بن و خۆیان نەکەن بە بەکرێگیراو و بەرژەوەندی لایەنەکانی تر جێبەجێ نەکەن [4].

ڕۆژی دواتر، ستڕۆنگی باڵیۆزی ئەمەریکا بە پەلە لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری دەرەوەی - ئەو کاتەی- عێراق کۆبوەوە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی لەگەڵ مەسعود محەمەد پێ ڕابگەیەنێ. لەو بارەوە ستڕۆنگ باس لەوە دەکات کە عەبدولحەمید نیازپاکیەکی زۆری پیشان داوە، هەروەها هیچ ناڕەزاییەکی سەبارەت بە ڕۆڵی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ مەسعود محەمەد دەرنەبڕیوە. ستڕۆنگ لەو بروسکەیەدا کە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە ڕایگەیاندووە کە وەزیرە عێراقیەکە

---

(1) بڕوانە دەقەکەی لە ، سنان سادق حوسێن زەیدی ، سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عیراق (سەردەمی سەرۆك عەبدولسەلام محەمەد عارف) شوباتی ١٩٦٣ – نیسانی ١٩٦٦، (بەغدا ، ٢٠٠٩) ، ل ل ١٣١-١٣٢ : وریا ڕەحمانی، شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا، (تاران، ٢٠١٢)، ل ١٧٨.

(2) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨٣.

(3) وەرگیراوە لە ، سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٢ : وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

(4) سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٣٢ - ١٣٣: وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠.

تێگەیشتنی رووبی سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر کێشەی کورد پیشان داوە.لە بەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەم هەڵوێستەی باڵیۆزەکەی لە بەغدا دەربڕی و ڕەزامەندیشی سەبارەت بە ڕۆڵی ستراتیژی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان پیشان دا و بە هەنگاوی دڵخۆشکەرانە وەسفی کرد بۆ تووندوتۆڵکردنی پێگەی واشنتۆن لە پێشهاتە ناوخۆییەکان لە عێراق [1].

لە ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕێگەی مەسعود محەمەدەوە دوایین نامەی بۆ بارزانی نارد، بە گوێرەی بۆچوونی ئیگرتۆنی کارمەندی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، نامەکە زیاتر وەک هەڕەشەیەک وابوو لەوەی پێشنیاز بێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لە نامەکەدا سەرۆکوەزیران سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر سووربوونی بارزانی سەبارەت "بە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، لە کاتێکدا زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو - بارزانی - بە لامەرکەزیی ڕازی بووە "، هەروەها سەرۆکوەزیران نییەتی حکوومەتی دەربارەی ڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی کورد بۆ گوندەکانیان لە کەرکوک نەشاردۆتەوە، دوای ئەوەی حکوومەت لە شوێنیاندا هۆزی عەرەبی نیشتەجێ کردوون و "بە مەبەستی پاراستنی ناوچە گرنگ و دەوڵەمەندەکە بە نەوت لە جموجۆڵی کۆمپانیا نەوتیە ئیمپریالیەکان "، هێزەکانی فورسانی خالیدی کوڕی وەلیدی لێ پێکهێناون، هاوکات سەرۆکوەزیران لە بەرامبەر سووربوونی بارزانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی فورسانی سەلاحەدین بەکرێگیراوانی کورد، مەرجی ئەوەی هەبووە کە ئەویش هێزەکانی پێشمەرگە هەڵوەشێنێتەوە. ئەم هەڵوێستە تونديەی حکوومەتیش بە ڕەتکردنەوەی هەموو پێشنیازەکان لەلایەن بارزانییەوە وەڵام درایەوە، هەروەها ڕایگەیاند کە ئۆتۆنۆمی بنەڕەتیە و بەهیچ شێوەیەک تەنازولی لێ ناکرێ[2] و لە پێناوی خولقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق، پێویستە حکوومەت هەموو ئەو بڕگانە جێبەجێ بکات کە لە یاداشتنامەکەی ١١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا هاتوون، خۆ دزینەوەش لەم ئەرکە زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێ [3].

چوارەم: هەوڵی کورد بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیریی دەرەکی:

لە ئەنجامی بەردەوامبوونی حکوومەتی عێراق لەسەر هەڵوێستە تونديەکانی بەرامبەر شۆڕشی کورد، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بڕیاری دا کار لەسەر باسکردنی کێشەکە بکات بۆ

---

(1) سنان سادق حوسێن زەیدی،سەرچاوەی پێشوو،ل ل ١٣٣ - ١٣٤: وریا ڕەحمانی،سەرچاوەی پێشوو،ل ل ١٨١- ١٨٢.

(2) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨٤.

(3) وەرگیراوە لە ، عادل تەقی عەبد محەمەد ئەلبەلداوی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧١.

رای گشتی جیهان و وڵاتانی زلهێز و نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ ئەوەی ئەم هێزانە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە و لە چوارچێوەی عێراقدا گوشار بخەنە سەر حکوومەتی عێراق، هەروەها بۆ ئەوەی وڵاتانی زلهێز چیتر ئەو چەکانە بە سوپای عێراق نەدەن کە بۆ وێرانکردنی کوردستان و کوشتنی خەڵکی سڤیل بەکاریان دێنێ [1].

هەر لە سەرەتاوە شۆڕشی کورد هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بگەیەنێ [2]، بەڵام هێزە ڕۆژئاواییەکان بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان و پەیوەندیە سیاسییەکانیان، کاردانەوەی ئەوتۆیان بەرامبەر شۆڕش نەبوو، ئەگەرچی هەندێکیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یارمەتی مرۆییان پێشکەشی شۆڕش کرد. لەو بارەوە مسعود بارزانی ئاماژە بەوە دەکات کە نواندنی سۆز بەرامبەر گەلی کورد لە ژووره داخراوەکان بوو، بە جۆرێك هیچ گوێیەك گوێبیستی نەدەبوو و هیچ شتێکیش بە ئاشکرا دیار نەبوو. سەرەڕای بوونی کاردانەوەی جۆراوجۆر، بەڵام پەیوەندیەکانی شۆڕش لەگەڵ ئەم وڵاتانە نەپچڕان. هەندێك جار پەیوەندی مجامەلەکردن لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیا بەدی دەکران، بەڵام هیچ کارێکی پۆزەتیڤی ئەوتۆی بۆ شۆڕش لێ نەکەوتەوە. بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە بەردەوامی خۆی لە کاردانەوە و وەڵامدانەوە دوور دەگرت، بەڵکو بە سڵاوێکیش وەڵامی سڵاوی نەدەدایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی شۆڕش بەبێ پچڕان و لەپێناوی دۆزینەوەی جۆرێك پەیوەندی و ڕێچکە و ڕێڕەوی جۆراوجۆر[3] لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکا دردێژەیان کێشا.

سەبارەت بە پەیوەندیەکانی شۆڕشی کورد لەگەڵ ئەمەریکا، مسعود بارزانی رایگەیاندووە: بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بایەخێکی زۆریان بە ڕاکێشانی سەرنجی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ لای کێشەی کورد دەدا و لۆژیك لەمەدا ئەوەبوو ئەمەریکای زلهێز هەژموون و داهاتەکانی فراوان بکات و یارمەتی شۆڕش بدات، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی خاوەنی پەیوەندی تووندوتۆڵ بوو لەگەڵ تورکیا و ئێران. لە کاتێکدا هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەبووە مایەی وروژاندنی مەترسی ئەم دوو دەوڵەتە و دواتر پێکەوە دژایەتی شۆڕشی کوردیان دەکرد، هەروەها پەیوەندیی ئیدارەی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی عەرەب زۆر پتەوتر بوو لە پەیوەندیەکانی سۆڤیەت لەگەڵیاندا [4].

---

(1) کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٨٢-٤٨٣.

(2) بۆ وردەکاری زیاتر ، بڕوانە : مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٧-٣٧٨: ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٧-١٥٠: عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی کورد لە عیراق (١٩٦١-١٩٧٥) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی بەڵگەنامەییە ، دکتۆرانامەیەکی بڵاو نەکراوەیە ، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین ،(هەولێر ، کانونی دووەمی ٢٠٠٨) ، ل ٤١ و دواتر.

(3) بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٦-٣٧٧.

(4) بڕوانە کتێبەکەی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٧-٣٧٨.

پێدەچێ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد درکی بەوە کردبێ کە چالاکییەکانی کورد لە ئەمەریکا ئەوەندە نین کە کاریگەریی ئەوتۆیان هەبێ بۆ سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە [1]، بۆیە چاوی خستە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل کە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەمەریکا هەبوو، هەروەها نزیکبوونەوە لە شۆڕشی کورد لە عێراق [2] لە بەرژەوەندی ئیسرائیلیەکان بوو، بە تایبەتی دۆخی شەڕ هێشتا لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب - بە عێراقەوە - بەردەوام بوو [3]. بارزانی پێی وابوو هەژموونی ئیسرائیل لە ئەمەریکا توانای هەیە پشتگیری ئەمەریکا بۆ شۆڕشی کورد زامن بکات، دوای ئەوەی بە تەواوی لە ئەگەری دەستوەردانی سۆڤیەت و ئەنجامدانی کارێکی جدی [4] بۆ بەرژەوەندی شۆڕش و گۆڕینی هاوکێشەکان لەسەر ئەرزی واقیع بێ هیوا بوو.

پێنجەم: ڕێگای کورد بەرەو واشنتۆن:

لە ئەنجامی ئەوەی پێشتر باس کرا، یەکەم ئەرکە دەرەکیەکانی عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئیسرائیل بوو، لەو بارەوە وانلی دەڵێ: کاتێك کە پایزی ١٩٦٤ لە کوردستان بوو، شۆڕشگێڕانی کورد پێیان وابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای حکوومەت چەکیان کەمە و تەنیا بە تفەنگی بڕنۆ ئەمە ئەنجام نادرێ، بۆیە سەبارەت بە پێداویستیەکانیان، گفتوگۆی لەگەڵ هەندێك لە سەربازانی کورد ئەنجام داوە، هەروەها دەڵێت: "... شەوێك بە تەنیا لەگەڵ بارزانی لەژێر خێوەتەکەی بووم، لێم پرسی: ئایا دەخوازێ بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یارمەتی ڕوو بکەمە ئیسرائیل؟ لە وەڵامدا وتی: بەڵێ.."[5].

---

(1) سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦٢ هوە هەوڵی گرێدانی پەیوەندی دا لەگەڵ ئەمەریکا ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو چونکە واشنتۆن هەمیشە جەختی دەکردەوە کە سیاسەتەکەی بریتیە لە دەستوەرنەدان لە کێشەی عیراق - کورد ، بەو پێیەی مەسەلەیەکی ناوخۆییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...، ل ٥١ و دواتر.

(2) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ شۆڕشی کورد ، بڕوانە : شلۆمۆ نکدیمۆن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٥ و دواتر : مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٧٩- ٣٨٠.

(3) عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...، ل ل ٨٣-٨٤.

(4) مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨٠ . هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر کێشەی کورد جێگیر نەبوو ، بەڵکو هەر لە سەرەتای بەرپابوونیدا لە ساڵی ١٩٦١ ، پشتگیری نەکرد ، پاش ئەوەش کە بەعسیەکان لەدوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست و سیاسەتێکی دژ بە شیوعیەکانی عیراقیان پیادە کرد ، سۆڤیەت لایەنگری شۆڕشی کوردی کرد ، پاش دەستپێکردنەوەی هێرشی حکومەت بۆ سەر کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٦٣ ، بەڵام پاش کودەتاکەی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ئەم هەڵوێستەی گۆڕا و لە حکومەتی عیراق نزیك بوەوە . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر کێشەی کورد بڕوانە ، میهڤان محەمەد حوسێن ڕەشید بامەرنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٩ و دواتر.

(5) لە یاداشتنامەکانی وەرگیراوە ، لە یاداشتنامەکانی عیسمەت شەریف وانلی ، (سلێمانی ، ٢٠١٤) ، ل ٣٧.

لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ و بە هاوکاریی ئێران، وانلی سەردانی ئیسرائیلی کرد و چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەنجام دا، لە نێویاندا: مائیر عمیتی سەرۆکی موساد ئاژانسی هەواڵگری و یەعقوب کروزی جێگرەکەی و یەعقوب لبی بەرێوەبەری گشتی وەزارەتی دەرەوە و ئاهارون یریڤی سەرۆکی هۆبەی هەواڵگری سەربازیی و عیزرا دنین و یاعیل فەرد، بەرپرسانی هۆبەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە و ئەلوف هروبن، مقەدەم لە هۆبەی هەواڵگریی سەربازی لە دەستەی ئەرکانی ئیسرائیلی. وانلی نامەیەکی تایبەتی لە بارزانییەوە گەیاندە بەرپرسانی ئیسرائیل و تیایدا باس لەوە کرابوو کە ئەو نوێنەری شۆڕشی کوردە[١].

هەر لەو کۆبوونەوانەدا وانلی زۆر بابەتی خستە روو و داوای ناردنی یارمەتی کرد بۆ شۆڕشی کورد، لە نێویاندا: چەك، بە تایبەتی تۆپ و رەشاشی قورس و پارە و داودەرمان، هاوکات بە پێویستی زانی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشی کورد گرێ بدرێ و ئاسانکاری بۆ بکرێ بۆ رێکخستنی چەند سەردانێك بۆ ئەوەی لە دەرەوە بەناوی شۆڕش قسە بکات (٢).

لە دوای سەردانەکەی وانلی و ئەو بابەتانەی باسیان لێوە کرا، دەزگا ئیسرائیلیەکان بە پەلە دەستبەکار بوون و موساد لیستێکی تایبەت بەو چەکانەی ئامادە کرد کە نوێنەری شۆڕشی کورد داوای کردبوون و ئامادەباشی کرا بۆ گواستنەوەیان بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ کوردستان[٣]. هەروەها لە چوارچێوەی یارمەتیە میدیاییەکاندا، لە ئیسرائیل دەست کرا بە ئامادەکردنی کۆڕاسێکی رۆژنامەوانی دەربارەی کوردستان، ئینجا هەوڵ درا بە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بڵاو بکرێتەوە. بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پشتگیری سیاسی و مادیش بۆ شۆڕشی کورد، ئیسرائیلیەکان ئامادەباشی خۆیان بۆ یارمەتیدانی وانلی لە سەردانی ئەمەریکا پیشان دا، هەروەها پێیان وت: ئیسرائیل خەرجیە داراییەکانی ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی[٤]. لە راستیدا شۆڕشی کورد پێویستیەکی زۆری بەم پشتگیریە هەبوو، چونکە بە دەستی تەنگژەیەکی تووندی ئابووری و کێشەی داراییەوە دەینااڵند.

وانلی لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٦٥ ئیسرائیلی بەجێ هێشت و سەردانەکەی بە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئاستی گەاڵبوونی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل وەسف کرا. دوای گەڕانەوەشی بۆ کوردستان، وانلی راپۆرتێکی تەواوی سەبارەت بە دەرەنجامەکانی سەردانەکە پێشکەشی بارزانی کرد [٥].

---

(١) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢.

(٢) عیسمەت شەریف وانلی ، لە یاداشتنامەکانی ...، ل ٣٨.

(٣) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢: عەمار عەلی سمەر ، باکوری عیراق ١٩٥٨-١٩٧٥ توێژینەوەیەکی سیاسیە ، (بەیروت ، ٢٠١٢) ، ل ٣٠٩.

(٤) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢.

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٣.

شەشەم: چەند نامەیەك لە بارزانییەوە بۆ سەرکردەکانی جیهان:

رۆژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٦٥ عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە چەند لێدوانێکی رۆژنامەوانی لە بەیروت راگەیاند و تیایاندا روونی کردەوە کە دۆخەکان لە کوردستان-عێراق بەرەو خراپتر دەڕۆن و بەرپابوونی شەڕ لە نێوان کورد و حکوومەتی عێراق بۆتە شتێکی حەتمی و لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا[1] چەند پێکدادانێکی بچووك رووياندااوە.

هەروەها وانلی دووپاتی کردەوە کە هەڵگری چەند نامەیەکی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کوردە کە ئاراستەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوەی کردوون: لیندۆن جۆنسۆنی(Lyndon Baines Johnson) سەرۆکی ئەمەریکا، شارل دیگۆلی () سەرۆکی فەرەنسا، ئەلێکسی کۆسجینی (Aleksei Nikolayevich) سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت، جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لال بهادۆر شاستری (Lal Bahadur Shastri) سەرۆکوەزیرانی هیند، یو سانتی (U thant) ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان[2].

وانلی بەیاننامەیەکی بارزانیشی بەسەر رۆژنامەنووساندا دابەش کرد تیایدا هاتبوو: حکوومەتی عێراق پابەند نەبوو بە رێککەوتنی ئاگربەستی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ و کورد هیچ هیوایەکی بە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە نەماوە. هەروەها لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: لە ٢٦ ی ئایاری ١٩٦٤، بەبێ گەڕانەوە بۆ گەلی عێراق و راوێژکردن بە کورد و چارەسەرکردنی دۆزەکەی، حکوومەتی عێراق رێککەوتنێکی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو واژۆ کرد و تاکە پارتێکی عەرەبیشی بەناوی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی دامەزراند و تیایدا کورد خاوەنی هیچ پێگەیەك نییە. بارزانی لە بەیاننامەکەدا راشیگەیاند کە حکوومەتی عێراق بۆ دەرکردنی هەندێك لە جوتیارانی کورد لە ناوچەکانیان پەنای بردۆتە بەر هێز. لە بەرامبەر ئەم جۆرە کردەوانەشدا کورد ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لە خەڵکانی مەدەنی و سەربازی پێکهێنا و ئەنجوومەن یاساکانی دەرکرد و لەم ناوچانەدا کار لەسەر جێبەجێکردنیان دەکرێ. بارزانی دووپاتیشی کردەوە کە کورد شەڕی نەخواستووە و لە بەرپاکردنیدا دەستپێشخەر نابێ، بەڵام بەردەوام دەبێ لە بونیادنانی ئۆتۆنۆمی و کارگێڕی تایبەت بە خۆی، هیواشی دەخواست کە وڵاتانی دۆست و نەتەوە یەکگرتوەکان بین بە فاکتەرێك بۆ رێگەگرتن لە شەڕ و هەموو لایەنە نێودەوڵەتیە بەهێزەکان چەك بە عێراق نەدەن ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێ [3]، ئەمە ئەو پەیامە بوو کە بارزانی ویستی بە سەرکردەکانی جیهانی بگەیەنێ.

---

(1)The Times, Jan 23, 1965.

(2)Ibid , The Guardian, Jan 24, 1965.

(3)The Times, Jan 23, 1965.

لە وەڵامی پرسیارێکدا، عیسمەت شەریف وانلی وتی: کورد درك بە گرنگیی یەکێتی عەرەب دەکات، بەڵام بەبێ زامنکردنی ماف و ناسنامەکەیان[1] ئەوان ناخوازن خۆیان لەناو ئەم یەکێتیەدا بەدی بکەن. وانلی دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە کوردانی عێراق خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و هیچ بواریّك بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزە کوردیەکان پێشمەرگە نییە و دەبێ هێزەکانی فورسان سەلاحەدین ئەیوبی بەکرێگیراوان ی سەر بە حکوومەت هەڵوەشێنرێتەوە[2].

دواتر وانلی ئاماژەی بەوە کرد کە لێدوانەکانی بەیروت تووڕەییەکیان بۆ تووڕەبوونەکەی بەغدا زیاد کرد، ئەو بەغدایەی پێی وابوو ڕێوشوێنەکانی شۆڕشی کورد سەبارەت بە ڕێکخستن و کارگێڕی دەوڵەتی ناو دەوڵەتن. وانلی دەشڵێت کە هەواڵی باوەڕپێکراوی بەدەست گەیشتووە دەڵێن: دوای ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە، ناجی تاڵبی وەزیری دەرەوەی عێراق بانگهێشتی نوێنەرە دیبلۆماتکارەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیای ئیتیحادی و بەریتانیا و فەرەنسای کردووە و داوای لێکردوون لە وڵاتانی خۆیان پێشوازیمان لێ نەکەن. لە بەرامبەردا ئێمە چەند نامەیەکی بارزانیمان[3] ئاراستەی ئەم حکوومەتانە و حکوومەتی سۆڤیەت و هیند کرد. دواتر لە مانگی شوباتی ١٩٦٥ عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد ڕووی کردە ئەوروپا، بۆ ئەوەی لەوێوە سەردانی ئەمەریکا بکات و هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانی دەست پێ بکات[4].

---

(1) سەرکردایەتی پارتی پێی وابوو مەسەلەی یەکگرتن و یەکێتی نێوان وڵاتانی عەرەب ، بە پلەی یەکەم تایبەتە بە گەلی عەرەب و بەشێکە لە مافی دیارکردنی چارەنووس ، بۆیە دژی نەوەستایەوە . سەبارەت بە یەکێتی عیراقیش لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی ، پارتی لەو باوەڕە دابوو کەپێویستە پەلە نەکرێ لە گرتنەبەری هەنگاوی لەم جۆرە ، بەڵکو دەبێ پێشتر تاوتوێی بابەتەکە بکرێ و هەنگاوە سەرەتاییە پێویستەکان بنرێن. هەروەها لەو باوەڕە دابوو لە هەر پێکهاتەیەکی نوێدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب زاڵ دەبن و بەهۆی زۆرینەی عەرەبەوە ڕێژەی ئەو کوردانەش کە لە سایەی دەوڵەتە تازەکەدا دەژین بەرەو دابەزین و کەمبوونەوە دەچێ . سەرکردایەتی پارتی جەختیشی کردۆتەوە کە هەر هەنگاوێك لەلایەن نەتەوەی عەرەبەوە بە ئاراستەی هێنانەدی ئامانجەکانی بنرێ ، پێویستە فراوانکردنی ڕووبەری مافە تەنەوەییەکانی کوردی لەگەڵ بێ . بڕوانە : جەلال تالەبانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٠٢-٢٠٣.

(2) The Times, Jan 23, 1965.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ٣٥١.

(4) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٣.

باسی دووەم

سەردانەکەی عیسمەت شەریف وانلی بۆ ئەمەریکا و لێکەوتەکانی

یەکەم: چالاکییەکانی وانلی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا:

لەم قۆناغەدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵی دا دەرفەتی بوونی ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا و ئەمەریکا بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی دۆزی کورد و مافە نەتەوەییە رەواکانی لە دامودەزگا فەرمیەکانی ئەمەریکا[1] بخاتە روو، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بڕیاری دا لە بەهاری ١٩٦٥، شاندێك لە نوێنەرانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دەرەوە، بە ئەندامێتی هەر یەکە لە: عیسمەت شەریف وانلی و سەعدی دزەیی[2]، بە مەبەستی گەیاندنی کێشەی کورد بۆ حکوومەتی ئەمەریکا و وڵاتانی تر و نەتەوە یەکگرتوەکان[3] رەوانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بکات.

لە دەسپێکی ئەو گەشتەدا کە وانلی لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٦٥ بۆ ئەمەریکا ئەنجامی دا، بارزانی رایگەیاند: هەر دەوڵەتێك یان گەلێك بەبێ بوونی پشتگیری یەکێك لە دوو کوتلە گەورەکە سەربازگەی رۆژئاوا و سەربازگەی رۆژهەڵات توانای ژیان و مانەوەی نییە. بەو پێیەش کە بۆچوونەکانی کورد لەگەڵ بیرۆکەکانی سۆڤیەت گونجاو نەبوون، بۆیە ئاسایی بوو کورد بۆ داواکردنی یارمەتی روو بکاتە ئەمەریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو کاتە ئەمەریکا بەرامبەر بە داواکاریەکانی کورد [4] هیچ وەڵامێکی نەبوو.

شایەنی باسە پێشتر سەرکردایەتی شۆڕشی کورد داوای لە ئیسرائیل کردبوو لەو بارەوە یارمەتی بدات و ئیسرائیل داواکاریەکەی بەجێ گەیاند و لە ماوەی سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا، راوێژکارێکی تایبەتی خۆی – سەرچاوەکان ناوەکەیان ئاشکرا نەکردووە- خستۆتە خزمەتی عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری

---

(1) سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٣.

(2) سەعدی محەمەد ئەمین حاجی بایزە ، یەکێکە لە سەرۆکەکانی هۆزی دزەیی ، خەڵکی گوندی دووگردکانی دەشتی هەولێرە ، هەروەها بۆ موحسین دزەیی سیاسەتوانی کوردە . بە مەبەستی خوێندن لە ئەوروپا دەژیا ، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی قوتابیانی کورد بوو لە ئەوروپا . بڕوانە : موحسین دزەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، بەشی ٢ ، چەند لاپەڕەیەك .

(3) ویلسۆن ناسانێل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١: مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.شایەنی باسە ئەم سەردانە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی شاندێکی دیکەی کورد لە سەرەتای نیسانی ١٩٦٥ بۆ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران و ئەندامانی بریتی بوون لە : شەمسەدین موفتی نوێنەری کورد لە تاران و مسعود بارزانی . مەبەست لە سەردانەکە کۆکردنەوەی پشتگیری دارایی و سەربازی بوو بۆ شۆڕشی کورد . بەڵام وەڵامی ئەمەریکیەکان نەرێنی بوو . لە ١٤ ی نیسان وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کۆمەڵێك رێنمایی ئاراستەی باڵیۆزخانەکەی کرد لە تاران ، تیایاندا داوا لە باڵیۆزخانە کرابوو کە بەردەوام بێ لە رەتکردنەوەی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی بارزانی و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە سیاسەتی ئەمەریکا بریتیە لە دەستوەرنەدان لە کێشەی عیراق – کورد . بڕوانە ،عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ....ل ٨٠: وریا رەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩١-١٩٢.

(4) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١١٣- ١١٤.

شۆڕشی کورد بۆ ئەوەی بەر لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکیەکان و بە مەبەستی گرێدانی پەیوەندیی، ئامۆژگاریی و ڕێنمایی پێشکەش بکات، هەروەها چەند شارەزایەکی سەر بە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی تایبەت بە بواری پەیوەندیە گشتیەکانی[1] بۆ خزمەتکردنی وانلی بەکرێ گرت.

دوای گەیشتنی بۆ نیویۆرك لە ١٥ ی نیسانی ١٩٦٥، یەکێك لە تۆڕە تەلەفزیۆنییە ئەمەریکیەکان بانگهێشتی وانلی کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە ئاخاوتن لەگەڵ گەلی ئەمەریکا بکات، دواتر شاندی کوردی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد و پەیامنێرانی ژمارەیەك ڕۆژنامەی ئەمەریکی و کۆمەڵێك ئاژانسی هەواڵی جیهانی ئامادە بوون[2].

لە ئەنجامدا ڕۆژنامە ئەمەریکیەکان بابەتی زیاتریان دەربارەی شۆڕشی کورد بڵاو کردەوە، ڕۆژی ١٧ ی نیسانی ١٩٦٥ ڕۆژنامەی دەیلی پەنسلڤانیانی (The Daily Pennsylvanian) ئەمەریکی بابەتێکی لەژێر ناونیشانی " کورد وەڵامی هێرشەکە دەدەنەوە" بڵاو کردەوە و تیایدا هاتبوو: " لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شۆڕشێکی خاوەن مەبەستێکی گرنگ گەڵاڵە دەبێ و ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە لەسەر خاکی کوردستان ڕوودەدەن کە قارەمانانە هەوڵی هێنانەدی ئۆتۆنۆمی دەدات، ئەم شۆڕشە ئۆتۆنۆمیە کە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا هەوڵی هێنانەدی ئامانجەکانی دەدات، یەکێکە لە گرنگترین و دیارترین شۆڕشە کوردیەکان "[3].

ڕۆژنامەکە وتیشی: کێشەی کورد بەم فۆرمەی ئێستای، لە ئەیلوول ی ١٩٦١ دەستی پێکردوە و ماوەیەکە کورد لە چوارچێوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا ئۆتۆنۆمیەکی واقیعیانە و سیستمێکی کارگێڕی و گومرگییان لە ناوچەکە بونیاد ناوە و عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد پێی وایە کە کوردە چەوسێنراوەکان بەردەوامن لەسەر وەشاندنی گورزی توند لە دەسەڵاتی دکتاتۆری لە بەغدا و ئەمڕۆ ئەوان بوونەتە هێزێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەزار حیسابیان بۆ دەکرێ، ئەمەش لە ڕێگەی قوربانیدان و خواست و مکوڕبوونیان لەسەر هێنانەدی ئۆتۆنۆمی و ئازادی. لە کۆتایی بابەتەکەدا هاتووە: "شەڕی کورد گۆڕەپانی شەڕێکی بێدەنگی جەنگی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ناو چوارچێوەی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە"[4].

لە لایەکی دیکە، ماری هور نادی پەیامنێری ڕۆژنامەی کرستیان ساینس مۆنیتەری (The Christian Science) ئەمەریکی ماری هور نادی (Mary Hur Nadi) کە ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی عیسمەت شەریف وانلی بوو، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی " کورد داوای هاوکاری دەکەن " نووسی و

---

(1) عیسمەت شەریف وانلی ، لە یاداشتنامەکانی ...، ل ٤٠١: شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤.

(2) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

(3) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

(4) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

تیایدا وتی: " هیوای سەرکەوتن بۆ کورد و هیواکانیان دەخوازم، هەرکاتێك ئەمەریکیەکان هیواکانی کورد و براندوین یۆرك تاون و فالی فۆرج - هێمایەکە بۆ شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا - بە یەکەوە گرێ بدەن، ئەو کاتە کوردەکان سەرکەوتن وەدەست دێنن". هەروەها نووسیویەتی: ئەو هەست و سۆزەی ولیام دۆگلاسی ئەندامی دادگای باڵای ئەمەریکا لە کتێبەکەی خاکێکی نامۆ و گەلێکی دۆست دەربڕیوە، وایکردووە شاندە کوردیەکە بێتە نیویۆرك. هەروەها دووپاتی کردەوە کە کورد رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەکانیان لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەخوازن و بەو هیوایەن کە گەلی ئەمەریکا، بە تایبەتی سەندیکاکانی کرێکاران[1] کۆمەکی مادی و مەعنەوییان پێشکەش بکەن.

رۆژنامەنووسە ئەمەریکیەکە لە بابەتەکەیدا وتووشیەتی: عیسمەت شەریف وانلی وتەبێژی فەرمی بەناوی بارزانی وتی "بەر لە هەموو شتێك دەخوازین ئەمەریکیەکان لە کارەساتی گەلەکەمان و دادوەریی و راستی کێشەکەمان تێبگەن "، هەروەها باسی لەوە کرد کە شۆڕشی کورد خوازیارە نووسینگەیەکی هەمیشەیی لە نیویۆرك یان واشنتۆن دابمەزرێنێ. وانلی ناوی سەرۆکە پێشوەکانی ئەمەریکا واشنتۆن و لینکۆلن و کینیدی هێنا و وتی: "خۆشحاڵە بەوەی خۆی لەنێو گەلی ئەمەریکای ئازادیخوازدا دەبینێ ". وانلی لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: هێزەکانی عێراق کە رووبەڕووی شۆڕشگێڕان دەبنەوە، چوار ئەوەندەی هێزی شۆڕشی کوردن و خاوەنی تازەترین چەکی تانك و فرۆکەن، بەڵام بە تێگەیشتن و سۆزی گەلانی دۆست لە جیهان، بەسەر هێزەکانی عارفدا زاڵ دەبین و لەناویان دەبەین "[2].

وانلی دەستی بە چالاکیە دبلۆماسیەکانی کرد و لە یەکی ئایاری ١٩٦٥ کۆمەڵێك نامەی ئاراستەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا کرد و زانیاری هەمەلایەنیان دەربارەی بەرەی کورد گرتبوەخۆ، بە تایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق لە ٢ ی نیسانی هەمان ساڵدا دەستی بە هێرشکردن بۆ سەر کوردستان کردبووەوە. لەو نامانەدا هاتبوو: پەنجا هەزار سەربازی عێراقی لە شەڕەکاندا بەشدارن و پشت بە تۆپ و هێزی ئاسمانی دەبەستن و لە ئەنجامی بۆردومانکردن بە بۆمبی ناپاڵم لە رێگەی فرۆکەی جۆری ئەلیوشن و مێگ و هۆکەر هەنتەرەوە ژمارەیەك ئافرەت و خەڵکی بەتەمەن و منداڵ بریندار بوون، هەروەها کێڵگە و بەرهەمەکان سووتێنراون و ئاژەڵی زۆریش لەناوچوون. جەماوەری ئێمە لەناو دەبرێ و برسی دەکرێ و لەسەر خاکەکەی وەدەر دەنرێ، کۆماری عەرەبی یەکگرتووش میسر چەندین جۆر چەك و ماسکی خۆپاراستن لە گاز و بڕێکی زۆری چەکە کیمیاییەکان دەداتە عێراقیەکان، هەروەها میسریەکان پێنج هەزار سەرباز و چەندین

---

(1) هەمان سەرچاوە .

(2) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

شارەزای بواری شەڕی چیاکانیان[٢] ناردۆتە عێراق و سەربازانی هەردووك وڵاتیش لە عێراق مەشقیان ئەنجام داوە. لە لایەکی دیکە، کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بڕێکی زۆر چەکی سۆڤیەتی داوەتە عێراق، لەنێو ئەم چەکانەدا پەنجا فرۆکەی هێلیکۆپتەری چەکدار هەن کە بۆ دابەزاندنی هێزەکانیان لە چیاکانی کوردستان بەکار دەهێنرێن. وانلی لە نامەکاندا باسی لەوە کردووە کە لە شوباتی ١٩٦٥ دوو کەشتی پڕ چەك بەندەری ئەسکەندەریەیان بەرەو بەندەری بەسرا[٣] بەجێ هێشتووە. لەوە دەچێ سەبارەت بە قەبارەی یارمەتیە سەربازییەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر بۆ عێراق وانلیزێدەڕۆیی کردبێ، دەکرێ ئەمە لە پێناوی وروژاندنی مەترسیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و ئێران بووبێ بەرامبەر رۆڵی میسری هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت و کاریگەریی لەسەر رووداوە ناوخۆییەکان لە عێراق.

هەروەها وانلی وتی: هەست بە ترسێکی زۆر دەکات لەوەی حکوومەتی ئەمەریکا وەك چۆن پێشتر بە فەرمی [٤] رایگەیاندبوو، چەك بە عێراق بدات، چونکە هەر چەکێك رادەستی عێراق بکرێ، لە دژی کورد بەکار دەهێنرێ [٤].

وانلی داواشی لە پیران و نوێنەران و حاکمی ویلایەتەکانی ئەمەریکا کرد کە یارمەتی شۆڕشی کورد بدەن و پشتگیری بکەن و تا کاتی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد لە عێراق[٥] هەژموونی خۆیان بەکار بێنن بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەك بە حکوومەتی عێراق.

---

(١) دوای سەرکەوتنی لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لە دژی هاوپەیمانە بەعسیەکان لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ، عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆکی عیراق داوای لە سووریا کرد - کە بەعسیەکان لە دەسەڵات بوون- لیوای یەرموك لە کوردستانی عیراق بکێشێتەوە ، لە ترسی ئەوەی بەعسیەکانی عیراق لە دژی ئەو بەکاری بێنن ، بۆیە حکومەتی عیراق پلانی داڕشت کە سوپای میسر لە شەڕی دژ بە شۆڕشی کورد بەکار بێنێ ، بۆ ئەم مەبەستە ، لە ٩ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ داوای لە حکومەتی میسر کرد چەند هێزێك ڕەوانەی عیراق بکات بە مەبەستی جێگیرکردنی بارودۆخ لە بەغدا . جەرجیس فەتحوڵا ، نڤرات فی القومیه العربیه مداً وجزراً حتی عام ١٩٧٠ تاریخاً وتحلیلاً -أچواو علی القچیه الاشوریه "مژابح ێب ١٩٣٣"- انقلابات ودکتاتوریات عسکریه ، (هەولێر ، ٢٠٠٤) ، بەشی ٣ ، ل ١٣٩٩. لە کانونی دووەمی ١٩٦٤ هێزەکانی میسر بە سەرکردایەتی مقەدەم ئیبراهیم عورابی گەیشتنە عیراق و مەرجی میسر ئەوەبوو ئەم هێزانە لە شەڕی کورد بەشدار نەبن . بڕوانە ، ئەمین هوەیدی ، بالێوز بووم لە عیراق ١٩٦٣-١٩٦٥، (قاهیرە ، ١٩٨٣) ، ل ٢٣٥.

(٢) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١١٤٣- ١١٥.

(٣) دوای کودەتاکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و پەشیمانبوونەوەی حکومەتی سۆڤیەت لە بەخشینی چەك بە حکومەتی عیراق ، کە پێشتر هەردوولا لە سەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لەسەری ڕێك کەوتبوون ، بە مەبەستی پشتگیریکردنی حکومەتی عیراق ، ئەمەریکا کەوتە جموجۆڵ لە بەرامبەر دووڕکەوتنەوەی لە سۆڤیەت . بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە، سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٥ و دواتر.

(٤) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٥.

(٥) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥. ژمارەکە بڵاو کراوەتەوە لە کتێبی ، جەمال خەزنەدار (ئامادەکرن و پێشەکی)، ١١ ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، (هەولێر، ٢٠١٩).هەروەها سوود لە هەردووك ژمارە (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥ و ژمارە (٤٨٦) ، ئاداری ١٩٦٦ وەرگیراوە ، لە داهاتوودا ئاماژە بە ناوی ڕۆژنامەکە و هەردووك ژمارەکەی دەکرێ.

هەر لە میانی سەردانەکەدا، هەردووك نوێنەری شۆڕشی کورد لەگەڵ نوێنەرانی دەزگای فریاگوزاریی ئەمەریکی کێر(CARE) کۆ بوونەوە و باسی ئەو شێوازە نابەجێیەیان بۆ کردن کە حکوومەتی عێراق لە دابەشکردنی ئەو کەلوپەلانە گرتوویەتیە بەر کە بە مەبەستی دابەشکردنیان بەسەر لێقەوماوانی کوردستان لە لایەن دەزگاکەوە بەدەستی گەیشتوون و چۆن حکوومەت هەموو ئەو یارمەتیانەی بەهاکەیان بە پێنج ملیۆن دۆلار خەملێنراوە، تەنیا بەسەر ئەوانە دابەش کردووە کە بەهۆی شەڕەوە دەوڵەمەند بوون و تەنیا بڕێکی زۆر کەمی گەیشتۆتە دەستی لێقەوماوان. شاندی کورد داوای لە دەزگای ناوبراو کرد لە ئایندەدا یارمەتیەکان راستەوخۆ رادەستی شۆڕش بکات و یەکێك لە نوێنەرانی سەرپەرشتی پرۆسەی دابەشکردن بکات[1]. لە لایەکی دیکە، هەردووك نوێنەری شۆڕشی کورد نامەیان ئاراستەی سندووقی فریاگوزاریی کاسۆلیکی و خاچی سووری ئەمەریکی کرد و تیایاندا داوای یارمەتیان لەم دوو رێکخراوە کرد بۆ لێقەوماوانی شەڕ لە کوردستان[2] هاوکات بە پێویستیان زانی ئەم دوو رێکخراوە خۆراك و جلوبەرگ و خێوەت و بەتانی پێشکەشی کورد بکەن، بەو مەرجەی ئەمە لە رێگەی بەغداوە نەکرێ چونکە دەستی بەسەردا دەگیرێ، بەڵکو ئەم یارمەتیانە لە رێگەی خاچی سوور یان رێکخراوە کوردیەکانەوە ئەنجام بدرێ [3]

---

(1) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥. پێشتر رۆژنامەی خەبات لە ژمارەی (٤٧٥) ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ بڵاوی کردبوەوە کە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا کۆمەکێکی زۆر لەلایەن رێکخراوی (کێر CARE) ی ئەمەریکیەوە رەوانەی کۆماری عیراق کراوە و مەبەست لە دوایەوە بەشدارکردن بووە لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی باکور و دابەشکردنی بەسەر خەڵکی لێقەوماوی ئەم ناوچەیە ، بەڵام حکومەت کۆمەکەکەی بەسەر جاش و بەکرێگیراوان و پیاوانی خۆی لە کوردستان دابەش کردووە ، هەروەها حکومەت لە قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی رووداوەکانی باکووردا هەمان شێوازی گرتە بەر . لە ژمارە ٤٧٦ ی شوباتی ١٩٦٥ یشدا ، رۆژنامەی خەبات جارێکی دیکە هەواڵێکی سەبارەت بە یارمەتیە ئەمەریکیەکان بڵاو کردەوە و تێیدا هاتبوو : زۆربەی ئەو یارمەتیانەی لەلایەن رێکخراوی کێرەوە نێردراون ، بەسەر کارمەندانی حکومەت و ئەندامانی سوپا و پۆلیس و سەرۆك هۆزەکانی سەر بە حکومەت دابەش کراون و ئەوان هەموویان لە لێقەوماوانی کوردستان نین ، بەڵکو زۆربەیان لە دەوڵەمەندانی شەڕن و لە ئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عیراقدا بەسەر گەلی کوردی ئاشتیخوازدا سەپاندوویانە ، گیرفانەکانیان پڕ بوون .

(2) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

(3) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٥. شایەنی باسە ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بەهۆی ئەو دۆخە تەندروستیە ناهەمواریەی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد پێیدا تێپەڕ دەبوون ، داوای لە رێکخراوەکانی خاچی سووری جیهانی و رێکخراوە مرۆیی و خێرخوازیەکانی دیکەی جیهان کرد یارمەتی شۆڕش بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەشی جەماوەر بکات .بڕوانە : گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٢)، (تەموز، ١٩٦٩)، ل٦.بەڵام رێکخراوە مرۆییە ئەمەریکیەکان ئامادە نەبوون بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە دەسەڵاتدارانی حکومەت یارمەتی پێشکەشی گەلی کوردی عیراق بدەن. ساڵی ١٩٦٥ سەرۆکی رێکخراوی خاچی سووری ئەمەریکی بە بیانووی دەرنەچوونی بڕیار لە لایەنە باڵاکانەوە ،داواکاریەکی شەفیق قەزازی نوێنەری شۆڕشی کوردی لە ئەمەریکا سەبارەت بە پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بۆ کوردی عیراق ڕەت کردەوە. بڕوانە : عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...، ل٨٥.

دووەم: بەیاننامەی نێردراوی کورد بۆ وڵاتانی جیهان

چالاکی شاندی کورد تەنیا پەیوەست نەبوو بە ناوەندەکانی رای گشتی ئەمەریکا، بەڵکو فەرمانگەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بواردێکی فراوانی چالاکییەکانی بوو. شاندەکە نامەیەکی ئاراستەی سلڤادۆر لۆپسی سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کرد و تیایدا رایگەیاند ئەوەی رۆژانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە کوردستان ئەنجام دەدرێ، پێچەوانەی ئاساییترین مافەکانی مرۆڤە. تەنانەت هەر ناوچەیەك کە حکوومەت پێی بگات، بوونی تاکی کورد دەکەوێتە ژێر هەڕەشە، ئەمەش بەهۆی لەسێدارەدان بەبێ دادگاییکردن و گرتنەبەری سیاسەتی کوشتنی بەکۆمەڵ، وێڕای بۆردومانکردنی گوندەکان و دانیشتوانی سڤیل. شاندەکە پەیامێکیشی ئاراستەی سوری کۆلیبالی سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم کرد و تێیدا رووبی کردەوە ئەو شەڕەی لە کوردستان هەیە، خاوەنی مۆرکێکی کۆلۆنیالیستیە.هەروەها داوای لەم دوو لیژنە نێودەوڵەتیە کرد کێشەی کورد و شەڕی دوژمنکارانەی حکوومەتی عێراق لە دژی گەلی کورد بخەنە ناو ئەجێندای کارەکانیان [٢].

مانگی ئایاری ١٩٦٥ عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بەیاننامەیەکی ئاراستەی نوێنەرانی ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تێیدا هاتبوو: شاندی شۆڕشی کوردستانی عێراق کە وانلی سەرۆکایەتی دەکات و سەعدی دزەیی وەك ئەندام دەگرێتە خۆی، زۆر خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر دەرفەتی دیمانەیەکی پێ ببەخشن بۆ ئەوەی هەموو راستیەکان دەربارەی هێرشە سەربازیە تازەکە بۆ سەر کوردستان و ئەو شەڕە کۆمەڵکوژەی ئێستا لەلایەن حکوومەتی بەغداوە لە دژی گەلی کورد [٣] ئەنجام دەدرێ بخاتە بەر دیدی شاندەکەتان.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: ئێمە لێرە لە ئەمەریکا وەك دوو نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مستەفا بارزانی سەرۆکەکەی هاتووین و ئامانجمان ئەوەیە دیدی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان بخەینە سەر دۆخی کوردستانی عێراق، بە هیوای ئەوەی لە جیاتی ئێمە وڵاتێك یان زیاتر لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایش یان خولی داهاتووی ئەنجوومەنی گشتی بکەوێتە گفتوگرکردن، پێشتریش نامەمان ئاراستەی یو سانتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و سلڤادۆر لۆپسی سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کردووە، بەڵام تا کاتی نووسینی ئەم دێرانە هیچ کاردانەوەیەکمان بەدی نەکردووە. پێشتر لە رێگەی نامەکەی٧ ی کانونی دووەمی ١٩٦٥ ی بارزانی، هەروەها لە نامەکەی ٢٠ی نیسانی ١٩٦٥ ی عیسمەت شەریف وانلیەوە داوامان لە یو سانتی ئەمینداری گشتی نەتەوە

---

(١) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

(٢) ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨٠.

یەکگرتوەکان کردبوو کە سەبارەت بەم کێشەیە رێوشوێنی بەپەلە و دیاریکراو بگیرێنەبەر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. وەستاندنی بەپەلەی کردەوە سەربازییەکانی عێراق لە کوردستان و ئەو جینۆسایدەی دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێ.

ب. ناردنی هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان، تا کاتی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ ململانێکە.

ج. گەیشتن بە رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ ئەم ململانێیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

1- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، بە زامنکاریی نێودەوڵەتی، لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، لە کاتێکدا ئەگەر کۆمار بە سەربەخۆیی ڕاگەیەنێتەوە.

2- بەڵام لە کاتێکدا ئەگەر عێراق بڕیار بدات ببێ بە بەشێك لە هەر یەکێتیەکی عەرەبی، ئەو کاتە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد دەبێ بەگوێرەی ئەو بڕیارە بێ کە گەلی کوردستانی عێراق ئازادانە بڕیاری لەبارەوە دەدات، لە رێگەی دیارکردنی مافی چارەنووس لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتی و زامنکاریەکی تەواوی نێودەوڵەتیدا [1].

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: چەند هەفتەیەك لەمەوبەر پرۆتستۆی ئەو هەڵمەتە سەربازیە تازەیەمان کردووە کە بەغدا دانی پێدانانێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی عێراق درێژەی پێ دەدات و لە هەڵمەتەکەیدا تۆپی قورس و تانك و فڕۆکە بەکار دێنێ. لە راستیدا ئەم هەڵمەتەی ئەمڕۆ کارێکی قێزەونانەیە و هەواڵەکانی لەلایەن میدیا جیهانییەکان و میدیای لوبنانیش بڵاو کرانەوە. بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە حکوومەتی بەغدا لە هێرشە ئاسمانییەکانیدا بۆ سەر دانیشتوانی سڤیلی کورد بۆمبی ناپاڵم بەکار دێنێ و کۆماری عەرەبی یەکگرتووش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەم شەڕەدا تێوە گلاوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی چەکی بە عێراق بەخشی[2]، بەیاننامەکە داواشی کردووە کە بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخ، دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان لیژنەیەکی بەدواداچوونی راستیەکان ڕەوانەی عێراق بکات، هەروەها هەوڵی وەستاندنی شەڕ لە دژی گەلی کورد بدات و کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات [3].

وانلی دووپاتی کردەوە کە کێشەی نیشتمانی کوردستانی عێراق و ئەو شەڕەی لەوێ لە ئارادایە، دوو کێشەی ناوخۆیی نین تەنیا پەیوەندیان بە عێراقەوە هەبێ، وەك چۆن حکوومەتی بەغدا باسی لێوە دەکات، بەڵکو بەهۆی چەندین هۆکاری مێژوویییەوە کێشەیەکی نێودەوڵەتیە، لەبەر ئەوەش کە

---

(1) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٥٨٠-٥٨١.

(2) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٥٨١-٥٨٢.

(3) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤. بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٩.

دەسەڵاتدارانی عێراق تاوان لە دژی کورد ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەمە پێچەوانەی ڕێسا نێودەوڵەتیەکان و جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بڕیاری دەستەی گشتی تەنەوە یەکگرتوەکانە سەبارەت بە مافی گەلان لە دیارکردنی چارەنووسیان[1].

لەو بارەشەوە وانلی کۆمەڵێك بەڵگەی خستەروو دەربارەخەن کە ئەو نوێنەری شۆڕشە لە دەرەوە، هەروەها وتەبێژی فەرمیە بە ناوی بارزانی. وانلی داوای کرد لەگەڵ سەرۆکی نوێنەرە هەمیشەییەکانی ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان کۆ ببێتەوە، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە شاندەکان بدات، بەو هیوایەی وڵاتانیان خوازیار بن ئەم کێشەیە لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بوروژێنن [2].

سێیەم: هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکەکەی وانلی:

ئامادەبوونی عیسمەت شەریف وانلی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بووە مایەی ترس و نیگەرانی بۆ حکوومەتی عێراق، پێشتر لە ماوەی کۆبوونەوەی لەگەڵ سترۆنگی باڵیۆزدا لە ٥ ی ئایاری ١٩٦٥ لە بەغدا، ناجی تالبی وەزیری دەرەوەی عێراق ناڕەزایی بەرامبەر چالاکی سیاسی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ئەمەریکا دەربڕی و داوای لە سترۆنگی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کرد کە سەبارەت بە دوو بابەت نامەیەکی زارەکی بگەیەنێتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا: یەکەم، وەستاندنی چالاکی سیاسی وانلی و وەدەرنانی لە ئەمەریکا، دووەم، ئیدارەی ئەمەریکا قەناعەت بە محەمەد رەزا پەهلەوی شای ئێران بهێنێ کە چیتر پشتگیری کوردی عێراق نەکات[3]. لەو دیمانەیەدا سترۆنگ گەیشتە ئەنجامی ئەوەی " حکوومەتی عێراق خەریك بوو بگاتە خاڵی بێ هیوابوون "، بۆیە داوای دەسەڵاتی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کرد کە پەیامێك ئاراستەی بارزانی بکات و داوای لێ بکات وانلی ئەمەریکا بەجێ بێڵێ، هەروەها خودی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە دیپۆرتکردنەوەی جێبەجێ بکات. لە بەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە دەنگی داواکاریەکەی سترۆنگەوە چوو و لە ڕێگەی بروسکەوە باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە بەغدا ئاگادار کردەوە کە سەبارەت بە دیپۆرتکردنی وانلی و بە گوێرەی یاساکانی ئەمەریکا [4]، ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە بەغدا وەڵامی حکوومەتی عێراقی دایەوە و پێشنیازی کرد کە بەپێی بروسکەی ژمارە ٩٥٦ ی خۆی لە ٥ ی ئایاری ١٩٦٥ ڤیزاکەی چوونی عیسمەت شەریف بۆ ئەمەریکا

---

(1) ڕۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٧٨) ، حوزەیرانی ١٩٦٥.

(2) ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨٢.

(3) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەرامبەر شۆڕشی کورد لەم قۆناغەدا ، بڕوانە : نازناز محەمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥ و دواتر.

(4) سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٣: وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

لابدرێ بۆ ئەوەی مانەوەی لە ئەمەریکا نەبێتە مایەی دڵگرانکردنی حکوومەتی عێراق. کاتێکیش وانلی هەستی بە هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق و ملکەچکردنی ئەمەریکا بۆ داواکاریەکەی کرد، دڵنیا بوو لە لاوازیی هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر " گەلێکی ستەملێکراو و دابەشکراو بۆ سەر چوار پارچە"، لە کاتێکیشدا ئەمەریکا هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی جیهانی ئازاد دەکات و یارمەتی گەلانی ستەملێکراو دەدات. ئەو کاتە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ملکەچی داوای باڵیۆزخانەکەی بوو لە بەغدا و گوشاری خستە سەر سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ ئەوەی وانلی لە ئەمەریکا بکێشێتەوە[1].

لە لایەکی دیکە، باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی شکست بە سەردانەکەی وانلی بێنێ و لەو پێناوەدا گوشاری خستە سەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا [2] و رۆژی ٥ ی ئایاری ١٩٦٥ ناسر حانی باڵیۆزی عێراق لە واشنتۆن لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ جۆن جیرینگانی (John Jernegan) جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا - باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق ١٩٥٩-١٩٦٢ - کۆبوونەوە بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئەو داواکاریانەی وانلی پێشکەشی کردوون، بەرپرسە ئەمەریکیەکە لە وەڵامدا رایگەیاند کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە جۆرێکی وا وەڵامی ئەو داواکاریانەی داوەتەوە کە کێشەی کورد بابەتێکی ناوخۆی عێراقیە، هەروەها جیرینگان نەشیشاردەوە کە ئەم دیمانەیە بووبوە مایەی نیگەرانکردنی دێڤد راسکی (David Dean Rusk١٩٦١ - ١٩٦٩) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا [3].

هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق سەکەوتن و هەموو لایەنە باڵاکان - جگە لە ژمارەیەك ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و یاریدەدەرانیان - رازی نەبوون پێشوازی لە وانلی بکەن. کاتێکیش وانلی پەیوەندی بە فیل تالبۆتی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کرد، سکرتێرەکەی رازی نەبوو قسەی لەگەڵ بکات و بە وانلی راگەیاند کە هیچ کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە رازی نین گفتوگۆی لەگەڵ بکەن[4].

کاتێکیش ئەو راوێژکارە ئیسرائیلیەی کە یاوەری وانلی دەکرد، پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە کرد، راشکاوانە پێیان وت: "... بارودۆخ لە عێراق زۆر ئاڵۆزە و ئەمەریکا ناخوازێ بە یارمەتیدانی کورد تۆمەتبار بکرێ...". هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا توانی شکست بەو کۆبوونەوەیەش بێنێ کە بڕیار بوو وانلی لەگەڵ سەرۆکی یەکێك لە لیژنە فەرعیەکانی لیژنەی دەرەوەی سەر بە ئەنجوومەنی پیران ئەنجامی بدات، هەروەها کۆبوونەوەیەکی تری نێوان وانلی و ولیام دۆگلاسی

---

(1) فەرهاد عەونی ، لە نزیك ...، ل ل ٤٦٠ - ٤٦١.

(2) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤.

(3) سنان سادق حوسێن زەیدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٣: وریا رەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٨-١٩٩.

(4) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤: عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...، ل٨٤.

دادوەری دادگای باڵا و دۆستی گەلی کوردیش[1] هەڵوەشێنرایەوە.لەو بارەوە وانلی رایگەیاند کە داوای یارمەتی لە دۆگلاس کرد بەڵام رازی نەبوو [2]. بەم جۆرە وانلی تەنیا چەند دیمانەیەکی لەگەڵ سەرۆکی هەندێك رێکخراوی مرۆیی ئەنجام دا، هەروەها چەند کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ساز کرد، لەگەڵ پێشکەشکردنی چەند وانەیەکی ئەکادیمی و یاداشتنامە بۆ ژمارەیەك شاند لە نەتەوە یەکگرتوەکان [3].

شایەنی باسە، لە پێناوی وەستاندنی چالاکییەکانی وانلی، حکوومەتی عێراق بە هەوڵە دیبلۆماسیەکان نەوەستا، بەڵکو لە کاتی مانەوەی لە ئەمەریکا، چەند هەوڵێکیش بۆ تیرۆرکردنی لە ئارا دابوون، لەو بارەوە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی تاس ی سۆڤیەتی کە بە لوسبا ناسرابوو، بەیاننامەیەکی چاپکراوی رادەستی وانلی کرد و تیایدا ئاگاداری کردەوە لەوەی کەسێك بە ناوی ئیبراهیم قلیلات بە مەبەستی تیرۆرکردنی لە بەغداوە رەوانە کراوە، هەروەها رایگەیاند کە قلیلات لە نیویۆرکە بەڵام زانیاریەکان یەکلاکەرەوە نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاگاداری خۆی بێ. پاش ئەوەی پۆلیسی نیویۆرك لە ناوەڕۆکی پەیامەکە ئاگادار کرایەوە، داوا لە وانلی کرا هۆتێلەکەی بگۆڕێ و بە ناوێکی خوازراوەوە خۆی تۆمار بکات [4].

چوارەم: وێڕای بەربەستەکان، وانلی ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات:

سەرەڕای گوشارەکانی عێراق و ئەمەریکا، بەڵام وانلی بەردەوام بوو لە درێژەدان بە هەوڵ و کۆششەکانی لە ئەمەریکا، لەو بارەوە وانلی وتوویەتی: "... لە میانی سەردانەکەمان بۆ نیویۆرك، لە ٦ و ٢١ ی ئایار و ٢ ی حوزەیرانی ١٩٦٥ رالف بێنشی سکرتێری یاریدەدەر لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەواڵی بۆ ناردین و پێی راگەیاندین ئەگەر رەزامەندیی سکرتێری گشتی وەربگریت، دەتوانێ چاوی پێمان بکەوێ، ئەوەبوو هەوڵەکانمان لەگەڵ یو سانت کەلکیان نەبوو..."[5].

لە ١٧ ی ئایاری ١٩٦٥ عیسمەت شەریف وانلی وتارێکی لە زانکۆی ڤێرجینیا چارلۆتسڤیل (University of Virginia Charlottesville) پێشکەش کرد و سەرەتا پێناسەیەکی پوختکراوەی سەبارەت بە گەلی کورد و مێژووەکەی و زمان و کوردستان خستە روو. دواتر هاتە سەر باسکردن دەربارەی قۆناغی کۆن و ناوەڕاست و نوێی کورد، تا گەیشتە ساڵی ١٩٥٨ و بەرپابوونی شۆڕشی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨-١٩٦٣ و هەڵوێستی ئەرێنی – لە سەرەتادا- بەرامبەر بە مافە

---

(1) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤.

(2) بڕوانە یاداشتنامەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤١.

(3) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤: عیسمەت شەریف وانلی ، لە یاداشتنامەکانی ...، ل ل ٤٠-٤١.

(4) شلۆمۆ نکدیمون ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١١٥-١١٦ .

(5) لە کتێبەکەی وەرگیراوە ، کوردستانی عیراق ...، ل ل ٤٣٥-٤٣٦.

نەتەوەییەکانی کورد، دواتر پەشیمانبوونەوەی حکوومەت لە بەڵێن و پەیمانەکانی و بەرپابوونی شۆڕشی کورد لە ئەنجامی ئەمەدا. ئینجا پرژایە سەر سیاسەتی دوژمنکارانەی حکوومەتی یەکەمی بەعس بەرامبەر گەلی کورد و تاکرەویکردنی عەبدولسەلام محەمەد عارف لە دەسەڵات و پاشەکشەکردن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤. وانلی ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی و هاوپیشەکانی لە دەرەوە لەگەڵ بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە پەیوەندی دابوون و زانیاری و هەواڵی تەواویان دەربارەی کوردستان لەبەر دەستە و خۆی و سەعدی دزەیی وەك دوو نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان - کە خۆشی ئەندامیەتی - ڕوویان کردۆتە ئەمەریکا و ئەرکەکەیان بریتیە لە: "...پەیوەندیکردن بە حکوومەت و گەل و زانکۆکان و میدیاکانی ئەمەریکا، هەروەها پەیوەندیکردن بە نەتەوە یەکگرتوەکان..."، لە کۆتاییدا وانلی خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر مێواندارێکردنی لە زانکۆی ڤێرجینیا چارلۆتسڤیل دەربڕی [1].

لە ٤ ی حوزەیرانی ١٩٦٥، هەردووك نوێنەرەکەی شۆڕشی کورد چاویان بە مۆرۆزۆڤی (Morosov) وەزیری ڕێگەپێدراوی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتوەکان کەوت و بەرپرسە سۆڤیەتیەکە گوێی بۆ شاندی کورد گرت و چەند تێبینییەکی تۆمار کرد [2]. سەبارەت بە دیمانەکە، وانلی وتوویەتی: ".... وەك گازاندەیەك مۆرۆزۆڤ لێی پرسیم: هاتووی بەناوی کورد لە ئەمەریکا چی بکەی ؟ پێم وت: ئەی تۆ بەناوی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت لێرە چی دەکەی؟ ئەمەریکا وڵاتێکی زلهێزە و لە بەرژەوەندی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی دایە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت هەبێ...[3]. هەوڵەکانی شاندی کورد بۆ بینینی نوێنەرانی شاندەکانی ئەمەریکا یان فەرەنسا یان بەریتانیا شکستیان هێنا، تەنیا لۆرد کارادۆنی (Lord Caradon) سەرۆکی شاندی بەریتانی دانی بەوە دانا کە نامەیەکی لە نوێنەرانی شۆڕشی کورد وەرگرتووە [4].

هەروەها لە ٨ ی حوزەیرانی ١٩٦٥ وانلی چاوی بە تۆیڤی (Toev) باڵیۆزی کۆماری مەنگۆلیای میللی لە نەتەوە یەکگرتوەکان کەوت و لە میانی کۆبوونەوەی نێوان هەردوولادا باڵیۆزی مەنگۆلیا هاوسۆزیی وڵاتەکەی بەرامبەر کێشەی کورد پیشان دا و ڕایگەیاند وڵاتەکەی جارێکی دیکە ناتوانێ ڕووی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرەو ئاراستەی ململانێی کورد و عێراق وەرچەرخێنێتەوە، چونکە زۆرینەیەك بەدی ناکرێ کە لە پێناوی کورد کۆ ببێتەوە، هەروەها هەموو وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیا

---

(1) بڕوانە دەقی وتارەکە لە ، ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥٦٧-٥٧٩.

(2) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ٤٣٧.

(3) لە یاداشتنامەکانی وەرگیراوە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤١.

(4) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ل ٤٣٥-٤٣٧.

سۆزیان بەرامبەر کورد نییە [1]. وانلی باسی لەوەش کرد کە چاوی بە نوێنەرانی ژمارەیەك وڵاتی ئەفریقی و ئاسیایی کەوتووە و ئەوان تێگەیشتنی خۆیان بۆ کێشەی کورد دەربڕیوە، بەڵکو هەندێکیان پشتگیری وڵاتانیان بۆ کێشەی کورد پیشان داوە، بەڵام جگە لە بەڵێنی گواستنەوەی سکاڵا و مەینەتیەکانی کورد بۆ حکوومەتەکانیان[2]، شتێکی دیکەیان پێشکەش نەکرد. لێرەوە دەردەکەوێ کە خواستی ئەم وڵاتانە لە پاراستنی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی عەرەب، بووە رێگر بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بخەنە روو.

پێنجەم: لە رێگەی میدیاوە، وانلی هەوڵی گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کورد بە جیهان دەدات:

لە ماوەی مانەوەیدا لە ئەمەریکا، وانلی چەند دیمانەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجام دا و تیایاندا بۆچوونی شۆڕشی کوردی سەبارەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکان روون کردەوە، کە هەندێکیان بۆ ژمارەیەك لە بەرپرسان و رای گشتی ئەمەریکاش[3] شاراوە بوون.

ویلسۆن ناسانێڵ هاوڵی رۆژنامەنووسی ئەمەریکی دوو دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ وانلی ساز کرد، یەکەمیان لە ١٧ ی ئایاری ١٩٦٥ لە ڤرجینیا، دووەمیش لە ١١ ی حوزەیرانی ١٩٦٥ لە نیویۆرك. لە هەردووك دیمانەکەدا وانلی جەختی لەسەر رەسەنایەتی کێشەی کورد کردەوە و بانگەشەکانی حکوومەتە داگیرکارەکانی کوردستانی رەت کردەوە سەبارەت بەوەی گەلی کورد بریتیە لە یەکگرتنێکی نێوان هۆزەکان و وتی: "... ئێمە بریتی نین لە بەرەیەکی هۆزەکان وەك چۆن هەندێك حکوومەت باسی دەکەن، ئێمە میللەتێکین هیچمان لە گەلانی دراوسێ کەمتر نییە و لەوانیش دواکەوتووتر نین...". وانلی

---

(1) هەمان سەرچاوە . شایەنی باسە کۆماری مەنگۆلیا لە ٣ ی تەموزی ١٩٦٣ کێشەی کوردی لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکان وروژاند ، ئەم وڵاتە بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی یۆ سانتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تێیدا داوای کرد ئەو بابەتەی پەیوەندی بە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە هەیە و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بەرامبەر گەلی کورد پیادە دەکرێ ، بخرێتە ناو خولی ١٨ ی نەتەوە یەکگرتوەکان . لە ئەنجامدا عیراق پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵ کۆماری مەنگۆلیا پچڕاند . دواتر بەهۆی گوشاری وڵاتانی عەرەب و کوتلەی ئاسیایی- ئەفریقی ، مەنگۆلیا ناچار بوو پرۆژە بڕیارکەی بکێشێتەوە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، میهڤان محەمەد حوسێن رەشید بامەرنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤٨ و دواتر.

(2) بڕوانە کتێبەکەی ، کوردستانی عیراق ...، ل ٤٣٧.

(3) شۆڕشی کورد لە رێگەی نوێنەرانیەوە هەوڵی دا وەڵامی ئەو پروپاگەندانە بداتەوە کە بە مەبەستی شێواندنی دیمەنی شۆڕشی کورد لەلایەن ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسە ئەمەریکیەکان بڵاو دەکرانەوە. بۆ نموونە : لە ٢٢ ی ئاداری ١٩٦٥ کەسێکی ئەمەریکی بەناوی لۆرانس کریسۆلد بابەتێکی دەربارەی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاو کردەوە و تیایدا هاتبوو : دوای ئەوەی سەردانی کوردستانی کردووە ، بۆی دەرکەوتووە کە بارزانی چەك لە یەکێتی سۆڤیەت وەردەگرێ ، هەر کاتێك لەژێر سەرکردایەتی بارزانی یان شیوعیەکانی تر دان بە کوردستانێکی سەربەخۆدا بنرێ ، ئەمە دەبێتە سەرکەوتنێك بۆ شیوعیەکان . بڕوانە : عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...،ل ل ٨١-٨٢.

ئاماژەی بەوەش کرد کە سوپای کورد پێشمەرگە شەڕکەرانی هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتە خۆی، لەنێویاندا پارێزەر و قوتابی و ئەندازیار و ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق و شەڕکەرانی ناوچە شاخاویەکان هەن و دۆزی کورد لانی کەم پشت بە بەردەوامبوونی ئەم هاوپەیمانییە دەبەستێ. بە شێوەیەکی گشتی شۆڕشی کورد دەربڕینی راستەقینەی هەستی نەتەوەیی زۆرینەی گەلی کوردە، وانلی وتیشی: "... پێم وایە گەیشتووینەتە ئاستێکی گونجاوی کامڵبوون کە رێگەی بەردەوامبوونی هاوپەیمانێتیمان لە نێوان لایەنە بەشداربوەکانی شۆڕش پێ دەدات..." [١].

بە مەبەستی دڵنیاکردنەوەی وڵاتانی رۆژئاوا سەبارەت بە ناوەرۆکی دیموکراسیانەی شۆڕشی کورد، وانلی جەختی کردەوە کە پارتی سیستمی تاکە حزبی لە کوردستان پیادە ناکات و وتی: "... ئێمە دیموکراسیخوازین و لە کوردستانی ئازادا هەموو توێژە سیاسییەکان ئازادن لەوەی لە ژیانی گشتی و سیاسیاندا خاوەنی بیروڕا و جەماوەری تایبەت بە خۆیان بن...". هەروەها رایگەیاند کە شۆڕشی کورد رێز لە مافەکانی هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی تری کوردستان دەگرێ[٢].

هەر لە میانی سەردانەکەیدا، وانلی هەوڵی دڵنیاکردنەوەی ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوای دا بەوەی حزبی شیوعی لە کوردستان بوونی نییە و چالاکییەکانی ئەم حزبە جێگیر نین و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردی لەلایەن ئەو کوردستانیانەوە بونیاد نراوە کە بەر لە هەموو شتێك باوەڕیان بە کوردستان هەیە. هەروەها هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ نەرێنی بووە [٣]، بۆیە هەژموونی ئەم حزبە لە کوردستان رووی لە دابەزین کردووە و شیوعیە کوردەکان سێ چارەگی دەسەڵاتیان لە کوردستان لەدەست داوە، ئەگەرچیش ئەم حزبە کادرانی لە کوردستان دەپارێزێ، بەڵام لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و مەکتەبی تەنفیزی و تەنانەت لە سەرکردایەتی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانیشدا هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەهێڵراوەتەوە[٤].

عیسمەت شەریف وانلی ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق دەستنیشان کرد، ئەمەش لە رێگەی جەختکردنەوە لەسەر: گرنگی بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان لە چوارچێوەی

---

(١) وەرگیراوە لە ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥٤٠-٥٤٣.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٥٤٤-٥٤٩.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی حزبی شیوعی عیراق بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول بڕوانە : عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ، هەڵوێستی حزبەکان ...، ل ١١٣ و دواتر: میڤان عارف بادی ، هەڵوێستی حزبەکان ...، ل ٢٦٧ و دواتر.

(٤) ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥٤٦-٥٤٧ . ئەگەرچی حزبی شیوعی عیراق لە دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٤ لە دژی حکومەت بەشداری لە شۆڕشی کورد کرد ، بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ هیچ ئەندامێکی ئەو حزبەی نەگرتە خۆی ، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیەکانی شۆڕش لەگەڵ ئێران و وڵاتانی رۆژئاوا کە دژایەتی شیوعیەکانیان دەکرد . بڕوانە : عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی و شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٦٦-٦٧.

کۆماری عێراقدا، تا ئەو کاتەی عێراق بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، هەروەها پێویستە لە حکوومەتی ناوەندیدا کورد خاوەنی نوێنەر بێ، ئەو حکوومەتەی دەبێ دیموکراسی بێ و دەستبەرداری دکتاتۆریەت بێ، هەر کاتێکیش عێراق ببێتە بەشێك لە هەر یەکێتیەکی عەرەبی، ئەو کاتە پێویستە گەلی کورد لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا و بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان [1]، مافی خۆی لە دیارکردنی چارەنووس پیادە بکات.

سەبارەت بە ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی عێراق، وانلی هەوڵی دڵنیاکردنەوەی هەردووك حکوومەتی ئێران و تورکیای دا و رایگەیاند کە ئامانجی شۆڕش تەنیا مافەکانی کوردە لە عێراق و ئەوان خوازیارن کێشەکە لەم دوو دەوڵەتەدا بە شێوازێکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ. لەم رووەوە وانلی بوونی هەر پەیوەندیەکی لە نێوان ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردەکانی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان رەت کردەوە [2].

وانلی هیوای خواست کە هەموو حکوومەتە دۆستەکانی کورد بە جیاوازی سرووشتیانەوە، بە هەردووك حکوومەتی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکاشەوە، کێشەی کورد لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکان بوروژێنن، هەروەها وتی: هیواخوازین ئەم حکوومەتانە بەر لە هەموو شتێك و لەبەر هۆکاری مرۆیی، چی لە دەستیان بێ بیکەن بۆ وەستاندنی ئەم شەڕە و لە چوارچێوە مرۆییەکەیدا کێشەی کورد لەبەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان بوروژێنن، بە مەبەستی گەیشتن بە رێگەچارەیەکی دادوەرانە و ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد، بە جۆرێك ببێتە مایەی دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد، ئەمەش واتای ئۆتۆنۆمی دەگەیەنێ کە ئاستی کەمی داواکاریەکانمانە لەم سەدەیەدا کە بە ئازادیی نەتەوەیی دەناسرێ و تیایدا نزیکەی نیوەی گەلانی جیهان بوونەتە خاوەنی سەربەخۆیی نیشتمانی تەواو. هاوکات هیوای خواست شۆڕشی کورد یارمەتی مرۆیی بۆ خەڵکی سڤیلی کوردستان بەدەست بگات، ئەو خەڵکەی مەینەتی و ئازاری زۆریان چەشتوە. شۆڕشی کورد بەدەستی کێشەی دارایی زۆر گەورەوە دەناڵێنێ، چونکە پەنای زیاتر لە ١٠٠ هەزار پەنابەر و راگوێزراوی داوە کە شێوازەکانی ژیانیان لەدەست داوە، بۆیە ئەوان تەنیا شایستەی قەرەبووکردنەوە نین، بەڵکو پێویستیان بەوە هەیە کە لەلایەن جیهانی دەرەوە و گەلانی پێشکەوتووەوە پشتگیریان بکرێ. وانلی داواشی لە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر کرد کە هەڵوێستێکی سیاسی روون بەرامبەر سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراق، بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام محەمەد عارف، سەبارەت بە کێشەی کورد بنوێنێ، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان [3].

---

(1) ویلسۆن ناسانیل هاول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥٦.

(2) سەهەمان سەرچاوە، ل ل ٥٥٨-٥٥٩.

(3) هەمان سەرچاوە ، ل ل ٥٦١-٥٦٢-٥٥٩.

هەروەها وانلی رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە شەرمەزارکردنی ئەو سیاسەتانەی کە حکوومەتی عێراق دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥جێبەجێیان دەکات، لەو بارەوە وتی: "... رۆژانە لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە پەیوەندی داین و چەند راپۆرتێکمان سەبارەت بە هێرشی حکوومەتی عێراق بەدەست گەیشتووە و وەك چاوەڕوان دەکرا، هەموو هەواڵەکان لە بەرژەوەندی کوردن... بەڵام وەك چاوەڕێش دەکرا، سوپای عێراق سەرقاڵی ئەوەیە لە رێگەی ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی لە دژی خەڵکی سڤیل و خستنە خوارەوەی بۆمبی ناپاڵم و سووتاندنی گوند و کێڵگەکان و کوشتنی ئاژەڵەوە تۆڵە بۆ شکستهێنانی خۆی لە بەرامبەر یەکە سەربازیە کوردیەکان بکاتەوە، بە هەر حاڵ ئێمە لە سەرکەوتنی کۆتایی هێزە کوردیەکان دڵنیاین، کە لەلایەن زۆرینەی گەلی کوردەوە پشتگیریان لێ دەکرێ... [1].

ئەگەرچی عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە ماوەی سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ناساندنی شۆڕشی کورد، بەڵام دانی بەوە دانا کە بەهۆی سیاسەتی ئەمەریکاوە سەردانەکەی ئامانجەکانی وەدەست نەهێنا و سەرکەوتوو نەبوو "[2].

بەم جۆرە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە پێناوی خستنە رووی کێشەی کورد و دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆی، هەمیشە لە خەمی پەیوەندیکردن بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان دابوو.

شەشەم: کاریگەریی دیبلۆماسیەتی کوردی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان کورد و میسر:

دوای کودەتای ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا نزیکبوونەوەیەکی گەورەیان بەخۆوە بینی و لە پەنای ئەم نزیکبوونەوەیەدا سەرۆك عەبدولسەلام محەمەد عارف هەوڵی جوانکردن و توندوتۆڵکردنی پێگەکەی دا، بۆیە گرنگیەکی زۆری بە بابەتی یەکێتی عەرەب دا و لەم چوارچێوەیەدا لە ٢٦ ی ئایاری ١٩٦٤ سەبارەت بە میساقی یەکێتیەکە رێککەوتنێکی لەگەڵ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو مۆر کرد و مەبەست لێی هێنانەدی یەکێتی سەرتاسەری نێوان هەردووك وڵات بوو و تیایدا بە هیچ شێوەیەك ناوی کورد و کێشەکەی نەهێنرابوو [3].

---

(1) وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە ، ل ٥٦١.

(2) بڕوانە ، یاداشتنامەکانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٠.

(3) مەجید خەدوری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٣٠٨-٣٠٨ : سەعد ناجی جواد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦. بۆ زانیار زیاتر دەربارەی میساقی یەکێتیەکە ، بڕوانە : وەزارەتی رۆشنبیری و ئیرشاد – کۆماری عیراق ، رێککەوتنی یەکگرتن ، (بەغدا ، ١٩٦٤) .

لە میانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی یەکگرتووی میسر و عێراق دا کە لە ١٩ ی ئایاری ١٩٦٥ لە قاهیرە ساز کرا و لە چوارچێوەی قسەکردن دەربارەی پەیوەندیەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، سەرۆك جەمال عەبدولناسر باسی کوردی کرد و رایگەیاند، دە رۆژ لەمەوبەر چاوی بە باڵیۆزی سۆڤیەت لە قاهیرە کەوتووە و پێی راگەیاندووە کە ئێران و پەیمانی سنتۆ Ce.n.t.o ()چەك بە کورد دەدەن، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە میدیای رۆژئاوا پشتگیری لە کورد دەکات و بۆ باڵیۆزی روون کردۆتەوە کە نێردراوێکی کورد لە واشنتۆن رایگەیاندووە کە حکوومەتی میسر لە هەڵمەتی سەربازیدا لە دژی کورد یارمەتی هێزەکانی عێراق دەدات و گازی ژەهراوی و ماسکی تایبەت بە خۆپاراستن لە چەکە کیمیاویەکانی بە عێراق داوە و لە کۆتایی وتەکەیدا هەوڵی داوە قەناعەت بە باڵیۆزەکە بێنێ لەوەی ئەم قسانە راست نین و تەنیا پروپاگەندەی کۆلۆنیالیزمن، هەروەها رەتی کردەوە کە وڵاتەکەی لە دژی کورد یارمەتی پێشکەشی حکوومەتی عێراق کردبێ[٣].

لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی ناوبراودا، لایەنی عێراقی هەوڵی رازیکردنی میسریەکانی دا بەوەی فەرمانگە و دەزگا کۆلۆنیالیەکان هانی کورد دەدەن، بەڵام عەبدولناسر لە وەڵامی ئەم وتەیەدا رایگەیاند ئەگەر رژێمی عێراق چاوی لە سەقامگیری وڵاتەکەی بێ [٤]، ئەو کاتە مەسەلەی کورد نابێتە بەربەستێکی راستەقینە. هەروەها رووی کردە لایەنی عێراقی و پێی راگەیاندن ئەو لە توانایدا نییە هیچ کێشەیەك لە عێراق چارەسەر بکات، چونکە چارەسەر تەنیا لەدەستی خودی عێراقیەکان دایە[٤].

عەبدولجەلیل سالح موسای توێژەر دووپاتی دەکاتەوە کە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ شەفیق قەزازی نوێنەری شۆڕشی کورد لە واشنتۆن ١٩٦٥ – ١٩٧٣ [٥] سەبارەت بە دەرخستنی راستی و ناراستی هەواڵی

() پەیمانی سنتۆ درێژکراوەی پەیمانی بەغدایە کە لە ساڵی ١٩٥٥ پێکهێنرا لەم وڵاتانەی خوارەوە : (عیراق ، ئێران ، تورکیا ، پاکستان ، بەریتانیا) ، هەروەها دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ، عیراق بە فەرمی بڕیاری دا لە ٢٤ ی ئاداری ١٩٥٩ لە پەیمانەکە بکشێتەوە ، دواتر ئەندامانی تری ناو پەیمانەکە ، بڕیاریان دا لە ٢١ ئابی ١٩٥٩ ناوی بگۆڕن و بیکەن بە رێکخراوی پەیماننامەی ناوەندی Central Treaty Organization (Ce.n.t.o) . بۆ زانیاری بڕوانە : غانم محەمەد ئەلحەفو ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کوتلە هەرێمیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، عیراق وەك نموونە ١٩٤٦- ١٩٥٩ ، (موسل ، ٢٠٠٥) ، ل ١٧ و دواتر.

٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : فەتحی ئەلدیب ، عەبدولناسر و رزگارکردنی رۆژهەڵاتی عەرەبی ، (قاهیرە ، ٢٠٠٠) ، ل ل ٥١٧- ٥٢٠.

٣) عەبدولجەلیل سالح موسا ، جەمال عەبدولناسر و کێشەی کورد لە عیراق ١٩٥٢-١٩٧٠، (دهۆك ، ٢٠١٣) ، ل ٢١١.

٤) فەتحی ئەلدیب ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥٣٥-٥٣٦.

٥) شەفیق قەزاز : سەرۆکی ئەنجومەنی قوتابیانی کورد لە ئەمەریکا ، بە مەبەستی خوێندن رووی کردۆتە ئەوێ و بڕوانامەی ماستەری لە ئابووری نێودەوڵەتی وەدەست هێناوە ، دواتر دکتۆرا لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان . لە ساڵی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧٣ نوێنەری شۆڕشی کورد بووە لە ئەمەریکا . لە ٢٢ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : عەزیز حەسەن عەزیز بارزانی ، ویلایەتە یەکگرتوەکان ...، ل ٨٢ ، پەراوێزی ژمارە ٢.

پێشکەشکردنی پشتگیری و گازە ژەهراویەکان لەلایەن میسرەوە بۆ حکوومەتی عێراق، قەزاز رایگەیاندووە کە هیچ لێدوانێکی لەم بارەوە رانەگەیاندووە، بەڵکو ئەمەی بە یەکجاری ڕەت کردەوە [1].

لێرەوە دەردەکەوێ کە لێدوانەکانی وانلی بوونەتە مایەی تووڕەکردنی سەرۆك عەبدولناسر و وای لێکرد باسی کورد بکات. لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکاری ساردکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان بارزانی و وانلی و دوورخستنەوەی لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی شۆڕشی کورد بووبێ.

لە ساڵی ١٩٦٣ەوە [2] ئەندازیار شەوکەت عەقراوی نوێنەری شۆڕشی کورد بوو لە قاهیرە، ئەو پەیوەندی باشی لەگەڵ محەمەد حەسەنێن هەیکەلی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ سەرۆك جەمال عەبدولناسر گرێ دابوو، بە جۆرێك چالاکییەکانی عەقراوی لە قاهیرە بووبوونە مایەی تووڕەکردنی سەرانی ڕژێمی عەبدولسەلام محەمەد عارف [3].

لە ڕاستیدا، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە قاهیرە، شاندی عێراقی توانی قەناعەت بە لایەنی میسری بێنێ لەوەی چیتر پشتگیری لە شۆڕشی کورد نەکات، بە تایبەتی دوای سەردانی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ قاهیرە لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥. ئەوەبوو گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا چەند دەرەنجامێکیان لێ کەوتەوە، لە نێویاندا: داواکردنی حکوومەتی میسر لە شەوکەت عەقراوی نوێنەری شۆڕشی کورد کە میسر بەجێ بێڵێ[4] .بەم جۆرە دەردەکەوێ کە سەردانەکەی وانلی بۆ ئەمەریکا و لێدوانەکانی هۆکارێك بوون بۆ تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و میسر.

---

(1) عەبدولجەلیل سالح موسا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٠.

(2) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٢ ، پەراوێزی ژمارە ٤.

(3) ئەیوب بارزانی ، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ١٩٥٨-١٩٧٥ ، (جنێف ،٢٠١١) ، ل ٢٨٨.

(4) عەبدولجەلیل سالح موسا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١١.

باسی سێیەم

چالاکیە دەرەکیەکانی ئەنجوومەن هەتا ساڵی ١٩٦٦

یەکەم: پەیامەکانی سەرکردایەتی ئەنجوومەن بۆ بەرپرسە بەریتانی و فەرەنسیەکان:

بەهۆی گرنگی رۆڵی بەریتانیا لە رووداوەکانی کوردستان و عێراق و بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی بەریتانییەکان لە دواپین پێشهاتەکانی کوردستان، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی هێرشی حکوومەت بۆ سەر کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥ و کۆکردنەوەی چوار لەسەر پێنجی سوپای عێراق بۆ ئەم مەبەستە، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوو نامەی هاوشێوەی لە تەموزی ١٩٦٥ ئاراستەی هەریەکە لە هارۆلد ویلسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و لۆرد کارادۆنی نوێنەری بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تیایاندا هات: "... زانیاری باوەڕپێکراومان لەبەر دەست دایە باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی عێراق بڕێکی زۆری گازی ژەهراوی کڕیوە و بەنیازە لە دژی خەڵکی سڤیل بەکاری بێنێ، ئەمەش لەلایەن میساقی جنێڤ و هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە قەدەغە کراوە...". بارزانی داوای لە حکوومەتی بەریتانیا کرد لەپاڵ کورد بوەستێ و رێگری بکات لە فرۆشتنی چەك بە حکوومەتی عێراق و هەژموونی بەرفراوانی خۆی لە پێناوی هەڵگرتنی ستەم و دوژمنکاریی لەسەر گەلی کورد بەکار بێنێ [٥].

لە راستیدا حکوومەتی بەریتانیا بە وردی چاودێریی پێشهاتەکانی کوردستانی عێراقی دەکرد بە تایبەتی پاش رێککەوتنی ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا ئاگاداری ئامادەکاریەکانی حکوومەت بوو لە ماوەی وەستانی شەڕ بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی نوێ بۆ سەر کوردستان. بە گوێرەی ئاگاداریی باڵیۆزخانەکەش: هێزی ئاسمانی عێراق لە ماوەی چەند مانگی رابردووی ساڵی ١٩٦٤ دا بڕێکی زۆری چەکی ناپاڵمی گواستۆتەوە، بەڵام لەو نامەیەدا کە لەلایەن کارمەندێکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بەناوی ئی.ئێف. جی. ماینارد هوە لە ٢ ی کانونی دووەمی ١٩٦٥ ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کراوە، ناوی ئەو دەوڵەتە نەهێنراوە کە ئەم بۆمبانەی بە عێراق داوە. هەر لە هەمان نامەدا ماینارد باسی لەوە کردووە کە وەزارەتی بەرگری عێراق بڕێك گازی ژەهراوی بەدەست گەیشتووە، وەك یەکێك لەو چەکە ستراتیژیانەی کە پێشبینی دەکرێ لە دژی کورد بەکار بهێنرێ، سەرەڕای کەمی ئەم جۆرە چەکە لە بازاڕەکانی فرۆشتنی چەك، بە گوێرەی بۆچوونی ماینارد، بەڵام دەستەبەرکردنی ئەم چەکە لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە ئەو کاتە بە تەواوی یەکلا بووەوە کاتێك لە

() بڕوانە دەقی هەردووك نامەکە لە ، کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٢٢- ٧٢٣.

کۆتایی ئەیلوول ی ١٩٦٤ وەزارەتی بەرگریی عێراق داوای دابینکردنی ٦٠ هەزار ماسکی گازی لە بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا رۆژئاوا و یەکێتی سۆڤیەت کرد [١].

هەر لەو بارەوە، لە ٢٢ ی تەموزی ١٩٦٥ شەفیق ئەحمەد عەزیز ئاغای ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و وتەبێژی فەرمی بەناوی بارزانی، نامەیەکی ئاراستەی هارۆلد ویلسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کرد و تێیدا ئاستی مەترسی بارودۆخی کوردستانی خستە روو، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی هێرشی حکوومەت بۆ سەر کوردستان لە نیسانی ١٩٦٥، کە وێرانکاریەکی گەورەی لێ کەوتەوە و بەهۆیەوە هەزاران کەسی مەدەنی دەربەدەر بوون و رووبەڕووی برسیەتی بوونەوە. هەروەها داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی زلهێز کرد هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و گەلانی ستەملێکراو بپارێزن. لە کۆتایی نامەکەدا شەفیق بە ناوی گەلی کوردەوە داوای لە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کرد لە پێناوی هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری لە کوردستان کار بکات[٢].

هەروەها لە ٢١ ی ئابی ١٩٦٥ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان نامەیەکی ئاراستەی شارل دیگۆلی سەرۆکی فەرەنسا کرد و دووپاتی کردەوە کە بەڵگەی لەبەر دەست دایە سەبارەت بە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عێراق لە شەڕی دژی کورد، ئەمەش ئەو چەکانەن کە لەلایەن یاسا و مۆراڵ و لایەنە نێودەوڵەتیەکانەوە قەدەغە کراون. بارزانی داوای لە سەرۆک دیگۆل کرد کە گوشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو پلانە نامرۆییە بێ و ڕێوشوێن و شێوازی نێودەوڵەتیش بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی گەلی کورد لە مەترسی جینۆسایدکردن. لە کۆتایی نامەکەیدا بارزانی بە پێویستی زانی کێشەی گەلی کورد و ململانێکەی لەگەڵ بەغدا بخرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان، بەو هیوایەی بە گوێرەی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان رێگەچارەیەکی دادوەرانەی بۆ بدۆزرێتەوە. لە نووسراوی فەرمانگەی ئەفریقیا - رۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسیدا بۆ نووسینگەی وەزیر هاتبوو: ئەم داواکاریە لەلایەن کەسێکی یاخیبوو لە حکوومەتی عێراقەوە نێردراوە، کە پەیوەندیی دیبلۆماسیان لەگەڵ هەیە، هەروەها فەرمانگەی ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە هەموو حالەتەکاندا وەرگرتنی پسولەی قبولکردنی داواکاریەکە قەدەغەیە[٣].

---

(١) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٣. دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی پسپۆڕ لە مێژووی هاوچەرخی عیراق و کورد دەڵێ: لە سەردەمی ئەندیرا غاندیدا ، هیند چەکی ناپاڵمی قەدەغەکراوی بە عیراق بەخشی ،بەڵگەش بۆ ئەمە ، شۆڕشی کورد لە ئەدییاتی خۆیدا هێرشی کردە سەر ناوبراو ، بە تایبەتی دوای راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لە ١١ ی ئاداری ١٩٧٠. دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی لە ٢٥ ی شوباتی ٢٠١٥ لە دهۆک.

(٢) بڕوانە دەقی نامەکە لە، کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٢٤-٧٢٥.

(٣) بڕوانە دەقی نامەکە لە پاشکۆی ژمارە ٢٣.

لە ١٥ ی کانونی دووەمی ١٩٦٦، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە رێگەی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، نامەیەکی دیکەی ئاراستەی هارۆلد ویلسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کرد و تێیدا باسی لە سرووشتی ئەو شەڕە کرد کە حکوومەتی عێراق لە دژی کوردستان ئەنجامی دەدات، هەروەها لەو نامەیەدا هاتبوو: "... ئەوەی وام لێدەکات ئەم نامەیە ئاراستەی بەڕێزتان بکەم، لە سنووردەرچوون و زیادەڕۆییکردنی حکوومەتی عێراقە لە پیادەکردنی سیاسەتی خاکی سووتماك و دەربەدەرکردنی دەیان هەزار هاوڵاتیانی کوردە دوای سووتاندنی گوندەکانیان و بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵکیان، لە راستیدا خەریکە جارێکی دیکە ئەم شەڕە مۆرکی جینۆسایدکردنی گەلی کورد وەردەگرێ، دوای شکستهێنانی رژێمی سەربازیی دکتاتۆری لە لەناوبردنی شۆڕشی کورد...". بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەمە بۆیە لە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێ، چونکە دەخوازێ پارێزگاری لە زمان و کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی بکات، ئەمەش شتێکە لەلایەن هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە بڕیاری لەبارەوە دراوە. لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە: "... بەناوی خۆم و گەلە ستەمدیدەکەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەم رێگری بکەن لە بەخشینی چەك بە حکوومەتی عێراق و لەم شەڕەدا بە هانای گەلی کوردەوە بچن و هەژموونی فراوانتان بەکار بێنن لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگەی ئاشتیانە و لەسەر بنەمای هێنانەدی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلەکەمان..." [1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا رۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕا لە پێناوی دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ کێشەی کورد لە عێراق [2].

دووەم: یاداشتنامەیەکی نوێی کورد بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان:

لە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٦٦، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان یاداشتنامەیەکی گرنگی ئاراستەی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تەنیا تایبەت نەبوو بە باسکردنی بارودۆخی کوردستان، بەڵکو بارزانی لە رێگەی ژمارە و ئامارەوە زیانەکانی شەڕی خستبوە روو، لە نێویاندا ناوی نزیکەی ٣٠٠ گوندی کورد هەبوو کە سوپای عێراق لە رێگەی ناپاڵمەوە سووتاندوونی و وێرانی کردوون، هەروەها ژمارەیەك لە بروسکەکانی حکوومەت دەگرێتە خۆی کە تایبەت بوون بە سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری و قەدەغەکردنی گەیشتنی داودەرمان بۆ کوردستان و

---

(1) بڕوانە دەقی نامەکە لە، کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٥.

(2) تارق مەجید تەقی ئەلعەقیلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩٩ .

ط ـ العقود الخارجيه والداخليه .

ى ـ بيع اموال الثورة المنتقوله .

ك ـ ادخار الملابس والتجهيزات والمهمات .

ل ـ ادخار المواد الحربيه والاسلحه والعتاد .

م ـ تأمين تجهيزات النفير واحتياط الحرب .

ن ـ تصليح الملابس .

س ـ صيانه المواد الحربيه والاسلحه والعتاد .

ع ـ ادارة المعامل .

ف تنظيم جداول بموجب التجهيزات والمواد والاسلحه والاعتده

٥ ـ تنظر مديريه الحسابات العسكريه فى الشؤون التاليه .

آ ـ اسداء المشورة الماليه الى رئيس اركان الجيش والمكتب التنفيذى

ب ـ ادارة ماليه قوات الجيش ومراقبه صحه تنفيذ القوانين المرعيه بشأنها .

ج ـ اسداء المشورة بواسطه مدققي الحسابات الى آمرى الوحدات

د ـ اعداد تخمينات ميزانيه الجيش .

ه ـ تعيين الخطط الماليه والقيام بالاشراف على تنفيذها .

و ـ تدقيق الحسابات كافه .

ز ـ الموافقه على النفقات قبل صرفها .

حـ ـ النظر فى امورالمتعلقه بالرواتب والمخصصات وتقديم التوصيات بشأنها .

ط ـ اعدادا التعليمات والمقترحات المالبه .

٦ ـ واجبات المشاور العدلى ـ هوابداء المشوره القانونيه لرئيس اركان الجيش مع دوائر المقر العام .

٧ ـ يقوم مدير الامور الطبيه بما يلى .

آ ـ تنبسق خدمات الطبابه وتجهيزها وفقا المخططا لموضوعه .

ب ـ وضع خطط تدريب منتسبى الطبابه ورفع كفائتهم الفنيه .

المادة الثامنه ـ تقسم الدوائر والمديريات والمؤسسات المذكورة اعلاه الى الى شعب يقررها المكتب التنفيذى حسب الحاجه وبموجب اقتراح رئيس اركان الجيش .

المادة التاسعه ـ تجرى معاملات الترفيه والتثبيت والتعيين والنقل والتقاعد للضباط القاده عدى امراء الافواج والالويه والفرق واعضاء مجلس الدفاع الوطنى باقتراح من رئيس اركان الجيش الى مجلس الدفاع الوطنى الذى يرفع ما يقرره الى المكتب التنفيذى للبت فيه ويجرى تعيين الافواج والالويه وقادة الفرق واعضاء مجلس الدفاع الوطنى وترفيعهم ونقلهم والاستغناء عن خدماتهم بأقتراح من رئيس اركان الجيش الى المكتب التنفيذى للبت فيه .

المادة العاشره ـ تؤخذ موافقه رئيس اركان الجيش من الامور التا'

آ - تعين الضباط فى الجيش لاول مره .

ب - تعيين آمرو الوحدات ونقلهم .

جـ ـ تعيين ضباط الركن ونقلهم .

الماده الحاديه عشر ـ تؤلف من القياده العامه اللجان التاليه :

آ ـ لجنة العقود .

اولا تتألف لجنه العقود من

مدير الحركات والتدريب والخطط (او من ينوب عنه)

مدير الميرة والتموين والعينه والعقودوالمبايعات

مدير الحسابات

مدير شعبه التدقيق

مدير الأمور الطبيه .

ثانيا تقوم بدراسه عقود الجيش وفحص العطآت وترفع مقترحاتهـــا الى رئيس اركان الجيش لابداء ملاحظاته عليها .

ثم تعرض على المكتب التنفيذى للبت فيها .

ب ـ لجنه المبايعات :

تتألف كما يلى : ـ

اولا الرئيس مدير الميرة والتموين والعينيه والعقود والمبايعات (اومن ينوب عنه) .

الاعضاء - عضوين يعينهم المكتب التنفيذى على ان يشترك مع اللجنه شخص له خبره بالمواد المقتضى شراوءها من كل صنف عند مبايعه المواد المتعلقة بصفته .

ثانيا - تتقوم بشراء المواد التى يقرر المكتب التنفيذى بشرائها من الاسواق المحليه فوراً دون وضعها فى المناقصه .

المادة الثانيه عشر - ينفذ هذا النظام من تأريخ نشره رسميا

المادة الثالثه عشر - على المكتب التنفيذى تنفيذ هذا النظام

كتب فى رانيه من اليوم السابع عشر من شهر تشرين الأول سنه ١٩٦٤

بارزانى مصطفى


رئيس مجلس قيادة الثورة


عضو عضو عضو

عضو عضو عضو عضو

عضو عضو عضو عضو

پاشکۆی ژمارە ٩-٣٨




المكتب التنفيذي
١٩٦٤
ثمن النسخة [٥٠] فلساً

پاشکۆی ژمارە ۱۰ [1]

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٣-١٩٦٥/٢/١٧ کۆبوونەوەی دووەمی خۆی ئەنجام دا و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

لە بارەی دەستوور و یاساکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیەوە ئەنجوومەن بڕیاری دا ئەم پێشەکیە بۆ دەستوور زیاد بکرێ:

مادەی یەکەم:

گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد و چەند کەمینەیەکی تورکمانی و ئاشووری و ئەرمەنی و هی تر و ئەم نەتەوە و کەمینانە یەکێتی قەوارەی عێراق پێکدێنن.

مادەی دووەم:

بە مەبەستی زامنکردنی بنەماکانی پێشکەوتنی سرووشتی بۆ قەوارەی عێراق و بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی نێوان هەردووك نەتەوەی سەرەکی عەرەبی و کوردی و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردووی خۆمان و گەلانی جیهانیش، پێویستە کۆمارێکی عێراقی دوور لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بونیاد بنرێ و لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمیش دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنرێ.

مادەی سێیەم:

ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە کۆماری عێراق چەند شتێك دەگرێتەوە، لەوانە: گەیشتنی گەلی کورد بە مافە کارگێڕی بە ئاسایشی ناوخۆییەوە و رۆشنبیری و پلانە ئابووریە هەرێمیەکان و نوێنەرایەتی نەتەوەیی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق. لە بەرامبەردا دەزگای ئۆتۆنۆمی پابەند دەبێ بە هەموو بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندی تایبەت بە بابەتەکانی بەرگری نیشتمانی و هەموو پێداویستیەکانی بەرژەوەندیە باڵاکانی دەوڵەت، بە جۆرێك بە هیچ شێوەیەك زیان بە مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد نەگەیەنن، هەروەها حکوومەتی عێراقیش پابەند دەبێ بە پێشکەشکردنی یارمەتیە مادی و

---

[1] سەرچاوە : شازین هێرش و نزار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧٠- ٢٧١.

ئەدەبیەکان لەپێناوی نەهێشتنی هۆکارەکانی دواکەوتن و هەڵساندنەوەی نەتەوەی کورد و فەراهەمکردنی شێوازەکانی پێشکەوتنی هەمەلایەنە بۆ تەواوی گەلی عێراق.

مادەی چوارەم:

بەو پێیەی شۆڕشی کوردستان وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ستەمکاریی حکوومەتەکانی ناوەندی و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوونی گەلی کورد و مافە نەتەوەییە خوراوەکانی بەرپا بووە، بۆیە بوونی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان پێویستیەکی گرنگە بۆ مانەوەی کورد و ئەم سوپایە ملکەچی هەموو ڕێگەچارە ئاشتیە قبولکراو و دادوەریەکانی نێوان سەرکردایەتی گەلی کورد و حکوومەتی ناوەندی دەبێ و بە هیچ شێوەیەك هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دوولایەنە یان جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق نادات، بەڵکو ئەو لە ڕووی مێژوویییەوە لە کاتی هێرشە نابەجێکانی حکوومەتی ناوەندیەوە پێکهێناوە و ئێستا بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە دەپارێزێ کە حکوومەت دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لێ کێشاونەتەوە.

مادەی پێنجەم:

لە حالەتی ڕووبانی یەکگرتن یان یەکێتی لە نێوان عێراق و هەر وڵاتێکی دیکە، گەلی کورد خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات.

مادەی شەشەم:

ئەم دەستوورە دان بە مافە ڕۆشنبیری و ئابووری و ئازادیە دیموکراسیەکانی هەموو ڕۆڵەکانی کەمینەکانیدا دەنێ لە ویلایەتی کوردستان.

هەروەها ئەنجوومەن بڕیاری دا ئەم مادەیەی خوارەوە بۆ دەستوور زیاد بکرێ:

مادەی چواردەم:

أ. دەکرێ بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگ، بڕگەکانی ئەم دەستوورە هەموار بکرێنەوە.

ب. دەکرێ بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگ، ئەنجوومەن زیاد بکرێ.

هەروەها ئەنجوومەن بڕیاری دا ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ مادەی نۆیەم زیاد بکرێ:

(دەکرێ بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی گشتی ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی زیاد یان کەم بکرێ).

لە ڕووی سەربازییەوە:

ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر ئەمەی خوارەوە دا:

1- زیادکردنی ئەم بڕگەیە بۆ مادەی یەکەم، بڕگەی أ لە یاسای سەرکردایەتی گشتی شۆڕشی کوردستان:

(هەموو لیوا یان قەزا یان ناحیەیەك، لیژنەیەك بە سەرۆكایەتی بەرپرسی كارگێڕی و ئەندامێك لە نوێنەرایەتی لەشكر و نوێنەرێك لە حزب و یەكێكی تر لە پیاوماقوڵانی ناوچەكە پێكدێنێ و بە گوێرەی پێویست و بە مەبەستی كۆڵینەوە لە سەرجەم كێشە كارگێڕی و دارایی و كێشەكانی تر و كەموكوڕیەكان كۆ دەبێتەوە و بەپێی زنجیرەی مەرجەعەكانەوە پەیوەست دەبێ بە مەكتەبی تەنفیزی و لە رێگەی بەرپرسی كارگێڕی لیوا و رێنمایی و بڕیارەكانی مەكتەبی تەنفیزی.

2- بەردەوامبوون لەسەر بەخشینی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك لە ناوەوەی كوردستان بەبێ وەرگرتنی باج لەسەر ئەم مۆڵەتانە و زۆرترین بڕی ئەم چەكە بۆ هێزێكی یەدەگی شۆڕش بەكار دەهێنرێ لە كاتی پێویستدا.

3- گۆڕینی ناوی فیرقەكانی سوپای شۆڕشگێڕی كوردستان لە فیرقەوە بۆ لەشكر.

لە رووی كارگێڕیەوە:

بڕیار درا ناوی موتەسەڕیف لە كارگێڕیی ناوخۆیی ئێمەدا بگۆڕدرێ بۆ بەرپرسی كارگێڕی لیوا و قایمقام بۆ بەرپرسی كارگێڕی قەزا و بەڕێوەبەری ناحیە بۆ بەرپرسی كارگێڕی لە ناحیە.

لە رووی داراییەوە:

1- بڕیار درا دەست بە كۆكردنەوەی ئابوونەی مانگانە بكرێ لە هەموو هاوڵاتیانی كوردستانی عێراق بەگوێرەی خواستی خۆیان لە پێناوی دابینكردنی داراییەكی مانگانەی جێگیر بۆ شۆڕش.

2- بڕیاری پێكهێنانی لیژنەیەكی تایبەت لە شارەزایان درا بە مەبەستی تاوتوێكردنی بابەتی زەویە میریەكان زەویوزاری چاكسازی كشتوكاڵی و ئەوقاف و زەویە دەستبەسەرداگیراوەكان و دیاركردنی باشترین شێواز بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیان، بە جۆرێك خزمەت بە بەرژەوەندیەكانی شۆڕش و هاوڵاتیان بكات و لەگەڵ دۆخی شۆڕش بگونجێ، هەروەها سەرۆكی لیژنە بڕیار دەدات زەویەكانی ئەوقاف بدرێن بە مزگەوتەكان.

بابەتە گشتیەكان:

1- بڕیاری دەركردنی شێخ محەمەد بالیسانی درا لە ئەندامێتی ئەنجوومەن بەهۆی پابەند نەبوونی بە دەوام و گێڕانەوەی بۆ ئەركە حكومیەكەی.

2- بڕیاری وەرگرتنی هەندێك ئەندامی نوێ درا، لە نێویاندا نوێنەرانی رێكخراوە دیموكراتیە كوردستانییەكان.

مەكتەبی تەنفیزی

١٩٦٥/٣/٣

پاشکۆی ژمارە ١١ ()

بەیاننامەیەك لە لیژنەی ئامادەکاریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان- عێراق
لقی لیوای موسل

پێشەنگەکانی شۆڕشی گەلەکەتان

یەکێتیەکەتان بڕیاری داوە خزمەتکردنی گەلی کورد بکات بە ئەرکی خۆی و هەموو توانا مادی و مەعنەویەکانی بخاتە خزمەتی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکە داناکەی کە بڕیاری هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی بۆ گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق داوە، ئەو سەرکردایەتیەی دروشمەکەی بریتیە لە کوردستان یان نەمان.

شێرەکانی کوردستان ئەو کار و دەستکەوت و ڕێکخستنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ماوە کورتەی تەمەنی سەرکردایەتی نوێی حزبدا پاش کۆنگرەی شەشەم لە هەموو بوارەکاندا وەدەستی هێناون و ئەنجامی داون، کاری گەورە و سەرنجڕاکێشن، لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

1- ماوەیەکی کەم دوای ئەنجامدانی کۆنگرە، هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئازاد بۆ هەموو لیژنە ناوخۆییەکان ئەنجام درا، دوای دوورخستنەوەی کەسە خۆپەرست و گوماناویەکان لە ڕیزەکانی حزب.

2- ئەنجامدانی هەردووك کۆنگرەی سەربازی و میللی و دواتر ئەوان لە نێو خۆیاندا ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان هەڵبژارد.

3- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێکهێنرا و دوای چەندین کۆبوونەوەی بەردەوام، ئەنجوومەن یاسا و سیستم و ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و پاراستنی دەرکرد و لەنێو ئەندامانیدا مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردرا.

4- دەست بە ڕێکخستنی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کرا لەسەر بنەمای فیرقە و فەوج و هی تر، هاوشێوەی هەر یەکێك لە سوپا هاوچەرخەکان.

5- یەکە کارگێڕی و دادوەریی و دارایییەکان لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەستبەکار بوون و کارمەندانی کارگێڕی و دادوەر و کارمەندی بواری دارایییان بۆ دامەزرێنران.

() سەرچاوە: (دۆسیەکانی دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٤ و ڕووداوەکانی دواتر).

هەموو ئەم کارانەی کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەنجام دران، بە رێنمایی و پشتگیری مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش بوو. لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا و وێڕای ئەوەی پێشتر باسی لێوە کرا، لە هەموو ناوچەکاندا دەست بە پێکهێنانی لیژنە ئامادەکاریەکانی رێکخراوە دیموکراتیە کوردستانییەکانی وەك یەکێتی مامۆستایان و ئافرەتان و لاوان و یەکێتیەکەتان کرا، ئەمەش بە پشتیوانی سەرکردایەتی تازەی حزب و وەك خۆئامادەکردنێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ بۆیان. هەروەها مژدەتان پێ دەدەین کە ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بوو بە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی جیهان.

هەڵگرانی مەشخەڵی ئازادی: ئایا ئەم کار و دەستکەوتانە بەس نین بۆ بیرەنگکردنی زمانە بۆگەنەکان و وەخۆهاتنەوەی خۆپەرست و لادەر و گومڕایان و شکستخواردوان و بینەران و گەڕانەوەیان بۆ دەوروبەری حزب و سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان و یەکێتیەکانیان، کە بڕیاریان داوە جارێکی دیکە پێشوازیان لێ بکەنەوە و لەپێناوی یەکێتی کورددا رابردوو لەبیر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین شۆڕشەکەمان بگەیەنین بە ئامانجی چاوەڕوانکراو کە ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراسی ئازاددا.

برایان: داواتان لێ دەکەین ریزەکانتان رێك بخەن و لە دەوری یەکێتیەکەتان کۆ ببنەوە و هەموو تواناکانتان بخەنە گەڕ لە پێناوی خەباتکردن لە دژی دوژمنانی شۆڕشی گەلی کورد، چونکە شۆڕش شۆڕشی کەسێك یان چەند کەسێك و گرووپێك نییە، بەڵکو شۆڕشی هەموو گەلەکەمانە، بۆیە بە هەموو توانایەکتانەوە هەوڵی پێشخستن و سەرخستنی بدەن، سەرکەوتن و شکستی شۆڕش مانای سەرکەوتن و شکستی گەلی کوردە، بۆیە قوتابیانی کورد لەسەریانە هێزی نوێ و لاوی رۆشنبیر بە نیشتمان ببەخشن، چونکە کوردستان پێویستی زۆری بە رۆشنبیرانی راستگۆ و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر هەیە. هەروەها گەلەکەمان چاوەڕێ دەکات لە هەموو کاتێك زیاتر و بە هەموو توانایەکمانەوە درێژە بە خوێندن بدەین بۆ ئەوەی بتوانین وڵاتەکەمان بە گوێرەی بنەما زانستیەکان بونیاد بنێین، بەم بۆنەیەشەوە داوا لە هەموو برا قوتابیانمان دەکەین بەگوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵسوکەوت بکەن:

1- بوار نەدان بە ئەنجامدانی کاری سیاسی لەلایەن هەر گرووپێکی قوتابیانی کورد لە دەرەوەی یەکێتیەکەمان و ئاشکراکردنیان لەبەردەمی جەماوەر و خستنەرووی نییەتە شەڕخوازەکانیان و هەوڵدانیان بۆ دواخستنی کاروانی پێشکەوتنی شۆڕشەکەمان رووەو سەرکەوتنی یەکجاری.
2- رێگە خۆشکردن بۆ قوتابیە هەڵخەڵەتێنراوەکان بۆ پەیوەندیکردن بە یەکێتیەکەمان و لیژنە ئامادەکاریەکانی، دوای ئەوەی بۆیان روون بووەوە کە بەشێك لە سەرکردەکانی پێشووی قوتابیان لە ئامانجەکانی یەکێتی لایانداوە.

3- پێویستە هەموو هەڤاڵان بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ کار بکەن و بەمەبەستی کۆڵینەوە لە کێشەکانی پەیوەست بە ڕێکخستن کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و بۆ سەرکردایەتیەکان بەرزیان بکەنەوە.

4- هیوادارین هەڤاڵان خۆیان نەخزێننە ناو گفتوگۆ نادروستەکان و کاتەکانیان بەم جۆرە هەڵسوکەوتانە بە فیڕۆ نەدەن.

5- داوا لە هەموو لایەك دەکەین بە گیانێکی برایانە و ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ مامۆستایانیان بکەن و ڕەچاوی سیستمی قوتابخانە و دەوامی ڕێکوپێك بکەن، چونکە زانست بناغەی بونیادنانی کۆمەڵگایە.

6- داوا دەکەین خۆتان لە دانیشتن لە چایەخانە و شوێنەکانی بەسەربردنی کات و قومارکردن و یاریی دیکەی هەرزەکارانە دوور بگرن، چونکە ئەمە قوتابیان لە وانە و وەرگرتنی زانست دوور دەخاتەوە.

7- هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە خوێندن و کارەکانتان و خەباتکردن شانبەشانی جەماوەر لە دژی دوژمنان و خیانەتکارە دیار و نادیارەکان.

بژی یەکێتیەکەمان لە پێناوی خزمەتکردنی گەلدا

بژی شۆڕشی گەلەکەمان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لقی دهۆك

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لیژنەی ئامادەکاری

یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق


لقی موسل

١٩٦٤/١٢/ ٢٠

پاشکۆی ژمارە ١١ ـ ١



پاشکۆی ژمارە ١١ – ٢



پاشکۆی ژمارە ١٢ ( ) [1]

دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق
بە شێوازە هەموارکراوەکەی

لەکۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجوومەن لە ٢٣ ی ئەیلوول ی ١٩٦٨ بڕیاری لەسەر دراوە

بەناوی خوا و بەناوی گەلی کورد
دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق

گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، لەگەڵ چەند کەمینەیەکی تورکمانی و ئاشووری و ئەرمەنی و هی تر و ئەم نەتەوە و کەمینانە یەکێتی قەوارەی عێراق پێکدێنن و بە مەبەستی زامنکردنی بنەماکانی پێشکەوتنی سرووشتی بۆ ئەم قەوارەیە و بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی ئارەزوومەندانە لە نێوان هەردووک نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوومان و ئەزموونی گەلان، پێمان وایە پێویستە کۆماریێکی عێراقی دیموکراتی دوور لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بونیاد بنرێ لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمیش دان بە مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد دابنرێ.

ئەو ئۆتۆنۆمیەی گەلی کوردمان داوای دەکات دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە بێ کە گەلی کورد مافە کارگێڕی بە ئاسایشی ناوخۆشەوە و رۆشنبیری و پلانە ئابووریە هەرێمیەکان و نوێنەرایەتی نەتەوەیی لە دەزگای دەوڵەتی عێراق پیادە بکات، لە بەرامبەردا داموودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی پابەند دەبێ بە هەموو بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بە بەرگریی نیشتمانی و کاروباری دەرەکی و بابەتە دارایییەکان و پلاندارێژیی مەرکەزی، هەروەها حکوومەتی عێراقیش پابەند دەبێ بە پێشکەشکردنی یارمەتیە مادی و ئەدەبیەکان لەپێناوی نەهێشتنی هۆکارەکانی دواکەوتن و هەڵساندنەوەی نەتەوەی کورد و فەراهەمکردنی شێوازەکانی پێشکەوتنی هەمەلایەنە بۆ تەواوی گەلی عێراق.

بەو پێیەی شۆڕشی کوردستان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ستەمکاریی حکوومەتەکانی ناوەندی و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوونی گەلی کورد و مافە نەتەوەییە خوراوەکانی بەرپا بووە، بۆیە بوونی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان پێویستیەکی گرنگە بۆ مانەوەی کورد

() سەرچاوە : مسعود بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٩٦١- ١٩٧٥، ل ل ٥١٠-٥١٦.

و ئەم سوپایە ملکەچی هەموو رێگەچارە ئاشتیە قبولکراو و دادوەریەکانی نێوان سەرکردایەتی گەلی کورد و حکوومەتی ناوەندی دەبێ و بە هیچ شێوەیەك هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دوولایەنە یان جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق نادات، بەڵکو ئەو لە رووی مێژوویییەوە لە کاتی هێرشە نابەجێکانی حکوومەتی ناوەندیەوە پێکهێناوە و ئێستا بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە دەپارێزێ کە حکوومەت دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لێ کێشاونەتەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە کاتی رووداندا هەر یەکێتیەك یان یەکگرتنێك لە نێوان عێراق و هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، پێویستە پرس بە کورد بکرێ و بۆچوونەکەی بەهەند وەربگیرێ، لەپێناوی زامنکردنی پێشکەوتنی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتە نوێیەکەدا لەگەڵ ئاستی ئەو پێشکەوتنەی نەتەوەی عەرەبی برا پێی دەگات. بە پێچەوانەی ئەمەش، گەلی کورد ناچار دەبێ بەدوای رێگەی تردا بگەڕێ کە ببنە مایەی مسۆگەرکردنی ئازادی و خۆشحاڵی و پێشکەوتن. گەلی کوردمان کە لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوەییە رەواکانی لە خەبات دایە، بێگومان دەبێ بە پاڵپشتێك بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستانی عێراق و ئەم دەستوورە وەك رۆڵەکانی دیکەی گەلی کورد، دان بە مافە رۆشنبیری و کارگێڕییەکان و ئازادیە دیموکراسیەکانی ئەواندا دەنێ.ئەمەش لە روانگەی باوەڕهێنان بە رەوایی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی پێشتر باسیان لێوە کرا، هەروەها بوونی باوەڕ بە رەوایی داواکاریەکانی شۆڕشی کورد کە لە ١١ ی ئەیلوول ی ١٩٦١ بەرپا کراوە و گرنگی بوونی سەرکردایەتیەکی رێکخراو و هەڵقوڵاو لە ناخی میللەت کە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و دارشتنی یاسا و رێساکانی تایبەت بە بەرێوەبردنی کاروباری کوردستانی عێراق لە رووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کارگێڕی و دادوەری و هی تر بگرێتە ئەستۆ. ئێمەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کە لە ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە بۆسکین کۆبوونەتەوە، بڕیارمان لەسەر ئەم دەستوورە دا و واژۆمان لەسەری کرد، خواش پشت و پەنامان بێ.

- **مادەی یەکەم:** ئەم دەستوورە بە دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق ناو دەبرێ.
- **مادەی دووەم:** ئەنجوومەن بەرزترین دەسەڵاتە لە شۆڕشدا.
- **مادەی سێیەم:** ئەنجوومەن لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی ناوچە سەربازییەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و نوێنەرانی برا کرستیانەکانمان و نوێنەرانی کەرتەکانی دیکەی گەلی کورد پێکدێت. کەسایەتیە عێراقیەکان و نوێنەرانی پارت و نەتەوەکانی تری عێراقیش مافیان هەیە ببن بە ئەندامی ئەنجوومەن لە حالەتی بەشداربوونیان لە کارکردن لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕش و پێویستە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەستنیشان بکرێن.

- **مادەی چوارەم:** ئەنجوومەن سیاسەتی گشتی شۆڕش دیار دەکات و ئامانجەکانی دەستنیشان دەکات و ئەو یاسا و ڕێسایانەش دادەڕێژێ کە پەیوەندیان بە بواره سەربازی و ئابووری و کارگێڕی و دادوەری و فێرکاری و تەندروستیەکان و هی تره‌وه هەیە لە کوردستانی عێراق.
- **مادەی پێنجەم:** ئەنجوومەن لە ڕێگەی زۆرینەی ره‌هاوه سەرۆکەکەی هەڵدەبژێرێ کە فەرماندەی گشتی شۆڕشە.
- **مادەی شەشەم:**

1- مەکتەبی تەنفیزی لە ئەنجوومەن دەبێتەوە و لە نۆ ئەندام پێکدێ و جگە لە سەرۆك، ئەندامەکان لەلایەن ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردرێن.
2- مەرجە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی خۆی بۆ کارکردن لە مەکتەب تەرخان بکات.
3- کارەکانی مەکتەبی تەنفیزی لەلایەن سکرتێرێکەوە بەڕێوە دەبرێن کە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێ.

- **مادەی حەوتەم:**

1- ئەنجوومەن لە ماوەی ساڵێکدا یەك جار کۆدەبێتەوە، هەروەها دوای داواکردنی سەرۆك یان مەکتەبی تەنفیزی یان زۆرینەی ئەندامان، ئەنجوومەن دەتوانێ کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام بدات.
2- بە ئامادەبوونی زۆرینەی ره‌های ئەندامان، ڕێژەی ئامادەبوون – نیصاب- بوونی دەبێ.
3- لە کاتی هاتنەپێشەوەی بارودۆخی ناهەمواردا کە بەهۆیەوە نەتوانرێ کۆبوونەوە ئەنجام بدرێ، مەکتەب بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن جێبەجێ دەکات.

- **مادەی هەشتەم:** مەکتەبی تەنفیزی هەموو بڕیار و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەن جێبەجێ دەکات و لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبێ.
- **مادەی نۆیەم:**

1- ئەندامانی ئەنجوومەن دەبن بە ڕاوێژکار بۆ دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی شۆڕش.لە کاتی بوونی هەر ئەندامێك یان هەندێکیان لە ناوچەیەکدا، پێویستە بەرپرسانی شۆڕش هەریەکەیان لە چوارچێوەی ناوچەکەی خۆیدا بۆچوونی ئەوان بە هەند وەربگرن.
2- ئەندامی ئەنجوومەن دەبێتە خاوەنی پارێزبەندیەکی تایبەت و تەنیا لە حالەتی بوونی دڵنیایی لە ئەنجامدانی تاوان نەبێ، ڕێگە نادرێ مەرجەعەکانی دیکەی شۆڕش لە بەرامبەریدا ڕێوشوێن بگرنە بەر.

3- هەر کاتێك ئەندامێکی ئەنجوومەن کارێك ئەنجام بدات زیان بە بەرژەوەندی شۆڕش بگەیەنێ، ئەنجوومەن یان مەکتەبی تەنفیزی یەکێك لەم سزایانەی خوارەوەی بەسەردا دەسەپێنێ:

١- سەرنج راکێشان.

٢- ئاگادارکردنەوە.

٣- سڕکردن.

٤- دەرکردن.

٥- رادەستکردنی بە دادگای باڵای شۆڕش لەکاتی تۆمەتبارکردنی بە خیانەتکاری.

- **مادەی دەیەم:**

1- دەکرێ بە رەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، بڕگەکانی ئەم دەستوورە هەموار بکرێنەوە.

2- دەکرێ بە رەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن زیاد یان کەم بکرێ.

3- دەکرێ بەپێی پێویست و بە گوێرەی بەرژەوەندی گشتی و بە رەزامەندیی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی زیاد یان کەم بکرێ.

- مادەی یانزەم: جگە لەو دەسەڵاتانەی لە بابەتەکانی تردا هاتوون، سەرۆك خاوەنی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیە:

1- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی دەکات.

2- بە راوێژکردن لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی، نوێنەرانی شۆڕش و بەرپرسانی سەربازی دادەمەزرێنێ و لە کار دووریان دەخاتەوە.

3- رەزامەندی سەبارەت بە یاسا و رێسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی دەردەبڕێ.

4- دوای رەزامەندبوونی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن، بڕیار لەسەر دەستکردن بە شەڕ و رازیبوون بە ئاگربەست و پێکهاتن دەدات.

5- واژۆ لەسەر بڕیارەکانی لەسێدرەدان دەکات، هەروەها مافی هەیە بڕیارەکە بگۆڕێ و سزاکانی تر کەم بکاتەوە - یان لایان بدات.

6- لێبوردنی تایبەت بۆ تاوانباران یان ئەوانە دەردەکات کە لە دژی شۆڕش کاریان کردووە، هەروەها واژۆ لەسەر ئەو لێبوردنە گشتیە دەکات کە لەلایەن ئەنجوومەن یان مەکتەبی تەنفیزیەوە پێشنیاز دەکرێ.

- **مادەی دوانزەم:** لە حالەتی ئامادەنەبوونی سەرۆك لە كوردستان یان ئەگەر لەبەر هەر كۆكارێك نەیتوانی ئەركەكانی بەجێ بگەیەنێ، مەكتەبی تەنفیزی دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتەكانی.
- **مادەی سیانزەم:** لەكاتی چۆلبوونی پایەی سەرۆكدا لەبەر هەر هۆكارێك، مەكتەبی تەنفیزی كارەكانی رادەپەڕێنێ و دەسەڵاتەكانی بەكاردێنێ، تا كاتی هەڵبژاردنی سەرۆكێكی نوێ لە ماوەیەكدا كە لە سێ مانگ زیاتر نەبێ.
- **مادەی چواردەم:** بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی نەبێ، ئەنجوومەن هەڵناوەشێدرێتەوە.

"دادوەریی "

- **مادەی پانزەم:** دادوەری لە كوردستان لە هەموو كردەوەكانیدا خاوەنی سەربەخۆییەكی تەواوە.
- **مادەی شانزەم:** بەشی دادوەریی لە مەكتەبی تەنفیزی مەرجەعە بۆ سەرپەرشتیكردن و چاودێریكردنی دامودەزگا هەمەجۆرەكانی دادوەریی، ئەمەش لە پێناوی مسۆگەركردنی جێبەجێكردنی یاسا و ڕێساكان.
- **مادەی حەڤدەم:**

دادگاكان و پلەكانیان: دادگاكان لە كوردستان سێ پلەن:

١- دادگا یەك دادوەرەكان:

لە كاتی نەبوونی دادوەردا، ئەم دادگایانە دەڕواننە دۆسیە شارستانی و شەرعیەكان و ئەو دۆسیە سزاییانەی كە سزاكانیان لە دوو ساڵ زیاتر نییە و تیایاندا دادوەر لە یەك كاتدا دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی دادوەری سزایی پلە یەك و دادوەری دادگای بەرایی بی سنوور و دادوەری لێكۆڵینەوە.

٢- دادگا گەورەكان:

لە سێ دادوەر پێكدێن، بەو مەرجەی سەرۆك و یەكێك لە ئەندامانیان مافناس بن و دەسەڵاتی چاوخشاندنەوە بەو دۆسیانەیان هەیە كە ماوەی سزاكانیان لە دوو ساڵ زیاترە و سەبارەت بەو بڕیارە سزاییانەی لەلایەن دادگا یەك دادوەریەكانەوە دەركراون، وەك دادگای تێهەڵچوونەوە وان.

٣- دادگای پێداچوونەوە:

بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریە لە شۆڕش، لانی كەم لە سێ ئەندام پێكدێ كە لەلایەن مەكتەبی تەنفیزیەوە كاندید دەكرێن. لە كاتی بوونی دۆسیە شەرعیەكانیشدا ئەندامێك یان چەند ئەندامێكی شارەزا لە كاروباری شەرعی بۆ زیاد دەكرێ و لەلایەن سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە دەستنیشان دەكرێ و ڕاستەوخۆ سەر بە مەكتەبی تەنفیزیە.

- **مادەی هەژدەم:** لە کاتی پێویستدا، مەکتەبی تەنفیزی دەسەڵاتی پێکهێنانی دادگای تایبەتی هەیە.
- **مادەی نۆزدەم:** دادگا شەرعیەکان تایبەت دەبن بە چاوخشاندنەوە بە کێشە شەرعیەکان.
- **مادەی بیستەم:** دادگاکان ئەم یاسایانەی خوارەوە بەپێی پسپۆڕیان جێبەجێ دەکەن:

یاسای سزادانی بەغدادی و یاسای سزادانی سەربازیی عێراقی و یاسای بنەماکانی دادگاکانی کەتن، سەبارەت بەو تاوانانەش کە لە دژی شۆڕشی کورد ئەنجام دەدرێن، حوکمەکانی بابی ١٢ و ١٣ ی هەمان یاسا جێبەجێ دەکرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە شۆڕشی کورد ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی عێراقە، کە لە هەردووك بابی ناوبراودا باسیان لێوە کراوە. دەربارەی دۆسیە شارستانییەکانیش، حوکمەکانی یاسای شارستانی عێراقی و بنەماکانی دادبینی شارستانی و بازرگانی عێراق و تەواوی یاساکانی تر جێبەجێ دەکرێن کە پێچەوانەی بنەماکانی شۆڕش و ئەو یاسایانە نین کە دەربان دەکات. دەربارەی کێشە شەرعیەکانیش، یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ ی پیادەکراو لە عێراق دەگیرێتە بەر، لەو حالەتانەشدا کە لە یاسای ناوبراودا نەهاتوون، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام دەگیرێنە بەر، بە پێی بارودۆخ.هەروەها ئەو یاسایانەش جێبەجێ دەکرێن کە شۆڕش دەربان دەکات.

- **مادەی بیست و یەك:** بەشی دادبینی لە مەکتەبی تەنفیزی، ڕێسا و ڕێنماییە تایبەتەکان بە ڕێکخستنی کاروباری دادوەریی دەردەکات.

" کارگێڕیی"

- **مادەی بیست و دوو:** لە کاتی پێویستدا، ئەنجوومەن یان مەکتەبی تەنفیزی ڕێسا و ڕێنماییە تایبەتەکان بە ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی دەردەکات.

"دارایی "

- **مادەی بیست و سێ:**

1- بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری دارایی لە کوردستان، بەشێکی دارایی لە مەکتەبی تەنفیزی دەبێتەوە و ئەرکی پێکهێنانی دەزگایەکی دارایی دەگرێتە ئەستۆ، بە مەبەستی ڕێکخستنی داهاتەکانی شۆڕش و پەرەپێدانیان و دیارکردنی ئاراستە گونجاوەکانی خەرجکردن و دەرکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان.

2- بەشی دارایی هەڵدەستێ بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە پسپۆڕان، بە مەبەستی تاوتوێکردنی بابەتی زەویە میریەکان و زەویوزاری چاکسازی کشتوکاڵی، بە تایبەتی ئەوانەی دەستیان بەسەردا گیراوە و گرتنەبەری گونجاوترین ڕێگا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکەدا،

به مەرجێك ببێتە مایەی زامنکردنی بەرژەوەندیەکانی شۆڕش و رۆڵەکانی گەلەکەمان، بە تایبەتی زەحمەتکێشان.

" بابەتە سیاسییەکان "

- مادەی بیست و چوار: ڕێکخستن و ئاراستەکردنی کاروباری سیاسی شۆڕش لە هەردووك ڕووی ناوخۆیی و دەرەکی، بە ڕێککەوتن و ڕاوێژ لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی تەنفیزی و بە سەرپەرشتی فەرماندەی گشتی شۆڕش جێبەجێ دەکرێ.

" کاروباری سەربازی"

- **مادەی بیست و پێنج:** لە مەکتەبی تەنفیزی، بەشێکی سەربازی پێکدەهێنرێ و ئەرکی بریتی دەبێ لە ڕێکخستنی کاروباری سەربازی شۆڕش و کارکردن بۆ پێشخستنیان لە هەموو ڕووێکەوە، ئەم بەشەش بە ڕاوێژ لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی و فەرماندەی گشتی شۆڕش، هەڵدەستێ بە دەرکردنی سەرجەم ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارە پەیوەندیدارەکان.
- **مادەی بیست و شەش:**

١- بەشێك بۆ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە مەکتەبی تەنفیزی پێکدەهێنرێ و ئەرکی بریتی دەبێ لە فراوانکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستی و فێرکاریەکان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پێشخستن و قوڵکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی تر لە هەموو دەڤەرە ئازادکراوەکانی کوردستان.

٢- لایەنە کانی دیکەی شۆڕش هەموو جۆرە یارمەتیەك پێشکەشی ئەم بەشە و کارە مرۆییەکانی دەکەن.

پاشکۆی ژمارە ١٣ ( ) ١

بەیاننامەیەك بۆ گەلی کورد لە عێراق

شۆڕشی ١٧ ی تەموزی مەزن بۆ ئەوە بەرپا کرا کە سنوورێك بۆ ئەو بارودۆخە نائاساییە دابنێ کە عێراقی خۆشەویستمان پێیاندا تێپەڕ بوو و تیایاندا گەندەڵی و مەحسوبیەت بڵاوەیان کرد و چەندین گرووپ لە هەلپەرست و سوودمەندبووان و یاریدەدەرانی کۆلۆنیالیزم کەوتنە لەباربردنی یەکێتی نیشتمانی و دانانی بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم وڵاتە، ئەم شەڕخوازانە هەوڵیان دا باکوری خۆشەویستمان بکەن بە گۆڕەپانێك بۆ ململانێ و شەڕ و لەیادی خۆیان بردەوە کە کۆمەڵێك پەیوەندی خزمایەتی و ئاینی و بەرژەوەندی و مێژوویی و خەباتی هاوبەش رۆڵەکانی میللەت بەیەکەوە دەبەستنەوە.

شۆڕشی ١٧ ی تەموز بەرپا بوو و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانە یەکێك بوو لە ئامانجە لەپێشینەکانی، ئەمەش لە روانگەی باوەڕهێنانی شۆڕش بەوەی گەلی کورد خاوەنی مافی نەتەوەییە و دەبێ پێیان بگات و کورد خاوەنی خواستی پێشکەوتووخوازن و بۆیان هەیە وەدەستی بێنن، بۆیە شۆڕش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەردی بناغەی بەردەوامی و سەرکەوتنی خۆیەتی، بۆیە لە هەموو بۆنەکاندا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جەختی لەوە کردۆتەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەگوێرەی بەیاننامەی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەبێ، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دڵنیایە لەوەی هەموو کوردە دڵسۆزەکان راستەوخۆ بەشدار دەبن لە گەیاندنی ئەم بەیاننامەیە بۆ قۆناغی جێبەجێکردن و کارکردن لەپێناوی پیادەکردنی بە شێوەیەکی تەواو، چونکە پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە عێراق و سەربەخۆیی و داکوتانی رەگوریشەکانی تەنیا لە رێگەی تێکەڵکردنی خەباتی عەرەب و کورد و وەرچەرخاندنی بۆ خەباتێکی هاوبەش دێتە دی، خەباتێکی هاوبەشی وا کە بە گوڕ و تینەوە روو بکاتە ئاراستەی ئەو ئامانجە گەورانەی میللەتەکەمان چاوەڕێیان دەکات.بۆیە شۆڕشی تەموز هەر لە ساتەکانی یەکەمی بەرپابوونییەوە هەموو شێوازەکانی تووندوتیژیی و دەمارگیریی نەهێشت و پشێوی و سیخوڕیشی قەدەغە کرد و رازی نەبوو بەڵێنی بریقەدار بدات، هەروەها پابەند بوو بە چارەسەرکردنی بابەتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و پشتبەستوو بە دادوەریی و تێگەیشتنی تەواو بۆ کێشەکە. بۆیە هەر لە رۆژانی

() سەرچاوە : رۆژنامەی الهدف ، ژ(٥٦٩) ، ١٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨.

یەکەمیدا دەستی بە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ ی حوزەیران کرد و زانکۆی سلێمانی کە ئێستا سەرقاڵی وەرگرتنی ئەو قوتابیانەیە کە خەڵکی ئەم ناوچەیەن، یاسای تایبەت بە زانکۆکەش بە شێوازێکی وا دارێژراوە کە زامنکارێك بێ بۆ ئەوەی ببێتە زانکۆیەکی نموونەیی. هەروەها بڕیار لەسەر کردنەوەی کۆرێکی زانیاری کوردی درا بۆ ئەوەی بایەخ بە لایەنە زانستیە پەیوەندیدارەکان بە کلتووری کورد بدات، لە بواری کاگێڕیشدا، چەندین گۆڕانکاری گونجاو لەگەڵ بڕگەکانی بەیانی ناوبراو ئەنجام دراون، هاوکات حکوومەتی نیشتمانی یاسای پارێزگاکانی دەرکرد و بە شێوەیەك دەبێ کە لەگەڵ شێوازی بەڕێوەبردن لەم قۆناغەدا بگونجێ. لەلایەکی تردوە، شۆڕش هەموو ئەو بەندکراوانەی ئازاد کرد کە بەهۆی رووداوەکانی باکوردوە دەستگیر کرابوون، هەروەها بڕیاری دا هەموو کرێکار و کارمەندە دەرکراوەکان بگێڕدرێنەوە سەر کارەکانیان، بە مەبەستی دابینکردنی بوارەکانی خوشگوزەرانی بۆیان.شۆڕش دەستی بە دامەزراندنی چەند کارگەیەکیش کرد لە ناوچەکەدا، وەك کارگەی شەکر لە لیوای هەولێر و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی هەردووك کارگەی چیمەنتۆ و جگەرە لە سلێمانی.

هەنگاوەکانی شۆڕش ڕوون و ئاشکران و ئەم ڕێوشوێنانەش بۆیە دەگرێتە بەر چونکە پێی وایە ئەمانە ئەرکن و پێویستە جێبەجێ بکرێن. گرتنەبەری سیاسەتی خەڵەتاندن و خۆدزینەوە کۆتایی پێ هات و باوەڕی شۆڕش بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر هەنگاوێکدا ئاشکرا و ڕوونە و کۆلۆنیالیزمیش درکی بە مەترسی ئەم هەنگاوە کردووە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر جولاندنەوەی دارەستە و پیاوانی خۆی لەپێناوی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم ئەو کاروانەی کە لەلایەن شۆڕشی ١٧ ی تەموزەوە گیراوەتە بەر، هەروەها بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە سەرکردەکانی شۆڕش بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکەن و سەرقاڵی تەعریبکردنی ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانیانن بۆ ناوچەی دیکە. ڕایەگەیەنین کە ئەم جۆرە پروپاگەندانە ڕاست نین و ئەو شۆڕشەی بەرپامان کردووە شۆڕشێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازە و باوەڕی بە مافی نەتەوەکانی تر هەیە، پێشکەوتووخوازیی ئەم شۆڕشەش وا لە سەرکردەکانی دەکات کەسانی نەتەوەخواز و مرۆڤدۆست بن و دژی خۆبەزلزانین و تواندنەوەی نەتەوەکان بن. هەروەها چۆن ڕێز لە نەتەوەی خۆیان دەنێن، ئەوەندەش ڕێز لە نەتەوەکانی تر دەگرن. دەربارەی بابەتی ڕاگواستنیش بە هەمان شێوە قسەیەکی ناڕاستە و یاسای پارێزگاکان و بونیادنانی زانکۆی سلێمانی و داننان بە جەژنی نەورۆز بەڵگەی تەواون بۆ بەتاڵی ئەم پروپاگەندانەیان، ئێمە لە پێگەکانی بەرپرسیارێتیەوە ڕایەگەیەنین کە یەکێتی خاکی عێراق بابەتی بنەڕەتی کاروانەکەمانە و عەرەب و کوردیش سەبارەت بەم یەکێتیە کۆکن و دووپاتی دەکەینەوە کە گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی منەت نییە، بەڵکو مافێکە لە مافەکانیان و پێویستە دانی پێدا بنێین و دامان پێدا ناوە و بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوبەشمان وامان لێدەکەن لە خاکێکدا بەیەك بگەین کە لە چیاکانەوە درێژ دەبێتەوە تا دەشتەکان و گەلەکەمان لە باشوورەوە تا باکور دەگرێتە خۆی. یەکێتی ئەم بەرژەوەندیانە

وامان لێدەکات درك به سروشتی بەرپرسیارێتیەکانمان بکەین و ببین به یەك دەست و به هێزەوە بیسرەوێنینە جیاخواز و سیخوڕان و هەموو ئەو پەیوەندیە نەرێنیانەش نەهێڵین کە کۆنترۆڵی پەیوەندیەکانمان دەکەن و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیە ئەرێنییەکان هەڵبدرێتەوە کە پشت بە ڕێزگرتن و خۆشەویستی و برایەتی ببەستێ.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
نووسینگەی کاروباری باکور
تشرینی دووەمی ١٩٦٨

پاشکۆی ژمارە ١٤ ( ) ١

بەیاننامەیەك لە مەکتەبی تەنفیزیەوە
دەربارەی ئەو بەیاننامەیەی بەم دواییانە لەلایەن نووسینگەی کاروباری باکورەوە ئاراستەی گەلی کورد کراوە

لە ڕێکەوتی ٧-١١-١٩٦٨ نووسینگەی کاروباری باکوری سەر بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کورد کرد و زیاتر لە جارێکیش لەلایەن ڕادیۆی بەغدا و میدیا حکومییەکانی تڕەوە پەخش کرا.

بەیاننامەکە ئاماژە بە جموجۆڵی ئەوانە دەکات کە بە دارەستی کۆلۆنیالیزم و ئەو پروپاگەندە نابەجێیانەی کە سەبارەت بە نییەتە خراپەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق ناویان دەبات. هەروەها ئەم جۆرە پروپاگەندانەی ڕەت کردوونەتەوە و جەختی کردۆتەوە کە حکوومەت بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازێکی ئاشتیانە و دادوەرانە و هێنانەدی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد. هەر لەم بەیاننامەیەدا باس لە ژمارەیەك دەستکەوت کراوە کە حکوومەت وەك بەڵگەیەك بۆ نیازپاکی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنی حوزەیران خستوونییەتە ڕوو.

ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئاگاداری ئەو هۆکارە ڕاستەقینانە نین کە وایان لە حکوومەت کردووە ئەم بەیاننامە ناڕوونە دەربکات، بەڵام دەخوازین بە کورتی وەڵامی بدەینەوە و تیشکێك بخەینە سەر هەندێك لەو لایەنە سیاسیە ناواقیعیانەی کە حکوومەت لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرامبەر بە کێشەی کورد پیادەی کردوون.

ڕۆڵەکانی گەلەکەمان باش دەزانن هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکوومەت سەبارەت بەم کێشە ژیاریە پیادەی کردوون لە چەند ڕێوشوێنێکی لاوەکی نێو ڕێککەوتنی ناوبراو تێپەڕیان نەکردووە، بەڵام بەرامبەر بڕگە سەرەکیەکان، تا ئێستاش حکوومەتی عێراق خۆی لێ بێدەنگ کردوون و تا ئەمڕۆ تەنیا دەستی بۆ بەندی یەکەمی نێو ڕێککەوتنەکە بردووە و ئەویشی بە شێوەیەکی وا جێبەجێ کردووە کە تەنانەت بۆتە مایەی بێ ئومێدی تووندترین لایەنگرانی خۆشی، مەبەستیش بەندی تایبەتە بە جێگیرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کە لە دواییین دەستووری کاتیدا بە ڕێکەوت خراوەتە سەر مادەی بیست و یەك، زۆر کەس و لایەنیش ئەمەیان وا لێك دایەوە کە مافەکانی گەلی کوردی

() سەرچاوە : میزان عارف بادی ، هەڵوێستی پارتە سیاسیە عیراقیەکان بەرامبەر کێشەی کورد (١٩٤٦-١٩٧٠)- توێژینەوەیەکی مێژوویی -، (هەولێر ، ٢٠٠٨) ، ل ٣٧٠.

هەنگاوێکی دیکە گێڕاوەتەوە دواوە. ڕاستیەکی دیکە هەیە شایەنی ئاماژەپێکردنە، ئەویش ئەوەیە کە ڕوانگە هزرییەکانی دەسەڵاتی ئێستا بە تەواوی پێچەوانەی هەندێك لە بەندە سەرەکییەکانی نێو ڕێککەوتنەکەن، بە تایبەتی بەندی چوارەم کە تایبەتە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی گشتی لە وڵات و چەسپاندنی یاساکانی دەسەڵات بە گوێرەی بنەما دیموکراسییەکان و ڕێگەدان بە ئازادیە گشتییەکان. حکوومەت پشت بە بنەمای قۆرخکردنی دەسەڵات و گورز وەشاندن لە ژیانی نوێنەرایەتی دەبەستێ و پێی وایە ئەو سەندیکایانەی خۆی سەرپەرشتیان دەکات، ئەلتەرناتیڤی ژیانی پەرلەمانیی دیموکراسین. سیماکانی ئەم سیاسەتە خۆپەرستانە تەنانەت لەسەر پێکهێنانی نووسینگەی کاروباری باکوریش ڕەنگیان داوەتەوە و هەموو ئەندامانی نووسینگەی ناوبراو سەر بە یەك ئاراستەی سیاسین و تەنانەت کەسێکی کورد لە لایەنگرانی خۆشی تیادا بەدی ناکرێ، هەمان شت سەبارەت بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق. هەروەها سپاردنی چارەسەرکردنی گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشە کە عێراق بە دەستیەوە دەناڵێنێ بە نووسینگەی کاروباری باکور خۆی لەخۆیدا گاڵتەجارِیەکە و ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی دەسەڵات جدی نییە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەی کورد.

سەبارەت بە ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی کوردیش، یان ئەوانەی بەهۆی شۆڕشی کوردستانەوە ئازادیەکانیان لێ زەوت کراوە، حکوومەتی ئێستا نەوەك یەکێك لەم بەندکراوانەی ئازاد کردووە، بەڵکو سەدان کەسی دیکەی لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد خزاندۆتە نێو بەندیخانەکان و دەتوانین لیستێك بە ناوەکانیان بخەینە ڕوو. بەمەش نەوەستا، بەڵکو چەند سەد خیانەتکار و بەکرێگیراوی دیکەی پەلکێشی لای خۆی کردووە و پارە و چەکی پێ بەخشیون و کردوونی بە خاوەنی بەشێك لە دەسەڵات و پسپۆرِیەکانی خۆی بۆ ئەوەی پشێوی و گەندەڵی زیاتر بە ناوچە کوردیەکاندا بڵاو بکەنەوە، هەروەها ڕێگەی پێ داون دڕندانەترین تاوان لە دژی ڕۆڵەکانی ئەم ناوچەیە ئەنجام بدەن، لە بەندکردن و ئازاردان و تەنانەت کوشتنی خەڵکیش، ئەمەش هەمووی لەبەر چاو و گوێی دەسەڵاتداران لە شار و شارۆچکەکان ئەنجام دەدرێ. هەموو ڕاستیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵات سیاسەتی کوشتوبڕێکی دڕندانە لە دژی گەلی کورد پیادە دەکات و لە پێناوی هێنانەدی مەرامە شۆڤێنییەکانیدا پشت بە خیانەتکاران و دوژمنانی گەل دەبەستێ، دوای ئەوەی نەیتوانی ئیرادەی گەلە خەباتکارەکەمان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی بشکێنێ و ناچاریان بکات مل بۆ دەسەڵاتداران کەچ بکەن. نووسراوی ژمارە ٦- ٤٢-٤٦٠٩ ی ١٩٦٨/١٠/٣ کە لەلایەن دیوانی وەزارەتی بەرگرییەوە دەر کراوە، ڕاستی بڕیارەکانی تایبەت بە لێبوردنی گشتی لە بەشداربوانی شۆڕشی کورد ئاشکرا دەکات و پەردە لەسەر مەرامە خراپەکانی ئەم دەسەڵاتدارانە بەرامبەر گەلی کوردمان هەڵدەداتەوە و تیایدا هاتووە: بڕیارەکانی لێبوردن بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆسیەکانی لایەنگرانی حکوومەت دەرکراون کە شانبەشانی هێزە چەکدارەکان بەشداریان لە بنبڕکردنی یاخیبوان کردووە و بەهۆیانەوە لە هەموو ئەو تاوانانە ڕزگاریان بوو کە ئەنجامیان دابوو.

ئەو سیاسەتە هەڵە و ناواقیعیانەی دەسەڵات بەرامبەر کێشەی کورد پیادەیان دەکات و پشتبەستنی بە بەکرێگیراوان و بازرگانانی خوێن و فرمێسکی ئەم گەلە، لەپێناوی نەهێشتنی شۆڕشی کورد سیاسەتێکی شکستخواردووە، وەك چۆن رووداوەکانی حەوت ساڵی رابردوو ئەمەیان دەرخست. هەروەها ئەمە دەبێتە مایەی تێکدانی دۆخەکان و نەهێشتنی سەقامگیری لە کوردستان و خولقاندنی کارەسات و مەینەتی نوێ بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە. هەر خۆشی لە سەرەتاوە بەرپرس بووە لە خولقاندنی رەوشێکی نەرێنی و ئاسانکاریکردن بۆ پلان و پیلانگێڕیەکانی کۆلۆنیالیزم لە دژی گەلانی ناوچەکە.

پێداویستیەکانی هێنانەدی کەشێکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بریتیە لە دوورکەوتنەوە لەم سیاسەتە وێرانکارە و وەلانانی خیانەتکاران و ئەوانەی بەسەر کێشەی کورددا سەپێنراون و لەتواناياندا نییە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی بەسەر ئەم کێشەیەدا بێنن، هەروەها دەستپێشخەریکردن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی حوزەیران لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و راستەقینەی کێشەکە، ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی ١٩٦٦سەبارەت بە وەستاندنی شەڕی برایان بڕیاری لەبارەوە درا، چونکە ئەو تاکە لایەنە کە توانای هەیە مەسەلەکە بخاتە سەر ڕێگای چارەسەرکردنێکی ئاشتیانە و برایانە. هەروەها دەستکردن بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنامەی نابراو و دوورکەوتنەوە لە پیلاندانڕێژیە نهێنییەکان. لەلایەن خۆمانەوە، بە تەواوی ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەموو پابەندیەکانی ڕێککەوتنی حوزەیران، هەروەها دەستی خۆمان دەخەینە ناو هەموو دەستێکی دڵسۆز کە هەوڵ دەدات دۆخەکان بۆ باری ئاسایی خۆیان بگێڕێتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان عەرەب و کورد و تەواوی ڕۆڵەکانی گەل بکرێتەوە، لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو لە ماف و ئەرکەکان و پێکەوە کارکردن لە پێناوی خزمەتکردنی گەلی عێراق و نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کە لەم قۆناغە مێژوویيە هەستیارەدا و لە هەموو لایەکەوە دوژمنان لێی کۆبوونەتەوە.

مەکتەبی تەنفیزی

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق

١٠ / ١٩٦٨/١١

بيان من المكتب التنفيذي حول البيان الذي اصدره مكتب شؤون الشمال الى الشعب الكردي مؤخراً

بتاريخ ١٩٦٨/١١/٧ اصدر مكتب شؤون الشمال التابع لمجلس قيادة الثورة العراقي بيانا الى الشعب الكردي ، وقد اذاعت محطة بغداد وأجهزة الاعلام الحكومية الاخرى البيان المذكور اكثر من مرة .

واشار البيان الى تحركات من اسماهم بعملاء الاستعمار والدعايات المغرضة التي يروجونها من النوايا السيئة لحكام العراق ، وقد نفى البيان بهذه المناسبات واكد على ان الحكومة ماضية في تنفيذ سياستها الرامية الى حل القضية الكردية في العراق حلا سلمياً عادلا والاستجابة للحقوق القومية المشروعة للشعب الكردي ، واورد البيان عدداً من المنجزات التي قدمتها الحكومة في هذا الشعار كدليل على حسن نيتها وعزمها على الالتزام باتفاقية حزيران .

واننا مع عدم معرفتنا بالاسباب الحقيقية التي دفعت بالحكومة الى اصدار بيانها الغامض هذا ، الا اننا نود التعليق عليه باختصار وبالقدر الذي يلقي الاضواء على بعض الجوانب من السياسة غير الواقعية التي تمارسها الحكومة بالنسبة للقضية الكردية خلال الشهور الاخيرة .

مما لا شك فيه وكما يعلم ابناء الشعب ذلك جيداً ان جميع الاجراءات التي اقدمت عليها الحكومة بالنسبة الى هذه القضية الحيوية لم تتعد نطاق تنفيذ بعض الاجزاء الثانوية من الاتفاقية المذكورة ، اما بنودها الاساسية فلا زالت الحكومة العراقية تلتزم ازاءها جانب الصمت ، وقد تناولت منها لحد الان البند الاول حيث نفذته بشكل خيب آمال حتى اشد العناصر الموالية للحكم . وهو البند الخاص بتثبيت الحقوق القومية للشعب الكردي ، فقد ورد ذكره في الدستور المؤقت الاخير بصورة عرضية واقحم على المادة الحادية والعشرين منه اقحاماً واعتبر المنصفون ذلك خطوة الى الوراء بالنسبة لحقوق شعبنا القومية .

وهناك حقيقة اخرى جديرة بالاشارة وهي ان المنطلقات الفكرية للحكم القائم تتعارض كلياً مع بعض البنود الجوهرية من الاتفاقية وخاصة البند الرابع منه وهو الخاص باجراء الانتخابات النيابية العامة في البلاد وارساء قواعد الحكم على اسس ديموقراطية واطلاق الحريات العامة . حيث تسير الحكومة على مبدأ احتكار السلطة والتهجم على الحياة النيابية وتعتبر النقابات التي تتولى الحكومة نفسها امر الاشراف عليها هي البديل عن الحياة البرلمانية الديموقراطية . وتتمكى مظاهر هذه السياسة الانانية حتى على تكوين مكتب شؤون الشمال نفسه اذ ان اعضاء المكتب المذكور جميعهم يمثلون اتجاهاً سياسياً واحداً ولا يضم اي عنصر كردي حتى من اتباع وزعائم الحكم . ويمدنا هذا الامر على مجلس قيادة الثورة العراقي نفسه . هذا فضلا عن ان اناطة حل اكبر واعقد مشكلة يعاني منها العراق بيد مكتب شؤون الشمال ينطوي على الاستخفاف ويعكس عدم جدية الحكم في ايجاد حل حاسم للقضية الكردية .

أما بالنسبة لاطلاق سراح السجناء والمعتقلين السياسيين من الاكراد او الذين أحجزت حرياتهم بسبب ثورة كردستان فان الحكومة الحاضرة لم تطلق سراح اي عدد منهم فحسب، بل ذهبت بعيدة من أعمال [illegible] في تلفيق التهم والمعتقلات وبوشرنا بتقديم قائمة مفصلة بأسمائهم . ولم تكتف بذلك أيضاً بل جددت عدة مرات من الخونة والمرتزقة والمجرمين وزودتهم بالمال والسلاح وتناولت لهم من جانب من صلاحيات وأختصاصات الدولة واطلقتهم ليعيثوا فساداً في المنطقة الكردية ومنحتهم حق ارتكاب اقطع الجرائم بحق أبناء هذه المنطقة المشكوبة أمتداداً من السجن والايذاء وحتى القتل تحت سمع وبصر السلطات الحكومية داخل المدن والقصبات . ان الواقع كلها تشير الى أن غير ارادة شعبنا المكافح وقواه الثورية واجبارها على الرضوخ لمشيئة الحكام . ان الكتاب المرقم ٦-٤٢-٤٦٠٩- والمؤرخ ٩٦٨/١٠/٣ والصادر من ديوان وزارة الدفاع يفتح حقيقة قرارات العفو العام عن المشتركين في الثورة الكردية ويميط اللثام عن النوايا السيئة التي يضمرها هؤلاء الحكام لشعبنا الكردي . حيث يقول الكتاب مانصه بأن قرارات العفو صدرت لمعالجة قضايا الفئات الموالية للحكومة التي ساهمت مع القوات المسلحة في مكافحة التمرد وشمولهم بالعفو عن جميع القضايا التي ارتكبت من قبلهم من جراء مساهمتهم في مكافحة هذا التمرد .

ان السياسة الخاطئة وغير الواقعية التي تمارسها السلطة بالنسبة للقضية الكردية واعتمادها على المرتزقة والافاقين والمتاجرين بدماء ودموع هذا الشعب بقصد تصفية الثورة الكردية والقضاء عليها سياسة مكتوب لها الفشل كما أكدت ذلك وقائع السنوات الست المنصرمة . ومن شأنها كذلك تكثير الجو وعدم الاستقرار في المنطقة الكردية وتمزيق الشعب العراقي بأسره بعربه واكراده الى الماسي والويلات والمحن من جديد . وهي المسؤولة منذ البداية عن خلق الاوضاع السلبية وتسهيل امرار مخططات الاستعمار ومؤامراته على شعوب المنطقة شاء الحكام أم أبوا .

ان مستلزمات اقامة مناخ ملائم لحل القضية الكردية تكمن في الاقلاع عن هذه السياسة الهدامة ونبذ زمر الشقاء والخونة والعناصر الطارئة على القضية الكردية التي ليس بمقدورها احداث اي اثر ايجابي على هذه القضية المتفجرة والمبادرة السريعة الى تنفيذ اتفاقية حزيران مع الجهة ذات العلاقة والطرف الحقيقي الذي تم الاتفاق معه على ايقاف اقتتال الاخوة عام ٩٦٦ لانها الجهة الوحيدة القادرة على وضع الحالة على طريق الحل السلمي الاخوي . والمباشرة بوضع بنود الاتفاقية المذكورة موضع التطبيق الجدي والابتعاد كلياً عن حبك المؤامرات والدسائس في الخفاء . واننا من جانبنا سنكون على استعداد كامل لتنفيذ ماتفرضه علينا اتفاقية حزيران من التزامات وسوف نمد ايدينا لمصافحة كل يد مخلصة تسعى حقا من اجل اعادة الاوضاع الى مجاريها الطبيعية وفتح صفحة جديدة من العلاقات الاخوية الوطيدة بين العرب والاكراد وابناء الشعب جميعا على اساس من المساواة التامة في الحقوق والواجبات والعمل يدا بيد وجنبا الى جنب من اجل خدمة شعبنا العراقي العزيز ووطننا الغالي الذي تتكالب عليه قوى الاعداء من كل جانب في هذه المرحلة التاريخية العسيرة .

١٠ / ١١ / ١٩٦٨

المكتب التنفيذي لمجلس قيادة الثورة
في كردستان العراق

پاشکۆی ژمارە ١٥ ( )

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە /...../

مەکتەبی تەنفیزی ڕێکەوت: ١٩٦٥/١/٥

(ڕێنمایی کارگێڕی)

1- سنووری کارگێڕییەکانی یەکە کارگێڕییەکان لە کوردستان وەک ئێستا دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی لە ئایندەدا و بە گوێرەی پێویستی و بە بڕیارێکی مەکتەبی تەنفیزی چاو بە هەر هەمواڕکردنەوەیەکدا دەخشێنرێتەوە.

2- بە پێی بڕیارێکی مەکتەبی تەنفیزی و لەسەر پێشنیازێکی موتەسەریفی لیوا، سەنتەری یەکە کارگێڕییەکان دیار دەکرێن، بەو مەرجەی بارودۆخی شۆڕش لەبەرچاو بگیرێ و تا بکرێ ئەو سەنتەرانە لەناو بارەگا سەرەکیەکانی هێزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بن.

3- تەنیا بە ڕەزامەندیی مەکتەبی تەنفیزی و بەگوێرەی پێشنیازێکی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی نەبێ ڕێگە بە گۆڕینی سەنتەرەکانی یەکە کارگێڕییەکان نادرێ.

4- پێویستە سەرۆکەکانی هەموو یەکە کارگێڕییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا لیستێك بەناوی گوندە ئازادکراوەکان ڕێك بخەن، دواتر ڕاپۆرتێکی دووڕودرێژ بە سێ وێنە دەربارەی بارودۆخی گشتی یەکە کارگێڕییەکان و کێشەکان و ڕای خۆیان ئاراستەی بەرپرسانیان بکەن، هەروەها دەبێ ئەم ڕاپۆرتانە هەموو ئەو کاروبارانە بگرنە خۆ کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان دان و ئەوان دوای ئەنجامدانی سەردانێکی گشتی ئەم کارە دەکەن. لە کاتی بەرزکردنەوەی وێنەیەکی ئەم ڕاپۆرتانەشدا بۆ مەکتەبی تەنفیزی، ئەو بەرپرسە ڕاستەوخۆیانە ڕای خۆیان دەردەبڕن.

5- کارمەندان بۆیان نییە لەکاتی نامەگۆڕینەوە و سەردانەکانیاندا مەرجەعەکانیان تێپەڕ بکەن.

6- کارمەندانی گشتی بە پەیوەندیکار بە ڕیزەکانی شۆڕش دادەنرێن و وەک ئەندامانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان هەژمار دەکرێن.

() سەرچاوە : میزان عارف بادی ، هەڵوێستی پارتە...، ل ل ٣٦٢-٣٦٤.

7- سیستمی مۆنیتۆرینگی ئاسایی و نەخۆشی هەموو کارمەندانی گشتی دەگرێتەوە و بەبێ ئەمە، هیچ کارمەندێك بۆی نییە بارەگای کارەکەی بەجێ بێڵێ و لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەشدا رەزامەندیی بەرپرسی راستەوخۆ وەردەگیرێ.

8- بۆ هەر کارمەندێك دەفتەرێکی خزمەت بە دوو کۆپی دروست دەکرێ و یەکێکیان لە موتەسەرفیە و ئەوەی تر لە لایەنی پەیوەندیدار لە مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەگیرێن و تیایاندا هەموو وردەکاریەکانی تایبەت بە خزمەتی کارمەندەکە تۆمار دەکرێن و پرۆسەکە لەلایەن دەزگایەکی تایبەت بە رێکخستن و سەرپەرشتیکردن لە مەکتەبی تەنفیزی جێبەجێ دەکرێ.

9- مۆنیتۆرەکانی کارمەندی ئاسایی لە ماوەی ساڵێکدا بە مانگێك دیار دەکرێ، بەو مەرجەی بارودۆخ لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام مۆنیتۆرەکانی نەخۆشی لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە دیار دەکرێن.

10- هەر یەکەیەکی کارگێڕی یان فەرمانگەیەك دۆسیەی پێویست بە تۆمارکردنی پەیوەندیەکان و تۆمارکردنیان رێك دەخەن و دەپارێزن، وەك دۆسیەی دەرکردە و وەرگرتە و تۆماری کەلوپەل و داهاتەکان خەرجیە رۆژانەکان.

11- بەهۆی بارودۆخی شۆڕشەوە، هەموو بڕووسکە و پەیوەندیکردنەکان بە نهێنی دادەنرێن.

12- بە مەبەستی جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، کەلوپەل و پسولە فەرمیە پێویستەکان بۆ یەکە کارگێڕییەکان و فەرمانگەکان دابین دەکرێ.

" دەسەڵات و ئەرکە گشتیەکان"

13- لە لیوا، موتەسەرِیف بەرپرسی راستەوخۆ و باڵایە بەرامبەر هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە لیواوە هەیە، بە تایبەتی باری ئاسایش لە حالەتە ئاساییەکان، هەروەها سەرپەرشتی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کار لە هەموو فەرمانگە مەدەنییەکان دەکات بە مەبەستی مسۆگەرکردنی بەڕێوەچوونی کاروبار بە باشترین شێوە، هاوکات - جگە لە لایەن و فەرمانگە سەربازی و دادوەریەکان - مافی هەیە فەرمانگە و تۆمارەکان بپشکنێ و لە بارەیانەوە ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە، هەندێك جاریش لەو کاتەی کە بەرژەوەندی گشتی بخوازێ، موتەسەرِیف بۆی هەیە دەربارەی ئەو دەسەڵاتدارانە رای خۆی دەربڕێ کە لە چوارچێوەی ناوچەکەیدا زیان بە شۆڕش یان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن، هەروەها قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بەرپرسی راستەوخۆن بەرامبەر کاروباری یەکە کارگێڕییەکانیان.

14- هێزێکی جێبەجێکاری چەکداری تایبەت لە ئەندامانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، لەژێر فەرمانی فەرماندەیەکی شارەزا دابین دەکرێ و پەیوەست دەکرێ بە کارمەندی کارگێڕی و

بڕیارەکانی لەو وەردەگرێ و جگە لە کاروبارە رێککاریەکان، بەرپرس دەبێ لە بەرامبەریاندا. ژمارەی هێزی ناوبراو لە سەنتەری ناحیەکان ٧ کەس و لە سەنتەری قەزاکان ١٠ کەس و لە سەنتەری لیواکان ١٥ کەس دەبێ.

15- دەسەڵاتی دەستگیرکردنی کەسانی مەترسیدار و نەخوازراو و فتنەچیەکان بە موتەسەڕیف دەدرێ، بە مەرجێك لە ماوەی مانگێکدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجام بدرێ و رەوانەی بەردەم دادگاکان بکرێن. لەکاتی بڕیاردانی دەستگیرکردنی کەسێك یان چەند کەسێکیش لەلایەن دەزگای دیکەوە، کارەکە بە ئاگاداری و رەزامەندی کارمەندی کارگێڕی جێبەجێ دەکرێ، هەروەها رەچاوی گرنگی کەسی دەستگیرکراو دەکرێ و پێشتر لەگەڵ مەرجەعە تایبەتەکاندا راوێژ دەکرێ.

16- دەسەڵاتی چاوخشاندنەوە بە کێشە کشتوکاڵیەکان و کاروباری چاکسازی کشتوکاڵی و یەکلاکردنەوەیان بە کارمەندانی کارگێڕی دەبەخشرێ.

17- لەکاتی نەبوونی دادوەر لە ناوچەیەکدا و تا کاتی دامەزراندنی دادوەرێکی تایبەتمەند، کارمەندی کارگێڕیی مافناس دەبێتە خاوەنی تەواوی دەسەڵاتەکانی دادوەر لە چوارچێوەی ناوچەکەیدا.هەروەها بەرپرسانی ناحیەکان و قایمقامەکان دەبنە خاوەنی دەسەڵاتی سزادانی چوارچێوەدار سەبارەت بەو تاوانە ئاساییانەی لە ناوچەکانیان رووددەدەن.

18- موتەسەڕیف دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی دامەزراندنی نووسەران و وەرگرانی باج و گواستنەوەیان لە چوارچێوەی لیوا، هەروەها مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشییان پێ دەبەخشێ بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکانی پسپۆڕ. سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و لقەکانیش پاش کادندیدکردنیان لەلایەن موتەسەریفی لیواوە، بە بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی دادەمەزرێنرێن.

19- لێژنەی تایبەت لە کارمەندی کارگێڕی پسپۆڕ و گەورەترین فەرماندەی سەربازی لە ناوچەکە پێکدەهێنرێن بۆ چاوخشاندنەوە بە رووداوە سنووریە ئاساییەکان کە لە نێوان دانیشتوانی ناوچە سنووریە سەرپێچیکارەکان رووددەدەن و ئەم لێژنانە بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەری حزب لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم رووداوانە ئەنجام دەدەن و ڕێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر و لە کاتی رووداندا موتەسەڕیف و مەرجەعە باڵاکانیان لێ ئاگادار دەکرێنەوە و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە و رای لێژنەکەش بۆ مەکتەبی تەنفیزی بەرز دەکرێنەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بگیرێتە بەر و لێژنەی کارگێڕی پەیوەندیدار لە ئەنجامەکە ئاگادار دەکرێتەوە.

20- موتەسەڕیف لە لیوا سەرپەرشتی وەرگرتنی هەموو جۆرە داهات و خەرجیەکانیش دەکات، هەروەها بڕیار و رێنمایی دەردەکات بە مەبەستی ئاسانکاری و مسۆگەرکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکان بە شێوەیەکی گونجاو. قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش لە چوارچێوەی یەکە

کارگێڕییەکانیان و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی راستەوخۆیان هەمان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن.

21- موتەسەرِیف لە لیوا و قایمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیەکان، هەریەکەیان لە یەکە کارگێڕییەکانی خۆیاندا خشتەی مانگانە رێك دەخەن و تیایاندا وردەکاری و بڕی داهاتەکان و خەرجیەکان بۆ مەرجەعەکانیان روون دەکەنەوە، دواتر هەموو خشتەکان لەلایەن موتەسەرِیفەکانەوە یەك دەخرێن و رەوانەی مەکتەبی تەنفیزی دەکرێن.

22- بڕ و جۆری داهاتەکان لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی و لایەنە باڵاکانەوە دیار دەکرێن و بە مەبەستی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست موتەسەرِیفەکانی لێ ئاگادار دەکرێنەوە.

23- یەکە کارگێڕییەکان پێویستیەکانیان لەو بڕە پارەیە دابین دەکەن کە لە ماوەی مانگێکدا کۆ دەکرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خەرجکردنی بۆ نەسریە و مووچە و کاروباری تر کە لەوانەیە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە دیار دەکرێ و ئەو بڕە پارەیەش کە لەم پێویستیانە زیاد دەکات، لە کۆتایی هەر مانگێکدا بە گوێرەی رێنماییەکان رادەستی مەرجەعی باڵا دەکرێ، لە حالەتێکیشدا ئەگەر پارەی ئەم داهاتانە بەشی خەرجیەکانی یەکەیەکی کارگێڕی نەکات، ئەو کاتە پێویستە مەرجەعە باڵاکان بڕی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دابین بکەن.

24- خەرجیەکانی نەسریە بۆ موتەسەرِیفەکان ٢٠ دینار و ١٠ دینار بۆ قایمقامیەتەکان و ٥ دیناریش بۆ بەڕێوەبەرانی ناحیەکان دیار دەکرێ.

25- لە کاتی هاتنەپێشەوەی بارودۆخی لەناکاودا، دەسەڵاتی خەرجکردنی ٧٥ دینار بۆ موتەسەرِیف و ٢٥ دینار بۆ قایمقام و ٥ دینار بۆ بەڕێوەبەری ناحیە دیار دەکرێ.

26- موتەسەرِیف دەسەڵاتی سەپاندنی سزای رێککاریی وەك ئاگادارکردنەوە و سەرنجڕاکێشان و سەرژەنشتکردنی کارمەندانی شارستانی هەیە، هەمان ئەو سزایانە لە لایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە ئاراستەی بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان دەکرێن، هەروەها موتەسەرِیف دەسەڵاتی هەیە کارمەندێك لە کار دوور بخاتەوە، لەکاتی ئەنجامدانی تاوان یان سەرپێچی مەترسیدار، تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتەکە ئەنجام دەدرێ و دواتر مەکتەبی تەنفیزی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاگادار دەکرێتەوە.

27- کارمەندانی کارگێڕی هاوکاری لایەنە سەربازییەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان دەبن و هیچ لایەنێك بۆیان نییە دەست لە کاروباری یەك وەربدەن و لە کاتی پێویستدا یان ئەگەر ئاسایشی گشتی رووبەڕووی مەترسی بووەوە، کارمەندی کارگێڕی بۆی هەیە پشت بە فەرماندەی سەربازی ببەستێ و راوێژی پێ بکات و لایەنە باڵاکان ئاگادار بکاتەوە.

28- هەموو ئەو دەسەڵاتانە بە موتەسەڕیف و قایمقامەکان دەبەخشین کە سەبارەت بە ڕێکخستنی ژیانی ئابووری هاتوون و ئێستا کاریان پێ دەکرێ.

وێنەیەك بۆ:

- مەکتەبی سیاسی، بۆ زانین.
- بەرپرسی دارایی لە مەکتەبی تەنفیزی، بۆ گرنتەبەری ڕێوشوێنی پێویست دەربارەی ئەوەی لە بڕگەکانی ١٢ و ١٨ و ٢٤ و ٢٥ دا هاتوون.
- بەرپرسی کارگێڕی لە مەکتەبی تەنفیزی - بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە بڕگەکانی ١٤.
- بەرپرسی دادبینی - سەبارەت بەوەی لە بڕگەکانی ١٥ و ١٦ و ١٧ و ٢٨ دا هاتوون.
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و پەیوەست بە سەرۆکایەتیەکەتان.
- بارەگای گشتی، بۆ زانیاری - فق ١/فق٢ / فق ٣ / هەموو موتەسەڕیفەکان.
- هەموو لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ زانیاری و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بە گوێرەی بڕگە پەیوەندیدارەکان.

مجلس قيادة الثورة (١) العـــدد /_____/

المكتب التنفيـــذي التاريخ ٥/ ١/ ١٩٧٥ ـــــــــ

(تعليمات ادارية)

١ـ تبقي الحدود الادارية للوحدات الادارية في كوردستان على وضعها الحالي على ان ينظر في اي تعديل في المستقبل على ضوء الحاجة والضرورة وذلك بقرار من المكتب التنفيذي .

٢ـ تحدد مراكز الوحدات الادارية بقرار من المكتب التنفيذي وباقتراح من متصرف اللواء على ان يؤخذ بنظر الاعتبار ظروف الثورة بحيث تكون تلك المراكز في المقرات الرئيسية لقوات جيش كوردستان الثوري قدر الامكان .

٣ـ لايجوز تغيير مراكز الوحدات الادارية الا بموافقة المكتب التنفيذي وباقتراح من رئيس الوحدة الادارية

٤ـ على كل رئيس وحدة ادارية ان ينظم قائمة باسماء القرى المحررة ضمن منطقته وان يرفع تقريرا مفصلا بثلاث نسخ الى رئيسه المباشر يتضمن الاوضاع العامة للوحدة الادارية والمشاكل القائمة فيها ومطالبته حولها على ان يتناول التقرير كافة الامور التي تدخل ضمن مهام عمله وان يتم بذلك بعد تنفيذ جولة عامة . ويعد الرئيس المباشر والاعلى مطالعتيهما بشأن تلك التقارير عند رفع نسخ منها الى المكتب التنفيذي .

٥ـ لايجوز لاي موظف تخطي المرجع سواء في المراسلات او المراجعات .

٦ـ يعتبر الموظفون العاملون ملتحقين بالثورة وينظر اليهم كافراد من جيش الكوردستاني الثوري .

٧ـ يسري على كافة الموظفين العاملين نظام الاجازات الاعتيادية والرسمية ولايجوز لاي موظف ترك مقر وظيفته بدون ذلك وبعد اخذ موافقة الرئيس المباشر عند الامكان .

٨ـ ينظم لكل موظف دفتر خدمة بنسختين باحداهما متصرفية والاخرى في الجهة المختصة في المكتب التنفيذي تدون فيها كافة تفاصيل خدمته وبعد من جهازي المكتب التنفيذ والمنتظم والاشراف على تلك الامور وغيرها من المسائل التي يقررها المجلس .

٩ـ تحدد اجازات الموظف الاعتيادية بشهر في السنة الواحدة على ان يؤخذ الظروف بنظر الاعتبار اما الاجازات المرضية فيقررها الاطباء المختصون .

١٠ ـ يحتفظ وينظم في كل وحدة ادارية او دائرة فرعية السجلات اللازمة لتدوين المخابرات وتسجيلها كسجل الصادرة والواردة وسجل الاثاث وسجل الواردات والصرفيات اسبوعي .

١١ـ تعتبر كافة المخابرات سرية بالنظر لظروف الثورة .

١٢ـ تزود الوحدات الادارية والدوائر الفرعية بالاثاث والسجلات والوصولات الرسمية اللازمة لاداء الواجبات .

(يتبع ص ٢)

الصلاحيات والواجبات العامة

١٣ – يعتبر المتصرف في اللواء المسئول المباشر والاعلى عن كل ما يتعلق بشئون اللواء من كافة النواحي وعلى الاخص الامن في الحالات الاعتيادية ويقوم بالاشراف المباشر على سير العمل في كافة الدوائر المدنية لضمان تعاونها الاكمل وله تفتيش الدوائر والمتعلقات ورفع التقارير عنهم عدا الجيوش والدوائر العسكرية او القضائية وله عند اقتضاء المصلحة العامة ان يمدد مطلقا لغاية ثلاثين الحكام اذا اصبح وجود احدهم في منطقته مضرا بمصلحة الثورة او المصلحة العامة وكذلك يعتبر القائمقام ومدير الناحية المسئول المباشر عن شئون وجدانيه الادارية .

١٤ – ثوة من قوة اجرائية مسلحة خاصة من افراد جيش كوردستان الثورى تحت امرة رئيس كلوك مرتبط بالموظف الادارى يتلقى الاوامر منه وينفذها وتكون مسئولة امامه عدا الامور الانضباطية . وتحدد القوة المذكورة بـ(٢) افراد في مراكز النواحي و(١٠) افراد مراكز القائمقامية و(١٥) افرادا في مراكز الالوية .

١٥ – يخول المتصرف صلاحية القاء القبض على الاشخاص المخطرين وغير المرغوب فيهم الذين يشهرون الفتن وتوقيفهم على ان تجرى التحقيقات معهم وسوقهم الى الجهة القضائية خلال شهر . واذا اقتضى الامر التحفظ على شخص او اشخاص من قبل جهات اخرى فيتم ذلك بمعرفة وموافقة الموظف الادارى على ان يؤخذ بنظر الاهمية درجة اهمية قبل امداد توقيفه بالاشارة مع الجراح المختصة .

١٦ – يخول الموظفون الادارئيون الصلاحيات الجزائية للتصرف في المنازعات الناشئة عن المسائل الزراعية وامور الاصلاح الزراعي وحسم تلك المنازعات .

١٧ – عند وجود حاكم في منطقة يخول الموظف الادارى الحقوقى كافة صلاحيات الحاكم ضمن منطقته لحين تعيين حاكم مختص . كما يخول مدراء النواحي والقائمقامون صلاحيات جزائية محدودة في الجرائم البسيطة التي تقع ضمن مناطقهم .

١٨ – يخول المتصرف صلاحية تعيين الكتبة والجباة واجراء التنقلات بينهم ضمن اللواء ويمنح الاجازات الاعتيادية وكذلك الامر بمحاسبتهم بناء على تقارير الطبية المختصين اما رؤساء الوحدات الادارية والفرعية فيتم تعيينهم من قبل المكتب التنفيذى بترشيح من المتصرف للواء .

١٩ – تنظر لجان خاصة تشكل من الموظف الادارى المختص وامر عسكرى في المنطقة ومن ينتدبه في حوادث الحدود الاعتيادية التي تقع بين سكان مناطق الحدود المتجاورين وتقوم تلك اللجان بالاشتراك مع مستشار حزبي بالتحقيق عن تلك الحوادث واتخاذ الاجراءات اللازمة حولها ويجرى اخبار المتصرف والمراجع العليا عن ذلك بالبرقيات عند الضرورة عما تتخذ من اجراءات التحقيق مع مطالعة اللجنة على المكتب التنفيذى لاتخاذ ما يلزم بشأنها وابلاغ النتيجة الى الجهة – الادارية المختصة .

٢٠ – يقوم المتصرف في اللواء بالاشراف الفعلى على جباية الواردات المختلفة انواعها وذلك المصروفات وصدور الامر والتوجيهات لتسهيل وتسهيل تحصيل الواردات بصورة مرضية . وكذلك يقدم –

(يتبع ص ٣)

القائمقام ومدير الناحية بتلك الواجبات كل ضمن وحدته الادارية وتحت اشراف رئيسه المباشر .

٢١ ـ على متصرفي اللواء وكذلك القائمقام ومدراء الناحية كل في وحدته الادارية تنظيم جداول شهرية بتهيئ تقاصيل ومقادير الواردات والمصروفات الى مرجعه المختص حيث توحد تلك الجداول من قبل المتصرفيات وترسل بجداول الى المكتب التنفيذي .

٢٢ ـ تعين مقدار وانواع الواردات من قبل المكتب التنفيذي والجهات العليا ويبلغ ذلك الى المتصرفيات لاجراء اللازم بموجبها .

٢٣ ـ توفر من الوحدات الادارية احتياجاتها من المبالغ المجتمعة خلال الشهر وذلك للصرف على التربية والرواتب وغيرها من المخصصات التي تعين من قبل المكتب التنفيذي ـ وتقوم بتحويل المبالغ التي تزيد عن تلك الحاجات في نهاية كل شهر الى المرجع الاعلى حسب الاصول وفي حالة عدم كفاية الواردات لتأمين تلك المصروفات في احدى الوحدات الادارية على المراجع العليا تأمين المبالغ اللازمة لذلك .

٢٤ ـ تحدد مصاريف التربية للمتصرفيات بـ(٢٠) دينارا و(١٠) دينار للقائمقامين وخمسة دنانير لمدراء النواحي .

٢٥ ـ تحدد صلاحيات المتصرف في الاحوال الطارئة بـ(٧٥) خمسة وسبعين دينارا للمتصرف ـ و(٢٥) خمسة وعشرين دينارا للقائمقام و(٥) خمسة دنانير لمدير الناحية .

٢٦ ـ للمتصرف توجيه العقوبات الانضباطية كانذار وانهاء الخطر والتوبيخ الموظفين المدنيين ويجري توجيه تلك العقوبات الى رؤساء الوحدات الادارية من قبل المكتب التنفيذي كما للمتصرف سحب يد اي موظف عن العمل عند ارتكاب جرما او مخالفة خطيرة وبنتيجة يجري التحقيق بشأن الموضوع واعلام المكتب التنفيذي بذلك وبنتائج التحقيق مع مطالعته بشأنها .

٢٧ ـ يتعاون الموظفون الاداريون مع الجرائد المحلية لجمع كوردستان التركي ولا يجوز منعها التدخل في شؤون الاخر وللموظف الاداري الاستعانة بالقائد العسكري واجراء المشورة معه اذا اقتضت الضرورة ذلك او تحرير الامر العام الى الخطر وابلاغ الجهات العليا بذلك .

٢٨ ـ تخول المتصرفيات والقائمقامين الصلاحيات الواردة في [illegible] الحالة الاقتصادية للعمول بموجبها حاليا .

صورة منه الى ـ المكتب السياسي للتفضل بالعلم .

المسؤول المالي في المكتب التنفيذي لاتخاذ ما يلزم بصدد ما جاء بالفقرات ١٢ و ١٨ و ٢٤ و ٢٥ .

المسؤول الاداري في المكتب التنفيذي ـ لاتخاذ ما يلزم الفقرات ١٤ و
المسؤول القضائي بصدد ما جاء بالفقرات ١٥ و ١٦ و ١٧ و ٢٨
رئاسة اركان الجيش لاجراء ما يلزم بقدر تعلق الامر برئاستكم .

المقر العام للعلم ـ فق ١ / فق ٢ / فق ٣ / ذا فة المتصرفين .
كافة الفروع الحزبية الموقرة على الكردستاني للمعلومات واجراء اللازم بموجب السرات المختصة

پاشکۆی ژمارە ١٦ [1]

یاداشتنامەکەی بارزانی بۆ دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان

سکرتێری دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان
لیژنەی مافەکانی مرۆڤ
لیژنەی بنبڕکردنی کۆلۆنیالیزم
سەرۆکی شاندی وڵاتانی ئەندام لە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان

بەڕێز

ماوەی چوار ساڵە وڵاتەکەمان کوردستانی عێراق رووبەڕووی شەڕێکی رەگەزپەرستی شۆڤێنی بۆتەوە و لەلایەن سێ قۆناغی دکتاتۆری سەربازیەوە سەرپەرشتی کراوە. ماوەی ئەم شەڕە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان زیاترە و تەنیا چەند مانگێکیش لە جەنگی دووەمی جیهان کەمترە، ئەو چەکە وێرانکەرانەش وەک فرۆکە و تانک و تۆپ کە حکوومەتی عێراق لە شەڕە دوژمنکارانەکەی لە دژی گەلی کورد بەکاریان دێنێ، تازەتر و مەترسیدارترن لەوانەی کە لە هەردووک جەنگە جیهانییەکەدا بەکار هێنراون. ئەوانەی بە دەستی جەنگی جیهانییەوە دەرد و مەینەتیان چەشتووە، دەتوانن هەست بە کارەسات و مەینەتی و ئازارەکانی گەلەکەمان بکەن. جگە لە شەڕیش کە خۆی لە خۆیدا بەڵایەکە، گەلی کوردی ئاشتیخوازمان رووبەڕووی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەی نابەجێ و رێوشوێنی توند و تۆڵەسەندنەوە و کوشتنی بەکۆمەڵ و تاڵانکردن و دەربەدەرکردن و سووتاندنی عەمبارگەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کێڵگە و گوند و رووخاندنی خانوو بەسەر خاوەنەکانیان لە منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووان و دەستدرێژیکردن بۆ سەر کەرامەت و حورمەتیان دەبێتەوە.

ئەوەی وام لێدەکات داواکەم بۆ بەڕێزتان تازە بکەمەوە لە سنووردەرچوون و زیادەڕۆییکردنی حکوومەتی عێراقە لە پیادەکردنی سیاسەتی خاکی سووتماک و دەربەدەرکردنی دەیان هەزار هاوڵاتیانی کوردە دوای سووتاندنی گوندەکانیان و بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵکیان، لە راستیدا خەریکە جارێکی دیکە

() سەرچاوە : خەلیل جوندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٧٩-٢٨٣.

ئەم شەڕە مۆرکی جینۆسایدکردنی گەلی کورد وەردەگرێ، دوای شکستهێنانی رژێمی سەربازیی دکتاتۆری لە لەناوبردنی شۆڕشی کورد، ئەمە بۆیە لە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێ، چونکە دەخوازێ پارێزگاری لە زمان و کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات و زۆرترین داواکاری گەلەکەمان شادبوونە بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، ئەمەش لە بڕیاری دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا سەبارەت بە مافی گەلان لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان مسۆگەر کراوە.ئەو ستەم و دوژمنکاریەی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکانی عێراق لە دژی گەلەکەمان ئەنجام دەدرێ، بە تەواوی پێچەوانەی میساقی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت بوونی تاکی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان کە دەستی دەسەڵاتدارانی عێراق پێیان بگات، لەژێر هەڕەشە دایە. ئەوەی گەلی کورد دەیچێژێ زۆر لەوە ناخۆشترە کە هەر میللەتێك لە تاریکترین سەردەمەکانی کۆلۆنیالیزم بەدەستیەوە نالاندوویانە، هەروەها ئەسمەریی پێستی چەوسێنەرانی گەلی کورد مانای وا نییە ئەوان بە کۆلۆنیالیزم وەسف نەکرێن.ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە پیادە دەکرێ هیچی وای لە سیاسەتە شەڕخوازەکانی هەردووك حکوومەتی باشووری ئەفریقیا و رۆدیسیا کەمتر نییە، بەڵکو لە رووی شێواز و دڕندەییەوە ترسناکتریشە.

هیواخوازم دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراو و ئەندامانی، بڕیار و رێوشوێنی وا دەربکەن ببنە مایەی ئینسافکردنی گەلە ستەمدیدەکەمان، ئەم هیوایەشم پشتبەستە بەو بنەما خێرخوازانەی کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکەیان لەسەر بونیاد نراوە و ئەندامانی بانگەشەی بۆ دەکەن، هەروەها بەو پێیەی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان میراتگری کۆمەڵەی گەلانە کە لە ١٦ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ مەرجی جێگیرکردنی مافەکانی گەلی کوردی خستۆتەروو. لەبەر ئەم هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسیان لێ کراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە عێراق نەتەوەیەکە و خاوەنی زمان و کلتوور و بنەمای تایبەت بە خۆیەتی و بەو پێیەش ئەو شەڕەی ئێستا لە کوردستان لەئارادایە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتەوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە بانگەشەکردنی حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی کێشەی کورد بابەتێکی ناوخۆییە، لە بنەڕەتدا نادروستە و هیچی وای لە بانگەشەکردنی دەسەڵاتدارانی رۆدیسیا و باشووری ئەفریقیا کەمتر نییە دەربارەی ئەوەی سیاسەتە رەگەزپەرستەکانیان بابەتی ناوخۆیین. بەناوی خۆم گەلە ستەمدیدەکەمان داوا لە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان و لیژنە و ئەندامانی دەکەم وەك ژمارەیەك ناوچەی سەقامگیری دیکەی جیهان، لانی کەم لیژنەیەکی بەدواداچوونی راستیەکان رەوانەی کوردستان بکەن.

رێز و تەقدیرم قبول بفەرموون.

دڵسۆز

مستەفا بارزانی

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق و

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٩٦٦/١/١

پاشکۆکان: یاداشتنامەیەکی رووونکەرەوە دەربارەی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستیانەی حکوومەتی عێراق لە کوردستان پیادەیان دەکات.

یاداشتنامەیەکی رووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە، داڕشتنی پلانێکی ناوەندیی هەمەلایەنە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بە مەبەستی سووتاندنی گوندەکانی کوردستان، ئەمەش بەپێی بڕیارێکی نهێنی کە لە سەرەتاکانی مانگی ١٠ ی ١٩٦٥ دەریکردووە و لە ١٩٦٥/١٠/٦ دەستی بە جێبەجێکردنی کردووە. بە گوێرەی ئەم پلانە، هێزێکی گەورەی سەربازی لە یەك ناوچەدا کۆ دەکرێتەوە و لە یەك کاتدا و لە رێگەی تۆپ و تانك و هێزی پیادە و بۆمبی ناپاڵم و بۆمبە سووتێنەرە قەدەغەکراوەکان و فرۆکەوە هێرش دەکرێتە سەر دەیان گوند، تا ئەو کاتەی ئاگر و دوکەڵیان لێ هەڵدەستێ و دانیشتوانیان ناچار دەبن چۆلیان بکەن، ئینجا هێزە هێرشبەرەکان هەموو ئەو کەلوپەلانە تاڵان دەکەن کە دەکەوێتە بەر دەستیان و گوندەکان دەسووتێنن و ئەو خەڵکانەش دەربەدەر دەکرێن کە تیایاندا ماونەتەوە و ناوچەکانیان بە تەواوی لێ چۆل دەکرێ. وەك ئەوەی لە ناوچەکانی توزخورماتوو و چەمچەماڵ و کفری و ئاغجەلەر و شوان و شێخ بزەینی لە لیوای کەرکوك رووبدا و خودی وەزیری بەرگری سەرپەرشتی سووتاندنی ناوچەکانی ئاغجەلەر و شوانی کرد. هەروەها وەك ئەوەی لە ناوچەکانی باڵیسان و باڵەکایەتی و دەشتی هەولێر لە لیوای هەولێر و ناوچەکانی سووڕداش و قەزای چوارتا و قەرەداغ و پێنجوین لە لیوای سلێمانی رووبدا و تەنانەت بارەگای ناحیەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەر بە تەواوی سووتێنران. هەمان ئەم رووداوانە لە ناوچەکانی دۆسکی و بێ خێر و سلێڤانی و شێخان و مزووری لە لیوای موسڵ و گوندەکانی قەزای خانەقین لە لیوای دیالا دووبارە بوونەوە. لەم هەڵمەتەدا تەنانەت مزگەوتی موسڵمانانیش لە سووتان و وێرانکردن بەدەر نەبوون، هەروەها ژمارەیەك گوندی کرستیانەکانی کوردستان سووتێنران. ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵێك لەو بڕووسکە حکومیانەن کە تیایاندا فەرمانی سووتاندنی گوندەکان بە یەکە سەربازییەکان دراوە، هەروەها ناوی بەشێك لەو گوندانەی کە بەم دواییە سووتێنراون.

بڕووسکە حکومیەکان کە تایبەتن بە سووتاندنی گوندەکان لە کوردستان:

أ.

لە هێزی مزهرەوە ژمارە/٨١ رێکەوت ١١/٩

بۆ فیرقەی ٢

هەموو گوندەکان بسووتێنین، ئاگادارمان بکەنەوە.

ب.

لە هێزی مزهرەوە ژمارە/٣٣ بورکان ڕێکەوت ١١/٩

بۆ فیرقەی ٢

گوندی مورد خوادەی خواروو سووتێنرا . هێز بە ڕێگاوەیە بۆ سووتاندنی گوندی ئۆ برکان .

ج-

لە/ رتلی یەعروبەوە ژمارە/ ٥ ڕێکەوت ١١/٩

بۆ فیرقەی ٢

کارگێڕیی ناوخۆیی رازی نییە بە سووتاندنی هەموو گوندەکان . ئێمەش فەرمانەکانی سوپا جێبەجێ دەکەین.

د-

لە فیرقەی ٢ ەوە

بۆ/ هەموو رتلەکان

داواکاری /لە ناوی هەموو گوندەکانی ناوچەکە ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ناپاڵم و سووتێنەرەوە وێرانیان بکەین و بیانسووتێنین .

هـ-

لە/ ل٢ ژمارە/ف ڕێکەوت ١١/٩

بۆ/ فیرقەی٢

ئەم گوندانەی خوارەوە پشکنران و سووتێنران . ئەسکەندەر بەگی و قریجۆت و دلۆسانا.

و-

لە/ شەهابەوە ژمارە/ ١٤٥ ڕێکەوت/ ١١/٥

بۆ/ سوفیان و هەموو رتلەکان

دەوری گوندی مالمیش دراوە و هێزەکانمان سەرقاڵی ئەنجامدانی پشکنین و سووتاندنی گوندەکەن ١١٤٥.

ز-

لە/ رتلی یەعروبەوە ژمارە/٢٠ رێکەوت ١١/١٢

بۆ/فیرقەی ٢

گوندەکانی کار و گۆپتەپە و کانی هەنجیر پشکنران و سووتێنران.

ح-

لە/ فیرقەی٢ ژمارە/ ٩٣ رێکەوت ١١/١٢

بۆ/ بنکەی جموجۆڵ و فرۆکەوانی کەرکوك

داواکارین بە خێراترین کات گورزێکی ئاسمانی دیکە بە بۆمبە سووتێنەرەکان بۆ سەر گوندەکانی قەلاچوغە و سەرمورد و ئەنجام بدەن.

گ-

لە/ رتلی یەعروبەوە ژمارە/ ٢٢ رێکەوت/١١/١٢

بۆ فیرقەی ٢

دوای بروسکەکەمان لە ١١/٨، گوندی بولقامیش سووتێنرا.

ی-

لە/ عیمادەوە ژمارە/ ٢٧ رێکەوت١٢/٨

بۆ/ مەنسور و عەلا

داواکارین گورزێکی ئاسمانی بە بۆمبی ناپاڵم بکەنە سەر ئەم گوندانەی خوارەوە . کانی سوورکە، رەسوول بسکۆل.

لە/ عەلای پێشەوە ژمارە/٤٣ رێکەوت ١٢/٨

بۆ/ مەنسور و عەلای دواوە

بارودۆخ تا ١٦٠٠ (٠) ئاگر لە گوندەکە کەوتۆتەوە.فورسانەکان خەریکن بەشەکانی تری گڕ دەدەن (٠) زیاتر، ئاخورا.

ك- شەش تەرمی یاخیبوو لەژێر رەحمەتی ئاگردان.

****

لیستێك بە ناوی هەندێك لەو گوندانەی بەم دواییانە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتی عێراقەوە سووتێنراون:

لیوای کەرکوك:

أ. ناوچەی ئاغجەلەر و شوان و شێخ بزێنی:

١-گۆپتەپە ٢-بولقامیش ٣-حەیدەربەگ ٤-عەسکەر ٥-سوتکە ٦-مایلە ٧-قەلاچوغە ٨-دالاوە کوردە ٩-دالاوە رووتە ١٠- کانی هەنجیری شێخ بزێنی ١١- کوزە بۆرە ١٢-ئەسکەندەر بەگی ١٣- موردخواەدە سەروو ١٤- موردخواەدە خواروو ١٥- ئاوبارە ١٦- ئۆربەکان ١٧- کانی گەوەر ١٨- گلناغاج ١٩- جەلە مورد ٢٠- دوسیان ٢١- تورکمان باغ ٢٢- کارێزە ٢٣- ناسر و مسر ٢٤- گولنباغ ٢٥- کوتەقل ٢٦-مام رەش ٢٧-داربەسەر ٢٨-ترکی ٢٩-کاولە سوور ٣٠-شووگیر ٣١-شێخان.

ب- ناوچەی تووزخورماتوو:

٣٢- مەلا ئۆمەر ٣٣- سپی سەر ٣٤- حەسەن پرچن ٣٥-برایم غولام ٣٦-بەگزادە ٣٧-کانی قادر میران ٣٨-کانی قادر ٣٩-تازەشار ٤٠-کوروومور ٤١-گەرمك ٤٢-ئۆمەر سۆفی ٤٣-وارانی سەروو ٤٤-وارانی خواروو ٤٥-میل ناسر ٤٦-شوارو ٤٧-دەراجی.

د- ناوچەی کفری:

٤٨-خانی سەروو ٤٩-خانی خواروو ٥٠-فەقێ مستەفا ٥١-ئاوباریك ٥٢-قەوالی.

هـ- ناوچەی چەمچەماڵ:

٥٣- بەکر باجەلان ٥٤-چنگینی ٥٥-وەستا خدر ٥٦-خاڵۆ بازیانی ٥٧-کەوەڵە ٥٨-کولەپان.

لیوای سلێمانی:

أ- ناوچەی سووڕداش:

٥٩- عەودالّان ٦٠- قۆج بلاغ ٦١- كانی هەنجير ٦٢- كانی هەنجير شێخ جامی ٦٣-زەرزی ٦٤-پێداره ٦٥-سێكانيان ٦٦-تەلان ٦٧- حاجيتان ٦٨- تيمار ٦٩-سەردی ٧٠-شەدەلّه ٧١- هومەرقەوم ٧٢-جاسەنه ٧٣-كێجينه ٧٤- عيسا بەگی ٧٥-كەلّەباش ٧٦-قەمچوغه ٧٧- سەرمورد ٧٨-خوردەلو ٧٩-سابورئاوا.

ب- ناوچەی چوارتا:

٨٠-سيرەمێرگ ٨١-بەردەزەرد ٨٢-هەرمن ٨٣-بازگير ٨٤-سيتەك ٨٥-دوكانيان ٨٦-خەمزه ٨٧-تەگەران ٨٨-گوره ٨٩-دۆلّه.

د-ناوچەی قەرەداغ و دەوروبەری:

٩٠- تەواوی سەنتەری ناحيەی قەرەداغ ٩١-تيمار ٩٢-گلّه زردە ٩٣- قەرەتوغان ٩٤-هوانا ٩٥- ژالّه ٩٦- دەرويانی خواروو ٩٧- دەرويانی سەروو ٩٨- وەليان ٩٩- باخان ١٠٠-قارەمان ١٠١-داری كەلی.

هـ- ناوچەی پێنجوين:

١٠٢-كاولۆس ١٠٣-مێكوكان ١٠٤-دۆلّه سوور ١٠٥-شانەدری ١٠٦-كانی سپيكه ١٠٧-كانی مانگا.

<u>ليوای هەولێر:</u>

أ- ناوچەی دۆلّی باليسان:

١٠٨- بيرو ١٠٩-بالۆك ئاوا ١١٠-باليسان ١١١-توتمێ ١١٢-شێركاوه.

ب- ناوچەی بالّەك:

١١٣- بادليان ١١٤- دێلّزيان ١١٥- سيدەكان ١١٦- بێشوك ١١٧- خەلكان ١١٨-جوندیان ١١٩-كەرك ١٢٠- بنه كاول.

د- ناوچەی دەشتی هەولێر:

١٢١-گۆمەشين ١٢٢-گورزەيی ١٢٣-گۆپتەپه ١٢٤- گۆمەتالّ ١٢٥- دێگەلّه ١٢٦-سماق شيرينی بچوك ١٢٧-سماق شيرينی گەوره ١٢٨-شاخه پيسكه ١٢٩-كانی دەربەند ١٣٠-بانه

قەڵات ١٣١-حاجی وسو ١٣٢-ئاخوڕە ١٣٣-بانی ماران ١٣٤-ڕەسول بسکۆڵ ١٣٥-شیوەوێران ١٣٦-بەردبڕ ١٣٧- بلیسان ١٣٨-مێرگە ١٣٩-نێرەگین ١٤٠-کانی حەمە بانی ماران ١٤١-دار بەسەری گەورە ١٤٢-خوڕخوڕ ١٤٣-حەسەن مترب ١٤٤- سەرچنارە ١٤٥-کانی بزرە ١٤٦-هەڵەجە ١٤٧-حاجی ١٤٨-هەمزە بەگ.

هـ- ناوچەی سەفین:

١٤٩-زیارەت ١٥٠-گەڕۆتە قەڵاسنجی سەروو ١٥١- بانەنۆك ١٥٢-چنێران ١٥٣-ئاقوبان ١٥٤-قەڵاسنج خواروو ١٥٥-سپێندارە ١٥٦-سپیگرە ١٥٧-خۆران ١٥٨-کاوانیان ١٥٩-سوسە ١٦٠-ئیلنجاع ١٦١-تکور ١٦٢-بانە موردی سەرەوە ١٦٣-بانە موردی بەرەوە ١٦٤-جل بەسەر ١٦٥-بەردەسپی ١٦٦-شیواشۆکی بچوك ١٦٧-شیواشۆکی گەورە.

<u>لوای موسل:</u>

أ- ناوچەی دۆسکی:

١٦٨-شاوریك ١٦٩-دیرگژنیك ١٧٠-بیسفکی ژوورو ١٧١-کمکا ١٧٢-گرسیس ١٧٣-زێوك محەمەد یاسین ١٧٤-زێوك کەندال ١٧٥-زێوك ١٧٦-عەسۆ ١٧٧-پێدە.

ب- ناوچەی بێخێر:

١٧٨-بیزهی ١٧٩-بافیا ١٨٠-بیتاس ١٨١-خوالشی ١٨٢-حەسەن ئافا ١٨٣-دولی.

ناوچەی سلێڤانی و زێبار لە قەزای زاخۆ:

١٨٤-کروینی ١٨٥-پەراڤ ١٨٦-پەراڤوك ١٨٧-کشکان ١٨٨-سەرگەر ١٨٩-کومبل ١٩٠-پیچەك ١٩١-قەسر مەلا تەیب ١٩٢-خراب دیم ١٩٣-مێرگەسوور ١٩٤-پیبزنی ١٩٥-ئیملك ١٩٦-کانی کرك ١٩٧-توسانا ١٩٨-بەغلوجە ١٩٩-مشارا ٢٠٠-سۆریا ٢٠١-چەم زراڤ ٢٠٢-کروش ٢٠٣-باجد کەندال ٢٠٤-باجد ٢٠٥-سێلکا ٢٠٦-خەراب دار ٢٠٧-خیلخ ٢٠٨-باکرمە ٢٠٩-باجوکا ٢١٠-شیناڤا ٢١١-توان ٢١٢-هیتیان.

د- ناوچەی ئامێدی و دهۆك:

٢١٣-دێرێ ٢١٤-دوری ٢١٥-سولاق ٢١٦-قدش ٢١٧-ربتکی ٢١٨-پیده ٢١٩-بامەرنی ٢٢٠-چەمانکێ ٢٢١-سوارو سپیندار ٢٢٢-ئارادنی خواروو ٢٢٣-ئارادنی سەروو ٢٢٤-کانی سارکی ٢٢٥-پیبادی ٢٢٦-دەرگەلی ٢٢٧-زاویته.

لیوای دیالا:

أ-ناوچەی خانەقین:

٢٢٨-حاجی لەر ٢٢٩-زیا رەزا ٢٣٠-دبی سویك ٢٣١-سەرتاق ٢٣٢-تازەدێ ٢٣٣-کانی بورکه ٢٣٤-هۆرین ٢٣٥-میشیاو ٢٣٦-قسلان ٢٣٧-دار ئیمام ٢٣٨-کەمتاران ٢٣٩-خەرکته ٢٤٠-شاوازی ٢٤١-باژە هەناره ٢٤٢-بیلوله ٢٤٣-دەربەند ٢٤٤-کانی کرمان ٢٤٥-حەسار ٢٤٦-هۆمەرمل ٢٤٧-سولاوه

٢٤٨-شمشیر کول ٢٤٩-کونەقەل ٢٥٠-زەلکه ٢٥١-قەرەچەم ٢٥٢-قەلەتەپه ٢٥٣-بانەبۆر ٢٥٤-گورەشله ٢٥٥-عەلی خاڵه ٢٥٦-بەردی زەرد ٢٥٧-کانی پەپول ٢٥٨- چوار کڵاوی سەروو ٢٥٩- چوارکڵاوی خواروو ٢٦٠- سەرفزل ٢٦١- مەرجی عەلی سەروو ٢٦٢-مەرجی عەلی خواروو ٢٦٣-چیا سروخ ٢٦٤-سەیده کۆن ٢٦٥-سەید مستەفا ٢٦٦-تەنووره ٢٦٧-سەنگەری خواروو ٢٦٨-خەلیفه ئەحمەد.

هەروەها لە ماوەی ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەزار گوند بە تەواوی سووتێنراون، تەنانەت هەندێکیان دوو یان سێ جار سووتێنراون. بەشەکەی تریان لە رێگەی تۆپ و فڕۆکەوە وێران کراون و لە ئەنجامی ئەم هەڵمەتە دڕندەیەشدا سەدان هەزار خانەوادە دەربەدەر بوون و ئێستا بەبێ پەناگە ماونەتەوە.

٢- سیاسەتی فاشیانەی تەعریب:

٦) تقديم سنة دراسية للطلاب الذين انقطعوا عن الدراسة لسنة ٩٦٢/ ٩٦٣ للاسباب المتعلقة بالثورة الكردية مهما كان نوعها كالاعتقال والتبعيد والاختفاء التي عارضت عفية لا تقتحم لمواصلة الدراسة واكمالها ..
٧) غض النظر عن قلة درجات او اعمار الطلاب الذين تجاوزوا في الصفوف الاعدادية والمتوسطة والعامة وقبولهم في الكليات ودور المعلمين والدورات الاخرى ..
٨) الاهتمام بخريجي ثانوية الصناعة والزراعة وذلك بفتح دورات تربوية لهم ثم تعيينهم على الملاك الابتدائية ..
٩) قبول الطلبة الاكراد في البعثات والكليات بنسبة نفوس الاكراد من نفوس العراق . وتزيد نسبة الحاصة
١٠) اعادة المعلمين الاكراد من المناطق الجنوبية الى كردستان ..
١١) فتح دورات تربوية على نطاق واسع لتخرج العدد الكبير من المعلمين الاكراد ..
١٢) فتح مدارس جديدة في القرى التي لا توجد فيها مدارس والتي تستحقها ..
١٣) قبول الطلاب فيما تبقى من المدة الدراسية الحالية ٩٦٣ / ٩٦٤ واكمال دراستهم في العطلة الصيفية ...
١٤) مساعدة الطلاب الذين لا تمكنهم حالتهم الاقتصادية من مواصلة دراستهم وذلك بقبولهم في الاقسام الداخلية


ولكم جزيل الشكر والاحترام

لفيف من الطلبة الاكراد

() سەرچاوە: (دۆسیەکانی دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٤ و رووداوەکانی دواتر).

پاشکۆی ژمارە ٢٨ [1]


بڕوانامەی دەرچوونی یەکێك لە قوتابیانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی سەر بە شۆڕشی کورد



() سەرچاوە : گۆڤاری پەیامی ئەیلول ، ژمارە (٣) ، (هەولێر ، بەهاری ٢٠٠٨) .

پاشکۆی ژمارە ۲۹ ( ) ۱

بڕوانامەی دەرچوونی یەکێك لە قوتابیانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی سەر بە شۆڕشی کورد



بڕوانامەی دەرچوون

ژمارەیی	وانەکان	بە ژمارە	بە نووسین
۱	نیشتمانی و نەتەوایەتی	۸۷	
۲	زانستی کۆمەلایەتی	۷۵	
۳	پەروەردە و زانستی (بە نرخ)	۹۵	
٤	وانە ووتنەوە	۹۸	
٥	سەرەتاکانی زانستی سیاسی	۷۰	
٦	شۆڕشی هاوچەرخی کورد	۹٤	
۷	خوێندکاری گەلان	۸۷	
۸	دەربارەی عێراق	۸۷	
۹	لایەنەکانی سەرکردایەتی کورد	۸	
۱۰	[illegible]	۷٥	
۱۱	[illegible]	۸۷	
۱۲	زمانی کوردی	۱۰۰	
	هەموو	۱۰٦۱	

سەرنگری بڕوانامەکە کە لە سەرەوە ناوی نووسراوە و وێنەی دیارە، خوێندنی وانەکانی بەهێنە و مامۆستایانی تەواوکرد لەسەر ووردی پێکەنە، وە لەشکرێنی ئاشتی کرد نموونەی کوتایی دا بە [illegible] دەرچوون [illegible] بە پێدانی بڕوانامە بە [illegible]

() سەرچاوە : گۆڤاری پەیامی ئەیلول ، ژمارە (۷۳) ، (هەولێر ، کانونی دووەمی ۲۰۰۹) .

وێنەکان



مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد - ساڵی ١٩٦٤



مەلا مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی کوڕەکەی لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە لە رانییە - ١٩٦٤



بارزانی، لەگەڵ عەزیز شەریف و ملازم خدر




بارزانی لەگەڵ میر کامەران عالی بەدرخانی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە - ساڵی ١٩٧٠



بارزانی لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ئەورووپا



مسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە، ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی دەرچوونی یەکێك لە خولەکانی ئەندازیاریی سالّی ١٩٦٨



گرووپێك له پێشمەرگەكانی هێزی هەڵگورد راهێنان لەسەر چەكی دژە تانك دەكەن



خولی یەکەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول - ساڵی ١٩٦٩ لە ناوپردان



مامۆستایەك لەگەڵ قوتابیانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا، ساڵی ١٩٦٩
قوتابخانەی دواوە - بێتواتە



قوتابخانەی ناوپردان - ساڵی ١٩٧٠



ژمارەیەك لە قوتابیانی قوتابخانەکانی شۆڕشی کورد



هەردووك شاعیری کورد هەژار موکریانی و سەبری بۆتانی لەبەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لە ناوپردان - ساڵی ١٩٧٠



سەبری بۆتانی بەڕێوەبەری بێتەلی گشتی لە کوردستان - گوندی ناوپردان



میر کامەران عالی بەدرخان، نوێنەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە دەرەوە

بڕیارەکانی تایبەت بە سووتاندنی زەویوزار و گوندەکان. ئەم یاداشتنامەیە لە زۆر وڵات بڵاو کرایەوە و دەنگۆیەکی گەورەی لێ کەوتەوە، چونکە بە ئاشکرا هەموو بەڵگەکان بە ژمارەوە راگەیەنران [1].

لە بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا[2] سەبارەت بەو یاداشتنامەیە هاتووە: "... ئەگەر خوێنەری بەڕێز چاوێك بەو نامەیەدا بخشێنێتەوە کە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، دڵی بە گەلی کوردی ئاشتیخواز دەسووتێ بەهۆی ئەو ستەم و مەینەتیانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دڵڕەقی عێراقەوە بەرامبەری کراوە، ئەو دەسەڵاتدارانەی پێدەچێ لە ڕێگەی گرتنەبەری هەموو شێوازێك و دەرکردنی ڕۆڵەکانی لە وڵاتی خۆیان، بڕیاری جینۆسایدکردنی کوردیان دابێ، ئەمەش لەلایەن هیچ شەریعەتێکی ئاسمانییەوە ڕێگەی پێ نەدراوە، ئەوەی مایەی دڵتەنگیشە، لە سەرووی ئەم توێژەدا کە جگە لە زمانی کوشتن و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و تاڵانکردن هیچی تر نازانن، کەسێکی شارەزا لە کاروباری ئاینی هەبێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە نوێژێکی هەینی مزگەوتەکانی بەغدا دوا نەکەوتووە..."[3]. ئەنجوومەنی قوتابیان دەقی یاداشتنامەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و ژمارەی زۆری لێ چاپ و بڵاو کردەوە. داوای لە هەموو لقەکانی وڵاتانی ئەوروپاش کرد یاداشتنامەکە وەربگێڕنە سەر زمانی ئەو وڵاتانەی تیایاندا دەژین و ئاراستەی دامودەزگا و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی بکەن[4].

لە لایەکی دیکە، لیژنەی نێودەوڵەتی لێبوردن لە بەندکراوانی سیاسی لە جیهان، لە کۆبوونەوەی ١٢ و ١٣ ی شوباتی ١٩٦٦ ی خۆیدا لە پاریس، پشتگیری خۆی بۆ گەلی کورد دەربڕی. لەم کۆبوونەوەیەدا هەریەکە لە ڕابیتەی مافخوازە دیموکراسیەکانی جیهان و لیژنەی فەرەنسی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد و لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤی فەرەنسی بەشدار بوون و ڕۆڵی بەرچاویان بینی. دوای ئەوەی وتاربێژان تیشکیان خستە سەر کردەوە نامرۆییەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق و چۆن ئەم

---

(1) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە، خەلیل جوندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٧٩-٢٨٣.

(2) ئەم ئەنجومەنە لە ماوەی نێوان ١٠-١٦ی ئابی ١٩٥٦ لە شاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دامەزرا ، دوای ئەوەی ژمارەیەك قوتابی کورد کۆبوونەوە و بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنێکیان دا بۆ خۆیان و هەتا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو لە چالاکیەکانی و لەو ماوەیەدا ١٦ کۆنگرەی بەست . لە گرنگترین ئامانجەکانی : پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی قوتابیانی کورد و باشکردنی ژیانیان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و زانستیەکانیان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکانی قوتابیان و هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کورد لە هەموو دەڤەرەکانی جیهان و هەوڵی پەیداکردنی لایەنگری زیاتر بۆ کێشەی کورد . بۆ زانیاری سەبارەت بە ئەنجومەن ، بڕوانە : عارف ڕوشدی عارف، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦- ١٩٧٥، (سلێمانی، ٢٠١٢).

(3) وەرگیراوە لەنەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی...، ل ١٥٣. مەبەست لە کەسی شارەزا عەبدولسەلام محەمەد عارفی سەرۆککۆمارە.

(4) نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی...، ل ٧٦.

هێزانە زیاتر لە ٣٠٠ گوند و کێڵگەیان سووتاند و وێران کرد، هەروەها گەیشتنی خواردن و داودەرمانیان لەو هاوڵاتیە کوردانە قەدەغە کرد کە بە دەستی برسیەتی و نەخۆشیەوە دەناڵێنن، کۆبوونەوە بڕیاری دا داوا لە حکوومەتی عێراق بکات کردەوە سەربازییەکانی لە کوردستان رابگرێ و داواکاریە رەواکانی گەلی کورد جێبەجێ بکات و کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات و رەچاوی یاسا نێودەوڵەتیەکان و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات. هەروەها داوای ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی کرد لە عێراق کە ژمارەیان هەزاران کەس دەبێ[٥].

شایەنی باسە، ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکانی جیهان هەواڵی یاداشتنامە کوردیەکەیان بڵاو کردەوە کە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردبوو، لە نێویاندا: ئاژانسی رۆیتەرز، رادیۆی بی بی سی بەریتانی، رادیۆی دەنگی ئەمەریکا، رادیۆی مۆسکۆ، رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی و هی تر [٤].

رۆژنامەی خاك و خون ی ئێرانی بابەتێکی دەربارەی یاداشتنامەکەی شۆڕشی کورد بڵاو کردەوە و تێیدا جەخت کرایەوە کە فەرمان بە یەکەکانی سوپای عێراق و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت کراوە کە ڕێگە بە خەڵکی نەخۆشی کورد نەدەن سەردانی پزیشکان بکەن، بەڵکو بۆیان هەیە تەنیا سەردانی ئەو پزیشکە بکەن کە بە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دیار کراوە. هەروەها بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە گەیشتنی داودەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بگیرێ بۆ ناوچە کوردیەکان. لە بابەتەکەدا باس لەوەش کراوە، ئەو بابەتانەی کە بە بەڵگەوە لە یاداشتنامەکەدا هاتوون، بێگومان گەورە و ئازاربەخشن و تەنانەت ئەوانەش دەوروژێنن کە خاوەنی هەست و سۆز نین و دووچاری سەرسوڕمان و داخی قوواڵیان دەکات. یاداشتنامەکە هەموو ئەو هێرشە خوێناویانەش ئاشکرا دەکات کە پێچەوانەی هەموو بنەما مرۆییەکان و شەریعەتە ئاسمانییەکان و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤن.

هەروەها لە بابەتەکەدا هاتووە: " مەحاڵە ئەم توندوتیژیی و ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریە تونده و پێشێلکاریە مرۆییانەی ئێستا لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە سەردەمەکانی رابردوودا بەراورد بکرێن... فرۆکە زلەکان هێرش دەکەن و مووشەکە سووتێنەرەکانیان بەسەر گوندە پڕ لە ژن و منداڵە بێ تاوانەکاندا دەبارێنن و دەیانکوژن و پارچە پارچەیان دەکەن و خانووەکانیان بەسەردا دەڕووخێنن، دواتر کەسی تاوانبار رابگەیەنێ کە ئافرەتان و کەسانی بەتەمەن کە لە ئەنجامی هەڵمەتەکە بریندار بوون، بۆیان نییە سەردانی پزیشکان بکەن یان چارەسەر بکرێن ". بابەتەکە دەشڵێ: ئەم جۆرە کردەوە نامرۆییانە لە کوێ و لە چ شەڕێکی دڕێژخایەنی خوێناویدا بەدی دەکرێن؟ لە هیچ قۆناغێکی دووردڕێژی مێژوودا باس

---

(٤) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٦) ، ئاداری ١٩٦٦.

(٥) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٦) ، ئاداری ١٩٦٦.

لەوە نەکراوە کە رژێمێکی سەربازی یان جەنگی، رێگەی بە کوشتنی بریندارە بە تەمەنەکان داوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوان ئافرەت بن و بەشداری شەڕیان نەکردبێ.

دواتر رۆژنامەی ناوبراو دەپرسێ: دەکرێ هێزێکی داگیرکارمان پێ بناسێنن رێگەی لە دایکێك گرتبێ کە منداڵە نەخۆش یان بریندارەکەی چارەسەر بکات، هەروەها نەیهێشتبێ بریندارەکانی کەسی بریندار تیمار بکری؟ لە وەڵامی پرسیارکەدا وتوویەتی: بەڕاستی مەحاڵە بتوانین تەنانەت لە تاریکترین قۆناغەکانی رابردووشدا هاوشێوەی ئەم جۆرە کردەوە ناخوڕەوشتیانە بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا ئێمە کە لە نیوەی کۆتایی سەدەی بیست داین و رێکخراوێکی جیهانی بەناوی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان بوونی هەیە و لیستێکی بەناوی مافەکانی مرۆڤ راگەیاندووە، هەروەها لە سەرتاسەری جیهاندا گفتوگۆ دەربارەی بابەتی مافەکانی مرۆڤ دەکات و لە بابەتی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان دەکۆڵێتەوە، کەچی دەبینین لە دەڤەرێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێ[1].

سێیەم: هەوڵی دەستەبەرکردنی پشتگیری وڵاتانی تر بۆ شۆڕشی کورد:

عیسمەت شەریف وانلی لەو باوەڕە دابوو کە مەرج نییە چالاکییەکانی دیبلۆماسیەتی کورد تەنیا پەیوەست نەبن بە ئەمەریکا و وڵاتە ئەورووپیە گەورەکان و ئەوان ئاگادار کراونەتەوە کە لە هەردووك مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٦٥ دا سەرۆکی شاندی سێ وڵاتی ئەفریقی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەك نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق پێشوازیمان لێ دەکەن، ئەوەبوو سکاڵانامەیەکی گەلی کوردمان دەربارەی ستەم و مەینەتیەکان پێشکەش کردن و لێیان پاڕاینەوە کە کێشەکە بخەنە ئەجێندای یەکێك لە دامودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەستمان کرد ئەوان تێگەیشتنێکی رووننیان بۆ کێشەکە هەیە، بەڵام بەڵێنەکان تەنیا وەك بەڵێن مانەوە. یەکێك لەم سێ سەرۆکە ئاماژەی بەوە کرد ئەگەرچی هاوسۆزیەکی زۆریان بەرامبەر شۆڕشی باشووری سوودان هەیە، بەڵام لە ترسی تووڕەکردنی وڵاتانی عەرەب، هێشتا بڕیار نەدراوە کێشەکە بخرێتە بەردەمی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. لێرەوە وانلی دەپرسێ: بەڵام ئایا ئەمە هۆکارێکە بۆ بڕیار نەدان لەسەر دادوەریی گەلە چەوسێنراوەکان؟ [2].

وانلی پێی وابوو کە پێویستە پەیوەندی بە هەندێك لە وڵاتە ئەورووپیە بچووکەکانەوە بکرێ، لەوانە: وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا سوید و نەرویج و فنلەندا و دانیمارك کە پابەندن بە بنەماکانی ئازادی و

---

(1) رۆژنامەی خەبات ، ژ (٤٨٦) ، ئاداری ١٩٦٦.

(2) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ٤٢٠.

دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ بەرژەوەندیەکی بازرگانیان نییە و دوور نییە لە داهاتوودا کار بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد [1].

ئەوەبوو لە ٢٧ ی ئایاری ١٩٦٦ وانلی گەیشتە سوید بۆ ئەوەی داوا لە حکوومەتەکەی بکات هانی نەتەوە یەکگرتوەکان بدات کە شاندێکی چاودێرانی خۆی ڕەوانەی " باکوری عێراق " بکات. وانلی حکوومەتی عێراقیشی بە کوشتنی منداڵانی کورد لە ڕێگەی گازی ژەهراویەوە تۆمەتبار کرد و وتی: بەهۆی هێرشەکانی عێراقەوە ٢٠٠ هەزار کەس بێ پەناگە بوون، هەروەها لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا و لە خەباتکردن لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا ١٨ هەزار هاوڵاتی سڤیل و ١٣٠٠ شەڕکەری کورد گیانیان لەدەست داوە [2].

لە بەرامبەردا حکوومەتی عێراق و حکوومەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە دژی کۆششی نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە سوید وەستانەوە، لەو بارەوە وانلی دووپاتی دەکاتەوە کە لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێی ڕاگەیەنراوە کە لە ٢٩ ئایاری ١٩٦٦ باڵیۆزی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و جێبەجێکاری کارەکانی عێراق لە ستۆکهۆڵم سەردانی تۆرستن نیلسۆنی وەزیری دەرەوەی سویدیان کردووە، بە هیوای ئەوەی بتوانن تاگ ئیرلاندەری سەرۆکوەزیران ڕازی بکەن کە پێشوازی لە نوێنەرانی شۆڕشی کورد نەکات کە بڕیار وابوو نامەیەکی دەستنووسی بارزانی بگەیەنن دەست. لە یەکی حوزەیرانیشدا باڵیۆزخانەی عێراق لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی دوورودرێژدا وەڵامی ئەو پروپاگەندانەی دایەوە کە سەبارەت بە سەردانی شاندی کوردی بۆ سوید بڵاو کراونەتەوە [3].

چوارەم: هەڵوێستی وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە بەرامبەر ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦

لە دووی نیسانی ١٩٦٥ ەوە شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو، بەڵام لە ١٤ ی نیسانی ١٩٦٦ دا عێراق پێشهاتێکی گرنگی بەخۆیەوە دیت کە بریتی بوو لە کۆڕانی سەرۆك عەبدولسەلام محەمەد عارف بەهۆی تێکشکانی فرۆکەکەیەوە. ئەگەرچیش لە دەستپێکی قۆناغی کاری عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی سەرۆکی نوێدا ١٦ ی نیسانی ١٩٦٦-١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ هێرش بۆ سەر کوردستان دڕێژەی کێشا، بەڵام لە ئایاری ١٩٦٦ دا هێزەکانی حکوومەت دووچاری شکستێکی گەورە بوون لە شەڕی هەندرێن و ئەمە پاڵی بە حکوومەتی عێراقەوە نا لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەوێتە گفتوگۆکردن و دوای

---

(1) هەمان سەرچاوە ، ل ٤١٩.

(2) The Guardian, may 28, 1966.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ل ٣٩٠-٣٩١.

دانوستان، هەردوولا توانیان بگەنە رێککەوتنێکی نوێ رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بۆ وەستاندنی شەڕ و دەستەبەرکردنی بڕێکی زیاتری مافە نەتەوەییەکانی کورد[٢].

عیسمەت محەمەد شەریفی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە سەبارەت بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی بەغدا لەگەڵ سیاسەتی سەرکردایەتی کورد کۆك نەبوو، چونکە ئەو پێی وابوو: "... ئەو سەرکەوتنە سەربازیانەی کە کورد لە ناوەوە وەدەستی هێناون نەبوونەتە سەرکەوتنی سیاسی، هەروەها کورد نەیتوانیوە وەك پێویست ئەو هاوسۆزیە بقۆزێتەوە کە رای گشتی جیهان بەرامبەری هەیە و لە پێناوی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ململانێ لەگەڵ حکوومەتی عێراق یان بۆ بەزاندنی دەرگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان [٣] بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بێنێ.

هەروەها وانلی رایگەیاند شۆڕشی کورد نەیتوانی لەسەر ئاستی سیاسی بەرهەمی سەرکەوتنە سەربازییەکانی بچنێتەوە و چوارچێوەی پێویستی بۆ دانوستانە فەرمیەکان دیار نەکردووە، لە جیاتی ئەوەی داوا بکرێ گفتوگۆکان لەژێر چاودێری لایەنی دەرەکی و لە وڵاتێکی بێ لایەن یان بە زەمانەتی زلهێزەکان یاخود وڵاتانی عەرەب ئەنجام بدرێن، بە دانوستانی نادیار رازی بوون، سەرەتا لەگەڵ چەند نوێنەرێکی نافەرمی بەغدا، دواتر لەگەڵ کەسانی سەرباز لە دەسەڵات، تەنانەت هەندێك جار لەگەڵ نوێنەرانی ئەوان. بە گوێرەی بۆچوونی وانلی، بەغدا زۆرباش ئەم رێککەوتنانەی وەك پرۆگرامێکی حکومی دادەڕشت، کەچی لە راستیدا ئەوان بریتی بوون لە رێککەوتنی تایبەت بە وەستاندنی شەڕ نەوەك رێککەوتنی ئاشتی و بەهۆیانەوە هەموو لایەك بەرژەوەندی خۆیان تیادا دەبینی، بەغدا کاتی دەست دەکەوێ بۆ ئەوەی خۆی لە شۆکی شکست وەئاگا بێنێتەوە و دووبارە خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی نوێ ئامادە بکات. سەبارەت بە شۆڕشی کوردیش، دانیشتوان نەیانتوانی دوای نەبوونی و مەینەتیەکان پشوێك بدەن، تەنگژەی ناوخۆییش چارەسەر نەکرا و بەمەش ئاگربەستە تازەکە لەم چوارچێوەیەدا دەمێنێتەوە[٤].

وانلی دووپاتی کردەوە کە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی نوێنەرایەتیکردنی شۆڕش لە دەرەوە درا و بەمەش چالاکی دەرەکی - بە گوێرەی بۆچوونی ئەو- بوو بە کارێکی هەڵبژێردراو و رێکەوت و گۆشەگیر[٤]. پێدەچێ ئەمە بۆ هەڵوێستی وانلی بەرامبەر رێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیران بگەڕێتەوە، لەوەش گرنگتر پاراستنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆنی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥٣ و دواتر : ش.ج.ئاشریان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٢ و دواتر.

(٢) وەرگیراوە لە کتێبەکەی ، کوردستانی عیراق ...، ل ٤١٨.

(٣) ئەیوب بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٢٩٤-٢٩٥.

(٤) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل٣٤٣.

مەکتەبی سیاسی پارتی، لە نێویاندا: ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی[0]. لەو کاتەوە نوێنەرانی دیکەی شۆڕشی کورد لە وڵاتانی تر درێژەیان بە کارەکانیان دا، لە لایەڕەکانی داهاتووشدا ئەمە دەردەکەوێ.

() وانلی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی پاراستبوو ، بڕوانە : کتێبەکەی ، کوردستانی عیراق ...، ل ل ٣٠٧-٣٠٨.

باسی چوارەم:

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان و چالاکیە دەرەکیەکانی هەتا ساڵی ١٩٧٠

یەکەم: نامەی بارزانی بۆ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دەربارەی ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیران

پێشتر ئاماژە بەوە کرا کە دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦، کوردستان لە سایەی حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق پێشهاتی سیاسی گرنگی بەخۆیەوە دیت، ئەم حکوومەتانە گرنگیان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە نەدەدا، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد چاوەڕێی زۆری لێ نەدەکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەکەوتە دژایەتیکردنیان. ئەگەرچی لەم قۆناغەدا چەند هەوڵێکی شەرمنانە و تاکلایەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازی ئاشتیانە لە ئارادا بوون، بەڵام هیچی وایان لێ سەوز نەبوو و لەلایەن ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و سەربازانەوە بە توندی ڕەت کرانەوە. ئەم سیاسەتەش پاڵی بە سەرکردایەتی کوردەوە نا داوا لە حکوومەتەکان بکات پابەند بن بە بەڵێنەکانیان، بەڵام ئەمەش هیچی لە بابەتە نەگۆڕی[٢].

لەم چوارچێوەیەدا لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد نامەیەکی ئاراستەی هارۆلد ویلسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کرد و تێیدا باسی لەوە کردبوو کە بەهۆی پابەند نەبوونی حکوومەتی عێراق بە بڕیارەکانی ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانەوە ڕەوش لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت ترسناکە. بارزانی ڕاشیگەیاند: حکوومەتی عێراق سیاسەتی هەڵوەشاندنەوە و لەباربردنی شۆڕشی کورد پیادە دەکات، هەروەها هەوڵی گورزوەشاندن لە گەلی کورد و هاندانی دوژمنانی لە خیانەتکار و بەکرێگیراوان دەدات، هەر ئەمەش بە درێژایی ماوەی ڕابردوو بووە هۆی لاوازکردنی دەرفەتەکانی جێگیربوونی سەقامگیری و خولقانی پشێوی و دەستدرێژیکرن بۆ سەر ئازادی و ئاسایشی هاوڵاتیان و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لە دڵ و دەروونی خەڵك و خولقاندنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان عەرەب و کورد. بارزانی لە نامەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کە گەلی کورد هیچ هیوایەکی بەوە نەماوە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەڵێنەکانیان بێننە جێ و داوای لە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کرد لە هەڵوێستی کورد تێبگات و هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ لە پێناوی دڕووستکردنی گوشار لەسەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی ڕێگای گفتوگۆ و دانوستان بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی دادوەرانە بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە و هەموو لایەك لە مەینەتیەکانی شەڕ و وێرانکاری دوور بکەونەوە و ڕێگری لە هەموو ئەو ئەنجامە مەترسیدارانە بکرێ کە لەوانەیە لە

() بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، شێرزاد زەکەریا محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٣ و دواتر.

تێکچوونی بارودۆخ بکەونەوە، بە هەڕەشەکردن لە ئاشتەوایی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە کە کێشەی کورد یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی.

هەروەها بارزانی دووپاتی کردەوە کە شۆڕشی کورد بەپێی بەیانی ٢٩ ی حوزەیران، هەموو پابەندیەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، بۆیە بەرامبەر هیچ یەکێك لەو ئەنجامە نەرێنیانە بەرپرسیار نابێ کە لەوانەیە لە جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندی بکەونەوە. هاوکات بارزانی دەڵێ: "... گەلی کورد کە تاڵیەکی زۆری بە دەستی شەڕەوە چەشتوە و لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا بەهۆی داواکردنی ئاساییترین داواکاریە نەتەوەیی و مرۆییەکانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا وڵاتەکەی وێران کراوە، هیواخوازە بەڕێزتان و دەوڵەتەکەتان و سەرجەم هێزە ئاشتیخواز و خێرخوازەکانی جیهان دەستی یارمەتی درێژ بکەن بۆ ئەوەی عێراق بگاتە کەناری ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری، بە تایبەتی لەم دۆخەدا کە هەوڵ و کۆششی زۆر لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆزینەوەی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکە لە ئارادان..." [١].

دووەم: سەردانی رۆژنامەنووسانی بیانی بۆ کوردستان

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە هەوڵی گەیاندنی دواپین هەواڵەکانی شۆڕش و پێشهاتەکانی بوو بە دەرەوە، بۆ ئەوەی رای گشتی جیهان ئاگاداریان بێ، کاتێك ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ پێکهێنرا، دەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لە دەرەوە لێ کەوتەوە و وەك ئەوە وابوو کە ئۆتۆنۆمی راگەیەنرابێ، ئەوەبوو هەواڵ و بەیاننامەکانی ئەنجوومەن و پارتی لە چەندین میدیای فەرەنسی و ئەسکەندەناڤی و ئەڵمانی و وڵاتانی سۆسیالیستیدا بڵاو کرانەوە. هەروەها بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆر بابەت نووسران و تیایاندا پشتگیری و لایەنگری بۆ پێکهێنانی کارگێڕی تازە لە کوردستان راگەیەنرا، بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە لەلایەن دۆستانی کورد لە دەرەوە بڵاو کرانەوە. لێرەدا بە تایبەتی ئاماژە بە رۆژنامەنووسی ئایسلەندی هارلدسۆن (Haraldsson) دەکرێ کە بە رێکەوت لە کوردستان بوو و ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بوو و رووماڵی رووداوەکەی کرد، پاش گەڕانەوەشی بۆ ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا و ئایسلەندا، کۆمەڵێك بابەتی نووسی و وێنەی زۆری بڵاو کردەوە، هەروەها فیلمێکی دۆکیومێنتاری دەربارەی کوردستان بە هەردووك زمانی ئەڵمانی و ئایسلەندی بڵاو کردەوە کە ماوەکەی ١٥ خولەك بوو، جگە لە نووسینی کتێبێك دەربارەی کوردستان [٢].

---

(١) بڕوانە دەقی نامەکە لە پاشکۆی ژمارە ٢٥.

(٢) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.بڕوانە دەقی ئەو بابەتانەی لەلایەن رۆژنامەنووس هارلدسۆنەوە نووسراون لە : جەبار قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢ ودواتر.

بەهۆی گرنگی سەردانی رۆژنامەنووسان بۆ سەنگەرەکانی شۆڕش، بە تایبەتیش ئەوروپیەکان، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئەرکی یاوەریکردنی رۆژنامەنووسانی بیانی تەنانەت بۆ سەنگەرەکانی شەڕیش [1] بە یونان هورمزی پێشمەرگە سپارد، بەو پێیەی ئەو توانای هەبوو بە چەند زمانێکی ئەوروپی قسە بکات.

ئەم رۆژنامەنووسانە کە دەگەیشتنە کوردستان، سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان دەکرد و چاویان بە ئەندامانی دەکەوت و رووماڵی چالاکییەکانی مەکتەبیان دەکرد[2]. دوای کودەتای ٣٠ تەموزی ١٩٦٨، ئێریك رۆلۆی (Eric Rolo) رۆژنامەنووسی بەناوبانگی فەرەنسی سەردانی کوردستانی کرد، پاش دەرچوونی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و گەیشتنی بە سنوورەکانی کوردستانی ئازاد، سەرەتا سەردانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی کرد لە ناوپردان و تا کاتی بینینی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش لەوێ مایەوە، چونکە ئەو کاتە بارزانی لە دەرەوەی حاجی ئۆمەران بوو[3] .ئەم سەردانە ئاستی گرنگی مەکتەبی تەنفیزی و پشتبەستنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەو مەکتەبە دەردەخات.

هەروەها لە کۆتایی نیسانی ١٩٦٩، لۆرد کلیبراکنی (Killbracken) ئەندامی ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانیا و سەرنووسەری رۆژنامەی ئیڤنینگ ستانداردی (Evenning Standard) لەندەنی بۆ جاری دووەم [4]سەردانی کوردستانی کرد و بۆ ماوەی دوو هەفتە مایەوە و سەردانی ژمارەیەك لە ناوچەکانی کوردستانی کرد، و رووماڵی هەندێك لە چالاکییەکانی مەکتەبی تەنفیزیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد، لە نێویاندا ئەو ئاهەنگە تایبەتەی کە لە رۆژی ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٩ بە بۆنەی تەواوبوونی خولێکی بێتەل لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی مخابەرە لە کوردستان ساز کرا. دوای گەڕانەوەشی بۆ وڵاتەکەی، ژمارەیەك بابەتی سەبارەت بە بارودۆخی شۆڕشی کورد و سیاسەتەکانی حزبی بەعس دەرهەق بە گەلی کورد و پێداویستیەکانی [5]لە رۆژنامە ئینگلیزی و ئەوروپیەکان نووسی.

پێدەچێ چالاکییەکانی شۆڕشی کورد و رێکخستنەکەی، ئاسەواری لەسەر لۆرد کیلبراکن بەجێ هێشتبێ، ئەوەبوو دوای گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا، لە ژمارەی رۆژی ١١ ی ئایاری ١٩٦٩ ی رۆژنامەی

---

(1) بڕوانە ، یونان هورمز ، سەرچاوەی پێشوو .

(2) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(3) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(١٧)، (کانونی دووەم،١٩٦٩)،ل.٤.

(4) بۆ جاری یەکەم لۆرد کیلبراکن لە بەهاری ١٩٦٦ سەردانی کوردستانی کرد و دوای گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی ، پێنج بابەتی دەربارەی کێشەی کورد لەژێر ناونیشانی (کیلبراکن لە کوردستان) لە رۆژنامەی ئیڤنینگ ستانداردی لەندەنی نووسی و لەسەر ئاستی بەریتانیا دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لێ کەوتەوە ، کیلبراکن لە وتارەکانیدا بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی کورد راگەیاند . بڕوانە، مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(5) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٠)، (مایسی ١٩٦٩)،ل ل ٦،١٠.

سەندەی تایمزدا (Suunday Times) بابەتێکی دوورودرێژی بڵاو کردەوە و تێیدا باسی سەردانەکەی و ئەو دیمەنانەی کردووە کە لە کوردستان بەرچاوی کەوتوون، هەروەها جەختی لەو پێشکەوتنانە کردۆتەوە کە لە ریزەکانی شۆڕشی کورد رووياندواوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو گەشتەی کە لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ کوردستان ئەنجامی دابوو، وەك بابەتی دابینکردنی چەکی باش و گۆڕانکاری لە ئاست و جۆری راهێنانی پێشمەرگە و جۆری چەکەکانیان. لە بابەتەکەدا کیلبراکن دەڵێ: "... ئێستا دڵم لای گەلی کورد و بۆ ئەوان بەهێز لێدەدات... [1]".

کیلبراکن لە بابەتەکەیدا باسی لە رەچەڵەکی کورد کردووە و بۆ میدیەکان گێڕاونەتیەوە کە پێش نزیکەی چوار هەزار ساڵ یان زیاتر لە چیاکانی کوردستان ژیاون، دواتر پەسنی کورد دەکات و سیفەتەکانیان بەرز دەنرخێنێ. ئینجا دێتە سەر بەردەوامبوونی خەباتی کورد لەپێناوی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، لەم چوارچێوەیەدا کیلبراکن باس لەوە دەکات کە چۆن کورد یاسای تایبەت بە خۆیان دارشتووە و دادگایان پێکهێناوە و دادوەریان دامەزراندووە و قوتابخانەشیان بونیاد ناوە بۆ ئەوەی تیایاندا بە زمانی کوردی بخوێندرێ و چۆن ئەوان بوونەتە خاوەنی رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان. لە کۆتایی بابەتەکەیدا کیلبراکن جەختی لەسەر شۆڕشی کورد کردۆتەوە کە لە ساڵی ١٩٦١ بەرپا بووە و باس لەوە دەکات کە چۆن کورد بە پشتبەستن بە هێزی چەکی خۆیان جۆرێك ئۆتۆنۆمی ناوخۆییان لە ناوچەکانیان دامەزراندووە و کاروباریان بەڕێوە دەبەن و دەڵێ: لە راستیدا حکوومەتی عێراق تەنیا کۆنترۆلی پێنج شارە گەورەکەی کوردستانی عێراق دەکات موسل، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، خانەقین و لە ناوچەکانی تر هیچ دەسەڵاتێکی نییە [2].

لە بابەتێکی دیکەدا کە گۆڤاری کوردستانی (Kurdistan) زمانحاڵی ئەنجوومەنی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا لە ژمارەی ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاوی کردەوە، کیلبراکن نووسیویەتی: لەم بەهارەدا - واتە ساڵی ١٩٦٩- گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دوو هەفتە لەنێو ریزەکانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بەسەر ببەم، ئەو سوپایەی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لەپێناوی هێنانەدی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دەجەنگێ. سوپاکە نزیکەی ١٥٠٠٠ چەکدار دەگرێتە خۆی و بە پێشمەرگە ناسراون، واتە ئەو کەسەی رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و هیچ یەکێك لەمانە هەڵگری پایە و پلە و مەدالیا نین کە لەیەك جیایان بکەنەوە، تەنیا تاخم و چەند فیشەکدانێکیان پێ بوو، لەگەڵ ئەم کەسانەدا هەستم بە دڵنەوایی و سەلامەتی دەکرد [3].

---

(1) The Sunday Times, May 11, 1969.

(2) The Sunday Times, May 11, 1969.

سەبارەت بە جموجۆڵکردنیشی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا، کیلبراکن باسی لەوە کردووە کە بەوپەڕی ئازادیەوە دەجولایەوە و لەم چیایانەدا سەردانی بارزانی دەکرد و بەشداریی لەو کۆبوونەوانە دەکرد کە ئەنجام دەدران، هەروەها لە گەڵاڵە سەردانی سەنتەری بازرگانی و رادیۆی شۆڕشی کورد و نەخۆشخانەی یەکەمی کردووە کە لەناو پێگە سەربازییەکانی پێشووی حکوومەت لە رواندز بونیاد نرابوو. دەربارەی شوێنی مانەوەشی، کیلبراکن دەڵێ ئەو زۆربەی شەوەکانی لە دوو ژووری قوڕ بەسەر بردووە و هەندێك پێشمەرگە پاسەوانیان دەکرد [1].

ئەم رۆژنامەنووسانە لە وڵاتانی خۆیانەوە بەرگریان لە دۆزی کورد کرد، بۆ نموونە، ساڵی ١٩٦٩ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد زانیاری بەدەست گەیشت کە حکوومەتی عێراق بە نهێنی باڵیۆزی خۆی لە لەندەن راسپاردووە کە بە مەبەستی کڕینی هەندێك فرۆکەی جۆری هۆکەر هەنتەر بۆ سوپای عێراق لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیا بکەوێتە گفتوگۆکردن و کورد پێی وابوو کە حکوومەتی عێراق ئەم فرۆکانە لە دژی کوردستان بەکار دێنێ، ئەم بۆچوونەی کوردیش لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ناکرێ سوود لەم فرۆکانە ببینرێ بۆ شەڕکردن لە دژی ئیسرائیل. سەبارەت بەم هەواڵە، رۆژنامەی دەنگی پێشمەرگە نووسی: تەنانەت خودی حکوومەتی بەریتانیاش درکی بەمە کردبوو، بەڵام وەك پاداشتێك بەرامبەر بەو خزمەتەی حکوومەتی بەعس پێشکەشی دەکات [2]، پەنای بردۆتە بەر واژۆکردنی ئەم جۆرە گرێبەست و بۆندە سووکانە.

دوای گەڕانەوەی لە کوردستان و لە میانی بەشداربوونی لە دانیشتنی ١٥ ی ئایاری ١٩٦٩ ی ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانیا، کە تایبەت بوو بە کۆڵینەوە لە بابەتی بەشداربوونی فرۆکە بەریتانییەکان لە شەڕی ڤێتنام ١٩٥٦-١٩٧٥ لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە، لۆرد کیلبراکن پرسیارێکی ئاراستەی بەشداربوانی کۆبوونەوەکە کرد و وتی: "... ئەگەر بەشداربوونی فرۆکە ئینگلیزیەکان لەلایەن ئەمەریکا لە شەڕی ڤێتنام نابەجێ و کارێکی خراپ بێ، تۆ بڵێی بەخشینی فرۆکە بە حکوومەتی بەغدا خراپتر نەبێ ؟ ئەو فرۆکانەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەنانەت ئاساییترین بنەما مرۆییەکان بارەکانیان لە دژی خەڵکی سڤیل لە کوردستان بەکار دێنن ؟...". لە وەڵامدا لۆرد کینیتی (Lord Kennet) سکرتێری ئەنجوومەن وتی: لەو بارەوە هیچ زانیاریەکی نییە و بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە پرسیار

---

(١) Kurdistan Journal, No (13), (London, 1969), pp 20-23.وەرگیراوە لە ، نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا- ژمارە (١- ١٧) مارتی ١٩٥٨- ١٩٧٤، (سلێمانی، ٢٠١١)، ل ل ٢٧٠-٢٧١. لە داهاتوودا تەنیا بە ناوی (گۆڤار) ئاماژە بە سەرچاوەکە دەکرێ .

(١)Kurdistan Journal,Op.cit, p. 23

(٢)گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەمی ١٩٦٩)،ل ٢.

ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات[٥]. بێگومان ئەم جۆرە گفتوگۆیانە دەبوونە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەن بۆ لای کێشەی کورد.

لەلایەکی دیکە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان توانی پشتگیری ئەو ڕێکخراوانە وەدەست بێنێ کە بە مەبەستی لایەنگیریکردنی شۆڕشی کورد لە دەرەوە دامەزرابوون، ئەوەبوو لە ٢١ ی ئاداری ١٩٦٩ دا و بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، نووسینگەی لیژنەی پشتگیرکردن لە شۆڕشی کورد لە فەرەنسا کە نوخبەیەك لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەوروپای گرتبوە خۆی، نامەیەکی ئاراستەی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کرد و تیایدا پیرۆزبایی ئاراستەی بارزانی و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پێشمەرگە و پارتی کرد و هیوای سەرکەوتنی خەباتی قارەمانانەی کوردی خواست لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکانی. هەروەها ڕایگەیاند کە بەردەوام دەبێ لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی کە لە پێناوی بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و تووندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکانی نێوان گەلی کورد و هەموو گەلانی دیکەی جیهان گرتوویەتیە ئەستۆ [٤].

سێیەم: ڕۆڵی کامەران بەدرخانی نوێنەری شۆڕشی کورد لە پشتگیریکردنی دۆزی کورددا

لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨، میر کامەران بەدرخانی نێردەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان لە دەرەوە یاداشتنامەیەکی سەبارەت بە کێشەی کورد لە عێراق ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تیایدا پوختەیەکی دەربارەی گەلی کورد و مێژووەکەی و گرنگترین ئەو ڕووداوانە خستە ڕوو کە لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی کورد لە ١١ ی ئەیلوول ی ١٩٦١ لە کوردستان ڕوویانداوە، وێڕای باسکردن لە ڕاستی ئەو شەڕەی حکوومەتی عێراق لە دژی کورد بەرپای کردووە و بەردەوامبوونی لەسەر گرتنەبەری ڕێگەچارەی سەربازی وەك بنەمایەك بۆ کۆی بابەتەکە. بەدرخان لە نامەکەیدا ڕاشیگەیاندووە کە کورد داوای جیابوونەوە ناکەن، بەڵکو داوای مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان دەکەن و لە لایەن حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقەوە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە دەبنەوە. لە کۆتایی یاداشتنامەکەدا داوای ئەوە کراوە کە دەستە نێودەوڵەتیەکان ئاوڕ لە کێشەی کورد بدەنەوە و هەوڵی ڕازیکردنی حکوومەتی عێراق بدەن بۆ ئەوەی بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەری بکات [٥].

---

(١) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەمی ١٩٦٩)،ل ٢.

(٢) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٩)، (نیسانی١٩٦٩)،ل٢.

(٣) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە ٢٦.

دوای تێپەڕبوونی تەنیا سێ رۆژ، واتە لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ کامەران بەدرخان نامەیەکی دیکەی ئاراستەی یو سانتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و تێیدا باسی لە سرووشتی دۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد کرد، هەروەها دووپاتی کردەوە کە حکوومەتی عێراق بەردەوامە لەسەر هێرشکردن بۆ سەر کوردستان و ئەمە بۆتە مایەی بڵاوکردنەوەی وێرانکردنی ناوچەکە. لە کۆتایی نامەکەیدا بەدرخان بەناوی گەلی کوردەوە داوای لە یو سانت کرد کە پێویستە نەتەوە یەکگرتوەکان بەو شارەزاییەی لەم بوارەدا هەیەتی نێوەندگیرێك دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانە کار بکات [1].

لە هەنگاوێکی دیکەدا و لە ١٦ ی ئایاری ١٩٦٩ میر کامەران بەدرخان نامەیەکی دیکەی ئاراستەی یو سانت کرد و ئاماژەی بە ناهەمواریی ئەو بارودۆخانە کرد کە ناوچەی کوردستانی عێراق بەدەستیەوە دەنااڵێنێ، ئەمەش لە سایەی ئەو هێرشانەدا کە هێزە حکومیەکان لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ٣ ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ وە بۆ سەر ناوچەکە ئەنجامیان دەدات و ئاستی ئەو زیانانەی بەر ماڵ و موڵك و گیانی دانیشتوانی سڤیل کەوتوون. وێڕای باسکردن لە حەقیقەتی ئەو دەستدرێژیانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێن. بەدرخان لە کۆتایی نامەکەیدا داوای لە یوسانت کردووە کە بۆ رزگارکردنی گەلی کورد لەو مەترسیانە کار بکات کە رووبەڕووی دەبنەوە [2].

هەروەها نوێنەرانی ئەنجوومەن لە دەرەوە رۆڵێکی گرنگیان بینی لە وەڵامدانەوە و بێدەنگکردنی ئەو پروپاگەندانەی کە لەلایەن لایەنگر و کارمەندانی حکوومەتی عێراق لە رۆژنامە جیهانییەکان لە دژی کورد و شۆڕشەکەیان بڵاو دەکرانەوە. لە ٤ ی ئەیلوول ی ١٩٦٩ دا باڵیۆزی عێراق لە پاریس بابەتێکی لەژێر ناونیشانی شەڕ لە عێراق لە رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیدا بڵاو کردەوە و تیایدا زۆر بە توندی هێرشی کردبووە سەر بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد و بەوە تۆمەتباری کردبوو کە " بە عەقڵێکی خێڵەکی بیر دەکاتەوە و کار دەکات " و " تاڵان دەکات " و " بە مردن حوکم دەکات" و چەندین تۆمەتی دیکەی لەم جۆرە.ئەمە وایکرد دکتۆر کامەران بەدرخانی [3] نوێنەری سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە فەرەنسا لە بابەتێك لە ژمارەی رۆژی ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ی هەمان رۆژنامەدا وەڵامی وتە

---

(1) بڕوانە دەقی نامەکە لە پاشکۆی ژمارە ٢٧.

(2) بڕوانە دەقی نامەکە لە پاشکۆی ژمارە ٢٨.

(3) ناوی کامەران ئەمین عالی بەدرخانە ، سیاسەتوان و زمانەوان و نووسەرە و ساڵی ١٨٩٥ لە ئەستەنبۆل لەدایك بووە ، هەر لەوێ بڕوانامەی لە بواری ماف وەدەست هێناوە، دواتر پلەی دکتۆرای لە ئەڵمانیا وەدەست هێناوە . لە پاریس گیرساوەتەوە و لە بەشی زمانی زانکۆی سۆربۆن بۆتە مامۆستا . خاوەنی چەندین کتێبە دەربارەی کورد و کێشە نەتەوەییەکەی . نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووە لە دەرەوە ، ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، سەلمان عوسمان ،" لە سەدەمین ساڵیادی لەدایکبوونی دکتۆر کامەران عالی بەدرخاندا "، گۆڤاری مەتین ، ژمارە (٤٧) ، (دهۆك ، کانونی یەکەمی ١٩٩٥) ، ل ل ٩٥-٩٩ " محەمەد عەلی سوەیرەکی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ٥٥٩-٥٦٠.

نابەجێکانی باڵیۆزی عێراق بداتەوە. لە بابەتەکەدا هاتبوو: ژمارەیەکی زۆر لەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی لەم ساڵانەی دواییدا سەردانی کوردستانیان کردووە و بەچاوی خۆیان بارودۆخی شەڕیان بینیوە و لەگەڵ شۆڕشدا ژیاون، بۆیە بێگومان ئەوان بینیویانە چۆن شۆڕشگێڕان لە کوردستان و تەواوی گەلی کورد لەژێر سەرکردایەتی بارزانی کار دەکەن و قارەمانانە خەبات دەکەن و لە دەوری سەرۆکەکەیان کۆ بوونەتەوە. بەدرخان دەشڵێت: لە کاتێکدا ئەگەر ئەم وتانەی باڵیۆز راست و دروست بن، تۆ بڵێی ئەو هۆکارانە چی بن کە وایانکردبێ گەلی کورد ئەم سەرکەوتنە گەورانە لە دژی سوپای دەوڵەتێك وەدەست بێنێ کە خاوەنی تازەترین چەك بێ()؟.

ئەگەرچی توانای شۆڕشی کورد لەو ئاستە نەبوو کە بتوانێ خواستی گەلی کورد بەسەر عێراقدا بسەپێنێ و مافەکانی رابگەیەنێ و لە رێی هێزەوە بابەتەکە بکات بە ئەمری واقیع، بەجۆرێك خەڵك حیسابی بۆ بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لە خستنەرووی کێشەی کورد لە دەرەوە، هەرچەندە ئەمەش ئەنجامی راستەوخۆی لێ نەکەوتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە لە کاروانی پێشکەوتنی شۆڕشی کورددا بوو بە پێشهاتێکی گرنگ و لەم بوارەشدا چالاکیە دەرەکیەکانی شۆڕش رۆڵی کاریگەریان هەبوو. لە وەڵامی یاداشتنامەکەی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ ی کامەران بەدرخاندا کە بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردبوو، یو سانتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یەکەم جار رایگەیاند: تاوتوێی بابەتی دامەزراندنی نێوەندگیرێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆخی نێوان کورد و حکوومەتی بەغدا دەکرێ. بەمەش پەیوەندیەکانی شۆڕش لەگەڵ دەرەوە ئەنجامی ئەرێنیان لێ کەوتەوە و بوونە فاکتەرێك بۆ دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و لایەنگران لە خەباتیدا لە دژی حکوومەتی بەغدا ().

چوارەم: پشتگیریی بارزانی لە نوێنەرانی دەرەوەی شۆڕشی کورد:

سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانی بەرامبەر گرنگیی رۆڵی نوێنەرایەتی دەرەوەی شۆڕش، عیسمەت شەریف وانلی وتوویەتی: "... مستەفا بارزانی هەموو توانا و کۆششێکی خستەگەڕ لەپێناوی گەیشتن بە عەقڵی سیاسەتمەداران لە ئەمریکا و ئەوروپا، چونکە ئەو بەهۆی لێهاتوویی و ئەزموون و سەرکەوتن و شکستەکانییەوە دەیزانی کە هۆکاری دەرەکی و تێگەیشتنی سیاسەتوانانی وڵاتانی گەورە، لە پێشەوەیان ئەمەریکا، لە رەوایی کێشەی کورد فاکتەری گەیاندنی کورد بە کەناری ئارام و پاراستنییەتی لە گورگەکان، هەروەها گرێدانی ئەمە لەگەڵ یەکڕیزی کورد دەبێتە مایەی گەیشتن بە رێگەچارەیەکی

() گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە(٢٤)، (تشرینی دووەمی ١٩٦٩)،ل ٢٤.
() مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

گونجاو و دادوەرانە بۆ کێشەکەمان. لە کاتێکیشدا کە بەدەستی تێنەگەیشتنی گەورەکان لە رەوایی کێشەکەمانەوە دەماننالاند، بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندی و هەژموونیان لە ناوچەیەکدا کە لە هەموو دەڤەرەکانی دیکەی جیهان ئالۆزترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵێکی لەو پێناوەدا خستەگەڕ...".
بۆ مێژوو دەیڵێم – وتەکە هی وانلییە-: "...بارزانی خاوەنی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بوو و رووڵی بڕیارەکانی وڵاتانی گەورەی بەهەند هەڵدەگرت..."، دەربارەی ئەو بەربەست و گرفتانەش کە رووبەڕووی نوێنەرانی شۆڕش دەبوونەوە، وانلی دەڵێ: "... ئەو برادەرانەی لەم بوارە کاریان کرد، دەزانن و دێتەوە خەیاڵیان کە گەیشتن بە بڕیاربەدەستانی ئەم دەوڵەتانە چەند ئاستەم بوو، جاری وا هەبوو بە مەبەستی بینینی کارمەندێکی وەزارەتەکانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە چەندین رۆژ و هەفتە چاوەڕێمان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بێ هیوا نەبوو و لە هەوڵەکانی نەوەستا، تەنانەت رۆژێك پێی وتم: پێویستە خۆمان بە باوەڕی جوتیاری کوردستان چەکدار بکەین، ئەو کەسێکی کۆڵنەدەر و مکوڕە و زۆر بە زەحمەت پاروویی ژیانی خۆی لەم سروشتە تونده وەردەگرێ و ساڵانە بەبێ هەستکردن بە بێزاریی [0] ئەم هەوڵانە دووبارە دەکاتەوە...".

پێنجەم: یاداشتنامەی ساڵی ١٩٦٩ ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان:

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان یاداشتنامەیەکی بە چەند پاشکۆیەکەوە ئاراستەی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد و وردەکاریی رەوشی ناهەمواری کوردستانی گرتبووە خۆی و تیایدا هاتبوو: "... تا ئێستا لە مێژووی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە لە پێناوی رزگارکردنی نەوە یەك لەدوایەکەکانی مرۆڤایەتی لە نەفرەتیی شەڕ کار دەکات، رووی نەداوە بەم جۆرە شەڕێکی هەشت ساڵە پشتگوێ بخرێ، ئەویش ئەم شەڕە رەگەزپەرستانەیە کە دەسەڵاتدارانی عێراق لە دژی گەلی کورد ئەنجامی دەدەن، بەبێ ئەوەی گوێ لە داواکاریەکانمان بگیرێ کە چەندین جار ئاراستەی گەورەترین رێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانمان کردووە...". هەر لە یاداشتنامەکەدا هاتووە: "... هۆکاری ئەم شەڕە دڕندانەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلەکەمان دەخوازێ پارێزگاریی لە زمان و کلتوور و پێکهاتە نەتەوەییەکەی بکات، هەروەها بەو پڕۆسە زۆرەملێیە رازی نییە کە مەبەست لە دوایەوە لەناوبردنییەتی لە رووی نەتەوایەتیەوە...". ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەعس ئەنجامی دەدەن، پێشێلکردنی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکانە. هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان جارێکی دیکە داوای لە تەنەوە یەکگرتوەکان کرد گوشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق و ناچاری بکات شەڕی کۆمەڵکوژی رەگەزپەرستانە لە کوردستان

() فەرهاد عەونی ، لە نزیك ...، ل ٤٦٣.

بوەستێنێ، یان لانی کەم لێژنەیەکی بەدواداچوونی راستیەکان و نێوەندگیرێکی نێودەوڵەتی ڕەوانەی کوردستان بکرێن بۆ ئەوەی کار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێ تونده‌ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن [1].

شەشەم: دیبلۆماسیەتی کورد لە هێنانەدی ئامانجەکانیدا دووچاری ئاستەنگ دەبێ:

لەسەر ئاستی فەرمی، داواکاریەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان هیچ جۆرە کاردانەوە و وەڵامێکی ئەوتۆیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی گەورە و تەنانەت وڵاتانی دیکەی جیهانیش لێ نەکەوتەوە، ئەگەرچی ئەوان لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەوە کە بەدەستیان دەگەیشت ئاگاداری راستیەکان بوون، ئینجا بەهۆی یاداشتنامە یان پەیوەندیە کەسێتیەکان یان میدیاوە، بەڵام لە کێشەکە نزیك نەکەوتنەوە و گرنگیان پێ نەدا و تەنیا وایان لێکدایەوە کە کێشەیەکی ناوخۆییە و پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، ئەمەش زیاتر بەهۆی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیە تایبەتیەکانیان بوو لە ناوچەکە، چ لەگەڵ وڵاتانی عەرەب یان ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژیا [2].

لە کاتێکدا عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری شۆڕشی کورد لە دەرەوە پێی وایە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە بەربەست لەبەردەم سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کورد ئەوەبوو وڵاتانی گەورە لە کێشەی نێوان کورد و عێراقدا هیچ بەرژەوەندیەکیان نەبوو، هەروەها سیفەتی موحافیزکارانەی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان کە دژایەتی پێشکەوتن دەکات و تایبەتە بە هەموو ئەوەی پەیوەندی بە مافەکان و پاراستنی ئەو گرووپە نیشتمانیانەوە هەیە کە خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان نین. وانلی ئاماژە بە هۆکارێکی دیکەی گرنگ دەکات کە بریتیە لەوەی شۆڕشی کورد ئامانجی سەربەخۆیی نیشتمانی هەڵنەبژارد، بەڵکو قۆناغەکانی شەڕ و ئاگربەست لە نێوان بەغدا و شۆڕش درێژەیان کێشا و بەردەوام بوون، ئەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا گرفتی زیاتری بۆ کێشەی کورد خولقاند، بەڵکو تەنانەت بێ ئومێدی بۆ باشترین دۆستەکانیش دروست کرد و لە کۆتاییدا ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆییشدا بووە هۆی دابەزاندنی وەرە و تواناکان. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ڕێگەی نوێنەرانی دەرەوەی و ڕێکخراوە کوردیەکان و میدیاشەوە توانی رایەکی گشتی جیهانی لایەنگری کێشەی گەلی کورد لە عێراق پێك بهێنێ [3].

---

(1) بڕوانە دەقی یاداشتنامەکە لە پاشکۆی ژمارە ١٧.

(2) محمود عوسمان، ژێدەرێ بەرێ، ل٩٣.

(3) عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عیراق ...، ل ل ٤١٨-٤١٩.

ئەگەرچی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی زلهێز لە کێشەی کورد نزیك نەکەوتنەوە، بەڵام چالاکیە دەرەکیەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان کاریگەریی ئاشکرایان هەبوو و بە شێوەیەکی گشتی توانیان ئەو هەڵسوکەوتانەی لە دژی کورد ئەنجام دەدران لە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاشکرا بکرێن، بە جۆرێك خودی رژێمی عێراق نەیتوانی وەڵامی ئەم روونکردنەوانەی کورد بداتەوە و هەمیشە ئەو وتەیەی دووبارە دەکردەوە: "... هیچ شەڕێك لە دژی کورد لەئارادا نییە، بەڵکو شەڕێك لە دژی هەندێك لە باندەکان بوونی هەیە...". ئەمەش بێگومان دوور بوو لە راستی، بەڵکو تەنانەت پیاوانی حکوومەتیش لە دەرەوە قەناعەتیان پێی نەبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی گەیشتنە ناو پێگەکانی شۆڕش و بە چاوی خۆیان کردەوە سەربازییەکانیان لە کوردستان بینی، دواتر لە رێگەی نووسینی دەیان بابەت و کتێبەوە [1] ناراستی دەربڕینەکانی حکوومەتی عێراقیان دەرخست و سوودێکی زۆریشیان بە شۆڕشی کورد گەیاند، هەروەها چاوی جیهانیان خستە سەر دۆزی گەلی کورد و خەباتکردنی لە پێناوی هێنانەدی مافە رەواکانی.

بەم جۆرە، بەردەوامبوون لەسەر خستنەرووی کێشەی کورد لە دەرەوە، ئەگەرچی راستەوخۆ ئەنجامی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، بەڵام بووە پێشهاتێکی گرنگ لە پرۆسەی پێشکەوتنی شۆڕشی کورد و دۆست و لایەنگری زیاتری بۆ خەباتکردن لە دژی حکوومەتی بەغدا پەیدا کرد[2].

---

(1) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤. بۆ نموونە بڕوانە : رێنێ مۆریس ، سەرچاوەی پێشوو : دێڤد ئادامسن و جەرجیس فەتحوڵا ، سەرچاوەی پێشوو : بابەتەکانی رۆژنامەنووسی فەرەنسی ئێریك رۆلۆ لە ، ئەیوب بارزانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٩٩-٢١٢.

(2) مەحمود عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

کۆتایی

توێژینەوەکە بە ژمارەیەک دەرەنجام گەیشت لەوانە:

1- سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هەر لە سەرەتای بەرپابوونییەوە لە ساڵی ١٩٦١ سەرقاڵی پێکهێنانی دامودەزگای تایبەت بە یاسادانان و جێبەجێکردن بووە لە کوردستان، بۆ ئەوەی لە رێگەیانەوە کاروباری هاوڵاتیان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا رایی بکرێ.

2- مەبەستی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە پێکهێنانی دامودەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە کوردستان بریتی بوو لەوەی پەیامێك ئاراستەی حکوومەتی ناوەندی بکات و پێی رابگەیەنێ کە شۆڕشی کوردستان بریتی نییە لە یاخیبوونی کەسێك یان خێزانێك یان گرووپێك "چەند باندێك" وەك بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو شۆڕشی گەلێکە لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوەییە رەواکانی.

3- سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە بەردەوامی کاری دەکرد لە پێناوی رەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ لەدایکبوونی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان، ئەمەش بە روونی لەو یاداشتنامە و دانوستانانەدا دەردەکەوێ کە دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ئەنجام درا.

4- جیابوونەوەی گرووپێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە نیسانی ١٩٦٤ بووە هۆکارێك بۆ خێراکردنی هەنگاوەکانی پێکهێنانی ئەنجوومەن، ئەوەبوو کۆنگرەی شەشەمی پارتی کە لە تەموزی ١٩٦٤ ساز کرا، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی دا و تەنیا دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ ئەنجوومەن لەدایك بوو. دواتر هەر لە رێگەی ئەم ئەنجوومەنەوە سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵی گرتنەخۆی هەموو رۆڵەکانی میللەت و کۆنترۆلکردنی تەنگژەکەی دا و دووپاتی کردەوە کە شۆڕشی کورد مۆڵکی کەسێك یان حزبێك یان گرووپێکی دیاریکراو نییە بەڵکو شۆڕشی گەلە.

5- بە پەلە دەست بە ئامادەکاری کرا بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەن، بۆیە کەموکورتی زۆری پێوە دیار بوو، ئەوەبوو لە کاتی دیاریکراودا ناوی زۆر لەوانە نەگەیشت کە بانگهێشتی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە کرابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوەکانیان خرایە نێو ئەو لیژنانەی کە لە کۆبوونەوەی یەکەمی تایبەت بە ئامادەکردنی دەستووری ئەنجوومەن و رێنماییەکانی لیژنەکان کەوتنەوە.

6- ئەنجامدانی دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەن، سەرەڕای بوونی کەموکورتیەکان، سەرکەوتنێك بوو بۆ پارتی و بارزانی سەرۆکەکەی، کە توانی هەموو سەرکردە سەربازی و حزبیەکان و

سەرۆك هۆزەكان لەژێر یەك بنمیچدا كۆ بكاتەوە، سەرەڕای ئەو دۆخە ناهەمواریەی كە شۆڕش بەهۆی جیابوونەوەی ناوخۆیی و ململانێكردن لەگەڵ حكوومەتی ناوەندی بەخۆیەوە بینی.

7- پێشكەشكردنی یاداشتنامەیەك بەناوی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش بە حكوومەتی ناوەندی لە ١١ ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٤ و ئەو داواكاریانەی كە لە ناوەرۆكەكەیدا هەبوون، دووپاتكردنەوەیەك بوو بۆ ئەوەی شۆڕشی كورد خاوەنی هەڵوێستێكی لاواز نییە، بە پێچەوانەوە، وتارەكەی لە روانگەی هێزەوە بوو و متمانەی بە حكوومەت نەبوو.

8- پێكهێنانی یەكە كارگێڕییەكان لە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان بیرۆكەیەكی گونجاو و كردەیی بوو، بەڵكو زیاتر پەیامێكی سیاسی بوو بۆ حكوومەت لەوەی هەنگاوێكی كارگێڕی بێ. بەڵام بەهۆی كەمی پشتگیری دارایی و مەعنەویەوە لە ئەنجامی دۆخی شۆڕش، ئەم یەكە كارگێڕیانە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ بەردەوام نەبوون و جارێكی دیكە لە نیسانی ١٩٦٥ شەڕ لە كوردستان دەستی پێكردەوە، هەروەها بەهۆی ناڕەزایی سەركردە سەربازییەكان لە بەردەوامبوونی ئەم یەكە كارگێڕیانە، چونكە ئەوان پێیان وابوو بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەرك و كارەكانیان.

9- لێژنەی فێركردن و تەندروستی سەر بە مەكتەبی تەنفیزی خزمەتگوزاریی گرنگ و كاریگەری لە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان پێشكەش كرد و وێڕای كەمی تواناكانیش، بەڵام توانی بەشدار بێ لە رووبەڕووبوونەوە و كەمكردنەوەی زیانەكانی گەورەترین دوو مەترسی كە مایەی هەڕەشە بوون بۆ سەر گەلی كورد، ئەوانیش نەخۆشی و دواكەوتوویی بوون و بەبێ بوونی ئەم دەزگا گارگێڕیەش مەحاڵ بوو كاروبار وەك پێویست بەڕێوە ببرێ.

10- ئەو خولانەی لە پێناوی ئامادەكردنی كادری مەشقپێكراو لەلایەن لێژنەی سەربازیی سەر بە مەكتەبی تەنفیزیەوە كرانەوە، رۆڵی گرنگیان بینی لەنێو ریزەكانی پێشمەرگەدا، ئینجا چ لە بواری بێتەل بێ یان بوارەكانی تر.

11- لە ماوەی پێكهێنانی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە كوردستان، شۆڕشی كورد هەوڵی دا دیمەنێكی روون و گونجاو دەربارەی شۆڕشی كورد بە جیهانی دەرەوە ببەخشێ و دووپاتی بكاتەوە كە شۆڕش لەسەر بنەمای دامودەزگاوە بەرپا كراوە و بریتی نییە لە یاخیبوون یان تێكدان، وەك ئەوەی حكوومەتی عێراق بانگەشەی بۆ دەكات، بۆیە هەوڵی دا زۆربەی پەیوەندیەكانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە رێگەی ئەو نوێنەر فەرمیانەوە بێ كە لەلایەن ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشەوە بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنراون. هەروەها

زۆربەی چالاکیە ناوخۆییەکانی شۆڕش بەناوی مەکتەبی تەنفیزی و لیژنەکانییەوە ئەنجام دەدران، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی پارتی سەرکردەی ناوچەکە بوو.

12- نوێنەرانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دەرەوە رۆڵێکی باشیان بینی لە خستنەرووی مەینەتیەکانی گەلی کورد و ڕەوایی کێشە نەتەوەییەکەی بۆ وڵاتانی دەرەوە و نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاگادارکردنەوەی رای گشتی، بەراستی ئەوان باڵیۆزی دۆزە نەتەوەییەکەیان بوون لە دەرەوە.

13- پابەندبوونی وڵاتانی گەورە، بە تایبەتی ئەمەریکا و بەریتانیا بە پاراستنی بەرژەوەندیی و پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکانیان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی عەرەب وایکرد کە پشتگیری لە شۆڕشی کورد نەکەن.

14- ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەم قۆناغەدا تەنیا ڕێگری نەکرد لە پشتگیریکردن و یارمەتیدانی کورد، بەڵکو بەرپرسانی ئەم وڵاتە زانیاریان دەربارەی جموجۆڵ و ئەو گفتوگۆیانەش بە وڵاتانی پەیوەندیدار دەدا کە سەبارەت بە دۆزی کورد لە ئارادابوون، وەك ئەوەی لە کاتی سەردانەکەی مەسعود محەمەد بۆ لای ستروٚنگی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا ڕوویدا.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: بەڵگەنامە بڵاوونەکراوەکان:

1- زانکۆی موسل سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی موسل:

ناونیشانی دۆسیە	ژمارەی دۆسیە
- ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤	١٠٤/٤
- ئاسایش لە لیوای موسل ساڵی ١٩٦٤ – ١٩٦٥	١٢٥/٤
- حەرەس قەومی	٤٣/٤

2- دۆسیەکانی تایبەت بە دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٤ و دواتر:
(ئەم دۆسیانە لەلایەن دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانییەوە پارێزراون و لە عەبدولرەزاق سەید مەحمودی پارێزگاری سلێمانی و دانوستانکاری سەرەکی حکوومەت دەستی کەوتوون)

دووەم: بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

١- کتێبە بەڵگەنامەییەکان:

أ. بە زمانی کوردی:

- شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسیی و پیشەییەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویدا ١٩٥٨ - ١٩٦٨، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠١.
- شازین هێرش و نزار محەمەد، بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویدا ١٩٦٤- ١٩٧٠، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیدا، ئامادەکردنی، عەبدوڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، لوبنان، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم.
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣-١٩٧٣، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- وریا ڕەحمانی، شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا، تاران، ٢٠١٢.

ب. بە زمانی عەرەبی:

- شێرکۆ حەبیب، کورد لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نیشتمانی بەریتانیادا ١٩٥٨-١٩٦٩، پێداچوونەوە و پێشکەشکردن، عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، قاهیرە، ٢٠١٩ بەشی ٢.

- عادل تەقی عەبد محەمەد بەلداوی، شەقامی عێراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا – بەڵگەنامەی نوێی ئەمنی-، پێشکەشکردن، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا، ٢٠٠٤.
- عادل تەقی عەبد محەمەد بەلداوی، خەباتی گەلی کورد و پێگەی بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی عێراقدا،
بەغدا، ٢٠٠٣.
- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە، پێشکەشکردن، د. خەلیل عەلی مراد، دهۆك، ٢٠٠٤.
- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، تێبینی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، هەولێر، ٢٠٠١.
- نەبیل عەبدولڕەحمان حەیاوی، دەستوورەکانی عێراقی کۆماری، بەغدا، کاتی بڵاوکردنەوەی دیار نییە .

٢- کتێب و بڵاوکراوە حکومیەکان:

- خانەی الجمهوریە بۆ چاپ و بڵاوکراوەکان، حکوومەتی نیشتمانی و کێشەی باکور، بەغدا، ١٩٦٥.
- لیژنەیەك لە دەزگای رۆشنبیری کرێکاری، مەسەلەی کورد و ئۆتۆنۆمی، بەغدا، ١٩٧٥.
- بڵاوکراوەی عەرەبی، لادەران لە حەرەس قەومی لە رەوتی رەگەزپەرستی لەژێر تیشکی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، بەغدا، کاتی بڵاوبوونەوەی دیار نییە .
- وەزارەتی رۆشنبیری و ئیرشاد - کۆماری عێراق، سەرۆکی کۆچکردوو عەبدولسەلام محەمەد عارف، بەغدا، ١٩٦٧.
- ----------، رێککەوتنی یەکگرتن، بەغدا، ١٩٦٤.

٣- بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی حزبە سیاسییەکان و ئەنجوومەنەکان:

أ. بە زمانی کوردی:

- پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێك لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان ٤ – ٩/ ٤/ ١٩٦٤، کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی دیار نییە.
- ---------- مەکتەبی سیاسی، بەرەو پێشەوە نەشرەی داخلی، شوێنی بڵاوکردنەوەی دیار نییە، تشرینی یەکەمی ١٩٦٤.

- پارتی دیموکراتی کوردستان-مەکتەبی سیاسی-، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٠/٣/١٧ موحازەرە د. مەحمود عوسمان لە پەیمانگەی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێشکەشی کردووە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە.
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان، شوێنی بڵاوکردنەوەی دیار نییە، ١٩٨٧.

ب. بە زمانی عەرەبی:

- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی - سەرکردایەتی نەتەوەیی - مەکتەبی رۆشنبیری ، دۆسیەی کێشەی کورد " لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە "، شوێن و کاتی چاپی دیار نییە.
- پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق، رێگای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول و پرۆگرامی تازەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ەوە بڕیاری لەسەر دراوە، شوێن و کاتی چاپی دیار نییە.
- ---------- لێژنەی ئامادەکاری، هەڵسەنگاندنی کاروانی شۆڕشی کورد و داڕمانی و وانە و پەندە وەرگیراوەکان، چ ٢، شوێنی چاپی دیار نییە، ١٩٧٧.
- حزبی شیوعی عێراق، هەڵوێستمان بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد " کۆمەڵێك بەڵگەنامەی پرۆگرامی: ، بەغدا، ١٩٧٣.
- ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان - مەکتەبی تەنفیزی - دەستوور و یاساکان ١٩٦٤ - ١٩٦٥، کوردستان، کاتی چاپی دیار نییە.

سێیەم: بیرەوەریە کەسێتیەکان:

١- بڵاونەکراوەکان:

أ. بە زمانی عەرەبی:

- عەزیز شەریف، بیرەوەری، ئامادەکردن، عیسام عەزیز شەریف، پێشکەشکردن، عزەدین مستەفا رەسول، شوێنی چاپی دیار نییە، ٢٠١٠، ل ل ٢٥٣-٢٥٤. بیرەوەریەکان بڵاو نەکراونەتەوە و لە سەنتەری لێکۆڵینەوە کوردیەکان و پاراستنی بەڵگەنامەکان - زانکۆی دهۆك هەڵگیراون.

ب. بە زمانی کوردی:

- عەبدوڵا ئەحمەد رەسول پشدەری، یاداشتەکانم، بەرگی ٣.

٢- بڵاو کراوەکان:

